# پلەیەک لە سەرووی زانستەوە



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

**فرانک ئیدواردز - جیهاش براینان**

# پلەیەک لە سەرووی زانستەوە

## سەرسوڕهێنەرترین کتێبی سەدە

وەرگێڕانی:

کامەران غەریب - مەریوان غەریب



ناوی کتێب: پلەیەک لە سەرووی زانستەوە
نووسینی: فرانک ئیدواردز - جیهاش براینان
وەرگێڕانی: کامەران غەریب - مەریوان غەریب
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٤٢
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٢٢٥)ی ساڵی ٢٠٠٥ی دراوەتێ

## شاری (جێنا) ساڵی ١٧١٥ی زایینی

جوتیارێک بەناوی (گەسنەر) خەریکی کارکردن بوو لە ڕەزەکەیدا تاکو بەرهەمەکەی لە بەرامبەر سەرمای دژواری (ئەڵمانیا ) بپارێزێ بەڵام شتێک سەرنج ڕاکێشتر لە هێشووە ترێکان سەرنجی بۆلای خۆی ڕاکێشا. ئێمە لە ناوەڕۆک و ناسنامەی دروستی ئەو شتەی کە دۆزیویەتیەوە ئاگادارنین جگە لەوەی کە دراوێکی کۆن و لەوانەشە پارچە زێڕ یا زیوێک بووە.. بەهەرحاڵ بەدڵنیاییەوە ئەوەندە بەنرخ بووە کە دەست لە کارەکەی هەڵبگرێ و بەشوێن ژمارەیەکی زیاتردا بگەڕێ. پشکنینەکەی تا ڕادەیەک سەرکەوتوو بوو. یەک دوو دراوی تری لە ڕەزەکەدا دۆزییەوە!

لەوانەیە (گەسنەر) بڕوای بەوە هێنابێت کە ئەو ڕۆژە ڕۆژی بەختەوەری ئەوە.. بەڵام ئەو بەتەواوی لە هەڵەدابوو و ئەو بارودۆخەی کە هاتە پێشەوە بەنرخی گیانی گوندییەکی تر و سەلامەتی عەقڵی قوتابییەکی زانکۆ تەواو بوو. هەروەها ئەم دۆزینەوەیەی ئەو بەخێرایی بەرەو مەرگێکی پڕ لە توندو تیژی و لە سەر سوڕهێنەرترین بارودۆخدا کە چاوەڕێی نەبوو پەلکێشی کرد و بووە هۆی ئەوەی کە پاسەوانێک بەشێوەیەکی نادیار گیانی لەدەست بدات. ئەو دراوانە ئەوەندە شووم بوون کە کۆتایی نەبوو و تەنانەت بووە هۆکارێک بۆ دڵەڕاوکێ و ترسی لە ڕادەبەدەری دوو کەسی تر بەشێوەیەک کە ئەو ڕووداوەیان تا کۆتایی تەمەنیان لەبیر نەکرد و ئەم بابەتە لەسەر بنەمای وتەکانی ئەوان و چەند شاهیدێکی تر ئامادەکراوە، (گەسنەر) کەسێکی سادە بوو و یاخود تەنیا مرۆڤێکی هاوجووتی سەردەم و فەرهەنگی خۆی بوو. ئەو بڕوای وابوو کە ئەو چەند دراوە نابێت تەواوی ئەو شتەبێت کە لە ڕەزەکەدا دۆزراوەتەوە. بەڕای ئەو ئەم چەند دراوە نیشانەی خەزێنەیەکی شاراوە بووە. خەزێنەیەک کە دەتوانێ دەوڵەمەندی بکات.. بەڵام ئەگەر بیتوانیایە بیدۆزێتەوە! گرفتی ئەو ئەوەبوو کە ئەو خەزێنە مەزەندەکراوە چۆن بدۆزێتەوە! ڕێگە چارەکەی..!

لە سەرەتای سەدەی ١٨ی زایینی بڕوا بەسیحرو جادوو لە سەرانسەری ئەوروپادا لە برەودابوو، ئەڵمانیاش لە مە بەدوور نەبوو. زۆربەی چاپخانەکانی ئەڵمانیا لە بواری بڵاوکردنەوەی چەندین کتێب دەربارەی سیحر بازی و بانگهێشت کردنی ڕۆح و شەیتان بازاڕیان لە برەودا بوو.. ئەو کتێبانەی کە بۆ سیحربازە تازە کارەکان ئامادەکرابوو تاوەکو چۆنیەتی ئاشکراکردنی نهێنیی هونەرە قەدەغەکانیان فێر بکەن. ئێمە دەزانین کە



(گەسنەر) لەو کاتەدا یەکێک لەم کتێبانەی هەبووە، کۆمەڵێک لە ئەفسوون و تەلیسمەکان لە ژێر ناونیشانی (ڕۆحی عیرفان).

پێدەچێ کە بەڕادەیەکی باش بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی سوودی لەو کتێبە وەرگرتبێت بەڵام بەو ڕێژەیە نا کە بتوانێ پارێزگاری لێ بکات. زۆربەی ئەم کتێبە سیحربازییانە گرنگییەکی تایبەتی بەشوێنی خەزێنە شاردراوەکان دەدەن. لەو کتێبانەدا هاتووە کە ڕۆحەکان پارێزگاری لە خەزێنەکان دەکەن و تیایدا زانیاری هونەری دەدرێتە خوێنەر کە بە چ شێوەیەک بانگهێشتی ئەم بوونەوەرانە بکات و بۆ سوود وەرگرتن لە هاوکاری ئەم ڕۆحانە بە چ شێوەیەک هانیان بدات. لە بەڵگەنامەکاندا وا دەردەکەوێ کە (گەسنەر) بەدڵنیایی بڕوای بەئەم ئەفسانە سەیر و سەرسوڕهێنەرانە هەبووە و لەم بڕوایەشیدا بەتەنیا نەبوو. پاش دۆزینەوەی دراوەکان (گەسنەر) بینی کە هیچ هۆکارێک لە ئارادانییە بۆ شاردنەوەی ئەم هەواڵە دڵخۆشکەرە. ئەو ئەم هەواڵەی لای هاوڕێیەکی بەرگدرووی خۆی بەناوی (هایشلەر درکاند). (گەسنەر) بەئەنقەست گازندەی دەکرد کە کتێبی سیحربازی نییە تاوەکو بەهاوکاری ئەو بتوانێ بەڕێگە جادووییەکان شوێنی پاشماوەی خەزێنەکە بدۆزێتەوە. (هایشلەر) لەگەڵ ئەودا یەکدەنگ و یەکڕابوو ئەویش بڕوای بەسیحر و جادوو هەبوو لە راستیدا وا دەردەکەوێ کە هایشلەر لە کەسانی تر زیاتر شارەزایی ئەم هونەرە بووە چونکە ئەو توانیبووی سیحربازێکی تازەکار بەناوی (ویبەر) بە(گەسنەر) بناسێنێ (ویبەر) بەوە بەناوبانگ بوو کە کەرەستەی جۆراوجۆری سیحربازی هەیەو گرنگتر لە هەمووان ئەوەبوو کە ئەو کتێبێکی نایابی وەکو کتێبی Key of salomon کەی ئۆف سالومۆن کە ئەمڕۆکە بەکتێبی (کلیلی سلێمان) بەناوبانگە و هەروەها کتێبی گرانبەهای (کەی توو فاوست تریفۆلد هارۆڤینگ ئۆف هێڵ) یا (ڕێگەچارەی چنگاڵی سێ شاخەی جەهەنەمی فاوست)ی هەیە. چاوپێکەوتن لە ژوورەکەی (ویبەر)دا ئەنجامدرا کە لە وێدا لاوێکی تر بەناوی (ڕێشە) لە گەڵیدا دەژیا. ( گەسنەر) داوای یارمەتی لەو سیحربازە کرد. بەڵام (ویبەر) سەرەتا دوودڵ بوو. تەلیسمەکانی پەیوەندیدار بەڕۆح چەندین قۆناغی بێزارکەریان هەیە و ئەو هیچ حەزی نەدەکرد کە ئەو داوایە قەبووڵ بکات مەگەر دڵنیابوایە لەوەی کە سوودێکی زۆری چنگ دەکەوێ، (گەسنەر) بەتێگەیشتنێکی کاریگەر لە دەروونناسی مرۆڤ ڕاستییەکەی بەشێوەیەک گەورە کرد تاوەکو بارودۆخ بەسوودی خۆی وەرچەرخێنێ ئەو گوتی کە پێشتر لە مەراسیمی بانگهێشت کردنی ڕۆحدا بەشداری کردووە لەوانەشە ئەم قسەیە دروست بێت بەڵام

بەسەرنجدان بەو ڕووداوەی کە لە پاشاندا ڕووی دا هیچ ڕێگەیەک بۆ زانینی لە ئارادانییە. بەپێی وتەکانی ئەو خەزێنەکەی بەشێوەیەک لە ڕەزەکەدا بینیوە.. یاخود بەلایەنی کەمەوە ڕۆحی پاسەوانی خەزێنەکەی بینیوە! بەو شێوەیە کە دەیگوت لەکاتی دۆزینەوەی دراوەکاندا ڕۆحی پاسەوان هەوڵی داوە پێشی پێ بگرێ و بۆ سەلماندنی وتەکەشی دراوەکانی پیشانی ویبەر دا. (گەسنەر) بەپێی وتەی خۆی ڕۆحی تریشی لەو ناوچەیەدا بینیوە و دەیتوانی بەوردەکارییەکی کەمەوە باسیان بکات بەسەرنجدان بەلایەنە ترسناکەکانی ئەو بابەتەی کە لێی ئەدوان دەبێ توانیبێتی ویبەری شارەزا قەناعەت پێ بکات کە پێویست بوو گەسنەر ئەو شتەی کە باسی لێوەدەکات بینیبێتی.

سەرەنجام ویبەر ڕەزامەندی دەربڕی تا کەڵک لەتوانای پێشبینی خۆی وەربگرێ بۆ پەیوەندی کردن بەمردووەکانەوە بۆ گەڕان بەشوێن خەزێنەدا. بەو مەرجەی کە بەشێک لە خەزێنەکەی پێ بدرێ. لەم قۆناغەدا کەسێکی تر بەناوی (زینەر) هاتە نێو ئەم ڕووداوەوە. ئەو وەکو (گەسنەر) گوندی بوو و لەسەر ئەوەی کە خاوەنی ڕووەکی (سەگ کوژ)ە هاتە نێو ڕووداوەکەوە. سەگ کوژ ڕەگی جۆرە گیایەکە کە بەشێوەیەکی تایبەتی ئامادە دەکرێ. بەو شێوەیەی کە باس دەکرێ هەڵتۆقینی سەر ڕەگی گۆشتنی ئەم گیایە خاوەن مادەی ژاراوی و بێهۆشکەرێکی بەهێزە و ناوبانگێکی تۆقێنەری لە نێوان خورافات پەرستەکاندا هەیە، ئەوان لەو بڕوایەدان کاتێ کە ئەم گیایە لە ڕەگەوە هەڵدەکێشرێ لە تاو ئازاردا هاوار دەکا و ئەم هاوارە بەڕادەیەک ترسناکە کە هەر بوونەوەرێکی زیندوو گوێی لێ بێت دەسبەجێ دەمرێت. ئەم بڕوایە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەڕادەیەک بەهێز بوو کە کەسانێک بۆ بەدەستهێنانی ئەم جۆرە گیایە سوودیان لە سەگ وەردەگرت. سەرەتا سەگەکە بۆ ماوەیەک برسی دەکرا پاشان بەو گیایەوە دەیانبەستەوە لە کاتێکدا کە خاوەنەکەی لە شوێنێکی دووردا خۆی حەشاردابوو لە کاتێکدا کە سەگەکە بۆ بەدەستهێنانی خۆراک تەکانی دەدا گیاکەی لە ڕەگەوە هەڵدەکێشاو و لە زۆربەی کاتەکاندا سەگەکەیان بەتۆپیوی دۆزیوەتەوە. ئەم گیایە تایبەتە بەئیشوکاری سیحربازی. گەسنەر بەبانگهێشت کردنی ڕۆحەکان بۆی دەرکەوت کە پاسەوانی خەزێنەکە ڕۆحی کەسێکە بەناوی (ناتائل) و کاتێ لەبار بۆ بانگهێشت کردنی شەوی کریسمەس یا سەری ساڵە، هایشلەر ژوورێکی چۆڵی لە ماڵەکەی خۆیدا پێشنیار کرد بەڵام گەسنەر ناڕازی بوو و شوێنێکی چۆڵ و دوور کەوتووی بۆ ئەنجامی ئەم کارە دەستنیشان کرد کە لەسەر ماڵۆچکەیەکی هایشلەر کە لە ڕەزەکەدا بوو



ڕێکەوتن. لە پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا گەسنەر و ویبەر چوونە لای زینەر بەڵام زینەر بیرێکی تری لە مێشکدا بوو. ئێستا ئەو ئەزموونە دژوارە زۆر نزیک ببۆوە..

سەرەنجام کاتی ئەنجامدانی کرداری دۆزینەوەی خەزێنەکە دەستی پێکرد ئەوان فانۆس و چەندین تەلیسمی پارێزگاری کردن و بەچەندین جۆر دوعای جۆراوجۆر بەرەو ماڵۆچکەکە بەڕێ کەوتن. بەر لە چوونە ژوورەوە ویبەر وشەی (تتراگراماتۆن)ی لەسەر دەرگاکە نووسی کە بەواتای خواوەند و خاوەن دەسەڵات دێت.

بەخەڵووز ئاگریان کردەوە و بازنەیەکی جادوویییان لە دەورەی خۆیاندا کێشا کە وەکو قەڵایەکی جادوویی پارێزگاریان لێ بکات. ویبەر بازنەیەکی گەورەتری لەسەر سەقفەکە کێشا پاشان دەستی کرد بەخوێندنی دوعاو سیحر لەسەر کتێبی (ڕێگەچارەی چنگاڵی سێ شاخەی جەهەنەمی فاوست) لەم کتێبەدا بەسووکایەتی کردن بەپیرۆزترین شتەکان بانگهێشتی شەیتان دەکەن شەیتانێک بەناوی سیلوت. وێبەر تووشی سەرگێژەبوو و شەپۆلێکی تاریکی لە ئامێزی گرت و بەبێهۆشی کەوتە سەر زەوی و دوایین شت کە بینی دوو هاوکارەکەی خۆی بوو.. کە ویبەر چیتر بەزیندوویی نەیبینینەوە. ڕۆژی دوایی هایشلەر کە ئامادەی مەراسیمەکە نەبوو لە کەنیسەدا وەکو ئەوەی لە خەو هەستابێت بەرەو ماڵۆچکەی ناو ڕەزەکە بەڕێ کەوت بەڵام کاتێ کە چووە ژوورەوە.. گەسنەر و زینەر هەردووکیان مردبوون بەڵام ویبەر گیانی تێدامابوو و قسەی بێ سەروپێی دەکرد.

هایشلەر پۆلیسی ئاگادار کردەوە و سێ پاسەوانیان لە ماڵۆچکەکەدا دانا.. بەڵام بەیانی ڕۆژی دوایی پاسەوانێک مردبوو و دوو پاسەوانەکەی تریش بەبێهۆشی کەوتبوون و کاتێ کە بەئاگاهاتنەوە بەسەرهاتێکی زۆر ترسناک و تۆقێنەریان گێڕایەوە..

دکتۆر ئی. ئێم باتلەر پرۆفیسۆری بەناوبانگی ئەڵمانی دەڵێ بەڵگەنامەکان زۆر ڕاستەقینەن و پێویستە بڕوا بەم ڕووداوە بکەین. هەندێ لەو بڕوایەدا بوون کە بەهۆی دوکەڵی ئاگرەکەوە ئەو کەسانە خنکاون بەڵام ئەوەی لێرەدا بەبابەتێکی زۆر ترسناک دێتە پێش چاو ئەوەیە کە ویبەر هەموو لەشی جێگەی داخکردن و سووتانی پێوە دیارە و لاشەی زینەر جێگەی لێدانی جەڵدەو دارو جێگەی چڕنووکێکی گەورەی پێوەدیاربووە. زمانی لە دەمی هاتبووە دەرەوە و دەموچاو و ملی جێگەی سووتانێکی پێوەدیاربوو کە لە هیچ جۆرە سووتانێکی ئاسایی ناچێت. هیچ کەرەستەیەک لە ماڵۆچکەکەدا نەدۆزرایەوە کە بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە داخکردنانە بەکاربێ. سووتاوی دەموچاو و ملی زینەر لەوانی تر

جیاواز بوو ئەوەی کە هەمووان لەسەری یەک ڕا و یەک بڕوان ئەوەیە کە ئەو چوار پیاوە لەلایەن بوونەوەرێکی لە ڕادەبەدەر بەهێز کە خاوەنی چڕنووکێکی زۆر دڕندانە بووە هێرشیان کراوەتە سەر و کوژراون بەڵام ئەم بوونەوەرە بەدڵنیاییەوە ئاژەڵ نەبووە چونکە هیچ ئاژەڵێک ناتوانێ ئاگر بەدەستەوە بگرێ چونکە دەموچاو و ملی زینەر بەئەنقەست سووتاوە.

بەڵام ئەوەی کە ئاشکرایە ئەم ڕووداوە پەیوەندی بەجیهانێکی جیاواز لە جیهانی ئێمەوە هەیە و تا ئێستا زانست نەیتوانیوە وەڵامێکی دڵنیاکەر پێشکەش بکات کەواتە ئەم ڕووداوە پلەیەک لە سەروو زانستەوەیە.



## هەنگاوەکانی شەیتان

ئێوارەی ڕۆژی ٧ی شوباتی ساڵی ١٨٨٥ە و سەرانسەری ناوچەی (دوان شایر) بەفر دایپۆشیوە و بەبەردەوامی دەبارێ. بارینی بەفر تا کاتژمێر ١١ی شەو درێژەی هەبوو و بەماوەیەکی کەم ئەو ناوچە گوندنشینەی بەریتانیا سپی پۆش بوو. هەموو شوێنێک لە سپێتی بەفردا دەدرەوشایەوە. سەرمایەکی بێ وێنە ناوچەی (دوان شایر)ی گرتبۆوە.

لە ماوەی نێوان کاتژمێر ١١ی شەو تا ٦ی بەیانی بوونەوەرێکی نەناسراو ڕێگایەکی زیاتر لە ١٠٠ میلی لەم سەر تا ئەوسەری ئەم پارێزگایە بڕیوە ئەویش بەپێی پیادە.. جێگەی قاچەکان ئەوەندە سەرسوڕهێنەر بوون کە دانیشتوانی ناوچەکە گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە شەیتان هاتووە بۆ دیدەنییان... بەم جۆرە هیچ کەسێک نەیدەوێرا لە ماڵەکەی خۆی بێتە دەرەوە.. یەکەمین بینەری ئەم جێگە قاچانە نانەوایەک بوو بەناوی (هێنری پیلک) کە خەڵکی ناوچەی (تۆپشام) بوو کە لە کاتی گەڕانەوەی بۆ دوکانەکەی چاوی پێ کەوت. بەپێی وتەی ئەم نانەوایە ئەمە سەرسوڕهێنەرترین جێگەی قاچە کە تا ئەو کاتە لە ژیانیدا بینویەتی. شوێن پێکان ڕاستەوخۆ بەرەو دوکانەکەی ئەو ڕۆیشتبوو و ئەم بابەتەش بووە هۆی ئەوەی کە سەرسوڕمانەکەی زیاتر بێت. ئەو بەشوێن جێگەی قاچەکاندا ڕۆیشت بەڵام چەند هەنگاوێکی مابوو بگاتە دوکانەکەی خۆی بینی کە هەنگاوەکان سووڕانەوەیەکی توندیان بەرەو لای ڕاستدا هەیە و بەرەو دیوارێکی لە خشت هەڵچنراو کە بەرزاییەکەی چەند پێیە ڕۆیشتووە و لەوێدا وەستاوە. ئەم نانەوایە بەرەو ئەو جێگەیە ڕۆیشت و پاشان سەری هەڵبڕی... بەفرێکی زۆر لەسەر دیوارەکە باریبوو و لە قەراغ دیوارەکە جێگەی هەنگاوەکان بەرچاو دەکەوت پاش هەندێکی تر لە گەڕان بۆی دەرکەوت کە لەودیو دیوارەکەوە تا چاو بڕ دەکات جێگەی هەنگاوە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم بوونەوەرە نەناسراوە درێژەی هەیە...

لەگەڵ هاتنی سپێدەی ڕۆژی ٨ی شوبات ئاشکرا بوو کە بەڕاستی ڕووداوێکی سەیر ڕوویداوە سەرەتا چەند کەسێک و پاشان سەدان و سەرەنجام هەزاران کەس لە خەڵکی ناوچەیەکی فراوانی باشووری بەریتانیا ئەو هەنگاوە سەیرانەیان لەسەر بەفرەکە بینی. تۆ بڵێی ئەم هەنگاوانە جێگەی قاچی چ ئاژەڵێک بێت؟

ئەو بوونەوەرە لەسەر هێڵێکی ڕاستدا ڕۆیشتووە و هەر کاتێک کە خانوو یا دیوار و یا

هەر شتێکی تری هاتبێتە سەر ڕێگە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەسەریدا ڕۆیشتووە و بەئاسانی لێی تێپەڕیوە.

شوێنی هەنگاوەکان لەسەر یەک هێڵی تاک بوون و گریمانی ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە ئەم شوێن پێیانە لەلایەن ئاژەڵێکەوە لەسەر بەفرەکە دروست بوون... کەواتە ئەم بوونەوەرە تەنیا دوو قاچی هەیە و لەسەر دوو قاچ ڕۆیشتووە بەڕاستی ئەمە دەبێت مرۆڤ بووبێت؟ یا ورچ؟ یا یاخود مەیموون؟ یا بەو شێوەیەی کە نووسەرێکی بەناوبانگ بەزیرەکییەوە باسی باڵندەی کردبوو.

بەپێی ڕوونکردنەوەیەکی ئەم نووسەرە جۆرێکی نایاب لە باڵندەی دەریایی کە لە جەمسەری باکووردا دەژین ئەو باڵندانەی کە قاچی گەورەو درێژیان هەیە ڕێگەیان لێ هەڵەبووە تاوەکو لە بەریتانیا نیشتۆتەوە و لەو شەوەدا پانتایی پارێزگای (دوان شایری)ی بەپێ بڕیوە. ئەمە بیرۆکەیەکی هەڵخەڵەتێنەرە چونکە بۆ ئاڵۆزترین بەشی ئەم ڕووداوە ڕوونکردنەوەیەکی زۆر سادەی پێشکەش کردووە.. ئەو ڕاستییەی کە جێگەی هەنگاوەکان لەسەر سەربان و دیوارەکاندا ماوەتەوە!... ئەم هۆکارە پێشنیاری ئەوە دەکات کە شوێن پێکان لە بوونەوەرێک بەجێ ماوە کە توانای فڕینیشی هەبووە. بەڕاستی سەیرە ئەوە بێننە پێش چاوی خۆتان کە باڵندەیەک توانای فڕینیشی هەیەو دەتوانێ بەسەر خانوو و دیوارەکاندا بفڕی و ئەم هەموو ڕێگایە بەپێ ببڕێ.

ڕاپۆرتەکانی پەیوەست بەئەو سەردەمە و لێکۆڵینەوەکانی پاشتر شوێنی هەنگاوەکان بەجێگەی سم دەزانن لە کاتێکدا کە ئەم ڕاستییە لە ئارادا بێت بە چ شێوەیەک بڕوا بەبیرۆکەی (باڵندەی گەورە) دەکرێت و خاڵە لاوازەکانی پشتگوێ دەخرێت. بۆ نموونە بۆچی باڵندە بەپێ دەڕوا لە کاتێکدا کە توانیویەتی بفڕێ و لە کوێوە ئەم خێرایی و توانایەی بەدەست هێناوە کە ئەم ماوە دوورودرێژە تەنیا لە یەک شەودا ببڕێ. بەهەر حاڵ باڵندە ناتوانێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بێت ئەو نیگارانەی کە لەسەر جێگە هەنگاوەکان هەڵگیراون و کۆپی کراون بەڵگەنامەیەکی نکۆڵی لێ نەکراوی بۆمان بەجێ هێشتووە کە بچووکترین هێمای بەشوێنی بەجێماوی چنگی ئاژەڵ نەکردووە. هەر بوونەوەرێک کە لەو شەوە سامناکەدا سەرانسەری پارێزگای دوان شایری بڕیوە سمێکی هەبووە کە شەقێکی تێدایە ئەم بابەتە ئەوەندە ڕوون و ئاشکرا بەرچاو دەکەوت کە جۆرە ترسێکی کتوپڕی خستە دڵی بینەرانەوە.

کەسێک بەناوی (مۆزگراف) لە مێژووی ٣ی ئازاری ١٨٨٥ لە وتارێکدا کە لە



ڕۆژنامەی (ئیلوستراتید لۆندۆن نیوس)دا بڵاوکراوەتەوە لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ئێستا ئێمە لە بەرامبەر دوو بیرۆکەی گرنگ و سەرسوڕهێنەردایین. جێگەی هەنگاوەکان بەدڵنیاییەوە یا جێگەی قاچی باڵندەیەکی نەناسراوە و یاخود جێگەی هەنگاوەکانی شەیتانە و بەسەرنجدان بەوەی کە تیۆری باڵندەکە زۆر لاوازە کەواتە ناچارین کە بڕوا بەم ڕاستییە بێنین کە ئەم هەنگاوانە هەنگاوی شەیتانە.

هەروەها (برینان) نووسەری ئەم ڕیپۆرتاژە لەو بڕوایەدایە کە:

لەو ڕۆژگارەدا وتەی (مۆزگراف) لە لایەن ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی تۆقیو سەرچاوەی گرتووە چونکە (مۆزگراف) جلوبەرگی قەشەی لەبەر دەکرد و لە وتاربێژانی کەنیسە لە قەڵەم دەدرا!

هەروەها لە ١٦ی شوباتی ١٨٨٥ ڕۆژنامەی (تایمز)ی چاپی لەندەن لە ڕیپۆرتاژێکی تایبەتیدا بەم شێوەیە نووسیویەتی:

لە شارەکانی (تاپشام)، (لیمفستۆن)، (ئێکسموت)، (تینماوس) و (داولیش) کە هەموویان لە پارێزگای دوان شایر دان خەڵک بەبینینی ژمارەیەکی زۆر جێگەی پێ کە دیمەنێکی ناوازەو سەرسوڕهێنەری هەیە لە ترسێکی بێ وێنەدا دەژین.

ئەم هەواڵە لەو سەردەمەدا پەیوەندی بەیەک هەفتە لەوە پێش هەبوو و وەکو هەموو کاروبارەکان ڕووبەڕووی سانسۆر بووەوە. ڕۆژنامەیەکی تر لە میانەی ڕیپۆرتاژێکدا سەبارەت بەترس و تۆقینی کتوپڕی ئەم ڕووداوە نووسیویەتی: ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک لە شارەکانی پارێزگای دوان شایر بەڕاستی دەترسن و لەپاش خۆرئاوابوون لە ماڵەکانیان نایەنە دەرەوە.

ئەو کەسانەی کە بیرۆکەی شەیتان یا باڵندەیان پەسەند نەدەکرد ئەم ڕوونکردنەوە سەیرەیان دەخستە ڕوو کە جێگەی پێیەکان لەلایەن ئاژەڵی (کەنغەر)ەوە لەسەر بەفرەکە بەجێ ماوە کە گریمان لەسەر ئەوەبوو کە ئەو ئاژەڵە لە سێرکێکی گەڕۆک هەڵاتووە و بەزۆرترین خێرایی کە قاچە بەهێزەکانی ڕێگەی پێداوە بەرەو وڵاتەکەی خۆی واتە ئوسترالیا ڕۆیشتووە و ئەو قاچە بەهێزانە شتێک بوو کە بیرمەندانی بەرەو لای خۆی ڕاکێشا. بوونەوەرێک کە باڵی نییە پێویستی بەشتێک هەیە تاوەکو بتوانێ بەسەر بانەکان و دیوارەکاندا باز بدات و ئاودیو بێت. بەڵام تەنانەت خوڵقێنەرانی ئەم بیرۆکە تایبەتەش نەیاندەتوانی کەنغەرێک دەستنیشان بکەن کە توانیبێتی ئەم ڕێگە دوور و

درێژەی بەم خێراییە بڕیبێت. ئەم بیرۆکەیە پاش ڕامان و هەڵسەنگاندن بەم شێوەیە چاکسازی تێدا کرا کە دوو ئاژەڵی کەنغەر دەستیان لەم ڕووداوەدا هەبێت کە ئەمەش بیانوویەکی منالآنەیە. چارلزفۆرت ئەو کەسەی کە لە کۆکردنەوەی بابەتە سەیر و سەرسوڕهێنەرەکاندا ناوبانگێکی زۆری هەیە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ: من لەو بڕوایەدام کەبە لایەنی کەمەوە هەزار کەنغەری یەک پێ کە هەریەکێکیان نالێکی بچووکی ئەسپیان لە پێدا بووە دەتوانن ئەم جێگەپێیانە لەسەر بەفرەکانی دوان شایر بەجێ بێڵن. لەڕاستیدا زۆربەی ئەو بیرۆکانەی کە باس لە ئاژەڵان دەکەن لەبەر دوو هۆی زۆر ساکار ڕەت دەکرێنەوە هۆی یەکەم ئەم ڕاستییەیە کە هەموو ئەو ئاژەڵانەی کە ناسراون و سمی دووپارچەیان هەیە هەموویان چوار پێن بەڵام جێگەی سمەکان کە سەرانسەری پارێزگای دوان شایری داپۆشیوە لەلایەن بوونەوەرێکی دوو پێ لەسەر بەفرەکان بەجێ ماون و لەوانەیە بەیارمەتی گۆچانێک بەڕێدا ڕۆیشتبێت چونکە لە زۆربەی شوێنەکاندا جێگەی گۆچان لە تەنیشت جێگەی قاچەکاندا بەرچاو دەکەوێ ئەگەرچی بڕواهێنان لێرەدا زۆر دژوارە.

هۆکاری دووەم ئەوەیە کە خاوەنی جێ پێکان لەمبەر ڕووباری (ئێستە) تا ئەو بەری بڕیوە بەسەرنجدان بەوەی کە ئەم ڕووبارە دوو میل پانتایی هەیە ئەو بوونەوەرەی کە لە ڕووبارەکە پەڕیوەتەوە دەبێ مەلەوانێکی زۆر بەهێز بووبێت و یاخود توانای فڕینی هەبووبێت. بەسەرنجدان بەوەی کە سەدان جێگەی قاچ لەسەر بانەکان و دیوارە بەرزەکاندا بینراون وا دێتە پێش چاو کە ئەو بوونەوەرە بەڕاستی توانای فڕینی هەبووە. وەکو ئاشکرایە ئەو بوونەوەرە قاچی گەورە نەبووە چونکە درێژایی جێگەی قاچەکان لەنێوان ١٫٥ تا ٨٫٥ ئینج بووە و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لەگشت ناوچەکاندا ئەم ماوەیە یەکسان بووە. ئەوەی کە بەدڵنیاییەوە دەتوانین بیلێین ئەوەیە کە ئەو بوونەوەرە ئەگەرچی خاوەنی جەستەیەکی بچووک بووە بەڵام قورساییەکی زۆری هەبووە بەپێی ڕاپۆرتە بەجێماوەکان یەکێک لەو کەسانەی کە جێگەی قاچەکانی بینیوە دەڵێ: هەرگیز شوێن پێیەکی بەو جۆرەم نەبینیوە کە بەتەواوی چواردەوری بەئاشکرایی دیاربێت.

لە هەمان کاتدا ئەگەر ئەو بوونەوەرە قورساییەکی زۆری هەبووبێت ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە کەس لەدەنگی تێپەڕبوونی بەسەر بانەکاندا وە ئاگا نەهاتووە. هەمووان بەئاسوودەیی خەوتوون چونکە هیچ بەڵگەیەک لەبەردەستدا نییە کە پێچەوانەی ئەم بابەتە بسەلمێنێ و تەنانەت بەقبوڵکردنی ئەو کاریگەریە خنکێنەرە کە بەفر بەسەر



دەنگدا هەیەتی بەسەرنجدان بەقورسایی زۆری بوونەوەرەکە بەو شێوەیەی کە لەشوێن قاچەکانیدا بەدەردەکەوێ ئەم بابەتە دیسانەوە سەرسوڕهێنەرو نائاسایی دێتە پێش چاو. سەبارەت بەئاشکرایی و درێژایی و چوار چێوەی جێگە قاچەکان گریمانێکی تریش هەیە. ئێستا هەڵەمان نەکردووە کە بڵێین: ڕووداوی دوان شایر بەهیچ شێوەیەک بێ هاوتا نەبووە و نموونەی تریش لەم ڕووەوە تۆمارکراون:

لە ١٧ی ئازاری ١٨٨٥ پەیامنێرێک لە ناوچەی (هیدلبرگ) بۆ ڕۆژنامەی (ئیلوسترەیتدلۆندۆن نیوس) بەم شێوەیە ریپۆرتاژێکی ئامادەکردووە: هەموو ساڵێک لە ناوچەی (پیاشواگۆرا) لەنزیک سنووری روسیا و پۆڵۆنیادا ئەم جێ پێیانە بەرچاو دەکەون کە پاش بارینی هەر بەفرێک بەدەردەکەوێ بەڵام هەندێ کات تا نزیک کەنارەکانی دەریاش درێژەی هەیە. خەڵکی ئەو ناوچەیە لەو بڕوایەدان کە ئەم جێگەپێیانە لەژێر کاریگەری هێزەکانی سەرەوەی سروشت دروست دەبن. هەروەها لە ساڵی ١٨٤٠ ڕۆژنامەی (تایمز)ی چاپی لەندەن باس لەوە دەکات کە جێگە پێی هاوشێوەی ئەوەی کە خەڵکی ناوچەی دوان شایری ترساندووە لە ناوچەیەکی شاخاوی لە ئسکۆتلەندا بەرچاو کەوتووە. جگە لە بیرۆکەی باڵندەی دەریایی و ئاژەڵی کەنغەر چەندین ڕێگە چارەی تر لەو سەردەمەدا خرایە ڕوو وەکو: گۆڕ هەڵکەنە... سمۆرە... کەروێشک... بۆق و یا هەر شتێکی تر کە توانای ڕۆیشتن و فڕین و مەلەکردن و بازدانی هەبێت. هیچ کام لەم ڕێگە چارانە تەنانەت تۆزقاڵێک لە راستییەوە نزیک نەبوون. ماوەیەکی زۆر لە دۆزینەوەی یەکەم جێگە پی تێنەپەڕیبوو کە هەندێک کەس هەوڵیان دا بەشوێنیدا بچن. دەستەیەکی ڕاوچی کە لە چەندین ڕاوچی شارەزا و چەندین سەگی ڕاوکردن پێکهاتبوو بەشوێن هەنگاوە نەناسراوەکاندا ڕۆیشتن کە دەچووە دارستانێکەوە. ڕاوچییەکان لەوێدا و لە دەرەوەی دارستانەکە ڕاوەستان چونکە سەگەکان نەیاندەوێرا بچنە نێو دارستانەکەوە. سەگەکان بەدەوری یەکتردا دەسووڕانەوە لەترساندا دەوەڕین و دەیانلووراند. بەسەرهاتی دەستەی ڕاوچییەکان و سەگەکان کە لە دەرەوەی دارستانەکەدا دوچاری ترسێکی کتوپڕ هاتن بەبەڵگەوە سەلمێندراوە و شتێک نییە کە بتوانرێ بەکەڵک وەرگرتن لە زانستی ئەو سەردەمە لێک بدرێتەوە بەهەر حاڵ جەخت لەڕاستییەکەی کراوە. ئیمە هێشتا لە بەرامبەر رازێکی بچووکداین کە لە دڵی رازێکی گەورەدا شاردراوەتەوە.

ئەگەر ئەو بوونەوەرە بچووک بووبێت و قورساییەکی کەمی هەبووبێت بە چ شێوەیەک ئەم جێگە پێیە قووڵ و ئاشکرایانەی بەجێ هێشتووە؟ بە وتەی بینەرێک لەو سەردەمەدا:

جێگە قاچەکان پێدەچوو بەئوتوویەکی زۆر گەرم لەسەر بەفرەکە بەجێ مابن. ئەگەر ئەم وتەیە بەهەند هەڵبگرین بابەتەکەمان سەرسوڕهێنەرتر دەبێت ئەگەر بڵێین کە ئەو بوونەوەرەی کە سەرانسەری پارێزگای دوان شایری لە شوباتی ١٨٨٥ بەپێ بڕیوە خاوەنی قاچ یاخود سمێکی ئاگرین و سووتێنەربووە. لەگەڵ ئەمەدا ئەو بوونەوەرەی کە (زینەر)ی لە کێڵگەیەکدا لە شاری (جێنا) کوشت بەشێوەیەک توانیویەتی لەسەر جەستەی ئەو جێگەی سووتاوی بەجێ بێڵێ. ئایا پەیوەندییەک لە نێوان ئەم دوو ڕووداوەدا هەیە؟ هێشتا هیچ وەڵامێکمان بۆ ئەم پرسیارە پێ نییە بەر لەوەی کە ئەم بیرۆکەیە بەهەر شێوەیەک بێت ببێتە ڕاستییەکی نکۆڵی لێ نەکراو ئێمە ئەبێ ڕووداو و بەسەرهاتێکی بێ شومار بخەینە ژێر نەشتەری شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە. هەموو ئەو شتەی کە لەم کاتەدا بەدڵنیاییەوە دەتوانین بەئێوەی بڵێین ئەوەیە کە ڕووداوی مێژوویی سەلمێندراو بەبەڵگەوە لەبەر دەستدایە کە تیایدا بوونەوەری نەناسراو و نەبینراو کە بەدڵنیاییەوە پەیوەندییان بەسەرچاوەیەکی نەناسراوەوە هەیە ڕۆڵێکی گرنگیان تێدا هەبووە ئەم بوونەوەرانە بۆ ماوەیەکی کورت ئاشکرادەبن و دەسبەجێ ون دەبنەوە ئێمە لە بەشی ڕابردوودا باسمان لە کوشتارە سەرسوڕهێنەرەکەی شاری (جێنا) کرد کە هەرگیزاو هەرگیز بکوژ یا بکوژان نەدۆزرانەوە هەروەها ئەو بوونەوەرەی کە لە ئەم بەشەی کتێبەکەماندا بەهێزێکی لەڕادەبەدەر و لە ماوەیەکی کەمتر لە ٧ کاتژمێر ماوەیەکی خەیاڵی بەپێ بڕیوە. بەڵام لە بەشی داهاتوودا چاوەڕێی بەسەرهاتێکی زۆر ترسناکتر و لە هەمان کاتدا سەرسوڕهێنەرتر بن... لە بەشی داهاتوو ئێمە ڕووبەڕووی بوونەوەرێک دەبینەوە کە لە بەرامبەر چەندین کەسدا بەدەردەکەوێ بەڵام تەنیا یەکێکیان دەتوانێ ڕوخساری ببینێ... لە بەشی داهاتوو پێویستمان بەوە نییە لەگەڵ شەمەندەفەری مێژوودا بگەڕێینەوە بۆ سەردەمێکی دوور بەڵکو بۆ بەدەستهێنانی ڕاستییەکان دەگەڕێینەوە بۆ ساڵی ١٩٥١ چونکە لەم ساڵەدا بوونەوەرێک دانە تیژ و ترسناکەکانی لە ملی کچێکی لاوی خەڵکی مانیلا چەقاند.. چاوەڕێمان بن تا بەشی داهاتوو و بەسەرهاتی (خوێنمژی مانیلا) بەڵام هەرگیز ئەوە لەیاد مەکەن کە ئەم ڕووداو و بەسەرهاتانە یەک پلە لە سەرووی زانستەوەن...



## بەسەرهاتی ئەمجارە: خوێنمژی مانیلا



خوێنمژەکان بەو شێوەیەی کە لایەنگرانی دابونەریتی دێرین و هەروەها لایەنگرانی سینەمای ترس لێی ئاگادارن، ئەو بوونەوەرانەن کە ئامادەن کەڵبەکانیان لە ملی قوربانیان بچەقێنن و تا دوا دڵۆپە خوێنی بمژن و ئەم خوێنەش دەبێتە هۆی درێژەپێدان و بەردەوامی ژیانیان.

ئەفسانە ئەوروپییەکان بەم شێوەیە باس لە خوێنمژەکان دەکات کە ئەوانە ئەو مردووانەن کە دەتوانن پاش ئاوابوونی خۆر و داهاتنی تاریکی شەو بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر و نادیار لە تابووتەکانیان بێنە دەرەوە و تاوەکو سپێدەی بەیان وەکو بوونەوەرێکی زیندوو هەموو کارێک ئەنجام بدەن. لایەنێکی هەڵکەوتووی ئەم ئەفسانانە جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە ئەم خوێنمژانە دەتوانن لە دەرگا داخراوەکان و هەروەها لە دیوار یا هەر بەربەستێکی تر کە دێتە ڕێگەیان بەئاسانی تێپەڕبن هەرچەندە کە ئەم بابەتە بەدژواری لەگەڵ دیاریکردنی خوێنمژێک کە وەکو مردوویەکی جووڵاو وایە دێتەوە یەک.. چونکە جەستە چ لە دۆخی مردوویدا و چ لە دۆخی زیندوویدا تەنێکی هەست پێکراوە. بەڵام مانەوە و پێکەوە گونجان بەلایەنێکی گرنگ و هەڵکەوتووی دابونەریتە دێرینەکان و هەروەها فۆلکلۆر لەقەڵەم نادرێ.

ریچارد ماتسۆن نووسەری ئەمریکی چەندین ساڵ لەمەوبەر بەرهەمێکی هونەرمەندانەی لە زەمینەی ئەدەبیاتی خەیاڵی خوڵقاند کە تیایدا خوێنمژینی وەکو نەخۆشییەکی واگیر کە بەهۆی ڤایرۆسەوە دەگوازێتەوە وەسف کردووە. ئەم ڤایرۆسە نە تەنیا دەبێتە هۆی خوڵقانی حەزی خواردنەوەی خوێن بەڵکو هەستیارییەکی زۆریش لە بەرامبەر ڕووناکیدا لە مرۆڤدا دەخوڵقێنێ.

بەو شێوەیەی کە توشبووانی ئەم ڤایرۆسە تەنیا پاش خۆرئاوابوون و هاتنی تاریکی شەو دەوێرن لە حەشارگەکانی خۆیان بێنە دەرەوە. ڕۆمانی ترسناکی ریچارد ماتسۆن لە ژێر

ناونیشانی (من ئەفسانەم Iam Legend) تەنیا هەوڵێک نەبووە کە دەیویست ڕوونکردنەوەیەکی ڕێژەیی بۆ ئەم جۆرە ئەفسانەیە ئامادە بکات لە حاڵەتێکی جیدی تردا پێشنیاز کراوە کە ئەم ئەفسانەیە لە بینینی قوربانیانی کەم خوێنیدا هاتۆتە ئاراوە. لەمبارەیەوە دکتۆر (جاناتان پرشوز) لە کتێبی (سەرسوڕهێنەرتر لە زانست) لە بەشێکیدا بەناوی (دراکولا یان مرۆڤی خوێنمژ) بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ: ئەگەر کەسانێکی تووڕە و توندوتیژ لە شوێنی وەکو کوشتارگەی ئاژەڵدا کار بکەن بەهۆی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵ خوێندا تووڕەتر و توندوتیژتردەبن و لەوانەیە کە بەتێپەڕینێکی زۆر ببن بەخوێنمژ. بەو شێوەیەی کە لە ئامارەکاندا دەردەکەوێ لە ساڵی ١٩٩٣ زیاتر لە ٥٥٠ مرۆڤی خوێنمژ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هەبووە. لەلایەکی ترەوە ئەم بیرۆکەیە هاتە ئاراوە کە ئەو ئەفسانەیەی کە ریچارد ماتسۆن لە کتێبەکەیدا باسی لێوە کردووە لەسەر بنەمای بوونەوەرێکی ڕاستەقینە (واتە شەمشەمەکوێرەی خوێنمژ) خوڵقابێت چونکە شەمشەمەکوێرە بەڕاستی بەخواردنەوەی خوێنی ئاژەڵان دەژی.

ئەم دوو ڕوونکردنەویە چەندین کێشەیان تێدایە. زانستی پزیشکی نوێ لە ساڵی ١٩٦٣ ی زایینی چارەسەری یەکجارەکی کەم خوێنی دۆزییەوە و تا ئەو شوێنەی کە دەزانین بەر لەو مێژووە ژمارەیەکی زۆر لە قوربانیانی کەم خوێنی بەهۆی کەمی خڕۆکەی سوور لە خوێنیاندا دووچاری شێتی دەبوون، بەر لە ساڵی ١٩٦٣ بەداخەوە نەخۆشەکانی کەم خوێنی یا چاک دەبوونەوە و یاخود لەبەرچاوی خۆشەویستەکانیان گیانیان لەدەست ئەدا. وەکو هەموو مردووەکانی تر پرسەیان بۆ دەگیرا و کفن دەکران و بەخاک دەسپێردران و هەموو بابەتەکە ئەمەبوو! و تاوەکو ئەمڕۆش هیچ کەسێک سەبارەت بەهەستانەوەی ئەم مردووانە لە تابووتەکانیان هیچ هەواڵێکی ڕانەگەیاندووە.

بیرۆکەی شەمشەمەکوێرەی خوێنمژ لەسەرەتادا زۆر لە ڕاستییەوە نزیک دەهاتە پێش چاو. خوێنمژی ئەفسانەیی لە زۆربەی کاتەکاندا بەو شێوەیە باس کراوە کە عەبا یا پاڵتۆیەکی ڕەش و گەورەی لەبەردایە و ئەمە لە ئاستێکی فراواندا باڵەکانی شەمشەمەکوێرەمان وەبیر دێنێتەوە. بەڵام خاڵی گرنگ لەمەدایە کە شەمشەمەکوێرەی خوێنمژ لەناوچە گەرمە سێرەکاندا دەژی و ئەفسانەی خوێنمژ لە ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا سەری هەڵداوە ئەو شوێنەی کە ئەم باڵندە ناشیرین و بچووکە بەتەواوی نەناسراوە.

لەوێدا هەزاران شەمشەمەکوێرە هەن بەڵام هیچ کامیان خوێن ناخۆنەوە بەم شێوەیە لەوانەیە ئەمە زیاتر لەگەڵ عەقڵدا یەک بێتەوە کە شەمشەمەکوێرەی خوێنمژ لەسەر بنەمای



ئەفسانە ناوی لێنراوە تاوەکو ئەم ئەفسانەیە لەبینینی شەمشەکوێرەوە سەرچاوەی گرتبێت.

لەوانەیە فایلی ڕووداوە پۆلیسییەکانی شاری مانیلای پایتەختی وڵاتی فلپین سەرەداوێکی ڕاستەقینەی تێدا بێت کە وەڵامی ئەوەمان بداتەوە کە: بۆچی چەندین سەدە ئەفسانەی مرۆڤە خوێنمژەکان بیری مرۆڤی بەخۆیەوە خەریک کردووە؟!.

لە ١٠ی مانگی ئایاری ساڵی ١٩٥١ی زایینی لە پایتەختی فلپین پۆلیس ئاگادار کرایەوە تاوەکو کۆتایی بەپشێوییەک بێنێ کە لە شەقامێکدا ڕووی دابوو کاتێ کە پۆلیس گەیشتنە جێ بینیان کە کۆمەڵێک لە دەوری کچێک کۆبوونەتەوە کە هاواری دەکرد و هەوڵی ڕزگاربوونی ئەدا بەڵام ڕزگاربوون لە کێ؟ هیچ کەسێک ئەو کچەی ئازار نەدابوو بەڵام ئەو هاواری دەکرد و دەیگوت کە هێرشی کراوەتە سەر. پۆلیس گومانی ئەوەیان لێکرد کە شێت بووبێت یاخود فێی لێ هاتبێت و بەناچاری دەسگیریان کرد. لە فەرمانگەی ناوەندی پۆلیس ئاشکرابوو کە ئەم کچە ناوی (کالاریتا ڤیلا نیوۆڤا)یە کە تەمەنی ١٨ ساڵە و بێ سەرپەرشتە.

ڤیلانیوۆڤا بەترس و لەرزەوە جەختی دەکردە سەر ئەوەی کە گازی لێگیراوە و رایگەیاند کە لە ٨ خاڵی جەستەیدا جێگەی دان بەجێ ماوە. پۆلیس سەرپێچیان لە پشکنینی کرد و خستیانە زیندانەوە.

بەڕووکەش لەم قۆناغەدا دوودڵییەکی کەم سەبارەت بەجێگەی دانەکان لە سەر جەستەی ئەم کچەدا لە ئارادایە بەتەواوی ئەم گریمانەیە لە ئارادایە کە بەلایەنی کەمەوە ژمارەیەک لە جێگەی دانەکان بەئاشکرایی دەرکەوتبن. کاردانەوەی پۆلیسیش لەو سەردەمەدا بەتەواوی ئاشکرایە: کچانی لاو ئەوەندە دەخۆنەوە تاوەکو سەرخۆش دەبن و لە هەندێ کاتیشدا مادە سڕکەرەکان بەکار دەهێنن. ڕووداوێکی بێ شومار لەبەر دەستدایە کە خەڵکانێک بۆ سەرنج ڕاکێشانی کەسانی تر لە خۆیان دەدەن جگە لەوە وەسفی ئەو کچە لەو کەسەی کە هێرشی کردۆتە سەر شتێک نەبوو کە بەئاسانی بڕوای پێ بکرێت. ئەو، هێرشبەرەکەی بەمرۆڤێک دەناساند کە چاوەکانی ئاوساون و پاڵتۆیەکی ڕەش و گەورەی لەبەردابوو.. کە ئەمەش ئەو وەسفەیە کە لە ئەفسانەدا مرۆڤی خوێنمژی پێ بەناوبانگە.. ئەو شتەی کە بەدڵنیاییەوە لە سەرنج و تێبینی پۆلیس بەدوور نەبووە. (ڤیلانیوۆڤا) ڕایدەگەیاند کە ئەم بوونەوەرە توانیویەتی بەئارەزووی خۆی لە بۆشاییدا بوەستێت و لە دەرگا داخراوەکان و دیوارەکان تێپەڕ ببێت.. بەدروستی بەهەمان شێوەی کە لە ئەفسانەکاندا خوێنمژەکان دەتوانن

ئەنجامی بدەن. ماوەیەک پاش ئەوە کچەکە خرایە ژوورێکی تاک کەسییەوە و سەرلەنوێ دەستی کرد بەهاوارکردن و قیژاندن ئەو بەدەم هاوارکردنەوە دەیگوت کە ئەو بوونەوەرە دیسانەوە پەلاماری داوە.. ئەو زیندانییانەی کە دەنگە دەنگ دەکەن بەڵایەکی گەورەن بۆ پۆلیس. ئەفسەرێک بەمەبەستی هێمن کردنەوەی کچەکە دەرگای زیندانەکەی کردەوە و مۆڵەتی پێدا تاوەکو بێتە دەرەوە... و لەم قۆناغەدا ڕووداوێکی ئاسایی بووە ڕازێکی ترسناک. لە بەرامبەر چاوەکانی ئەو پۆلیسە کە بەگومانەوە دەیڕوانیە کچەکە جێگەی دانەکان لەسەر قۆڵ و شان و ملی کچەکە بەدیارکەوت. جێگەدانەکان بەتەواوی دەبینران و لە چواردەوریان تف یا ئاوی دەم بەرچاو دەکەوت.. لەگەڵ ئەمەشدا هێرشبەرەکە ئەو بوونەوەرەی کە پاڵتۆیەکی ڕەشی لەبەردابوو لەلایەن ئەفسەری پۆلیسەکەوە نەدەبینرا... ئەو ئەم هەواڵەی گەیاندە سەرووی خۆی. سەرۆکی فەرمانگەی پۆلیس کە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کچێکی هیستریا گرتوو و بینەرێک لە پیاوانی پۆلیس کە دروستی قسەکانی کچەکەی دەسەلماند سەری سوڕمابوو. ئەو پەیوەندی بەسەرۆکی شارەوانی شارەوە کرد و سەرۆکی شارەوانیش پەیوەندی بەسەرۆکی پشکنینە پزیشکیەکانەوە کرد. بەڵام ئەم پزیشکە پایە بەرزە کە نیوەشەو لە جێگەکەی هێنرابووە دەرەوە ڕایگەیاند کە ئەو کچە فێی لێهاتووە و لە پشکنینی زیاتری کچەکە پاشگەزبۆوە. ئەو کچە جارێکی تر نەگەڕایەوە بۆ ناو زیندان و لەسەر تەختێک لە نووسینگەکەدا، نوست. نەسەرۆکی شارەوانی و نەسەرۆکی فەرمانگەی پۆلیس لە پشکنینی لێپرسراوی بەشی پشکنینی پزیشکی رازی نەبوون بەتایبەتی ئەم پیشنیازەی دکتۆرەکە قبوڵ بکەن کە ئەم برینانە لەلایەن کچەکەوە خۆی لەسەر جەستەی دروستکراوە. ئەو کچە جێگەی چەندین دانی لە پشتی شان و ملی خۆی بەئەوان پێشاندا بوو تەنانەت ئەکتەرێک کە دەتوانێ لەشی خۆی لەشێوەی سروشتی بێنێتە دەرەوە ناتوانێت دەستی بگاتە ئەو شوێنانە. دەزگای یاسا هەمیشە بەدڵڕەقییەوە راستییەکان وردو خاش دەکات سەرەڕای ئەم ڕووداوە پڕ لە نهێنییە کچۆڵەکە هێشتا لە زینداندا بوو و بەتاوانی بەرەڵڵایی تاوانبار کرابوو. زەوی و ئاسمان دژی ئەو بوو و بڕیاری ئەوەیان دابوو کە بدرێتە دەست دادگا... بەڵێ تەنانەت فەرمانبەرانی فەرمانگەی پۆلیسیش لە ئەو تێ نەدەگەیشتن و وتەکانی ئەویان بەشێوەیەک لە (وڕێنە) دەزانی.

بەڵام ئەو خوای لەگەڵدا بوو چونکە کاتێک کە فەرمانگەی پۆلیسی بەجێ دەهێشت... جارێکی تر... هێرشی کرایە سەر... پیاوانی پۆلیس ئەویان گرت و لە بەرامبەر چاوانی



چەندین شاهید جێگەی دان لەسەر مل و قۆڵەکانی و هەروەها بەری دەستی بەدەرکەوت... و پاش چەند خولەکێک کچە بەستەزمانەکە لەهۆش خۆی چوو...

لە نێوان شاهیدەکاندا سەرۆکی بەشی پشکنینی پزیشکی ئامادەبوو کە دەسبەجێ ڕوونکردنەوەی پێشووی خۆی دووبارەکردەوە ئەو ماوەیەکی زۆر پاش ئەوە رایگەیاند کە ئەمە شتێک نەبووە کە بتوانرێ ڕوونکردنەوەیەکی دروستی لەبارەیەوە پێشکەش بکرێ و ئەوی دوچاری ترسێکی زۆر کردووە. لەگەڵ ئەوەشدا لەو ساتەدا پێویست بوو ڕوونکردنەوەیەکی کۆن و ناباو بێتە مێشکیەوە چونکە پێشنیاری کرد تاوەکو بەمەبەستی گرتنی جنۆکەو شەیاتین پەیوەندی بەئەسقەفی گەورەی مانیلا بکرێت. نیو کاتژمێر پاش ئەوە سەرۆکی شارەوانی مانیلا (لاکسۆن) بۆ جارێکی تر هاتەوە نێو بابەتەکە. لەو کاتەدا جێگەی دانەکان بەتەواوی ئاوسابوو و بەشێوەیەکی بەرچاو شین ببۆوە.. بەڵام کچەکە هەر لە بێهۆشیدا بوو.. و ئەم بابەتە روون بۆوە کە جێگەی ئەو کچە نەخۆشخانەیە نەوەکو لە ژووری دادگا!. گەیشتن بەنەخۆشخانە ١٥ خولەکی خایاند. لەمیانەی ئەم ماوەیەدا ئەو بوونەوەرە دووبارە هێرشی کردەوە سەر کچەکە و ئەمجارە یەکێکی تری وەکو خۆی لە گەڵدا بوو یا بەو شێوەیەی کە خاتوو (ڤیلانیۆڤا) دەیگوت هەردوو ئەم بوونەوەرانە لەلایەن کەسانی دەوروبەریەوە نەدەبینران بەڵام جێگەی دانەکانیان بەئاشکرا دەبینران.. جێگەدانەکان دووبارە لەسەر قورگ و لەسەر پەنجەکانی و تەنانەت لەسەر ئەو دەستەی کە سەرۆکی شارەوانی لەوساتەدا ڕایگرتبوو بەدیار کەوت ئەگەرچی هیچ شتێک سەبارەت بەم بەسەرهاتە ڕوون نەبۆوە بەڵام بەسەرهاتەکە بەچاکی و خۆشی کۆتایی پێهات.. کاتێ کە کچەکە گەیشتە نەخۆشخانە هێرشەکان راوەستان.. برینەکانی چاک بوونەوە و ئەو خوێنمژە ـ ئەگەر خوێنمژێک بووبێت – چیتر ئازاری ئەم کیژۆڵەیەی نەدایەوە؟.. و ئەگەر ئەمە خوێنمژێک نەبووە کەواتە دەتوانێ چ بوونەوەرێک بێت؟

بۆ بەسەرهاتەکانی وەکو (کلاریتاڤیلانیۆڤا) ڕوونکردنەوەیەکی پزیشکی لەبەردەستدایە کە دەڵێ: بیرو جەستە زیاد لە پێویست لەیەکەوە نزیکن و بەشێوەیەک کە بەکەسێک کە بەهۆی پاراسایکۆلۆجیەوە خەوێندراوە بگوترێ کە لەشی دەسووتێ، لەڕاستیدا بەبێ ئەوەی هیچ تەنێکی گەرم بەر پێست بکەوێ تلۆق دەکات و دەسووتێ. هەرچەندە چەسپاندنی ئەم بابەتە سەلماندنی ئەم بیرۆکەیەیە کە کاردانەوەیەکی (سایکۆسۆماتیک) دەتوانێ جێگەی دان و ئاوی دەم لەسەر جەستە دروست بکات. سایکۆسۆماتیک بەو نەخۆشییە جەستەییانە دەگوترێ کە سەرچاوەی دەروونییان هەیە کە لێرەدا مەبەست کاریگەری بیرو

هۆشە بەسەر جەستەدا. هەروەها کەسانێکیش هەن کە بەهاوکاری بیروهۆش لەسەر جەستەی خۆیان برین یاخود نەخش و نیگار دروست دەکەن. بۆ نموونە چەند ژن و پیاوێکی کەم کە لەشەوی جەژنی پاکدا چەندین برینی وەکو حەزرەتی عیسای مەسیح لەسەر جەستەی خۆیان دەخولقێنن بەڵام ئەوانیش نیشانەی زۆر جیاواز لە (ڤیلانیۆڤا) دەخەنە ڕوو بەتایبەتی ئەوان ناڵێن کەلەلایەن بوونەوەرێکی نەناسراوەوە هێرشیان کراوەتە سەر.

ئایا بەسەرهاتی کوژرانی (گەسنەر)تان لە یادە کە لە بەشی یەکەمی ئەم کتێبە باسمان لێوەکرد؟ هەروەها بەسەرهاتی جێگەی قاچە سەرسوڕهێنەرەکانی پارێزگای دوان شایر؟ ئێستا ئەگەر بەسەرهاتی (کلاریتا ڤیلانیۆڤا)شی بێتە سەر بەدڵنیاییەوە دوچاری سەرسوڕمان دەبن. ئەم بەسەرهاتانە لەوانەیە بەئاسانی بەرەو چەندین پرسیاری هەڵە ڕاپێچمان بکەن. بەڕوانینێکی هێمن مێشک و ئاوەزمان دەسبەجێ بۆ دیاریکردنی جۆری ئەو بوونەوەرەی کە دەستی لەم ڕووداوانەدا هەیە دەکەوێتە گەڕان و پشکنین. ئێمە لەباسی دێو و شەیتان و مرۆڤە خوێنمژەکان نوقمی سەرسوڕمان دەبین و ئەگەر لەم سەردەمەدا کە سەردەمی زانست و تەکنەلۆجیایە ئەم بەسەرهاتانە وەکو بیرکردنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست و بیانووی مناڵانە لە قەڵەم بدەین دەسبەجێ دەبینە جێنشینی ئەوان. ئایا بەو شێوەیەی کە (چارلز فۆرت) بەگاڵتەوە پێشنیاری کردبوو جێگەی قاچەکان لە پارێزگای دوان شایر لەلایەن هەزاران کەنغەری یەک پێ کە هەریەکەیان ناڵێکی بچووکی ئەسپی لە پێدابووە لەسەر بەفرەکان بەجێ ماوە؟ ئایا (زینەر) لە لایەن گورگ یا چەقەڵێکەوە زۆر بەدڕندانە بریندار کراوە؟ ئایا گەسنەر بەمردنێکی ئاسایی مردووە؟ بەهێنانە پێشەوەی ئەم پرسیارانە هەموو سەرنجی ئێمە لەسەر ناوەڕۆکی ئەم بوونەوەرانە کۆدەبێتەوە کەواتە لەو پرسیارانەی کە لە پەراوێزدان و بەئاسانی وەڵام دەدرێنەوە بێ ئاگادەبین کەواتە دەبێ چی بکەین؟

وەرن بەیەکەوە بەم ڕووداوانەدا بچینەوە: هەموومان دەزانین کە بوونەوەرێک گەسنەر و زینەر و پاسەوانەکەی زۆر بە دڕندانە کوشت. هەروەها دەزانین کە بوونەوەرێکی نەناسراو ئەو جێگە قاچە سەرسوڕهێنەرانەی لە سەرانسەری پارێزگای دوان شایر بەجێ هێشت. ئێستا لەم بەشەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە دیسانەوە بوونەوەرێکی نەبینراو هێرشی کردە سەر (کلاریتا ڤیلانیۆڤا) بەڵام ئەو شتەی کە نەمن و نە ئێوە و نە هیچ کەسێک نایزانێ ئەوەیە کە ئەم بوونەوەرانە کێ بوون؟ تەنیا دەتوانین لە بەڵگەنامەکان دڵنیابین کە لە هەر ڕووداوێکدا بوونەوەری نا ئاسایی و نەناسراو ڕۆڵیان بینیوە. ئەو بوونەوەرانەی کە لەسەرووی ئەزموونی ڕۆژانەی مرۆڤدان. ئەوەش دەزانین کە بەرامبەرەکەمان بوونەوەرێکە



کە هەیە و هەستی پێ دەکرێ. لەوانەیە تارمایی یاخود شەبەحێک بتوانی ببێتە هۆی پشێوی و سەرسوڕمان بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناتوانی برینێک لەسەر جەستەی مرۆڤێک دروست بکات. تەنیا تەنێکی فیزیکی کە قەبارەو کێشی هەیە دەتوانی لەسەر بەفردا جێگەی قاچ بەجێ بێڵێ. لە لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم سێ ڕووداوە ترسناکەی کە لەسەرەتای کتێبەکەوە تا ئێستا باسمان لێوەکردووە کە بەهۆی سنووری زەمەنی و جوگرافیەوە لە یەکتری جیاکراونەتەوە پەیوەندییەکی لاواز خەریکە بەدیار دەکەوێ ئەم پەیوەندییەش لە دوو پرسیاردا بەرجەستە دەبێ :

١- ئایا ئەم بوونەوەرانە لە کوێوە هاتوون؟

٢- ئەم بوونەوەرانە بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟

ئەگەر ئەم ڕووداوانە لە یەکتری جیاواز بوونایە ئەم پرسیارانە بەدژواری نرخی ئەوەیان هەبوو کە وەکو پرسیارێک سەنگی خۆیان هەبێت. بەڵام ئەم ڕووداوانە لە یەکتری جیاواز نین چونکە بەو شێوەیەی کە لە بەشەکانی داهاتوودا دەبینین ژمارەیەکی زۆر بەڵگەنامە سەبارەت بەو بوونەوەرانەی کە بەپێی ویست و ئارەزووی خۆیان دەبنە تەنێکی فیزیکی و بینراو و پاشان ون دەبن لەبەر دەستدایە. لە بەشەکانی داهاتوودا ئێمە ڕووبەڕووی ئەم دوو پرسیارە سەرەکییە دەبینەوە بەڵام سێیەمین پرسیاریش خۆی دەسەپێنێ کە لە ناخی ئەم دووپرسیارەی پێشوو خۆی حەشارداوە: ئەگەر شوێنێک بۆ ڕۆیشتنی ئەو بوونەوەرانە هەبێت ئایا ڕۆژێک لەڕۆژان من یا تۆ بەرێکەوت خۆمان لەوێدا نابینینەوە؟ دووبارە بەو شێوەی کە لە ئایندەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەم پرسیارە وەڵامێکی بۆ هەیە و وەڵامەکەشی بەڕاشکاوی (بەڵێ)یە نامانەوێ بەجێتان بێڵین کەواتە لە بەشی داهاتوودا بەسەرهاتی ئەو ئافرەتەی کە لە ساڵی ١٩٦٣ توانی حەزرەتی عیسای مەسیح بەچاوەکانی خۆی ببینێ بخوێننەوە.

# عیسا دەگەڕێتەوە

لە نێوان ڕووداوە باس نەکراوەکانی ئەم ڕۆژگارە لەوانەیە ناچار بین کە ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە کە لە پەرستگای گرووپی (گۆڵدتیدینگ) لە شاری (ناسائۆ)ی پایتەختی وڵاتی (باهاما)دا ڕووی دا باس بکەین. هەموو بەسەرهاتەکە بەبێ پێشەکی ئەو کاتە دەستی پێکرد کە قەشە (پاول ڕۆبەرتز) لەکاتی وتار خوێندنەوەی بەیانیانیدا لە ڕۆژی شەممەی ٢٠ی کانونی دووەمی **١٩٦٣** بوو. ئافرەتێکی لاو بەناوی (ئیۆنالوف) لە ناکاودا هەستایە سەرپێ و هاواری کرد: (عیسای مەسیح) دەتوانم عیسای مەسیح ببینم. بەبەردەوامی هاواری دەکرد: (ئەو لێرەیە... عیسا لێرەیە... مەسیح لێرەیە)، ئامادەبووان هەموو دوچاری سەرسوڕمان بوون و نیگاکانیان بەرەو ئەو شوێنەی کە لەسەر دیواری کەنیسەکە تازە بۆیە کرابوو و ئافرەتەکە هێمای بۆ دەکرد وەرچەرخاند. دەبێ بڵێین بەداخەوە هیچ شتێکی نائاساییان بەرچاو نەکەوت. بەڵام ئەو ئافرەتە بەبەردەوامی جەختی دەکردە سەر ئەوەی کە دەتوانێ دەموچاوی مەسیح و ئەو کەسەی کە لە تەنیشت مەسیح وەستاوە و نایناسێ ببینێ... هەروەها ئەو سەری لەوە سوڕما کە ئامادەبووان ناتوانن ئەو دیمەنە بەچاو ببینن... دەنگۆی ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە بەخێرایی لە شاری (ناسائۆ)دا بڵاوبۆوە و قەشە (ڕۆبەرتز) بۆ خوێندنەوەی وتاری ئایینی پاش نیوەڕۆ کەنیسەکەی پڕ لە خەڵک بینی. هەروەها ئەو گەیشتە ئەو ئاکامەی کە خاتوو (ئیۆنالوف) لە بینینی ئەو دیمەنەدا تەنیا نییە و کەسانی تریش دەتوانن عیسای مەسیح بەچاو ببینن. زۆربەی ئامادەبووان جەختیان دەکردە سەر ئەوەی کە ئەوان دەتوانن بەڕوونی ڕوخساری مەسیح و دووکەسی تر بەچاو ببینن کە لە نێوان ئەم سێ کەسەدا عیسای مەسیح ڕوونتر و گەشاوەتر بەدەرکەوێ.

(لۆتەر ئێڤانس) کە نوێنەرایەتی ڕۆژنامەی (شیکاگۆ دەیلی نیوز)ی هەبوو بەپەلە خۆی گەیاندە کەنیسە و ڕایگەیاند کە ئەویش بەڕوونی سێ ڕوخسار لەسەر دیوارەکە دەبینێ کە یەکێکیان ڕوخساری (بوذا)ی پێشەوای ئایینی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئاسیایە کە لەچاو وێنەی مەسیح کاڵتر دێتە بەرچاو. کاتێ کە (ئیڤانس) چووە پاڵ دیوارەکە دیمەنەکە لەبەرچاو ون بوو.. بەڵام کاتێ کە دووبارە چووە ئەو سەری ژووری کەنیسەکە و لە دیوارەکە دوورکەوتەوە دیمەنەکە بەڕوونی بەدەرکەوتەوە. ئەو کەسانەی کە دیوارەکانی



کەنیسەکەیان بۆیە کردبوو و دیکۆرەکەیان تازەکردبۆوە بوونە ئاماژەی پرسیارەکانی... بەڵام ئەوانیش نەیانتوانی لەم نهێنییە بگەن. هیچ یەک لەوانە بەڕاستی هونەرمەند نەبوو... ئەوان تەنیا ڕەنگەکەیان بەفلچەی ئاسایی لە دیوارەکە دابوو. سەبارەت بەم ڕووداوە لەوانەیە گرنگ و جێگەی سەرنج بێت کە بزانین کاتێ ئەو ئافرەتە سەرەتا بەناڵەیەکی لاواز ڕایگەیاند کە دەتوانێ ڕوخساری پێغەمبەری ئاشتی عیسای مەسیح ببینێ لەم بینینەدا بەتەنیا بوو بەڵام چەند کاتژمێرێک پاش ئەوە دیمەنەکە بەڕوونی لەلایەن هەموانەوە بینرا و نهێنی ئەم ڕووداوەش وەکو ڕووداوەکانی تر ئاشکرا نەبوو لەوانەیە تا هەتا هەتایە بەم شێوەیە بمێنێتەوە.

ڕووداوەکانی پێشوو هەموو لەلایەن ڕۆحە شەڕانی و بوونەوەرە نادیارەکانەوە هاتنە ئاراوە کە بوونە هۆی ئازاردان و ترساندنی کەسانێکی زۆر بەڵام ئەم بەسەرهاتە ئەو کەسانە ڕۆڵیان تێدا بینیوە کە لە پێشەوا ئایینییە مەزنەکانی جیهانن و تا ئێستاش سەدان ملیۆن کەس لەسەر ڕێبازی ئەم مرۆڤە مەزنانە و بەکەڵک وەرگرتن لە ڕێنماییەکانیان درێژە بەژیان دەدەن.

پەیام هێنەری ئاشتی و خۆشەویستی حەزرەتی عیسای مەسیح لە کوێ و مرۆڤە خوێنمژ و ترسناکەکان لەکوێ؟ چ عەقڵێک ئەمانەی بۆ شی دەکرێتەوە و دەتوانێ پەی بەم نهێنییانە ببات ئەو نهێنییانەی کە پلەیەک لە سەرووی زانستەوەن.

# فڕین بەرەو هیچ



سەفەر بەهۆی فڕۆکەوە یەکێکە لە ئاسوودەترین ڕێگاکانی سەفەر، نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکانی سەرجەم هێڵە ئاسمانییەکان دڵنیاتان دەکەنەوە کە ترسناکترین و پڕ مەترسیترین بەشی سەفەر، سەفەرکردن بەپاس لە شارەوە تا فڕۆکەخانەیە و ڕووداوی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە ئەوەندە نائاساییە کە کاتێک ڕووداوێکی لەمجۆرە ڕوو دەدات دەبێتە سەر باسی هەموو هەواڵەکان. هێڵە ئاسمانیە نەفەر هەڵگر و فڕۆکە سەربازییەکان لەلایەن شارەزایانی بەتوانا و ئەزموون فەرماندەیی دەکرێن... پیاوانی پایەبەرز لە ئەزموون و پەروەردە و شارەزایی... تەنانەت بڕوانامەی فڕین بۆ فڕۆکەیەکی تایبەتی تا ئەو کاتەی کە فڕۆکەوانەکەی نەگاتە پلەیەکی زۆر بەرز لە شارەزایی بڕیاری دەرچوونی لەسەر نادرێت.

کەرەستەکانی پارێزگاری چ لە ئاسمان و چ لەسەر زەویدا بەبێشوماری لەبەردەستدان. هەموو بەرهەمە بەدەست هاتووەکانی تەکنەلۆجیا لەو ڕێگەیەدا کەڵکیان لێ وەردەگیرێ کە سەفەر بەفڕۆکە تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ بێ مەترسی بێت و لەم میانەدا بێ تەل و ڕادار ڕۆڵێکی گرنگیان لە پاراستنی سەفەرە ئاسمانییەکاندا هەیە. ئەمڕۆ (سندوقی ڕەشی تۆمارکەری فڕین) ئامرازێکی ستانداردە لە زۆربەی هێڵە ئاسمانییەکاندا و لەکاتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە ئەم سندوقە یارمەتی شارەزایان دەدا کە تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ ئاگاداربن کە هەڵەیەکی تایبەت دووبارە نەکرێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا و بەم هەموو ڕوونکردنەوانە فڕۆکەکان دوچاری ڕووداوی کەوتنە خوارەوە دەبن ئەگەرچی ئەم کەوتنە خوارەوەیەش هۆیەکی تایبەتی هەیە و بەبێ هۆ، نییە.

بەپێی چەندین هۆکاری ئاراستەکراو و سەلمێندراو لایەنی دیاریکراو لە فڕینی فڕۆکەکان بەبەراورد لەگەڵ لایەنەکانی تری فڕین پڕ مەترسیترن، کە هەستان و نیشتنەوەی فڕۆکە لە پڕ مەترسیترین لایەنەکانی فڕینن. لەم کاتانەدا لەوانەیە بزوێنەری فڕۆکە لەکار بکەوی



یاخود تایەیەکی بتەقێ هەروەها لە بەشی ڕادار، هەڵە لە دیاریکردن و بڕیاردان دەتوانێ ئاکامی زۆر ترسناکی بەدواوە بێت. ترافیکی ئاسمانی لە دەوروبەری فڕۆکەخانەکان زۆر قەرەباڵغە، لەوێدا جێگەیەکی کەمتر بۆ گەشتی ئازادانە هەیە بەڵام کە فڕۆکەیەک زۆر بەرز دەبێتەوە دەتوانین بڵێین کە لە مەترسی ڕزگاری بووە. زۆر بەکەمی ڕوودەدا کە لە کەشێکی ئارامدا فڕۆکەیەک بکەوێتەوە خوارەوە. فڕۆکەیەک کە بێ تەل و کەرەستەی پێوانی ئاسمانی تێدا بێت، بەهیچ شێوەیەک فڕۆکەوانێکی بەئەزموون تیایدا دوچاری هەڵە و ڕێگە، ون کردن نابێت.

کەواتە لەگەڵ هەموو ئەمانەدا لەناو سێگۆشەیەکی جوگرافی بچووک و تایبەتی دوورتر لە کەنارەکانی باشووری ڕۆژهەڵاتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چ ڕووداوێک ڕووی داوە؟

بەروار: ڕۆژی ٥ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ کاتژمیر: ٢ر٢ خولەکی پاش نیوەڕۆ یا بەو شێوەیەی کە کەسانی سەربازی دەڵێن کاتژمێر ١٤ر٢ خولەک. شوێن: (فۆرت لادریدل) لە ویلایەتی فلۆریدا شوێنی بنکەی ئاسمانی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان.

شەڕی جیهانی دووەم تازە کۆتایی پێ هاتبوو ئەگەرچی بیرەوەرییەکەی هێشتا زیندوو و تازە بوو تەنیا چەند مانگ بەر لەو مێژووە حکومەتی هیتلەر تێکشکابوو و ژاپۆنیش وڕوکاس لە کارەساتی ترسناکی تەقینەوەی بۆمبای ناوەکی لەهەر دوو شاری هیرۆشیما و ناکازاکی چەند هەفتەیەک بوو کە خۆی دابوو بەدەستەوە. چەندین ملیۆن کەس گیانی خۆیان لە دەستدابوو و چەندین شاری گەورە و بچووک بەتەواوی وێران کرابوون... لەگەڵ ئەمەشدا ئەگەرچی لەوانەیە باسکردنی ئەم خاڵە بەشێوەیەکی نامۆ وەکو کفر بێتە پێش چاو کە شەڕ سوود و کەلکێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو.

مێژوونووسان چەندین و چەند جار هێمایان بۆ ئەم خاڵە کردووە کە شەڕ کاریگەرییەکی بزوێنەری لەسەر تەکنەلۆجیا هەیە. ئەم بابەتە تەنانەت لە شەڕێکی ناوچەیی وەکو شەڕ لە ئەمریکا و لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا ئاشکرا بووە. لەو سەردەمەدا دەستێوەردانە نابەجێکانی ئەمریکا لە سیاسەتەکانی ناوخۆی هەندێ لە وڵاتان بووە هۆی بەهێزکردنی تەکنەلۆجیای چەکسازی بەشێوەیەکی ترسناک و ئەمڕۆ پێرستێک لە چەکە کۆمەڵکوژەکان کە کامڵ بووە و لە شەڕەکانی ڤێتنامدا تاقی کرانەوە دەتوانرێ لەگەڵ شێتانەترین چیرۆکەکانی خەیاڵی زانستی بەراورد بکرێ.

بەدژواری دەتوانین لەوە بگەین کە ساڵی ١٩٣٩ سوپای هیتلەر لە پۆڵۆنیادا تەراتێنی دەکرد، ڕادار هێشتا لە قۆناغی تاقیکردنەوەدابوو و (سۆنار) یا دەزگای دۆزینەوەی ژێر دەریایی بەهۆی شەپۆلەکانی دەنگ هێشتا زۆر سادە و سەرەتایی بوو و ئافرەتان گۆرەوی ئاوریشمیان لە پێ دەکرد چونکە هێشتا موعجیزەی نایلۆن ژیانی وەبەر پیشەسازییەکی جیهانی نەکردبوو و بزوێنەری موشەک هێشتا لە گۆڤارە خەیاڵیەکاندا نەهاتبووە دەرەوە و زۆربەی زانا بەناوبانگەکان لەو بڕوایەدا بوون کە هێزی ئەتۆم خەیاڵێکی خاوە، تەنانەت رادیۆ و بێتەلیش هێشتا کەرەستەیەکی سەرەتایی بوون و سەفەری ئاسمانیش هێشتا لە قۆناغە سەرەتاییەکانی خۆیدا بوو.

فڕین لەمسەر بۆ ئەوسەری زەریای ئەتلەسی بەشێوەیەک لە گەڕان بەشوێن ڕووداودا لەقەڵەم دەدرا و ئەو کەسانەی کە لەم کارەدا سەردەکەوتن وەکو قارەمانێ لەقەڵەم دەدران بەڵام لە ساڵی ١٩٤٥بارودۆخ بەشێوەیەکی تر بوو. فڕین بەشێوەیەکی ئاشکرا ببووە سەمبولی سەفەر لە ئایندەدا. سوود وەرگرتن لە ڕادار چووبووە قۆناغی پراکتیکەوە ئەگەرچی بەفراوانی وەکو ئەمڕۆ کەڵکی لێ وەرنەدەگیرا. پەیوەندی ڕادیۆیی زیاتر لەوەی کە چاوەڕوان دەکرا پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیبوو. کەرەستەی سەفەری ئاسمانی مۆدێرن هاتبووە ئاراوە و ئەم پێشکەوتنە لە هیچ شوێنێک وەکو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئاشکرا نەبوو. وڵاتێکی دەوڵەمەند کە وەکو ئەمڕۆ هەموو هەوڵی خۆی لە پێناوی فراون کردن و پەرەپێدانی تەکنەلۆجیا و دروستکردنی چەک بەهەموو جۆرەکانیەوە خستبووە گەڕ لەوانەشە کە پێویست نەبێت کە بڵێین فڕۆکە سەربازییەکانی، خاوەن پێشکەوتووترین و مۆدێرن ترین کەرەستەو ئامرازی فڕین بوون...

شەڕ کۆتایی پێ هاتبوو و زۆربەی فڕۆکەکان لە بنکەی (فۆرت لادردیل) بەمەبەستی کرداری ئاسایی فێرکردنی فڕۆکەوانی دەفڕین. ئەم فڕۆکانە ڕەوتێکی جێگیریان هەبوو و ماوەی ١٦٠ میل بەسەر ئۆقیانوسی ئەتلەسیدا بەرەو ڕۆژهەڵات دەفڕین پاشان بۆ پێوانی ٤٠ میلی تر بەرەو باکوور ڕێگەیان دەگۆڕی و پاش ئەوە بەرەو باشووری ڕۆژئاوا دەگەڕانەوە و بەرەو بنکەی (فۆرت لادردیل) دەڕۆیشتن. دۆزینەوەی ئاراستە و ڕێنمایی ئەم فڕۆکانە لەم ڕێگەیەدا بەهیچ شێوەیەک دژوار نەبوو چونکە سەدان جار و بەبێ بچووکترین گرفت لەم ڕێگە سێ گۆشەییەدا فڕۆکەکان هاتوچۆیان کردبوو. لەکاتژمێر ٢ر٢ خولەکی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٥ی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥ یەکەمین فڕۆکە لە پێنج فڕۆکەی بۆمب هاوێژی مۆدیلی (تی بی. ئێم. ئاوێنجەر) لەسەر باندی فڕۆکەخانەی



بنکەی دەریایی (فۆرت لادردیل) بەرەو ئاسمان بەرزبۆوە. لە کاتژمێر ٨ر٢ خولەکی پاش نیوەڕۆ چوار فڕۆکەی تریش لە ئاسما ندا بوون. هەر پێنج فڕۆکەکە بەئارایشێکی جەنگییەوە بەسووڕانەوە بەرەو ڕۆژهەڵات لەسەر ئۆقیانوسی ئەتلەسی دوورکەوتنەوە. هەریەک لەم فڕۆکانە دوو فڕۆکەوان و ئاراستە دۆزەرەوەیەکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو. ڕاپۆرتە ڕەسمییەکان ئەوە دەردەخەن کە هەموو ئەم پیاوانە لە فڕۆکەوانە بەئەزموون و شارەزاکان لە قەڵەم دەدران و هەروەها کەشوهەواش ئارام و لەسەرخۆ بووە. لەکاتی بەرزبوونەوەی فڕۆکەکاندا هیچ گرفتێک ڕووی نەدا و پەیوەندی رادیۆیی بەبەردەوامی بەرقەرار بوو.

فڕۆکەکان بەخێراییەکی نزیکەی ٢٠٠ میل لەیەک کاتژمێردا بەسەر ئۆقیانوسدا دەفڕین و ماوەی دیاریکراو بەرەو ڕۆژهەڵاتیان بەسەرکەوتوویی بڕیبوو و بەبێ هیچ گرفتێک بەرەو باکوور ئاراستەیان گۆڕیبوو. ئەوان ٤٠ میلیان کە پێشتر دیاری کرابوو تێپەڕ کرد و دیسانەوە بەبێ هیچ گرفتێک ئاراستەیان بەرەو بنکەی فڕین گۆڕی. لە کاتژمێر ٤٥ر٣ خولەک دەبوایە سەرجەم فڕۆکەکان لە نزیک بنکەی هێزی دەریایی بوونایە بەڵام... بەم شێوەیە نەبوو.. بەڵکو ئەو کەسانەی کە لە فڕۆکەکاندا ئەرکی دۆزینەوەی ئاراستەی ڕێگایان پێ سپێردرابوو سەرەڕای کەڵک وەرگرتن لە ئامێر و کەرەستە پێشکەوتووەکان، ڕێگەکەیان ون کردبوو. فەرماندەی کرداری فڕین بەسەر سوڕمان و شڵەژانەوە بنکەی فڕینی ئاگادار کردەوە. ئەوان نەیاندەتوانی زەوی ببینن لەوە دڵنیا نەبوون کە لە کوێن. هەروەها لە بنکەکەشدا بەنیگەرانییەوە ئاسمانیان دەپشکنی بەڵام... هیچ نیشانەیەک لە فڕۆکە بۆمب هاوێژەکان بەرچاو نەدەکەوت... بارودۆخ تا دەهات ئاڵۆزتر دەبوو پەیامە ڕادیۆییەکانی نێوان فڕۆکەکان لە بنکەی فڕیندا دەبیسترا و زیاتر نیگەرانی دەکرد. بەدروستی دەزانرا کە فڕۆکەکان دوچاری کێشەیەکی گەورە بوونەتەوە. فڕۆکەوانەکان شڵەژابوون و هیچ کەس بەدروستی لە ناوەڕۆکی کێشەکە ئاگادار نەبوو. فەرماندەی کرداری فڕین گەیشتە ئەو ئاکامەی کە هێزی لێک جیاکردنەوە و دیاریکردنی خۆی لەدەست داوە و فەرماندەیی سپارد بەفڕۆکەوانێکی تر بەڵام... فەرماندەی نوێش نەیتوانی کارێکی باشتر لە فەرماندەی پێشوو ئەنجام بدات. هێشتا بەبێ بینینی هیچ نیشانەیەک لە زەوی فڕۆکەکان بەبەردەوامی درێژەیان بەفڕینەکەی خۆیان دەدا و هیچ کەسێک تەنانەت نەیدەزانی کە لە کوێن و بەرەو کوێ دەفڕن. یەکێک لە فڕۆکەوانەکان بەگریمان وتی کە لەوانەیە لە ٢٢٥ میلی باکووری ڕۆژهەڵاتی بنکەی دەریایی بن و ئەم باردۆخەی بەبێ تەل

بەبنکەی هێزی دەریایی ڕاگەیاند بەڵام دروست لەم کاتەدا بوو کە... پەیوەندییەکە پچڕا!...

ئەم بارودۆخە بەواتای بارودۆخێکی فریاکەوتنی زۆر گرنگ لەقەڵەم دەدرا ئەگەرچی بەدوور دەزانرێ بەڵام لێپرسراوانی بنکەی دەریایی وایاندەزانی کە هەر پێنج فڕۆکەکە لەیەک کاتدا لە ناوچەیەک لە ئۆقیانوسی ئەتلەسی یاخود نزیک بنکە دەریاییەکە کەوتوونەتە خوارەوە و دەسبەجێ کرداری فریاکەوتن دەستی پێکرد. کە لەسەروو ئەم کردارەدا فڕۆکەیەک کە تواناى نیشتنەوەی لەسەر ئاو هەبوو و ١٣ کەسی لەگەڵ خۆیدا هەڵدەگرت. ئەم فڕۆکەیە بەسەرکەوتوویی لە زەوی بەرزبۆوە و بەسەر ئۆقیانوسدا کەوتە فڕین. لەماوەی پێنج خولەکدا لە نێوان ترسی بێ ئەندازەی کەسانی نێو بنکە دەریاییەکە پەیوەندی ڕادیۆیی لەگەڵ ئەم فڕۆکەیەشدا بەشێوەیەکی کتوپڕ پچڕا.

فڕۆکەکانی گاردی کەنارەکان لە گشت کاتەکانی شەودا بەسەر ئەو ناوچەیەدا کەوتنە فڕین، بەڵام هیچ نیشانەیەکیان لە فڕۆکە ونبووەکان نەدۆزیەوە. بۆ سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر ژمارەی فڕۆکە فریاگوزارەکان زیاتر بوو. ئەوان لەسەر کەشتییەکی فڕۆکە هەڵگر کە ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کرا بوو چالاکی گەڕان و پشکنینیان ئەنجام ئەدا. بەڵام بەدرێژایی ئەو ڕۆژە هیچ ئاسەوارێک لە ٦ فڕۆکە ونبووەکە نەدۆزرایەوە... شەو لە ڕێگەوە هات و بەهاتنی شەو ٢٠ کەشتی تر بۆ کرداری پشکنین ڕەوانەی ناوچەکە کرا... زیاتر لە ٣٠٠ فڕۆکەی هەمەجۆر لە ئاسماندا بوون و ١٢ گرووپی گەڕان و فریاگوزاری هێڵی کەنارەکانیان دەپشکنی. بەڕاستی کردارێکی فریاگوزاری نائاسایی و گەورە بوو.. بەڵام سەرەنجام فەرمانی (ڕاگرتنی پشکنین) دەرچوو. هێشتا چارەنووسی ٦ فڕۆکە ونبووەکە ڕازێکی گەورە بوو. چیتر پرسیاری ئەوە لە ئارادا نەبوو کە فڕۆکەکان لەبەر چ هۆیەک کەوتوونەتە خوارەوە بەڵکو هەموان دەیانویست بزانن کە فڕۆکەکان بۆ کوێ ڕۆیشتوون چونکە بچووکترین ئاسەوار لە پاشماوەی فڕۆکەکان بەردەست نەکەوتبوو. نە لاشەی فڕۆکەوانەکان، نەپەڵەیەکی ڕۆن بەسەر ئاوەکە و نەچەترێکی فریاکەوتن! بەڵام کرداری لێکۆڵینەوە ڕانەگیرا و پاش پێداچوونەوەی بەڵگەنامەکان گرووپی لێکۆڵینەوە بەڕاشکاوی ئەوەیان قبوڵ کرد کە هیچ وەڵامێک بۆ ئەم بابەتە لەئارادا نییە. ئەوان تەنانەت نەیانتوانی هیچ ڕێگەچارەیەکی تیۆری بۆ ئەم ڕووداوە پێشنیاز بکەن. ئەم ٦ فڕۆکەیەی هێزی دەریایی کە لەم ناوچەیەدا ون بوون و بۆ هەمیشە بوونە نهێنییەکی گەورە بەتەنیا نەمانەوە بەڵکو ٣ ساڵ پاش ئەوە لە کۆتایی مانگی کانونی دووەمی ١٩٤٨



فڕۆکەیەکی نەفەر هەڵگری بەریتانی کە ٢٦ کەسی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو دیسانەوە بەبێ بەجێ هێشتنی هیچ ئاسەوارێک یاخود ناردنی پەیامێکی فریاکەوتن لەم ناوچەیدا ون بوو.

لە ساڵی ١٩٤٧ فڕۆکەیەک کە ٣٢ کەسی تێدا بوو لە (تۆهامۆگلاسیێر) کەوتە خوارەوە. تیمەکانی گەڕان و فریاکەوتن لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا پاشماوەی فڕۆکە تێکشکاوەکەیان دۆزییەوە... تا ئێرە ڕووداوەکە زۆر ئاساییە. بەڵام پاش گەڕان و پشکنینێکی زۆر نەیانتوانی هیچ ئاسەوارێک لەو ٣٢ کەسەی نێو فڕۆکەکە بدۆزنەوە. هیچ لاشەیەک نەدۆزرایەوە و هیچ کەسیش بەزیندوویی بەرچاو نەکەوت. کەواتە ئەم ٣٢ کەسە چییان لێهاتووە و بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟

لە ماوەی شەڕی دووەمی جیهانیدا کەشتییەکی هەوایی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە دەوروپشتی شاری سانفرانسیسکۆ کەوتە خوارەوە. شارەزایانی کاروباری پارێزگاری نەیانتوانی چ لە بەشی باڵۆن و چ لە بەشی هەڵگرتنی نەفەردا هۆکارێکی هونەری بۆ کەوتنە خوارەوە بدۆزنەوە... بەهەمان شێوە کە چەند سەدەیەک بەر لە ئێستا بەڵایەکی هاوشێوە بەسەر کەشتییەکی بەناوبانگ بەناوی (ماری سێلێست)دا هاتبوو. بەڕووکەش هەموو شتێک لەجێگەی خۆی بوو، جگە لەو ڕاستییەی کە ئەو کەشتییە هەواییە لەگەڵ ٢ کەسی ڕێنمایی کەردا ون بوون و بوونە نهێنییەکی تر لە کۆی نهێنی کەشتی و فڕۆکە ونبووەکان.

لە ساڵی ١٨٧٢ کەشتییەک کە بەهێزی هەڵم کاری دەکرد بەناوی (ئایرۆن مۆنتاین) کەتایبەت بوو بەسەفەری سەر ڕووبارەکان و چەندین پاپۆڕی بچووکی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا لە (ویکسبورگ) بەرەو (پیتسبۆرگ) بە(لویسویل) و ( سێن سیناتی)دا تێدەپەڕی. ئەم کەشتییە ٥٠ مەتر درێژایی و ١٢ مەتر پانتایی هەبوو و لەگەڵ ٥٥ کەس لە خەڵکی ئاسایی و فەرمانبەرانی خۆیدا بەبارێکی زۆری (کەتان)ەوە بەرەو (پیتسبۆرگ) دەڕۆیشت، تەنیا چەند کاتژمێرێک پاش ڕۆیشتنی کەشتییەکە، کەشتییەکی تر هەموو ئەو پاپۆڕە بچووکانەی دۆزییەوە کە کەشتییەکە ڕایدەکێشا و هیچ ئاسەوارێک لە کەشتییەکە و پەنجا و پێنج کەسەکەی ناوی نەدۆزرایەوە پاش لێکۆڵینەوەیەکی چڕوپڕ دەرکەوت کە ئەو تەنافەی کە پاپۆڕەکانی بەکەشتیەکە دەبەستەوە بەشتێکی زۆر تیژ بڕاوە و نهێنی ئەم ڕووداوەش چووە سەر نهێنییەکانی تر.

هیچ ئاسەوارێ لەکەشتی (ئایرۆن مۆنتاین) بەردەست نەکەوت و هیچ نیشانەیەک لە پاشماوەی کەشتییەکە و لاشەی ئەو کەسانەی کە تیایدا بوون نەدۆزرایەوە. بەکورتی ئەم کەشتییە بەبێ بەجێ هێشتنی هیچ ئاسەوارێ ون بوو. ئەم کەشتییە بۆ کوێ ڕۆیشتووە و چی لێ بەسەر هاتووە؟

لە ساڵی ١٩٢٨ی زایینی کەشتییەکی دانیمارکی کە تایبەت بوو بەفێرکردنی هێزە تایبەتەکان و زیاتر لە ٥٠ کەسی هەڵگرتبوو لە بەندەری (مۆنتی ڤیدیۆ) بەرەو دەریا ڕۆیشت و هەرگیز نەگەڕایەوە ئەو کەشتیانەی کە دەچوونە ئەم بەندەرە هیچ هەواڵێکیان پی نەبوو نە لە کەشتییەکە، نە لە پاشماوە بەجێماوەکان و نە لەلاشەی ئەو کەسانەی کە تیایدا بوون. کەواتە ئەم کەشتییە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ نووسەرانی بابەتە زانستی و خەیاڵییەکان زۆر گرنگی دەدەن بەبابەتی جیهانێکی بەرامبەر جیهانی ئێمە و هەروەها بوونی کونی گەورە لە بۆشاییدا. ئەم نووسەرە خەیاڵنووسانە باسیان لە جیهانێکی کامڵ یا تەنانەت کۆمەڵێک لە جیهانەکان کردووە کە لە دوورییەکی نەناسراو لە دراوسێیەتی جیهانی ئێمەدان. ئەم جیهانە خەیاڵییانە بەو شێوەیەی کە بەرقەرارن پانتاییەکی بۆشایی و هەروەها پانتاییەکی زەمەنییان کە بەشێوەیەک لەشێوەکان تێکەڵ بەجیهانی ئێمە بووە داگیرکردووە. بەپێی ئەم گریمانەیە، بەسەرهاتە خەیاڵیەکان هاتنە ئاراوە و بەپێی ئەم بەسەرهاتانە: لە هەندێک ناوچەکانی جیهانی ئێمە پێکهاتەی بۆشایی بەشێوەیەک سست و لاواز دەبێ کە ڕێگە دەدا کە مرۆڤ بەرەو جێگەیەکی جیاواز بڕوات تاوەکو لە جیهانێکی تردا درێژە بەژیانێکی تر بدات. بەسەرهاتە زانستی - خەیاڵییەکان زۆر کات لەمەش زیاتر دەڕۆن و باس لە شێوەی نامۆ لەژیان دەکەن کە لە دوورییەکی بەرامبەر بەجیهانی ئێمەدایە و بەسەرنجدان بەوەی کە کونێک لە بۆشاییدا دەتوانێ لە هەردوو لایەنەوە کار بکات ئەم ئەندێشە ترسناکە دێتە مێشکمانەوە کە لەوانەیە هەندێ کات ئەو بوونەوەرە نەناسراوانە بەنهێنی بێنە جیهانی ئێمەوە.

ئایا لە ساڵی ١٩٤٥، پێنج فڕۆکەی بۆمب هاوێژو فڕۆکەیەکی فریاگوزاری بەرەو ئەو کونە نادیارانەی بۆ شایی ڕۆیشتوون؟ ئایا لە ساڵی ١٨٧٢ کەشتی (ئایرۆن مۆنتاین) بەرەو جیهانێکی تر ڕۆیشتووە؟ و ئایا ئەم بۆشاییەی لە پێکهاتەی جیهانی ئێمەدا هەیە دەسبەجێ پاش ڕاکێشانی کەشتییەکە داخراوە؟ ئایا لە ساڵی ١٧١٥ شێوەیەکی نامۆ لە ژیان لە دوورییەکی نەناسراوەوە بەنهێنی هاتە جیهانی ئێمەوە و سێ هاوڵاتی شاری



جێنای ئەڵمانیای بەشێوەیەکی دڕندانە کوشت؟ ئایا بوونەوەرێک لە جیهانێکی سەروو جیهانی ئێمەوە هاتووە و جێگەی قاچەکانی لەسەر بەفرەکانی پارێزگای دوان شایری بەریتانیا بەجێ ماوە و یاخود بەپێچەوانەی یاسا فیزیکییەکان لە (مانیلا) هێرشی کردە سەر (کلاریتا ڤیلانیوڤا)؟ بۆ سەلماندنی ئەم بابەتە ڕێگەیەکی دوورو درێژمان لەپێشە. هێشتا زۆرمان ماوە کە بگەین بەدڵنیایی و ئاشکرابوونی ڕاستییەکان و لاچوونی پەردەی نهێنییەکان بەڵام ئەو شتەی کە تەنانەت ئێستاش دەتوانین لێی دڵنیا بین ئەوەیە کە کەسانێک جگە لە نووسەرە زانستی خەیاڵی نووسەکان هەن کە بڕوایان بەجیهانێکی بەرامبەر لەگەڵ جیهانی ئێمەو پەیوەندی فیزیکی لەنێوانیاندا هەیە. هەندێ لەم کەسانە سۆفی و هەندێکیان سیحرباز و هەندێکی تریان لە زانا گەورەکان بوون و هەن. ئەوان بڕوایان هەبووە و هەیە کە ئەم ئەندێشە و بیرۆکانە شتێکی خەیاڵی و دوور لە ڕاستی نین.

## ئۆتۆمبیلی نەفرەتلێکراو

ئەوەی تا ئێستا باسمان لێوەکردووە نەفرەتی ئەو بوونەوەرە نادیارانە بووە کە بەسەر مرۆڤی سەر ئەم زەویە خاکییەدا هاتووە بەڵام ئێستا ئەمانەوێ بەراوردێک لە نێوان نەفرەتی ئەو بوونەوەرانە و نەفرەتی مرۆڤدا بکەین. تا ئێستا سەبارەت بەو کەسانەی کە دوچاری نەفرەت بوونەتەوە زۆرمان بیستووە و خوێندۆتەوە. بەڵام ئایا ئەمە تا چەند ڕاستە کە هەندێ تەنی فیزیکی وەکو ئەلماس، ئۆتۆمبیل، یا ئەنگوستیلە بچنە ڕیزی نەفرەت لێکراوەکانەوە؟ لە ڕاستیدا هەموو ئەم دیاردانە بەهۆکاری ڕێکەوت لەقەڵەم دەدرێ بەڵام ئەو بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرانەی کە باسی لێوە دەکەین بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ بەڕێکەوت ڕوویان دابێت. سەرەتا ئێوە و ئەو ئۆتۆمبیلەی کە لە مێژوودا خاوەن پێشینەیەکی ڕەشە: ئۆتۆمبیلی (کروکی) سوور کە بۆ (فرانتس فردیناند) وەلیعەهدی نەمسا لە وڵاتی ئەڵمانیا دروست کرابوو بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ڕۆڵی لە کوشتنی چەندین ملیۆن کەسدا هەیە. وەلیعەهدی نەمسا کە بەشانازییەوە بەسواری ئەم ئۆتۆمبیلە سەردانی سوپای دەکرد نەیدەزانی چ چارەنووسێکی ڕەش لە چاوەڕوانی ئەو و جیهاندایە. هەرچەندە کە هیچ کەسێک نەفرەتی لەم ئۆتۆمبیلە نەکردبوو بەڵام ڕووداوەکانی ئایندە ئەوەیان دەرخست کە ئەم ئۆتۆمبیلە بۆ خاوەنەکانی بەختەوەری نەهێنا و لە هەموو شوێنێکیدا بەدبەختی پێ بوو و سەیر لەوەدایە کە هەمووانی بەکوشتن دا و خۆی هیچ زیانێکی پێ نەگەیشت. بەسەرهاتەکە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە وەلیعەهدی نەمسا و هاوسەرەکەی لە ڕۆژی ٢٨ی حوزەیرانی ١٩١٤ی زایینی بۆ بینینی (سارایڤۆ) کە لەو سەردەمەدا بەشێک لە خاکی ئیمپراتۆری (نەمسا - هەنگاریا) بوو چوون بۆ ئەو شارە. بارودۆخی سیاسی لە کیشوەی ئەوروپا دوچاری قەیران هاتبوو تەنیا پریشکێکی بچووک دەیتوانی شەڕی ماڵوێرانکەر هەڵگیرسێنێ. لەو ڕۆژەدا (فرانتس فردیناند) و هاوسەرەکەی (سۆفیا) سواری ئەو ئۆتۆمبیلە (کروکی)یە جوانە بوون تا لە شەقامەکانی سارایڤۆدا گەشتوگوزار بکەن. لەناکاودا لاوێکی دەمارگیری سربی کە دەمانچەیەکی لە دەستدابوو خۆی گەیاندە ئۆتۆمبیلەکە و بەتەقاندنی چەند گوللەیەک کۆتایی بەژیانی فرانتس فردیناند و هاوسەرەکەی هێنا و خۆی بەدەستی پاسەوانەکان کوژرا. ئەم ڕووداوە مێژووییە دەسپێکی زنجیرەیەک ڕووداو بوو کە وەکو پریشکێک ئاگری شەڕی جیهانی



یەکەمی هەڵگیرساند و زیاتر لە ٢٠ ملیۆن کەس لەم شەڕەدا گیانیان لەدەست دا. پاش مردنی وەلیعەهدی نەمسا ژەنەڕاڵ (پۆتیۆرک) فەرماندەی بەناوبانگی لەشکری پێنجەمی نەمسا ئەم ئۆتۆمبیلەی خستە خزمەت خۆیەوە بەڵام زۆری نەخایاند کە لە (ڤال یڤۆ) دوچاری شکستێکی گەورە بوو و عەقڵی خۆی لەدەست دا و شێت بوو و ماوەیەک پاش ئەوە لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا کۆچی کرد. پاش ئەوە ئەم ئۆتۆمبیلە بووە موڵکی ئەفسەرێکی تری نەمسا کە لە ژێردەستانی ژەنەراڵ پۆتیۆرک بوو. ئەم ئەفسەرە بەخێراییەکی زۆر ئۆتۆمبیلی لێدەخوڕی و لە یەکێک لە ڕۆژەکاندا کە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر دەڕۆیشت دوو پیاوی دێهاتی کرد بەژێرەوە و ئۆتۆمبیلەکەی لە درەختێکی گەورە درا لەم ڕووداوەدا ئەفسەرەکە کوژرا.. ئەو تەنیا ٩ ڕۆژ خاوەنی ئەم ئۆتۆمبیلە بوو.. پاش کۆتایی هاتنی شەڕ فەرمانڕەوای نوێی یۆگسلاڤیا بووە خاوەنی ئەم ئۆتۆمبیلە و فەرمانی دا تاوەکو سەرلەنوێ چاکی بکەنەوە و بیڕازێننەوە. لە ماوەی ٤ مانگدا ئەم فەرمانڕەوایە ٤ جار دوچاری تامپۆن بووەوە و لە دوایین تامپۆندا دەستی ڕاستی خۆی لەدەست دا و لەبەر ئەم هۆیە بەڕادەیەک تووڕە بوو کە فەرمانی دا تاوەکو ئەم ئۆتۆمبیلە نەفرەت لێکراوە لەناو ببەن بەڵام لەم کاتەدا دکتۆرێک بەناوی (سەرکیس) کە بڕوای بەم قسانە نەبوو ئەم ئۆتۆمبیلەی بەنرخێکی کەم کڕییەوە و بۆ ماوەی ٦ مانگ گاڵتەی بەقسەی ئەو کەسانە دەکرد کە لە شوومی ئەم ئۆتۆمبیلە دەدوان. لەم ماوەیەشدا هیچ ڕووداوێکی ناخۆش ڕووی نەدا هەمووان خەریک بوو بڕوا بەوە بێنن کە ئەم ئەسپە چەمووشە ماڵی بووە و هەموو ئەو قسانە درۆ بوون. بەڵام ڕۆژێک سەرلەبەیانی ئۆتۆمبیلەکەیان لە چاڵێکدا دۆزییەوە کە وەرگەڕابوو. ئۆتۆمبیلەکە زیانێکی کەمی پێگەیشتبوو بەڵام لاشەی دکتۆر سەرکیسیان بەئەنجن ئەنجن کراوی لەژێر ئۆتۆمبیلەکەدا دۆزییەوە. پاشان زێڕینگەرێکی دەوڵەمەند ئەم ئۆتۆمبیلەی لە هاوسەری دکتۆر (سەرکیس) کڕییەوە و ماوەی یەک ساڵ بەبێ ڕوودانی هیچ ڕووداوێکی دڵتەزێن تێپەڕی. بەڵام لەناکاودا بەبێ هیچ هۆیەک زێڕینگەرەکە خۆی کوشت. خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە ئەمجارەیان و بۆ جاری دووەم پزیشک بوو کە هەر لە سەرەتاوە نەفرەتی ئۆتۆمبیلەکە یەخەی پێ گرت بەڵام پزیشکەکە دوچاری هیچ ڕووداوێک نەبووەوە بەڵکو هیچ نەخۆشێک نەدەچووە عەیادەکەی لە ترسی ئەوەی کە نەفرەتی ئەم ئۆتۆمبیلە دوچاری ئەوانیش بێتەوە. بەم شێوەیە پزیشکەکە دوچاری هەژاری و نەدارییەکی لە ڕادەبەدەر بۆوە و بەناچاری ئۆتۆمبیلەکەی فرۆشت بەپیاوێکی سویسرایی کە بەشداری لە پێشبڕکێی لێخوڕینی

ئۆتۆمبیلدا دەکرد و لە میانەی پێشبڕکێیەکدا کە لە جادەی کوێستانی (ئەلپ) لە ئیتالیا بەرپا کرابوو لە ئۆتۆمبیلەکە کەوتە خوارەوە و پاش ئەوەی کە بەتاشەبەردێکدا کێشرا دەسبەجێ کوژرا و ئۆتۆمبیلەکەش بەسەلامەتی دەرباز بوو. ئەم ئۆتۆمبیلە دیسانەوە گەڕایەوە بۆ نزیک شاری سارایڤۆ و ئەمجارە جوتیارێک کە دەیویست ئازایەتی خۆی دەربخات کڕییەوە و چەندین مانگ بەبێ ئەوەی هیچ ڕووداوێکی ناخۆش ڕوبدات هاتوچۆی پێکرد تاوەکو رۆژێک بەبێ هیچ هۆیەک لە جادەدا کوژایەوە. خاوەنی ئۆتۆمبیلەکە داوای لە جوتیارێکی تر کرد تاوەکو بەعەرەبانەکەی ئۆتۆمبیلەکەی ڕاکێشێ بەڵام لەبیری چوو کە ئۆتۆمبیلەکە بکوژێنێتەوە کە لە ناکاودا کەوتە کار و لە کاتێکدا کە بەخێرایی کەوتە ڕێ لە لۆفەیەکدا وەرگەڕا و خاوەنەکەی رەوانەی ئەو دنیا کرد. بەڵام سەرەنجام سەردەمی شوومی ئەم ئۆتۆمبیلە لە کۆتایی نزیک دەبۆوە. دوایین کڕیاری ئەم ئۆتۆمبیلە سوورە فیتەرێک بوو بەناوی (تینۆر هێرشفلد) کە چاکی کردەوە و ڕەنگەکەی گۆڕی بۆ شین. چونکە پێشینەیەکی ڕەشی هەبوو هیچ کەسێک ئامادە نەبوو سواری بێت بەناچاری خۆی سواری بوو. شەوێک کاتێک کە لەگەڵ ٤ کەس لە هاوڕێکانی لە ئاهەنگێکی ژنهێنان دەگەڕایەوە لەناکاودا لە جادەیەکی کوێستانیدا بەخێراییەکی زۆر پێش ئۆتۆمبیلێکی تر کەوت بەڵام نەیتوانی چیتر کۆنترۆڵی بکات و لەگەڵ ئۆتۆمبیلێکی تر کە لە بەرامبەرەوە دەهات لێکیان دا. بەهۆی ئەم ڕووداوە کە لە فایلی شوومی ئەم ئۆتۆمبیلەدا بەدوایین ڕووداو لەقەڵەم دەدرێ (هێرشفلد) و هاوڕێکانی کوژران. هاوسەری ئەم فیتەرە پاش پرسەی هاوسەرەکەی ئەم ئۆتۆمبیلە مێژووییەی سپارد بەلێپرسراوانی نەمسا. ئەم ئۆتۆمبیلە تاوانبارە کە ڕاستەوخۆ گیانی ١٦ کەسی گرتبوو لەسەر بودجەی دەوڵەت چاکرایەوە و لە جیاتی زیندان ڕەوانەی مۆزەخانەی (ڤیەننا) کرا و لە ڕاستیدا ئەوێ بووە گۆڕستانی ئەو. ئەم ئۆتۆمبیلە کە ڕژانی خوێنی یەکەمین خاوەنی بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی سەرەنجام لە شەڕی دووەمی جیهانیدا بەهۆی بۆمبێک کە لەلایەن هاوپەیمانانەوە فڕێ درایە سەر مۆزەخانەی ڤیەننا بۆ هەتا هەتایە لەناو چوو.

ئێستا با بەیەکەوە بەسەرهاتی ئەم کەشتییە نەفرەت لێکراوە بخوێنینەوە: سەبارەت بەکەشتییە نەفرەت لێکراوەکان یا ئەو کەشتییانەی کە بەچۆڵی لە دەریاکاندا سەرگەردانن بەسەرهاتی زۆر دەگێڕنەوە کە دەتوانرێ لە کتێبێکی جیادا کۆ بکرێنەوە بۆ نموونە دەتوانین ناوی کەشتی (جولەکەی سەرگەردان) یاخود کەشتی (ماری سێلسێت) ببەین کە پێشتر



باسمان لێوە کردووە کە تاوەکو ئێستا نهێنی هیچ کامیان نەزانراوە بەڵام هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کە کەشتی (هاین موا) نەفرەت لێکراوترین کەشتییە لە مێژوودا. بەتایبەتی چارەنووسی شوومی کاپیتانەکانی ئەم کەشتییە سەرنج ڕاکێشە. کەشتی (هاین موا) سەرەتایەکی باشی نەبوو و لە یەکەمین سەفەری لە بەریتانیاوە کە لە ساڵی ١٩١٢ی زایینی ئەنجامدرا بۆ پاراستنی هاوسەنگی کەشتییەکە ڕێژەیەکی زۆر بەردیان لێ بار کردبوو کە لە ڕاستیدا کێلی قەبر بوون کە لە گۆڕستانێکی لەندەن کۆکرابۆوە. لەو سەفەرەدا چوار کەس لە کارمەندانی کەشتییەکە بەهۆی نەخۆشییەوە مردن و دەگوترێ کە مردنی ئەم چوار کەسە بەهۆی گرنگی نەدانی کاپیتانی کەشتییەکەوە ڕووی داوە. ڕووداوە ناخۆشەکان کە لەپاشاندا ڕوویان دا لە ناو خەڵکدا دەم بەدەم دەگەڕا و بڵاو دەبۆوە.

دەیانگوت کە ڕۆحی ئەم چوار کەسە هەوڵی تۆڵەسەندنەوەیان داوە و بۆ هەتا هەتایە کاپیتانەکانی کەشتی (هاین موا)یان گرتووە چونکە هیچ یەکێکیان چارەنووسێکی باشی نەبوو.

کاپیتانی یەکەم شێت بوو، کاپیتانی دووەم بۆ هەتا هەتایە زیندانی کرا، کاپیتانی سێیەم بەهۆی خواردنەوەی زۆر گیانی لەدەست دا کاپیتانی چوارەم بەشێوەیەکی نادیار و پڕ لە نهێنی لە کابینەکەی خۆیدا کوژرا و کاپیتانی پێنجەمیش خۆی کوشت.

ئایا زانست هیچ وەڵامێکی پێیە بۆ سەرجەم ئەم ڕووداوانە؟ ئایا ئێوەش پێتان وانییە کە ئەم ڕووداوانە یەک پلە لەسەرووی زانستەوەن.

# ڕازی دوورگەکان

ڕازی دوورگەکان بەسەرهاتی سەرسوڕهێنەری ئەو دوورگانەیە کە بەشێوەیەکی کتوپڕ لەبەرچاوان ون دەبن. ئەو دوورگانەی کە چەندین ساڵ و لەوانەشە چەندین هەزار ساڵ میوانێکی هەمیشەیی ئەم زەوییە خاکییەی، لانکە و گۆڕی مرۆڤ بووبن. بەڵام پێویستە بەرلەوەی گوێ ڕادێرین بۆ بەسەرهاتیان، پرسیاری ئەوە لە خۆمان بکەین، کە چ هێزێک دەتوانێ لە پشت ئەم ڕووداوانەوە بێت. چ کەسێک دەتوانێ دوورگەیەک کە سەدان و هەزاران جار لە کەشتی یا فڕۆکەیەک گەورەترە، لەبەر چاوی هەمووان ون بکات. دوورگەی (ساکسێمبورگ) چی لێ بەسەرهات؟ دوورگەکانی (ئایلاگرند) و (ئاوروراس) و (میدا) بۆ کوێ ڕۆیشتوون؟ یاخود چ دەستێک لەپشت ونبوونی ئەو دوورگانەیە کە (کریستۆف کۆڵۆمبس) بەرلەوەی ئەمریکا بدۆزێتەوە، بەرێکەوت پێیاندا تێپەڕی؟ لەوانەیە بڕوا نەکەن. بەڵام دەبێ چ هۆکارێک ببێتە هۆی ئەوەی کە دوورگەی بچووکی (سەنت برێندان) بەبەرچاوی هەموانەوە ون بێت و سەرلەنوێ بگەڕێتەوە شوێنی خۆی؟ ئایا ئەگەر ئێوە بینەری ئەم دیمەنە بن دەتوانن هێمنی خۆتان بپارێزن؟.

دوورگەی (ساکسێمبۆرگ) لە ساڵی ١٦٧٠ی زایینی لەلایەن دەریاوانێکی بەڕەگەز ئەڵمانی دۆزرایەوە. ئەم دوورگەیە لە ٦٠٠ میلی باکووری ڕۆژئاوای دوورگەی (تریستان ئاکوندا) لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی باشووردایە. بەسروشتی کاتێک کە هەواڵی دۆزینەوەی ئەم دوورگەیە بڵاوبۆوە، چەندین کەشتی تر بۆ لە نزیکەوە بینین و ئاگادار بوونەوە لە پێگەی جوگرافی و هەروەها تایبەتمەندیەکانی تری ئەم دوورگەیە بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێ کەوتن. بەڵام سەرەڕای زانیاری دروست و ورد سەبارەت بەپێگەی جوگرافی ئەم دوورگەیە چیتر هیچ کەسێک ئەم دوورگەیەی نەبینیەوە... تاوەکو لە ساڵی ١٨٠٤ کەشتی ئەمریکی (فانی) بەرێکەوت خۆی لەو دوورگەیەدا بینیەوە. پێنج ساڵ پاش ئەوە کەشتی (کۆڵۆمبس) بەدروستی دوورگەکەی دۆزییەوە و پێگەی جوگرافی دوورگەکەی تۆمارکرد. بەڵام پاش ئەو مێژووە چیتر دوورگەی (ساکسێمبورگ) ڕوخساری خۆی بەدەر نەخست و بۆ هەمیشە لەبەر چاوان ون بوو. لەگەڵ پێشڤەچوونی زیاتری زانست و تەکنەلۆجیا ڕێگاکانی زەوی و دەریاو ئاسمان بوونەتە شارێگەی هاتوچۆی مرۆڤ و ساڵ لەدوای ساڵ شوێنە نەناسراوەکان دەبنە ئاشنای مرۆڤ. بەڵام... تا ئێستاش هیچ کەشتی و فڕۆکەیەک



نەیتوانیوە دوورگەی ونبووی (ساکسێمبۆرگ) بدۆزێتەوە. کە واتە ئەم دوورگەیە کە سەدان کەس بەچاوی خۆیان بینیویانە بۆ کوێ ڕۆیشتووە؟ بەدڵنیاییەوە لەو جیهانەدایە کە دوورگەی (ئایلاگراند)ی تێدایە..

***

لە ساڵی ١٦٧٥ی زایینی (ئانتۆنیۆ دێلا روچێ) دوورگەی (ئایلاگراند)ی دۆزییەوە. لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا بەم شێوەیە باس لەم دوورگەیە دەکات: بەڕاستی (ئایلا گراند) دوورگەیەکی زۆر گەورەو دڵکەرەوە بوو. ئەم دوورگەیە لە کەناری ڕۆژهەڵاتی خۆیدا خاوەنی بەندەرێکی زۆرباش بوو. ئەم دوورگەیە نزیکەی ١٥٠٠ کیلۆ مەتر لە باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری (بۆینۆس ئایرس)ی پایتەختی ئەرجەنتینەوە دوور بوو. لەنیوەی دووەمی سەدەی ١٨ لە فایلی دەریاوانە ئیسپانییەکاندا باس لە دوورگەی (ئایلاگراند) کراوە. بەپێی ئەم ڕاپۆرتانە لەم دوورگەیەدا خەڵکانێک لەهەر سێ ڕەگەزی (سپی پێست و ڕەش پێست و ڕەگەزی سوورپێست) نیشتەجی بوون.... بەڵام ئەمڕۆ هیچ ئاسەوارێک لەم دوورگەیە بەجێ نەماوە و هیچ دەریاوانێک ڕێگەی نەکەوتۆتە ئەم دوورگەیە. ئایا ئەو بوونەوەرە نەناسراوانەی کە دەستیان لەچەندین ڕووداوی دڵتەزێن و تۆقێنەردا هەبوو ئەمجارەش هاتوونەتە مەیدان و ئەو دوورگەیان لەبەرچاوان ون کردووە؟ یاخود وەکو فڕۆکەکانی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا مەزندەی ئەوەی لێدەکرێ کە بەرەو کونە نادیارەکانی ناو بۆشایی بەرزبووبێتەوە؟ ئایا ئێوە هیچ کەسێک شک دەبەن کە وەڵامی ئەم پرسیارانەی لابێت؟.

***

سەبارەت بەدوورگەی (میدا) زانیاری دروست لەبەر دەستدا نییە بەڵام سەرچاوەکانی سەرەتای سەدەی ١٧ ئەوە دەردەخەن کە ئەم دوورگەیە لە نێوان (بەرمۆدا) و (باهاما) دا بووە و هەروەها خەڵکانێکی زۆریش تێدا ژیاون. بەڵام ئەمڕۆ هیچ ئاسەوارێک لەم دوورگەیە بەجێ نەماوە. سەردەمانێک دوورگەی (دوقیرتی) لە ٥٩ پلەو ٢٠ خولەکی باکووری و ١٢٠ پلەو ٢٠ خولەکی ڕۆژئاواییدا بوو. لە بنەڕەتدا ئەم دوورگەیە لەلایەن ڕاوچییەکی نەهەنگەوە دۆزرایەوە و بەر لە دووبارە دۆزینەوەی لەلایەن کاپیتانێکی بەریتانیەوە لە ساڵی ١٨٤٢ تایبەمەندییەکانی دەستنیشان کرا. ئەم دوورگەیە بەلایەنی کەمەوە لەلایەن کەشتی ترەوە بینراوە. بەڵام ئەمڕۆ هەوڵ بدەن کەشتییەک بگەیێننە ئەو دوورگەیە. سەرەڕای چەندین جار بینینەوەی، لە پاش ساڵی ١٨٤٢ ئەم دوورگەیە

بەشێوەیەکی ڕەسمی بۆتە ئەفسانەو لەبەرچاوان ون بووە. (جوان دێلاکۆسا) خاوەنی کەشتی (ساناماریا) کە درێژەپێدەری ئەو سەفەرە مێژووییەی (کریستۆف کۆڵۆمبس) لە ساڵی ١٤٩٢ بوو، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە بەشێوەیەکی بینراو بەدەست هاتبوون، نەخشەیەکی دروست کرد. ئەم نەخشەیە بریتییە لە چەندین دوورگەی بێ ناونیشان کە ئەمڕۆ هیچ کەسێک بەڕێکەوتیش نەیبینیون و پێیاندا تێپەڕ نەبووە و بەبێ بەجێ هێشتنی هیچ ئاسەوارێک ون بوون. دوورگەکانی (ئاووروراس) نزیکەی ٢٠٠٠ کیلۆمەتر لە دوورگەکانی (فۆکلاند)ەوە دوورە و پێگەی جوگرافییان بەدروستی بەم شێوەیەیە: دوورگەی باکووری لە ٣٧ و ٥٢ پلە باشووری و ٤٣ و ٤٧ پلەی ڕۆژئاوایی، دوورگەی باشووری لە ١٥ و ٥٣ پلەی باشووری و ٥٧ و ٤٧ پلەی ڕۆژئاوایی، هەروەها دوورگەی ناوەندی لە ٢ و ٥٣ پلەی باشووری وە ٥٥، ٤٧ پلەی ڕۆژئاواییدایە. ئەگەرچی ئەم زانیارییانە لەلایەنی مێژووییەوە بەتەواوی دروستن بەڵام هیچ سوودێکیان نییە. چونکە وەکو زۆربەی دوورگەکان، پێدەچێ کە دوورگەکانی (ئاووروراس)یش لەسەر گۆی زەوی نەمابن. ئەم سێ دوورگەیە سەرەتا لە ساڵی ١٧٦٢ی زایینی دۆزرانەوە و بۆ جارێکی تر لە ساڵی ١٧٩٠ دا بینراون. چوار ساڵ پاش ئەوە واتە لە ساڵی ١٧٩٤ کەشتی (ئاترێ ڤێدا) بەمەبەستی دریاریکردنی شوێنی دروستی ئەم دوورگانە لەسەر نەخشە سەردانی دوورگەکانی کرد. ئەم دوورگانە لە ساڵی ١٨٥٦ لەلایەن کەشتی (هێلێن بایرد) و جارێکی تر لە ساڵی ١٨٩٢ لەلایەن کەشتی (گلاردیس)ەوە بینران. بەڵام ئەمڕۆ هیچ دوورگەیەک لەو شوێنەدا بەرچاو ناکەوێت. دوورگە بەو وشکانییە دەگوترێ کە بەتەواوی ئاو دەوروپشتی داپۆشیوە بەڵام لێرەدا ئەم پرسیارە خۆی دەسەپێنێ کە: ئایا ئەم دوورگانە لە ئاودا نوقم بوون؟ بەدڵنیاییەوە بەهۆی بارودۆخێکی تایبەتییەوە دوورگەکان نوقمی ژێر ئاو دەبن. ئەم هەلومەرجە بەپلەی یەکەم (چالاکی گڕکانەکان) لەخۆ دەگرێ. هیچ دوورگەیەک بەهێمنی نوقم نابێت. هەروەها هیچ دوورگەیەکیش بەبێ هۆ نوقمی ژێر ئاو نابێت. دوورگەیەکی گڕکانی بەتوڕەیی و جۆش و خرۆشەوە لەدایک دەبێت و بەتووڕەیی و جۆش و خرۆشیشەوە دەمرێ. ئەمە ڕووداوێکی زۆر دەگمەنە و مێژووی جیهان پێمان دەڵێ: کاتێ کە دوورگەیەکی گڕکانی بەپانتاییەکی هەست پێکراوەوە نوقمی ژێر ئاودەبێت چ کارەساتێک دەخوڵقێنێ. لە ٢٧ی مانگی ئابی ١٨٨٣ چالاکییە گڕکاینیەکان لەدڵی دوورگەی (کراکاتۆ) لەتەنگەی (سوندا) دەستی پێکرد. لە ڕۆژی ٢٨ی ئاب دوورگەی (کراکاتۆ) تەقییەوە. لەڕۆژی ٢٩ی ئاب دوورگەکە نوقمی ژێر ئاو



بوو. بەڵام ئەم دوورگەیە بەهێمنی نوقم نەبوو، بەڵکو شەپۆلێکی لێدەر SHock Ware کە لە هەموو چەکە ئەتۆمییەکان کە تا ئێستا تەقیوەتەوە بەهێزتر بوو سێ جار بەدەوری گۆی زەویدا سووڕایەوە. ئامێرەکانی پێوانی پاڵەپەستۆ لەبەرامبەر گۆڕانکارییەکی کتوپڕ لە سەرانسەری گۆی زەویدا کاردانەوەیان هەبوو. ئەو شەپۆلانەی بەهۆی ئەم ڕووداوەوە دروست بوون بەهەموو جیهاندا گەڕان و کەنارە دوورە دەستەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان و مەکسیکی گرتەوە. دەنگی تەقینەوە لە ئوسترالیادا بیستراو لەگەڵ بڕینی ئەم ماوە دوورو درێژە دانیشتوانی ئوسترالیا وایاندەزانی تۆپێکی قورس لە نزیک ماڵەکانیاندا تەقیوەتەوە. بەهۆی ئەم ڕووداو و دیاردە دەگمەنەوە سەدان کەشتی لە دەریاکاندا بزر بوون و هەرگیز نەدۆزرانەوە. هەزاران کەسیش گیانیان لە دەست دا. تاکو ٤ ساڵ پاش ئەم ڕووداوە کەشوهەوای گۆی زەوی نائارام بوو. ئەو تەپوتۆزەی کە بەهۆی تەقینەوەکە فڕێ درابووە بەشی دەرەوەی ئەتموسفێر، بەدرێژایی هەزاران میل لە شوێنی تەقینەوەکە ڕەنگی ئاسۆی لەکاتی خۆرئاوابووندا گۆڕیبوو بەڕەنگێکی سەرسوڕهێنەر کە تائێستا نەبینراوە. ئەگەر هەموو دوورگە ونبووەکان کە بەسەرهاتی زۆربەیان باسی لێوە نەکراوە، وەکو دوورگەی (کراکاتۆ) نوقمی ژێر ئاو بوونایە بەپێی زنجیرەیەک گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕ لە سەر گۆی زەوی، نەوەکو لە دوورگەکان بەڵکو هیچ ئاسەوارێک لە زەوی بەجێ نەدەما. خۆشبەختانە ئەم ڕووداوانە زۆر دەگمەنن و وەکو باسمان کرد بەدرێژایی مێژوو ئەمە یەکەمین ڕووداوە لەجۆری خۆیدا. بەڵام ئەگەر ئەو دوورگانە نوقمی ژێر ئاو نەبوون ئێمە بۆ جارێکی تر ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە نامۆیە دەبینەوە (کەواتە بەرەو چ شوێنێک ڕۆیشتوون)؟

***

بەر لەوەی بیر لەم پرسیارە بکەینەوە دەرفەتی ئەوەمان هەیە کە گوێ لە گریمانێکی تر بگرین: گریمانی ئەوەی کە لە بنەڕەتدا لەوانەیە ئەو دوورگانە لەو شوێنانەدا نەبووبن و ئەم بەسەرهاتانە تەنیا بریتییە لەو چیرۆکە خەیاڵییانەی کە دەریاوانە کۆنەکان هۆنیویانەتەوە یاخود لەوانەیە ئەو دەریاوانانە تەنیا سەرابیان بینیبێت!.

من لەو بڕوایەدام کە دەتوانین بەتەواو ڕووبەڕووی ئەم وتەیە ببینەوە و ڕەتی بکەینەوە کە دەڵێ: (هەر دوورگەیەکی ونبوو لە بنەڕەتدا هیچ نییە جگە لە ئەفسانەیەکی خەیاڵی). چونکە ژمارەی ئەو دوورگانە بێ شومارن و لە سەردەمی جیاواز و لەلایەن کەسانی جیاوازەوە بۆ چەندین جار بینراون. هەروەها تیۆری (سەراب) تێبینی زیاتری دەوێت.

بەڵام لە لێکدانەوەی کۆتاییدا بەپێی سەرچاوەکان و بەڵگەنامەکان ناتوانێ وەکو وەڵامێک بۆ ئەم دیاردە سەرسوڕهێنەرە خۆی بسەپێنی. سەراب بەو شێوەیەی کە زۆربەی خەڵکی ئاسایی بیری لێدەکەنەوە، خەیاڵ نییە بەڵکو دیاردەیەکی فیزیکییە کە پەیڕەوی یاسایەکی جێگیر دەکات. بەکورتی: کاتێ سەراب دەردەکەوێ لە هەلومەرجێکی تایبەتیدا و بەشێوەیەکی نائاسایی وەکو عەدەسە و ئاوێنەیەک دەکەوێتە کار و دەبێتە هۆی ئەوەی کە وێنەی شوێنێک لە شوێنێکی تردا ڕەنگ بداتەوە. زۆربەی سەرابەکان لە بیابانەکاندا بەرچاو دەکەون... لە ناوچەیەکی بیابانی و زۆرگەرمدا لە دوورەوە وێنەی ئاو و دارستان بەرچاو دەکەوێ بەڵام کاتێک کە دەگەیتە ئەو شوێنە جگە لە خۆڵی گەرمی بیابان هیچ شتێکی تر بەرچاو ناکەوێ. بەسەرنجدان بەوەی کە ئەم دیاردەیە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ گۆڕانکارییە گەرمییەکانی کەشوهەوادا هەیە ئەگەری ڕوودانی سەراب لە دەریاشدا هەیە. کاتێ کە ڕووداوێکی لەم شێوەیە ڕوودەدات، هەندێ کات ئەگەری ئەوە لە ئارادا هەیە کە وێنەی دوورگەیەکی ڕاستەقینە لە شوێنێکدا جگە لە شوێنە ڕاستەقینەکەی خۆی بەرچاو بکەوێت. کەواتە بۆ بینینی ئەم جۆرە سەرابە ئێمە پێویستمان بەدوورگەیەکی ڕاستەقینە هەیە تاوەکو وێنەکەی لە سەرابەکەدا بەرچاو بکەوێت هەروەها پێویستە لە دوورییەکی دیاریکراو لە خاڵی بینینی سەرابەکەدا بێت. جگە لەوە بەگۆڕینی زاویەی بینین، وێنەی دەرکەوتوو لە سەرابەکەدا بەرەو نەمان دەچێت. بەو شێوەیەی کە پێشتر باسمان کرد کە تینوو لەبیاباندا بەرەو وێنەی ئاو و دارستانەکە دەڕوات بەڵام کاتێ دەگاتە ئەو شوێنە هیچ شتێکی جگە لە خاکی بیابانەکە بەرچاو ناکەوێت. کاتێ کە بۆ یەکجار بەشێوەیەکی بنەڕەتی، میکانیزمی سەراب هەڵدەسەنگێنین، بەخێرایی بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە ڕوونکردنەوەیەکی لەم شێوەیە سەبارەت بەدوورگە ونبووەکان ناتوانێ دروست بێت. تەنانەت ئەگەر بمانتوانیایە بەم ڕێگەچارەیە وەڵامی ئەو بەسەرهات و ڕووداوانەی پێشوو بدەینەوە ئەوا نەسەراب و نەهیچ واتایەکی ناسراوی فیزیکی تر، ناتوانێ هەڵسوکەوتی سەرسوڕهێنەری دوورگەی (سەنت برێندان)مان بۆ ڕوون بکاتەوە. دوورگەی (سەنت برێندان) لەڕاستیدا یەکێکە لە شوێنە نیوە ئەفسانەییەکان کە پەیوەندی بەچیرۆکە ئەفسانەییەکانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە هەیە. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دەریاوانەکان لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا بەشوێن ئەم دوورگەیەدا گەڕان، بەڵام هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا. بەڵام لەواتای پەسەندکراوی جیهانیدا ئەم دوورگەیە ئەفسانە نییە. شوێنی ئەم دوورگەیە بەدروستی دیار و ئاشکرایە کە دەکەوێتە باکووری



ڕۆژئاوای (هیێرۆ) لە دوورگەکانی کەناری. بەڵام ئەم دوورگەیە هەمیشە لەوێ نییە. بەپێی ئەو یاسایانەی کە هێشتا نەدۆزراونەتەوە ئەم دوورگەیە ون دەبێت و بۆ جارێکی تر بەدەر دەکەوێتەوە. بەپێی ڕاپۆرتی ئەو کەسانەی کە بەچاوی خۆیان ئەم دوورگەیان بینیوە، بەشوێنێکی زۆر خۆش و دڵکەرەوەی لەقەڵەم دەدەن. لە سەدەی ١٨دا ڕێژەی بەدەرکەوتنەوەی ئەوەندە زۆر بوو کە لێپرسراوانی ناوچەکە چەندین جار هەوڵیان دا کە ئەم دوورگەیە بکەنە کۆڵۆنییەک. بەڵام بەر لەوەی کە بتوانن پێ بخەنە ئەم دوورگەیەوە، دوورگەکە بۆ جارێکی تر ون دەبوو. ئەگەر کەسێک زۆر بەدژواری بڕوا بەم ڕووداوانە بکات پێویستە ئەوە بزانین کە دوورگەی (سەنت برێندان) لەم دواییەدا دووجاری تر بەدەرکەوتۆتەوە و هەزاران کەس لە (هیێرۆ) ئامادەن تاوەکو ئەوە بسەلمێنن کە ئەم دوورگەیە بەڕاستی هەیە. دوایین بەدەرکەوتنەوەی ئەم دوورگەیە لە ڕۆژی ٢٦ی نیسانی ١٩٦٧ بووە. لە بەشەکانی پێشوودا باسمان لەو کەشتی و فڕۆکانە کرد کە لەچاوتروکانێکدا وندەبوون و هیچ ئاسەوارێکیان لەخۆیان بەجێ نەدەهێشت. بەڵام ئێستا ڕووبەڕووی ڕووداوێکی ترسناکتر بووینەتەوە: ونبوونی چەندین دوورگە لەگەڵ سەرجەم ئەو شتانەی کە تێیدا بووە.. درەخت... ئاژەڵ... کێو... تەنانەت مرۆڤیش. بەڵام لەگشت ئەمانە سەرسوڕهێنەرتر ئەوەیە کە دوورگەیەک کە چەندین ساڵ لە ونبوونی تێپەڕیوە سەرلەنوێ و لە چاوترووکانێکدا و لەبەرچاوی هەزاران کەس بەدەربکەوێتەوە. دوورگەی سەنت برێندان دووبارە ون بۆوە. ئایا نوقمی ژێر ئاوبووە؟

هیچ چالاکییەکی گڕکانی لەم ناوچەیەدا بەرچاو نەکەوتووە و لەکاتی دوایین بەدەرکەوتنەوەی ئاوی دەریا هیچ هەڵچوون و دابەزینێکی بەخۆوە نەبینیوە. ئەم دوورگە دڵڕفێنە سەرابیش نەبووە. چونکە بۆ ڕوودانی ئەم دیاردەیە لەو شوێنەداو لەو کاتەدا هەلومەرجێکی زۆر نالەبار لە ئارادابووە. ئەمڕۆ بیرۆکە زانستییەکان سەبارەت بەلەناو نەچوونی مادە ڕاست کراوەتەوە، بەڵام بەشێوەی گشتی ڕەت نەکراوەتەوە. هەمووان دەزانن کە جیهان سیستەمێکی داخراوە. ئێوە دەتوانن تەنێکی فیزیکی هەڵبگرن و گۆڕانکاری بەسەردا بێنن بەڵام هەرگیز ناتوانن لەناوی ببەن. کاتێک کە پارچە تەختەیەک دەسووتێنن، کۆی خۆڵەمێش و ئەو غازانەی کە لەکاتی سوتان دا ئازاد دەبن و گەرمای بەرهەم هاتوو لەگەڵ پارچە تەختەکە، کە لە سەرەتادا هەتانبووە، بەرامبەرە. پێکەوە نووسانی ناوەکی و درزی ناوەکی لەهەر پرۆسەیەکی ناسراوی تر لە گۆڕینی تەواوی مادە بۆ وزە نزیکترە. بەڵام ئەمە پرۆسەیەکی بنیادنەرە نەوەکو ڕووخێنەر.

گرنگ نییە کە لە ڕۆژێکدا چەند بۆمبای هایدرۆجینی لە جیهاندا دەتەقێتەوە ئێمە بەدڵنیاییەوە دەزانین کە ڕێژەی ئەو وزەیەی کە لە جیهاندا هەیە جێگیرە و گۆڕانکاری بەسەردا نایەت. دوورگەی سەنت بریندان نەبووە بە وزە. چونکە کاتێک کە لە بەرچاوان ون بوو هیچ دەنگی تەقینەوەیەک نەبیسترا. لەگەڵ ئەوەشدا چیتر ئەو دوورگەیە لەوێدا نییە. لەوانەیە بەشێوەیەک لە سیستەمی داخراوی جیهانی ئێمە هەڵاتبێت. بیروهۆشی ئێمە بەبەردەوامی بەشوێن بەڵگەنامەی نوێدا دەگەڕێ. زاناکان دەزانن کە دەکرێ بەشێوەیەک بچینە ناو جیهانێکی ترەوە. بەڵام بە چ شێوەیەک؟ ئەوە ئایندە دیاری دەکات و ئەمە لە ئەستۆی نەوەکانی ئێمەدایە. گرنگتر لە هەمووان ئەوەیە کە سەرەنجام کەسێک پەیدا دەبێت کە ئۆتۆمبیلێک دروست بکات کە بەشێوەی هەمیشەیی لە نێوان ئەم دوو جیهانەدا هاتوچۆ بکات. لەوانەیە لەم سەردەمەشدا کە ئێمەی تێدا دەژین ئەم خەونە ببێتە ڕاستییەک. لەوانەیە گەر ڕێمان کەوتە ئەو شوێنە سەر سوڕهێنەرە فڕۆکەکانی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان و کەشتی ئایرۆن مۆنتاین و ماری سیلێست و گرنگتر لە هەموان دوورگە ونبووەکان لەوێدا بدۆزینەوە. لەوانەشە ئەو بوونەوەرە نادیار و ترسناکانەی کە لە بەشەکانی پێشتردا باسمان لێوە کرد بێنە پێشوازیمان.

***

پێدەچێ کە ئەم ڕووداوانە بەرۆکی مرۆڤیشیان گرتبێت چونکە چەندین ڕووداوی ونبوونی مرۆڤ بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە پەرتووکی مێژووی ئەم جیهانە جەنجاڵەدا تۆمارکراوە. هەندێ کات کاتێ کە مرۆڤێک ون دەبێت وەکو ئەوەیە کە بەتەواوی لەسەر لاپەڕەی ڕۆژگار سڕاوەتەوە. بەو شێوەیە (دێڤیدلۆنگ) لە ویلایەتی (تێنێسی) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەبەرچاوی پێنج کەس لەکاتی تێپەڕبوون بەسەر پارچە زەوییەکدا کتوپڕ لەبەر چاوان ون بوو. هەروەها فرانک ئیدواردز نووسەری کتێبی سەرسوڕهێنەر تر لە زانست لە کتێبەکەیدا باس لە گوندێکی سکیمۆ بەناوی (ئانجیکۆنی) دەکات کە تیایدا هەموو پیاوان و ئافرەتان و منداڵەکان لەکاتێکدا کە چەکەکانیان لەتەنیشت دەرگای خانووە بەفرینەکانیان بوو و پاپۆڕەکانیشیان لە کەناری ئاوەکەدا خەریک بوون دەڕزین و سەگەکانیان لە برساندا لەگیان کێشاندا بوون، بەبێ هیچ هۆیەک ون بوون. ئەوان بەبێ ئەوەی نیشانەیەک لە خۆیان بەجێ بێڵن کە بۆچی، بۆ کوێ و بە چ شێوەیەک دەڕۆن، ون بوون و هەرگیز نەدۆزرانەوە. لەڕۆژی ٢٤ی تەموزی ساڵی ١٩٢٤ کە یەکێک بوو لەگەرمترین ڕۆژەکانی ئەو هاوینە، لە بیابانەکانی خوارووی عێراق



عەرەبەکان سەرلەنوێ خۆیان پڕ چەک کردبوو و بەریتانییەکان تا ئەو شوێنەی کە پێیان دەکرا ئاگاداری هەڵسوکەوتیان بوون. لەو ڕۆژەدا ئەفسەری فڕۆکەوان (دەبلیو. تی دەی) و ئەفسەری فڕۆکەوان (ئار. ستیوارت) بۆ ئەنجامدانی کردارێکی ناسینی ئاسایی بەفڕۆکە تاک بزوێنەرەکەیان بەرەو بیابان بەڕێ کەوتن. ماوەی ئەم فڕینە بە ٤ کاتژمێر دەخەمڵێندرێ، بەڵام ئەوان تاوەکو ئێستاش نەگەڕاونەتەوە. ڕۆژی پاش ئەوە کاتێک کە فڕۆکەکەیان دۆزرایەوە نهێنییەکە دژوارتر بوو. چونکە فڕۆکەکە ڕێژەیەکی زۆر بەنزینی تێدا مابوو و بزوێنەرەکەی بەدروستی کاری دەکرد و بەخێرایی دەکەوتە کار. هیچ نیشانەیەکیش لە بەرکەوتنی فیشەک یا هەر شتێکی تر بەسەر جەستەی فڕۆکەکە بەرچاو نەدەکەوت و هیچ سەرە داوێکیش نەدۆزرایەوە کە بۆچی بەبێ هۆ لەو بیابانە وشک و بێ ئاو و بێ بەزەییەدا نیشتوونەتەوە. بەڵام گرووپی گەڕان و بەدواداچوون شتێکی تریان دۆزییەوە کە لەوانەیە هێمای پرسیارێکی نوێ بخاتە پاڵ نهێنی فڕۆکەوانە ونبووەکان.

***

لەپاڵ لاشەی فڕۆکەکە جێگەی پۆستاڵی فڕۆکەوانەکان بەرچاو دەکەوت کە دوو فڕۆکەوانەکە لەکاتی خۆ فڕێدان لە فڕۆکەکەوە بەجێیان هێشتبوو. جێگەی قاچەکان ئەوەیان دەردەخست کە ئەوان فڕۆکەکەیان بەجێ هێشتووە و نزیکەی ٤٠ یارد لەگەڵ یەکتردا ڕۆیشتوون. شوێنی قاچەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەوان لە شوێنێکدا وەستاون و لە کاتێکدا کە بە تەنیشت یەکترەوە بوون هەر لەوێدا و لە هەمان حاڵەتدا ون بوون. چارەنووسی ئەم دوو فڕۆکەوانە لەوانەیە هەرگیز ئاشکرا نەبێت. چەندین کامیۆنی پڕ لە سەرباز و دەیان فڕۆکە و بەلایەنی کەمەوە ٦ مەفرەزەی پشکنین لە خێڵە عەرەبە بەدووەکان بەپانتایی چەندین میل لەو ناوچەیەدا کەوتنە گەڕان و پشکنین، بەڵام هیچ ئاسەوارێکیان لە دوو فڕۆکەوانە ونبووەکە نەدۆزییەوە. لەوەدەچوو کە بووبنە دووکەڵ و چووبنە ئاسمان. لەو شوێنەی کە جێگەی قاچەکانیان لەسەر خاکی بیابانەکە کۆتایی پێ هاتبوو، ژیانیشیان کۆتایی پێ هاتووە و مەتەڵێکی کلاسیکی تر لە مرۆڤە ونبووەکان!؟؟ بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی تر و لەڕاستیدا سەرسوڕهینەر ترینیان دەستی پێکرد. ئایا چ کەسێک لە پشت پەردەی ئەم ڕووداوە سەیرانەدایە. ئایا بوونەوەرە ئاسمانییەکان کە لە بۆشاییەوە هەندێ جار سەردانی گۆی زەوی دەکەن ئەم کارانە ئەنجام ئەدەن؟ یاخود فڕۆکەو کەشتی و دوورگەو مرۆڤە ونبووەکان بەپێچەوانەی هەموو یاسا فیزیکییەکان بوونەتە هەڵم و چوونەتە نێو بۆشاییەوە؟

## دەفرە فڕیوەکان ئەفسانەن یان ڕاستن

لەوانەیە زۆر جار بینینی دەفرە فڕیوەکان یاخود ئەو شتەی کە بوونەوەرەکانی نێو بۆشایی بۆ هاتوچۆ بەکاری دێنن، بووبێتە سەرباسی هەموو هەواڵەکان. هەزاران کەس تا ئێستا ئەم دەفرە فڕیوانەیان بینیوە بەڵام کەس نازانێ کە ئەم دەفرە فڕیوانە لە کوێوە دێن و بۆ چ مەبەستێک دێن و کێیان تێدایە. کاتێ کە دەفرە فڕیوەکان چەندین ساڵ لەمەوبەر واتە لە ساڵی ١٩٤٧ بۆ یەکەمین جار بەرێژەیەکی زۆر لە ئاسماندا بینران وا دەهاتە پێش چاو کە وەدەرکەوتنیان پەیڕەوی لە نموونەیەکی تایبەت ناکات. بەڵام چەندین ساڵ پاش ئەوە لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست کە ئەو دەفرە فڕیوانە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک دێن بۆ بینینی بنکە گرنگە سەربازییەکان و ناوەندە پیشەسازی و پەیوەندییەکان. ئەم لێکۆڵینەوانە جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەم شتە سەرسوڕهێنەرانە کە بەرەسمی ناوی تەنە فڕیوە نەناسراوەکان یاخود (یوفو)یان لێنراوە، زیاتر لە وەرزی بەهار و هاویندا لە بەشی باکووری گۆی زەویدا بەدەر دەکەون و لەگەڵ گۆڕانی وەرز لە بەشی باشووری گۆی زەوی کە کەشوهەوایەکی گەرمتری هەیە بەرچاو دەکەون. لە ساڵەکانی ١٩٦٠ ـ ١٩٦١ ـ ١٩٦٢ ئەم تەنە ئاسمانییە سەرسوڕهێنەرانە بەرێکخستنێکی پێشبینی کراو لەکاتی ناردنی مانگە دەسکردەکان بۆ بۆشایی وەدەردەکەوتن. کاتێ کە لە ساڵی ١٩٦٢ لە ئۆقیانوسی هێمندا تاقیکردنەوەیەک لەسەر بۆمبای هایدرۆجینی ئەنجام دەدرا، ئەو دەفرە فڕیوانە زۆر نزیک کەوتنەوە. لەکاتێکدا کە ئەفسەرێکی فڕۆکەوان بەناوی (جۆواکر) فڕینێکی تاقیکردنەوەیی بەفڕۆکەیەکی جێتی مۆدیل X-15 بەخێرایی چەند هەزار میل لە کاتژمێرێکدا و لە بەشی سەرەوەی ئەتمۆسفیری زەوی ئەنجام دەدا پۆلێک لەم شتە نەناسراوانە کە بەشێوەیەکی هەماهەنگ بەیەکەوە دەفڕین شوێنی کەوتن. ئەو کامێرانەی لەسەر باڵەکانی فڕۆکەکە داندرابوون وێنەی ئەو پۆلە دەفرە فڕیوانەی گرت ئەگەرچی بەدەزگاکانی ڕاگەیاندن گوترا کە ئەو شتانە تەنیا ئەو پارچە سەهۆڵانە بوون کە لە بۆشاییدا هاتوچۆ دەکەن بەڵام لێپرسراوە پایە بەرزەکان خۆیان لە پیشاندانی ئەم وێنانە دزییەوە. نزیکەی کاتژمێر ٨ی شەوی ١١ ی ئازاری ساڵی ١٩٦٣ شتێکی درەوشاوە لە بەرزاییەکی زۆرەوە لە ئاسمانی دوورگەکانی هاواییدا بینرا. سەدان و لەوانەیە هەزاران کەس بۆماوەی ٥ تا ٦ خولەک ئەو شتە درەوشاوەیان بەسەر دوورگەکانی هاواییەوە



بینی. بینەرانی ئەم دیمەنە دەیانگوت کە تیشکێکی سپی نەرم لەپشتەوەی دەبینرا. دوو فڕۆکەوانی گاردی نەتەوەیی هاواییش کە ئەو شەوە بەخۆیان و فڕۆکە جێتەکانیانەوە لە ئاسماندا بوون ئەو شتە سەرسوڕهێنەرەیان بینی و بەبێتەل بەبنکەی فڕینیان ڕاگەیاند کە زۆر لەو بەرزاییەی ئەوان کە تیایدا دەفڕن کە دەگاتە ٤٠ هەزار پێ، بەرزترە. ئەفسەرێکی ئاسمانی بەناوی (جۆرج جۆی) ڕایگەیاند کە دەفرە فڕیوەکە بەشوێن خۆیدا هەڵمێکی ڕووناک بەڵام لاوازی بەجێ دەهێشت. وتەبێژێکی نەناسراوی ناوەندی چاودێری ئاسمانی فیدراڵیش بەپەیامنێرانی گوت کە ئەوشتەی کە ئەو و هاوکارەکانی بینیویانە دەقاو دەق ئەو شتەیە کە فڕۆکەوانەکان بینیویانە. ئەو شتە بەدڵنیاییەوە مانگی دەسکرد نەبووە و زۆر گەورەتر بووە لەوەی کە موشەک یاخود نەیزەک بێت و لە ئاسماندا بمێنێتەوە. بەڵگەنامە کۆکراوەکان لە بینەرانی بڕوا پێکراو جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە ئەم ئامێرە ئاسمانییە سەرسوڕهێنەر و نەناسراوە یەکێک لە دژوارترین نهێنییەکانی سەردەمی ئێمە بووە. ئایا ئەم دەفرە فڕیوانە لە کوێوە دێن؟ ئایا لە جیهانێکی ترەوە دێن؟ یاخود دروستکراوی دەستی هێزە جیهانییەکانن؟ ئایا هیچ پەیوەندییەک لە نێوان فڕۆکەو دوورگە و کەشتی و مرۆڤە ونبووەکان لەگەڵ ئەم شتە نەناسراوانەدا هەیە؟ گەر پەیوەندییان پێکەوە هەیە بۆ چ مەبەستێک ئەم کارانە ئەنجام دەدەن؟ ئایا ئەم دەفرە فڕیوانە توانای هەڵگرتنی دوورگەیەکی گەورەیان هەیە کە چەندین کێو و دارستان و تەنانەت مرۆڤیشی تێدایە؟ ئایا هیچ کەسێکی تر دەستی لەم ڕووداوانەدا نییە و ئێمە بەئەنقەست دەیاندەینە پاڵ ئەم شتە نەناسراوانە؟. ئایا ئەو مرۆڤانەی کە ونبوون یا باشتر وایە بڵێین ئەو مرۆڤانەی کە ڕفێندراون تا ئێستا لەژیاندا ماون؟ گەر لە ژیاندا ماون لەکوێ دەژین؟ ئەمانە و سەدان و هەزاران پرسیاری تر لە وێستگەی چاوەڕوانیدا، چاوەڕێی وەڵامن. وەڵامی ڕوون و ئاشکرای ئەو ڕووداوانەی کە تا ئێستاش زانست لە ئاستیاندا دەستەوەستان ماوەتەوە. ئەو ڕووداوانەی کە پلەیەک لەسەرووی زانستەوەن. چاوەڕێمان بن تا داهاتوو ئێمەو ئێوە و بوونەوەرە کورتە باڵا مەریخییەکان بەیەک دەگەیەنەوە.

## بوونەوەرە کورتە باڵاکانی مەریخ



وشەی (پیاوانی بچووکی سەوز) بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی بۆ وەسفکردنی بوونەوەرە خەیاڵییەکانی تر بەشێوەیەکی فراوان بەکار هاتووە و لەبەر ئەم هۆیەش بەوریاییەکی زۆرەوە مامەڵە لەگەڵ ئەو ڕاپۆرتانەدا دەکرێ کە باس لە بوونەوەرە بچووکەکانی هاو شێوەی مرۆڤ دەکەن کە لە دەوروپشتی کەشتیە ئاسمانیەکانیان بینراون. ئەو هەموو کەسانەی کە ئەم بوونەوەرانەیان بینیوە و ئەو هەموو راپۆرتەی کە لە خاڵە جیاجیاکانی گۆی زەوییەوە گەیشتون ئیتر دوودڵییەک سەبارەت بەنادروستی ئەم بابەتە ناهێڵێتەوە. جگە لەوە ئەم بوونەوەرانە بەپێی ڕاپۆرتە جیاجیاکان لە وردەکارییەکانیاندا بەڕادەیەک لەیەکتر دەچن کە بەهیچ شێوەیەک گومانی ئەوەیان لێ ناکرێت کە دەستکردبن. دکتۆر (هێرمان ئۆبێرت) زانای موشەکی پایەبەرزی ئەڵمانی کە لە سەردەمی شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا سەرگەرمی لێکۆڵینەوە بوو سەبارەت بەدەفرە فڕیوەکان یاخود ( یوفو) و بۆ دەوڵەتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوا ئەم لێکۆڵینەوانەی ئەنجام ئەدا، یەکێکە لەو کەسانەی کەلەو بڕوایەدایە کە تەنە فڕیوە نەناسراوەکان لەلایەن بوونەوەرانی زۆر زیرەکەوە داڕێژراون و کۆنترۆڵ دەکرێن. بەسەرنجدان بەوەی کە زۆربەی دەفرە فڕیوەکان شێوەیان وەکو CDیە و پانتایی یان نزیکەی ٢٥ پێیەو گومەزێک لە بەشی ناوەندەکەیاندایە کە ٥ تا ٦ پێ بەرزە وا دەردەکەوێ کە ئەم بوونەوەرانەی کە لەم دەفرە فڕیوانەدان کورتە باڵان و بەڵگەنامەکانیش ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن. سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٨ی تشرینی دووەمی ١٩٥٤(گۆستا ڤۆگۆنزالیێس) و هاوکارەکەی (خۆزێ پۆنس) لە کامیۆنێکدا بوون و لە کاراکاسەوە بەرەو (پێتارێ) بەڕێکەوتن. ئەم شوێنە نزیکەی ٢٠ خولەک لە کاراکاسەوە دوورە. کاتژمێر ٢ی پاش نیوەشەو بوو. ئەم دوو پیاوە بەو شێوەیەی کە پاشان لە بنکەی پۆلیسدا باسیان لێوەکرد و بۆ سەلماندنی وتەکانیان سوێندیان بەئینجیل خوارد، پاش



تێپەڕکردنی یەک لەسەر سێی ڕێگاکەو لەکاتی گەیشتن بەلۆفەیەک بینیبوویان کە ڕێگەکەیان لەلایەن شتێکی درەوشاوە کە بەشێوەی نیو بازنەیەک بووە گیراوە. ئەم شتە درەوشاوەیە نزیکەی ٤ تا ٥ پێ لە جادەکە بەرزتر بووە و بەهەمان شێوە لە ئاسماندا وەستاوە. (گۆنزالیێس)و (پۆنس) لە کامیۆنەکە دابەزین تا لە نزیکەوە ئەم شتە نائاساییە ببینن. گۆنزالیێس لەوەدا هەڵەبوو کە ئەو بوونەوەرە بچووکەی کە بەرەو لای ئەو دەهات گرتی و وایدەزانی کە پیاوێکی بچووکە. ئەو لە پاشاندا بەپۆلیسی ڕاگەیاند کە ئەو دەیویست ئەو بوونەوەرە بگرێت و بەهۆی سەرپێچی لە یاسا و گرتنی ڕێگە بیدات بەدەست پۆلیسەوە. ئەو لەدرێژەی قسەکانیدا سەرسوڕمانی خۆی لە کێشی کەمی ئەو بوونەوەرە دەربڕی ئەو وتی کە ئەو بوونەوەرە بچووکە جگە لە پارچە قوماشێک کە ناوقەدی پۆشاندبوو هیچ شتێکی تری لەبەردا نەبوو و ڕەنگی پێستی زۆر تۆخ بوو و هەموو لەشی بەمووی زبرو کورت داپۆشرابوو. گۆنزالیس لەلایەن ئەو بوونەوەرەوە بەشێوەیەک فڕێ درا کە ١٥ هەنگاو لەولاتر کەوتە سەرزەوی. پۆنس بەرەو بنکەی پۆلیس کە لەو ناوەدا بوو هەڵات و بەهەمان شێوە کە ڕایدەکرد بینی کە دوو بوونەوەری بچووکی تر بەرەو دەفرە فڕیوە درەوشاوەکە دەڕۆن لە کاتێکدا کە چەندین جۆر گیا کە لە ڕەگەوە هەڵیانکەندبوو لە دەستیاندا بوو. بەهۆی کەوتنە سەر زەوی گۆنزالیس هەموو جەستەی خوێناوی بوو و بەرەو بێهۆش بوون دەڕۆیشت بەڵام کاتێ کە بینی بوونەوەرە بچووکەکە بەرەو لای ئەو دێت چەقۆکەی هەڵکێشاو لەشانی بوونەوەرەکەی چەقاند بەڵام چەقۆکە وەکو فەنەر گەڕایەوە و گۆنزالیێسی برینداركرد. بەهەر شێوەیەک بوو ئەویش هەڵات و لە کاتێکدا کە بە بەردەوامی دەکەوت و هەڵدەستایەوە خۆی گەیاندە بنکەی پۆلیس. کاتێ کە ئەو دووپیاوە بەسەرهاتەکەیان بۆ پۆ لیس گێڕایەوە گومانی ئەوەیان لێدەکرا کە زۆریان خواردۆتەوە و سەرخۆشن لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا تاقیکردنەوە پزیشکییەکان ئەوەیان دەرخست کە ئەم دوو پیاوە بەتەواوی ئاگایان لە خۆیان بووە و هەروەها بەهۆی ئەم ڕووداوەوە دووچاری شۆک بوون. دەرمانی ئارام بەخشیان پێ دراو مۆڵەتیان پێدرا تاوەکو بەر لەوەی کە ڕووداوەکە بەتەواوی بگێڕنەوە و بۆ سەلماندنی وتەکانیان سوێند بخۆن، بەتەواوی بحەسێنەوە. ئەم بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرەی کە دووچاری ئەم دوو پیاوە بوو لەلایەن سەرچاوەیەکی چاوەڕوان نەکراوی ترەوە جەختی کرایە سەر. دوو ڕۆژ پاش ڕووداوەکە یەکێک لە پزیشکە گشتییەکان کە پشکنینی پزیشکی لەسەر ئەم دووپیاوە ئەنجام دا ڕایگەیاند کە کاتێ کە لە سەردانێکی بەپەلە بۆلای نەخۆشێک گەڕاوەتەوە بۆ ماڵەکەی ئەم

دیمەنەی بینیوە. ئەو تەنیا بۆ تێگەیشتن لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە لەوێدا وەستابوو تاوەکو نەکەوێتە گێژاوێکی پڕوپاگەندەی نەخوازراوەوە بەڵام بەهۆی ناوەڕۆک و گرنگی بابەتەکە بڕیاری دا کە ئەگەر لێپرسراوانی کاراکاس ناوی ئاشکرا نەکەن ئامادەیە ڕاستی وتەکانی ئەو دوو پیاوە بسەلمێنێ. ئەمە تەنیا لەولاتی ڤەنزویلا دا ڕووی نەداوە بەڵکو لە ئەمریکای باشوور ژمارەیەکی زۆر لەم بوونەوەرانە بەخۆیان و دەفرە فڕیوەکانیانەوە سەردانی گۆی زەوییان کردووە. لە رۆژی ٧ی ئایاری ١٩٥٥ ڕۆژنامەی (ئێل یۆنیڤەر ساڵ) چاپی کاراکاس بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنەری لە زمانی ئەندازیارێکی بەناوبانگ چاپ کردبوو کە لە ناوچەیەکی چۆڵ لە (باهیا بلانچا) رووی دابوو. ئەم ئەندازیارە دەفرێکی فڕیوی بینیبوو کە ڕووناکییەک کە بەبەردەوامی هەڵدەکراو دەکوژایەوە لەسەر گومەزەکەی بەرچاو دەرکەوت. دەرگایەکی بچووک لە تەنیشت دەفرە فڕیوەکە کرایەوە و ئەندازیارەکە بەپاڵەپەستۆ لە دەرگاکە ئاودیو ببوو. ئەو بەلێپرسراوانی راگەیاند کە سێ پیاوی بچووکی لە شوێنێکی بازنەیی ناو دەفرە فڕیوەکەدا بینیوە کە جلوبەرگێکی سەرتاپا قاوەیی و تەنگیان لەبەردا بووە و یەکێکیان لەپشت ئامێری کۆنترۆڵەکە دانیشتووە و دوو بوونەوەرەکەی تریش لەسەر قەنەفەیەکی چەماوە و کورت پاڵ کەوتبوون ئەم سێ بوونەوەرە هەرسێکیان مردبوون و هیچ کامیان بالایان لە چوار پێ درێژتر نەبوو کە خاوەن پێستێکی قاوەیی تۆخ و چاوانی زەرد ڕەنگ بوون. ئەم ئەندازیارە پاش گەڕانەوەی لەگەڵ هاوڕێکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە بەڵام کاتێ کە دەگەنە ئەو شوێنە هیچ ئاسەوارێک لە دەفرە فڕیوەکەو بوونەوەرەکانی ناوی نادۆزنەوە. ئەوان بەشێوەیەکی خەیاڵی وێنەیەکی دەستکردیان لەو بوونەوەرانە کێشا. تەنیا بەڵگەیەک کە بەر دەستیان کەوت مادەیەکی خۆڵەمێشی بوو کە زۆر گەرم بوو و لەسەر داوای دەوڵەت ئەو مادەیان تەسلیم کرد و هەرگیز نەیانتوانی بزانن کە ئەو مادەیە چی بووە و چی لێ بەسەرهات.

***

لە ولاتی سویددا ڕۆژنامەو بلاوکراوەکان بەفراوانی چەندین ڕاپۆرتیان لەسەر ئەو بەسەرهاتە بلاوکردەوە کە لە بەرەبەیانی ٢٠ی کانونی یەکەمی ١٩٥٨ نزیکەی کاتژمێر ٣ی بەیانی بەسەردوو لاودا هاتبوو. ئەو دوو پیاوە کاتێ کە لە ئاهەنگێکی سەما دەگەڕانەوە بۆ ماڵەوە بۆ بینینی شتێکی گەورەو درەوشاوە کە لە گۆڕەپانێکی یاری نزیک جادەکە نیشتبۆوە، وەستان. ئەو دووپیاوە کە یەکێکیان شوفیری کامیۆن بوو وتەمەنی ٢٥ساڵ بوو و ئەوی تریان قوتابییەکی زانکۆ بوو کە تەمەنی ٣٠ ساڵ بوو بەرەو ئەو شتە



سەرسوڕهێنەرە بەڕێ کەوتن. دەفرێکی فڕیو کە لەسەر چەندین پایەی کانزایی کە نزیکەی ٣ پێ درێژبوو وەستابوو لەو شوێنەدا نیشتبۆوە. لەپاشاندا ئەو دوو پیاوە بەلێپرسراوانی ناوچەکەیان ڕاگەیاند کە چوار بوونەوەری ڕەنگ خۆڵەمێشی کە بالایان نزیکەی ٤ تا ٥ پێ بەرزبوو ئەوانیان گرت. قوتابییەکە توانی خۆی ڕزگار بکات و خۆی بگەیەنێتە ئۆتۆمبیلەکە و بەشێوەیەکی شێتانە کەوتە هۆڕن لێدان بەو، ئومێدەی کەسێک بەهانایانەوە بێت. شۆفێری کامیۆنەکەش تا ئەو شوێنەی کە لە توانایدا بوو هەوڵی خۆ ڕزگارکردنی ئەدا بەڵام ئەوەی بۆ ڕوون بۆوە کە بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەو بوونەوەرە بچووکانە ببێتەوە ئەو تەنیا توانی بەتوندی هەردوو دەستی بەتابلۆیەکەوە بگرێ کە لە قەراغ جادەکەدا بوو بەشێوەیەک کە ئەو بوونەوەرانە نەتوانن لەگەڵ خۆیاندا بیبەن. پاش ٤ تا ٧ خولەک بگرەو بەردە لە نێوان بوونەوەرەکان و شۆفێری کامیۆنەکە، بوونەوەرە هێرشبەرەکان بەشێوەیەکی کتوپڕ هەلاتن و دەفرە فڕیوە درەوشاوەکە بەخێراییەکی سەرسوڕهێنەر لە تاریکی شەودا بزر بوو و ئەو دوو پیاوەیان بەجێ هێشت کە بەرەو شاری هالسینگبۆرگ دەڕۆیشتن. شوفێری کامیۆنەکە، کە ناوی هانس گۆستاڤسۆن بوو گوتی: سەبارەت بەم ئەزموونە ترسناکە بەهیچ شێوەیەک یەک شتم لەیاد ناچێت، ئەویش بۆگەنی پیسی ئەو بوونەوەرانەیە کە بەبەردەوامی دێتەوە یادم.

لە گوندی (کواروبلێس) لە فەڕەنسا هەوالێک لە (ماریۆس دێڤیلد)ی ٣٤ ساڵە کە کرێکاری کارگەی تواندنەوەی ئاسنی بلانک میسێرۆن بوو بلاوبۆوە. لە ڕۆژی ١٠ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٤ کاتژمێر لە ٥ر١٠ی شەو تێپەڕیبوو کە (دێڤیلد) دەنگی سەگەکەی بەرگوێ کەوت. ماڵەکەی (دێڤلید) نزیک وێستگەی شەمەندەفەر بوو و بەماڵۆچکەیەکی بچووک لەقەلەم دەدرا. ئەو بەگومانی ئەوەی کە دز هاتووە، لایتەکەی هەڵگرت و لە دەرگای پشتەوە چووە دەرەوە. لە تاریکی شەودا دەیتوانی بەشێوەی تارمایی شتێکی زۆر گەورە لە نزیکی هێڵی شەمەندەفەرەکە ببینێ. دەنگێکی بێزارکەر لەوێوە بەرگوێ دەکەوت و ماریۆسی داماو تەنیا سەیری ئەو شتە سەرسوڕهێنەرەی دەکرد. سەگەکە لە کاتێکدا کە خۆی لە زەوییەکە دەخشاند لە خاوەنەکەی نزیک بۆوە و بەدروستی لە هەمان کاتدا ماریۆس گوێی لە دەنگی قاچێک بوو کە بەرەولای ئەو دەهات. ئەو لە دواییدا بەلێپرسراوانی ناوچەکەی ڕاگەیاند کە بەلەبەرچاو گرتنی ئەوەی کە ئەو لە سنووری نێوان فەڕەنساو بەلجیکادا دەژی گومانی ئەوەی کردووە کە قاچاخچیەکان لەو ناوچەیەوە تێدەپەڕن. بەڵام ساتێک پاش ئەوە دووچاری گەورەترین شۆک بوو لە ژیانیدا. کاتی کە

لایتەکەی هەڵکرد ڕووناکییەکەی کەوتە سەر دوو بوونەوەرەی بچووک و سەرسوڕهێنەر کە جلوبەرگێکیان لەبەردابوو کە لە جلوبەرگی ئەو کەسانە دەچوو کە لە قووڵایی دەریاکاندا مەلە دەکەن و کڵاوێکی گەورەیان لەسەردا بوو کە لە خودەی سەربازی دەچوو. بەهەمان شێوە کە ئەو بەرەو لای دەرگای باخەکە ڕای دەکرد تا ڕێگە لە هەڵاتنیان بگرێت بۆی دەرکەوت کە بەهۆی ڕووناکییەکی سپییەوە کە لە شتە سەرسوڕهێنەرەکەی سەر هێڵی شەمەندەفەرەکەوە دەردەچوو لە جێگەی خۆیدا وشک بووە. ئەو دەیڕوانیە ئەو ڕووناکییە بەهێزە و نەیدەتوانی بەهیچ شێوەیەک بجووڵێ کاتێ کە ڕووناکییەکە کوژایەوە واتە چەند چرکەیەک پاش ئەوە، بوونەوەرە بچووکەکان و شتە سەرسوڕهێنەرەکە چیتر لەوێ نەمابوون.

لێکۆڵینەوەکانی پاش ئەوە لەلایەن لێپرسراوانی فەڕەنساوە ئەوەی دەرخست کە شتێک بەقورساییەکی زۆرەوە لەسەر هێڵی شەمەندەفەرەکە نیشتۆتەوە. ئاسەوارە بەجێماوەکان زۆر تازە بوون لە کاتێکدا کە ئەو هێڵی شەمەندەفەرە چەندین مانگ بوو کە بەهیچ شێوەیەک هاتوچۆی بەسەرەوە نەبووە. هەندێک لە ئەو بەردانەی نزیک هێڵی شەمەندەفەرەکە بەشێوەیەک سووتابوون کە لە کاتی دەست لێدانیان دەبوونە خۆڵە مێش. ئەمە هەموو ئەو ئاسەوارە بوو کە لەو شتە سەرسوڕهێنەرەو بوونەوەرە بچووکەکان بەجێ مابوو.

***

پیاوێک بەناوی (هێرلینکە) سەرۆکی پێشووی شارەوانی (هاسل باخ) لە ئەڵمانیا ئاگاداری لێپرسراوانی کردەوە کە ئەو و کچەکەی نیشتنەوەی دەفرێکی فڕیویان لە گۆڕەپانێکی فراواندا لە نزیک دارستانێ بینیوە لەوکاتەی کە پاش گەڕانەوە لە پایسکل سواری لەو شوێنەدا دانیشتوون. ئەو پیاوە و کچەکەی سوێندیان خوارد کە چەندین بوونەوەری بچووکیان بینیوە کە بەتەواوی لەگەڵ ئەو بوونەوەرانەی کە لەناوچەکانی تری جیهاندا بینراون لەیەک چوون واتە باڵایان نزیکەی ٣,٥ تا ٤ پێ بووە و جلوبەرگێکی سەرتاپای درەوشاوە و کڵاوێکی وەکو خودەی سەربازییان لەسەردا بووە. بەڵام جیاوازی ئەمجارە ئەوەبووە کە ئەم بوونەوەرانە گڵۆپی شین لە بەشی پێشەوەی جلوبەرگەکانیاندا بەرچاو کەوتووە. ئەو بوونەوەرانە بەر لەوەی کە بگەڕێنەوە بۆ ناو دەفرە فڕیوەکەو لە چاوان ون بن بۆماوەی چەندین خولەک لە بەر ڕووناکی ڕۆژدا بینراون.

بەڵام لە هەموو ڕووداوەکان سەرسوڕهێنەرتر ئەو ڕووداوەیە کە لە گۆڤاری ناوخۆی



کۆمپانیای کانگاکانی ئاسنی (ستیپ ڕۆک) کە دەریاچەیەکە لە ویلایەتی (ئۆنتاریۆ)ی کەنەدا بەدەست گەیشتووە. بەکورتی ئەم هەواڵە بریتییە لە ڕووداوێک کە لەلایەن ئەندازیارێکی کانگاو هاوسەرەکەی لە ڕۆژی ٢ی تەموزی ساڵی ١٩٥٠ کەمێک بەر لە خۆر ئاوابوون ڕاگەیەندرا. ئەوان بەئۆتۆمبیل چووبوونە بەشێک لە دەریاچەکە کە بە کەنداوی (ساوبیل) بەناوبانگە و پەناگەیەکی چۆڵ و دوورکەوتەیە. ئۆتۆمبیلەکەیان لەژێر درەختەکان و دوور لە چاوان ڕاگیرابوو. ئەوان ئاگرێکی بچووکیان کردەوە و خەریکی ئامادەکردنی چای بوون کە لە ناکاودا کەشو هەوا گۆڕانکاری بەسەرداهات و بزووتنەوەیەک لە هەوادا دروست بوو. لەوە دەچوو کە تەقینەوەیەک لەو نزیکانەدا ڕووی دابێت. ئەندازیارەکە کە نەیتوانیبوو سەرچاوە و شوێنی ئەم پشێوییە بدۆزێتەوە چووە سەر تاشە بەردێک کە دەیڕوانیە کەنداوەکە و سەیری دەورو پشتی خۆی کرد. لە نێوان درزێکدا کە لەسەر تاشە بەردێکی گەورە بوو ئەو دەیتوانی شتێکی گەورەی درەوشاوە ببینێ کە لە سەر ئاوەکە نیشتبۆوە. هاوسەرەکەشی سەرکەوتە سەر تاشە بەردەکە و بەیەکەوە نزیکەی ١٠ خولەک دەیانڕوانیە ئەو شتە سەرسوڕهێنەرە. ئەوان لە وتەکانیاندا جەختیان کردە سەر ئەوەی کە چەندین دەرگای بچووک لەسەر گومەزی سەر دەفرە فڕیوەکە کراوەتەوە و ٨ یا ٩ بوونەوەری بچووک کە لە مرۆڤ دەچوون لێی هاتوونەتە دەرەوە. ئەم دووهاوسەرە وتیان کە دەفرەکە نزیکەی ٤٠ تا ٥٠ پێ بەشێوەیەکی بازنەیی گەورەبووە کە بەشی ژێرەوەی ساف بووە. گومەزێکی ١٥ پێیی هەبووە کە لە ناو بازنەیەکدا بووە کە نزیکەی ١٠ پێ پان بووە. ئەو بوونەوەرە بچووکانە باڵایان لە ٤ تا ٥ پێ بەرزتر نەبوو هەموویان کڵاوییکیان بەڕەنگی شینی ئاسمانی لەسەردابوو و تەنیا یەکێکیان کڵاوێکی سووری لەسەردابوو و چونکە لە دەرگای سەر گومەزەکەوە هاتبووە دەر تەنیا تاوەکو سنگی بەدەرەوە بوو. ئەندازیارو هاوسەرەکەی بەلێپرسراوانیان راگەیاند کە ئەو بوونەوەرانە بەشێوەیەکی داخراو و میکانیکی دەجووڵانەوە چەند کەسێکیان سۆندەیەکی سەوز ڕەنگیان خستە ئاوەکەوە و پاش چەند خولەکێک هەموویان گەڕانەوە بۆ ناو دەفرە فڕیوەکە و دەرگاکانیان داخست و بەشێوەیەکی ستوونی لەسەر ئاوەکە بەرزبۆوە. بەپێی وتەکانی ئەندازیار و هاوسەرەکەی ئەو دەفرە فڕیوە لە کاتێکدا کە خێرایی زۆر دەبوو ڕەنگەکەی لە تێکەڵییەکی سوور و شینەوە بەرەو سپییەکی درەوشاوە گۆڕا و لە ماوەی نزیکەی ٢٠ چرکە لە چاوان ون بوو.

***

لە ئەفریقا، ئەوروپا، ئەمریکای باشوور و ئەمریکای باکوور چەندین ڕاپۆرت سەبارەت

بەبینینی ئەو دەفرە فڕیوانەو بوونەوەرە سەرسوڕهێنەرە بچووکەکان بەبەردەوامی لە فایلی ئەم جۆرە ڕووداوانەدا تۆمار دەکرێ و ئەم ڕەوتە بەبەردەوامی درێژەی هەیە. ڕۆژنامەی (مێرکوری) لە (هوبارت)ی ئاسمانی لە ئوسترالیا لە ڕۆژی ٥ی شوباتی ١٩٦٣ وتارێکی سەرنج ڕاکێشی لەژێر ناونیشانی (پیاوێکی خودە بەسەر لە تەنیشت شتێکی نەناسراو) بلاوکردەوە ئەم وتارە دەڵێ: ئافرەتێک لە دەوروپشتی (ئادێلاید) لە ناوچەی (نۆرڤود) دوێنێ باسی لە شتێکی هێلکەیی درەوشاوە کردووە کە لە نزیک ناوچەی (سالیسبوری) نیشتۆتەوە. خاتوو (ئی، دی، سیلڤێستەر) کە مامۆستای قوتابخانەیەکی دواناوەندییە بەلێپرسراوانی گوت کە ئەو و سێ قوتابی بۆ ماوەی نزیکەی ١٠ خولەک شتێکی هێلکەیی درەوشاوەیان بەرلەوەی کە بەرزببێتەوە بینیوە. هەموو ئەوانەی کە ئەم شتەیان بینیوە لەسەر ئەم بابەتە کۆک و هاوڕان کە پیاوێکی زۆر بچووک یا بوونەوەرێک کە لە مرۆڤ دەچوو لە دەوروپشتی ئەو شتەدا بینراوە کە بەرێگەدا ڕۆیشتووە. بەڕای ئەو کەسانەی کە ئەم شتانەیان بینیوە ئەم بوونەوەرە جۆرە کلاوێکی درەوشاوەی لەسەربووە و چەند کەپسولێکیشی بەشانەوەبووە کە پێدەچی کەپسولی هەوابێت. خاتوو سیلڤێستەر لە درێژەی وتەکانیدا وتی کە بەهەمان شێوە کە لە جادەی سالیسبۆری ئۆتۆمبیلەکەی لێدەخوڕی، ئەو منالانەی کە لە گەڵیدا بوون ئەو شتە هێلکەییەیان بینی کە خەریکی نیشتنەوە بوو. لەم کاتەدا ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت و بۆماوەی ١٠ خولەک ئەو شتە سەرسوڕهێنەرە و بوونەوەرە بچووکەکانیان سەیرکردووە. ئەو بوونەوەرە بچووکانە کە لە دەوروپشتی ئەم شتە فڕیوە نەناسراوانەدا لەناوچە جیاجیاکانی جیهاندا بینراون و ئەو دەفرە فڕیوە سەرسوڕهێنەرانەی کە بەئاسانی فڕۆکەکانی ئێمە بەجێ دێڵن و هەموو ناوەندە گرنگە سەربازی و پەیوەندییەکانی ئێمە لەسەر زەوی بەسەر دەکەنەوە... نموونەیەکی جیهانین لە بێدەنگی لێپرسراوان کە هێشتا توانای ڕوونکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕاستەقینە و فراوانی ئەم بابەتەیان نییە. هەموو ئەم ڕووداوانە بەیەکەوە بوونەتە هۆی خولقانی ئەو پرۆژە زەبەلاحەی کە ئێمە ناوی (بەرنامەی بۆشایی) مان لێناوە. هەولێکی شێتانە لەلایەن مرۆڤەوە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەم میوانە نەناسراو و سەرسوڕهێنەرانە لە کوێوە هاتوون و چیان دەوێ؟ و بۆچی ئەوەندە شەیدای ئەم زەوییەن؟.

سەرسوڕهێنەرترین بابەتی ڕاگەیاندن لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا بلاوکردنەوەی ساڵنامەی چاپەمەنی هێزی ئاسمانی ئەمریکایە. ئەم ساڵنامەیە ڕای گشتی لەوە دڵنیا دەکاتەوە کە هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا چەندین ملیۆن ڕاپۆرتی



سەبارەت بەدەفرە فڕیوەکان خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوەی ورد، بەڵام هیچ نیشانەیەکی بەردەست نەکەوتووە کە ئەم ڕووداوانە ڕاستەقینە بن. ئەم بلاوکراوانەی هێزی ئاسمانی بەووردبینینەوە داڕێژراوە و خەڵکانێکی زۆریشی فریو داوە بەڵام نەیتوانیوە تۆزقاڵێک لە ڕاستییەکان بگۆڕێ و تەنیا پەردەیەکی گومانی کێشاوە بەسەر ئەم ڕووداوانەدا. ئایا بەڕاستی شتێک لە ئاسماندا و لە جیهانێکی نەناسراودا بوونی هەیە؟ ئایا بەڕاستی شتێک وەکو دەفری فڕیو و شتە فڕیوە نەناسراوەکان بوونیان هەیە؟ ئایا ئەو بوونەوەرانەی کە بینراون تەنێکی ڕاستەقینەن؟ یاخود دروستکراوی خەیاڵی خەڵکانێکی ساویلکەن؟.

***

وەڵامی هەموو ئەم پرسیارانە لای فڕۆکەوانی فڕۆکەی جێت و سیناتۆری ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا (باری گۆڵدواتەر)ە. ئەو لە بەیاننامەیەکی نووسراو بۆ (کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی سەبارەت بەدیاردە ئاسمانییەکان) ڕایگەیاند کە: دەفرە فڕیوەکان یا شتە فڕیوە نەناسراوەکان یا هەر ناوێکی تر کە دەتانەوێ لێی بنێن ڕاستەقینەن. لەم بڕوایەدا یاریدەدەری دەریاسالار (هیلین کویتر) خانەنشینی هێزی دەریایی ویلایەتی یەکگرتوەکان و سەرۆکی پێشووی دەزگای سیخوڕی ئەمریکا (سی. ئای. ئەی) لەگەڵ گۆڵد واتەردا هاوبەشە. هیلین کویتر لەو کاتەی کە سەرۆکی (س. ئای. ئەی) بوو واتە لە زستانی ساڵی ١٩٥٢ دەیان دەفری فڕیوی بینیوە. دەریاسالار (دێلمار. ئێس، فارنی) خانەنشینی هێزی دەریایی ئەمریکا و سەرۆکی پێشووی پرۆگرامی موشەکە ڕێنمایی کراوەکانی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکان دەڵێ:

ڕاپۆرتە بڕوا پێکراوەکان باس لەوە دەکەن کە بەردەوامی شتە نەناسراوەکان بەخێراییەکی زۆرەوە دێنە ناو ئەتمۆسفیری گۆی زەوی. مانۆر و بزاوتنی ئەم شتە نەناسراوانە ئەوە دەردەخەن کە ئەوانە لەژێر ڕێنمایی بوونەوەرانی هۆشمەندو زیرەکدا کۆنترۆڵ دەکرێن. (جیمز هۆڤارد) ئەفسەری فڕۆکەوانی لێهاتووی سوپای پاشایەتی بەریتانیا کە لەنێوان هەردوو کەناری ئۆقیانوسی ئەتڵەسی بەفڕۆکە هاتوچۆی دەکرد و ئەو کەسە بوو کە هاوڕێ لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە فڕۆکەکەدا بوون بەیەکەوە یوفویەکی گەورە و ٦ یوفوی بچووکتریان بینی دەڵێ: ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەو شتانەی کە بینیومانە جۆرێک کەشتی ئاسمانین کە داڕشتن و کرداریان لە توانای مرۆڤ بەدەرە، ئەستێرە ناسەکانیش سەبارەت بەم بابەتە لێدوانیان هەیە: (پێری ویلکینز) کە خاوەن ڕایەکی بەناوبانگی جیهانییە سەبارەت بەمانگ، شتێکی درەوشاوەی لەنزیک ئەو فڕۆکەیە بینی

کە ئەو تیایدا بوو و لەم ڕووەوە دەڵێ: من دەفرێکی فڕیوم بینی کە لە شێوە و شێوەی کارکردندا هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ دروستکراوەکانی دەستی مرۆڤ تیادا بەدی نەدەکرا. (فرانک هالستید) کە ماوەی ٢٥ ساڵ سەرۆکی بنکەی ئەستێرەناسی (دارلینگ) بوو لە شاری (دولوس) کە بەشێک بوو لە زانکۆی (مینیسوتا) چەندین جار ئەم شتە نائاساییانەی بینیوە دەڵێ: ئەو شتانە زۆر گەورەبوون کە بینینیان منی دووچاری سەرسوڕمان کرد مرۆڤایەتی دەبێ خۆی بۆ قبوڵ کردنی ئەو ڕاستییە ئامادە بکات کە ئێمە میوانداری میوانانی نەناسراو لە شوێنەکانی تری بۆشاییەوەیین.

***

(کلاید تۆمباوگ) ئەستێرەناسی پێشووی بنکەی ئەستێرەناسی (لۆڤێڵ) لە فلاگستاف کە لەگەڵ هاوسەرەکەی و کچەکەی مانۆری دەفرێکی فڕیوی درەوشاوەیان بەسەر ئاسمانی بیابانی نزیک ماڵەکەیاندا بینیوە دەڵێ: لە تەواوی ئەو ساڵانەی کە خەریکی پشکنینی ئاسمان بووم شتێکم بەو شێوەیە نەبینیوە. ئەم شتە کۆنترۆڵ دەکرا و لەمەش دڵنیام. هەستم کرد کە ئێمە خەریکی تەماشاکردنی کەشتییەکی ئاسمانین. گۆردۆن کوپەر کە یەکێکە لەو کەسانەی کە چەندین سەفەری نێو بۆشایی ئەنجامداوە دەڵێ: من بڕوام بەچیرۆکی دێو و پەری نییە بەڵام تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بەمنەوە هەیە ژمارەی ڕووداوی بینینی ئەم شتە نەناسراوانەو نیشتنەوەیان لەسەر گۆی زەوی زۆر لەوە زیاترە کە ئێمە بمانەوێ ژیانێکی تر لەدەرەوەی هەسارەی زەوی ڕەت بکەینەوە. ئەگەر ئێمە بوونی ئەو بوونەوەر و شتە فڕیوە نەناسراوانە کە بینیومانە و لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئەنجامداوە و لە سەرانسەری جیهاندا وێنەمان گرتوون قبوڵ بکەین کەواتە پێویستە ئەوەش قبوڵ بکەین کە ئەم شتە فڕیوە نەناسراوانە کۆنترۆڵ دەکرێن و ئەم کۆنترۆڵەش لەلایەن بوونەوەری زیندوو لە شوێنێکی ئەم گەردوونەدا بەزیرەکییەوە ئەنجام دەدرێ. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٢ دکتۆر (کارل ساگان) ڕاوێژکاری ژیانی سەرووی زەوی لە ڕاژەی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە دانیشتنی کۆمەڵەی موشەکی ئەمریکا گوتی: ئێمە پێویستە خۆمان بۆ ئەو گریمانە ئامادە بکەین کە بوونەوەرانی زیرەکی ناو بۆشایی دێنە دیدارمان و ئەم گریمانە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەی وردەوە کە بۆ ئەم دیدارانە سوود لە چەند بنکەیەکی سەر مانگ وەردەگیرێ. دکتۆر (هارۆڵد سی. ئورەی) ئەندامی ئەنجومەنی مەریخ ناسی و زانای ناوەکی بەناوبانگی جیهان لە بەیاننامەیەکی بڵاوکراوەدا بەم شێوەیە دەڵێ: ئەم بابەتە زیاتر لە هەموو کاتێک لە ئارادایە کە ژیانێکی تر لە جیهانێکی زیرەکتر لە جیهانی ئێمە



لە ئارادایە. دکتۆر (هارلۆو شاپلی) بەڕێوەبەری بنکەی ئەستێرەناسی (هارڤارد) لە بەرامبەر وتەی دکتۆر ئورەی دا دەڵێ: ئێمە ئێستا پێویستە نکۆڵی لەو ڕاستییە نەکەین کە چەندین جیهانی تر بوونیان هەیە و بوونەوەری هۆشمەندیان تێدایە. لە ڕۆژی ٩ی کانونی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ (جان مەک دەیڤید) یاریدەدەری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە زانکۆی (میلیکین) لەشاری (دیکاتۆر) لە میانەی خوێندنەوەی وتارێکدا بەئامادەبووانی گوت: خەڵک ناچار دەبن لەداهاتوویەکی نزیکدا ئەوە قبوڵ بکەن کە هەسارەی زەوی دەنکە گەنمێک نییە لە جیهانی بێ کۆتاییدا. مرۆڤ تەنیا یەکێک لەشێوەکانی ژیانە کە لە ژێر ڕەحمەتی خودایەو ئەوە ئاشکرایە کە خەڵکانی تر زۆر لە ئێمە بەرزترن. کە لێرەدا وشەی خەڵکانی تر تەنیا بۆ ئەو بوونەوەرە نەناسراوانە بەکارهاتووە. ئەو شتە فڕیوە نەناسراوانەی کە لە ئاسماندا دەسووڕێنەوە و خاوەن تایبەتمەندی کرداری زۆر بەرزترن لە ئامێرە دەسکردەکانی مرۆڤ، زانایانی گەورەو لێپرسراوانی ویلایەتە یەکگرتووەکانیان بێزار کردووە. ئەگەر بمانەوێ بڕوا بەبڵاوکراوەکانی هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان بکەین سەبارەت بەنەبوونی ئەم بوونەوەرو شتە فڕیوە نەناسراوانە دەبێ وتەی ئەم کەسایەتییە بەرزو بەناوبانگانەی جیهان وەکو وتەیەکی ناڕاست ڕەت بکەینەوە سەرەڕای پڕوپاگەندەکانی هێزی ئاسمانی، سەدان بەڵگەنامە لە ئارادان کە دەیسەلمێنن کە هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ڕێگەی فریودانی ڕای گشتییان گرتۆتە بەر و خۆشیان وتەکانی خۆیان قبوڵ ناکەن و کار بەئامۆژگارییەکانی خۆیان ناکەن. بۆ نموونە هێزی ئاسمانی نکۆڵی لەوە دەکرد کە لە شەوی ١٣ی ئابی ١٩٥٢ چەندین شتی فڕیوی نەناسراو لە ئاسمانی شاری واشنتۆن دی سی دا بینراون. ماوەیەک پاش ئەوە دامەزراوی فڕۆکەوانی مەدەنی ڕاپۆرتی (پێشکەوتنی هونەری) بەژمارە CCA- ١٨٠ بڵاوکردەوە کە لیستی ٦٨ دەفری فڕیوی تێدایە کە لەشەوی ١٣ی ئابی ١٩٥٢ دا لە ئاسمانی پایتەختدا بینراون و هەروەها مانۆری ئەم شتە فڕیوانە لەسەر پەردەی ڕادارو لیستی ئەو فڕۆکە بازرگانی و فڕۆکەوانانەی کە لەو شەوەدا ئەم ڕووداوەیان بینیوە دەخاتە ڕوو. بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیابین لەوەی کە هێزی ئاسمانیش بڕوای بەبوونی دەفرە فڕیوەکان و بوونەوەرە نەناسراوەکان هەیە بەڕوونی لە کتێبی ڕێنمایی زانیاری هێزی ئاسمانی بۆ ڕێنمایی کردنی ئەو فەرمانبەرانەی کە دەستیان لە لێکۆڵینەوەی پەیوەست بەم شتانەوە هەیە وێنەیەکی دەفری فڕیو دەردەکەوێ و بەڵگەنامەیەک کە بەتوندی نکۆڵی کردنەکانی هێزی ئاسمانی سەبارەت بەناڕاست بوونی ئەم ڕووداوانە دەخاتە ژێر

پرسیارەوە، فەرمانی دەرچوو لەلایەن ژەنەراڵی جێبەجێکاری هێزی ئاسمانییە لە مێژووی ٢٤ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٥٩ بۆ هەموو فەرماندەی بنکە ئاسمانییەکان. ئەم بەڵگەنامەیە لەژێر ناونیشانی (شتە فڕیوە نەناسراوەکان ڕاستەقینەن) بەم شێوەیە دەست پێدەکات: شتە فڕیوە نەناسراوەکان کە لە چاپەمەنیدا بەهەڵە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و بەدەفری فڕیو ناو دەبرێن پێویستە بەپەلەو بەوردی وەکو بابەتێکی جیدی بۆ هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە قەڵەم بدرێ. ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیە تایبەتە بەوەی کە بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ دەفرە فڕیوەکاندا بکرێ و هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەروەها ئاسەوارە بەجێماوەکانی ئەم دەفرە فڕیوانە. هێزی ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکان کە نکۆڵی لە بوونی ئەم شتە نەناسراوانە دەکات بە چ شێوەیەک دەیەوێ ئاسەوارە بەجێماوەکانیان کۆبکاتەوە؟ بەڵێ دەفرە فڕیوەکان بوونەتە میوانێکی هەمیشەیی گۆی زەوی میوانێک بەنهێنییەوە دێت و بەبێ ماڵئاوایی دەڕوات و تاکو ئێستاش نەیهێشتووە زانست بەرۆکی پێ بگرێ و داوای وەڵامی هەزاران پرسیاری بێ وەڵامی لێ بکات.

***



## تابووتەکان بێ ئارامن

دوورگەی (ئۆسێل) لە دەریای (باڵتیک) دوورگەیەکی بچووکە و سەرانسەری خاکەکەی پڕە لە تاشە بەردی گەورە و هەمیشە ڕەشەبایەکی بەهێزی هەیە. ناوبانگی ئەم دوورگەیە بەهۆی ئەو خواردنەوە باش و جۆراجۆرانەیەتی کە دەینێرێتە دەرەوە. هەروەها زیاتر بەهۆی نهێنی نەدۆزراوەی گۆڕەکانی (ئارێنز بۆرگە).

ئارێنز بۆرگ تاکە شاری دوورگەییە لە جیهاندا و دابونەریتێک لە نێوان بنەماڵە دەوڵەمەندەکانی ئەوێ لە ئارادایە کە ئەوان شوێنی تایبەتی بۆ هەڵگرتنی تابووتی مردووەکانی بنەماڵە دروست دەکەن کە ئەم تابووتانە ماوەیەک بەر لە ناشتنی یەکجارەکی و گواستنەوەیان بۆ شوێنی سەرەکی ناشتنی تابووتەکان، لەوێدا دەمێننەوە.

لەو شارەدا جادەیەک بەتەنیشت گۆڕستانەکەدا تێدەپەڕێ کە دەتوانرێ لەوێوە دەیان شوێنی تایبەتی لەم جۆرە ببینرێ. یەکێک لەو شوێنە تایبەتانە بۆ هەڵگرتنی تابووتی مردووان، شوێنی تایبەتی بنەماڵەی (باکز هۆیدن)ە کە لە هەموو شوێنە تایبەتییەکان لە جادەکەوە نزیکترە و لەوێدا بوو کە یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترین پشێوییەکان کە تا ئێستا تۆمارکراوە، ڕووی دا. وەزیری موختاری ئەمریکا لە شاری ناپۆلی لە ئیتالیا (ڕۆبەرت دەیل ئۆڤن) ئەم بابەتەی کردە هەوێنی ڕاپۆرتێکی تێروتەسەل و بەوردبینییەوە باس لە مردووە نا ئارامەکانی ئارێنز بۆرگ دەکات.

***

لە ڕۆژی دووشەممە بەرواری ٢٢ی حوزەیرانی ١٨٤٤ی زایینی هاوسەری بەرگدرووییەک بەناوی (داڵمان) بۆ بەسەرکردنەوەی گۆڕی دایکی چوو بۆ گۆڕستان. ئەو دوو منداڵی بچووکی لە عەرەبانەکەدا لەگەڵ خۆی بردبوو و ئەسپەکەی بەدارێکەوە بەستەوە کە بەرامبەر شوێنی تایبەتی هەڵگرتنی تابووتەکانی بنەماڵەی (باکز هۆیدن) بوو. کاتێ کە چەند خولەکێک پاش ئەوە گەڕایەوە بۆ لای ئەسپ و عەرەبانەکەی، ئەسپەکەی لە شڵەژانێکی زۆردا بینی. ئەسپەکە ئارەقەیەکی زۆری کردبۆوە و لەوە دەچوو کە زۆر ترسابێت. خاتوو داڵمان پزیشکێکی ئاژەڵی هێنایە سەر ئەسپەکە و پزیشکەکەش بڕێک خوێنی لە جەستەی ئەسپەکە دەرهێنا ئەم خوێن دەرهێنانە ئەو سەردەمە وەکو چارەسەرێک لەهەموو جیهاندا پەیڕەو دەکرا.

خاتوو دالمان بۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرەکەی سەردانی (بارۆن دۆگۆڵدن ستابی) کرد کە لە کۆشکی هاوینەی خۆی لە ئارێنز بۆرگدا نیشتەجێ بوو. (بارۆن) زۆر بەڕێزەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا کرد بەڵام ئەو بەهیچ شێوەیەک گرنگی بەبەسەرهاتەکەی نەدا. ئەو هەوڵی دا کە لەو ئافرەتە بگەیەنێت کە لەوانەیە زەردەواڵەیەک بەئەسپەکەیەوە دابێت یاخود ئاژەڵێکی بچووک ترساندبێتی چونکە ئەسپی پیر بەسروشتی چەمووش و بێ ئارامە. وتووێژی نێوانیان بەبێ ئەوەی کە هیچ کامیان بتوانن بڕوا بەوەی تریان بێنێت کۆتایی پێهات. لە ڕۆژی یەکشەممەی پاش ئەو ڕووداوە کەسانێکی زۆر کە ئەسپەکانیان لەنزیک ئەو شوێنەدا بەستبۆوە، پاش کۆتایی هاتنی مەراسیمی کەنیسە ئەسپەکانیان بینی کە لەترساندا دەلەرزین و هەناسەیان سوار ببوو. چەند ڕۆژ پاش ئەوە ئەو جوتیارانەی کە بەوێدا تێدەپەڕین باسیان لەوە کرد کە لە ژێر زەمینی ئەو شوێنە دەنگی گرمەیەکی لاواز بەرگوێ دەکەوێ. چەندین ڕۆژی تر تێپەڕی و دیسانەوە ئەسپەکان لەو شوێنەداو بەهەمان شێوە دوچاری ترسێکی زۆر دەبوونەوە. شتێکی نائاسایی لە ڕوودانداو بوو و ئەمە بەدڵنیاییەوە هەموو کەسێک دەیزانی. بەڵام ئەم شتە چی بوو؟

سەبارەت بەوەی کە پێویستە لەبەرامبەر ئەم ڕووداوەدا چی بکرێ قسەی زۆر کرا کە زیادە ڕۆییشی بەخۆوە بینی. لەوانەیە باشترین وەڵام ئەوە بووبێت کە لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمی ئەنجام بدرێت و بەم شێوەیە بەیەکجاری کۆتایی بەم پشێوییە بهێنرێ. سەرەتا بنەماڵەی (باکز هۆیدن) دژی ئەم دەستێوەردانەی کەسانی تر بوون. ئەوان پێیان لەسەر ئەوە دادەگرت کە هەموو ئەم بەسەرهاتە پیلانی یەکێک لەدوژمنەکانی بنەماڵەکەیانە کە ویستوویەتی بەم شێوەیە ئەوان بەنەزان و کاڵفام لەقەڵەم بدات. بەر لەوەی کە ئەوان تەنانەت بیرۆکەی لێکۆڵینەوەیەکی ڕەسمی بێننە ئاراوە چەند کەسێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆیان هەڵبژارد تاوەکو سەردانی ئەو شوێنە تایبەتیە و ژێر زەمینەکەی بکەن و پاشان مۆڵەت بەلێپرسراوان بدەن تاوەکو خۆیان بچن و ببینن کە هەموو شتێک ئاساییە و لە جێی خۆیدایە و ئەم بەسەرهاتانە جگە لە پڕوپاگەندەیەکی پووچ هیچی تر نییە. پشکنەرەکانی بنەماڵە بەئاسانی تێگەیشتن کەشتێکی نائاسایی و چاوەڕوان نەکراو لە پێشوازیاندایە. بەڵێ کاتێ کە چوونە ژێر زەمینەکەوە بینییان کە هەموو تابووتەکان لە ناوەڕاستی ژوورەکەدا لەسەریەک هەڵچنراون. دەرگای هیچ تابووتیک نەکرابۆوە بەڵام هەموویان ئاسەواری جێبەجێ کردنیان لەسەر بوو. گرووپی پشکنینی بنەماڵە بەهێمنی و لەسەرخۆ تابووتە قورسەکانیان دووبارە خستەوە سەر ئەو شوینانەی پێشووی خۆیان، ئەوان



بەوردبینییەکی زۆرەوە دەرگای ژێر زەمینەکەیان قوفڵ کرد و مۆرو مۆمیان کرد و قورقوشمیشیان بەسەردا تواندەوە تاوەکو بەهیچ شێوەیەک نەتوانرێ دەسکاری بکرێ. بۆ چەند ڕۆژێک هەموو شتێک ئاسایی بوو و هیچ کەسێک باسی لە دەنگی ناو ژێر زەمینەکەو هەروەها ترسانی ئەسپەکان نەکرد. بەڵام لە یەکشەممەی پاش ئەوە واتە لە ڕۆژی ٣ی تەمموز بارودۆخ جارێکی تر دوچاری پشێوی بوو، یانزە ئەسپ لە کاتێکدا کە خاوەنەکانیان بەشداری مەراسیمی کەنیسەیان کردبوو و لە بەردەم ئەو شوێنەدا بەسترابوونەوە، لەناکاودا بەیەکەوە هەوڵی خۆڕزگارکردنیان دا. ئەسپەکان بەبێ هۆیەکی دیاریکراو لەسەر هەردوو قاچی پشتەوەیان بەرز دەبوونەوە دەیانحیلاند تەنانەت چەند ئەسپێک کە نەیانتوانیبوو تەنافەکە بپچڕێنن خۆیان دەدا بەزەویداو هەوڵی خۆ ڕزگار کردنیان ئەدا. تاکاتێ کە خاوەنەکانیان ئاگادارکرانەوە ٦ ئەسپ کەوتبوونە سەر زەوی و توانای هەستانەوەیان نەبوو٥ ئەسپەکەی تر کە هەڵاتبوون توانرا لەڕێگەی خوێن گرتنەوە لە مەرگ ڕزگار بکرێن. بەڵام لەپاشاندا ٣ ئەسپی تر تۆپین بەڵام نەزانرا کە بەهۆی خوێن گرتنی زۆرەوە بووە یاخود بەهۆی ترسی لەرادەبەدەر. ئەو کەسانەی کە لەم ڕووداوەدا ئەسپەکانی خۆیان لە دەستدابوو بوونە لایەنگری هاوڵاتییە تووڕە ونیگەرانەکان و داواکاریەکیان بەرزکردەوە بۆ ئەنجومەنی (کاتوزیان)ی ئارینزبۆرگ کە دادگایەک بوو بەشێوەی دەورەیی لەکەنیسەدا سازدەکرا و لە پیاوانی ئایینی پێکدەهات. ئەم دادگایەش وەکو لێپرسراوانی شارەوانی دوچاری سەرلێشێوان بوونەوە و نەیدەتوانی بڕیارێکی یەکجارەکی بدات و لەکاتێکدا کە لە ڕادەربڕیندا کاتی بەفیڕۆ دەدا جارێکی تر چارەنووس دەست بەکار بۆوە.

بەدروستی لەم کاتەدا بوو کە ئەندامێکی تری بنەماڵەی باکزهۆیدن کۆچی کرد. پاش مەراسیمی کفن کردنی مردووەکە، چەند ئەندامێکی بنەماڵەکە بڕیاریان دا سەردانی ئەو ژێر زەمینە بکەن کە بەپێی وتەی خەڵکی ڕووداوی سەرسوڕهێنەری تێدا ڕوودەدا. ئەوان قورقوشمی سەر دەرگاکەیان تواندەوە و مۆرو مۆمەکەیان لابرد و دەرگاکەیان کردەوە... بەسەرسوڕمانێکی زۆرەوە دیسانەوە بینییان کە ژێرزەمینەکە شێواوە و جارێکی تر هەموو تابووتەکان لە ناوەڕاستی ژێر زەمینەکەدا لەسەریەک هەڵچنراون.. بەڵام ئەمجارە هەندێ لە تابووتەکان سەروبن دانرا بوون و یەکێک لە تابووتەکان شکابوو..پێدەچوو کە بەتووڕەییەوە لە شوێنەکەی خۆی هەڵگیرابێت و فڕێ درابێتە ناوەڕاستی ژێر زەمینەکە. کەسێک یا شتێک هەموو تابووتەکانی لەشوێنی تایبەتی خۆیان جێبەجێ کردبوو و بەر

لەوەی کە لە ناوەڕاستی ژێر زەمینەکەدا لەسەریەک هەڵیانچنیێ یەک بەیەک بەرەو ئەملاو ئەولای ژێر زەمینەکەدا فرێی دابوون. ئەندامە سەرسوڕماوەکانی دەستەی پشکنینی بنەماڵە دووبارە تابووتەکانیان خستەوە جێگە تایبەتییەکانی خۆیان و سەرلەنوێ دەرگاکەیان مۆر و مۆم کرد و قورقوشمی تواوەیان بەسەردا کرد بەڵام چاوەڕێ بوون تاوەکو ببینن کە چاوەنووس چ ڕووداوێکی تری لە هەگبەدا هەیە. دەنگۆی ئەم ڕووداوە لە سەرانسەری دوورگەکەدا بلاو بۆوە و بەدڵنیاییەوە زیادە ڕۆیشیی تێدا کرا. بەختیرایی ئەنجومەنی کەنیسەش هاتنە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستە هەرچی زووتر دەست بەکاربن و بەر لەوەی کە باردۆخ لە کۆنترۆڵدا نەمێنێ کارێک ئەنجام بدەن. ئەوان بەپێی دابونەریتی دێرینی خۆیان بڕیاریان دا کە خۆیان لەو شوێنەدا پشکنین و لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن. بنەماڵەی (باکز هوێدن) هێشتاش دژی ئەم دەستێوەردانە بوون و بەهەڕەشەیەک دژی ئاسایشی گشتییان لە قەڵەم دەدا. ئەوان بەو شێوەیە بیریان دەکردەوە کە ئەم ڕووداوە ئەگەر ئاشکرابکرێت ناوبانگ و ئابڕووی بنەماڵەکەیان دەڕووشێ و لەبەر ئەم هۆیەش دژی ئەم لێکۆڵینەوەیە بوون. ئەندامێکی هێمن و لەسەرخۆی بنەماڵەی (باکز هۆیدن) ئەوەی ڕاگەیاند کە ئەوان ئێستا لە بارودۆخێکی لە باردان بۆ کۆتایی هێنانی ئەم پڕوپاگەندە مناڵانەیە. ئایا ئەوان خۆیان بۆ دوایین جار تابوتەکانیان لە جێگەی خۆی دانەنابوو و دەرگاکەیان مۆرو مۆم نەکردبوو؟ کەواتە لە چی دەترسان؟ ئەگەر ئەوان ڕەزامەندییان لەسەر پشکنینێکی ڕەسمی ئەدا بەدڵنیاییەوە بەسودیان بوو. ئەو ئەوەی وەبیرهێنایەوە کە ئێستا کە خۆیان هەموو شتێکیان لەجێگەی خۆی داناوە باشترین کات و دەرفەتە تاوەکو بۆ هەمیشە ڕێگە لەم پڕوپاگەندانە بگرن. بنەماڵەی (باکز هۆیدن) کاتێ کە چوونە ژێر زەمینەکەوە بەسەرسوڕمانەوە بینیان کە تابووتەکان هەموو بەسەریەکدا کەوتوون. ئەم سێ کەسە کە دووچاری شۆک هاتبوون تابوتەکانیان لە جێگەی خۆی دانایەوە و دووبارە دەرگاکەیان مۆرومۆم کرد. ئێستا بەڕوونی دیاربوو کە پێویستە چی بکرێت. پێویستە دەسبەجێ لێکۆڵینەوەیەکی تیرۆتەسەل سەبارەت بەم ڕووداوە و بەبەشداری لێپرسراوە ڕەسمیەکانی ناوچەکە ئەنجام بدرێ. بارۆن داوای لە لێپراسراوانی کەنیسە کرد کە ئەسقەفێک بۆ بەشداری لەم پشکنینەدا هەڵبژێرن و ئەم داواکاریەش لەلایەن کەنیسەوە جێبەجێ کرا کەسانێکی تریش ڕۆڵیان لەم لێکۆڵینەوەیەدا هەبوو سەرۆکی شارەوانی و پزیشکێک بەناوی دکتۆر (لوس) و کاتبێک بۆ نووسینی شتە بینراو و بیسراوەکان.

***



ئەم دەستەیەش دەرگاکانیان بەداخراوی بینی بەڵام کاتێ کە چوونە ژێر زەمینەکەوە بینییان کە تابووتەکان دیسانەوە لە ناوەڕاستی ژێر زەمینەکەدا لەسەر یەک هەڵچنراون بەو جیاوازیەی کە ئەمجارە تابووتی دایە گەورە و دوو مناڵ لە ئەندامانی پێشووی بنەماڵەکە بەهیچ شێوەیەک دەسکاری نەکرابوون و لەجێگەی خۆیاندا بوون. تابووتەکان هیچ ئاسەوارێکی دەسکاری کردنیان بەسەرەوە نەبوو بەڵام ئەندامانی دەستەی لێکۆڵینەوە بڕیاریان دا بۆ دڵنیابوون لەوەی کە ئەم کارە سەرسوڕهێنەرانە بەمەبەستی دزی کردن ئەنجام نادرێن، دەرگای دوو تابووتیان کردەوە بەڵام خشڵی سەرسنگی مردووەکان بەهیچ شێوەیەک دەسکاری نەکرابوو. ئەوان دووبارە دەرگای تابووتەکانیان داخستەوە بەڵام ئەو پرسیارە لە مێشکیاندا بەبێ وەڵام مایەوە کە دەستدرێژیکاران بە چ شێوە و لە چ ڕێگەیەکەوە هاتوونەتە ژوورەوە؟ بەسەرنجدان بەوەی کە دەرگای ژێر زەمینەکە و قوفڵەکانی هیچ دەسکاری نەکرابوون پشکێنەران گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە لەوانەیە کەسانێک تونێلێکیان بۆ ناو ژێر زەمینەکە لێ دابێت و لەو ڕێگەوە پێویستیان بەکردنەوەی دەرگا نەبووبێت و بەئاسانی هاتبنە ژوورەوە. ئەوان چەندین کرێکاریان هێناو زەویەکەیان هەڵکەند بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو. دەستەی پشکنین کە بەتەواوی ترسیان لێ نیشتبوو وایاندەزانی کەبە هەڵەدا چوون و ئەو کەسانەی هاتوونەتە ژێرزەمینەکەوە بەشێوەیەک لەدەرگا سەرەکییەکەوە هاتوونەتە ژوورەوە. کەواتە بڕیاریان دا کە داوێک بۆ ئەو کەسە نەبینراوە دابنێن. ئەوان خۆڵەمێشێکی زۆریان لە ژێر زەمینەکەدا بلاوکردەوە و پاشان دەرگاکانیان مۆرومۆم کردەوە و هەندێک خۆڵەمێشی نەرمیشیان بەسەر پلیکانەکاندا ڕشت و پاشان بۆدڵنیایی زیاتر و کۆتایی هێنان بەم ڕووداوە چەند پاسەوانێکی چەکداریان بۆ ماوەی ٧٢ کاتژمێری تەواو لەبەردەگای شوێنە تایبەتییەکە و ژێر زەمینەکەی دانا لەم ماوەیەدا پاسەوانەکان هیچ شتێکی نا ئاساییان نەبینی و گوێشیان لە هیچ نەبوو. کاتبەکە هەموو ئەم بەسەرهاتانە و ناوی کەسە بەشداربووەکانی یاداشت کرد. پاش تێپەڕبوونی ٣ ڕۆژ دەستەی پشکنین بەدڵنیاییەوە بەپلیکانەکاندا چوونە خوارەوە. خۆڵەمێشی سەر پلیکانەکان هیچ دەسکاری نەکرابوو. سەرپەرشتی دەستەی پشکنین قفلی دەرگاکەی شکاند و دەرگاکەی کردەوە.

***

ئەمجارە زۆربەی تابووتەکان لە خاڵی بەرامبەر ئەو شوێنەی کە سێ ڕۆژ لەوەوبەر ئەندامانی دەستەی پشکنین بەڕێکوپێکی دایاننابوون بەسەرەو خواری و بەشێوەیەکی

ستوونی داندرابوون واتە سەری مردووەکان بەرەو زەوی و قاچیان لەئاسماندا بوو. ئەمجارەش تابووتی دایە گەورە و دوومناڵەکە هیچ دەسکاری نەکرابوون و لە جێگەی خۆیاندابوون. دیسانەوە دەستەی پشکنین دڵنیا بوونەوە کە هیچ دزییەک لە ژێر زەمینەکە نەکراوە و دەرگایەکی شاراوە بۆهاتنە ژوورەوە لە ئارادانییە. ئەوان هەر کارێک کە لە دەستیان هاتبێت ئەنجامیان دابوو بەڵام نەیانتوانیبوو لەم هەوڵدانەیاندا نهێنی ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە بدۆزنەوە. ئەوان بەیەکەوە پێشنیاریان کرد کە تابووتەکان لەوێ دەربهێنن و لە شوێنێکی تردا بەخاکیان بسپێرن کە ئەمە بووە مایەی خۆشحاڵی بنەماڵەی باکزهۆیدن. بەم شێوەیە بەبێ هیچ بەڵگەو زانیارییەک سەبارەت بەئەنجامدەرانی ئەم کردارانە فایلی گۆڕەکانی ئارێنز بۆرگ بۆ هەتا هەتایە داخرا.

بەڵام ئەم جۆرە ڕووداوانە تەنیا تایبەت نین بەم دوورگەیە بەڵکو لەناوچەی ستانتۆن لە سافۆڵک کانتی بەریتانیا ڕووداوێکی هاوشێوە لە ئەرشیڤی کەنیسەی ئەو ناوچەیەدا بەرچاو دەکەوێ. لەوێ لە گۆڕستانێکی تایبەتی خێزانێکی فەڕەنسی تابووتەکان لەسەر تەختی قورس داندرابوون بەڵام کاتێ لەساڵی ١٧٥٥ دەرگای ژێرزەمینی گۆڕستانەکە بۆ دانانی تابووتی مردوویەکی تر کرایەوە بەسەر سوڕمانەوە بینرا کە هەموو تابووتەکان جێگۆڕکێیان پێ کراوە و هەریەکەو لە گۆشەیەکدا فڕێ دراون. یەکێک لە تابووتەکان کەسندوقێکی زۆر قورس بوو لە خاڵی بەرامبەر شوێنی سەرەکی خۆیدا دۆزرایەوە لەکاتێکدا کە بۆ بەرزکردنەوەی ئەم تابووتە پێویستیان بە ٨ پیاوی بەتوانابوو. لە ڕاستیدا ئەم تابووتەیان لەسەر پلیکانەی چوارەمی ئەو ڕێگایەی کە دەچووە دەرەوەی ژێر زەمینەکە دۆزیبیەوە. ئەم دەستدرێژکاریەش بەبێ ئەوەی کە قفڵ و مۆری دەرگاکە دەسکاری کرابێت ئەنجام درابوو.

جگە لەم ڕووداوانە لە گۆڕستانی تایبەتی بنەماڵەی (چەیس) لە بار بادۆس و لە گۆڕستانی کەنیسەی مەسیحیەکان لە ساڵی ١٨٢٠ و لە گۆڕی (سێر ئەلکساندەر ئیڤان مەک گریگۆر) لە مانگی ئابی ١٩٤٣ لەباربادۆس ڕووداوی لەم شێوەیە ڕووی داوە کەتاوەکو ئێستاش ئەنجامدەرانی ئەم کردارانە بەشاراوەیی ماونەتەوە و دەستی زانست نەیانگەیشتۆتێ.

***

ئێستاش بەسەرهاتی ئەو پیاوە نەناسراوەی لەتابووتیکدا دۆزرایەوە: لە مانگی ئەیلولی ١٩٥٦ برایانی (کالابانی) کە خەڵکی ناوچەی (وێست پۆرت) بوون لە ویلایەتی



(کۆنێکتیکۆت)ی ئەمریکا خەریکی هەڵکەندنی زەوییەک بوون لە گۆڕستانی گشتی (گرین فارمز) کە تایبەت بوو بەبنەماڵەی ئەوان. هێشتا شوێنی قەبرێکی تر لەوێدا هەبوو. لەو خاڵەدا کە هێشتا هیچ یەک لە ئەندامانی بنەماڵەکەیان بەخاک نەسپێردرابوو. بەڵام لەکاتی هەڵکەندنی زەویدا تابووتێکیان لەو شوێنەدا دۆزییەوە. کاتێ کە دەرگای تابووتەکەیان کردەوە، پیاوێکیان تێدا بینی کە نەیاندەناسی و تاوەکو ئەو کاتە نەیانبینیبوو. ئەو پیاوە گۆناکانی سوور هەڵگەڕابوو، تەمەنی نزیکەی ٤٥ ساڵ بوو و چاکەت و پانتۆڵێکی شینی گرانبەهای لەبەردابوو کە پێدەچوو تازە ئوتو کرابێت. واپێدەچوو کە ئەم پیاوە کەسێکی دەوڵەمەند و تەنانەت گرنگ و بەدەسەڵاتیش بووبێت. چونکە تەنانەت ئەو تابووتەشی کە تێیدا بوو زۆر گرانبەها بوو. برایانی کالابانی لە خۆیان دەپرسی کە ئەم پیاوەی کە لەو تابووتە دایە کێیە و بە چ شێوەیەک لە قەبرێکدا بەخاک سپێردراوە کە بەهیچ شێوەیەک تا ئەوکاتە کەس ئاگاداری بەخاک سپاردنی مردوویەک نەبووە لەو شوێنەدا. بەسەرنجدان بەوەی کە ئەو پیاوە نەناسرایەوە مۆڵەت بەگواستنەوەی بۆ شوێنێکی تر نەدەدرا و برایانی کالابانی ناچار بوون دووبارە و بەپێچەوانەی ویستی خۆیان تابووتەکە بەخاک بسپێرنەوە. سەرەنجام لە بەهاری ساڵی پاش ئەوڕووداوە دوابەدوای ئەوەی کە برایانی کالابانی پۆلیس و لێپرسراوانی گۆڕستانەکەیان بێزار کردبوو، پۆلیس بڕیاریدا کە سەبارەت بەو پیاوە نەناسراوەی کە لە گۆڕستانی تایبەتی بنەماڵەی کالابانیدا بەخاک سپێردراوە، لیکۆڵینەوەیەک ئەنجام بدات. ئەوان سەر لەنوێ شوێنی گۆڕەکەیان هەڵکەندو تابووتەکەیان دۆزییەوە. بەڵام کاتێ کە دەرگای تابووتەکەیان کردەوە تەنیا ئێسک و پروسکی پیاوێکیان دۆزیەوە کە بەپێی راپۆرتی فەرمانگەی تۆمارکردنی مردووان ٥٠ ساڵ زیاتر لە مردنی تێدەپەڕێ. برایانی کالابانی واتە (هاری) و (هێنری) ناڕەزاییان دەربڕی کە ئەمە ئەو تابووتە نییە کە چەند مانگ لەوە بەر دەریانهێناوە و هەروەها مردووەکەش ئەو مردووە نییە کە ئەوان بینیویانە بەڵام پیاوانی پۆلیس گوێیان بەم قسانە نەداو تابووت و مردووەکەیان گەڕاندەوە بۆ گۆڕە داگیرکراوەکەی خۆی. ئایا ئەو جەنازەیەی کە ئەو دوو برایە دۆزیانەوە قوربانی تاوانێک نەبووە کە لە شوێنێکدا شاردراوەتەوە کە کەس گومانی لێ نەکردووە و بەرێکەوت دۆزراوەتەوە؟ ئایا بکوژ لەم ڕووداوە ئاگادار بووە و پیاوە کوژراوەکەی گواستۆتەوە یاخود لەگەڵ جەنازەیەکی تردا گۆڕیویەتی؟ یاخود لەڕاستیدا ئەمە هەمان جەنازە بووە کە بەخێرایی پاش ئەوەی کە هەوا چۆتە ناو تابووتەکەوە شی بۆتەوە و تەنیا ئێسک و

پروسکەکەی بەجێ ماوە بەهەمان شێوە کە هەندێ کات ڕووداوی لەم شێوەیە ڕوودەدات. یا بە وتەی هەندێ کەس ئایا برایانی کالابانی بەهەڵە بینیویانە؟ پیاوی نەناسراوی گۆڕی کالابانی بەپێی یاسا تا ئەوکاتەی کە نەناسرابێتەوە لەوێدا میوانی ئەو گۆڕستانەیە و لەوانەیە بۆ هەمیشە لەوێ بمێنێتەوە چونکە ئەو کەسی نەناسیوە و کەسیش ئەو ناناسێ.

***

لە شاری (مۆنت گۆمێری) لە (وێلز) سەدان کەس کۆبوونەوە تاوەکو لەسێدارەدانی پیاوێکی بەریتانی بەناوی (جان دەیڤیس) ببینن. ئەو بەتاوانی دزینی جانتایەک لە شەقامی شاردا تاوانبار کرابوو. دەیڤیس هاوڕێیەکی کەمی لەم کۆمەڵەیەدا هەبوو چونکە دانیشتوانی وێلز خەڵکانێک بوون کە خاوەنی دەمارگیری تایفەیی بوون و ئەوان ڕقیان لەو پیاوە دەبۆوە کە بۆ هاوکاری بێوەژنێکی ئەو ناوچەیە هێنرابووە کۆمەڵگاکەیان تاوەکو سەرپەرشتی کێڵگە پڕ ئاژاوەکەی بکات. دەیڤیس بەباشی ئەم ئەرکەی رادەپەڕاند تا ئەو ڕۆژەی کە لە شەقامی شاردا کەوتە بەر هێرشی دوو کەس کە داوای جانتای پارەکەیان لێ دەکرد. ئەو سەرپێچی لەم داوایە کرد و شەڕ لە نێوانیاندا دەستی پێکرد. دەیڤیس لێدانێکی زۆری خواردو هێرشبەران پاش لێدانەکەی بەمەبەستی سوکایەتی پێکردن دایانە دەست پۆلیسی ناوچەکە و داواکارییەکیان لەسەر تۆمارکرد بەو تۆمەتەی کە هەوڵی دزینی جانتای پارەکانیانی داوە. ئەو دوو کەسە دژی ئەو شایەدیان دا و دەیڤیس لەدادگادا گوێی لەوەبوو کە لە سەر قسەی ئەو دوو کەسە سزای مەرگی بەسەردا سەپێنراوە. ئەو زۆر بەگەرمی دژایەتی و ناڕەزایەتی خۆی بەرامبەر بەم بوختانە و حوکمی دادگا دەربڕی. بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو دەیڤیس لەژێر سێدارەدا بوو و چەند ساتێک لەمەرگەوە دوور بوو. (جان دەیڤیس) دەستی ڕاستی بەنیشانەی سوێند خواردن بەرزکردەوە و بەپاڕانەوە ڕایگەیاند کە بێ تاوانە و وتی: من دەمرم بەڵام پەنا دەبەمە بەر خوا کە هیچ ڕووەکێک لەسەر گۆڕەکەم نەڕوێنی تا بەم شێوەیە پێتان بسەلمێنێ کە من بێ تاوانم. لەهەمان کاتدا جەللاد کورسی ژێر قاچی لابرد و جان دەیڤیس بەرەو جیهانی ئەبەدی کۆچی کرد. تەرمی دەیڤیس لە گۆڕەپانی کەنیسەی ناوچەکە بەخاک سپێردرا بەڵام بەزوویی لای هەمووان ئاشکرا بوو کە گۆڕەکەی ئەو جیاوازی لەگەڵ گۆڕەکانی تردا هەیە. گۆڕی هەموو مردووانی تر بەجۆرەها گژوگیا داپۆشرابوو بەڵام گۆڕەکەی جان دەیڤیس بەتاڵ و بەبێ گژوگیا بوو. خەڵکی سەرنجیان دایە ئەم بابەتە و لە بارەیەوە ئەدوان. لێپرسراوان بەشەرمەزارییەوە فەرمانیان دا تاوەکو گۆڕی جان دەیڤیس بەچیمەن داپۆشن بەڵام چیمەنەکان بەخێرایی



وشک دەبوون. جان دەیڤیس لە ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٨٢١ لە سێدارەدرا و هەمان ڕۆژیش بەخاکیان سپارد. لە ساڵی ١٨٥١ گۆڕستانەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات و هەموو گۆڕەکان بەنزیکەی یەک مەتر خۆڵی تازە داپۆشرا و ڕێژەیەکی زۆر تۆوی چیمەنیان تیا چاند.

لە ماوەی ٢ هەفتەدا گۆڕستانەکە یەکپارچە بووە سەوزایی بەڵام گۆڕەکەی دەیڤیس بەشێوەی لاکێشەیەک تەنیا خاکێکی بەتاڵ بوو. دیسانەوە هەوڵدرا تاوەکو بەچیمەن دایبپۆشن و پەینێکی زۆریشیان بەسەردا کرد بەڵام ئەم هەولانە هەمووی بێ ئاکام بوون سەرەنجام جێ نشینەکانی ئەسقەفەکە بڕیاریان دا تاوەکو بەو شێوەیە وازی لێ بێنن تاوەکو سروشت لە ڕەوتی خۆیدا بەردەوام بێت و بەم شێوەیە بوو کە گۆڕی جان دەیڤیس دیواری بەدەوردا کێشراو بەهەمان شێوە مایەوە ئەم گۆڕە تا ئەمڕۆش وەکو بەڵگەنامەیەک لەو پیاوە بەیادگار بەجێ ماوە کە بۆ سەلماندنی بێ تاوانی خۆی داوای لە پەروەردگاری مەزن کردبوو کە گۆڕەکەی هیچ ڕووەکێکی لەسەر سەوز نەبێت.

***

ئەو باڵەخانە مەڕمەڕە گەورەیەی کە مۆزەخانەی مێژووی سروشتی (فیلد)ە لە شیکاگۆ بەڕاستی یەکێک لەو شوێنە سەرنج ڕاکێشانەیە کە لەم شارەدا هاوتای نییە. لە دەورو پشتی ئەم مۆزەخانەیەدا پارچە زەوییەکی ساف و سەوزی لێیە کە بەباشیش لە ژێر چاودێریدایە. جگە لە خاڵێک لەم زەوییەدا کە وشک و بێ گژوگیایە. ئەم پارچە زەوییەش بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنەری هەیە لەگەڵماندا بن تاوەکو بزانین ئەم بەسەرهاتە تا چەند دەمانخاتە دەریای سەرسوڕمانەوە.

***

لە ساڵی ١٩٥٦ پاسەوانی مۆزەخانەکە کە لەوێشدا نیشتەجێ بوو، هاوکارێکی هەبوو کە لە ژێر زەمینە ساردەکەی باڵەخانەکەدا لەگەڵیدا خەریکی کاربوو ئەو ڕۆژە بەبێ هیچ هۆکارێکی دیاریکراو زۆر سارد بوو. تەنانەت لەگەڵ ئەوەدا کە کۆتاییەکانی پاییز بوو بەڵام هاوکارەکەی گلەیی و گازندەی لە گەرمایەکی بێزارکەر دەکرد و لە کۆتاییدا بەبەڕێوەبەری مۆزەخانەکەی گوت کە دەیەوێ بڕواتە دەرەوە و هەندێک خۆی فێنک بکاتەوە... ئەو لە حەوشەکەدا لەسەر زەوییەکە راکشاو چەند خولەکێک پاش ئەوە دوچاری نۆبەی دڵ بۆوە. خۆشبەختانە لەم نۆبەی دڵە ڕزگاربوو بەڵام لە پاییزی ساڵی ١٩٦٢ واتە ٦ ساڵ پاش ئەوە ئەو بەشەی کە ئەو لەسەری ڕاکشابوو بەوشکی مابۆوە لە کاتێکدا کە

دەوروپشتی هەموو بەچیمەن داپۆشرابوو. تەنانەت کاتێ کە خاکەکەیان تا قووڵایی نزیکەی ٢ مەتر گۆڕی دیسانەوە لەو خاڵەدا بەتایبەتی هیچ گژوگیایەک سەوز نەدەبوو. هەموو ساڵێک لە وەرزی بەهاردا سەرانسەری ئەو گۆڕەپانە پڕ دەبوو لە سەوزایی و ئەو جێگایەش گژوگیای لێ دەڕوا بەڵام پاش ماوەیەک وشک دەبوو. زانست دەڵێ کە شتێکی لەم شێوەیە نابێت ڕووبدات بەڵام ئەمە ڕووداوێکی ڕاستەقینەیە و ڕووی داوە.

***

کاتێ کە (ئۆرویل) و (ویلبەررایت) یەکەمین داهێنەرانی فڕۆکە، کە کاری سەرەکییان چاککردنەوەی پایسکیل بوو لە هەوڵدانیان بۆ فڕینی ئەو ئامێرانەی کە لە هەوا قورستر بوون، خۆیان لە ڕەوتێکدا بینییەوە کە بەرەو دەمارگیرییەکی کوێر دەڕۆیشت. یەکەمین فڕینە سەرکەوتووەکانیان لە (کیتی هاوک) لە مانگی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٠ بووە ڕاستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە. بەڵام لە مانگی کانونی دووەمی ١٩٠٦ گۆڤاری (سای تیفیک ئەمەریکان) واتە ئەمریکای زانا لە بابەتێکدا لەژێر ناونیشانی (فڕۆکەی رایت و نمایشە ئەفسانەییەکەی)دا نووسیویەتی: ئەگەر ئەم تاقیکردنەوە سەرسوڕهێنەرانە لە خاڵێکی بەچەندان دوور لەوڵاتدا و لەسەر بابەتێک کە هەموو کەس هەست دەکات کە گرنگییەکی زۆری هەیە ئەنجام دەدرێ ئایا باشتر نەبوو کە پەیامنێرە بوێرە ئەمریکییەکان لە جیاتی گرنگیدان بەبابەتی لاوەکی، پاش دڵنیابوون لە دروستی ئەم تاقیکردنەوانە ماوەیەک بەر لەوە بابەتیان لەسەر بڵاوبکەنەوە. زانست زیاتر لە دوو ساڵ پاش یەکەمین فڕینی برایانی ڕایت هیچ گرنگییەکی پێ نەدان. بەسەرنجدان بەم خاڵە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە هەموو شتێک لەم جیهانە پان و بەرینەدا خاوەن تایبەتمەندی و گرنگی خۆیەتی و ئێمە نابێت بەشێوەیەکی ڕاگوزارانە لەو بابەتانە بڕوانین کە لەوانەیە ڕۆژگارێک بەگەورەترین نهێنی لەقەڵەم درابێت و ئێستا بەهۆی پێشکەوتنی لە ڕادەبەدەری زانستەوە بوونەتە ڕاستییەک کە هەمووان دەتوانن هەستی پێ بکەن بەڵام نابێ ئەوەش لەیاد بکەین کە هەندێ لەم بابەتانە تاوەکو ئێستاش گرێ کوێرەی سەر دڵی زانستن و ئێمە و ئێوە و هەمووان لە ئاستیاندا دوچاری سەرسوڕمان دەبینەوە. هەزاران پرسیار بەرامبەر بەم بابەتە ناوازەو سەرسوڕهێنەرانە قوت دەبنەوە بەڵام هیچ یەکێکیان زاتی ئەوە ناکات کە داوای وەڵام بکات. وەڵامی ئەو ڕووداوانەی پلەیەک لە سەرووی زانستەوەن.



### (ئایا خەو و خەیاڵ دەتوانن پێشبینی داهاتوو بکەن)

بەو شێوەیەی کە بەم دواییە سەرجەم شارەزایانیش جەختیان کردۆتە سەر دیاردەی خەیاڵە ئاگادار کەرەوەکان یەکێک لە فراوانترین شێوەی ئەزموونی بیرکردنەوەیە. ئەم دیاردەیە بەهۆی ناوەڕۆکی تایبەتییەوە بەدژواری لێی تێ دەگەن و لێکۆڵینەوە لە سەریشی زۆر ئەستەمە. بیری سەرسوڕهێنەری مرۆڤ خاوەن چەندین نهێنی دژوارە کە بەگژ هەر جۆرە لێکۆڵینەوەیەکدا دەچێت و تا ئەم کاتەش کە کەرەستەو ئامێری باشترمان لەبەر دەستدا نەبێت ئەم دژایەتییە درێژە پێ دەدات. چەندین پێشکەوتن لەم بوارەدا هاتۆتە دی بەڵام ڕەوتێکی هێمن و بێزارکەری هەیە. بۆتۆمارکردنی ئەو خەیاڵانەی کە هەموو ساڵێک وەکو پێشەکییەک بۆ کردارێکی ڕاستەقینە دەبینرێن چەندین کتێبی گەورەی پێویستە. ئێمە لێرەدا تەنیا چەندین بەسەرهاتێک دێنینەوە کە شایانی سەرنجی تایبەتین و هۆکارەکەشی ئەوەیە بەبەڵگەنامەی بڕواپێکراوەوە سەلماون.

سەرەتا بەسەرهاتی خاتوو (وینی ویلکینسۆن) لەشاری (شفیلد)ی بەریتانیا دەبێتە یەکەمین میوانی ئەم بەشەی کتێبەکەمان. لە پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی هاوینی ساڵی ١٩٦٢ خاتوو (ویلکینسۆن) بۆ ماوەیەکی کورت خەوی لێکەوت کە ئەم خەونەش خەوێکی نائاسایی بوو چونکە ئەو زۆربەکەمی دەیتوانی لە ناوەڕاستی ڕۆژدا خەوی لێ بکەوێت. لەلایەکی تریشەوە ئەم خەوتنە سەرسوڕهێنەر بوو چونکە لە خەوەکەدا دوچاری خەیاڵ بوو کە ئەم شتە زۆرکەم ڕووی دەدا. لە ڕاپۆرتێکدا کە ئەو لەپاشاندا پێشکەشی بەپۆلیس و لێپرسراوە پەیوەندارەکان کرد ڕایگەیاند کە ئەو لە خەیاڵەکەیدا بینیویەتی کە کەسێک بەتوندی و بەبەردەوامی لە دەرگای پێشەوەی ماڵەکەی داوە. کاتێ کە لە خەوەکەدا دەرگاکەی کردەوە ڕووبەڕووی ئافرەتێک بۆوە کە تاوەکو ئێستا نەیبینیبوو. ئەو ئافرەتە زۆر بەشڵەژاوی دەهاتە پێش چاو. ئەو ئافرەتە بەخاتوو (ویلکینسۆن)ی گوت کە هاوسەرەکەی ئێستا لە داربەست کەوتۆتە خوارەوە و زۆر بەسەختی برینداربووە و داوای کردووە کە هاوسەرەکەی بەپەلە بگاتە لای. لەم کاتەدا بوو کە خاتوو (ویلکینسۆن) لە خەو ڕاپەڕی. ئەگەرچی ئەو و هاوسەرەکەی ماوەی ٦ مانگ بوو کە جیا لە یەکتر دەژیان بەڵام ئەو بەتەواوی بەهۆی بینینی ئەم خەوە دوچاری دڵەڕاوکی بوو. ئەو سەیری کاتژمێرەکەی کرد کە سێ و دوانزە خولەکی پیشان ئەدا و تەلەفونی کرد بۆ لێپرسراوانی هاوسەرەکەی و لەوە دڵنیابوو کە هیچ ڕووداوێکی دڵتەزێن ڕووی نەداوە. ڕۆژێک پاش ئەوە بەدروستی لە کاتژمێر سێ و دوانزە خولەکی پاش نیوەڕۆ (گۆردۆن ویلکینسۆن)ی هاوسەری لەو

داربەستەی کە لە سەری کاری دەکرد بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو کەوتە خوارەوە و دەسبەجێ گیانی دا.

لە بەهاری ساڵی ١٩١٥ی زایینی وتاربێژی هەڵکەوتووی بەریتانیا پرۆفیسۆر (هاڵبورن) لەکاتی گەڕانەوەی لە زنجیرەیەک وتار خوێندنەوە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دابوو. ئەم سەفەرەی پرۆفیسۆر هالبورت زۆر سەرکەوتوو بوو. ئەو ژوورێکی لە کەشتی گەورەی (لویزیانا ) گرتبوو کە کەشتییەکی خێرا و جوان بوو. لەهەمان کاتدا واتە لە کاتژمێرە سەرەتاییەکانی بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی مایسی ساڵی ١٩١٥، هاوسەرەکەی بەناوی (ماریون) لەسەر کورسییەک لە کتێبخانەی ماڵەکەیدا دانیشتبوو. (ماریون) خەوی لێ کەوت و لەخەودا بینی کە لەسەر کەشتییەکی گەورەو لە بارودۆخێکی زۆر نالەباردایە. کەشتییەکە زۆر بەخراپی خوار ببۆوە و پاپۆڕەکانی ڕزگارکردن بەبەردەوامی فڕێ دەدرانە ئاوەکەوە. ئەو لەکاتێکدا کە وەستابوو ئەفسەرێکی لاوی بینی کە لێی نزیک بۆوە خاتوو (هالبورن) لێی پرسی کە ئایا هاوسەرەکەی هێشتا لە کەشتییەکەدایە یاخود نەخێر؟. ئەو ئەفسەرە بەخێرایی وەڵامی دایەوە کە پرۆفیسۆر کەشتییەکەی بەجێ هێشتووە و لە پاپۆڕێکی تردایە. لەم کاتەدا خاتوو هالبورن لە ناکاودا خۆی لە کتێبخانەی ماڵەکەیدا بینییەوە لەکاتێکدا کە بەتەواوی بەئاگابوو. لەسەر مێزی نانخواردنی ئەو بەیانییە، ئەو ئەم خەیاڵەی بۆ ئەندامانی تری خێزانەکەی گێڕایەوە بەڵام ئەوان بەپێکەنینەوە وتیان (کابوسێکی ترە) بەڵام چەند کاتژمێرێک پاش ئەوە بروایان گۆڕا. چونکە هەواڵێک گەیشت کە کەشتی گەورەی لویزیانا بەهۆی هێرشی ژێر دەریاییەکی ئەڵمانییەوە لەنزیکی کەنارەکانی ئیرلەندا نوقم بووە و زیانێکی گیانی زۆریشی بەدواوە بووە. ئەوان لەپاشاندا بۆیان ڕوون بۆوە کە پرۆفیسۆر هالبورن هاوکارییەکی زۆری خەڵکی کردوە بۆ لەبەرکردنی جلوبەرگی تایبەتی بۆ ڕزگاربوون لە خنکان تاوەکو پێی ڕاگەیەندراوە کە بچێتە یەکێک لەو پاپۆڕانەی کە بۆ مەبەستی ڕزگارکردن ئامادە کرابوون. پرۆفیسۆر هالبورن لەم ڕووداوەدا بەسەلامەتی ڕزگاربوو و کاتێ کە هاوسەرەکەی تایبەتمەندییەکانی ئەفسەرە لاوەکەی کە لە خەیاڵەکەیدا سەبارەت بەسەلامەتی پرۆفیسۆر پرسیاری لێکردبوو بۆ پرۆفیسۆر باس دەکرد، ئەو بەئاسانی تێگەیشت کە ئەو ئەفسەرە هەمان ئەو کە سەبووە کە فەرمانی پێداوە بچێتە پاپۆڕێکەوە و خۆی ڕزگار بکات.. دروست بەهەمان شێوەی کە لە خەوە سەرسوڕهێنەرەکەی خاتوو هالبورندا وەڵامی دابۆوە.

***



دوکانی پینەدروی (جۆزێف ئامیر) لە بەشی هەژارنشینی شاری (ئیدیانا پۆلیس) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بوو. جۆزێف کارەکەی خۆی بەباشی ئەنجام ئەدا و خۆشەویستی هەمووان بوو. ئەو پیاوێکی هێمن و کورتە باڵا و خۆشەویست بوو کە هەمیشە تامەزرۆی ئەوەبوو کە هەر کارێک کە دەتوانێ بۆ خەڵکی ئەنجام بدات. هەموو شتێک بۆ جۆزیف و هاوسەرەکەی (ڕۆت)و کوڕەکەیان ئۆسکار کە بەشانازییەوە لە قوتابخانەی ئامادەیی دەرچووبوو و وەرزشکارێکی هەڵکەوتوو و مایەی شانازی باوکی بوو بەخۆشی تێدەپەڕی تاوەکو پاش نیوەڕۆی گەرم و سووتێنەری ٧ی ئابی ساڵی ١٩٦٢. لەو ڕۆژەدا ئەم پیاوە ٤٧ ساڵەیە کە لە بنەڕەتدا خەڵکی سوریا بوو وەکو هەمیشە بەهۆی کارکردن لە دوکانەکەیدا بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ ئامادە نەبوو. هاوسەرەکەی لە خەو ڕاپەڕی. ئەو خەوەی کە کابوسێکی ترسناکی تێدا بینیبوو. ئەو لەپاشاندا بەپۆلیسی گوت کە لە خەوەکەیدا هاوسەرەکەی بینیوە کە لەگەڵ پیاوێکی تردا شەڕیانە و ئەو پیاوە بەر لە هەڵاتن بەبەردەوامی بەچەکوشێک دەیکێشا بەسەری جۆزێفدا. هاوسەرەکەی جۆزێف سەیرێکی کاتژمێرەکەی کرد. جۆزێف بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ نەهاتبۆوە و لەوانەیە وەکو هەمیشە لەسەر داوای موشتەرییەک لە دوکانەکەدا مابێتەوە تاوەکو کارەکەی بەخێرایی بۆ ئەنجام بدات. هاوسەرەکەی جۆزێف نیو کاتژمێری تر وەستا بەڵام نەیدەتوانی ئەو خەوە ئاگادارکەرەوەیە لە مێشکی خۆی بسڕێتەوە ئەو هەندێک خواردنی خستە سەبەتەکەیەوە و بەخێرایی بەرەو دوکانی پینەدرووی جۆزیف کە چەند شەقامێک دوور تر بوو بەڕێکەوت. دەرگای دوکانەکە بەتەواوی کرابۆوە کە ئەمەش لەو هەوا گەرمەدا شتێکی ئاسایی بوو. بەڵام لەناو دوکانەکەدا لاشەی (جۆزێف ئامێر) کەوتبوو. دەستی بەتەنافێک بەسترابۆوە و پاشان بەچەکوشێک کە لە تەنیشتی کەوتبوو بەشێوەیەکی بێ بەزەییانە تا مردن لێیاندابوو. ناو دوکانەکەش چۆڵ بوو و پێدەچوو کە لەبەر ئەمەش جۆزێف گیانی خۆی لەدەست داوە چونکە هەر کەسێک بوو بێت بۆ دزی کردن چۆتە دوکانەکەی جۆزێف و ئەویش ڕێگەی پێ نەداوە و بەم شێوەیە بۆتە قوربانی. پۆلیس بەنابەدڵییەوە گوێی لە باسکردنی تایبەتمەندییەکان و شێوەی ئەو پیاوەی کە لە خەودا هاوسەرەکەی خاتوو (ڕۆت)ی کوشتبوو گرت. بەڕێکەوت ئەوانیان ئاگادار کردەوە پیاوێک کە تایبەتمەندییەکانی لەو تایبەتمەندییانە چووە کە خاتوو (ڕۆت) داویەتی بەپۆلیس لەکاتێکدا کە خەریکی شۆردنی خوێنی سەر دەستی، لە ئاودەستخانەی مەیخانەیەکدا بووە چەند خولەکێک پاش کوشتنی جۆزێف بینراوە. ئەو پیاوە نە تەنیا بەو شێوەیەی کە خاتوو ڕۆت

باسی کردبوو جلوبەرگی پۆشیبوو بەڵکو لە هەموو ڕوویەکەوە ئەو پیاوە بوو کە لە خەوەکەیدا بینیبووی. دادگایی کردنی (ویلیام ئەدمۆندز) بکوژی (جۆزێف ئامێر) لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٦٢ لەدادگای (ئینديانا پۆلیس) دەستی پێکرد. بەڵام خەوەکەی خاتوو (ڕۆت) وەکو بەڵگەنامەیەک لەقەڵەم نەدرا. ئەگەرچی ڕۆڵێکی گرنگی لە گرتنی تاوانبارەکەدا هەبوو. پارێزەری بکوژەکە ڕایگەیاند کە ویلیام بەڕادەیەک لەژێر کاریگەری مادە سڕکەرەکاندا بووە کە نەیزانیوە لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا چی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا دادگا ویلیام ئەدمۆندزی بەتاوانبار ناسی و بەپێی یاسا بۆ ئەو تاوانەی کە لە خەوی خاتوو ڕۆتدا ئەنجامی دابوو سزای بەندکردنی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنرا.

***

هاوسەری (ڕێنێست تۆپ) لەشاری (ئیست ئۆرەنج) لە نیو جەرسی خەوێکی لەشێوەی خەوەکەی خاتوو (ڕۆت)ی بینی. لە مانگی مایسی ساڵی ١٩٣٨ خاتوو (تۆپ) خەوێکی بینی کە تیایدا هاوسەرەکەی لە لایەن پیاوێکی کورتە باڵاو قژدرێژ بەچەقۆیەکی قەسابی دەکوژرێ. (ڕێنێست تۆپ) کە چێشت لێنەرێکی بەئەزموون بوو لە کەشتی (سیتی ئۆف نۆرفۆلک) پێکەنینی بەخەوی هاوسەرەکەی هات. ئەو بەڕاشکاوی گوێی نەدایە پاڕانەوەی هاوسەرەکەی سەبارەت بەڕەتکردنەوەی ئەو سەفەرەی کە بەرنامەی بۆ داڕێژرابوو. خاتوو (تۆپ) کە بەتەواوی لە بینینی ئەو کابوسە شڵەژابوو بەخێزان و دراوسێکانی خۆی گوت و ناچاری کردن کە هاوسەرەکەی لەم سەفەرە پەشیمان بکەنەوە. بەڵام هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێنا. ئەو گاڵتەی بەهەموویان کرد و گوتی کە کابوسی هاوسەرەکەی بەدواداهاتنێکی سروشتی گەدەیەکی نەخۆشە. ڕێنێست تۆپ بەپێی بەرنامە سواری کەشتییەکە بوو. لە شەوی ١٦ی مانگی مایسی ١٩٣٨ خاتوو تۆپ دووبارە لە خەویدا بینی کە هاوسەرەکەی لەئەنجامی شەڕێک لەگەڵ پیاوێکی کورتە باڵا کەقژێکی ڕەشی درێژی هەبوو بەچەقۆی ئەو پیاوە کوژرا. ئەو لە کاتێکدا کە هاواری دەکرد (تا جەنازەکەم نەبینیوە دەستی لێ مەدە) لە خەو ڕاپەڕی. لەم کاتەدا کاتژمێر ٥ی سەرلەبەیانی بوو. لەپاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ ئەو بروسکەیەکی لە کەشتی (سیتی ئۆف نۆرفۆلک)ەوە پێ گەیشت کە تازە لە بەندەری لەندەندا وەستا بوو. لە بروسکەکەدا هاتبوو کە هاوسەرەکەی لەلایەن پیاوێکی ئیسپانییەوە بەناوی (کریست ماگۆریۆ) بەچەقۆ کوژراوە. لە پاشاندا بکوژەکە خۆی فڕێ داوەتە نێو دەریاو سێ کەسی تر کە هەوڵیان دا لەدەریادا بیگرن کاتێک کە پاپۆڕەکەیان لە دەریای خرۆشاندا وەرگەڕا لەگەڵ بکوژەکەدا



نوقمی ژێر ئاوبوون.. وردەکاری ئەو ڕووداوە کە لەلایەن خاوەنی کەشتییەکەوە بۆ خاتوو (تۆپ) ئامادەکرابوو بەدروستی هەمان شت بوو کە ئەو لە خەوەکەیدا بینیبووی.

***

(پائۆلۆگریلۆ) جوتیارێک بوو کە هەموو تەمەنی ٦٣ ساڵەی خۆی لە پارچە زەوییەکی بچووک لە نزیکی (تری ویگلانۆ) لە پارێزگای (بیرگامۆ)ی ئیتالیا بەسەر بردبوو. لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٧ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٥٢ پائۆلۆ وەکو هەمیشە نەچوو بۆ کێڵگەکەی. لە بەرامبەردا ئەو بەیانییە چووە لای دراوسێکانی و ئەو خەوە سەرسوڕهێنەرانەی بۆ گێڕانەوە کە شەوی پێشتر بینیبووی ئەو گوتی: دوێنێ شەو من خەوم بەهاوڕێیەکی زۆر نزیکی خۆمەو ە بینی کە لە ماوەی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەیەکەوە هاوسەنگەر بووین. من بەتەنیشتییەوە بووم کە ئەو بەهۆی فیشەکێکی سەربازێکی دوژمن لە باوەشی مندا گیانی سپارد. لە خەوەکەی دوێنێ شەودا ئەو هاتوو و لە تەنیشت پێخەفەکەم وەستا. ئەو دەستی منی گرت و کاتێ کە سەیرم کرد بەمنی گوت: گریلۆ خۆت ئامادە بکە، ئەمڕۆ دێی بۆلای من. هاوڕێکانی گریلۆ هەوڵیان دا کە پێی بسەلمێنین کە ئەو بەبێ هۆ نیگەرانە. ئەوان گوتیان کە هەموان هەندێ جار خەوی ناخۆش دەبینن. هەندێکیان تەنانەت ئەو خەوانەی خۆیان بۆ گێڕایەوە کە هیچ ڕووداوێکی ناخۆشیشی بەدواوە نەبووە. گریلۆ لەکاتێکدا کە سەری با ئەدا لەو شوێنە دوور کەوتەوە. ئەو ڕۆژە، ڕۆژێکی ساماڵ و گەرم بوو. زەوییەکانی پێویستییان بەکارکردن بوو بەڵام گریلۆ بیری لەوە کردەوە کە لەوانەیە کارکردن لەو ڕۆژەدا باش نەبێت کەواتە بڕیاری دا کە پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە سەر کورسیەک لە پێش ماڵەکەیدا پاڵ بداتەوە... و لەکاتی خۆرئاوا بووندا لەسەر هەمان کورسی لە کاتێکدا بەهۆی نۆبەی دڵەوە گیانی لەدەست دابوو، دۆزیبیانەوە.

***

ناوی (سێرهێنری ویلسۆن) لە کتێبەکانی مێژوودا وەکو فەرماندەی گشتی هێزەکانی بەریتانیا لە سەرەتاکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا نووسراوە. قۆناغی پاشتری ژیانی ئەو بریتییە لە ئەندامی پەرلەمان بەنوێنەرایەتی شاری (نۆرت دۆڤن) لە ئیرلەندا. لەوێدا کە ئەو بەیەکێک لە هاوڕێیانی خاتوو (لۆندن دری) لەقەڵەم دەدرا کە یەکێک بوو لە کەسایەتییە ناسراو و بەهێزەکانی لەندەن زۆر ئاسایی بوو کە ئەو خانمە بەمەبەستی شەونشینی لە ماڵەکەی خۆیدا لە مانگی حوزەیرانی ١٩٢٢ بانگهێشتی بکات. (سێر

هێنری)یان لە ماڵۆچکەیەکی دوورکەوتوو کە بۆ مەبەستی ڕاوکردن بەکاردەهات دۆزییەوە. کەواتە ئەو سێزدەهەمین و دوایین میوانی ئەم ئاهەنگەبوو. لەوانەیە (سێر هێنری) و خانمی خاوەن ماڵیش بەهیچ شێوەیەک بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە ژمارەی سێزدە شوومە چونکە هیچ کامیان بڕوایان بەخورافات نەبوو بەڵام لەوانەیە ئەگەر بڕوایان بەخورافات هەبووایە و ئەوەیان لەبەرچاو بگرتایە باشتر بووایە. لەسەر مێزی نانخواردن (سێرهێنری ویلسۆن) جلوبەرگی مەدەنی لەبەر کردبوو هەروەها لەو شەوەدا ئەو زۆر دەم بەخەندە و دڵخۆش بووە و نزیکی کاتژمێر ٢ی پاش نیوەشەو کاتێ کە خانمی خاوەن ماڵ، ماندوو بەڵام خۆشحاڵ بۆ حەسانەوە چووە ژوورەکەی خۆیەوە، میوانەکانیش ماڵاواییان کرد. ئەو شەوە (خاتوو لەیدی لۆندۆن دری) کە زۆر بەکەمی خەوی دەبینی، خەوێکی زیندوو و لەبیر نەچووی بینی. ئەو لە خەوەکەیدا (سێرهێنری) بینی کە بەجلوبەرگی سەربازییەوە سواری تەکسییەک دەبێ. ئەو لە کورسی دواوەی تەکسیەکەدا بەتەنیا بوو. (لەیدی لۆندۆن دری) لە شەقامەکانی لەندەندا بەشوێنیدا چوو. لەو شەقامانەدا کە زۆر ئاشنا بوون.. تاوەکو تەکسییەکە لە پێش شوێنی نیشتەجێ بوونی (سێر هینری)دا وەستا. (لەیدی لۆندۆن دری) لەخەوەکەیدا بەخێرایی ئەو شوێنەی ناسییەوە. (سێر هێنری) دابەزی، کرێی تەکسییەکەی دا و جلوبەرگەکەی ڕێک کرد و پاشان بەپەلە بەرەو دەرگای ماڵەکەی ڕۆیشت لەهەمان کاتدا تەکسییەکە بەڕێ کەوت. (سێر هێنری) خەریکی کردنەوەی دەرگاکە بوو کە لەناکاودا دوو پیاو لە پشت ستونێک کە لەو نزیکانە بوو هاتنە دەرەوە و بەڕاکردن بەرەو لای ئەو ڕۆیشتن. ئەو دوو کەسە نەناسراوە دەمانچەکانیان لەژێر چاکەتەکەیانەوە دەرهێنا. (لەیدی لۆندۆن دری) هەوڵی دا کە ئاگاداری بکاتەوە بەڵام هیچ دەنگێک لە گەرووی نەهاتەوە دەرەوە. ژەنەڕاڵ گوێی لەدەنگی قاچەکان بوو بەڵام بەرلەوەی بتوانێ بگەڕێتەوە یەکێک لە هێرشبەرەکان لە نزیکەوە تەقەی لێکرد. پەڵەیەکی سوور لەسەر جلوبەرگە سەربازییەکەی و لەنێوان ئێسکی هەردوو شانی ژەنەڕاڵدا بەدەرکەوت. ژەنەڕاڵ شل بوو و بەدەستی چەپی ئاسنێکی گرت. پاشان بەدەستی ڕاستی شمشێرێکی بچووکی لە کالان دەرهێنا. بەهەمان شێوە کە ڕوخساری بەرەو هێرشبەرەکان وەردەگێڕا چەند فیشەکێکی تریش تەقی و ژەنەراڵ لەسەر پلیکانەکان کەوت و بەبێ هیچ جوولەیەک لەوێ مایەوە. پیاوە چەکدارەکان ڕایانکرد و لەم کاتەدا (لەیدی لۆندۆن دری) لەکاتێکدا کە ئارەقەیەکی زۆری کردبۆوە و هاواری دەکرد لەخەو ڕاپەڕی. هاوسەرەکەی بەخێرایی خۆی گەیاندە لای و ژنەکە بەشڵەژاوییەوە ئەو خەوە ترسناکەی بۆ گێڕایەوە. هاوسەرەکەی هەوڵیدا کە



دڵنیای بکاتەوە کە ئەوە تەنیا خەو بووە و هیچ پەیوەندیەکی بەڕاستییەوە نییە لەپاشاندا بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دڵەڕاوکێیەی هاوسەرەکەی بێنێ بەدرۆوە تەلەفۆنی بۆ (سێرهێنری) کرد و بە(لەیدی لۆندۆن دری ) گوت کە ئەو سەلامەتە. بەڵام (لەیدی لۆندۆن دری) نەیدەتوانی ئەو بەسەرهاتەی لە خەوەکەیدا بینیبووی لە مێشکی خۆی دەربکات. ئەو، خەوەکەی بۆ چەندین هاوڕێی خۆی گێڕایەوە بەڵام هەموویان ئامۆژگارییان کرد کە ئەو خەوە فەرامۆش بکات و جگەلەوە بەم قسانە نەبێتە هۆی ئازاردانی مێشکی (سێرهێنری). دە ڕۆژ پاش ئەم بەسەرهاتە (سێر هێنری) دەستنیشان کرا تاوەکو پەردە لەسەر پەیکەرێک لە (پەدینگتۆن) هەڵبگرێ کە باسی لە سەردەمی شەڕ دەکرد. (سێرهێنری) جلوبەرگی سەربازی لەبەردابوو بەهەمان شێوە کە (لەیدی لۆندۆن دری) لە خەوەکەیدا بینیبووی. پاش کۆتایی هاتنی مەراسیمەکە ئەو بەتەنیا سواری تەکسیەک بوو بەرەو ماڵەکەی بەڕێ کەوت. ٦٠ چرکە پاش ئەوەی کە کرێی تەکسییەکەی دا و لە دەرگای ماڵەکەی نزیک دەبۆوە، (سێرهێنری ویلسۆن) بەدەمەوە کەوتبووە سەر پلیکانەکان و دەستی ڕاستی لەسەر دەسکەی شمشێرەکەی بوو. ئەو بەفیشەکی دوو پیاوی چەکدار کە لە شوێنی ڕووداوەکە هەڵاتبوون، کوژرابوو.. بەدروستی بەهەمان شێوە کە خاتوو (لۆندۆن دری) لە خەوەکەیدا بینیبووی.

***

زۆر بەکەمی، خەوبینین بەکارەساتی ناخۆشەوە، ئەنجامێکی خۆشی بەدواوە دەبێت. بۆ نموونە سەبارەت بە(ژولیۆس دیتمان) و ئەو خەوەی کە لە مانگی نیسانی ١٩٥٦ دا بینی. دوکانی (ژولیۆس دیتمان) لە شەقامی (هۆرون) لە کۆڵانی (ئۆنتاریۆ) لەشاری (کلێریلاند) لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکا بوو. لەو کاتەدا کۆمپانیای (پارکاماتێک کلیۆند) خەریکی دروستکردنی پارکینگێکی گەورە بوو بۆ وەستانی ئۆتۆمبیل لە تەنیشت دوکانەکەی (دیتمان). ئەو لە خەودا بینی کە ئەم پارکینگە گەورەو مۆدێرنە بەسەر دوکانەکەیدا ڕووخاوە و بەتەواوی وێرانی کردووە. ئەم خەوە ئەوەندە ڕوون و زیندوو دەهاتە پێش چاو کە بەیانی ڕۆژی پاش ئەوە (دیتمان) پەیوەندی بەدەڵاڵێکی کۆمپانیای دڵنیاییەوە کرد و بەخۆشحاڵییەوە بڕوانامەیەکی دڵنیایی بۆ دوکانەکەی کڕی کە لەکاتی گێروگرفت لە کار و کاسبیەکەیدا تا ١٢٠ هەزار دۆلار قەرەبوو بکرێتەوە. (دیتمان) لە کاتژمێر ٣ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ٦ی نیسانی ١٩٥٦ ئەم بەڵگەنامەیەی وەرگرت. سەرلەبەیانی ڕۆژی ٧ی نیسان لەکاتژمێری ٧ی بەیانی باڵەخانەی پارکینگەکە بەرەو

خواربوونەوە دەڕۆیشت. ئەندازیارانی بیناسازی بەپەلە گەیشتنە شوێنەکە. بەشی سەرەوەی باڵەخانە بەرزەکەی پارکینگەکە نزیکەی ٨ پێ لەسەر دوکانەکەی (دیتمان) خوار بوو بوو. شارەوانی فەرمانی دا کە باڵەخانە تازەکە بڕووخێنن و هەروەها فەرمانی بە(دیتمان)دا کە لە ماوەی ڕووخاندنی باڵەخانەکەدا دوکانەکەی دابخات و کۆمپانیای دڵنیایی ناچار بوو قەرەبوویەکی زۆر بدات بە دیتمان کە پێویستە ئەویش مەمنونی ئەو ئاگادارکردنەوە پێشوەختە بێت کە لە خەوەکەیدا بینیبووی.

***

فڕۆکەی زەبەلاحی لەجۆری (کۆنستلایشن) لەسەر ئاوەکە نزم بۆوە و بۆ نیشتنەوە لە فڕۆکەخانەکەدا کە نزیکەی ١٠٠ پێ لەولاتر بوو ڕەوتێکی ڕاستەوخۆی گرتەبەر. فڕۆکەکە لە ئاوەکە درا و بەرەو سەرەوە بەرز بۆوە. باڵێکی چووە نێو زەوییەوە و لەکاتێکدا کە وەکو تۆپێکی ئاگرینی لێ هاتبوو تەقییەوە.

خاتوو (والیک) لەشاری (لۆنگ بیچ) بەتەکانێک لە خەو ڕاپەڕی. کاتژمێر لە ٣ی بەرەبەیان تێپەڕیبوو. بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٩ی کانونی دووەمی ١٩٦٣ ئەو کابوسێکی ترسناکی بینیبوو بەڵام بەترسێکی زۆرەوە بۆی دەرکەوت کە ئەو فڕۆکەیەی کە لە خەوەکەیدا بینیبوویەتی، لە هەمان جۆری ئەو فڕۆکەیە بووە کە هاوسەرەکەی وەکو فڕۆکەوان تیایدا دەست بەکار ببوو. لەوکاتەدا ئەو لە بەشی گواستنەوەی بار بۆ کۆمپانیای هێڵی ئاسمانی (سلیک) کاری دەکرد و ئەو فڕۆکەیەی کە سەفەری پێ دەکرد لە جۆری (کۆنستلایشن) بوو کە پێشتر چەندین سەفەری بەم جۆرە فڕۆکەیە ئەنجام دابوو. بەڵام هاوسەرەکەی ئێستا نەیدەزانی کە ئەو لە کوێیە؟ و ئایا سەلامەتە یاخود نەخێر؟ لەگەڵ ئەمەشدا ژنەکەی دەیزانی ئەو خەوەی کە بینیویەتی بەشێوەیەکی نائاسایی بەزیندوو دەهاتە پێش چاو و نەیدەتوانی بابەتەکەی لە مێشکی خۆی بسڕێتەوە. ئەو، سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە لە هەوڵێکدا بۆ دڵنیابوون لە پێگە و تەندروستی هاوسەرەکەی تەلەفۆنی کرد بۆ نووسینگەی هێڵی ئاسمانی (سیلک). نوسینگەی کۆمپانیا کە تەنیا دەیتوانی پێی بڵێت کە هیچ هەواڵێک سەبارەت بەکەوتنە خوارەوەی هیچ فڕۆکەیەک بەدەستیان نەگەیشتووە. ئەو فڕۆکەیەی کە (جان) فڕۆکەوانەکەی بوو لە شوێنێکدا لە بەشی ڕۆژهەڵاتی وڵاتدا و خەریکی بارکردنی فڕۆکەکە بوو و تا چەند ڕۆژێکی تر دەگەڕایەوە بۆ بنکەکەی خۆی. خاتوو (والیک) لەگەڵ هەموو هەوڵێکیشیدا نەیدەتوانی خۆی لەو ترسە ڕووخێنەرە کە خەوەکەی پێشەکی کارەساتێکە ڕزگار بکات. ئەو سەبارەت بەم خەوە لەگەڵ



دۆستان و دراوسێکانی و خزمەکانی قسە و باسی کرد. زۆربەیان گوێیان پێ نەداو هەندێکی تریشیان پێکەنینیان بەقسەکانی دەهات... بەڵام هیچ کامیان ئەوەیان فەرامۆش نەکرد کە ئەو جۆرێکی تایبەتی لەفڕۆکە، کە ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەری لێ ڕوودا بوو، بۆ ئەوان باس کردووە. بەدواداهاتنی کابوسی ئەو ئافرەتە لە ڕۆژی ٤ی شوباتی ١٩٦٣ بووە مانشێتی ڕۆژنامەکان. مانشێتی ڕۆژنامەی (دێ لۆنگ بیچ ئیندیپندنت پرێس) بەم شێوەیە بوو: کارەساتی ئاسمانی هاوسەر هاتە خەوی ژنەکەی. (خاتوو والیک) کە هەمیشە ئەو کابوسە ترسناکە دەبووە هۆی ئازاردانی مێشکی، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بێ ئارامتر دەبوو. سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە ٣ی شوباتی ١٩٦٣ چیتر ئارامی نەما و دووبارە تەلەفۆنی کردەوە بۆ نووسینگەی ئەو هێڵە ئاسمانییەی کە هاوسەرەکەی تیایدا کاری دەکرد. ئەم جارەش دڵنیا کرایەوە کە هیچ گرفتێک ڕووی نەداوە و لەڕاستیدا فڕۆکەی هاوسەرەکەی بڕیار وایە سەر لەبەیانی هەمان ڕۆژ لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سانفرانسیسکۆ بنیشێتەوە. خاتوو (والیک) هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا و تەلەفۆنەکەی دانایەوە بەڵام ئەم ئاسوودەییە زۆری نەخایاند. ئەو لە ناکاو بۆی دەرکەوت کە تەنیا لە ڕێگەی کەنداوەوە دەتوانرێ لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی سانفرانسیسکۆ نزیک ببیتەوە و ئەو لە خەوەکەیدا بینیبووی کە فڕۆکەکە بەر لە کەوتنە خوارەوە لە ئاوەکە دراوە. ئایا ڕووداوێک ڕوویدابوو؟ ئەو تەلەفۆنی کرد بۆ نووسینگەی کۆمپانیای ئاسمانی لە سانفرانسیسکۆ بەڵام لەو کاتەدا کە ئەو لە سەرهێڵی تەلەفۆنەکە بوو، فڕۆکەی هاوسەرەکەی کەوتە خوارەوە و لە ئاگردا نوقم بوو. پێنج کەس لەو ڕووداوەدا کوژران و چوار کەسی تر کە یەکێکیان هاوسەرەکەی بوو لە مەرگ ڕزگاریان بوو. بەڵام جیاوازییەکی گەورە لە نێوان کارەساتی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکەکە لە خەوی ئەو ئافرەتەو لەڕاستیدا هەبوو. ئەو لە خەوەکەیدا بەڕوونی بینیبووی کە فڕۆکەکە لە کەناری فڕۆکەخانەکەدا لە ئاوەکە دراوە بەڵام لە ڕاستیدا فڕۆکەکە لە ئاو نەدرابوو بەڵکو لە لێواری باندی نیشتنەوەی فڕۆکەخانەکەدا دوچاری ئەو کارەساتە ببوو و گڕی گرت. ڕۆژنامەی (لۆنگ بیچ) سەبارەت بەم ڕووداوە بەم شێوەیە نووسی: ئەمە هەمان کارەساتی ئاسمانی بوو کە ئەو ئافرەتە پێنج ڕۆژ بەر لە ڕوودانی لە خەودا بینیبووی.

***

ئەم ڕووداوانەی کە باسمان لێوەکرد پێشوەخت و لە خەوا ئاگاداریان داوەتەوە ئەو کەسانەی کە بەشێوەیەک پەیوەندییان بەو ڕووداوانەوە هەبووە. بەڵام ئێستا باس لەو

ئاگادارکردنەوەیە دەکەین کە لەکاتی بەئاگابووندا وەک ئیلهامێک کەسانێکی ئاگادار کردۆتەوە. لەڕۆژی جەژنی کریسمەس لە ساڵی ١٩٥٨ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی خاتوو (هارل لامبرت) لەشاری (پێنسبوری هەیگتز) لە فیلا دلفیا بەئۆتۆمبیلەوە لە شوێنی کارەکەی لە کۆمپانیای (سکاتکس) بەرەو ماڵەکەی خۆی دەڕۆیشت. ئەو وەکو هەمیشە لە جادەی ویلایەتی ژمارە ١٣ بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت و لە شەقامی (دێلموور) لەشارۆچکەی (مولیس ویل) وەستا تا ئەو ئافرەتە کرێکارەی لە گەڵیدا بوو دابەزێنێ. پاشان ئەو بڕیاری دا تاوەکو بڕوات بۆ بازاڕی میوە فرۆشتن کە شەقامێک لەو شوێنەوە دوور بوو. بەشێوەیەکی کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو بەهەمان شێوە کە بەرەو بازاڕی میوە فرۆشتن دەڕۆیشت، هەستێکی سەرسوڕهێنەر و نەناسراوی لەخۆیدا هەست پێکرد. کە کارەساتێک لە ڕووداندایە بەو هۆیەی کە خۆشی نەیدەزانی بەرەو شەقامی فرانکلین ڕۆیشت کە بەهیچ شێوەیەک لە بازاڕی میوەوە نزیک نییە و هیچ کاتێک بەو شەقامەدا تێنەدەپەڕی. بەهەمان شێوە کە ئەو لە پاشاندا بەپەیامنێرانی ڕاگەیاند ئەم هەستە پاڵی پێوە نا کە پێویستە زۆر بەخێرایی ئۆتۆمبیلەکەی لێ بخوڕێ تاوەکو گەیشتە بڕگەی شەقامی (هیل ساید) کە بەهۆی کەناڵێکەوە کۆتایی پێ دەهات. ئەو کە لەوێوە کەناڵەکەی دەبینی بەترسەوە بۆی دەرکەوت کە جووتێک دەسکێشی سووری مناڵان بەتوندی بەلێواری کونێکەوە گیرساوەتەوە کە لە سەهۆڵەکەدا دروست ببوو. ئەو ڕاستەوخۆ ئۆتۆمبیلەکەی بەرەو کەناری شەقامەکەو سەر کەناڵەکە لێخوڕی و لە مناڵەکە نزیک ببۆوە کە قورسایی ئۆتۆمبیلەکە بووە هۆی شکانی سەهۆڵەکەو نزیکەی ٤ پێ چووە نێو ئاوە ساردەکەوە لەکاتێکدا سەهۆڵ دەرگای ئۆتۆمبیلەکەی داخستبوو و ڕێگەی چوونە دەرەوەی لێ گرتبوو ئەو دەستی بەقیژاندن و هۆڕن لێدان کرد. یەکێک لە دانیشتوانی ئەو گەڕەکە بەناوی (جۆرج تایلۆر) و کوڕە چواردە ساڵانەکەی گوێیان لە هاوارەکەی بوو و بەپەلە خۆیان گەیاندە شوێنی ڕووداوەکە لە کاتێکدا کە دارێکی درێژیشیان لەگەڵ خۆیاندا هێنابوو.. ئەو کوڕە بەهۆی دارەکەوە چووە سەر سەهۆڵەکە و کچە دوساڵانەکەی ڕزگار کرد کە ناوی (کارۆڵ شیز) بوو. ئۆتۆمبیلەکەی خاتوو (لامبرت)یش بەخێرایی لە ئاوەکە هێنرایە دەرەوە. ئەو کچە دوو ساڵانەیە بەهۆی ئەو هەستە سەرسوڕهێنەرەی خاتوو (لامبرت) لە مردن ڕزگاری بوو.



## کرمی دۆزەخ یان شەیتانی دەریاکان

لە نزیکی ٢میل لە باکووری شاری (بامبورگ) لە ویلایەتی (نۆرتۆمبێرلاند)ی بەریتانیا، تاشە بەردێک هەیە کە بەچەندین ئەشکەوتی بچووک و پێکەوە بەستراو داپۆشراوە. ئەم تاشە بەردە زەبەلاحە کە دەڕوانێتە کەنارەکانی دەریا، ئەمڕۆ (بۆدل پۆنیت)ی پێ دەگوترێ. ئەم شوێنە لە سەدەی ١٦ لەژێر ناوی (سپیندلستۆن کراگ) دەناسرا و لە ساڵی ١٥٤٣ زایینی دانیشتوانی ناوچەکە لاشەی بوونەوەرێکی تایبەتییان لەوێدا دۆزییەوە کە زۆر ناحەزو ترسناک بوو. لە ڕاپۆرتی بەجێماو لەوکاتەدا بەم شێوەیە باس لەو بوونەوەرە دەکات:

هیچ مرۆڤێک ناتوانێت بیر لە هیچ شتێکی ترسناکتر لەم بوونەوەرە بکاتەوە. بوونەوەرێک بەدوو شاخ لەسەر سەری و چاوانی سووری ئاگرین و ڕوخسارێکی ناحەز و دەست و قاچێکی پەڕەدار و دەمێکی گەورە کە لەسەر زەوییەکە ڕاکێشرابوو. سەرەنجام ئەو بوونەوەرە بۆگەنی کرد و لەناوچوو. بۆنێکی ئەوەندە ناخۆشی هەبوو کە هیچ یەک لەو کەسانەی بۆ بینینی دەهاتن نەیاندەوێرا لێی نزیک ببنەوە. بەڵام تا ئەو کاتە سەدان کەس بوونی ئەم بوونەوەرە ناوازەیان سەلماندووە. نووسەری ڕاپۆرتەکە لە درێژەدا دەنوسێ: بەڕووکەش ئەو ئەژدیهایە تا ماوەیەکی دوور و درێژ بووە هۆی خولقانی ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆر لەناو دانیشتوانی ناوچەکەدا. هەمووان بەبێ جیاوازی ناویان لێنا (شەیتانی دەریاکان) بەڵام هیچ کەسێک هۆکاری ئەم ناو لێنانە نازانێ. ئەو بوونەوەرەیان بەکرمێکی گەورەش ناودەبرد. ئەفسانەیەکی بچووکی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە باس لە ڕاستییەکی سەرسوڕهێنەر و مێژوویی دەکات. ئەو بەسەرهاتە پێمان دەڵێ کە شاژنێک لە قەڵای (بامبورگ) دەژیا و بەهۆی نەفرەتی باوەژنەکەی بۆتە کرم.

کچە بێچارەکە کە ببووە ئەژدیهایەکی ترسناک و شوێنی نەبوو کە تیایدا بمێنێتەوە پەنای بردە بەر ئەشکەوتێک لە (سپیندلستۆن کراگ) تاوەکو براکەی بەشێوەیەکی نائاسایی واتە ماچکردنی کچەکە تەلیسمەکەی شکاند و کچەکە دووبارە بووەوە بەمرۆڤێکی ئاسایی. سپیندلستۆن کراگ تەنیا ناوچەیەک نییە لە بەریتانیادا کە بینینی ئەم جۆرە کرمە زەبەلاحە بۆتە هۆی ترساندنی دانیشتوان. یەکێک لەم کرمانە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لە دارستانێک لەنزیک گوندی (یورکشایر) لەناوچەی (سێکهۆڤ) بینراوە.

ئەم کرمە بەپێچەوانەی ئەو کرمەی کە بەمردوویی دۆزرابۆوە زۆر لە تەندروستییەکی باشدا بووە و لە لایەنی گلادیاتۆرێکی زرێپۆشەوە کوژراوە.

گوندیەکان پێستی ئەم بوونەوەرەیان داماڵی و وەکو دەستکەوتێکی شەڕ بەدیواری کەنیسەی گوندەکەیانەوە هەڵیانواسی. ئەم کەنیسەیە هێشتاش هەیە بەڵام ماوەیەکی زۆر بەر لەئێستا پێستی کرمە زەبەلاحەکە لەلایەن کەسێکی نەناسراوەوە دزراوە.

ئایا دەتوانین ئەم بەسەرهاتانە بەڕاستەقینە لەقەڵەم بدەین؟ و ئەگەر راستەقینەن ئایا نموونەی تریش بۆ بەراوردکردن لە ئارادا هەن؟ قەشەیەک بەناوی (جۆن دی هۆکلاو) لە ساڵی١٤٠٥ی زایینی ڕایگەیاندووە کە کرمێکی زەبەلاح لەنزیکی (بورز) لە سنووری نێوان (ئێسێکس) و (سافۆلک) بەدەرکەوتووە کە شوانێکی کوشتووە و چەند مەڕو بزنێکیشی خواردووە. تیرهاوێژەکان بۆ لەناوبردنی ئەم بوونەوەرە زەبەلاحە هەوڵێکی سەرنەکەوتوویان دا. بەڵام کاتێ کە داوای هێزی زیاتر بۆ یارمەتیدان کرا بوونەوەرەکە بەرەو زەلکاوێک ڕۆیشت و تیایدا ون بوو. بەپێی بەڵگەنامەکانی ئەو کاتە، ئەم بوونەوەرە جەستەو کلکێکی گەورەی هەبووە و دانەکانی وەکو مشار بووە و لەسەریشی شتێک وەکو پۆپنەی کەڵەشێر هەبووە.

لە ساڵی ١٦٦٨ کرمێکی تر لە نزیکی ٤٠٠ مەتری گوندی (هێنهام) لە پارێزگای (ئێسێکس) بینراوە. ئەم بوونەوەرە پێستەکەی وەکو ماسی بەپوولەکە داپۆشرابوو کە لە بەرامبەر ئەو کەرەستە کشتوکاڵییانەی کە جوتیارەکان بۆ کوشتنی کەڵکیان لێ وەردەگرت بەرگری دەکرد و بۆ ماوەی یەک هەفتە ئەو ناوچەیەی لە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆردا نوقم کرد. ئەم ڕووداوە لەو سەردەمەدا سەرنجی زۆرکەسی بۆ لای خۆی ڕاکێشاو چێشتخانەی ماری (ئێسێکس) بەناوی ئەم ڕووداوەوە ناونراوە.



لە (لینتۆن) و (لامبتۆن)، (پولارد)، (ساکبورن) (هندال) لە باکوری ڕۆژهەڵاتی بەریتانیا،، لە (شرویج) لە باشوور و لە (دێنبینگ) و (سینویچ) لە رۆژئاوا چەندین ڕاپۆرت سەبارەت بەبینینی ئەم کرمە زەبەلاحانە لەبەردەستدایە. ئەم ڕاپۆرتانە بەڕادەیەک لەڕووی



کات و جوگرافیاوە لە یەکتری جیاوازن کە شوێنێک بۆ دودڵی ناهێڵێتەوە. نووسەرێک بەناوی (ئێف دەبلیو هۆلیدای) کە لێکۆڵینەوەی وردی لەسەر ئەم کرمانە ئەنجام داوە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ پیاوێکی ئێرلەندی ئەنجام داوە کە بەسەرهاتێک لەباوکی خۆی دەگێڕێتەوە کە کرمێکی زەبەلاحی بینیوە کە لەژێر پردێکدا لەناوچەی (بالینا هینچ) گیری کردووە. ئەو بوونەوەرە نزیکەی **٩** مەتر درێژ بووە و جەستەی بەقەد جەستەی ئەسپێک ئەستوور بووە.

هەموو ئەم بەسەرهاتانە پەیوەندی بەڕابردوویەکی دوورەوە نییە. بۆ نموونە لە ڕۆژی **١٦**ی حوزەیرانی **١٩٦٣**ی زاینی بوونەوەرێکی تر لەم جۆرە لە ناوچەی (لان ماسک) بینراوە سەبارەت بەمە چی دەڵێین؟

لێرەدا پێویستە باسێکی تر بێنینە ئاراوە. مستەر هالیدای پاش لێکۆڵینەوەی وردی بەڵگەنامە مێژووییەکان و ڕاپۆرتەکانی ئەم سەردەمەی خۆمان گەیشتۆتە ئەم ئاکامە: ئەو شتەی کە باپیرانی ئێمە ناویان لێناوە (کرم) بوونەوەرێکە لە هەمان گرووپی بوونەوەرانەی کە ئەمرۆ بەئەژدیهای دەریاچەی لۆخ نێس بەناوبانگە. ئەو ئەژدیهایەی کە لە دەریاچەی لۆخ نێس لە سکۆتلەندا دەژی تا ئەمرۆ سەدان جار لەلایەن کەسانی جیاوازەوە بینراوە. ئەگەرچی ئەم بیرۆکەیە وەکو بابەتەکانی پێشتر کەباسمان لێوە کردووە بەتەواوی دڵنیاییمان پێ نابەخشێ بەڵام (هۆلیدای) لەسەر بنەمای لێکچوونەکانی هەر دوو جۆرە بوونەوەرەکە گەیشتۆتە ئەم ئاکامە کە، وشەی ئەژدیهاش بەو بوونەوەرە دەگوترێ. جێگەی داخە کە تەنیا لە کتێبی منداڵاندا بوونی ئەژدیها بەشێوەیەکی فراوان جەختی کراوەتە سەر چونکە مرۆڤێک کە لەڕووی تەمەنەوە گەورەیە زۆر دژوارە بتوانێت بوونی ئەم بوونەوەرانە بەڕاستەقینە لەقەڵەم بدات. بەدڵنیاییشییەوە لەوانەیە بەهۆی بەڵگەنامەی بڕوا پێکراوەوە بڕوا بەبوونی ئەم بوونەوەرانە بکەین بەڵام هەندێ کەس لەو بڕوایەدان کە ئێمە ناتوانین بەڵگەنامەیەکی بڕواپێکراوی مێژوویی یا بەڵگەنامەی تر بەدەست بینین تا بتوانێ پشتیوانی لە وێنەی ئەو کتێبە چیرۆکانە بکات کە سەبارەت بەخشۆکێکی باڵدارە کە ئاگر لەدەمی دێتەوە دەرەوە و خواردنی تەنیا کچانی جوان و ناسکە. لەهەمان کاتدا پێویستە ئەوەش بەبیر بێنینەوە کە هەندێ لە وێنەی چیرۆکە ئەفسانەییەکان زەمینەیەکی ڕاستەقینەیان هەیە. لەوانەیە گلادیاتۆری چیرۆکی (زرێی درەختان) هەرگیز روخسارێکی ڕۆمانتیکی بەو شێوەیە نەبووبێت کە ئێمە بیری لێ دەکەینەوە، بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە گلادیاتۆرەکان هەبوون و تەنانەت ئێستاش هەن. ئەو شتەی کە لە ڕابردوودا هەبووە

بەدڵنیاییەوە ئێستاش هەیە. تەنیا جیاوازییان لەگەڵ ڕابردوودا ئەوەیە. کە ڕوخسارو شێوەی دەرەوەیان گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا هاتووە. بەهەمان شێوە شازادەکان هەبوون و هێشتاش هەن و بەلێکچوونێکی زیاتر، جادووگەرەکانی چیرۆکە ئەفسانەییەکانیش، ئێستا هاوشێوەی خۆیان هەیە. ئەگەر جادووگەرە پزیشکەکان لەبەر چاو بگرین، ئەگەر لە فەرهەنگە سەرەتاییەکان ورد بینەوە و ئەگەر ڕاستییەکان سەبارەت بەدکتۆر (جان دی) فاڵچی دەرباری شاژنە ئەلیزابێتی یەکەم بدۆزینەوە کە ئەفسانەکان جێگیر بکەن، لەوانەیە چاوێک بەدوا بڕیاری خۆماندا بگێڕینەوە. ئەگەر ئێمە ئەو وشانەی کە دەبنە هۆی دروستبوونی هەستیاری بخەینە لاوە ئەگەری قبوڵ کردنی بوونی ئەم بوونەوەرانە زۆر ئاسانتر دەبێت. بەسادەیی داوامان لێ دەکرێ تابڕوا بێنین کە بوونەوەرێکی ناحەز و ترسناک کە ماوەیەکی زۆر بەسەر لەناوچوونیدا تێپەڕیوە جارێکی تر بەشێوەی ڕێکەوت لە ناوچەیەکی گوندنشینی بەریتانیادا بینراوە. ئەم بابەتە زۆر سەرسوڕهێنەر نییە کە بوونەوەرێکی لەم شێوەیە پەیوەندییەکی نزیکی بەگلادیاتۆرەکان یا پیاوە شەڕکەرەکانی سەردەمی کۆندا هەبووە. گلادیاتۆرێک پیاوی شەڕکەری سەردەمی خۆی بووە بەهەمان شێوە کە ئێمە ئەمڕۆ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم جۆرە گرفتانەدا پەنا بۆ پۆلیس یا سوپا دەبەین لەو ڕۆژگارەدا گلادیاتۆرەکان بۆ بەرەنگاری بانگهێشت دەکران. کاتێ کە بمانەوێ لە بەسەرهاتە خەیاڵییەکاندا بەشوێن شتێکدا بگەڕێین کە بەلایەنی کەمەوە بەڕاپۆرتێکی مێژوویی بڕواپێکراو لەقەڵەم دەدرێ ڕووبەڕووی ئەو خاڵە دەبینەوە کە ئەو گلادیاتۆرە سەدان جار جێگەی خۆی داوە بەدەستەیەک تیرهاوێژ تا هەوڵ بدەن کە ئەو بوونەوەرە بەشێوەیەکی دوور لە مەترسی و لە دوورەوە بیکوژن. ئەگەر دۆزینەوەی ئێسکە بەردێکی مارێکی زەبەلاح بخەینە سەر هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانە ئەوسا بابەتەکەمان دەبێتەوە خاوەن بناغەیەکی پتەو و بنەمایەکی ڕاستەقینە. ئەم بناغەیە بەدڵنیاییەوە زۆر بەهێزترە لەو بابەتەی کە لە سەرەتای بەسەرهاتەکەدا بەدەردەکەوێ. کەواتە ئێستا پرسیارێکی ترمان هەیە: ئایا ڕاستییەکی فیزیکی ڕاستەقینە لەپشت ئەفسانەی ئەژدیهاوە هەیە؟ وەرن لەسەر بنەمای تیۆری و بەشێوەی تاقیکردنەوە بیر لەوە بکەینەوە کە ئەو خشۆکانەی شێوەی کرمیان هەیە لە سەردەمانی پێشوودا مەترسیدارتر بوون لەو خشۆکانەی ئێستا، کەواتە دەتوانین ئێستا چ زانیاریەک لەسەر ئەم بوونەوەرانە بەدەست بێنین؟.

ئەفسانەیەکی ناوچەی (وێلز) لە بەریتانیا بەسەرهاتێکی سەرنج ڕاکێش سەبارەت بە



کرمی دەریاچەی (سینۆچ) دەگێڕێتەوە. ئەو بوونەوەرە لە کەناری دەریاچەکەدا بەدەردەکەوت و لە کەناری (موئل ئافرۆم) بەبزاوتێکی نهێنی بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت. ئەو بەهەمان شێوە کە بۆ بەدەستهێنانی خۆراک بەرەو پێشەوە دەڕوات جەستە قورس و زەبەلاحەکەی بەشێوەی مار، پێچ دەدات و لە جێگا بەجێ ماوەکەیدا ئاوێکی لینج بەجێ دەهێڵێ. بەو شێوەیەی کە لەم ئەفسانەیە بەدەر دەکەوێت سیحربازێکی ناوچەکە سەرنجی دایە ئەم بوونەوەرەو دەستەیەک لە تیرهاوێژەکانی بۆ کوشتنی بەکرێ گرت. هەوڵی ئەم پیاوانە هیچ سەرکەوتنێکی بەدواوە نەبوو. ئەو کرمە زەبەلاحە زۆر چالاک و فێڵباز بوو چونکە ئەو کاتەی کە تیرهاوێژەکان دەگەیشتنە کەنارەکە خۆی دەرباز کردبوو. هەمیشە لەم جۆرە کاتانەدا کرمەکە ون دەبوو و بەبڕوای ئەوان چوو بووە نێو دەریاچەکە. سەرەنجام کوڕێکی شوان بەناوی (مێرێدید) بەکەڵک وەرگرتن لە تەورێکی سیحراوی کە لە کەنیسەیەک وەریگرتبوو توانی سەری بوونەوەرەکە بپەڕێنێ.

هەندێ بنەچەک لەم ئەفسانەیەدا هەیە کە شیکردنەوەیان دەتوانێ سوودمەند بێت. بۆ نموونە زانینی ئەم خاڵە (بۆچی ئەو سیحربازە سەرنجی بۆلای ئەو بوونەوەرە ڕاکێشرا)؟ پێویستە بەو شێوەیەی کە باس دەکرێ جادووگەرەکان سەروکاریان لەگەڵ سیحرو جادووە ئەگەر ئەو بوونەوەرە لە بەرامبەر شێوە ئاساییەکانی کوشتندا دەوەستایەوە (بۆ نموونە لەلایەن گلادیاتۆرەکان یا خەڵک) ئێمە ئەبێ چاوەڕێی ئەوەبین کە گوندنشینە نائومێدەکان پەیامنێرێک بنێرنە لای جادووگەرێک.

بەڵام لەم بەسەرهاتەدا لایەنە خەیاڵییەکان وەکو گلادیاتۆرەکان کەمتر بەرچاو دەکەون و ئەو جادووگەرە بەپێچەوانەی شارەزاییەکەی کەڵکی لە سیحر وەرنەگرتووە. تەنانەت گومان لە ڕووبەڕووبوونەوەی جادوگەرەکەش دەکرێت. ئەو وەکو فیۆدالێک کۆمەڵێک تیرهاوێژی بەکرێ گرتووە. ئایا لایەنی ڕاستەقینە لەم بەسەرهاتەدا بەرچاو ناکەوێت؟ ئێمە لەم قۆناغەدا تەنیا دەتوانین باس لە پەیوەندی نێوان کرم و جادوو بکەین و پێویستە ئەوەمان لەیاد بێت کە ئەو شتەی لەو سەردەمەدا ناوی جادوی لێنراوە ئەمڕۆ بەناوی دیاردە ناسروشتییەکان دەناسرێن. ئەم پەیوەندیە بەتایبەتی ئەو کاتەی کە تێدەگەین چ کارەساتێک بەسەر ئەو تیرهاوێژانەدا هاتووە بەهێزتر دەبێت. ئەوان نەیاندەتوانی لەو بوونەوەرە نزیک ببنەوە. بەدڵنیاییەوە ئەو بوونەوەرە خاوەن جۆرێک لەهەستی شەشەم بووە کە لە نزیک بوونەوەی تیرهاوێژەکان ئاگادار دەبوو. ئەم بابەتە زۆر لەوە گرنگترە کە لەسەرەتادا بەرچاو دەکەوێت. ئەگەر بیرۆکەی هۆلیدای سەبارەت بەوەی کە ئەم ئەژدیها

بەناوبانگەی دەریاچەی (لۆخ نێس) کرمێکی ئەم سەردەمەیە قبوڵ بکەین ئەوا لەئاکامی یەکجاری زۆر نزیک دەبینەوە. چونکە لەهەمان کاتدا کە چەندین بینەری ئەم بوونەوەرە لەبەر دەستدان کە جێگەی گومانێک سەبارەت بەبوونی ئەژدیها ناهێڵێتەوە وا دێتە پێش چاو کە ئەو ئەژدیهایە دەتوانێ بەتەواوی خۆی لە گۆشەی بینینی کامێرا پێشکەوتووەکان بەدوور بگرێت و ئەو چەند وێنەیەی کە لەم بوونەوەرە گیراون زۆر تاریک و تەڵخن. هۆلیدای لە کتێبەکەیدا باس لە کێشەی نا ئاسایی وێنەگرتن لە ئەژدیهای دەریاچەی (لۆخ نێس) دەکات. لەچەندین بەش لە کتێبەکەدا ئەو بەتەواوی ڕوونی دەکاتەوە کە مەبەستی لە وشەی (نائاسایی) هەمان وشەی (ناسروشتی) یا (سەروو سروشتییە) چونکە هۆلیدای هاتۆتە سەر ئەو بڕوایەی کە هەموو ئەم دیاردەیە لایەنی ڕۆحی تێدایە. لەوانیەیە وشەی (ڕۆحی) وشەیەکی ورد و دروست نەبووبێت چونکە گەر وا بێت ئەوا ئێمە ڕووبەڕووی دیاردەیەکی ئایینی دەبینەوە. بەم شێوەیە وا دێتە پێش چاو کە ئەفسانەی ناوچەی (وێلز) هێما بۆ شتێکی لەم شێوەیە دەکات. ئەگەر ئێمە ئەو مناڵە شوانە بخەینە چوار چێوەیەکی سەمبۆلیکەوە ئەو کاتە ڕووبەڕووی شێوەیەک لە حەزرەتی مەسیح لە قاڵبی شوانێکی پاک و ڕاستکردار یا تەنانەت شێوەیەک لە قارەمانێکی ئایینی کۆنتر بەشێوەی حەزرەتی داود دەبینەوە و لایەنی ئایینی بەسەرهاتەکەمان بەناساندنی ئەفسانەیی تەورێکی سیحراوی کە لە پەرستگایەک بەردەستی شوانەکە کەوتووە بەتەواوی دەردەکەوێ. جێگەی سەرسوڕمانە کە بۆچی لەبنەڕەتدا بنەچەکی ئایینی هاتە نێو ئەم ڕووداوەوە بەهەمان شێوە کە بەر لەمە جێگەی سەرسوڕمان بوو کە بۆچی بنەچەکی جادوو بەشێوەی سیحربازێک هاتە نێو ئەم بەسەرهاتەوە. ئێمە بەبێ ئەم دوو لایەنەش بەسەرهاتێکی ئەفسانەیی باشمان لە بەردەستدایە بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە کە بۆچی خوڵقێنەرانی ئەم بەسەرهاتە تا ئەم ڕادەیە گرنگیان پێداوە؟ جێگەی سەرسوڕمانە کە پەیوەندی ئەم بوونەوەرانە لەگەڵ لایەنی ئایینیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمێکی زۆر بەر لەم ئەفسانەیەی ناوچەی وێلز. ئەم بابەتە لە بڕوانامەی مەسیحیە سەرەتاییەکان بەشێوەیەکی هەڵکەوتوو بەرچاو دەکەوێ. لە تۆماری (دەریای مردوو)شدا هێمایەکی بۆ کراوە و لەهەردوو شوێنیشدا ئەم بوونەوەرە بەناوی شەیتان ناوی لێنراوە. ئەم بابەتە سەرسوڕهێنەرە تەنیا تایبەت نییە بەئایینی مەسیحیەوە. ئەم کرمە زەبەلاحە وەکو سەمبولی شەیتان لە ئایینی کۆنی دانیشتوانی سکاندەناڤیا بەدەردەکەوێ کە بەم شێوەیە باس لەم بوونەوەرە و هاوشێوەکانی دەکات کە: ئەم بوونەوەرانە لەژێر (ئیگ گدرازیل)



واتە درەختی جیهان بەئازار و ژانەوە بەدەوری یەکتردا دەسووڕێنەوە. کرم لە سەردەمی دەسەڵاتی کیروس لەلایەن گرووپێک لەشاری ئور دەپەرسترا. بەڵام دوابەدوای هێرشی ئێرانییەکان و دەست بەسەراگرتنی ئەو شارە لایەنگرانی ئەم گرووپە بەرەو ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئاسیای بچووک هەڵاتن و لەوێدا ناوەندێکی تریان بەرپا کرد.

کەسایەتییەکی گرنگ وەکو یوحەنناى پیرۆز کە یەکێک لە حەواریونی حەزرەتی عیسای مەسیح بوو کاتێ کە بەناوی (شوێنی شەیتان) باسی لەو ناوەندەکرد ڕای خۆی سەبارەت بەپەرستشی کرم دەربڕی. بەدڵنیاییەوە ئەمە گریمانێکی ترسناکە چونکە لە ڕوانگەی ئیلاهیاتەوە شوێنی شەیتان لە دۆزەخدایە. یوحەنناى پیرۆز وەکو هەموو مەسیحیانی تر لەو سەردەمەی سەرەتای سەرهەڵدانی ئایینی مەسیحی پەیوەندییەکی لەنێوان دۆزەخ و ئەو کرمەی کە هەرگیز نامرێ دەبینێ. بەپێی بڕوای مەسیحیەکان لقەکانی ئیگ گدرازیل واتە درەختی جیهان دەگاتە بەهەشت. بەڵام بەپێی بڕوای خەڵکی سکەندەناڤیا ڕەگوڕیشەی بەقووڵی لە دۆزەخدا ڕۆچووە و لەژێر ئەم ڕەگوڕیشەیە کرمەکان تێک ئاڵاون. لە سەرانسەری ئینجیلدا بەتایبەتی لە ئینجیلی یوحەننادا بەناوی ئەژدیهای گەورە و ماری کۆنەکار باس لە شەیتان کراوە و ئەگەر هۆلیدای لە وتەکانیدا ڕاستی بەکارهێنابێت ئەم دوو وشەیە هاوواتای کرمن. سروودێکی ئایینی لە تۆماری دەریای مردوودا دەڵێ: هەڵەکانی من، تاوانەکانی من و سەرەڕۆیی دڵی من، من بەهاونشینی لەگەڵ کرمدا مەحکوم دەکات و ڕێپێوانێکی دورو درێژ لە تاریکیدا....

مادام سەرنجی ئێمە بەتەواوی بەرەو ئەفسانە و مێژووی ئەفسانەیی و ئایینی ڕاکێشراوە کە پڕە لە نموونە ئەخلاقی و سیستەمە سەمبولیکەکان گرفتێک لە ئارادا نابێت. بەسەرهاتی کرمیش لە ڕیزبەندی ئەم ڕاستییانەدایە و بەبێ گومان خاوەن ڕاستییەکی فیزیکیشە و تەنانەت ئەو گریمانە لە ئارادایە کە هێشتاش بەو شێوەیە بێت. کرم وەکو ئەو گورگە بووە کە لە ناوچە گوند نشینەکانی بەریتانیا دەسوڕایەوە و هەندێ کات دەبووە هۆی ڕوودانی چەندین کارەساتی دڵتەزێن. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەدا ڕووداوی کرم یا ئەژدیها یا هەر ناوێکی تر کە لەم بوونەوەرە بنرێت تێکەڵ بەئایین و بابەتی سەرەکی چاکە و خراپە لە پێوەرێکی جیهانیدا بووە ئایا دەزانن بۆچی؟ ئێمە دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ ئەو بیرۆکەیەی کە کرمەکان ئاژەڵی دڕندەی ئاسایی وەکو گورگەکان نین و لەڕاستیدا ئەوان خاوەن لایەنێکی ناسروشتی یاخود سەروو سروشتین. کەواتە ئایا ناتوانین بگەینە ئەو ئاکامەی کە کرمەکان نیشتەجێی جیهانێکی ترن؟.

تاوانەکانی من، من بەهاونشینی لەگەڵ کرم و ڕێپێوانێکی دوور و درێژ لە تاریکیدا مەحکوم دەکەن.. ئەم سرووده ئایینییە مانای چییە؟

کاسپر هاوزر ئەو مرۆڤەی کە لە جیهانێکی ترەوە هاتووە دێتەوە یادی کە ساڵەکانی سەرەتا ژیانی لە جیهانێکی تاریکدا بەسەر بردووە. بەڵام ئەگەر کرمەکان لە جیهانێکی ترەوە هاتبن، باپیرانی ئێمە کاتێ کە بۆ یەکەم جار بیریان لە دۆزەخ کردۆتەوە دەبێت مەبەستیان جیهانێکی تر بووبێت. لێرەدا دێینە کۆتایی بەسەرهاتی کرم یا ئەژدیها یا بوونەوەرێک لە جیهانێکی ترەوە بەڵام لەگەڵمان بن بۆ تێڕامان لە بەسەرهاتی ئەو بوونەوەرەی کە تاوەکو ئێستاش نەناسراوەتەوە.

***

ئەگەرچی دەیان زانا و پسپۆر بۆ ماوەی ٢ ساڵ یا زیاتر سەرگەرمی لێکۆڵینەوەی بەڵگەنامەکان بوون بەڵام هیچ کاتێک نەیانتوانی ئەو بوونەوەرە بناسنەوە کە لە کەنار دەریادا دۆزرابۆوە. ئەم بوونەوەرە لە ناوەڕاستی مانگی تەموزی ١٩٦٠ ئەو کاتەی کە دوورگەی تاسمانیا دوچاری یەکێک لە ترسناکترین تۆفانەکانی مێژووی خۆی بوو لە کەنار دەریادا دۆزرایەوە.

پاش ئەوەی کە دەریا هێمن بۆوە، ئاژەڵدارێک بەناوی (بێن فێنتۆن) و چەند کەس لە هاوکارەکانی خەریکی کۆکردنەوەی ئاژەڵەکانیان بوون لە خاڵێک لە کەنار دەریا کە نزیکەی ٢ میل لەو شوێنەوە دوور بوو کە ڕووباری ئینتەرڤێڤ دەڕژێتە دەریاوە. لەم نێوانەدا دوو کەس لە ئاژەڵداران بەرێکەوت ڕووبەڕووی جەستەیەکی زەبەلاح و داپۆشراو لە تووکی ئاژەڵێک بوونەوە کە لە کەنار دەریاکەدا کەوتبوو و هەواڵەکەیان گەیاندە (بێن فێنتۆن) ئەویش خۆی گەیاندە شوێنەکەو لە بینینی ئەو بوونەوەرە دوچاری سەرسوڕمان بۆوە و پەیوەندی بەلێپرسراوانی ناوچەکەوە کرد. پاش ئەوەی کە زانایەکی سروشت ناسی وابەستەی دەوڵەت چووە بینینی ئەو لاشە زەبەلاحە سەرجەم زانایانی تر بەپەلە خۆیان گەیاندە ناوچەکە. تەنانەت هەندێکیان بەمەبەستی خێرایی لەگەیشتندا بەهەلیکۆپتەر خۆیان گەیاندە ئەوێ. ئەوان پاشماوەی بوونەوەرێکی زەبەلاحیان لەوێدا بینی کە لە هیچ کتێبێکدا باسی لێوە نەکراوە. شێوەیەکی بازنەیی هەبوو نزیکەی ٢٠ پێ پانی و درێژی هەبوو و نزیکەی ٦ پێ لە ناوەندا ئەستوور بوو. جەستەی بەتووکی سوور و کورت داپۆشرابوو و پێستەکەی نزیکەی یەک ئینچ ئەستوور بوو بەشێوەیەک کە تەنانەت تەوریش لێی کاریگەر نەبوو. بۆ ئەوەی کەبتوانن پارچەیەک لەو بوونەوەرە بخەنە ژێر تاقیکردنەوە



دوو زانای بەهێز ناچاربوون کەبۆ زیاتر لەیەک کاتژمێر بەتەوری تیژ بکەونە وێزەی ئەو بوونەوەرە. لێکۆڵینەوە زانستییەکان لە تاقیگەدا تەنیا بووە هۆی زیاتر بوونی لایەنەکانی ئەم نهێنییە. چونکە لە کتێبە زانستییەکاندا هیچ نموونەیەک لە مادەی پێکهێنەری جەستەی ئەو بوونەوەرە نەدۆزرایەوە. بوونەوەرناسانی هەڵکەوتوو لێکۆڵینەوەی زیاتریان ئەنجام دا و ڕایانگەیاند کە ئەم پارچە زەبەلاحە ناتوانێت بەشێک بێت لەجەستەی هیچ نەهەنگێک. زانایانی تریش پاش بینینی بوونەوەرەکە ڕایانگەیاند کە ئەم شتە سەرسوڕهێنەرە دۆزراوەیە بەشێک نییە لە جەستەی هیچ بوونەورێکی زیندوو کە تا ئێستا لەلایەن مرۆڤەوە ناسراوە. کاتێ کە لە پارلەمانی ئۆستراڵیا لە مانگی ئازاری ١٩٦٢ داوای ڕوونکردنەوە کرا سەبارەت بەم ئەژدیهایەی کەنارەکانی تاسمانی، گرووپێک لەزانایانی دەوڵەتی کە بە پەلە کۆکرابوونەوە بۆ کردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە بەفڕۆکە بەرەو تاسمانی بەڕێ کەوتن. ئەوان ڕایانگەیاند کە تا چەندین هەفتە لەو شوێنەدا دەمێننەوە بەڵام لەڕاستیدا تەنیا ٢٤ کاتژمێر لە ناوچەکەدا مانەوە. ڕاگەیەندراوی ڕەسمی ئەوان بریتی بوو لەوەی کە ئەو شتە دۆزراوەیە بوونەوەرێکی زەبەلاح بوو. بەڵام ئەوان تەنیا لەم ڕایەدا هاوبیر بوون کە تائێستا شتێکی لەم شێوەیە لە هیچ کات و شوێنێکدا نەبینراوە. تا یەک ساڵ پاش ئەوە بوونەوەرە زەبەلاحەکەی تاسمانی لەوێدا بوو لەکاتێکدا کە هێشتاش لەڕیزبەندی بوونەوەرە نەناسراوەکاندا لەقەڵەم دەدرێ.

***

ئەو بوونەوەرەی کە لە قووڵایی دەریاکاندا دەژیا و لەمانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٥ لەلایەن شەپۆلەکانەوە هێنرایە کەنارەکانی شارۆچکەی نیس لە کالیفۆرنیا، بەتەواوی لەو بوونەوەرانە دەچوو کە دەریاوانەکان لە سەفەرەکانیاندا ڕووبەڕووی ببوونەوە. ئەم بوونەوەرە جەستەی نزیکەی ١٦ پێ درێژ و ئەستووریی ١٤ ئینچ بوو و سەری لەمار دەچوو و نزیکەی ٨٠٠ پۆند قورسایی هەبوو. کاتێ کە (جۆ کۆرهۆمل) خەڵکی ناوچەی (ڕێدڤۆدسیتی) گوێی لەو باسە بوو بەخێرایی ئەو شتەی وەبیرهاتەوە کە لە ئاوەکانی نزیک ڕێدڤۆد لە تەموزی ١٩٥٥ بینیبووی. ئەو وەبیری هاتەوە کە شتێک لە نێوان تاشە بەردەکانی نزیک کەناری دەریاکە لە هەوڵداندا بوو... کەواتە تا ئەو شوێنەی کە پێی دەکرا لێی نزیک بۆوە تاوەکو گۆشەنیگایەکی باشتری هەبێت. بەڵام ئەوشتەی کە بینی شتێک نەبوو کە مرۆڤ لە گەڵیدا هەست بەئارامی بکات. (جۆ) لەناکاودا خۆی بەرامبەر بەبوونەوەرێکی زەبەلاح بینیەوە کەشێوەی لەمار دەچوو و نزیکەی ١٦ تا ١٨ پێ درێژ بوو



و ڕەنگی سەوز بوو لەپشت سەری دوو پەڕە بەرچاو دەکەوت
ئەو بوونەوەرە نزیکەی یەک پێ ئەستوور بوو و لەکاتی هەوڵدان
بۆ ڕزگارکردنی خۆی کە لە نێوان دوو تاشەبەردا گیری کردبوو
بینرهاوسەری (جۆ) بەهاوارکردنەوە داوای لێکرد کە لەو
ئەژدیهایە دوور بکەویتەوە کەبە شێوەیەکی شێتانە لە هەوڵی
خۆڕزگارکردندا بوون ئەویش لەناکاودا هاتەوە سەرخۆی و بەپەلە
خۆی دوور خستەوە. لە نێوان ئەم دوو بوونەوەرەدا کە یەکێکیان
لەلایەن (جۆ)وە بینرابوو و ئەوەی تر کە ئاو هێنابوویە کەنار
دەریاکە لێکچوونێکی زۆر هەبوو و ڕاپۆرتەکانی تر کە باس لەم
جۆرە بوونەوەرە دەکات ئەم ڕاستییەی دەسەلماند. هەروەها
لێکچوونێکی زۆر لەنێوان ئەم بوونەوەرە و بوونەوەرێک کە
بەناوی (ماسی سەر سەوڵی) ناسراوە و لە قووڵایی دەریاکاندا
دەژی هەبوو. (ماسی سەرسەوڵی) بوونەوەرێکی درێژ و پێچاوو
پێچە و خاوەن پەڕەیەکە سەرەوە هەتاوەکو کلکی و لە سەرسەری
دوو شت وەکو ئاریەڵ هەڵتۆقیوە کە لەوانەیە ڕۆڵی ئاریەلی
هەبێت بۆ ئەم بوونەوەرە. لە مۆزەخانەی (ساندیێگۆ) نموونەیەک
لەم ماسیە بەرچاو دەکەویت ئەم جۆرە ماسییە چەندین ساڵ بەر
لە ئێستا بەهۆی شەپۆلەکانەوە هاتبووە کەنارەکان و ٢٢ پێ درێژایی و ٦٠٠ پۆند
قورسایی هەبوو و یەکێک لە نایابترین جۆری ئەم بوونەوەرانە بوو کە بەساغی کەوتە
دەست مرۆڤ. ئەم بیرۆکەیە لەئارادایە کە ئەم جۆرە ماسییە ئەوەندە گەورە دەبن کە ببنە
ئەو بوونەوەرە ترسناکە و ئەگەر ئەم بیرۆکەیە ڕاست بێت ئەوا وەڵامی زۆربەی دیمەنەکانی
بینینی ئەم ئەژدیها دەریاییانە وەردەگرین. زانست گەیشتۆتە ئەو ئاکامەی کە هیچ شتێک
بەبێ بەجێ هێشتنی ئاسەوارێک ون نابێت. سروشت لە ناوچوون نازانێت وتەنیا شتێک
کە دەزانێت گۆڕانکارییە لە شێوەیەکەوە بۆ شێوەیەکی تر. ئەگەر پەروەردگاری مەزن ئەم
یاسا بنچینەییەی بۆ هەموو بوونەوەران و لایەنەکانی خوڵقانیان داڕشتووە بەدڵنیاییەوە
ئەم یاسایە شاکاری خوڵقاندنی پەروەردگار واتە مرۆڤیش دەگرێتەوە. ئەوەی کە زانست
فێری کردووین و فێرمان دەکات ئەم بڕوایە بەهێزتردەکات کە پاش مردن و لەناوچوونی
فیزیکی ژیانێکی ڕۆحانی هەیە.



## پرۆگرامی بۆشاییگەری یا گەڕان بەدوای کارەساتدا




دیاردەی جیهانی تەنە فڕیوە نەناسراوەکان کە بەناوی
(دەفری فڕیو) ناسراون، یەکێک لە سەرسوڕهێنەرترین
ڕووداوەکانی سەدە و لەوانەیە یەکێک لە گرنگترین
ڕووداوەکانی مێژووی مرۆڤایەتی بێت. ئەم شتە فڕیوانە
کە شێوەی جۆراوجۆریان هەیە لە ساڵی ١٩٤٧ لە تەواوی
ناوچەکانی جیهاندا بینراون. ئەو شتانە لە هەموو
شوێنێکدا و بەتایبەتی لە ناوچە پیشەسازییە گرنگەکاندا
بەدەرکەوتن. لێکۆڵینەوە لەو شوێنانەی کە تیایدا
بەدەرکەوتوون ئەوەی دەرخستووە کە ئەوانە چەندین فڕینی
بەرنامە بۆ داڕێژراویان لە خاڵێکی گرنگ و ستراتیژییەوە
بۆ خاڵێکی تر ئەنجام داوە و گومانی ئەوەیان لێ دەکرێ
کە لەوانەیە وێنەی ئەو ناوچە گرنگانە و هەڵکەوتەی
جوگرافی ناوچەکەیان گرتبێت. لەو کاتەوە کە کۆتایی
بەدەرکەوتنی بەکۆمەڵی ئەم دەفرە فڕیوانە هاتووە ئەم خاڵە
بۆ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵی شیکردنەوەی چالاکیەکانیانن ڕوون بۆتەوە کە ئەم شتە
نەناسراوانە کە کردارەکانیان لە سەرووی تواناو کۆنترۆڵی ئامێرەکانی دەسکردی مرۆڤە
سەردانی سەرجەم ناوەندەکانی پەیوەندی و پیشەسازی و دەزگا سەربازییە گرنگەکانی ئەم
جیهانەیان کردووە. کاتێ کە ئەم ڕەوتە سەرنج ڕاکێشە بۆ هەمووان ڕوون بۆوە، دەوڵەتی
ویلایەتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا فەرمانی قەدەغەکردنی باسکردنی لایەنە
پەیوەندارەکانی ئەم شتە نەناسراوانەی لەلایەن فەرمانبەرانی سوپا و دامودەزگاکانی
حکومەتەوە دەرکرد و سزای توندیشی بۆ ئەم کەسانە دەستنیشان کرد کە ئەم سنوورە
دەبەزێنن.

کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسمانی بازرگانی و نەفەر هەڵگرەکانیش فەرمانبەرانی خۆیان
ئاگادار کردەوە کە بەهیچ شێوەیەک لەناو کۆمەڵدا باس لەو شتانە نەکەن کە لە
سەفەرەکانیاندا دەیانبینن و بەم شێوەیە هاوکاری دەوڵەتی ئەمریکایان کرد. لەو

شوێنانەشدا کە فڕۆکەوانەکان باسیان لە بینینی ئەم دەفرە فڕیوانە دەکرد بەشێوەیەکی ئاسایی پاش ماوەیەک بەڕەسمی لە قسەکانی خۆیان پاشگەز دەبوونەوە یاخود بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بێدەنگ دەبوون. فڕۆکەوانێکی لێهاتووی فڕۆکەیەکی نەفەرهەڵگر سەبارەت بەبینینی شتێکی نەناسراو کە بەشوێن فڕۆکەکەیدا هاتبوو هەندێ قسەی کردبوو. ئەم فڕۆکەوانە پاش ئەوە لەلایەن کۆمپانیای هێڵە ئاسمانییەکان ناچار کرا کە بێدەنگ بێت و ئەو کۆمپانیایەش قسەکانی ئەو فڕۆکەوانەی بەدرۆ خستەوە. ڕەوتی زۆربوونی بینینی دەفرە فڕیوەکان بەڕوونی ئەوە دەردەخەن کە دەفرە فڕیوەکان بەپێی پرۆگرامێکی ڕێکوپێک دێنە سەر گۆی زەوی و ئەم ڕەوتە بەدەرکەوتنی ژمارەیەکی زۆر لەم شتە نەناسراوانە لە ئاسمانی واشنتۆندا گەیشتە لوتکە. لەم کاتەدا پەردەی سانسۆر کەوتە خوارەوە و تەنانەت لەو کاتەوە تا ئێستا بەم شێوەیە ماوەتەوە. ئەم ئەگەرە لە ئارادا هەیە کە بەکۆکردنەوەی بەڵگەنامە بڕوا پێکراوەکان کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ پڕ واتاتر و زۆرتر دەبن لەناوەڕۆکی پرۆگرامەکانی بواری بۆشاییگەری بگەین. بۆچی ئێمە ئەوەندە هەوڵ دەدەین بگەینە سەرمانگ؟ لەکاتێکدا کە دەزانین مانگ جگە لە هەسارەیەکی مردوو هیچی تر نییە کە بەبێ هیچ زیانێک لە سەرەتای مێژووەوە بەدەوری زەویدا دەسووڕێتەوە. بۆچی سەرەڕای گەیشتن بەسەر مانگ دیسانەوە ئەم هەوڵانە دووبارە دەکرێنەوە ؟ بۆچی لەم کارانەدا خێرایی بەرچاو دەکەوێت ؟ جگە لەوە بۆچی ژیان و دارایی خۆمان لەڕێگەی گەیشتن بەهەسارەی مەریخ دەخەینە مەترسییەوە؟ ئەو هەسارەیەی کە بەپێی سەدان و هەزاران بەڵگەنامەی بڕواپێکراو جگە لەهەسارەیەکی سارد و بەتاڵ لەژیان، هیچی تر نییە. بەڵام پێویستە هۆکارێک... تەنیا یەک هۆکار بۆ ئەنجامدانی ئەم کردارە شێتانەیەی مرۆڤ لە ئارادابێت. بەڵێ هۆکارێکی گرنگ هەیە کە لەگەڵ تێپەڕینی کاتدا خۆی لەپشت پەردەی سانسۆر دەکێشێتەوە دەرەوە. دکتۆر (کارل ساگان) ئەستێرەناسی هەڵکەوتووی زانکۆی کالیفۆرنیا و ڕاوێژکاری ئەنجومەنی نەتەوەیی بۆشاییگەری و هەروەها ئەندامی ئەکادیمیای زانستەکانی ئەمریکا و گرنگتر لە هەمووان ئەندامی دەستەی ڕاوێژکاری هێزە چەکدارەکانە لەبواری ژیانی دەرەوەی گۆی زەوی. دکتۆر ساگان لە زستانی ساڵی **١٩٦٢** لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی موشەکی ئەمریکادا گوتی: هەسارەی زەوی لەلایەن بوونەوەرانی هۆشمەندەوە کە نوێنەری شارستانییەتە پێشکەوتووەکانی درەوەی کۆمەڵەی خۆرن، لەژێر چاودێریدایە. ئەو لە درێژەی قسەکانیدا وتی ئەم بوونەوەرانە لەوانەیە سوود لە مانگ وەربگرن بۆ بەئەنجام گەیاندنی کردارەکانی چاودێری. .



لە شاری (دیکاتۆر) لە ویلایەتی (ئیلی نۆیز) لە بەرواری **٩**ی کانونی دووەمی **١٩٦٣** ئەفسەرێکی پایەبەرز بەناوی (جان مەک دەیڤید) سەرۆکی ئامێرەکانی پەیوەندی ئەلکترۆنی لە فەرماندەیی گشتی سوپا لە واشنتۆن لە کۆبوونەوەی ساڵانەی زانکۆی میلی کین وتارێکی پێشکەش کرد. نووسینگەی پەیوەندییە گشتیەکانی زانکۆ لە سەر ئەم وتارە ڕاپۆرتێکی ئامادەکرد و تیایدا ڕایگەیاند کە: ژەنەراڵ مەک دەیڤید ڕایگەیاندووە کە ئێمە پێویستە خۆمان بۆ ئایندە ئامادە بکەین. پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ جیهانەکانی تردا کە لە بۆشاییدان بەشێکە لە داهاتوو. چونکە نووسەر و زانای بواری بۆشاییگەری دکتۆر (ئارتور سی کلارک) لەو بڕوایەدایە کە سەبارەت بەم خاڵە هیچ دوودڵیەک لەئارادانییە کە ئێمە سەرەنجام لە بۆشاییدا ڕووبەڕووی بوونەوەری زیرەکتر لە خۆمان دەبینەوە. ژەنەڕاڵ مەک دەیڤید لە درێژەی قسەکانیدا وتی: زۆری پێ ناچێت کە خەڵک ناچار دەبن ئەوە قبوڵ بکەن کە گۆی زەوی تەنیا هەسارەیەک نییە کە ژیانی تێدا بێت و مرۆڤیش تەنیا بوونەوەری هۆشمەندی ئەم گەردوونە نییە کە خودا خوڵقاندوویەتی و بوونەوەرانی تر لەوانەیە زۆر لە ئێمە زیرەکتر بن.

مەک دەیڤید لە درێژەی قسەکانیدا جیهان ئاگادار دەکاتەوە و دەڵێ: بەڵام ئەگەر ئەم بیرۆکەیە ڕاست بێت ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ بوونەوەرانی تری خاڵەکانی تری گەردوون بەدڵنیاییەوە دەبێتە هۆی کەوتنەوەی ڕکەبەرایەتی و دژایەتی و ئەم بابەتەش بارێکی قورستر دەخاتە سەر ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتی نەوەی داهاتوو.

لێرەدا وتاری ئەو لە بەرامبەر قوتابیانی زانکۆدا کۆتایی پێدێت. ئایا ئەمە زانیاری پشت پەردەیە کە پرۆگرامەکانی بواری بۆشاییگەری لەسەر ئەوە داڕێژروان؟ ئایا هۆکاری ئەم هەوڵدانە شێتانەیەش ئەمەیە؟ وەرن بەیەکەوە بڕوانینە مێژوو. لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی یەکەمی **١٩٦٢** کەشتی ئاسمانی (مارینز) لە تەنیشت هەسارەی ڤینۆس تێپەڕبوو و زانیارییەکانی خۆی گواستەوە بۆ سەر زەوی. ئەم سەرکەوتنە بەبڕگەیەکی گرنگ لە مێژوودا لە قەڵەم دەدرێ. بەڵام بارێکی گرانی خستە سەر شانی باجدەرانی ئەمریکا. چونکە ئەو زنجیرە پەیامە ڕادیۆییە بەگشتی نزیکەی ٥٠ ملیۆن دۆلاری تێچوو پێویستە بڵێین کە پرۆژەی مارینز تەنیا یەکێک لەسەدان ئەزموونی لەم جۆرەیە کە پارەیەکی خەیاڵی بۆ سەرف کراوە. ئەگەر لە یەکەمین هەڵدانی مانگی دەستکرد لە شوباتی **١٩٥٨** وە دەست پێ بکەین ئێمە تا ئێستا زیاتر لە ١٥٠ کەرەستە و ئامێری جۆراوجۆرمان

ناردۆتە نێو بۆشایی یا هەوڵی ناردنمان داوە و تیایدا سەرنەکەوتووین کە دیارترینیان هەوڵی سەرنەکەوتووی موشەکی چالنجەر بوو کە پاش هەستانی تەقییەوە و ٩ کەسی تێدا بووە قوربانی. ئەم کەرەستە جۆراجۆرانە بریتین لە مانگی دەسکرد، پشکنەر، وێستگەی بۆشایی و چەندین جۆری تر. جۆرێکی تر لە مانگە دەسکردەکان تایبەتن بەوێنەگرتن کە نزیکەی ٥٠ دانە لەم مانگە دەسکردە لە بۆشاییدان. ئەگەرچی هەڵدانی ئەمجۆرە مانگە دەسکردانە هیچ کاتێک بەڕەسمی ڕانەگەیەندراوە. ئەمە بەمانای ئەوەیە کە هاوولاتی باجدەری ئەمریکی لەنێوان ساڵەکانی ١٩٥٣ تا ١٩٦٣زیاتر لە پەنجا ملیارد دۆلاری لە پرۆژە جۆراوجۆرەکانی بۆشاییگەریدا سەرف کردووە. ئەمە بە چ مەبەستێک ئەنجام دراوە؟ چ پێویستییەکی ژیاری وا لە مرۆڤ دەکات کە ئەم جۆرە کردارانە ئەنجام بدات؟ لەسەرەتادا بەجیهانیان ڕاگەیاند کە ئێمە دەمانەوێ بۆ گەیشتن بەمانگ، پێش ڕوسییەکان بکەوین. پاشان گوتیان کە بەشێوەی گشتی بەهەر شێوەیەک بێت پشتیوانی لە پرۆگرامەکانی بۆشاییگەری بکەین تاوەکو ڕوسییەکان شکست بدەین. بەڵام کەشتی ئاسمانی (مارینز) بەهیچ شێوەیەک لە پێشبڕکێدا نەبوو لە گەڵ ڕوسییەکاندا. چونکە هیچ کەسێکی ڕوسی لەسەر هەسارەی ڤینۆس نەبوو. ئەگەر بۆ ئەم هەوڵە شێتانەیە بەرەو بۆشایی، پێویستییەکی ڕاستەقینە لە ئارادا بێت کەواتە ئێمە بۆ دۆزینەوەی پێویستە بڕوانینە ئەودیو بەیاننامە ڕەسمییەکان. بەتایبەتی ئەگەر بێتەوە یادتان کە پاش قەیرانی کوبا بابەتی ئاسایشی نەتەوەیی لە ئارادابێت دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کە درۆ بکات و لە خۆیەوە هەواڵ دروست بکات. تەنیا پاش شەڕی جیهانی دووەمە کە ئێمە گوێمان لە هەواڵی بینینی دەفرە فڕیوەکان دەبێت.

***

لە ساڵی ١٩٤٧ کە یەکەمین نموونەی دەفری فڕیو بینرا تا هاوینی ١٩٥٢ چەندین ڕاپۆرت سەبارەت بەبینینی دەفرە فڕیوەکان لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەنگی دایەوە و لاپەڕەی یەکەمی زۆربەی بلاوکراوەکان لەو سەردەمەدا پڕ بوو لەم ڕاپۆرتانە. بەڵام پەردەی سانسۆر بەشێوەیەکی کتوپڕ و یەکجاری لە مانگی ئابی ١٩٥٢ لا چوو. ئەمە ئەو مانگەیە کە لە شەوی سیانزەهەمیدا ٦٨ دەفری فڕیو کە دەدرەوشانەوە لە ئاسمانی واشنتۆنی پایتەختدا و بەیەکەوە دەرکەوتن. ئەگەرچی ئەم ڕووداوە کەمتر لە یەک مانگ پاش ئەوەی کە دەفرە فڕیوەکان بەژمارەیەکی کەمتر لە ئاسمانی واشنتۆندا بەدەرکەوتن گرنگی زیاتری بەخۆوە بینی. بەڵام ڕووداوی شەوی ١٣ی ئاب بەڕادەیەک لەلایەن دەوڵەتەوە سانسۆر کرا



کە تەنانەت هیچ هەواڵێک لەم بارەیەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا بلاو نەکرایەوە. لەگەڵ ئەمەشدا سەرجەم ڕووداوەکە لە بەڵگەنامەیەکدا کۆکرایەوە. ئەو بەڵگەنامەیەی کە لەلایەن سەنتەرێکی فڕۆکەوانی ناوخۆوە بلاوکرایەوە و ئەم ناونیشانەی لە خۆ گرتبوو (لێکۆڵینەوەیەکی سەرەتایی لە ئامانجە نەناسراوە بینراوەکان لەلایەن ڕاداری تاوەری چاودێری فڕینە ناوخۆییەکان).

لەم بەڵگەنامەیەدا ڕەوتی ئەم دەفرە فڕیوانە و ناوی هێڵە ئاسمانییە بازرگانییەکان کە بەشوێنیاندا ڕۆیشتوون هاتووە و هەروەها بۆ ڕێنمایی فەرمانبەرانی دەوڵەت کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ئەم دەفرە فڕیوانە ببنەوە وردەکارییەکانی ڕوون کردۆتەوە. بەڵام پەردەی سانسۆر هێشتا هەر کەوتووە. لەو کاتەوە ئێمە بۆ ئەوەی کە خۆمان بچینە ناو بۆشایی پارەیەکی زۆرمان سەرف کردووە و هێشتاش پارەی زیاتر دەکەینە گەرووی ئەم پرۆژانەوە بەڵام چیتر بەخەڵک ناگوترێ کە بۆ بەزاندنی ڕوسیا ئەم کارانە ئەنجام دەدرێ. ئێستا ئەم کردارانە ناوی زانستییان لە خۆگرتووە کە زانست بۆ پرۆژەکانی بواری بۆشاییگەری وەکو ئایینە بۆ سەلیبییەکان. یەکەمین پرۆژەی لێکۆڵینەوە لە دەرکەوتنی دەفرە فڕیوەکان بەڕۆیشتنی زۆربەی زانایانی ولاتانی جیهان بۆ جەمسەری باشوور دەستی پێکرد. لەوانەیە ئەمە بەرێکەوت بێت کە ولاتانی ڕوسیا، سوید، نەرویج، کەنەدا و ئەمریکا بەشێوەیەکی کتوپڕ پارەو کەرەستەیەکی زۆر بخەنە گەڕ بۆ بەئەنجام گەیاندنی چەندین پرۆژەی جۆراوجۆر. ئەرجەنتین، چیلی، ئۆستڕالیا، فەرەنسا، بەریتانیا و ئەمریکا چەندین دەستەی دۆزینەوەیان لە ساڵی ١٩٤٨ ناردە جەمسەری باشوور و ڕوسیاو سویدیش پاش یەک ساڵ گەیشتنە جێ. ئەمە بەواتای ئەوەیە کە لەماوەی ٢٤ مانگ پاش دەرکەوتنی دەفرە فڕیوەکان لەناوچەکانی جەمسەری باشوور زیاتر لە هەر کاتێکی تر لە مێژوودا نەتەوەکانی جیهان کەشتی و فڕۆکەو کەرەستەی جۆراوجۆریان ڕەوانەی ئەم ناوچەیە کردووە. لەهەر گۆشەیەکەوە کە بڕوانین ئەم سەفەرانەی کە بەمەبەستی پشکنین و دۆزینەوە ئەنجام دراون دوو ئاکامی هەست پێکراوی بەشوێنەوە بووە. یەکەمیان ئەو وێنە جووڵاو و جێگیرانە بوو کە لە لایەن کەشتیگەلی ژێر فەرمانی دەریا سالار (ئۆرێگۆ) کە خەڵکی چیلی بوو، گیرابوو و تیایدا بەڕوونی دەفرە فڕیوەکان بەرچاو دەکەون. دووەمیان ئەو خاڵە بوو کە وابەدەردەخا کە لە بەرهۆکارێکی تایبەتی ئەم دەفرە فڕیوانە لە ڕێگەی جەمسەری باشوورەوە دێنە نێو ئەتمۆسفێری زەوییەوە. ئایا ئەمە بەو واتایەیە کە لەمپەری نەبینراو لەناوچەکانی تری زەویدا هەیە کە ژمارەیەک لە زانایان لە سەرەتای ئەم سەدەیە

بەوریاییەوە ئەم بیرۆکەیان پێشکەش کرد؟ ئێستا هیچ وەڵامێکمان بۆ ئەم پرسیارە پێ نییە. کاتێ کە بتوانین موشەکێک دروست بکەین کە بتوانێ کەرەستەی جۆراوجۆر بگەیەنێتە بەرزاییەکی زۆر دەتوانین ئەم نهێنییە بدۆزینەوە.

لەرۆژی ٢ی ئازاری ساڵی **١٩٥٨** ڕاگەیەندرا کە دوومانگی دەسکرد پشتێنەیەکی تیشکییان لەدەوری زەوی و لە دووری ٦٠٠ میل لە هێڵی ئیستیوا بەرچاو کەوتووە. ئەم ناوچەیە ئێستا بەپشتێنەی (ڤان ئالێن) ناسراوە. ئەم پشتێنەیە لە ناوچەکانی جەمسەری باشووردا نییە. ئەم پشتێنەیە بەو شێوەیەی کە لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزدا نووسراوە تیشکدانەوەکەی هەزار جار زیاترە لەوەی کە زانایان چاوەڕێیان دەکرد. کاتێ کە ئەم بابەتە ڕاگەیەندرا کە دەفرە فڕیوەکان تەنیا لەڕێگەی هەردوو جەمسەری باکوور و باشوور دێنە نێو ئەتمۆسفێری گۆی زەوی، زانست دەستی بەلێکۆڵینەوە کرد و لە کەشی سەروو ناوچەی ئیستیوا پشتێنەی تیشکی دۆزییەوە. ئایا ئەمە بەشێوەیەکی ڕێکەوت بوو؟ بەڵگەنامەکان دەڵێن نەخێر. پاش ئەوەی کە ئاسمانی ئێمە بووە گۆڕەپانی دەستدرێژیکارە نەناسراوەکان کە دەیانتوانی بەسەر هێزی کێش کردنی زەویدا زاڵ بن، وڵاتی کەنەدا کە ژمارەیەکی زۆر لەم دەفرە فڕیوانە لەئاسمانەکەیدا بینرا پرۆژەیەکی لەژێر سەرپەرشتی دکتۆر (ویلبۆر سمیت) وەگەڕ خست. دامو دەزگاکانیان زۆر پێشکەوتوو بوون. هەروەها دکتۆر سمیتیش ئەندازیارێکی ئەلکترۆنیکی ناسراو و خاوەن ڕایەکی بەتوانای بواری یاسا ئەندازەییەکان بوو. ئەو و هاوکارەکانی بۆیان دەرکەوت کە هەر کاتێک دەفرێکی فڕیو دێتە نێو ئەتمۆسفێری زەوی پشێوییەکی توند لە حەوزەی موگناتیسی زەوی لەو ناوچەیەدا دروست دەبوو. بەواتایەکی تر بەهۆی کارکردی تایبەتی ئەو دەفرە فڕیوانە پشێوییەک دەخوڵقا.

دوو ساڵ پاش ئەوە دکتۆر سمیت چووە واشنتۆن تا بەشداری لەکۆنفرانسێکی نێو دەوڵەتیدا بکات سەبارەت بەکێشەی پشێوی لە شەپۆلە کورتەکاندا. ئەو لەم کۆنفرانسەدا گوتی: وا دەردەکەوێ کە دەفرە فڕیوەکان لە بۆشاییەوە دێنە زەوی و بەڕای من دەرکەوتنی ئەم دەفرە فڕیوانەیە کە بەشێوەیەکی کتوپڕ ویستی ویلایەتە یەکگرتووەکانی بۆ ئەنجامدانی سەفەری بۆشایی زیاد کردووە. ئەگەر لە کرداری ئێوە بکۆڵینەوە، دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتی ئەمریکا بەشێوەیەکی سەرەکی ئارەزوومەندی نهێنییەکانی هێزی ئەم دەفرە فڕیوانەیە.

***



وڵاتی ئەڵمانیای ڕۆژئاوای ئەو سەردەمە کە ژمارەیەکی زۆر لەم دەفرە فڕیوانە، تێدا بینراوە و هەندێکیشیان لەسەر خاکەکەی نیشتوونەتەوە، زانای بەناوبانگی جیهان و شارەزای سەفەرەکانی بۆشایی پرۆفیسۆر (هێرمان ئۆبێرت)ی کردە سەرپەرشتی لێکۆڵینەوەکانی خۆی. ئەم زانا هەڵکەوتووە پاش سێ ساڵ لێکۆڵینەوە و پشکنینی زانیاری و بەڵگەنامەکان لە کۆنفرانسێکدا لە ساڵی **١٩٥٤** بەم شێوەیە بۆ ئامادەبووان دوا: هیچ گومانێک لە مێشکی مندا نییە کە ئەم دەفرە فڕیوانە جۆرێک فڕۆکە یا کەشتی ئاسمانین کە بەمەبەستی سەفەری نێوان هەسارەکان سوودیان لێ وەردەگیرێ. من دڵنیام کە ئەمانە سەرچاوەیان لە کۆمەڵەی خۆردانییە. بەڵام ئەگەری ئەوە لە ئارادا هەیە کە سوود لە مەریخ، یا، تەنە ئاسمانییەکانی تر وەکو پایەگایەک وەربگرن. هەروەها ئێمە گەیشتووینەتە ئەم ئاکامە کە ئەم دەفرە فڕیوانە بەگۆڕینی هێزی قورسایی بەرەو پێشەوە دەڕۆن. کەمێک پاش ئەوەی کە پرۆفیسۆر ئۆبێرت ئەم وتانەی بەپەیامنێران لە فرانکفۆرت ڕاگەیاند سواری فڕۆکەیەکیان کرد و بردیان بۆ ئەمریکاو لەژێر چاودێری توندی هێزەکانی ئاسایشدا وەکو ڕاوێژکاری یەکێک لە قوتابیانی پێشووی خۆی بەناوی دکتۆر (وێرنێر ڤۆن براون) لە بنکەی موشەکی (ڕێدستۆن) دەست بەکار بوو.

ئەم سنوردارێتییە بووە ڕێگر لە بەردەم ئەوەی کە ئۆبێر نەتوانێ تا ساڵی **١٩٥٩** کە گەڕایەوە بۆ ئەوروپا وتەکانی خۆی بۆ جەماوەر ئاشکرا بکات. ئەوکاتەی کە ئەو گەیشتە فرانکفۆرت بەپەیامنێرانی گوت کە هەوڵێکی جیهانی لە ئارادایە کە بە چ شێوەیەک فێری ئەوە بن کە هێزی کێش کردنی زەوی بکەنە وزەیەکی سوود لێ وەرگیراو. ئەو لە درێژەدا گوتی: من وا چاوەڕێ دەکەم کە مرۆڤ بتوانێ لەماوەی ٥ تا ١٠ ساڵی داهاتوو بگاتە سەر مانگ. ئەم پێشبینییەی پرۆفیسۆر دەقاودەق هاتەدی.

دکتۆر جۆرج گامۆ، ژیۆ فیزیستی هەڵکەوتووی زانکۆی جۆرج واشنتۆن دەڵێ: لێکچوونێکی زۆر لە نێوان هێزی کێش کردنی جیهانی، (نیوتن) و یاسای (هەمفری گیلبرت) دا هەیە سەبارەت بەجەمسەرە موگناتیسیەکان. ئەگەر بتوانین بەکەڵک وەرگرتن لە قەلغانێکی پارێزگاری کردن هێزە موگناتیسی و ئەلکتریکیەکان بخەینە ژێر کۆنترۆڵی خۆمان، بۆچی ئەم کارە بەهێزی قورسایی ئەنجام نەدەین. لە سەرەتای پرۆگرامی بۆشاییگەری مرۆڤەوە ئاشکرا بوو کە موشەک بەهێزی بزوێنەری کیمیایی ناتوانێ درێژە بەسەفەرەکانی خۆی بۆ ناو بۆشایی بدات. ڕێژەیەکی زۆر سەرچاوەی وزە پێویستە تا

ڕێژەیەکی کەم وزەی بەکار هاتوو بێتە بەرهەم. بەڵام ئەگەر بەهەمان شێوە کە زۆربەی زانایان لەسەر ئەو بڕوایەن بتوانین وزەی کێش کردنی زەوی بگۆڕین بۆ وزەی ئەلکتریکی ئەم گریمانەیە دێتە ئاراوە کە بۆ هەر خاڵێک لە بۆشاییدا کە بمانەوێ دەتوانین بڕۆین و ئەمەش بەدروستی لەلایەن دەفرە فڕیوەکانەوە ئەنجام دەدرێ. ئایا ئێمە دەتوانین ئەم کردارەی ئەوان ئەنجام بدەین؟.

بەوتەی دکتۆر (ویلبۆر سمیت) و پرفیسۆر (هێرمان ئۆبێرت) ئێمە هەموو هەوڵی خۆمان دەخەینە گەڕ و تا چ ڕادەیەک لەم کارەدا سەرکەوتووین ئەوە نازانرێ. بەڵام دەزانین کە پارەیەکی خەیاڵی و هەروەها کاتێکی زۆر بۆ لێکۆڵینەوە لە هێزی کێش کردنی زەوی تەرخان کراوە و دەکرێ. لەشاری دایتۆن لەویلایەتی ئۆهایۆی ویلایەتە یەکگرتووەکان هێزی ئاسمانی دامەزراوێکی چەندین ملیۆن دۆلاری دامەزراندووە کە تەنیا تایبەت بەم پرۆژەیە دامەزراوە. بڕیارە دەوڵەتییە چەند ملیۆن دۆلاریەکانی، تریش تایبەتە بەکارگە و کۆمپانیا جۆراجۆرەکانی پۆڵا و کۆمەڵگاکانی لێکۆڵینەوەی پیشەسازی و ئەمەش سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٥ و ساڵ بەساڵیش نوێ دەکرێتەوە. مرۆڤ ئومێدەوارە ئەو هێزە کە لەسەر زەوی ڕایگرتووە بتوانێ بەرەو بۆشایی پاڵی پێوە بنێت.

ئەمە لقێکی ترە لە لێکۆڵینەوە زانستییەکان و ئەم بیرۆکەیە کە دەفرە فڕیوەکان خەریکی بەکارهێنانی هێزی کێش کردنی زەوین بۆ ئامانجەکانیان، لەلایەن زانستەوە خراوەتە ژێر نەشتەری لێکۆڵینەوە. پرۆگرامی بۆشاییگەری مرۆڤ پرۆگرامێکی لێدانە. چونکە پرۆگرامێکە کە بەخێراییەکی زۆرەوە بەرەو پێشەوە دەڕوات و هیچ گوێ ناداتە ئەوەی کە چ پارەیەکی تێدا سەرف کراوە و دەکرێ.

***

دەرکەوتنی دەفرە فڕیوەکان لە هەموو ناوچەکانی جیهاندا لەکۆتایی ساڵەکانی ١٩٤٠ و سەرەتای ساڵەکانی ١٩٥٠ لێپرسراوانی پایەبەرزی خستە سەر ئەو بڕوایەی کە زەوی لەلایەن کەسانێکەوە کە لە شوێنێکی نەناسراوەوە دێن لەژێر چاودێری بەردەوام و ڕێکخراو دایە کە بەرنامەی بۆ داڕێژراوە. مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک ناتوانێ ئەم دەفرە فڕیوانە کۆنترۆڵ بکات و تا ئێستا نەیتوانیوە بگاتە ئاستی کردارەکانیان. قۆناغێکی پرۆگرامی بۆشاییگەری دروستکردنی تەلسکۆپە ڕادیۆییە گەورەکان بوو. دامودەزگای بیستن بەهێزێکی زۆرەوە بەو ئومێدە دروستکران کە بتوانرێ ئەو شەپۆلە دەنگییانەی کە لە لایەن



بوونەوەرانی تر لە بۆشاییدا بڵاو دەکرێن وەربگیرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام بدرێ. تێسلا و مارکۆنی لە سەرەتای سەدەی؟ دا دوو ڕاپۆرتی جیاوازیان سەبارەت بەبیستنی دەنگ و هێمایەکی سەرسوڕهێنەر و نەناسراو بڵاوکردەوە. زانکۆی ویلایەتی (ئۆهایۆ) بەئەنجومەنی ئەستێرەناسی ئەمریکای ڕاگەیاند کە سیگناڵی ڕادیۆیی سەرنج ڕاکێشی لە هەسارەی ڤینۆسەوە وەرگرتووە. ئەمە لەمانگی ئابی ١٩٥٦ دابوو. یەکەمین کەشتی ئاسمانیش واتە (مارینز) ئاراستەی ئەم هەسارەیە کرابوو. ئایا ئەمە ڕێکەوتە؟.

مانگ لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا تیشک و دیمەنی سەرسوڕهێنەری بەخۆوە بینیوە و ئەمەش لەلایەن ئەستێرە ناسەکانەوە جەختی کراوەتە سەر. مانگ وەکو وێستگەیەکی ئاسمانی بۆ گەیشتن بەهەسارەکانی تر لە لایەن مرۆڤەوە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. کەواتە بوونەوەرە هۆشمەندەکانی تریش دەتوانن بۆ گەیشتن بەزەوی کەڵک لەم وێستگەیە وەربگرن. وا دێتە پێش چاو کە بوونەوەرانی تر سوود لە ئەودیوی مانگ وەربگرن کە هەمیشە لە ئێمەوە دیارنییە. لەوانەیە ئەمە ئەو بابەتەمان بۆ ڕوون بکاتەوە کە بۆچی کەشتییە ئاسمانییەکەی سۆڤیەتی پێشوو بەناوی (لوینک) کە تایبەت بوو بەوێنەگرتن هەموو هەوڵ و چالاکی تەرخان کرد بۆ دیوی ئەودیوی مانگ و تەنانەت وێنەیەکیشی لەسەر ڕووی مانگ نەگرت کە وا بڕیار بوو سۆڤیەت یەکەمین پیاوانی بواری بۆشاییگەری خۆی تێدا دابەزێنێ. ئێمە لێرەدا بەهیچ شێوەیەک باسمان لە هەموو چالاکییە زانستییەکان نەکردووە کە لە ئەنجامی دەرکەوتنی دەفرە فڕیوەکاندا ئەنجام دراون. بەڵام ڕووناکی دەخەینە سەر هەندێکیان تا ئەوە ڕوون بکەینەوە کە پەیوەندییەکی زۆر سەرنج ڕاکێش لە نێوانیاندا هەیە. بەدژواری دەتوانین بڕوا بەوە بێنین کە سەرجەم پرۆگرامی بۆشاییگەری مرۆڤ تەنیا بەهۆی پێویستی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی هاتۆتە ئاراوە. ئەوەش بەدوور دەزانرێ کە پاش هەزاران ساڵ لەناکاودا بەپێویستی بزانین کە پلەی گەرمای هەسارەی ڤینۆس یا قووڵاییی مانگ چەندە.

بەتەواوی ڕوون و ئاشکرایە کە سەرجەم پرۆگرامی بۆشاییگەری مرۆڤ ڕەوتێکە بۆ هەوڵدان بۆلاسایی کردنەوەی کاری دەفرە فڕیوەکان و هەروەها هەوڵێکە بۆ دواکەوتن و زانینی شوێنیان لە بۆشاییدا.

ئایا لەپشت پەردەوە مەبەستێکی تر لە ئارادا نییە کە لە خەڵک شاراوەیە؟ لەپشت پەردەی دۆزینەوە زانستییەکان لە بۆشاییدا چ شتێک شاراوەیە؟ (پاتریک پاورز) کە ئەفسەرێکی پایەبەرزو زانایەکی موشەکی سوپای ئەمریکایە دەڵێ: لەوانەیە ژیان لە تەنە

ئاسمانییەکانی تریشدا هەبێت کە بەدەستێوەردانی ئێمە بۆ سەرمانگ ناڕازی بن و بیانەوێ بەزۆر ئێمە لەوێ بکەنە دەرەوە. بۆ ئامادەکاری هێرشێکی لەم جۆرە پێویستە کەشتییە ئاسمانییەکانی ئێمە لە ئامادەباشیدا بن. ئایا ئەم ئەفسەرە پایە بەرزەی سوپا تەنیا تەعبیر لە سروشتی سەربازی خۆی دەکات یا زانیارییەکی ئەوتۆی لەبەردەستدایە کە بۆتە هۆی ئەوەی کە بەم شێوەیە نیگەرانی بکات؟ کاتێ کە ژەنەراڵ داگلاس مەک ئارتور بانگهێشت کرا تا باس لە ئەگەری شەڕی جیهانی سێیەم بکات و وتارەکەشی لە ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمزی ڕۆژی ١٩ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٥ دا چاپ کرا بەم شێوەیە دوا: نەتەوەکانی جیهان پێویستە یەک بگرن چونکە شەڕی داهاتوو شەڕی هەسارەی ئێمە و هەسارەکانی ترە.

نەتەوەکانی سەرگۆی زەوی پێویستە ڕۆژێک بەرەیەکی هاوبەش دژی هێرشی بوونەوەرانی هەسارەکانی تر پێک بێنن.

٧ ساڵ پاش ئەوە ژەنەراڵ مەک ئارتور لە زانکۆی (وێست پۆینت) لە بەرامبەر دەرچووانی زانکۆدا جارێکی تر ئەم قسە ئاگادار کەرەی هێنایە سەر زار. لە (نیکاپ بولەتین)ی تشرینی یەکەم و دووەمی هەمان ساڵدا دیسانەوە دەڵێ: ئێمە ئێستا نەتەنیا بوونەوەرانی هەسارەکانی تر بەڵکو مەودا بێ کۆتایی و شتە سەرسوڕهێنەرەکانی تری گەردوونیشمان لە پێشە. ئێمە دەستمان بەرەو بەرەیەکی نوێ و بێ کۆتایی درێژ دەکەین. ئێمە باس لە کۆنترۆل کردنی وزەی بۆشایی دەکەین. باس لەڕکەبەری کۆتایی نێوان نەژادی یەکگرتووی مرۆڤ و هێزە شووم و شەیتانییەکانی کاکێشانێکی تر دەکەین. باس لەو ئارەزوو و خەیاڵانە دەکەین کە ژیان لە هەموو کاتێکی تر شیرینتر و لە هەمان کاتدا سەرسوڕهێنەرتر دەکات.

ئایا ئەم مەبەستە ڕاستەقینەیە لەپشت پەردەی بەرنامەکانی بواری بۆشاییگەری مرۆڤدا نییە؟ ئایا لێپرسراوانی پەیوەندار شتێک دەزانن کە ئێمە لێی بێ ئاگاین؟ ئایا شتێک هەیە کە لە ئێمە دەشاردرێتەوە؟ و یاخود ئەمە تەنیا ڕێکەوتە لە نێوان زنجیرەیەک ڕێکەوتی سەرسوڕهێنەری تر لە پرۆگرامی بۆشاییگەری ئێمەدا؟

لە هەوڵێکی شێتانەی ئێمەی مرۆڤدا بۆ دۆزینەوەی سەرچاوەی دەفرە فڕیوەکان لە هەسارەکانی تردا و لەوانەشە پاش ئەوە کارەسات؟ کارەساتێک کە بۆ گەیشتن بەپلەیەک لەسەرووی زانستەوە دوچاری مرۆڤ دەبێت...



## بارانی خوێن

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٨٤٦ی زایینی لە هەندێ لە ناوچەکانی وڵاتی فەڕەنسا بارانی سوور لە ئاسمان هاتە خوارەوە و لەگەڵیدا لاشەی باڵندەکان بەمردوویی دەکەوتە خوارەوە. گۆڤاری (کۆمپتێس ڕێندوس) لە ژمارەی ٢٣ و ٢٤ی خۆیدا وردەکارییەکانی ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە ئاسمانییەی ڕوون کردەوە. زانایان بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانی پێکهاتەی ڕەنگی سووری ئەم بارانە شی بکەنەوە و بزانن چ مادەیەکە. لەم میانەدا گرنگییەکی زۆر بەو باڵندانە نەدرا کە لەگەڵ ئەم بارانە سوورەدا کەوتنە سەر زەوی. هەزاران مراوی و چۆلەکە و کۆتر و چەند جۆر باڵندەی تر لە ئاسمانەوە کەوتنە سەر زەوی. زۆربەی ئەم باڵندانە کاتێک کە دەگەیشتنە سەر زەوی مردبوون بەڵام هەندێکیان دەیانتوانی بۆ ماوەیەکی کورت درێژە بەژیان بدەن.

دوو زانای هەڵکەوتوو بەناوی (لیۆن) و (گرێنۆبل) پاش لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە بەڵگەنامەکان گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە ئەمە نائاساییترین ڕووداوێکە کە تاوەکو ئەمڕۆ ڕوویداوە.

ئەم بابەتە بەپێچەوانەی ڕای ئەو دوو زانایە بێ وێنە نەبوو. لە مانگی تەموزی ساڵی ١٨٩٦ لەناوچەی (باتون ڕوگ) لە ویلایەتی لویزیانا ژمارەیەکی زۆر باڵندە بەمردوویی لە ئاسمانەوە کەوتنە سەر زەوی. لە ڕۆژێکی ساماڵی هاوین دانیشتوانی ناوچەکە بەسەر سوڕمانەوە لاشەی ئەو باڵندانەیان دەبینی کە بەمردوویی دەکەوتنە سەر زەوی، دانیشتوان کاتێک زیاتر دوچاری سەر سوڕمان بوون کە ژمارەیەکی زۆر باڵندەی نەناسراو و نایابیان لەناو ئەو باڵندانەدا بینی.

لە شەوێکی گەرمی مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٠ ڕووداوێکی تر لە شاری (کاپیتۆلا) ڕووی دا، لەو شەوەدا پۆلیسێک بەناوی (ئێد کانینگهام) لە کاتێکدا کە بەئۆتۆمبیلێکی پۆلیس لە شەقامەکانی شاردا دەگەڕا، بەدروستی لە کاتژمێر ٥ر٢ی پاش نیوەشەو لە ناکاودا شتێکی درەوشاوەی لە بەرامبەر ڕووناکی لایتی ئۆتۆمبیلەکەی بینی، ئەو شتە ١٠٠ پێ لە پێش ئۆتۆمبیلەکەی ئەو لە ئاسمان کەوتە خوارەوە، ئایا ئەم شتە بەرەو ئۆتۆمبیلەکەی ئەو فڕێ درابوو؟ بەر لەوەی بزانێ ئەم شتە چییە دووەمین و سێیەمین و چوارەمین شتیش لە بەرامبەریدا کەوتنە خوارەوە، لێرەدا بوو کە ئەو ئەفسەرە بۆی

ئاشکرابوو کە ئەو شتانە لاشەی باڵندەی مردووە کە جەستەیەکی گەورەشیان هەبوو، ئەمە تەنیا لە چەند ساتێکدا ڕوویدابوو و ئەو نەیدەزانی کە چ بڕیارێک بدات، ئەو وتی:

کاتێ کە ئۆتۆمبیلەکەم ڕاگرت لە ڕاستیدا بارانێک لە جەستەی ئەم باڵندانە بەسەرمدا باری، ئەوانە باڵندەی گەورەبوون و ئەوەندە بەخێرایی دەکەوتنە خوارەوە کە ئەگەر لە ئۆتۆمبیلەکە دابەزیمایە ئەوا بەدڵنیاییەوە گەر بەر سەرم بکەوتایە بێهۆش دەبووم، بڕیارم دا کە لە ئۆتۆمبیلەکەدا بمێنمەوە و ئەم کارەشم ئەنجام دا.

کاتێ کە بارودۆخ ئاسایی بۆوە ئەو ئەفسەرە لە کاپیتۆلاوە بەرەو کلیف ساید و پاشان بەرەو شەقامی وێست کلیف بەڕێ کەوت کە نزیکەی ٥ میل لە شەقامی کەنار ئاوەکە دوور بوو. ئەو بینی سەرجەم شەقامەکەو کەنارەکەو دەورووپشتی شەقامەکە پڕە لەلاشەی باڵندەی مردوو بەیانی ڕۆژی پاشتر دانیشتوانی ئەو شارانە دیمەنێکی سەرسوڕهێنەریان بینی. سەرجەم هێڵی کارەباکان بەلاشەی ئەم باڵندانە داپۆشرابوو، ئەم جۆرە باڵندانە بەناوی (سوتی شیرینگ) دەناسرێن. لەکاتی فڕیندا ماوەی نێوان هەردوو باڵەکەی زیاتر لە ٣٠ ئینچ دەبێت و درێژایی لەشی نزیکەی ١,٥ پێ دەبێت، ئەم جـــۆرە باڵندەیە لەناوچەی ئۆقیانوسی هێمندا دەژین و لە هێلانەکانی خۆیان لە کەنارەکانی ژاپۆن و کەنارە ڕۆژئاواییەکانی ئەمریکای باکوور و باشوورەوە بەرەو ئەم ناوچەیە کۆچ دەکەن، شارەزایان ڕایانگەیاند کە نزیکەی ٤٠٠٠ باڵندە لە دەورووپشتی کاپیتۆلا کەوتوونەتە خوارەوە و مـــردوون و نزیکەی ٢٠٠٠ باڵندەی تریش بەزیندوویی کـــەوتوونەتە خـــوارەوە بەڵام نەیانتوانیوە لەزەوی بەرز ببنەوە، کاتێ دانیشتوانی بەبەزەیی باڵندە بریندارەکانیان دووبارە گواستەوە بۆ دەریا زۆربەیان چاک بوونەوە و جارێکی تر توانای فڕینیان پەیدا کردەوە، زۆر بیرۆکە سەبارەت بەبارینی ئەم باڵندانە لە ئارادایە بۆ نموونە خراپی خواردن، شەوارەی ڕووناکی شارەکان و تەنانەت پێشنیاری نەخۆشییەکی نەناسراویش هاتە ئاراوە، لێکۆڵینەوە لەسەر باڵندە مردووەکان هەموو ئەم بیرۆکانەی بەدرۆخستۆتەوە و شارەزایان تەنیا لەسەر ئەم بابەتە هاوبیر بوون کە باڵندەکان بەهۆی کەوتنە خوارەوە بۆ سەر زەوی مردوون، هۆکاری ئەم کەوتنە خوارەوە بەکۆمەڵە هێشتاش هەر شاراوە و نادیارە.

***

لە دووری چەند میل لەشاری (واشنتۆن)ی پایتەختی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا شارۆچکەی (فیرفاکس کورت هاوس) لە ویلایەتی ویرجینیا هەڵکەوتووە. ڕۆژنامەی (ئەلکساندریا گەزەتە) بلاوی کردەوە کە لە ساڵی ١٨٨٥ لەم شارۆچکەیە بارانێکی سارد



باری کە دەسبەجێ بووە بەفر، بەڵام نەوەکو بەفرێکی ئاسایی چونکە سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر هەموو شارۆچکەکە بەبەفرێکی ڕەش داپۆشرابوو، بەفرەکە بەبوونەوەری ڕەشی بچووک کە لە سەرە دەرزییەک بچووکتر بوون داپۆشرابوو کە ژمارەیان لە ژماردن نەدەهات.

دانیشتوانی شارۆچکەکە بەسەرسوڕمانەوە ئەوەیان بۆ دەرکەوت کە ئەم بوونەوەرانە زیندوون بەڵام بەفرو سەرما سڕی کردوون، چونکە کاتێ کە دەخرانە بەر گەرما زۆر چالاک دەبوون، سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئەلکساندریا) بەڕاشکاوی لە ڕاپۆرتەکەی خۆیدا دەڵێ کە دوچاری سەرسوڕمانێکی زۆر بۆتەوە کە ئەمەش لەو جۆرە کاتانەدا کاردانەوەیەکی سروشتییە، بەڵام ئەو لە سەرسوڕماندا ناگاتە سەرنووسەری ڕۆژنامەی ( ڕێپۆبلیکەن) لەشاری ناپا لەویلایەتی کالیفۆرنیا.

چونکە سەرسوڕهێنەرترین ئەزموونی لەژیانی خۆیدا بینیوە، کاتێ کە دەبینێ ئەو ناوچەیە و بەتایبەتی ناوچەی دەورووپشتی دەریاچەی (کلیر) لە پاییزی ساڵی ١٨٥٧ دا بەوردە شەکر داپۆشراوە، تاشە بەردەکان، درەختەکان، خانووەکان و هەموو شتێک بەم وردە شەکرە داپۆشرابوو و لەهەندێ شوێندا ئەوەندە باریبوو کە گەڵای درەختەکانی لێ دەکردەوە. منالان و ئاژەڵە ماڵییەکان بەزوویی ئەوەیان بۆ ڕوون بۆوە کە ئەم مادەیە شیرینە و تامی نوقل دەدات، سروشت ناسان بەپەلە ڕایانگەیاند کە ئەم مادەیە بەهۆی بوونەوەرە وردەکانەوە ڕژاوەتە سەر زەوی، بەڵام سەرنووسەری ئەو ڕۆژنامەیە بەلەبەرچاوگرتنی بەڵگەنامە نکۆڵی لێ نەکراوەکان ڕایگەیاند کە: ئەم ڕوونکردنەوەیە تەنیا بیرۆکەو بیانوویەکە بۆ شاردنەوەی نەزانی خۆیان لە بەرامبەر کارە سەرسوڕهێنەرەکانی سروشت. دە ساڵ پاش ئەو ڕووداوە گۆڤاری (نیو ئۆرلیانز تایم) ڕایگەیاند کە لە لویزیانادا شتێکی سەرسوڕهێنەر ڕوویداوە. کات مانگی ئاداری ساڵی ١٨٦٧ بوو و ناوچەیەک لەدەرەوەی شار لەکەناری ڕووباری سوور تا ٦٠ میل دوورتر و لەهێڵێکدا بەپانی ٣ میل بەمادەیەکی سپی و درەوشاوە داپۆشرابوو. کەشو هەوا زۆر سارد بوو و دانیشتوانی ناوچەکە سەرەتا وایاندەزانی کە ئەمە تەنیا وردە بەفرە، بەڵام لەپاشاندا بۆیان دەرکەوت کە خوێ بەسەریاندا دەبارێ، خوێیەکی وردو وشک.. بەڵام ئەم خوێیە لە کوێوە هاتبوو و بە چ شێوەیەک لە سەرچاوەی دروستبوونیەوە چۆتە ئاسمان و لەم ناوچەیەدا باریوە؟ ئەم بارینە سەرسوڕهێنەرەش هێشتا لە فایلی ڕووداوە نەناسراوەکاندا چاوەڕێی ئاشکرا بوونی نهێنییەکەیەتی.

***

کارمەندی تەلگرافی شاری ئۆزارک لەویلایەتی ئارکانزاس لە ڕۆژێکی مانگی تشرینی دووەمی ١٨٨٠ لە ناکاودا چووە سەر هێڵی تەلەگرافەکە و بەهاوڕێکانی خۆی ڕاگەیاند کە لەو شوێنەد ا کە ئەو لێی جێگیربووە شتێکی سەرسوڕهێنەر خەریکە ڕوودەدات؟، ئەو وتی هەزاران بەرد کە هەندێکیان قورساییەکی بەرچاویان هەیە وادێنە پێش چاو کە لە زەوی بەرزدەبنەوە و لەهەمان کاتدا هەزاران بەردە وردە لە ئاسمانەوە دەبارێن؟ لە ئاکامی ئەم بەرد بارینەدا هیچ زیانێک بەدانیشتوان نەگەیشت، بەڵام تاماوەیەکی زۆر دڵەڕاوکێ و پشێوی ئەو ناوچەیەی گرتبۆوە.

***

بارینی قوڕو لیتاو کە لە ساڵەکانی ١٩٦٠ و ١٩٦١ لە ئۆستralیا و نیوزیلەندا ڕوویدا بەڕای شارەزایان بەهۆی لێکدانی تۆفانی تۆزو خۆڵ و ئەو هەورانە دروست دەبن کە بارانیان پێیە، لەوانەیە ئەمە وەڵامێک بێت بۆ ئەم ڕووداوە. لە مانگی ئاداری ساڵی ١٧٨٩ بەهۆی بارینی قوڕ شەمەندەفەرێکی نەفەر هەڵگر لە نزیکی شاری (ستۆن هاوس) لەویلایەتی نێڤادای ئەمریکا ناچار بوو تا خێرایی خۆی بگەیەنێتە کەمترین ئاست، چونکە بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی شاری (وێنەموکا ) بارینی قوڕولیتاو ئەوەندە زۆر بوو کە تەواوی هێڵی شەمەندەفەرەکەی داپۆشیبو، بەشێوەیەک کە چیتر نەیدەتوانی لەسەر هێڵێکی پتەو درێژە بەڕۆیشتنی خۆی بدات. ئەم قوڕ بارینە نزیکەی یەک کاتژمێر درێژەی هەبوو کە زۆربەی پێکهاتەکەی قوڕ بوو و هەندێ ئاوی بارانی ئاساییشی تێدا بوو.

لە ٢٦ی ئاداری ساڵی ١٩٤٨ دانیشتوانی شاری دایتۆن لە ویلایەتی ئۆهایۆ لەناو ماڵ و ئۆتۆمبیلەکانی خۆیاندا زیندانی کران، ئەویش بەهۆی بارینی بارانێکی سەوز. ئۆتۆمبیلەکان خانووەکان، جلوبەرگی خەڵکانی پیادە هەموو بەم بارانە سەوزە داپۆشرابوو. ڕوونکردنەوەی شارەزایانیش نەیتوانی گرێی ئەم نهێنییە بکاتەوە. بارانەکە پاش ماوەیەک وەستا و ڕەنگە سەوزەکە بەهێمنی لە ناوچوو و قسەی شارەزاکانیش پاش ماوەیەک لەبیرکرا.

بەڵام سەرسوڕهێنەرتر لە هەموان لە مانگی ئابی ١٨٧٠ لە شاری ساکرامنتۆ لەویلایەتی کالیفۆرنیای ئەمریکا ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە بوونەوەرێک بەناوی (قۆڕی ئاوی) لە ئاسمانەوە بەسەر شارەکەدا باری. سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ساکرا منتۆرپۆتێر) بۆ ئەوەی ئەم ڕووداوە سەرسوڕهێنەرە لەنزیکەوە ببینێ چووە ئەو شوێنەو لە ڕاپۆرتەکەیدا دەڵێ کە هیچ هەڵەیەک لە هەواڵەکەدا نییە و ئەم بوونەوەرانەش کە زیندوو بوون لە ٢ تا



٨ ئینج درێژ بوون کە لەگەڵ بارانێکی زۆردا بەسەر ئەم شارەدا ڕژابوون، ئەو بەچاوی خۆی بینی کە ژمارەیەکی زۆریان بەسەر سەقفی باڵەخانەی ئۆپێرادا بڵاو بوونەتەوە و شەقامەکانیان بەتەواوی داگیرکردووە، کەسایەتییەکی بەناوبانگی ناوچەکە بەناوی قازی سپایسر کە فەرمانی دابوو کە مەخزەنێکی گەورەی ئاو دروست بکەن بینی کە لەکاتی تۆفانەکەدا سەدان لەم بوونەوەرە لەو ئاوەدا کە لە مەخزەنەکەدا بوو بەزیندوویی ماونەتەوە.

***

بەڵام لەشاری بات کانتی لە ویلایەتی کالیفۆرنیا لەگوندێکدا بەناوی هێل تۆڤن بارانی جۆرێک ماسی کە لە ڕووبارەکاندا دەژین بەسەر ئەم گوندەدا باری، کاتی ئەم ڕووداوە بەدروستی ڕۆژی ١١ی ئەیلولی ساڵی ١٨٧٨ بوو و ڕۆژنامەی ئالمێدا ئارگوس بۆ زانینی ڕاستی و دروستی ئەم ڕووداوە چەندین پەیامنێری نارده ناوچەکە. ئەوانیش جەختیان کردە سەر ڕاستی ڕووداوەکە. لە مانگی تەموزی ساڵی ١٨٤١ دکتۆر تروست پرۆفیسۆری کیمیازان لە زانکۆی ناشڤیل پاکەتێکی لەلایەن دکتۆر سایل کە زانایەکی فیزیازانی لوبنانی بوو لە شاری (تێنێسی) بۆ هاتبوو کە پڕ بوو لە چەوری و گۆشت و بەپێی وتەی دکتۆر سایل لە هەلومەرجێکی سەرسوڕهێنەردا بەسەر کێڵگەکەیدا باریبوو ئەو دەڵێ: لە کاتژمێر ١١ تا ١٢ی نیوەڕۆی ڕۆژی هەینی ڕابردوو لە نزیکی ٥ میل لە ڕۆژهەڵاتی لوبنان ئەم پارچە گۆشتانە لە هەورێکی زۆر بچووک و سوور کە تەنیا هەورێک بوو کە لە ئاسماندا بووە کەوتوونەتە خوارەوە. چەوری و گۆشت و خوێن لە ناوچەیەکدا بەدرێژی نیو میل و پانی ٧٥ یارد باریوە.. زۆربەشیان کەوتوونەتە کێڵگەی تووتنەوە کە پاش ئەو ڕووداوە خوێنیان لێ دەچۆڕا. دکتۆر سایل وتی کە لەم ڕووداوەدا بڕێکی زۆر گۆشت و خوێن لە ئاسمانەوە باریوە بەڵام ئەم وتانەی دکتۆر سایل سەبارەت بەناوەڕۆکی ئەو دیاردەیە لە هیچ شوێنێک تۆمار نەکراوە.

پەیامنێرانی دانیشتووی شاری ڕیچمۆند لە ویلایەتی ویرجینیا لە ڕۆژی (گود فرایدەی) واتە ڕۆژی هەینی پاش یا ڕۆژی هەینی بەر لە هەستانەوەی مەسیح، لە ساڵی ١٨٥٠ لە کێڵگەی (باسێت) لە نزکیک شاری (کلۆڤەرلی) ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەریان تۆمار کردووە، لەوێشدا لە کاتژمێر ٤ی پاش نیوەڕۆ بارین بەهۆی دەرکەوتنی پەڵەهەورێکی سوورەوە ڕوویداوە، لەناکاودا (باسێت) و هاوکارەکانی خۆیان لەژێر بارانی گۆشت و خوێندا بینییەوە، ئەوان لە نێوان پارچە گۆشتەکاندا توانییان پارچە جگەر و دڵ و چەندین شوێنی تر بناسنەوە، بەڵام نەیانتوانی بزانن کە خاوەنی ئەو پارچە گۆشتانە چ

بوونەوەرێکە، لەوکاتەشدا هیچ باڵندەیەک لە ئاسماندا و بەسەر سەریانەوە نەبوو. ئەو پارچە هەورە سوورە کاتێ کە لەو ناوچەیە تێپەڕیبوو، بارینی گۆشت و خوێنیش وەستا. سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئەو شارە لەوتارێکدا نووسی کە بارینی لەو شێوەیە لە کێڵگەیەک لە سیمپسۆن کانتی لەویلایەتی کارۆلینای باکوور لە بەرواری ١٥ی شوباتی هەمان ساڵ واتە ١٨٥٠ ڕوویداوە کە زەوییەک بەپانتایی ٣٠ پێ و درێژایی ٩٠٠ پێی پڕ کردووە لە خوێنی تازە و مێشک و ئەندامەکانی ناوەوەی لەش، لەم خوێن و گۆشت بارینەشدا باس لە پەڵە هەورێکی سوور کراوە.

***

لە ڕۆژنامەی سان فرانسیسکۆ هێراڵد لە بەرواری ٢٤ی تەموزی ١٨٥١ ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەری تر تۆمارکراوە، لە پایەگای سوپایی لە نزیک شاری بنیسیا هێزە زەمینەکان لەناکاودا دوچاری سەرسوڕمانێکی زۆربوونەوە چونکە خوێن و پارچەی ناسکی گۆشت بەسەریاندا باری، ئەفسەری فەرماندە سەربازەکانی ناچار کرد تا وەکو پارچە گۆشتەکان کۆبکەنەوە کە لە پاشاندا خرایە بەردەستی پزیشکی پایەگاکە کە ئەویش پارچە گۆشتەکانی خستە ناو ئەسپەرتۆ و هەڵیگرتن.

ئەو پزیشکە لە ڕاپۆرتێکدا دەڵێ کە پارچە گۆشتەکان بەئەستوورایی یەک لە سەر هەشتی ئینجێک دەبوو و بەشێوەیەکی وردبینانە پارچە پارچە کرابوون و لە لێواری هەندێکیاندا مووی زبرو ڕەش و زۆرکورت بەرچاو کەوتوون، لەم ڕووداوەدا باس لە هەبوونی هیچ باڵندەیەک نەکراوە لە ئاسماندا. هیچ بارانێک و تەنانەت باس لە پارچە هەورە سوورەکەش نەکراوە.

***

لە ڕۆژی ٢٨ی مانگی مایسی ١٨٨١ بارانێکی بەهاری شاری ڤۆرچێستەری بەریتانیای گرتەوە. باران لەناکاودا دەستی بەبارین کرد و هەموو کەسێک بۆ ڕزگاربوون لە تەڕبوون بەرەو ماڵەکانی خۆیان هەڵدەهاتن، ئەوانەش کە نەگەیشتبونە ماڵەکانیان بارانی قرژاڵ و جۆرە بوونەوەرێکی تر بەسەریاندا باری، ئەم بارینە کەمتر لە نیو کاتژمێر درێژەی هەبوو و کاتێ کە وەستا ئەوانەی کە لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە بینییان کە لەناو ژمارەیەکی زۆر لە قرژاڵی دەریاییدان، چەندین ملیۆن لەم بوونەوەرە ئاوییانە لە هەموو شوێنێکدا بلاو ببوونەوە و بەدرەختەکاندا شۆڕ ببوونەوە و لەسەر سەربانەکاندا دەخزانە خوارەوە، شەقامی (کرومر گاردنز) ناوەندی ئەم دیاردەیە بوو و بینەران ڕایانگەیاند کە



ئەوەی بەو شەوقامەدا تێپەڕیوە بەهۆی زۆری ئەو بوونەوەرانە کەوتووە بەزەویدا. زۆربەی ئەم بوونەوەرە دەرياييیانە دەخوران و خەڵکی کەوتنە کۆکردنەوەیان، ئەو لێپرسراوانەی کە سەبارەت بەم دیاردەیە لێکۆڵینەوەیان ئەنجام دەدا ڕایانگەیاند کە ئەم بارانە سەرسوڕهێنەرە ناوچەیەکی بەپانتایی یەک میلی چوارگۆشە گرتۆتەوە و چەندین تەن ئەم بوونەوەرە ئاوییانە ڕژاونەتە سەر ناوچەکە.

لێرەدا وەکو ڕووداوەکانی تر شارەزایان هیچ دەنگێکیان نەبوو، یەکەمین کەس کە دەنگی بەرزکردەوە لێکۆڵەرەوەیەکی ناسراو بوو کە خەڵکی سەرسوڕماوی دڵنیا کردەوە ئەم ڕووداوە تەنیا بەهۆی ئەوەی کە نافورەیەکی دەریایی کە ئاوەکانی دەریا بۆ کاری کشتوکاڵی هەڵدەمژێ، ئەم بوونەوەرانەی لەگەڵ ئاوی دەریادا هەڵمژیوە و چەند سائێک پاش ئەوە بەسەر شەقامەکانی شاردا باراندوویەتی، گۆڤاری تایبەتی سروشت ناسان واتە گۆڤاری (ئاو و خاک) پەسەندکردنی ئەم ڕوونکردنەوەیە بەکارێکی دژوار لەقەڵەم دەدا، سەرنووسەری ئەو گۆڤارە بەپارێزەوە هێمای بۆ ئەو خاڵە کرد کە ئەوە نافورەیەکی نائاسایی و زۆر مۆدێرن بووە کە بەدروستی تەنیا ٤ جۆر لە دەیان جۆر بوونەوەری دەریایی هەڵبژاردووە و بەسەر شاردا باراندوویەتی، جگە لەوە پاش ئەم هەڵبژاردنەش بۆ دابەشکردنی دووبارە نافورەکە سەدەفەکان و گژوگیا و خۆڵی بنی دەریاکەی جیاکردۆتەوە، ئەمە بەشێوەیەکی گاڵتە ئامێز سەبارەت بەبیرۆکەی ئەو زانایە هاتە نوسین، بەڵام کاتێ کە ئەم ڕوونکردنەوەیە بەتەواوی ڕەتکرایەوە و بەهێمنی فەرامۆش کرا، ڕۆژنامەی ناوچەی (ڤێر چەستەر دەیلی تایمز) بوێرانە ڕایگەیاند کە وەڵامەکە زۆر ساکارە ئەمە گاڵتەیەک بووە لەلایەن ماسی فرۆشێکەوە کە لەگەڵ ئێمەی کردووە، ئایا ئەم بابەتە بەمەبەستی سوکایەتی پێکردن نووسراوە؟ کەس نازانێ، بەڵام ئەگەر ڕاستیش بێت هیچ کەسێک ئاگای لەو ماسی فرۆشە ملیۆنەرە نییە کە بەلایەنی کەمەوە نیو ملیۆن دۆلار خواردنی دەریایی لە نیو کاتژمێردا بەسەر شاردا باراندووە، لە کاتێکدا کە ئەو بوونەوەرانەی کە بەسەر شاردا ڕژان بەکەڵکی خواردن دەهاتن. بەڵام لە ساڵی ١٩٥٧ و بەدروستی لەمانگی حوزەیراندا ژمارەیەکی زۆر ماری ئاوی بەسەر شاری (پیاسنزای) ئیتالیادا باری کە نەتەنیا بەکەڵکی خواردن نەدەهاتن بەڵکو ترسێکی زۆریشیان خستە دڵی دانیشتوانەوە.

***

ئایا بڕوادەکەن! لە پاییزی ساڵی ١٩٥٧ دا ناوچەی (پێن ڤالێی) لەنزیکی فیلادلفیا

بەلاپەڕەی تەنکی کانزایی داپۆشرا. ڕۆژێکی زۆر سامالّ و خۆش بوو. ژمارەیەکی زۆر لە خەڵکی بەمەبەستی یاری گۆڵف چووبوونە ناوچە سەوزاییەکانی دەوروپشت کە لە ناکاودا ئەو لاپەڕە کانزاییانە دەستیان بەبارین کرد، هەندێکیان دڕابوون و هەندێکی تریان بەساغی دەکەوتنە زەوی، هێزی ئاسمانی ئەوەی بەدرۆخستەوە کە لەو کاتەدا هەندێ لە فڕۆکەکانی ئەم لاپەڕە کانزاییانەیان گواستبێتەوە، بەڵام سەرانسەری ئەو ناوچەیە بەو لاپەڕە کانزاییانە داپۆشرابوو و هەندێ لە یاریزانانی گۆڵف دەست و قاچیان لە ناویاندا گیری کردبوو.

کاتێ کە دەڕوانینە ئەرشیڤەکان دەبینین کە بارینی بۆق لە هەموو شتێک زیاتر ڕوویداوە. لە ڕۆژی ٧ی ئەیلولی ١٩٥٤ شاری لی چەستەر لە ویلایەتی ماساچۆسێتی ئەمریکا بووە گۆڕەپانی بارینی چەندین جۆر بۆق، بەدرێژایی یەک میل لە گۆڕەپانی ناوەندی لی چەستەر تا چوارڕیانی پاکستۆن و لە سەرانسەری شەقامی پاکستۆندا کۆڵانەکان و باخچەکان پڕ بوون لەم بوونەوەرە زیندووانە، هەندێ لەدایکو باوکان منالّەکانیان لە خەو هەستاند تا ئەم دیاردەیە ببینن. چونکە کەمێک پاش نیوەشەو ئەمە ڕووی دا و منالّەکان بەدەستی بەتالّ سەتڵەکانیان پڕ دەکرد لە بۆق، لەوکاتەدا ئەو ڕوونکردنەوەیە بەجەماوەر ڕاگەیاندرا کە ئاوی ئەو دەریاچەیەی کە لەو نزیکانە بوو زۆر بووە و ئەم بۆقانە لەگەڵ ئاوی دەریاچەکەدا ڕژاونە شەقامەکانی شارەوە، بەڵام ئەمە ڕوونکردنەوەیەکی بڕواپێکراو نەبوو چونکە بۆقەکان لە سەربانی ماڵەکانیشدا دەبینران و ئەمەش لایەنی ناکۆک بوو لەگەڵ تیۆری زۆر بوونی ئاوی دەریاچەکە.

لە مانگی یەکەمی ساڵی ١٩١٢ (ویلیام باتلۆت) لە ناوچەیەکی گوند نشین لە (بیڤەرکۆنی) لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما لە کاتێکدا کە خەریکی گەیاندنی پاکەتەکانی پۆستەبوو دوچاری تۆفانێک بۆوە کە سەرەتا هەورە ڕەشەکان ئاسمانی ناوچەکەیان داپۆشی و لە پاشاندا هەورە بروسکە دەستی پێکرد، باتلۆن کە عەرەبانەیەکی چوار ئەسپی پێ بوو خێرایی خۆی زیاترکرد، ئەوان لەم جۆرە تۆفانە زۆریان بینیبوو، بەڵام ئەم تۆفانە جیاوازبوو، چەند ساتێک پاش ئەوە یەکەمین دڵۆپەکانی باران دەستیان بەبارین کرد، باتلۆت دەنگی تەپەتەپێکی بەڕوونی گوێ لێ بوو و وایدەزانی کە تەرزە دەبارێ، تاوەکو تێگەیشت کە هەزاران شتی بچووک بەسەر پشتی ئەسپەکانیدا دەڕژێ و بەهیچ شێوەیەک لەتەرزە ناچێت، لەبەر ئەم هۆیەش عەرەبانەکەی ڕاگرت تاوەکو سەیرێک بکات، بینی کە هەزاران بۆقی ورد کە بەقەد نینۆکێکی مرۆڤ گەورە بوون لە ئاسمانەوە دادەبارێن. ئەو



دەبینی کە بەسەرپشتدا دەکەونە خوارەوە و پاش ئەوەی کە چەند ئینجێک بەهۆی کەوتنە خوارەوە بەرزدەبنەوە بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێ بگات دووبارە لەسەر پێ دەکەونە ڕێ، پاش ئەوەی کە ئەم ڕەهێڵە بۆقە کۆتایی پێهات ئەو بۆی ڕوون بۆوە کە سەدان لەم بۆقانە لەنێوان پاکەتە پۆستییەکانی ناو عەرەبانەکەیدایە و تا ئەو شوێنەی کە چاو بڕ دەکات لە دەوروپشتیدا بۆقی زیندوو لە جووڵاندان، لەوە دەچوو کە زەوی بجووڵێت، لەماوەی بارینەکەدا ئەو دەستی خۆی درێژکرد و چوار دانە لەوانەی گرت کە بەهیچ شێوەیەک زیانیان پێ نەگەیشتبوو.

***

لە شاری (یورۆ) لەوڵاتی (هندۆراس)یش ڕووداوێکی لەم جۆرە تۆمارکراوە، بەپشت بەستن بەهەواڵی ڕۆژنامە ناوچەییەکان هەموو ساڵێک لەسەرەتای وەرزی باران بارینداخەڵکی چاوەڕێی کەوتنەخوارەوەی ماسین لە ئاسمانەوە، کاتێ کە هەورە ڕەش و گەورەکان بەسەر ناوچەی (سێرۆڤێل مال) لەباکووری ڕۆژهەڵاتدا کۆدەبنەوە، دانیشتوانی ناوچەکە سەبەتەو سەتڵەکانی خۆیان هەڵدەگرن و بەرەو دەشتە سەوزەکانی دەرەوەی شار بەڕێ دەکەون. بەسەرنجدان بەوەی کە شاری یۆرۆ ٥٠ میل لە کەنارەکانەوە دوورە و زنجیرە کێوێک لەنێوانیاندایە کەواتە ماسی تازە، نیعمەتێکی پەروەردگارە. بەڵام یەکەمین تۆفانەکانی وەرزی باران بارین مژدەی بارینی دەیان هەزار ماسی پێیە کە لەنێوان ٣ تا ٤ ئینج درێژن. بەپێی لێکۆڵینەوەی لێپرسراوانی هندوراس ئەم ڕووداوە سالانەیە و تا ئەو شوێنەی کە دانیشتوان لەیادیانە ئەم ڕووداوە هەموو ساڵێک لەو کاتەدا دووبارە بۆتەوە و پێشینەیەکی مێژوویی هەیە.

***

لەپاش نیوەڕۆیەکی خۆشی مانگی ئەیلولی ١٩٦٠ هاوسەری (ڤیکتۆرمی تینز) دانیشتووی پلاکی ٩١٥ لە شەقامی هۆڵاند لەشاری (ساگیناو) لە ویلایەتی میشیگانی ئەمریکا لە ماڵەکەی هاتە دەرەوە و لەناکاودا بەهێواشی شتێک بەرسەری کەوت، ئەو دەستی بردو گرتی بەڵام بەسەر سوڕمانەوە دەنگێکی لێ هاتە دەرەوە چونکە دەستی لە شتێکی لیق و سارد درا و بەپەلە فڕێی دایە سەر زەوی، لەسەر زەوییەکە ماسییەکی ٨ ئینجی لە جۆری (پرێچ) بەرچاو کەوت کە هێشتا زیندوو بوو، لێکۆڵینەوەکان ئەوەیان دەرخست کە هیچ نیشانەیەک لەچنگی باز بەسەر جەستەی ماسییەکەدا نەبینراوە، ئەگەر وا بزانین کە بەهۆی بازێکەوە چۆتە ئاسمان و لەوێ کەوتۆتە خوارەوە...

ڕۆژنامەی (ستانلی نیوز ئەندپرێس) کە لە شاری ستانلی لە ویلایەتی کارۆلینای باکوور بڵاو دەبێتەوە سەرچاوەی هەواڵێکی تری لەم جۆرەیە کە لە هاوینی ساڵی١٩٦١ لە ماڵی (سیسیل موس) لە تەنیشت جادەی (نۆرڤۆد) لەنزیکی شار ڕوویداوە، بارانێکی ئاسایی کە ئەو ناوچەیە زۆر پێویستی پێی بوو دەستی پێکرد. بەڵام پاش کۆتایی هاتنی کاتێ کە (موس) چووە دەرەوە چاوی بەهەزاران بۆق کەوت کە ناوچەکەیان داپۆشیوە، ئەو و ئەو کەسانەی تریش کە ئەم دیاردەیەیان بینیوە وتیان کە هەزاران دانەلەم بوونەوەرە بچووکانە لە حەوشە و زەوییەکەی موسدا باریوە. دە ڕۆژ پاش ئەوەش ئەوانە هێشتا هەر لەوێ بوون. شارەزایانی ناوچەکەش وەکو هەمیشە هاتنی ئەو بۆقانە لە دەریاچەیەکی نزیکیان کردە بیانوو بۆ داپۆشینی نەزانی خۆیان لەئاست ئەم دیاردە دەگمەنە. ئێستا دەچینە شاری ئۆرلاندۆ لە ویلایەتی فلۆریدا و دەگەڕێینەوە بۆ پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٢٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٣ نزیکەی کاتژمێر سێ و ١٥ دەقیقە نیشانەی ڕوودانی تۆفانێک بەئاشکرا دیار بوو، بەڵام ئەم تۆفانە شتێکی جیاوازبوو. چونکە لەگەڵ باراندا بۆق دەباری. سێ کچی بچکۆڵەی (راسڵ) کە یەکێک بوو لە دانیشتوانی شارەکە لە کاتێکدا لە حەوشەکەدا یارییان دەکرد بارانی بۆقیان بەسەردا باری و ئەمەش بەڕوونی دەبینرا چونکە منداڵەکان و دایک و باوکیان بینییان کە ئەم بوونەوەرە بچووکانە دەکەوتنە سەر سەقفی ئۆتۆمبیلەکەیان کە لە حەوشەکەدا ڕاگیرابوو. راسل کاتێ کە ویستی ئەم ڕووداوە وەکو ڕاپۆرتێک بداتە ڕۆژنامەکان ڕووبەڕووی قسەیەکی سەیر بۆوە. لەوێ پێیان ڕاگەیاند کە ئەو بۆقانە لەوانەیە لە زەوی دەوروپشتی خانووەکەی هاتبنە دەرەوە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت بەسەرهاتێکی سەرسوڕهێنەری ترمان دێتە بەردەست، بەسەرهاتی ئەو بۆقانەی کە لە زەوی دەرئەپەڕنە دەرەوە چەندین پێ دەپەڕنە ئاسمان و لەسەر سەقفی ئۆتۆمبیلەکەی راسل دەکەونە خوارەوە.. لە هەمان شەودا و لە میانەی تۆفانێکی تردا ژمارەیەکی زۆرتر لەم بوونەوەرانە تەنانەت ڕژانە سەر سەقفی خانووەکەش. بەچ شێوەیەک ئەم بوونەوەرە بچووکانە بەم خێراییە لەزەوی دێنە دەرەوە و دەکەونە سەر سەقفی ئۆتۆمبیلەکە و خانووەکەی راسل؟ ئەمە نهێنییەکە کە هێشتا ئاشکرا نەبووە، ئەگەریش لە زەوییەوە نەهاتبنە دەرەوە بەچ شێوەیەک چوونەتە ئاسمان و کەوتوونەتە خوارەوە؟ هەندێ شت هەیە کەوا باشترە لەتەمی نەزانین و سەرسوڕماندا بمێننەوە، بارینی بۆق و ماسی و قوڕولیتاو و شەکرو گۆشت و خوێن و سەدان شتی سەرسوڕهێنەری تر نموونەیەکی هەرە زیندووی ئەو شتانەن کەوا باشترە پلەیەک لە سەرووی زانستەوە بن.



# مەیموونی زەبەلاح یا مرۆڤی دڕندە

هەرکاتێک کە بوونەوەرێک لەلایەن بوونەوەرێکی ترەوە لە ئەو ناوچەیە وەدەر بنرێ کە ماوەیەکی زۆر تیایدا ژیاوە بەرەو ناوچە نالەبارەکان کۆچ دەکات، ئەمە لەوانەیە نیشانەی ئەوە بێت کە بە چ هۆیەک هەمیشە هەزاران ڕاپۆرت سەبارەت بەبینینی بوونەوەرە زەبەلاح و توکنەکان کە زۆر لە مرۆڤ دەچن لە سەرانسەری دنیا لە ناوچە دارستانی و بیابانییەکاندا دەگەنە لایەنە پەیوەندیدارەکان. ئەو بوونەوەرە نیوە مرۆڤانە دەیانزانی کە پێویستە پەنا بەرنە بەر کوێ، چەندین ناوی جۆراوجۆریان لەم بوونەوەرانە ناوە، بەڵام هەموو ئەم ناوانە واتایەکی یەکسانیان هەیە:

(لە مرۆڤ چووە وەحشییەکان) جێگەی داخە کە لە ناوچەی هیمالیا بەناوی (مرۆڤی بەفرینی چەپەڵ) لەلایەن سپی پێستەکانەوە سووکایەتیان پێ کراوە. ئەم ناو لێنانە کاتێک هاتە ئاراوە کە ئەم بوونەوەرانە لە دۆڵێکەوە بەرەو دۆڵێکی تر کۆچیان دەکرد و لەسەر ڕێگاکەیاندا بەناوچەیەکی پڕ لە بەفردا تێپەڕبوون. جێگەی قاچە بەجێماوەکان لەسەر بەفرەکە و بینینی دەیان کەس بووە هۆی ئەوەی کە بابەتی ئەم بوونەوەرانە لەسەر ئاستی جیهانی گرنگی پێ بدرێ. خاڵی سەرنج ڕاکێش لێرەدایە کە ئەو بوونەوەرانە لە بەفردا ژیان بەسەر نابەن. گەشتیارە ئەمریکییەکان کە خوازیاری پڕوپاگەندەن و بەشوێن ناوبانگدا وێڵن بۆ دۆزینەوەی ئەم بوونەوەرانە دەچنە ناوچە بەفرینەکان و بەم کردارەش نادروستی خۆیان دەردەخەن. بەهۆی ئەوەی کە ئەم بوونەوەرانە شەرمن و خۆیان لەناوچە دوورە دەستەکاندا دەشارنەوە زۆر بەکەمی لەلایەن سپی پێستەکانەوە دەبینرێن. دانیشتوانی نیوەدوورگەی مالایا و هەروەها دانیشتوانی مەنگۆلیا و دارستانەکانی سیبیریا و تەنانەت سوور پێستەکانی ناوچەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکا بەباشی ئەم بوونەوەرانە دەناسن، کەواتە بەڕێکەوت سپی پێستەکانیش تەنانەت لە نزیکەوە دەیانبینن. بۆ نموونە ڕاپۆرتیک لەلایەن زانایەکی ڕووسی بەناوی دکتۆر (پرۆنین) کە ڕێبەری گرووپێکی دۆزینەوەی سەرچاوە ئاوییەکان لە کوێستانەکانی پامیر لە کۆماری تورکمانستان و بەشی ئاسیای ناوەندی بوو لە هاوینی ١٩٥٧ بڵاوکراوەتەوە، دکتۆر پرۆنین ڕایگەیاند دوو کەس لە ڕێنماکان سەرنجیان بۆلای بوونەوەرێک ڕاکێشاوە کە لە دۆڵێکی بەرامبەر ئەودا وەستابوو، ئەو بوونەوەرە لەسەر تاشەبەردێک لەبەر تیشکی

هەتاودا ڕاوەستابوو. دکتۆر پرۆنین بەکەڵک وەرگرتن لە دووربین بۆ ماوەی پێنج دەقیقە لە بارودۆخـێکی زۆر باشـدا سـەیری ئەو بوونەوەرەی کـرد. ئەو لە ڕاپۆرتەکـەیدا باس لە بوونەوەرێک دەکات کە لە مرۆڤ دەچێت بەڵام دەستەکانی بەشێوەیەکی نائاسایی درێژن. بەشی زۆری دەموچاوی بە موو داپۆشراوە و جەستەشی بەموویەکی خۆڵەمێشی داپۆشراوە، ئەو دەڵێ کە نزیکەی ٧ پێ درێژ بووە، دوو ڕۆژ پاش ئەوە دکتۆر پرۆنین دیسانەوە هەمان بوونەوەر یاخود بوونەوەرێکی هاوشێوەی تری بینی و وتی کە دەتوانین بەنیوە مرۆڤێک لە قەڵەمی بدەین.

دانیشتوانی ناوچەکە پێیان گوت کە ئەم بوونەورانە هیچ زیانێکیان بۆ مرۆڤ نییە و تەنیا بەخواردنی ڕەگی گژوگیا و بوونەوەرە بچووکەکان ژیان بەڕێ دەکەن. لە مانگی حوزەیرانی ١٩٥٨ ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەر ئەم هەواڵەی ڕاگەیاند کە دانیشتوانی گوندی پاپامولیە لە باشووری سوماترا بوونەوەرێکیان بەزیندوویی گرتووە کە لە شێوەیەک لە مەیموونی نەناسراو دەچێت، ئەم بوونەوەرە مێینە بووە و نزیکەی ١٦ تا ١٧ ساڵ تەمەنی بووە کە لەسەرەوە تاوەکو قاچی بەتووک داپۆشرابوو و لە نێوان دانیشتوانی سوماترا بەسینداى بەناوبانگە و سەردەمانێک حکوومەتی هۆڵەندا خەڵاتێکی زۆری تەرخان کردبوو بۆ هەرکەسێک کە یەکێک لەم بوونەوەرانە بەزیندوویی بگرێت. کاتێ کە دانیشتوانی ئەو گوندە زانییان حکوومەتی سوماترا پێشنیاری خەڵاتەکەی نوێ نەکردۆتەوە، ئەو بوونەوەرەیان گەڕاندەوە بۆ ناو دارستان و ئازادیان کرد. بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئەو بوونەوەرە لەکاتی زیندانی بوونیدا هیچ خواردنێکی نەخواردووە و هیچ هەوڵێکیشی بۆ بەرگریکردن لە خۆی لەکاتی گرتنیدا نەداوە، ئەم بوونەوەرە نزیکەی پێنج پێ درێژ بووە و بەپێی وتەی ئەو کەسانەی کە گرتوویانە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە مرۆڤ چووە.

***

لە ساڵی ١٩٤١ کاراپتیان کە وابەستەیەکی سەربازی سوپای سۆڤیەت بوو لە (بوئی ناکسک) لە زنجیرە چیاکانی داغستان سەبارەت بەڕووداوێک ڕاپۆرتێکی ئامادە کرد کە لە زستانی ساڵی ١٩٤١ لەو ناوچەیەدا ڕوویداوە. لێپرسراوانی ناوچەکە هاتبوونە لای ئەو و داوایان لێکردبوو کە بۆ بینینی (مرۆڤێکی وەحشی) کە لە کوێستانەکانی ئەو دەوروپشتە گرتبوویان لەگەڵیاندا بڕوات. کاراپتیان دەڵێ کە ئەو بوونەوەرە نێرینە، پێ پەتی و ڕووت بووە، جەستەی وەکو مرۆڤ بووە، سنگ و مل و پشتی ئەو بوونەوەرە



بەموویەکی قاوەیی تۆخ داپۆشرابوو بەڵام دەموچاو و دەست و قاچەکانی موویان پێوە نەبووە، مووی دەوروپشتی دەمی ئەو بوونەوەرە زۆر زبر بووە و لە ڕیشی مرۆڤ چووە، قژی سەری زۆر درێژ و ڕەنگی قاوەیی و زۆر ورد بووە و کەوتۆتە سەر شانەکانی، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا جەستەیەکی پیاوانەی بەرزتر لە ٦ پێ، شانی پان و قۆڵی درێژ و سنگێکی تەنگی هەبووە. خەڵکی ناوچەکە کە ئەو بوونەوەرە بریندارەیان تیمار دەکرد نەیانتوانی لە خانوویەکی گەرمدا ڕای بگرن، چونکە ئەوەندە ئارەقەی دەکردەوە کە بۆنێکی زۆر ناخۆشی لێ دەهات. لەڕاپۆرتی ڕەسمیدا کاراپتیان دەڵێ کە ئەو بوونەوەرە لە بەرامبەر ئەودا وەکو دێوێکی تووکن وەستاوە، سینگی بەرەو پێشەوە و شانەکانی بەرەو دواوە بووە و دەستی گەورەو پەنجەی بەهێز و ئەستووری هەبووە و بەلایەنی کەمەوە دەستی دەگەیشتە ئەژنۆی. کاتێ کە خواردنیان دەخستە پێشی هیچ کاردانەوەیەکی نەبووە، نە هەوڵی ڕزگاربوونی دەدا نە هەوڵی قسەکردن، جگە لەوەی کە یەک دوو جار بەهێواشی ناڵاندبووی. لە ڕاپۆرتەکەی کاراپتیاندا هاتووە کە:

چاوەکانی هیچیان بەمن نەدەگوت، چاوەکانی گەورەو تاریک و مەنگ بوون و هیچ واتایەکیان تێدا نەبوو، ئەوانە چاوی ئاژەڵێک بوون و هیچی تر.

ئەوەی بەسەر ئەم بوونەوەرەدا هات نادیارە، چونکە کاراپیتان چەند هەفتە پاش ئەوە لەو ناوچەیە گوازرایەوە و ئەو شتەی کە بە دڵنیاییەوە یەکێک لە سەرنج ڕاکێشترین نهێنیەکانی زانستە لەدەست چوو.

***

لە ساڵی ١٩٣٩ کاتێ هێزەکانی چین و مەنگۆلیا لە یەکێک لە شەڕە بێشومارە سنووریەکانیاندا بوون، سەربازانی مەنگۆلیا سێ بوونەوەری سەرسوڕهێنەرو نیوە مرۆڤیان بینی کە لە گردێک دەچوونە سەرەوە، سەربازەکان تەقەیان لێ کردن و وتیان کە ئەو بوونەوەرانە وەکو مرۆڤە دڕندەکان بەبێ جلوبەرگ بوون و بەموو سەرتاپای لەشیان داپۆشرابوو.

لە ساڵی ١٩٤٧ کیمیازانێکی مەنگۆلی لە سەفەرێکیدا بوونەوەرێکی لەم شێوەیەی بینیوە، ئەو لە کاتێکدا کە لە تەنیشت چەند تاشە بەردێک دانیشتبوو و خەریکی نانخواردن بوو لەناکاودا بینی کە بوونەوەرێکی تووکن کە لە مرۆڤ دەچوو لە درزی تاشە بەردێکی گەورەدا هاتە دەرەوە و خەریکی هەڵکەندنی زەوی بوو کە پێدەچوو بەشوێن خۆراکدا بگەڕێ. کیمیازانەکە لە مەودایەکی کەمتر لە ١٠٠ پێ و بۆ ماوەی نزیکەی

چارەکە کاتژمێرێک سەیری ئەو بوونەوەرەی کرد. بەپێی و تەکانی دەقاو دەق لەو بوونەوەرە چووە کە کاراپیتان لە کوێستانەکانی داغستاندا بینیویەتی.

دانیشتوانی ناوچە کوێستانیەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکا لە کالیفۆرنیای باکوورەوە تا (بریتیش کۆلۆمبیا ) لەترسی پیاوە زەبەلاحە تووکنەکان کە بە وتەی ئەوان لە دارستانە چڕەکاندا دەژیان ئارامیان لێ هەڵگیرابوو. کاتێ کە سوور پێستەکان سەبارەت بەم بوونەوەرە زەبەلاحانە کە پێیان دەگوت (ساسکواچ) سپی پێستەکانیان ئاگادار دەکردەوە ئەوان هەموو ئەم بابەتەیان وەکو ئەفسانەو خورافات وەردەگرت. بەڵام بەتێپەڕبوونی کات، کاتێ کە سپی پێستەکان کە لەو کوێستانانەوە دەهاتن و باسیان لە بوونی ئەو بوونەوەرانە دەکرد وتەی سوور پێستەکان گرنگییەکی زیاتری پێ درا. کاتێ کە بڵاوکراوەی (دەیلی بریتیش کۆلۆنیست) لە شاری ڤیکتۆریای بریتیش کۆلۆمبیا باسی لە ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێش کرد کە لەشاری (یاڵ) ڕووی دابوو لە بەرواری ٣ی تەموزی ١٨٨٤، کەسانێکی زۆر کە شتێکیان سەبارەت بەساسکواچەکان پێ بوو هاتنە مەیدانەوە. ئەو بڵاوکراوەیە باس لە هەواڵێک دەکات کە بە چ شێوەیەک کارمەندانی شەمەندەفەرێک بوونەوەرێکیان بینیوە کە نیوەی مرۆڤ و نیوەی مەیموون بووە و لەتەنیشت هێڵی شەمەندەفەرەکەدا لەدووری ٢٠ میل لەشاری (یاڵ) لە دۆڵێکی قوڵدا ڕاکشاوە.

شەمەندەفەرەکە بەخێرایی ڕاگیرا و کارمەندەکانی هەوڵیاندا ئەو بوونەوەرە بگرن کە لە تاشە بەردێک دەچووە سەرەوە. ئەوان نەیانتوانی بەزیندوویی بیگرن و یەکێک لە کارمەندەکان چووە سەر سەری بەپارچە بەردێک کە کێشای بەسەریدا بێهۆشی کرد. ئەوان ئەو بوونەوەرەیان بەتەناف بەستەوە و خستیانە ڤاگۆنی کەلوپەلەکانەوە. کاتێ کە شەمەندەفەرەکە گەیشتە جێ خەڵکێکی زۆر بۆ بینینی ئەو بوونەوەرە کۆببوونەوە. ئەو بڵاوکراوەیە لەسەر زاری کارمەندانی شەمەندەفەرەکە دەڵێ کە ئەوان وابیر دەکەنەوە کە ئەو بوونەوەرە زۆر لە لێواری دۆڵەکە نزیک بۆتەوە و کەوتۆتە خوارەوە چونکە گێژ ببوو، لەبەر ئەم هۆیەش بوو کە کاتێ کە ئەوان گەیشتنە سەری ئەو لەسەر زەوییەکە درێژ ببوو. یەک دوو ڕۆژ پاش ئەوە ئەو بوونەوەرە بەتەواوی چاک ببۆوە و بەهیچ شێوەیەک ئەو هەڵسوکەوتە خراپەی کە لەگەڵیدا کرابوو لەیاد نەمابوو. ئەو لە پیاوێکی بچووکی تووکن دەچوو و موویەکی نەرم و ڕەش هەموو جەستەی جگە لە دەست و قاچ و دەموچاوی داپۆشیبوو. ئەو لەسەر دوو پێ دەڕۆیشت و نزیکەی ٤ پێ و ١٠ ئینج درێژ بوو، بەداخەوە



ئەو بوونەوەرە لەگەڵ پیاوێکی نمایشکاردا ڕۆیشت و هیچ زانیارییەک سەبارەت بەچارەنووسی لەبەر دەستدا نییە.

بەڵام بەو شێوەی کە باس دەکرێ ئەو بوونەوەرە ساسکواچێکی گەنج بووە و بەمەش دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ئەم بوونەوەرانە کاتێ کە دەگەنە تەمەنی باڵق بوون ڕەنگی تووکەکەیان گۆڕانکاری بەسەردادێت.

***

لە ساڵی ١٩٤٩ جۆرج چاپمەن و هاوسەرەکەی لەگەڵ سێ منالّیاندا لە کابینەیەک لە نزیکی شارۆچکەی (ڕۆبی کریک) لەکەنار ڕووباری فرایزەر واتە نزیکەی ٢٢ میل لەو ناوچەیەی کە ئەو بوونەوەرەی پێشوو لەلایەن کارمەندانی شەمەندەفەرەکەوە گیرا، دەژیان. چاپمەن لە هێڵی شەمەندەفەردا کاری دەکرد و لەمیانەی سەفەرەکانیدا هاوسەرەکەی و کوڕە ٩ ساڵەو دوو کچە بچووکترەکەی بەتەنیا جێ دەهێشت. ڕۆژێک کوڕەکەی بەپەلە گەڕایەوە بۆ ماڵەوە و بەدایکی گوت کە ئاژەڵێکی گەورە لە کەلاوەکەی پشت ماڵەکەیاندا دەسووڕێتەوە. دایکی سەیرێکی ئەو شوێنەی کرد و وایدەزانی کە ئەو بوونەوەرە ورچە، بەڵام بەخێرایی تێگەیشت کە هەڵەی کردووە، چونکە ئەو بوونەوەرە لەناکاودا لەناو گژوگیاکاندا هاتە دەرەوە و بەهێمنی بەرەو ئەو و منالّەکانی بەڕێ کەوت. لەکاتێکدا کە منالّەکان بەرەو ڕووبارەکە هەڵدەهاتن، دایکیان کەمێک لەپێش ئەو ساسکواچە بەشوێن منالّەکانیدا هەڵهات. ئەو بەئاشکرا دەیبینی کە ساسکواچ بە موو داپۆشراوە و بەشێوەیەکی ستوونی بەڕێگادا دەڕوات و ڕوخساری وەکو مرۆڤە. لەکاتێکدا کە دایک و سێ مندالّەکەی لە کەناری ڕووبارەکە لە هەڵاتندا بوون، ئەو بوونەوەرە هێرشبەرە لە خانووەکەیاندا خەریکی گەڕان بوو و پاش ئەوەی کە قوتوویەک ماسی سوێری هەڵپچڕی و بەو ناوەدا پژاندی، کۆتایی بەسەردانەکەی خۆی هێنا. خاتوو چاپمەن دەڵێ کە باڵای ئەو بوونەوەرە نزیکەی ٧ تا ٨ پێ بەرزبووە، جێگەی قاچەکانی لە قوڕی دەورپشتی خانووەکە بەجێ مابوو و لەجێگەی قاچی پیاوێکی زەبەلاحی پێ پەتی دەچوو کە پەنجەی دووەمی قاچی لەپەنجەکانی تری درێژتر بوون. چەند تالّە موویەکی قاوەیی کە بەدەرگای ماڵەکەوە بەجێ مابوو ئەو گریمانەی خاتوو چاپمەنی لە ڕاستی نزیکتر کردەوە کە ئەو بوونەوەرە بەلایەنی کەمەوە ٥ر٧ پێ درێژ بووە. بنەماڵەی چاپمەن کەمێک پاش ئەم ڕووداوە گواستیانەوە بۆ شوێنێکی نزیکتر لەشار.

ناوچە چۆڵ و بێ دانیشتوانە فراوانەکەی باکووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان

گۆڕەپانی سەدان ڕووبەڕووبوونەوەی لەمجۆرەیە لە نێوان مرۆڤی مۆدێرن و ئەم بوونەوەرە زەبەلاحانە کە بە ساسکواچ بەناوبانگن.

لە ساڵی ١٩٢٤ گرووپێکی داربڕینەوە کەمپەکەی خۆیان لە دارستانەکە بەجێ هێشت و نەگەڕانەوە چونکە دەیانگوت کە چەندین بوونەوەری زەبەلاح کە لە مەیموون دەچوون ئابلوقەیان داون و بەردو داریان بەسەریاندا کێشاوە و کەمپەکەیان وێران کردووە.

***

لەمانگی ئابی ساڵی ١٩٥٨ گرووپێکی دروستکردنی جادە خەریکی خۆڵ ڕشتن بوون بەسەر جادەیەکدا کە لە ناوچەیەکی کوێستانی لە نزیکی (بلۆف کریک) لە (هۆمبۆڵت کانتی) کالیفۆرنیا کۆتایی پێ دەهات. ئەوان ڕۆژێک سەرلەبەیانی لە بینینی جێگەی قاچی مرۆڤێکی زەبەلاح لەسەر خۆڵە نەرمەکە، دوچاری سەرسوڕمانێکی زۆر بوون. خاوەنی ئەم جێگە قاچە تایەیەکی بلدۆزەری لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبوو و چەند سەد مەتر لەو لاتر فڕێی دابوو، بەرمیلێکی پۆلاینی پڕ لە نەوت لە بەرزاییەکی زۆر برابووە سەرەوە و لەوێوە بەرەو ناو دۆڵێکی قووڵ تلۆر کرابۆوە، بۆ هەڵگرتنی ئەم بەرمیلە پێویست بەچەند پیاوی بەهێز هەیە بەڵام ئەم ساسکواچە بەبێ هیچ زەحمەتێک بەم هەموو ڕێگایەدا لەگەڵ خۆی هەڵیگرتبوو، بەرلەوەی کە ئەم دێوە ئەو ناوچەیە بەجێ بهێڵێ و بەرەو شوێنێکی تر بڕوات چەندین قاڵبی پلاستیکی لەجێگە قاچەکانی هەڵگیرا و ئەوە ڕوون بۆوە کە قاچەکانی لە مرۆڤ دەچێت و ١٧ ئینج درێژایی و ٨ ئینج پانتاییان هەیە. ئەم قاڵبانە جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە پەنجەی دووەمی قاچی ئەم بوونەوەرە لە پەنجەکانی تری درێژترە. (ڕۆبەرت هۆتفلڵد) ئەو داربڕەی کە لە شاری (کرێسێنت)ی کالیفۆرینا لە مانگی شوباتی ١٩٦٢دا دەژیا، لەکاتی بینینی هاوڕێکانی واتە باد جێنگینز و هاوسەرەکەی کە لە چوار میلی (فۆرت براگ)دا دەژیان گوێی لێ بوو کە سەگی ماڵی جێنگینز دەلوورێنێ و لەوەدەچێ کە لە شتێک ترسابێت. ئەو ڕۆیشتە دەرەوە تاوەکو بزانێ کە هۆی نیگەرانی سەگەکە چییە و دەسبەجێش هۆکارەکەی بۆ روون بۆوە. لە پشتەوەی حەوشەکە نزیکەی ٦٠ پێ دوورتر لەو شوێنەی کە هێتفیلد وەستابوو، بوونەوەرێکی زەبەلاح و تووکن کە ڕوخساری لە مرۆڤ دەچوو لەودیو پەرژینەکەوە سەیری ئەوی دەکرد. پەرژینەکە نزیکەی ٦ پێ بەرزبوو ئەمە لەکاتێکدا کە سنگ وسەری ئەو بوونەوەرە لە سەرووی پەرژینەکەوە بوو. واتە بەلایەنی کەمەوە نزیکەی ٧ تا ٨ پێ بەرز بووە. لەسەرەتادا هێتفیلد وایدەزانی کە ئەوە ورچێکی گەورەیە کە سەیری دەکات، گەورەترین ورچێک کە تا ئەوکاتە بینیویەتی!



ئەو ڕایکردە ناو خانووەکەو جێنگینزی بانگ کرد تاوەکو ئەویش بێتە دەرەوە و ئەو بوونەوەرە ببینێ. چەند ساتێک پاش ئەوە کاتێ کە ئەو دوو پیاوە بەپەلە هاتنە دەرەوە سەرەتا هیچ کامیان نەیانبینی. هێتفیلد بەڕاکردن بەدەوری ماڵەکەدا سووڕایەوە و بەتەواوی کەوتە بەرامبەر ئەو بوونەوەرە و بەهۆی ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە خزا و کەوتە سەر زەوی. هێتفیلد بەهاوارکردن داوای لە جێنگنیز کرد کە بچێتە ژوورەوە. ئەوە بوونەوەرێکی نیوە ئاژەڵ و نیوە مرۆڤ بوو، هێتفیلد بەدژواری هەستایەوە و بەرەو دەرگای ماڵەکە کەوتە ڕاکردن، لە کاتێکدا کە ئەو بوونەوەرە بەتەواوی لە پشت سەری بوو، ئەو توانی بچێتە ژوورەوە. بەڵام ئەو بوونەوەرە پاڵی بەدەرگاکەوە دەناو بەنینۆکەکانی دەرگاکەی دەڕووشاند تا ئەو ڕادەیەی کە ئەو دوو پیاوە نەیانتوانی ڕێگە لە کرانەوەی دەرگاکە بگرن، کاتێ کەپاڵەپەستۆی سەر دەرگاکە کەمتر بۆوە جینگێنز بەرەو لای تفەنگەکەی ڕۆیشت و فیشەکی تێکرد و گەڕایەوە. بەڵام چیتر ئەو بوونەوەرە لەوێ نەمابوو و تەنیا قاچەکانی بەڵگەی وتەکانی ئەم دوو پیاوە بوو کە لەگەڵ جێگەی دەستێکی قوڕاوی لەسەر دەرگاکەو زەوی پێش دەرگاکە بەجێ مابوو. جێگە دەستەکە کە ١١ ئینج پان بوو وێنەی لێ هەڵگیرا و جێگەی قاچەکانیش قاڵبیان لێ وەرگیراو ئەوەی دەرخست کە پەنجەیەکی کەم بووە. هێتفیلد بەپەیامنێرانی ڕاگەیاند کە هیچ کاتێک ئەو ڕوخسارە لەبیرناکات کە کاتێ لەسەر زەوی کەوتبوو بەسەر سەریەوە سەیری دەکرد، ڕوخسارێکی ڕەش بەڕیشێکی زبرو کورت لە دەوروپشتی دەم و گۆناکانی و چاوی ڕەشی گەورە کە زۆر لە چاوی مرۆڤ دەچوو.

***

بەسەرهاتی ساسکواچەکان بەهیچ شێوەیەک تەواو نەبووە چونکە ئەم فایلە تا ئەو کاتەی کە کەسێک بێتە ناو ئەم بەسەرهاتەو یەکێک لەم بوونەوەرانە بگرن و بیخەنە ژێر لێکۆڵینەوەی وردی زانا و شارەزایانی ئاژەڵناسی بەکراوەیی دەمێنێتەوە. بەڵگەنامەی باوەڕپێکراو لەبەردەستدایە کە جۆرێک بوونەوەری نیوە مرۆڤ لەناوچە دوورە دەستەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکادا دەژین. لەڕاستیدا ئەگەر ئەم بوونەوەرانە لە بنەڕەتدا بوونیان هەبێت زۆر ئاساییە کە لەم ناوچانەدا بژین، بەسەرنجدان بەوەی کە لە ناوچە کوێستانییەکانی ڕۆژئاواو باکووری ڕۆژئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیان هەزار میل زەوی دەست لێ نەدراو هەیە کە هێشتا هیچ مرۆڤێک نەچۆتە ئەوێ، کەواتە بابەتی ساسکواچ لە دۆخێکی سەرسوڕمانی واتاداردا دەبینینەوە. لەوەدا کەساسکواچ و ڕەگەزە وابەستەکانی لەو شوێنانەدا دەژین گومانێکی زۆر کەم هەیە، تەنیا کێشەکە لێرەدا

ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە کە بە چ شێوەیەک یەکێک لەو بوونەوەرانە بەزیندوویی لەو ناوچەیە بێنینە دەرەوە.

***

لە بەرواری ٣٠ی تەموزی ساڵی ١٩٦٣ ڕۆژنامەی شاری پۆرتلاند لەویلایەتی ئۆریگۆن نووسیویەتی: بوونەوەری سەرسوڕهێنەر دیسانەوە لە باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکادا بینرا.. نووسەری وتارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە بەناوی (مارتین کلارک) ئەم بابەتەی بۆ ڕوون بۆوە، کە ئەم ڕاپۆرتە یەکێکی ترە لەو زنجیرە ڕاپۆرتانەی کە بینەرە بڕواپێکراوەکان سەبارەت بەم دێوە تووکنانە گێڕاویانەتەوە. لەم بابەتە تایبەتییەدا کلارک پیاوێکی پۆرتلاندی و دوو ژنی دانیشتووی گوندەکانی ئەو ناوچەیەی وەکو بینەری سەرەکی هێناوەتەوە کە یەکێک لەو ئافرەتانە شووی کردووە و ئەوی تریان هێشتا کچە، بەڵام هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ ئەو پیاوەدا نەبووە و لە سەرداوای خۆیان ناویان لەو ڕۆژنامەیەدا بڵاو نەکراوەتەوە. ڕووداوەکە لە بەشێکی دوورکەوتووی جادەیەکی نێوان ڕێڕەوی (ساتوس) و شاری (تۆپێنیش) نزیکەی کاتژمێر ٥ر١ ی دوای نیوە شەوی ڕۆژی یەکشەممەی بەرواری ٢٨ ی تەموزی ساڵی ١٩٦٣ ڕوویداوبوو. ئەو پیاوە خەریکی لێخوڕینی ئۆتۆمبیلەکەی بوو کە ئەو دوو ئافرەتەش بەکرێ لەگەڵیدا سوارببوون. ئەو تازە پێش ئۆتۆمبیلێکی تر کەوتبوو کە لە ناکاودا لایتەکانی پێشەوەی کەوتە سەر بوونەوەرێکی زەبەلاح کە چەند هەنگاوێک خوارتر لە جادەکە و لە بەشی چەپیدا وەستابوو. ئەو بەو پەیامنێرەی ڕاگەیاند کە: سەرەتا وامدەزانی کە درەختێکی سپییە، بەڵام لە پاشاندا بۆم دەرکەوت کە هیچ درەختێک لەو ناوچەیەدا نییە، پاشان بینیم کە ئەو شتە دەجووڵێت. هەرسێ نەفەری ناو ئۆتۆمبیلەکە جەختیان کردە سەر ئەوەی کە ئەوە بوونەوەرێکی هاوشێوەی مرۆڤ بووە و نزیکەی ٩ تا ١٠ پێ درێژ بووە و بەموویەکی درێژ داپۆشرابوو کە لەبەرامبەر ڕووناکی لایتی ئۆتۆمبیلەکە خۆڵە مێشی دەهاتە پێش چاو. ئەوان وایاندەزانی کە ئەو بوونەوەرە لە چاڵێکی نزیک جادەکە هاتۆتە دەرەوە و کاتێ کە ڕووناکی لایتی ئۆتۆمبیلەکەی لێدرا لە جادەکە دوور دەکەوێتەوە ئەم ڕاپۆرتە بەخێرایی چەندین ڕاپۆرتی تری بەدواداهات، کە یەکێکیان ڕاپۆرتێک بوو سەبارەت بەمارتین هێنریش و هاوسەرەکەی کە دانیشتووی خانووی ژمارەی ٣١٠٤ ی شەقامی ٦٦ی پۆرتلاند بوون، ئەوان ڕۆژنامەکەیان ئاگادار کردەوە کە لە ڕۆژی چوارشەممە ٢٤ی تەموزی ١٩٦٣ نزیکەی کاتژمێر ٥ر٤ ی پاش نیوەڕۆ لە بەلەمی ماسی گرتنەکەیاندا لەسەر ڕووباری لویس خەریکی کار بوون کە ڕووبەڕووی



ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەر بوونەوە. خاتوو هێنریش ڕایگەیاند کە: کاتێ کە ئێمە لە پردی هێڵی شەمەندەفەرەی ڕیج فیلد لە ویلایەتی واشنتۆن نزیک دەبووینەوە من ئەو بوونەوەرەم لە دووری ١٠ یا ١٥ پێیی لێواری ئاوەکە بینی، لەو کاتەدا نزیکەی ١٠٠ پێ لە ئێمەوە دوور بوو. سەرەتا وامدەزانی کە درەختێکی گەورەیە بەڵام، کاتێ کە لە شوێنی خۆی جووڵا وامدەزانی کە خەریکم شێت دەبم. ئەو بەخێرایی، لەنێوان درەختەکاندا ون بوو. هاوسەرەکەی هێنریش ئەو بوونەوەرەی کە بینیبوویان بەبوونەوەرێک دەزانی کە لە مرۆڤ دەچێ یا مەیموونێکی زەبەلاحە کە خاوەن ڕەنگێکی قاوەییە هەروەها قژی سەری وەکو کڵاوێک بەسەر شانەکانیدا ڕژاوە. خاتوو هێنریش بەپەیامنێری ڕۆژنامەی گوت کە مۆدیلی قژی بەتەواوی وەکو ئەو سەرپۆشانە بوو کە ڕەگەز پەرستەکان لەسەری دەکەن، بەڵام ئەو بوونەوەرە لە هەموو مرۆڤێک کە تائێستا بینیومە گەورەتر بووە. چەندین ساڵ بوو کە دوابەدوای یەک لەماوەی سەدەیەکدا چەندین ڕاپۆرت سەبارەت بەبینینی ئەم بوونەوەرە زەبەلاحە تووکنە لە ناوچە دوورە دەستەکانی کوێستانەکانی بریتیش کۆلۆمبیای کەنەدا و باکووری ڕۆژئاوای ئەمریکا بەرچاو کەوتووە. ئەو بوونەوەرە لەلایەن سوورپێستەکانەوە بەساسکواچ ناودەبرێن و لەم ساڵانەی دواییدا پاش ئەوەی کە جێگەی قاچە گەورەکانیان خرایە ژێر لێکۆڵینەوە ناوی (قاچ گەورە)یان لێ نرا. لە زۆربەی شوێنەکاندا ئەم بوونەوەرانە، لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ مرۆڤدا هەڵاتوون بەڵام هەندێ کاتیش ئەم ڕووبەڕووبوونەوانە ئەنجامێکی باشی نەبووە. لە ساڵی ١٩٢٤ گرووپێکی ٦ کەسی لە کرێکارانی کانەکان خەریکی کارکردن بوون لەسەر چاڵێکی بچووک لە داوێنی ڕۆژهەڵاتی کێوی سانت هێلین.

بەپێی هەواڵی ڕۆژنامەی (لانگ ڤیێڤ دەیلی نیوز) ئەم کرێکارانە ئێوارەی ڕۆژێک لەلایەن کۆمەڵێک بوونەوەری دڕندەی تووکن هێرشیان کرایە سەر، ئەم بوونەوەرە ترسناکانە دار و بەردیان بەسەر کرێکارە تۆقیوەکاندا دەکێشا، کرێکارێک بەناوی (ماریۆن سمیت) پۆلیسی (کۆلیتنز گۆنتی) ئاگادار کردەوە، کە پۆلیسێکیان (٥) فیشەکی لە مەودایەکی نزیکەوە بەرەو ڕووی یەکێک لەم بوونەوەرانە تەقاندبوو بەڵام نەیتوانیبوو بیکوژێت. بە وتەی کرێکارەکان بەدرێژایی شەو ئەو بوونەوەرە گەورانە لە دەوروپشتیماڵۆچکەکەی ئەوان هاواریان کردووە و بەردیان پێدا دەکێشا و هەندێ کات بەردەکان ئەوەندە گەورە بوون کە خەریک بووە دەرگاکە بشکێ. لەگەڵ هاتنی بەیانی کرێکارەکان ئەو شوێنەیان بەپەلە بەجێ هێشت بەڵام لەکاتی هەڵاتندا خۆیان بەرامبەری بوونەوەرێکی

تووکنی زەبەلاح بینییەوە کە نزیکەی ٧ پێ بەرزبوو و ڕوخساری لە مەیموونێک دەچوو کە قژێکی درێژی ڕەش یا قاوەیی تۆخی هەبوو. بەپێی ڕاپۆرتە بەدەست گەیشتووەکان یەکێک لە کرێکارەکان تەقەی لەو بوونەوەرە کرد و ئەوان بینییان کە کەوتە نێو درزێکی گەورەوە کە لەو سەردەمەوە تا ئێستا بەدۆڵی مەیموون ناسراوە. ڕاپۆرتی کرێکارەکان بووە هۆی ناردنی گرووپێکی گەڕان لەلایەن سەرۆکی پۆلیسەوە کە ئەو مالۆچکە وێران کراوە و جێگە قاچە جێماوەکانی ئەو بوونەوەرانەیان دۆزییەوە. کرێکارەکانیش هیچ کاتێک لەوتەی خۆیان پەشیمان نەبوونەوە.

***

لە مانگی ئابی ١٩٦٣ڕۆژنامەی (ئۆریگۆن ژۆرنال) ڕۆژنامەنووسێکی بەناوی (مارگ داڤن پۆرتی) ناردە داوێنی چیای (سەنت هێلێن ) ئەو شوێنە سەرچاوەی زۆربەی هەواڵەکان بوو سەبارەت بەبینینی ئەم بوونەوەرانە. یەکێک لە یەکەمین شتەکان کە ئەو دۆزییەوە ڕاپۆرتی ئەو، ڕۆژنامەیە بوو سەبارەت بەو شتانەی کە کرێکارە تۆقیوەکان بینیبوویان، بەڵام ئەو جێگە قاچە گەورانە بۆ کوێ ڕۆیشتوون، بنکەیەکی چاودێری ڕاوکردن لە دەریاچەی سپیریت دوو وێنەی ڕوونی جێگەی قاچی ئەو بوونەوەرانەی دایە ڕۆژنامەنووسەکە کە لە دوو میلی خوارەوەی دەریاچەکە لە بەرواری ٣٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٣٠ گیراوە. ئەو وێنانە زۆر لە جێگەی قاچی مرۆڤ دەچوون و پەنجەکان بەتەواوی لە یەکتر جیا دەکرانەوە. ئەو قاچانە ١٦ ئینج درێژ و ٦ ئینج پان بوون. یەکێک لەو شوێنانەی کەلەلایەن گرووپی (دۆڤن پۆرت) بەسەرکرایەوە دۆڵی مەیموون بوو کە پێشتر باسمان لێوە کرد. یەکێک لە کچە تازە پێگەیشتووەکانی خاتوو (دۆڤن پۆرت) بەهەمان شێوە کە گرووپەکەیان بەرێگەیەکدا تێپەڕدەبوو جێگەی قاچێکی بینی کە زۆر لە جێگەی قاچی مرۆڤ دەچوو. یەکێکی تر لە کچەکانی (دۆڤن پۆرت) کە قوتابی دوایین ساڵی بەشی دارستان ناسی بوو لە زانکۆی واشنتۆن بەهۆی چەندین ساڵ لێکۆڵینەوەی زانکۆیی بەتەواوی ئەم جێگەی قاچانەی دەناسی و بەوردی لەم جێگە قاچەی کۆڵییەوە و وتی کە ئەمە ناتوانێ جێگەی قاچی ورچێک بێت. ئەوە لە شوێنێکدا دۆزرایەوە کە پێشتر ڕووباری پێدا تێپەڕیوە کەواتە ئەوە جێگەی قاچی مرۆڤ نییە بەڵکو هی بوونەوەرێکە کە قاچی لەو سروشتەدا ئەستوور و سەخت بووە بەڵام چ بوونەوەرێک؟

یەکێک لەو شوێنانەی کە ئەم بوونەوەرە نەناسراوە زۆر تر ڕووی تێ دەکا بەشی خوارەوەی ڕووباری لوییسە. واتە ئەو شوێنەی کە مارتین هێنریش و هاوسەرەکەی لە ٢٤



ی تەموزی ١٩٦٣ ئەو بوونەوەرەیان لێ بینیبوو. ئەم ڕاپۆرتەی سەرەوە تەنیا چەند ڕۆژێک ئەویش لەلایەن خۆیانەوە جەختی دەکرایە سەر تاوەکو خاوەن کێڵگەیەکی ئەو ناوچەیە بەناوی (چارلی ئۆریۆن) دوو کوڕە منداڵەکەی خۆی بۆ گەڕان لە ڕۆژی یەکشەممەی ٢٨ی تەمووز بردە کەنار ڕووبارەکە. جیمی ١١ ساڵان، بۆ یەکەمین جار ئەو جێگە قاچە زەبەلاحانەی بینی و بەهاوارکردن باوکی ئاگادار کردەوە. (ئۆریۆن) سەیرێکی کرد و دەستی دوو کوڕەکەی گرت و بەپەلە بەمەبەستی تەلەفۆنکردن بۆ هاوڕێیەکی بەناوی (براونێر) کە لەو ناوچەیەدا دەژیا، ئەو شوێنەی بەجێ هێشت. براونێر کامێرایەکی لەگەڵ خۆیدا هێناو چەندین وێنەی ئەو جێگەی قاچانەی گرت کە ١٨ ئینج درێژ و ٨ئینج پان بوون. بوونەوەری خاوەن ئەو جێگەی قاچانە هەنگاوەکانی دەگەیشتە ٤ تا ٦ پێ و قوولایی جێگە قاچەکان دەری دەخست کە قورساییەکی زۆری هەیە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە جێگە قاچەکان بەڕوونی لە قەراغ ئاوەکە بەرچاو دەکەون و پێدەچێ کە ئەو بوونەوەرە بۆ گەڕان بەشوێن خۆراکدا گەیشتبێتە ئەو شوێنە. ئەو سووڕپێستانەی کە سەرەتا لەم بەشەی ئەمریکای باکوور نیشتەجێ بوون چەندان ترسنۆکیش نەبوون بەڵام بەدڵنیاییەوە ترسیان لەو بوونەوەرانە هەبوو کە ناوی ساسکواچیان لێ ناون. لە ماوەی چەندین ساڵ سپی پێستەکانیش بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەمانە جۆرێک بوونەوەری توکنی زەبەلاحن کە لەناوچە دوورە دەستە فراوانەکاندا سەرگەردانن، ئەو بوونەوەرانەی بۆ ئەو کەسانەی بینیویانن جێگەی ڕێز و سەرسوڕمانن و بۆ ئەو کەسانەش کە نەیانبینیون جێگەی گاڵتەپێکردنن. لەوانەیە ڕۆژێک زانست کەمێک پشکنینەکانی بۆشاییگەری کەم بکاتەوە و کاتێک بۆ دۆزینەوەی نهێنی ئەم بوونەوەرە سەسوڕهێنەرانە تەرخان بکات، ئەو نهێنییەی کە تاوەکو ئێستاش پلەیەک لە سەرووی زانستەوەیە.

## دەنگێک لە بۆشاییەوە

فردریک ژۆرگنسۆن بەرهەم هێنەری فیلم و باڵندەناسی سویدی لە ساڵی **١٩٥٩** لە میانی گوێگرتن لە ئاوازی ئەو باڵندەانەی کە پێشتر تۆماری کردبوو، بەسەرسوڕمانەوە گوێی لە دەنگی مرۆڤێک بوو لەسەر کاسێتەکە. یەکێک لەو دەنگانە دەنگی ئافرەتێک بوو کە زۆر ئاشنابوو. قسەکان بەشێوەی پچڕ پچڕ دەبیستران و دەنگەکان لاواز بوون و جیاکردنەوەیان زۆر دژوار بوو. ئەوان بەئیقاعێک قسەیان دەکرد کە پێدەچوو کەمێک خێراتر بێت لە شێوەی ئاسایی قسەکردن، بەڵام سەرەڕای ئەم گرفتانە ژۆر گنسۆن هاتبووە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەو دەنگە دەناسێتەوە و ئەم ناسینەوەیە شۆکێکی توندی بەدواوەبوو، چونکە ئەو دەنگە دەنگی دایکی بوو و ئەمەش شتێکی دوور لە ڕاستییە، چونکە دایکی چەند ساڵ پێش مردبوو. ئەم ڕووداوە لە بەشی سەرەتای کتێبێکی ترسناک دەچێ، جگە لەوەی کە بابەتێکی سەرسوڕهێنەرە لە هەمان کاتدا ڕاپۆرتێکی وردە لەسەر سەرەتای لێکۆڵینەوەیەکی زانستی کە لەم سەدەیەدا ڕوویداوە.

بۆماوەی پێنج ساڵ شارەزایانی بواری ئەلکترۆنیک لە هەوڵی ئەوە دابوون کە نهێنی ئەو دەنگە نامۆیەی سەر کاسێتەکەی ژۆرگنسۆن بدۆزنەوە، ئایا ئەو دەنگە شەپۆڵی سەرلێشێواوی ڕادیۆیی بوو؟ ئایا دەنگێکە کە پێشتر لەسەر کاسێتەکە تۆمارکراوە؟ یاخود هەڵەی بیستنە؟.

هەموو بیرۆکەکان لێک درایەوە بەڵام هیچیان نەیانتوانی بەتەواوی خۆیان بسەپێنن، گرفتەکە لێرەدا بوو کە ئەم جۆرە دەنگانە کە ژۆرگنسۆن لەو بڕوایەدا بوو لە بۆشاییەوە دێن پێشتریش لە چەند شوێنی تر و لە کاتی جیاوازدا بیستراون، ئەگەرچی یەکەمین نموونە بەرێکەوت بەر دەست کەوت بەڵام ژۆرگنسۆن تێگەیشت کە بەزیرەکی دەتوانێ دووبارە دیاردەیەکی لەم شێوەیە بەدەست بێنێ، زۆر سەرسوڕهێنەرە! زۆربەی دەنگەکان دەریاندەخست کە دەنگی مردووەکانن بەڵام هەموو دەنگەکان هاوڕێ یا کەسوکاری ژۆرگنسۆن نەبوون.

کەسایەتییە مێژووییەکانیش دەنگیان لەم دیاردەیەدا دەبیسترا، کەسایەتی وەکو هیتلەر و هێرمان گۆرینگ و تەنانەت تاوانباری بەناوبانگی ئەمریکا (کارل حێسمان)یش



لەناوئەو دەنگانەدا بوو. ئەم دیاردەیە وەکو نهێنییەکی زانستی ئەوەندە سەرسوڕهێنەر بوو کە نەدەتوانرا بڕوای پێ بکرێ، واتە ئەوەندە دراماتیک بوو کە نەیدەتوانی بەخێرایی سەرنجی دامەزراوە زانستییەکان بەرەو لای خۆی رابکێشێ.

ئەم دیاردەیە بۆنی فێڵبازی لێوە دەهات. زانستی پاراسایکۆلۆژی تەنانەت لە ساڵەکانی دەیەی **١٩٦٠** یش خاوەنی ئەو ڕێزو بایەخە نەبوو کە ئێستا هەیەتی، جگە لەوە سەبارەت بەپاراسایکۆلۆجی بوونی ئەم دیاردەیەش گومانێکی زۆر هەبوو. لەوکاتەدا گریمانی ئەوەی کە ئەم دەنگانە پەیوەندییان بەناتەواوییە ئەلکترۆنیەکان هەبێت بەتەواوی لە ناو نەچووبوو. لە کۆتایی ساڵی **١٩٦٤** یەکێک لە بابەتە بڵاوکراوەکانی ژۆرگنسۆن لە ژێر ناونیشانی (دەنگەکان لە بۆشاییەوە) سەرنجی پیاوێکی بۆلای خۆی ڕاکێشا کە ئەمڕۆکە ناوی ئەو زیاتر لە ناوی دۆزەرەوەی ئەم دیاردەیە بەم دەنگانەوە، گرێ دراوە. ئەم پیاوە دکتۆر (کۆنستانتین راڤدیڤ) فەیلەسووف و دەروونناسێکی ئەوروپی بوو کە ناوبانگێکی زۆری لەبواری پاراسایکۆلۆجیدا هەبوو. ڕاڤدیڤ دەڵێ: ئەوە ئاشکرایە کە بڕوا تایبەتییەکان هیچ گرنیگییەکی بۆ زاناکان نییە، ژۆرگنسۆن تاقیکردنەوەکانی ئەنجام دەدا تا ئەو دیاردەیە زیاتر بەجیهان بناسێنێ.

***

ڕاڤدیڤ سەرەڕای پێشینەی چاکی زانستی شەیدای ڕاپۆرتەکانی ژۆرگنسۆن بوو و پاش لێکۆڵینەوەی فراوان گەیشتە ئەو ئاکامەی کە چەندین بەش لەو ڕاپۆرتانە، ئەندێشەیەکی ڕوون و زیندووی ئاشکرا کردووە. ئەو لەو بڕوایەدایە کە راپۆرتەکانی ژۆرگنسۆن دەنگدانەوەیەکی ڕاستی لە خۆدا حەشارداوە، بەسەرنجدان بەوەی کە وردەکاری شێوەی بەرهەم هێنانی دەنگ لە بۆشاییەوە لە ڕاپۆرتەکاندا نەهاتووە، کەواتە دکتۆر ڕاڤدیڤ بۆ ئەنجامدانی نمایشێکی زانستی و هونەری پەیوەندی بەژۆرگنسۆن کرد و ئەویش ڕەزامەندی خۆی ڕاگەیاند. نمایشی تاقیکردنەوە لە مانگی نیسانی **١٩٦٥** ئەنجامدرا و تیایدا ڕاڤدیڤ هاوڕێ لەگەڵ سکرتێرەکەی واتە خاتوو دکتۆر (زانتا مارینا)، ژۆرگنسۆن و هاوسەرەکەی و هەروەها شاهێدێکی بێ لایەن ئامادەبوون.

راڤدیڤ سەبارەت بەم دیاردەیە ڕایگەیاند: ئەم دیاردەیە بۆ من ڕاستەقینە و لەهەمان کاتدا سەرسوڕهێنەر بوو، بەڵام بروسکەی ئەو تامەزۆرییەی کە پێویست بوو لەو نمایشەدا بێتە ئاراوەی تێدا نەبوو. سەرەتا ژۆرگنسۆن هەڵبژاردەیەک لەو کاسێتانەی کە پێشتر

تۆماری کردبوو لێدا. سەرەڕای دەنگی متی کاسێتەکە، دەنگەکان بەڕوونی بەرگوێ دەکەوتن بەڵام نە راڤدیڤ و نە دکتۆر ماورینا تا ئەوکاتەی بەشێک لە کاسێتەکەیان بۆ چەندین جار گوێ لێ نەدەگرت نەیاندەتوانی وشەکان لەیەکتر جیابکەنەوە. ئەم کێشەیە ئێستاش لە ئارادایە. تاقیکردنەوەکانی پاش ئەوە بەشێوەیەکی یەکجاری سەلماندیان کە دەنگەکان خێرایی ڕیتمێکی تایبەتیان هەیە و جیاکردنەوەی یەک بەیەکی وشەکان بۆ ئەو کەسەی کە ڕاهێنانی نەکردبێت دژوارە. گرفتێکی تر ئەوە بوو کە دەنگەکان بەشێوەیەکی ڕوون نەدەبیستران.

***

پاشان ژۆرگنسۆن خۆی بۆتۆمارکردنی دەنگەکان ئامادەکرد. مایکرۆفۆنەکەی بەئامێرەکەوە بەست و ئامێری تۆمارکردنەکەی هەڵکرد و بانگهێشتی ئەو بوونەوەرانەی کرد بۆ گرێدانی پەیوەندی. لەمیانەی تۆمارکردنی دەنگدا، دکتۆر ماورینا لەسەر بنەمای ئەو شتانەی کە بیستبووی ڕایگەیاند کە: ئەو بوونەوەرانەی خاوەن دەنگەکان ژیانێکی ئاسوودە و پڕ لە شادییان هەیە. لەمیانی گوێگرتن لە کاسێتەکە ئاشکرابوو کە یەکێک لەو بوونەوەرانە وەڵامێکی لەسەر کاسێتەکە بەجێ هێشتووە. پاش ڕاگەیاندنی ئەو دکتۆرە وەڵامێکی یەک وشەیی بەشێوەیەکی پڕ لە نهێنی بەرگوێ کەوت. ئەوان بەپەلە بۆیان دەرکەوت کە ژمارەیەکی بێشومار دەنگی تر لە پاڵ دەنگی خۆیان لەسەر کاسێتەکە تۆمارکراوە، راڤدیڤ ئەوەندە شەیدای ئەم بابەتە بوو کە دوو مانگ پاش ئەو یەکەمین نمایشە، بڕیاری دا کە هاوکاری ژۆرگنسۆن بکات. راڤدیڤ سوور بوو لەسەر ئەوەی کە خۆی ئەو دیاردەیە تاقی بکاتەوە و پاش ئەوە خۆی لێکۆڵینەوەکانی درێژە پێدا. ئەمڕۆ ئەم دیاردەیە بەگرنگترین سەرگەرمی ژیانی ئەو لە قەڵەم دەدرێ. راڤدیڤ زیاتر لە ٨ هەزار نموونەی ئەم جۆرە دەنگانەی تۆمارکردووە و بەبەردەوامیش تۆمار دەکات، ئەم کارەی ئەو سەرنجی چەندین کەس لە ناسراوترین ئەندامانی دامەزراوی زانستی ئەورووپای بەرەولای خۆی ڕاکێشا. (جیهاش برینان) نووسەری زنجیرە کتێبی سەرسوڕهێنەرتر لە زانست دەڵێ: من بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٢ گوێم لەو دەنگانە گرت کە راڤدیڤ تۆماری کردبوو، ئەمە ئەزمونێکی زۆر سەرسوڕهێنەر بوو کە وابزانم بۆنموونە پەیوەندی بەکەسانێک وەکو تۆلستۆی، کارل گۆستاڤ، یونگ یا بنیتۆ مۆسۆلینی دەکەم. دەنگەکان بەتیژی و بەکورتی بەیان دەکران کە بەدووبارە کردنەوە و گوێگرتنی بەردەوام یەکە بەیەکەی وشەکان بەڕوونی دەبیستران. بوونی دەرەکی ئەم دەنگانە بەهۆی تاقیکردنەوە ئەلکترۆنیکییەکان



ئاشکرا بووە و ژمارەیەکی بێشومار لە نموونەی دەربڕینی ئەم دەنگانە بڵاو کراوەتەوە. ئێستا بەهۆی زنجیرەیەک لێکۆڵینەوە لە شوێنە کۆنترۆڵ کراوەکاندا بەبێ هیچ دوودڵییەک سەلماوە کە ئەم دەنگانە نەفێڵبازییە و نە ناتەواوی ڕادیۆیی.

(کێن ئاتۆد) ئەندازیاری کۆمپانیای زەبەلاحی ئەلکتریکی (بای ئەند ئەی پی هال) فیزیازانی بەناوبانگ و ئەندازیاری ئەلکترۆنیک لەو کەسانەیە کە چاودێری تاقیکردنەوە کۆنترۆڵ کراوەکانی دەکرد. ئەویش وەکو دکتۆر راڤدیڤ شەیدای ئەم تاقیکردنەوانە بوو و جەختی کردە سەر ڕاستی زانستی ئەم دیاردەیە، هەرچەندە کە ئەم دیاردەیە ڕاستەقینە دێتە پێش چاو بەڵام ناوەرۆکی ڕاستەقینەی ئەم پەیوەندییە سەرسوڕهێنەرانە مایەی نائومێدییە. بۆ نموونە یەکێک لە دەنگەکان خۆی بەوینستۆن چەرچیل ناوزەد کردووە و پاشان وتوویەتی: گوێ بگرن، سەرنج بدەن، بڕوابکەن، خۆشەویستم، بەڵێ. راڤدیڤ وەکو زمانزانێکی هەڵکەوتوو لەگەڵ ئەمەدا نییە، ئەو تێگەیشتووە کە لە زۆربەی دەنگە تۆمارکراوەکاندا کەڵک لە چەندین زمانی جیاواز لە یەک ڕستەدا وەرگیراوە لەسەر ئەم بنەمایە ئەو پەیوەندی کردن لەگەڵ چەرچیلی بەتێکەڵەیەک لە زمانی بالتیکی، سویدی و ئینگلیزی دەزانێ، هەندێ لە لێکۆڵەرەوە بەریتانییەکان جەخت دەکەنە سەر ئەوەی کە وشەکان هەموویان ئینگلیزین و ئەم ڕستەیە بەنموونە لە کتێبی سەرزەمینی ئومێد و شانازی لە نووسینی چەرچیل دەهێننەوە: سەرنج بدەن، پێویستە خۆتان لەمەش زیاتر بەهێز بکەن..

تەنانەت ئەم تەعبیرەش کە زیاتر لەو شتانە دەچێ کە ئێمە لە کەسایەتی چەرچیل دەزانین دیسانەوە زۆر سادەو ساکار دێتە پێش چاو. واتە بەڕاستی چەرچیل شتێکی باشتری لە مێشکدا نەبووە تا بیدرکێنێ. ئەم گیروگرفتەی کە ئەم دەنگە تۆمارکراوە تایبەتییەی لە خۆگرتووە، نموونەیەکی هەڵکەوتووە لەو گرفتانەی کە خێرایی و ئیقاعی نائاشنای دەنگەکان دەتوانن بیخولقێنن. لە هەندێ کاتدا بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێ ئەوە دیاری بکرێ کە وشەکان بە چ زمانێک دەگوترێن. تا ئەو شوێنەی کە ئاگادارین دکتۆر راڤدیڤ هیچ ڕوونکردنەوەیەکی پێ نییە کە بۆچی ئەبێ ئەم کەسانە بۆ دروستکردنی ڕستەکان کەڵک لە چەندین زمانی جۆراوجۆر وەربگرن، ئەویش ئەو زمانانەی کە لە کاتی ژیانیاندا هیچ ئاشنایەتییەکیان لەگەڵدا نەبووە.

کاسێتەکانی راڤدیڤ ڕستەیەکی ستالینیشیان لەسەر تۆمارکراوە:

(من ستالینم، زۆر گەرمە، لە ڕادە بەدەر نیگەرانم) بەلایەنی کەمەوە سێ جار دەنگی (جان، ئیف، کەنەدی) سەرۆک کۆماری ویلایەتە یەکگرتوەکان لەسەر ئەم کاسێتانە تۆمارکراوە، کە دوو جاریان بەزمانی بالتیکی قسەی کردووە و هیچ کامیان زانیارییەکی سەرنج ڕاکێشیان تێدا نەبووە. بەڵام ئەمە لە ویژدانەوە دوورە کە بمانەوێ بڵێین هەموو ئەم پەیامانە قسەی پووچ و بێ مانا بوون. بەهەمان شێوە کە راڤدیڤ دەڵێ: ئەو کەسانەی کە پەیوەندی دەکەن بە وتنی ناویان خۆیان دەناسێنن، ئەوان چەندین ڕووداو لەسەردەمی ژیانیان دەگێڕنەوە کە تەنیا خۆیان دەیزانن یاخود ڕووداوێک سەبارەت بەو کەسەی دەنگەکان تۆمار دەکات یا هاوکارەکانی دەگێڕنەوە. هەندێ کات سەبارەت بەکات یا شوێنێک کە هیچ لێکچوونێکی لەگەڵ باردوۆخی ئەم جیهانەدا نییە زانیاریمان دەدەنێ. دەنگێکی نەناسراو بەزمانی بالتیکی دەڵێ: (لێرەدا کات بوونی نییە) ، دەنگێکی تر دکتۆر راڤدیڤ بەناوی خۆی بانگ دەکات و دەڵێ: (راڤدیڤ! دژە جیهانەکان بوونیان هەیە). کەڵک وەرگرتن لە پیتی گەورە لە وشەی TIME واتە کات، واتایەکی زۆر جیاوازی هەیە لە بەکارهێنانی پیتی بچووک. ئەگەرچی دکتۆر راڤدیڤ لە کاتی بڵاوکردنەوەی کتێبەکەیدا بڕیاری یەکجاری نەداوە. بەڵام وتەی جیهاش بربنان نووسەری کتێبی سەرسوڕهێنەر تر لە زانست لە بەهاری ساڵی ١٩٩٢ بەشێوەی تایبەتی بەئەوی گوتووە کە ئەو لێکۆڵینەوانەی کە تائێستا ئەنجامم داوە ڕێگەم پێ دەدەن تابگەمە ئەو ئاکامەی کە شێوەیەک لە دژە جیهان بوونی هەیە، بەڵام ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئەم دژە جیهانە وەکو نهێنییەک ماوەتەوە، ژمارەیەک لە دەنگەکان دەڵێن کە مۆڵەتیان پێ نەدراوە سەبارەت بەشوێن و بارودۆخیان زانیاری دروست بدرکێنن و ژمارەیەکی تریشیان بوێرانەتر دەدوێن، دەنگێگ دەڵێ: من ڕووتم و ئەمە یاسای ئێمەیە. دەنگێکی تر دەڵێ : ئێمە لێرە دڵمان بۆ شکۆفەی درەختەکان تەنگ دەبێ.

***

لەسەر بنەمای وتەکانی ئەم دەنگانە بارودۆخ لە دژە جیهاندا وەکو جیهانی ئێمە بەبەردەوامی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. یاخود لەوانەیە هەموو ئەو دەنگانە پەیوەندییان بەدژە جیهانەوە نەبێت. هەندێک لە دەنگەکان، سەرەڕای ئەو وەڵامە دەمکوتکەرەی کە بەدکتۆر ماورینا گوترا، سەبارەت بەژیانێکی شادو بێ گرفت دەدوێن و هەندێکی تریان باس لە ژیانێکی پڕ لە دوژمنایەتی و ڕق دەکەن.

– ئێمە بەندەی پەروەردگارێکین کە لە بەهەشتدایە.



– برایان، لێرە شەوە، باڵندەکان لێرە دەسووتێن.

– ئێمە لێرەدا ئەشکەنجە دەکرێین، ئێرە بەهیچ شێوەیەک باش نییە.

– سەرزەمینێکی بێ گەڕانەوە و ئەشکەوتەکانی فەساد ئەمانە چەندین نموونەی تر لەم قسە سەرسوڕهێنەرانە بوو کە بەوتەکانی نێو بۆشایی بەناوبانگن.

لە نێوان ئەم وتانەدا جیاوازییەکی زۆر هەیە، بەڵام بەهەمان شێوە کە پێشتر سەبارەت بەچەرچیل بینیمان لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی ئەم پەیامانە هەمیشە سادەو ساکار نییە، سەرنج بدەنە ئەم ڕستەیە:

(راڤدیڤ، پیرۆزبایی، تەلەفۆنکون. دوور، رەوتی کار زۆر گرنگە، ئۆرتێگا، بەردەوام بە) ئەمە وتەی یەکێکە لەو دەنگانە، ئەم ڕستەیە جارێکی تر گرفتی تێکەڵ بوونی زمانەکانی نوێ کردەوە.

ئەگەر زانیاریمان سەبارەت بەهۆکارە تایبەتییەکان کە دەستیان لەم تاقیکردنەوەیەدا هەیە نەبێت ئەم رستەیە بەبێ واتا بەشاراوەیی دەمێنێتەوە. ئەو ئامێرە هونەرییانەی کە راڤدیڤ کەڵکی لێ وەردەگرتن لەلایەن کۆمپانیای ئەلکتریکی ئەڵمانی (تەلەفۆنکون) دروست کرابوون. یەکێک لە ئەندازیارانی ئەم کۆمپانیایە بەناوی (تیودۆر رۆڵف) کە هاوکاری راڤدیڤ بوو نەخۆش کەوتبوو. کەواتە ئەم پەیامە دەتوانێ بەم شێوەیە لێک بدرێتەوە (هەر چەند کە ئەو ئەندازیارەی کۆمپانیای تەلەفۆنکون دوورە بەڵام راڤدیڤ دەبێ درێژە بەکارەکەی بدات چونکە ڕەوتی کار زۆر گرنگە)

بەڵام ئۆرتێگا لەم ڕستەیەدا چ واتایەکی هەیە؟ ئۆرتێگا ناوی فەیلەسووفێکی ئیسپانی بوو کە لە شاری مەدرید وانەی بەدکتۆر راڤدیڤ دەگوتەوە، پێدەچێ کە ئەو مامۆستا کۆچ کردووە لەم پەیامەدا جەخت دەکاتە سەر ئەوەی کە تاقیکردنەوەی قوتابییەکەی لە ئاراستەیەکی دروستدا دەڕوات و داوای بەردەوامبوونی لێ دەکات.

دەیان پەیام بەم جۆرە تۆمارکراوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدراوە بەڵام تا ئێستاش هیچ کەسێک نەیتوانی ئەو نهێنییە ئاشکرا بکات کە لە چ سەرچاوەیەکەوە دێن.

***

پەسەندکردنی بیرۆکەی دژە جیهان و تەنانەت پەیوەندی کردن بەدانیشتوانەکەشی ئاسانترە لەوەی کە دەنگەکانی راڤدیڤ پەیامێکی نادیار لە جیهانی مردووودانەوە دەگەیەنن بەئێمە. دکتۆر (هانس نایگلی) سەرۆکی ئەنجومەنی پاراسایکۆلۆژی سویسرا

یەکێک لەو شارەزایانەیە کە لەو بڕوایەدا تەنیا وەلام بۆ ئەم ڕووداوە لە گریمانی (بوونی ڕۆح)دا خۆی دەبینێتەوە. ئەو دەڵێ: ئەمە زۆر سەرسوڕهێنەرە کە ئەوکەسانەی کە بەم دواییە مردوون و پێشتر یەکترمان ناسیوە هێشتاش لەسەر بەڵێنی خۆیانن، ئەو مردووانە دێنە لای من ناوی خۆیان دەڵێن و پەیامە تایبەتییەکانیان بە من ڕادەگەیەنن. لە هەمان کاتدا کە ئەم دەنگانە بەبێ گومان ڕاستەقینە بوون و سەلماوە کە سەرچاوەکەیان لە شوێنێکی دەرەوەی زەوییە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستییەک لەبەردەستدا نییە کە وابزانین ئەو شتەی کە دەیڵێن ڕاستەقینە بێت. ئەگەری ئەوەی کە ئەم دەنگانە ڕاستەقینە بن زۆرە لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین ئەو وتەیەی (دۆن خوان ماتیۆس) لەبیر بکەین کە لەو بڕوایەدایە کە: ئەم بوونەوەرانە خۆیان بەمرۆڤ دەزانن لەکاتێکدا کە بەم جۆرە نییە. گریمان پەیوەندی لەگەڵ مردووەکان بەشێوەیەکی جیهانی پەسەند نەکراوە بەڵام بەلایەنی کەمەوە زۆربەی زاناو شارەزا پایە بەرزەکانی بواری زانست خۆیان بەدەست ئەم بیرۆکەیەوە داوە کە بۆ ئەم دەنگانە ڕوونکردنەوەیەکی بڕوا پێکراو لە ئارادانییە.

(ڕالف ڕاولاک) کە لە ساڵی ١٩٦٩ وە خەریکی تۆمارکردنی ئەم دەنگانەیە لەو بڕوایەدایە کە دەکرێ ئەم دەنگانە بەئەلکترۆنێک ڕوون بکرێنەوە. ئەو تاقیکردنەوانەی کە تا ئێستا ئەنجام دراوە ئەوە دەردەخا کە قسەکانی ڕاستن.

دکتۆر (برندان مەک گەین) بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی دەروونناسی دوبلین توانیویەتی کاسێتەکانی ڕاڤدیڤ کۆپی بکات. پاش ئەوە ئەو بەسادەیی ڕایگەیاند: ئەو دەنگانەی کە لەسەر کاسێت تۆمارکراوە لە هیچ سەرچاوەیەکی ناسراوەوە نەنێردراون. پرۆفیسۆر (هانس بەندەر) لە زانکۆی (فرەیبۆرگ) ڕایگەیاند کە: سەرچاوەی ئەم دەنگانە لە سەرووی سروشتەوەن، کەسانێک وەکو پرۆفیسۆری ئەمەریکی (والتەر ئێچ ئایهۆف) و پرۆفیسۆر (ئالکس شنایدر) لە هاوکارەکانی ڕاڤدیڤ چەندین پرسیاری بۆ شارەزایانی پاراسایکۆلۆژی هێناوەتە ئاراوە کە پێویستییان بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. پرۆفیسۆر شنایدر دەڵێ: ئێمە ئەبێ دان بەوە دابنێین کە تائێستا خاڵە سەرەکییەکانی ئەم دیاردەیە لە ڕووی فیزیکییەوە نەگەیشتوونەتە ئاستی تێگەیشتن.

***

چەند ساڵ لەمەبەر یەکێک لە لایەنگرە بەناوبانگەکانی زانستە شاراوەکان لە نووسینێکدا باس لە کەڵک وەرگرتن لە تەلەفۆنێکی سەرسوڕهێنەر دەکات کە مرۆڤی



ئاسایی دەتوانێ بەهۆیەوە بەئاسانی پەیوەندی بەجیهانی تروە بکات. دکتۆر ڕاڤدیڤ بەهیچ شێوەیەک بەلایەنگری زانستە شاراوەکان لەقەڵەم نادرێ بەڵام ئایا ئەو بەڕێکەوت شێوەیەک لەو تەلەفۆنە سەرسوڕهێنەرەی بەکار نەهێناوە؟ نەبوونی سەرمایە بووە هۆی ئەوەی کە دکتۆر ڕاڤدیڤ نەتوانێ هەموو ئەو فلتەرە ئەلکتریکییانەی کە دەیویست دروستیان بکات، بەڵام ئەو ئاکامەی کە ئەمڕۆ بەدەست هاتووە ئەوە دەردەخا کە ئامێرەکان تەنانەت زیاتر لەو کەسەی کە کەڵکیان لێ وەردەگرێ سوود بەخشن.

دکتۆر ڕاڤدیڤ دەنگەکانی بەسەر سێ دەستەدا دابەش کرد:

١- دەنگی پلە A: ئەم دەنگانە بەڕوونی دەبیسترێن و تەنانەت لە لایەن ئەو کەسانەش کە هیچ ڕاهێنانێکیان لەم دیاردەیەدا نییە بەئاسانی لێک جیا دەکرێنەوە.

٢- دەنگی پلە B: ئەم جۆرە دەنگە بۆ کەسێک کە ڕاهێنانی نەبێت لاوازە و خێراترە لە دەنگی پلە A بەڵام بۆ کەسێک کە ڕاهێنانی هەبێت وشەکان لێک جیا دەکرێنەوە.

٣- دەنگی پلە C: ئەم جۆرە دەنگە تەنانەت بۆ کەسێکیش کە ڕاهێنانی هەبێت پچڕ پچڕ و لاواز دێتە بەرگوێ و جێگەی داخە کە زۆربەی پەیامەکان بەم جۆرە دەنگە تۆمارکراون.

ژۆرگنسۆن هەستی بەوە کرد کە دەنگی بەهۆی هۆکارێک دەگوازرێتەوە. بابەتێکی زۆر سەرسوڕهێنەر کە چەندین جار سەبارەت بەدەنگە تۆمارکراوەکان ڕاڤدیڤ هێمای بۆ کردووە ئەوەیە کە خاوەنی ئەم دەنگانە پێویست بوو بۆ گرێدانی پەیوەندی لە جۆرێک ناوەندی کۆنترۆڵ تێپەڕبن. ئەوان بەئەم ناوەندی کۆنترۆڵەیان دەگوت ( کۆستمۆس) کە لە زمانی ئینگلیزییدا بەواتای گومرگەکان بەکاردێت. بەڵام لە کتێبی پیرۆزدا بەناوەندی نێوان بەهەشت و دۆزەخ دەگوترێ و لە ئەفسانە کۆنەکانیشدا بەواتای دەرگاکانی دۆزەخ بەکارهاتووە. پرۆفیسۆر شنایدر چەندین خاڵی سەبارەت بەم ئەزمونانە خستۆتە ڕوو کە پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە. شنایدر دەڵێ: سەرەڕای ئەوەی کە نازانین چ کەسێک لەگەڵ ئێمەدا قسە دەکات و ئەم پرۆسەیە چۆن ئەنجام دەدرێ بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەوە هەیە کە لایەنی بەرامبەریش بۆ پەیوەندی کردن گرفتی هونەری تایبەتی خۆی هەبێت. هەروەها ئێمە پێویستە مۆڵەت بەم دەنگانە بدەین تا خۆیان لەگەڵ ئێمەدا ڕێک بخەن و نابێت کاتێ کە سوود لە ئامێرێک وەردەگرین لە هەمان کاتدا چاوەڕێی کاردانەوەیەک بین. ئەم دەنگانە لە کوێوە دێن؟ بەلایەنی کەمەوە لێکۆڵەرەوەیەکی بەریتانی لەو بڕوایەدایە کە

ئەو دەنگانە سەرچاوە لە بۆشاییەوە وەردەگرن و لەلایەن دەفرە فڕیوەکانەوە لەسەر زەوی پەخش دەکرێن. تەنیا کەسێک کە دژی بیرۆکەی جیهانێکی ترە پرۆفیسۆر بەندەرە، ئەو دەڵێ کە مێشکی مرۆڤ دەتوانێ کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لەسەر مەیدانە موگناتیسییەکان بەجێ بێڵێ، لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییەی ڕوسییەکان لە بواری پاراسایکۆلۆژی دەڵێ کە ناتوانێ بیرۆکەیەکی لەم شێوەیە بەتەواوی ڕەد بکرێتەوە. جگەلەوە ناوەرۆکی پارچە پارچە و لێک دابڕاو و ساکاری زۆربەی دەنگەکان لێکچوونێکی تەواوی لەگەڵ دەروونی مرۆڤدا هەیە لە جیهانی خەو و خەیاڵدا. لە هەمان کاتدا قسەکانی پرۆفیسۆر بەندەر بۆ ڕەتکردنەوەی بیرۆکەی ڕۆح زۆر جێگەی گومانە. ئەویش پشت بەستن بەم شتانە بەنیشانەی لاوازی دەروونی دەزانێ و بیرۆکەی (کاریگەری دەروونی) ئەو لەو کاتانەدا کە پەیامەکان بەزمانێکی نەناسراو تۆمارکراون هیچ مانایەکی نییە. دکتۆر ڕاڤدیڤ بەگۆڕانکاری لە شێوە سەرەکییەکانی تۆمارکردنی دەنگ بەرێکەوت بارودۆخێکی خوڵقاند کە بوونەوەرە خاوەن دەنگەکانی لە وتووێژێکی دوو لایەنەدا دەخستە بەرامبەر یەک. ئەمە بەرێکخستنی ڕادیۆیەک لەسەر فرکانسێکی بەتاڵ بەڵام تۆمارکردنی بەمایکرۆفۆنێکی جیاواز ئەنجام دەدرا. بەم شێوەیە دەتوانرێ پرسیار لەو بوونەوەرانە بکرێت، ئەم برسیارانە لە ڕێگەی مایکرۆفۆنەوە تۆمار دەکرێن و بەسەرنجەوە دەتوانرێ لە ڕێگەی ڕادیۆوە وەڵامی پرسیارەکان وەربگیرێتەوە. بەسەرنجدان بەوەی کە مایکرۆفۆن وەڵامەکانیش دەگەیەنێتە ئامێری تۆمارکردنی دەنگ، کاسێتەکە وتووێژێکی دوولایەنە تۆمار دەکات. بەهۆی ئەم شێوەیە چەندین وەڵامی واتادار و ڕێکوپێک وەرگیراون. بۆ نموونە کاتێ کە دکتۆر ڕاڤدیڤ لە یەکێک لە دەنگەکانی پرسی: ئێوە لە کوێوە دەزانن کە من لە چ کاتێکدا دەمەوێ دەست بەتۆمارکردنی دەنگ بکەم. دەنگی ئافرەتێکی ئەڵمانی وەڵامی دایەوە وتی: ئێمە لە ژوورەکەی تۆداین. لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی ئەمجۆرە دەنگە تۆمارکراوانە شتێکی ئەوتۆی لە سەلماندنی بیرۆکەی پرۆفیسۆر بەندەر پێ نییە و بەو شێوەیە کە بینرا هەموو ڕاستییەکان بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی ئەو بوو. ئێمە بەبەردەوامی پێویستمان بەگەڕانەوەیە بۆ بیرۆکەی جیهانێکی تر کە تێکەڵ بەئەفسانە بووە. ئەگەر دانیشتوانی ئەو جیهانەی تر ڕۆحی مردووەکان بن ئەمە بابەتێکە کە ئەگەر بەبێ چەندوچوون وەری بگرین ئەوا زۆر کاڵفام و نەزانین.



## سەفەر بۆ ئەودیوی زەمەن

وا دێتە پێش چاو کە ڕاڤدیڤ واتە ئەو زانایەی کە لە بەشی پێشتردا باسمان لێوەکرد تەنیا زانایەک نەبێت کە بڕوای بەجیهانێکی تر هەیە. بەپێی وتەکانی (ڕۆبەرت چارۆکس) لێکۆڵەرەوە و پەیامنێری ڕووداوە زانستییەکان، دکتۆر (مۆریس. کەی. جەسوپ) چەندین تاقیکردنەوەی سەبارەت بەپەیوەندی کردن بەجیهانێکی ترەوە ئەنجام داوە و بەدڵنیاییەوە ئەم تاقیکردنەوەیە لە هەموو ئەو شتانەی کە تائێستا لەم ڕووەوە باسمان لێوە کردووە سەرنج ڕاکێشترە. بەداخەوە بەدەستهێنانی ڕاستییەکانی ئەم ڕووداوە زۆر دژوارە. وا دێتە بەر چاو کە لە ساڵی ١٩٤٣ ڕوداوێک ڕوویداوە بەڵام چ شتێک ڕوویداوە. نادیارە و ڕێگای بۆ گومان ئاوەڵا کردووە.

بەسەرهاتەکە لەوێوە دەست پێدەکات کە دکتۆر جەسوپ نامەیەکی ترسناک و خەیاڵی پێشکەش بەنووسینگەی لێکۆڵینەوەی هێزی دەریایی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد. ئەم نامەیە لە تیۆرییەکانی ئەنشتاین سەرچاوەی گرتبوو. بەدەستهێنانی وردەکارییە زانستییەکان کارێکی زۆر دژوارە بەڵام وا دێتە پێش چاو کە ئەم بیرۆکەیە یەکێک لەم دوو کردارە زانستییەی لەخۆ گرتبێت.

١- توانیوبەتی چەند جۆری تایبەت لە هەندێ شتی نەناسراو ببینێت.

٢- توانیوبەتی چەندین جۆری تایبەتی لەو شتانە بەشێوەیەکی کاتی لە بۆشاییدا هاتوچۆیان پێ بکات و لە ئاکامدا بیانگوازێتەوە.

(جیهاش برینان) نووسەری کتێبی سەرسوڕهێنەر تر لە زانست لەو بڕوایەدایە کە شتێکی تایبەتی سەرنجی کەشتییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لەم ڕووەوە ئەم بابەتە بۆتە جێگەی گرنگی پێدانی هێزی دەریایی.

ئەگەرچی ئەو دوو ڕێگەیە وەکو شتێکی خەیاڵی دێنە پێش چاو بەڵام وا باشترە بەرلەوەی کە شتێک بەتەواوی ڕەت بکەینەوە تاوێک بیر بکەینەوە.

لە ماوەی شەڕی جیهانی دووەمدا پاڵەپەستۆی کار لەسەر ئەو پرۆژانە بوو کە بەگشتی لەساڵەکانی دەیەی ١٩٣٠ وەکو بیرکردنەوەیەکی شتێانە باسیان لێوەدەکرا. لە نێوان ئەم پرۆژانەدا ڕادار و بۆمبای ئەتۆمی جێگەیەکی تایبەتیان هەبوو. لەژێر پاڵەپەستۆی

بارودۆخی جیهان بیرکردنەوەی ڕەسمی و ئیداری بەرەو کرانەوە دەڕۆیشت. لە ڕووبەڕبوونەوە لەگەڵ دوژمنێکی بەهێزی وەکو ئەڵمانیا نەدەتوانرا هیچ دەرفەتێک لەدەست بدرێ. تاقیکردنەوە و شکست هێنان زۆر باشتربوو لە ناتەواوی لە ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان. هەر چەندە کە لەو سەردەمەدا دکتۆر جەسوب زۆر لاو بوو، بەڵام بەر لەو کاتە وەکو زانایەک ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێنابوو. لێکۆڵینەوەکانی ئەو سەبارەت بەمەیدانە زۆر بەهێزە ئەلکتریکییەکان بوو. لەوانەیە تیۆرییەکەی ئەو سەبارەت بە بەرهەمهێنان و کۆنترۆڵی ئەو مەیدانە ئەلکتریکییانە بەپێکهاتەی چەندین کانزای تایبەتی بووبێت. بەهەر حاڵ وا دێتە پێش چاو کە هێزی دەریایی ئەوەندە گرنگی بەو بابەتە داوە کە بۆ تاقیکردنەوەی سەرمایەیەکی زۆری خستە گەڕ. تاقیکردنەوە لە ساڵی **١٩٤٣** و لە دەریادا لەسەر کەشتییەکی بچووک ئەنجامدرا.

***

لێرەدا جیهاش بربنان نووسەری کتێبی سەرسوڕهێنەرتر لە زانست کاردانەوەی هەیە و لەو بڕوایەدایە کە: لەوانەیە ئەم تاقیکردنەوانە لەسەر کەشتییەکی ئاسایی کە بەشێوەیەکی تایبەتی دروست کراوە یا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە ئەنجام درابێت. بەهەر حاڵ ئەم تاقیکردنەوەیە لە ڕوویەکەوە گەیشتە ئاکام بەڵام ڕاپۆرتی ڕووسەکان دەڵێ کە کاریگەری ئەم تاقیکردنەوەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە لە کەشتییەکەدا بوون کارەساتێکی خولقاندووە و ئەمە هۆکارێکە کە بۆچی بنەما بەکار هاتووەکان لەم تاقیکردنەوەیەدا هەرگیز جارێکی تر بەکارنەهاتنەوە؟ بابەتی ئەم تاقیکردنەوەیە گەیشتن بوو بەقۆناغی ونبوون یا جێگۆڕکێ و ئەو شتەی کە ڕوویداوە دیاردەی جێگۆڕکێیە. کەشتییەکە ون بوو، پاشان لە مەودایەکی زۆر دوور لە خاڵی سەرەتا جارێکی تر بینرایەوە.

لەم قۆناغەدا وا دیاربوو کە هۆکارێکی نەناسراو لە تاقیکردنەوەکەدا ناتەواوییەکی خولقاندووە. چونکە لە جیاتی ئەوەی کە کەشتییەکە لە شوێنە تازەکەیدا بمێنێتەوە، بەپێی زنجیرەیەک ڕووداوی کۆنترۆڵ نەکراو و سەرسوڕهێنەر ون بووە.

پاشان جارێکی تر بینرایەوە و دیسانەوە ون بوو و لەهەر جارێکدا مەودایەکی زۆر دەچووە بۆشاییەوە. لە یەکێک لەم دووبارە بینینەوانەدا کەشتییەکە لە بەندەری فیلادلفیا بینرا. ئەو شوێنەی کە چەندین جار تیایدا ون بوو و جارێکی تر بینرایەوە. ڕاپۆرتێکی تر دەڵێ کە لە ماوەی چەند چرکە لە ونبوون و بینرانی دووبارە، کەشتییەکە بۆ ماوەیەکی کورت لە (نۆرفۆلک) لە ویلایەتی ویرجینیای ئەمریکا بینرا. واتە لە چەند چرکەیەدا



نزیکەی **٢٠٠٠** میل جێگۆڕکێی پێ کراوە. بەپێی ڕاپۆرتی ڕووسەکان ئەو **٢٢** کەسەی کە لە کەشتییەکەدا بوون ١٦ کەسیان مردن و ٦ کەسی تریان شێت بوون. ئەم تاقیکردنەوەیە قوربانییەکی تریشی هەبوو ئەویش دکتۆر جەسوپ خۆی بوو.

***

ماوەیەک پاش ئەم تاقیکردنەوەیە لاشەی دکتۆر جەسوپیان لە ئۆتۆمبێلەکەی خۆیدا دۆزییەوە. سەرچاوەکانی پۆلیس ڕایانگەیاند کە دکتۆر جەسوپ خۆی کوشتووە بەڵام ڕۆبەرت چارۆکس دەڵێ کە ئەو بەهۆی چەندین هۆکاری ئاسایشەوە لەلایەن (FBI) کوژراوە.

گریمان ئەم قسەو ڕووداوانە هەموویان ڕاستن. ئێمە ئێستا دەتوانین بگەینە ئەو ئاکامەی کە: مەبەست لە تاقیکردنەوەکە تەنیا ونبوونێکی سادە نەبووە. لەوانەیە ئەم ڕووداوە گرنگتر بێت لەوەی کە لە سەرەتادا دێتە پێش چاو. لەوانە بوو ئەم کەشتییە کارێکی بکردایە کە تیشکدانەوە ڕووناکییەکان لەسەری ڕەنگ نەداتەوە و بەر لە دووبارە بینرانەوە بچێتە شوێنێکی تر.

جیهاش بربنان گەیشتە ئەو ئاکامەی کە: ئەم شوێنانە زۆر لەیەکتر دوورن و کرداری گواستنەوەش زۆر کتوپڕ ئەنجامدراوە. ئەگەرچی ونبوونی کتوپڕ دیاردەیەکی زۆر سەرسوڕهێنەرە. بەڵام زۆر ئەستەمە کە ببێتە هۆی مردن یا شێت بوونی مرۆڤ. کەواتە ئێمە ڕووبەڕووی بابەتێکی سەرسوڕهێنەرتر دەبینەوە کە ناوەڕۆکێکی جیاوازیشی هەیە.

ئەم دیاردەیە بابەتێکی نوێ نییە. لەگەڵ ئەمەشدا وادێتە پێش چاو کە ساڵی **١٩٤٣** یەکەمین جار بێت کە ئەم کردارە بەشێوەیەکی زانستی و بە شتێک بەگەورەیی و قەبارەی کەشتییەک ئەنجام بدرێ. ماوەیەکی زۆر بەر لە کارەساتەکەی فیلادلفیا ئەم دیاردەیە بەبەردەوامی لە ژوورەکانی بانگهێشت کردنی ڕۆح لە سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریادا ڕوویداوە.

بانگهێشت کردنی ڕۆح تێکەڵەیەکە لە هونەرو زانست و ئایین. سێ کچی لاو واتە خوشکانی (فۆکس) کە خەڵکی ئەمریکا بوون لە سەدەی نۆزدەیەمدا دەست پێکەری ئەم دیاردەیە بوون. ماوەیەک پاش ئەوەی کە بنەماڵەی فۆکس چوونە خانوویەکی تازەوە، دەنگی تەقەتەق لە خانووەکەدا بەرگوێ دەکەوت و سەرەنجام ئەم دەنگە نامۆیە ئەوەندە درێژەی هەبوو کە ئەم دیاردەیە بووە هۆی گرنگیدانی هەموو وڵات، بەخێرایی دەرکەوت کە دەنگەکان زیاتر پەیوەندی بەو کچانەوە هەیە نەوەکو خانووەکە. بەهەمان شێوە کە

چاوەڕوان دەکرا ئەم بابەتەش بەبوونی ڕۆحەوە گرێ دراو پاش لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکان ئەو ڕاستییەی سەرەوە سەلما. کاتێ، کە پەیوەندی کرا بەدروستکەری ئەو دەنگەوە بەکەڵک وەرگرتن لە ڕەمزێکی ساکار واتە لێدانێک بۆ وشەی بەڵێ و دوو لێدان بۆ وشەی نەخێر وا دەهاتە پێش چاو کە بیرۆکەی پەیوەندی بەستن لەگەڵ ڕۆح سەلماوە، ئەو بوونەوەرە دەیگوت کە ڕۆحی دەستفرۆشێکی گەڕۆکە کە چەند ساڵ لەوەبەر لەو ماڵەدا کوژراوە و لەژێر زەمینی ئەو خانووەدا نێژراوە.

***

(سێر ئارتور کونان دویل) لێکۆڵەرەوە و مێژوونووسی ڕۆحگەرا دەڵێ کە بەڕاستی لە دە ساڵی سەرەتای سەدەی بیستەم پاش هەڵکۆڵینی ژێر زەمینی ئەو خانووە پاشماوەی جەستەی مرۆڤێک دۆزراوەتەوە. ئەمەش بووە سەرەتایەک بۆ چالاکی خوشکانی فۆکس. ئەوان پاش ئەوە بەشداری کۆبوونەوە گشتییەکانیان دەکرد و لەسەر شانۆی نمایش خانەکاندا دەبوونە هۆی پەیدا بوونی چەندین دەنگی سەرسوڕهێنەر. لێکۆڵینەوەکانی بواری ڕۆح ناسی هاوچەرخ ئەزموونی خێزانی فۆکس بەسەرەتای دیاردەی ڕۆحە سەرشێتەکان دەزانن. کەواتە دەتوانین بڵێین کە زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان هۆکارەکە لە جۆرێک وزەی بێ ئاکامدا دەبیننەوە کە بەهۆی لەشی مرۆڤەوە دێتە بەرهەم. هەرچەندە کە ئەمڕۆ لەم ڕووەوە بیرۆکەی جۆراوجۆر لە ئارادایە بەڵام دانیشتوانی ئەمریکا لە سەدەی نۆزدەیەمدا گەیشتونەتە ئەو ئاکامەی کە پەیوەندی کردن بەمردووەکانەوە بەتەواوی سەلماوە. لەماوەیەکی زۆر کورتدا لە هەموو ناوچەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکاندا کۆڕی بانگهێشت کردنی ڕۆحی مردووەکان بەرپا کرا. هەندێ لەوانە هەوڵێکی جیدی بوون کە لە ژێر هەلومەرجی کۆنترۆڵ کراو لەلایەن کەسانێک بەبیرکرنەوەی زانستییەوە ئەنجام دەدران.

بەڵام زۆربەی ئەم کۆڕانە وەکو یارییەکی گاڵتەجاڕی بەکۆمەڵ دەهاتە پێش چاو کە بەتەواوی تێکەڵ بەفێڵ و خۆ فریودان ببوون.

ئەم بزووتنەوەیە لە ئۆقیانوسی ئەتڵەسی تێپەڕی و بەڕادەیەک لە بەریتانیادا بڵاوبۆوە کە دەڵێن خودی شاژنە ڤیکتۆریاش کەسێکی وەکو پەیوەندیکەر لە نێوان خۆی و ڕۆحی مێردەکەی دامەزراندبوو و پیاوێکی ئیسکۆتلەندیش بەناوی براون یارمەتی شاژنی داوە تا سوود لە دوایین ئامۆژگارییەکانی هاوسەرە کۆچ کردووەکەی وەربگرێ. هەر لەو کاتەوە کەنیسەیەک تایبەت بەلایەنگرانی ڕۆحگەرایی هاتە دامەزراندن و تا ئەمڕۆش لە کامڵبوون و بەرەو پێشڤەچووندایە. بنەما سەرەکییەکانی ئەم کەنیسەیە لەسەر بناغەی



باوکایەتی خوا و کوڕایەتی مرۆڤە. ئەگەرچی هەندێ ئایینی تری لێ بۆتەوە بەڵام ئایینی ناوەندی بڕوای بەئامادە بوونی ڕۆح هەیە و لە زۆربەی کاتەکاندا پەیوەندی بەکەسوکاری کۆچکردووی ئەندامەکانی ئەنجومەنی کەنیسەوە دەکرێ. بەڵام دیاردەی کۆڕی بانگهێشت کردنی ڕۆح لەشێوەی ئاسایی خۆی زیاتر ڕۆیشتووە.

***

ڕاپۆرتی بڕواپێکراو لە بەردەستدایە کە باس لە بەمادەکردنی ڕۆح، مانەوەی شتەکان لە نێوان زەوی و ئاسماندا و دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەر بەناوی (ئاوەرەش) دەکات. تا ئەو شوێنەی کە لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام دراوە دیاردەی ئاوەرەش بەگوێرەی سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا کەمتر کەڵکی لێ وەردەگیرێ. وادێتە بەرچاو کە لە بنەمادا ئەم دیاردەیە کاتێک دەگەیشتە قۆناغی پەیدا بوون کە ڕۆحەکان لە هەڵسوکەوتی ئامادەبووانی کۆڕەکە ڕازی بوونایە. دیاردەی ئاوەرەش لەڕاستیدا دیارییەکە کە ڕۆحەکان پێشکەش بەئامادەبووانی دەکەن. وەکو یادگارییەک لە ئەنجامی ڕەزامەندی ڕۆحەکان، وەکو گوڵ یا بەردی بەنرخ کە لە بۆشاییدا لەناکاو دروست دەبوون. لەسەرەتادا هەموان لەو بڕوایەدا بوون کە بەڕاستی ڕۆحەکان ئەم دیارییە گرانبەهایانەیان خوڵقاندووە، بەڵام پاش لێکۆڵینەوە دەرکەوت کە ڕۆحەکان ئەو شتانەیان لە شوێنێکی تر و کتوپڕ گواستۆتەوە بۆ ئەو شوێنەی کە کرداری بانگهێشت کردنی ڕۆحەکانی تێدا ئەنجام دەدرێ. ئەم هەواڵە بۆ کەسانی دەمارگیری ئایینی سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا کە سەبارەت بەلایەنی ئەخلاقی ئەم دیاردەیە زۆر هەستیار بوون تا ڕادەیەک ناخۆش بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکانی ئەو سەردەمە ڕۆحەکان ئامادە بووانیان لەوە دڵنیا دەکردەوە کە ئەو شتانەی کە وەکو دیاری پێشکەش دەکرێن نەدزراون. بەڵکو لە ئەو گەنجینە شاراوانە هەڵگیراون کە لە شوێنێکی نادیار یاخود لەژێر دەریادان و موڵکی هیچ کەسێک نییە. چەندین کەس لە لێکۆڵەرەوەکان سەرنجیان ڕووەو میکانیزمی ئەم دیاردەیە ڕاکێشرا و لە هەندێ کاتدا توانییان ڕۆحەکان هانبدەن کە لەم جۆرە شتە بەنرخانەیان بۆ بێنن. هەرچەندە کە سەرکەوتنێکی ئەوتۆشیان بەدەست نەهێنا بەڵام لەماوەی ئەم تاقیکردنەوانەدا بابەتێکی زۆر سەرنج ڕاکێشیان بۆ ڕوون بۆوە.

***

بەڵێ بۆیان ڕوون بۆوە کە پرۆسەی گواستنەوەی ئەو شتە بەنرخانە زۆر خێرایە. واتە لەگەڵ ونبوونی ئەو شتە لە شوێنە سەرەکییەکەی خۆیدا دەسبەجێ لەو شوێنەی کە کرداری بانگهێشت کردنی ڕۆحی تیایدا ئەنجام دەدرا بەدەردەکەوت. بەڵام بە چ شێوەیەک ئەنجام

دەدرا؟ ڕۆحەکان بۆ ئەم پرسیارە وەڵامێکی باشیان پێ بوو، لە سەرەتادا ئەو شتە لە چوارچێوەی مادە دەچووە دەرەوە و پاشان دەبرایە نێو بۆشاییەوە. پاشان بەشێوەیەکی پڕ لە نهێنی دووبارە لەو ژوورەدا دەبووەوە بەمادە. تەکنەلۆژیای سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا لەچاو تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا زۆر پێشکەوتوو نەبوو بەڵام زانستی ئەو سەردەمە زیاتر لە ئێستا گرنگی بەمادە داوە، فیزیازانەکانی سەدەی ١٩ لە جیهانێکیان دەکۆڵییەوە کە تیایدا مادە هەستی پێدەکراو دەبینراو سەرەنجام وزە کۆتایی پێدەهات، ئەستێرەکان دەمردن و هەسارەکان لەشوێنی خۆیاندا و بەبێ جووڵە چەقیبوون، فۆرمولی E = mc2 ی ئەنشتاین بۆ زۆربەی ئەو زانایانە شتێکی گاڵتەجاڕی بوو و دژەمادە و دژەجیهان بەخەیاڵێکی شێتانە لەقەڵەم دەدران. لەو سەردەمەدا هەر جۆرە بیرۆکەیەکی لەم جۆرە پەیوەست بوو بەکەسانی ڕۆحگەراو لایەنگرانی زانستە شاراوەکان، بەڵام ئایا هیچ جیاوازیەکی سەرەکی نییە لە نێوان ئەو دیارییانەی کە ڕۆحەکان پێشکەشیان دەکرد و ئەو کەشتییەی کە لە بەندەرێکدا ون دەبێ و ٢٠٠٠ میل دوورترو لە هەمان کاتدا لە بەندەرێکی تردا دەردەکەوێ. ئێستا لێرەدا جارێکی تر، بیرۆکەی جیهانێکی تر خۆی دەسەپێنێ چونکە بەپێی وتەی ئەو ڕۆحانە ئەو شتانە سەرەتا لە چوارچێوەی مادە دەردەچن و پاشان دەگوازرێنەوە بۆ جیهانێکی تر و دیسانەوە لە هەمان کاتدا دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی مەبەست. لێرەدایە کە بیرۆکەی (دژە جیهان)ی دکتۆر لۆدرمان دەمانخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە لەو جیهانەدا کات بەشێوەیەکی جیاواز لە جیهانی ئێمە لە ڕەوتی خۆی بەردەوامە. ئایا لێرەدا ناتوانین بڵێین کە ئەو کەشتییەی کە لە سەرەتادا باسمان لێوەکرد وەکو دیاردەی ئاوەرەشی سەردەمی شاژنە ڤیکتۆریا لە ڕێگەی جیهانێکی ترەوە گوازراوەتەوە؟

ڕۆبەرت چارۆکس کە لەسەر بنەمای بیرۆکەکانی پرۆفیسۆر (دۆرۆ تۆدێریکۆ) لە سەر شێوەیەکی تر لە بەسەرهاتی کەشتی ونبوو کار دەکات، بیرۆکەیەکی سەرنج ڕاکێشی سەبارەت بەمیکانیزمی ئەم بەرنامەیە پێشکەش کردووە. ئەم بیرۆکەیە لەسەر بنەمای بابەتێکی سەرسوڕهێنەرو سەرنج ڕاکێش بنیادنراوە: ڕۆبەرت چارۆکس دەڵێ کە کەشتی فیلادلفیا پێویستە لەگەڵ ئەو مەیدانە ئەلکتریکییەی کە تیایدایەتی بەڕەوتێکی پێچاوپێچدا تێپەڕ ببێت تاوەکو بەو شێوەیە ون بێت و سەر لەنوێ بەدەربکەوێتەوە. بیرۆکەیەکی زۆر قورس و دژوارە بەڵام لە کۆتاییدا دیسانەوە هەر دەگەڕێینەوە سەر بیرۆکەی جیهانێکی تر و ئەگەر لەمە زیاتر لەم بابەتە بکۆڵینەوە ئەوا بەدڵنیاییی لە



بابەتەکە لامان داوە، بەڵام بەرلە بەجێهێشتنی کارەساتی خەمناکی فیلادلفیا نهێنییەک دەمێنێتەوە: لەو کەشتییەدا ١٦ کەس کوژران. ئەوەش دەزانین کە تێپەڕبوون لە جیهانێکی تر لە خۆیدا نابێتە هۆی مردن چونکە بەلایەنی کەمەوە ٦ کەس لەو کەشتییەدا بەزیندوویی مانەوە، بەڵام شێت بوون. چ شتێک لە جیهانێکی تردایە کە دەبێتە هۆی مردنی مرۆڤ؟ چ شتێک لە جیهانێکی تردا ئەوەندە ترسناکە کە دەبێتە شێت بوونی مرۆڤ؟ ئایا...

***

ئێستا ئێمە دەزانین کە جیهانێکی تر هەیە بەڵگەنامەکان ئەوەندە بەهێزن کە مۆڵەتی هیچ بیرکردنەوەیەکی ترمان پێ نادەن. ئێمە وا دەزانین کە ئەم جیهانە لە دروستبوونی بڕوای مرۆڤ سەبارەت بەدۆزەخ ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ڕابردوودا وا باو بووە کە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە بەزادەی بیری مرۆڤێکی نەخۆشی دەروونی بزانن. بەڵام بنەمای پتەوی ئێمە سەبارەت بەجیهانێکی تر لە ڕوویەکی زۆر جیاوازەوە دەڕوانێتە ئەم ڕووداوانە، لێرەدا باس لە ئەزموونە سەرسوڕهێنەرەکانی (بێنڤێنتولۆ سێلینی) نیگارکێشی سەردەمی ڕێنسانس دەکەین، سێلینی نموونەیەکی کامڵی کەسایەتی سەردەمی ڕۆشنگەرایی بوو. هەستیاری سێلینی بەبەرهەمە بەجێماوەکانی دا بەتەواوی بەدەردەکەوێ لەگەڵ ئەمەشدا مێژوو دڵنیامان دەکاتەوە کە ئەو لە هەمان کاتدا کەسێکی خۆ بەگەورە زان و درۆزن بووە. ئەو بۆی دەرکەوتبوو کە ژیان و تەنیا بۆ ژیانە و بەشێوەیەک ژیا کە لە قارەمانانی بەسەرهاتی سێ چەکدار شتێکی ئەوتۆی کەم نەبوو. ئەو هەم پیاوی خوا بوو هەم بەردەستی شەیتان، لە ساڵی ١٥٣٣ ئەو خۆی خستە ڕووداوێکەوە کە بەناوی ئەزموونە جادووییەکان بەناوبانگە. ئەم بەسەرهاتە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە چووە دیداری قەشەیەکی دانیشتووی سیسیل. ئەوان لەگەڵ بابەتەکانی تردا باسیان لە هونەرە جادووییەکان کرد و سێلینی کە هەمیشە بەشوێن ئەزموونە نوێ و سەرنج ڕاکێشەکاندا وێڵ بوو دانی بەوەدا نا کە هەمیشە ویستوویەتی شتێک لەم هونەرانە لە کرداردا ببینێ. قەشەکە ڕایگەیاند کە ئامادەیە نمایشێکی لەو جۆرەی بۆ سازبدات. ئەوان کەلاوەکانی (کولیدیۆم)یان بۆ ئەو مەبەستە هەڵبژارد. یەکێک لە هاوڕێکانی بەناوی، (وینسینتیۆرۆمۆلی) لەگەڵیاندا چوو. ئەو قەشەیە جادووگەرێکی تری بەناوی (پیستۆئیا )ی لەگەڵ خۆیدا برد. ئەو چەندین جۆر شتی وەکو گۆچان، کتێبی بانگهێشت کردنی ڕۆح و شەیتان، تەلیسمی ئەستێرەی پێنج سەر کە، لە دار دروست دەکرێ و

چەکێکی کاریگەری جادووگەرەکانە بۆ کۆنترۆڵ کردنی ڕۆحەکان و چەندین شتی تری لەگەڵ خۆیدا هێنابوو. لە کاتێکدا کە سێ کەسیان سەیریان دەکرد قەشەکە چەندین بازنەی لەو شوێنەدا کێشا تاوەکو بەهۆی ئەم بازنانە پارێزراو بن. لەگەڵ ئەمەشدا یەکێک لە بازنەکانی بەناتەواوی هێشتەوە تا لەو ڕێگەیەوە هاوڕێکانی بچنە نێو بازنەکەوە و پاشان بازنەکەی داخستەوە و مەراسیمەکە دەستی پێکرد.

سێلینی و ڕۆمۆلی لە ناو بازنەکە ئاگرێکیان کردەوە و بخووریان تێدا سووتاند. لە کاتێکدا (پیستۆئیا ) تەلیسمی ئەستێرەی پێنج سەری لەدەستدا بوو قەشەکە چەندین دوعای تایبەت بەبانگهێشت کردنی ڕۆحەکانی خوێند. یەک سەعات و نیو پاش ئەوە مەراسیمەکە گەیشتە ئەنجام.

***

بەپێی وتەکانی سێلینی ئەو شوێنە کە یاریگایەکی کۆن بوو پڕ بوو، لە ڕۆح. سێلینی کە روانینێکی مادیگەرایانەی هەبوو داوای لەو بوونەوەرانە کرد کە کچێک بەناوی (ئانجلیکا ) کە لەو کاتەدا خۆشی دەویست بێنن بۆلای ئەو. بەڵام ئەو بوونەوەرانە داواکەیان ڕەت کردەوە. ئەگەرچی سێلینی لەم نمایشە ئایینییە ڕازی بوو بەڵام قەشەکە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی ڕاستەقینەی تر بەڵێنی ئەنجامدانی مەراسیمێکی تری دا. بەڵام مەرجێکی هەبو، ئەو دەیویست کە منداڵێک لەو مەراسیمەدا ئامادە بێت و سێلینی کوڕە خزمەتکارەکەی خۆی بەناوی (کەنزی) کە تەمەنی ١٢ ساڵ بوو لەگەڵ خۆیدا برد. رومۆلی بۆ دووەمین مەراسیم گەڕایەوە بۆ (کۆلیدیۆم) بەڵام پیستۆئیای سیحرباز نەهاتبوو و شوێنەکەی لەلایەن یەکێک لە هاوڕێکانی سێلینی پڕ کرایەوە. ئەمجارە تەلیسمی ئەستێرەی پێنج سەر لە دەستی سێلینی دابوو. جارێکی تر قەشەکە دوعای بانگهێشت کردنی ڕۆحەکانی خوێند. بەپێی ڕاپۆرتی سێلینی دەزانین کە ئەو حەزی لە ئامادەبوونی چ بوونەوەرێک کردووە. ئەو دوعایە کە تێکەڵییەک بوو لە زمانی عیبری، یۆنانی و لاتین ئاراستەی ئەو شەیتانانە دەکرا کە ڕێبەرایەتی گرووپێکی زۆر لە ڕۆحە دۆزەخییەکان دەکەن و وا دێتە پێش چاو کە ئەو مەراسیمە سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیبێت.

لەماوەیەکی زۆر کەمتر لە جاری پێشوو دووبارە ئەو یاریگایە پڕ بوو لەو بوونەوەرە نەناسراوانە و ئەمجارە ژمارەیان زیاتر بوو. سێلینی دووبارە داوای لێکردنەوە کە خۆشەویستەکەی بەسیحر بێنن بۆ ئەو شوێنە و ڕۆحەکان وەڵامیان دایەوە کە لەماوەی یەک مانگی داهاتوودا بەخۆشەویستەکەی دەگات. بەڵام لێرەشدا ناتەواوییەک ڕوویدا.



قەشە سیحربازەکە یەکەمین کەس بوو کە بۆی دەرکەوت کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر ڕۆح لەوێ ئامادەبوون و هەزاران جار زیاترن لەو ڕۆحانەی کە ئەو بانگهێشتی کردوون. ئەو بوونەوەرانە هەڵسوکەوتێکی باشیان نەبوو و ئەمجارەش نەتەنیا قەشەکە بەڵکو هەمووان دەیانتوانی بیانبینن. ئەو منداڵە خزمەتکارە هاواری دەکرد کە لە لایەن سەدان هەزار لە تووڕەترین ئەو پیاوانەی کە تا ئێستا بینیویەتی دوچاری هەڕەشە بۆتەوە. چوار بوونەوەری زەبەلاح کە بەتەواوی چەکدار بوون هەوڵیان دەدا بچنە نێو بازنەی پارێزگاری ئەوان. بەهەمان شێوە کە ئۆتۆمبیل ستۆپی هەیە وا باشترە کە بەر لەدەست پێکردنی هەرکارێک کە ناتوانین ڕای بگرین چەندین ڕێگەی چارەسەر بدۆزینەوە. بۆ ڕزگاربوون لە چنگی ئەم ڕۆحە شەڕانییانە قەشەکە دەستی بەدوعا خوێندن کرد. تەنانەت ئەگەر بوونی شەیتانەکان و دەرکەوتنیان ڕەت بکرێتەوە ئەو دیمەنە وەکو کابووسێک بووە. ئەو یاریگایە پڕ بوو لە دوکەڵی بخوور و گژوگیای جادوویی تر. رومۆلی کە هێشتا ئاگاداری ئاگرەکە بوو وەکو شەقشەقە دەلەرزی. سێلینیش لەو باشتر نەبوو سەرەڕای دوعا خوێندنی شێتانەی ئەو قەشەیە منداڵەکە دەینالاندو سەری لە نێوان ئەژنۆکانیدا شاردبۆوە. سێلینی هەندێک هاتەوە سەرخۆی و هەوڵی ئارامکردنی دا، بەڵام هیچ ئاکامێکی نەبوو. پاشان ئەو منداڵە هاواری کرد: کۆلیدیۆم لە ئاگردا نوقم بووە و ئاگرەکە بەرەو لای ئەوان دێت و لە ترساندا دەموچاوی بەدەستی داپۆشی. قەشەکە کە ئاگرە ڕاستەقینەکەی بینی دەستی لە دوعا خوێندن هەڵگرت و بەهاوڕێکانی گوت کە جۆرە گیایەکی سیحراوی هێناوە کە بیخەنە ئاگرەکەوە. بەڵام ئەوان لە ترساندا نەیاندەتوانی بجوولێنەوە. سێلینی لەناکاودا هاتەوە سەرخۆی و هاواری لەوانیش کرد کە بێنەوە سەرخۆ بەڵکو بتوانن ئەو گیایە بخەنە ناو ئاگرەکەوە بەڵام هاوڕێ تازەکەی سێلینی لە ترساندا خۆی پیس کردبوو. چەند ساتێک پاش ئەوە ئەو هەوڵەیان کاریگەری خۆی هەبوو، ئەو ڕۆحانەی کە بۆنی پیسی ئەو گیایە بەسەریاندا چوو بوو بەتووڕەیییەوە ئەو شوێنەیان بەجێ هێشت لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان نەیاندەوێرا لە بازنەکە بچنە دەرەوە. ئەوان تا بەیانی، لەو بازنەیەدا مانەوە. ئەو کاتەش تەنیا چەند ڕۆح مانەوە ئەویش لە دووریەکی زۆر وەستابوون. کاتێ کە دەنگی زەنگی بەیانی بەرگوێیان کەوت بازنەکەیان بەجێ هێشت و بەرەو ماڵەکانیان ڕۆیشتن. خزمەتکارە منداڵەکە خۆی نووساندبوو بەسێلینی و قەشەکەوە چەند ڕۆحێک بەشوێنیانەوە بوون و لە سەربانی خانووەکان و بەدرێژایی شەقامەکە ڕایان دەکرد. لەگەڵماندابن لە بەشی داهاتوودا بەڵام ئەمجارە لەگەڵ سیحربازێکی فەڕەنسی.

## سیحربازێکی فەڕەنسی

(ئالفۆنس لویی کۆنستانت) لە باوکێکی پینە درووی پاریسی لەساڵی ١٨١٠ی زایینی چاوی بەجیهان هەڵهێنا. ئەو خێزانێکی زۆر هەژاری هەبوو، بەڵام بەپێچەوانەی هەژارانی تر توانایەکی فیکری زۆر سەرسوڕهێنەری هەبوو. قەشەی کەنیسەی گەڕەکەکەیان ئەوەندە ئەوی خۆشدەویست کە پێداویستی خوێندنی لە زانکۆی ئایینی (سەنت سۆپلیک) بۆ فەراهەم کرد بەو ئومێدەی کە ڕۆژێک ببێتە قەشە. ئەمەش سەرەتای پیشەیەکی پڕ لە هەوراز و نشێو بوو. چونکە ئالفۆنس سەرەڕای ئەم سەرەتا دڵخۆشکەرە نەیدەویست کە ژیانی بخاتە خزمەتی کەنیسە، بەڵکو بەشوێن ئایینە پڕ نهێنییەکان و بەتایبەتی جادووی کابالاییدا بوو. لە سەرەتادا هەموو شتێک بەباشی بەرەو پێشەوە دەچوو، چونکە ئەو گەیشتە پایەیەکی سەرەتایی ڕۆحانی و لە پاشاندا بووە جێگری قەشە، بەڵام ئەو لە سروشتدا نەیدەتوانی زمانی خۆی ڕابگرێ. لە ئاکامیشدا لە زانکۆی ئایینی دەرکرا. ئەم شۆکە نەک کاریگەری بەسەر ویست و حەزی ئەو بۆ تەسەوف هەبوو نە کاریگەری بەسەر ویژدانی کۆمەڵایەتی ئەودا بەجێ هێشت. ئالفۆنس وەکو تاریبێژێکی ئایینی بەسوودی هەژاران دەستبەکار بوو و ئەوەندە نەزان بوو کە چەندین نامیلکەی بەناوەرۆکی سۆسیالیستییەوە بڵاوکردەوە. گۆشەنیگای ئەو لەو سەردەمەدا تەنانەت بەبەراوردکردنی لەگەڵ ئەمڕۆشدا ئەوەندە ئابڕوومەندانە نەبوو و بەخێرایی سزادراو کەوتە زیندانەوە. هەڵەیەکی تری ئالفۆنس ئەوە بوو کە ژنی هێنا. ئەو کچێکی زۆر جوانی کردە هاوسەری خۆی کە چەند ساڵێک لە خۆی بچووکتربوو کچێکی ١٦ ساڵە بەناوی (نێئۆمی کادۆت) کە دوو منداڵی لە ئالفۆنس بوو، بەڵام پاش مردنی ئەو دوو منداڵە ئالفۆنسی بەجێ هێشت. هۆکاری هەڵوەشانەوەی ژیانی هاوسەرێتیان ئەو سوێندە بوو کە ئالفۆنس لە کاتی مارەکردنا خواردبووی. هەرچەندە کە زانکۆی ئایینی (سەنت سۆپلیک) بۆ قەشە ئاساییەکان بوو و هیچ مەرجێکی بۆ ژیانی قوتابییەکان نەبوو بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئالفۆنس وەکو ئەسقەف و کەشیشە پایە بەرزەکان ژیانی تەنیایی هەڵبژارد و ئەم هەڵسوکەوتەش بووە هۆی جیابوونەوەی هاوسەرەکەی. نیئۆمی سەرلەنوێ شووی کردەوە و ژیانی بەختەوەری بەسەربرد. ئەو لە داهاتوودا وەکو باشترین پەیکەرتاش ناوبانگێکی زۆری بەدەست هێنا و ئالفۆنسیش خۆی لە زانستە شاراوەکاندا نوقم کرد. ئەو ناوی



سۆفییانەی (ئیلیفیاس لێڤی) بۆ خۆی هەڵبژارد و چەندین کتێبی سەبارەت بەجادووگەری و سیحربازیی نووسی و بڵاوکردەوە. یەکێک لەم کتێبانە کە ناوی (مەنزڵگەی گەیشتن بەجادوو) بوو هێشتاش لەلایەن لایەنگرانی ئەم هونەرە دێرینە پێگەیەکی تایبەتی هەیە. لەگەڵ ئەمەشدا نەیدەتوانی لەم ڕێگەیەوە ژیانی خۆی بەڕێوە ببات. ئەو پاشان بەوانە وتنەوە بەو کەسانەی کە لایەنگری زانستە شاراوەکانی بوون بژێوی خۆی دابین دەکرد. نرخی وانە وتنەوەی ئەو زۆر گران بوو. جارێکیان بۆ شیکردنەوەی سیحری کارتەکانی تاروت کە تەنیا ماوەی یەک دەقیقەی دەویست داوای ٤٠ فرانکی کرد. کارتەکانی تاروت ٢٢ کارتی وێنە دارە کە بۆ بەرگریکردن و فاڵگرتنەوە سوودی لێ وەردەگیرێ. سەرچاوە جۆراوجۆرەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەو مرۆڤێکی ڕووخۆش نەبوو. هەڵسوکەوتی ناشیرینی هەبووە و زۆر نەوسن بووە. بەڵام ئەو چەندین قوتابی هەبووە کە بەباشی باسیان لێوە کردووە و ئەمڕۆش لایەنگرانێکی زۆری لە نێوان پەیڕەوانی زانستە شاراوەکاندا هەیە. ئەو بەزۆری جادووگەرێکی خاوەن بیرۆکە بوو. پێویستە بڵێین کە ئەو بەقوڵی بیرۆکە دێرینەکانی دەخستە ژێر لێکۆڵینەوە و ڕوخسارێکی کاریگەری لە فەلسەفەی نهێنی بەدەرخست. بەڵام ئەو پێی باش نەبوو کە ئەم تەکنیکە سیحربازییانە جێبەجێ بکات. کە ئەمەش بەهۆی گەڕانەوەی دووبارەیەتی بەرەو کەنیسەی کاسۆلیک لە نێوان ساڵەکانی ١٨٥٤ تا ١٨٦٠. (لویی کۆنستانت) لە پێشەکی کتێبی (مێژووی جادووگەری)دا بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ (نووسەر بەڕاشکاوی بەخوێنەرانی ڕادەگەیێنێ کە کرداری فاڵگیری ئەنجام نادات، بەخت ناخوێنێتەوە، پێشبینیش ناکات، تەلیسم دروست ناکات و خۆی ناخاتە نێو سیحربازی و بانگهێشت کردنی ڕۆح، بەڵام هەرشتێک کە سەبارەت بەپێشبینی، بەخت خوێندنەوە، فاڵگیری و سیحربازی و تایبەتمەندی گژوگیای جادوویی گوتبێتی ڕاست نییە چونکە ئەو لە ساڵی ١٨٥٤ دا خۆی خستە ناو بابەتێکی سەرنج ڕاکێشی بانگهێشت کردنی ڕۆح.

***

ماوەیەک پاش ئەوە ئالفۆنس لەلایەن نەجیب زادەیەکی هەڵکەوتووی بەریتانی بەناوی (بارۆن لەیتۆن) لە ( نێبڤۆرسەوە) بۆ لەندەن بانگهێشت کرا. بارۆن لەیتۆن لە سەردەمی خۆیدا کەسێکی زۆر ناسراو بوو. ئەو نووسەری چەندین چیرۆکی ڕۆمانسی و کتێبێکی سەرنج ڕاکێشە بەناوی (ئەو ڕەگەزەی کە دێت) کە بەڕای زۆربەی لێکۆڵەرەوەکان بەشێوەیەک لە چیرۆکی خەیاڵی زانستی سەرەتایی لە قەڵەم دەدرێ. ئەم کتێبە گۆشە

نیگای گشتی لەیتۆن سەبارەت بەئۆریل بەجیهانیان دەناسێنێ. ئۆریل شێوەیەک وزەی شاراوەیە کە کاتێ یەک سەدە پاش ئەوەی کە نازییەکان گەیشتنە دەسەڵات، بۆ بەدەست هێنانی ئەم وزەیە هەوڵێکی زۆریاندا. لەیتۆن خۆی لە پەیڕەوانی زانستە شاراوەکان بوو و کەوتبووە ژێر کاریگەری ناوبانگی لێڤی، وەکو سیحربازێک. کاتێ کە ئەم سیحربازە فەڕەنسییە چووە نێو لەندەنەوە لەیتۆن داوای لێکرد کە هێزی خۆی پیشانی گرووپێک لە هاوڕێکانی بدات. لەوەش بێ ئاگابوو کە لێڤی زیاتر حەز بەخستنە ڕووی بیرۆکەی سیحربازی دەکات تاوەکو کرداری زانستی سیحربازی. ئالفۆنس ئەم داوایەی ڕەت کردەوە. ئامادە نەبوونی ئەو بۆ نمایشکردنی ئەزموونەکانی بووە هۆی ئەوەی کە لە بەریتانیا بەنەناسراوی بمێنێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم کردارە بەتەواوی لەگەڵ پێوەرەکانی زانستە شاراوەکانی ئەو سەردەمەدا هەماهەنگ بوو. ئەو لەبەر چەندین هۆ بەدڵگرانییەوە لە هاوڕێ تازەکانی جیابۆوە و خۆی لەناو لێکۆڵینەوەی سیحری کابالادا نوقم کرد. هەر چەندە کە ئالفۆنس لە پەیڕەوانی زانستە شاراوەکانی بەریتانیا جیاببۆوە بەڵام ئەوان وازیان لێ نەهێنا. پاش ماوەیەک ئەو خۆی لە بەسەرهاتێکدا بینییەوە کە ڕووی هەموو کتێبە خەیاڵییەکانی لەیتۆنی سپی کردۆتەوە. ڕۆژێک لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ هوتێلەکەی ڕووبەڕووی پەیامێکی سەرسوڕهێنەر بۆوە. ئەو پەیامە بەشێک بوو لە کارتێکی تاروت کە بەقەڵەمی ڕەساس ئەم ڕستەیەی لەسەر نووسرا بوو: لە کاتژمێر ۳ی پاش نیوەڕۆی سبەینێ لە بەرامبەر کەنیسەی (وێست مینیستەر) نیوەی دووەمی ئەم کارتەتان پێ دەدرێ. لەو نیوە کارتەی کە لەدەستیدا بوو بەشێک لە دوو، سێ گۆشە کە چووبونە ناو یەک بەرچاو دەکەوت. جوولەکە ئەم نیشانەیەی وەکو نیشانی شەش گۆشەی حەزرەتی داوود کە سەمبولی بەناوبانگی یەهودییەتە دەناسێتەوە. بەڵام ئالفۆنس یاخود لێڤی وەکو سیحربازێک ئەم نیشانەیەی بەمۆری سلێمان زانی و لە گۆشەیەکی ترەوە دەیڕوانیە ئەم نیشانەیە. بۆ ئەو ئەم دوو، سێ گۆشەیە نیشانەی تێکەڵ بوونی دوو لایەنی کامڵ بوون و بەرجەستەبوونە کە لەم پێکهاتەیەش مرۆڤێکی تەواو دەخولقێ. لە بەسەرهاتە کۆنەکاندا هاتووە کە حەزرەتی سلێمان لەم نیشانەیە بۆ زیندانی کردنی جنۆکەکان سوودی وەرگرتووە تاوەکو بەفرێدانیان بۆ ناو دەریا ڕێگە لە کارە خراپەکانیان بگرێ.

لەم ڕووەوەیە کە ئەم سەمبولە تەنانەت ئەمڕۆش بەنیشانەیەکی شاراوەی بەهێز لەقەڵەم دەدرێ. ئالفۆنس کە سەرنجی بۆلای ئەم بابەتە ڕاکێشرا بوو لە کاتژمێر ۳ی پاش نیوەڕۆی



ڕۆژی دوایی لە بەرامبەر کەنیسەی (وێست مینیستەر) ئامادەبوو. عەرەبانەیەک لە ڕێوە هات و خزمەتکارێک لێی دابەزی. بەرەو ئالفۆنس ڕۆیشت و پاش هێمایەکی دۆستانە دەرگای عەرەبانە چوار ئەسپەکەی بۆ کردەوە تا ئەو ئافرەتە ببینێ کە تۆڕێکی ڕەش روخساری داپۆشاندبوو.

ئەو ژنە هێمای بۆ ئالفۆنس کرد کە بچێتە تەنیشتی دابنیشێ و لەهەمان کاتدا نیوەی دووەمی کارتەکەی پیشانی دا. کاتێ کە عەرەبانەکە بەڕێ کەوت، ژنەکە ڕووپۆشە تۆڕەکەی لابرد. قژی خۆڵەمێشی و چاوەکانی ڕەش بوون. ئەو ژنە بەلێڤی گوت کە یەکێک لە هاوڕێکانی لەیتۆن باسی لەنمایش نەکردنی هێزە شاراوەکەی کردووە و ئەو گومانی ئەوەی کردووە کە لەوانەیە بەهۆی نەبوونی کەرەستە و پێداویستی جادوویی بوو بێت. پاشان ئەو ئافرەتە ئەنجامدانی مەراسیمێکی جادوویی وەکو پێشنیارێک ڕاگەیاند. بەڵام بەو مەرجەی کە بەڵێن بدات کە سەبارەت بەمە بەتەواوی بێدەنگ بێت. لێڤی پاش ماوەیەک دەنووسێ: من ئەو بەڵێنەم پێداو بەڕانەگەیاندنی ناو و پێگەو شوێنی ژیانی ئەو ئافرەتە پابەندی ئەم بەڵێنە بووم. ماوەیەکی زۆری نەخایاند کە بۆم دەرکەوت کە ئەو ئافرەتە شارەزای زانستە شاراوەکانە و ئەگەرچی لە پلەی یەکەمدا نەبوو بەڵام لە پلەیەکی زۆر دابوو. سەبارەت بەوەی کە ئەم ئافرەتە شارەزای زانستە شاراوەکان بووە یاخود نا زانیارییەکی ئەوتۆمان نییە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئافرەتێکی زۆر هەڵکەوتوو بووە. چونکە توانیویەتی لێڤی بێنێتە سەر ئەو بڕوایەی کە بەر لە ئاشنا بوونی تەواو بەهونەرە جادووییەکان، ئەنجامدانی ئەزمونی پراکتیک پێویستە. ئەو ئافرەتە چەندین کتێبی نایابی دا بە لێڤی و کۆلکسیۆنی کەرەستە جادووییەکانی خۆی پیشانی ئەودا. لێڤیش ڕەزامەندی خۆی دەربڕی کە بەکەڵک وەرگرتن لە کتێبی (فەلسەفەی جادوویی) لە نووسینی پاتریس، بانگهێشتی ڕۆحی ئاپۆلۆنیۆسی خەڵکی (تیابا) بکات. لە مێژووی سەرەتایی زانستە شاراوەکان، ئاپۆلۆنیۆس یەکێک لە سەرنج ڕاکێشترین کەسایەتییەکانە. ئەو لە سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینی لە ناوچەیەکدا هاتۆتە دنیاوە کە ئێستا بەشێکە لە خاکی تورکیا. ئەو زانایەکی لایەنگری (فیساگورس) بوو و لەماوەی ژیانیدا چەندین سەفەری دوور و درێژی ئەنجام داوە و کرداری سەرسوڕهێنەری وای ئەنجامداوە کە سەردەمێک بەهاوشانی حەزرەتی مەسیح لە قەڵەم دەدرا.

***

بەپێی دابونەریتی ئەو مەراسیمە ٢١ ڕۆژ لە خەڵوەدا بوو. ١٤ ڕۆژ تەنیا گژوگیای خوارد و ٧ ڕۆژیش بەڕۆژوو بوو. پاشان لە ڕۆژی ٢٤ی تەموز خۆی شۆرد. جلوبەرگێکی سپی لەبەرکرد و تاجێک لەگەڵای گوڵی شاپەسەندی کە بەزنجیرێکی زێڕ چنرابوو خستە سەر سەری. شمشێر و کتێبی دوعا جادووییەکانی هەڵگرت و چووە بورجێکی بچووکەوە کە دەبوایە کرداری بانگهێشت کردنی ڕۆح لەوێدا ئەنجام بدرێ. ژوورەکە لەلایەن ئەو ژنە ڕەشپۆشە پڕ لە نهێنییەوە ئامادەکرابوو. ژوورەکە چوار ئاوێنەی قووڵ و میحرابێکی سەرسوڕهێنەری تێدا بوو کە بەزنجیرێکی موگناتیسی دەورە درابوو. سەرەوەی میحرابەکە مەڕمەڕی سپی بووو ئەستێرەی پێنج گۆشەی جادوویی لەسەر هەڵکەندرابوو. پێستێکی تازەی بەرخ بەڕەنگی سپی و ئەستێرەیەکی تری پێنج گۆشە لەسەر زەوی ژوورەکەدا بەرچاو دەرکەوت و لە تەنیشت ئەوانە ئاگردانێکی مس لەسەر سێ پایەیەک داندرابوو. ئاگردانێکی تر پڕ لە خەڵووز بوو لەسەر میحرابەکە بەرچاو دەکەوت. لێڤی لە هەردوو ئاگردانەکەدا ئاگری هەڵگیرساند و هەندێ بخووری تێدا سووتاند و بەدەنگێک کە سەرەتا هێمن بوو و پاشان بەرز دەبوو دەستی بەخوێندنی دوعا جادووییەکان کرد. سەرەنجام چەند ڕووداوێک هاتە ئاراوە. ئالفۆنس خۆی بەباشترین شێوە باسی ئەم ڕووداوانەی کردووە:.

***

هەستم کرد کە زەوی دەلەرێتەوە. گوێم دەزرنگایەوە و لێدانی دڵم بەخێرایی زیاد بوو. گژوگیایەکی زۆر ترم هەڵگرت و خستمە ئاگردانەکانەوە. کاتێ کە دووبارە گڕی ئاگرەکە بەرز بۆوە بەئاشکرا جەستەی مرۆڤێک لە ئەندازەیەکی گەورەتر لە ئەندازەی سروشتی لە بەرامبەر میحرابەکە بەدەرکەوت کە دەسبەجێ لەیەک هەڵوەشایەوە و لە بەرچاو ون بوو. بازنەیەکی پارێزگاریم لەسەر زەوی ژوورەکە کێشا و دەسبەجێ چوومە ناوی و درێژەم بەخوێندنی دوعا جادوییەکان دا. پەیکەرێکی ڕەنگ پەڕیو لە ئاوێنەی پشتی میحرابەکە بەدەرکەوت و پاشان کاتێ سەرلەنوێ ڕوانیمە بەرامبەر پیاوێک وەستابوو کە سەرتاپای بەپارچەی کفن داپۆشرابوو کە ڕەنگێکی خوڵەمێشی هەبوو. پیاوێکی لاواز و بێ ڕیش بوو هیچ لە ئاپۆلۆنیوس نەدەچوو. پاشان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر هەستم بەسەرما کرد.

لێڤی، بۆی دەرکەوت کە ناتوانێ بەباشی قسە بکات. دەستێکی خستە سەر ئەستێرە پێنج گۆشەکە و شمشێرەکەی بەرەو ڕۆحەکە ڕاگرت. دەسبەجێ ڕۆحەکە ون بوو. لێڤی داوای لێکرد کە بگەڕێتەوە و هەستی بە شنە بایەک لەسەر گۆنای خۆی کرد. شتێک بەر



ئەو دەستەی کەوت کە شمشێرەکەی گرتبوو و دەستی هەتا ئەنیشکی سڕبوو. لێڤی شمشێرەکەی خستە سەر زەوی و ئەو ڕۆحە بەخێرایی بەدەرکەوتەوە. ئەو بەتێگەیشتن لە کردارەکەی خۆی بەشێوەیەک دوچاری ترس بوو کە لە هۆش خۆی چوو.

***

لێڤی پاش ئەوە سەبارەت بەم ڕووداوە دەڵێ: من نامەوێ ئەو شتەی کە بینیومە و هەستم پێکردووە لەسەر بنەمای یاساکانی فیزیا شی بکەمەوە. تەنیا بەڕاشکاوی ڕادەگەیێنم کە کرداری بینین و هەست پێکردنی من شتێکی جیایە لە خەون و خەیاڵ. ئەمەش بۆ سەلماندنی کاریگەری ڕاستەقینەی ئایینە جادووییەکان بەسە و ئەنجامدانی کردارێکی لەم شێوەیە بۆ خەڵکانی تر بەڕووخێنەر و ترسناک دەزانم. ڕاپۆرتەکەی لێڤی بروسکەیەکی لەڕاستی تێدایە. لەگەڵ ئەمەشدا لەوانەیە دوچاری ترس بووبێتەوە. نەخۆشێکی دوچار بەشیزوفیرنیا لەو بڕوایە دایە کە ئەو شتەی کە دەیبینێ ڕاستەقینەیە و کەواتە کاتێ کە باسیان لێوە دەکات ڕاستی دەڵێت. لەوانەیە بەهەمان شێوە کە لێڤی خۆی دەڵێ دوچاری هەڵەی بینین بووبێتەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ناتوانین ئەم وتانە دەسبەجێ قبوڵ بکەین. چونکە لە هیچ شوێنێکدا باس لەوە نەکراوە کە لێڤی لەم ڕووەوە نەخۆش بووبێت و یاخود پێشتر لە بنەماڵەکەیدا نەخۆشی دەروونی هەبووبێت. بەدڵنیاییەوە ئەو مرۆڤێکی سەیرو سەمەرە بووە. بەڵام ئەگەر تەنیا ئەم بابەتە مەبەست بێت زۆر لە زیرەکترین پیاوانی مێژوو بەم شێوەیە بوون. بۆ مرۆڤێکی عاقڵ زۆر دژوارە کە تا ئەو ڕادەیە دوچاری ترس بێتەوە کە نەتوانێ خەیاڵ لە ڕاستی جیا بکاتەوە و جیا لە خەو و خەیاڵ ببینێ و هەست پێ بکات. جگە لەمە پێویستە ڕوونکردنەوەیەکیش بۆ ئەو دەستە سڕ بووە ئامادە بکرێ. ئەگەر ئێمە لەسەر ڕوونکردنەوەی دەروونناسانە جەخت بکەین کەواتە دەبێ هیستریاش بخەینە سەر ترس. کە ئەمەش کارێکی نەکردەنی نییە. بەڵام زۆر کەمەو تا ڕادەیەکیش بڕوا پێکردنی دژوارە. ئەگەر ئێمە بیرۆکەی پەیوەندی ڕاستەقینە لەگەڵ جیهانێکی تر بەڕاست بزانین ئایا بەئاسانی ڕوونکردنەوەیەکی سەرسوڕهێنەرترمان نەخستۆتە جێگەی ڕوونکردنەوەی یەکەم؟ لەوانەیە بەم شێوەیە بێت و لەهەمان کاتدا لێڤی کاتێ کە ئەو بەدەرکەوتنی ڕۆحە ڕوویداوە باسی لە سەرمایەکی نائاسایی کردووە. ئەگەر کرانەوەی کونێک لە بۆشایی هەستێک لە مرۆڤدا بخولقێنێ پێویستی بەشێوەیەک لە وزە هەیە. ئایا تەکنیکە سەرسوڕهێنەرەکانی لێڤی هەلومەرجێکی هێناوەتە ئاراوە کە تیایدا وزەی گەرما دەتوانێ بەشێوەیەک بگوازرێتەوە و ببێتە هۆی سەرمایەکی نائاسایی لە

ژوورەکەدا؟ ئێمە هێشتا ڕووبەڕووی گەورەترین مەتەڵی ئەم کۆمەڵەیەین. ئەگەر ڕاستی جیهانێکی تر قبوڵ بکەین و ئەگەر بڕوا بەوە بێنین کە کرداری لێڤی بەشێوەیەکی نەناسراو کونێکی لەسنووری نێوان هەردوو جیهاندا دروست کردووە، پێویستە لە خۆمان بپرسین کە لەسەر بنەمای عەقڵ، بە چ شێوەیەک بەسووتاندن و خوێندنی چەند دوعایەک توانیویەتی ئەم ڕووداوە بخولقێنێ. ئەم ڕوونکردنەوەیە بەهیچ شێوەیەک واتایەک لەخۆ ناگرێ و بەر لەوەی کە لێکۆڵینەوەکانی ئێمە سەبارەت بەجیهانێکی تر کۆتایی پێ بێ، پێویستە بۆ ئەم بابەتە ڕوونکردنەوەیەک ئامادە بکرێ کەبە لایەنی کەمەوە بەڕووکەش واتایەکی هەبێت.

***

ئەمڕۆکە زۆر باس لە وشەی ڕۆحە شەڕانییەکان دەکرێ، بەڵام بەهیچ شێوەیەک بەباشی لێک نەدراوەتەوە. شێوەی دەرکەوتن و کاردانەوەی ئەم ڕۆحانە هێشتا وەکو نهێنییەک ماوەتەوە. ئەگەرچی هەندێ جار توندو تیژی بەیەکێک لە تایبەتمەندیەکانیان لە قەڵەم دەدرێ. لەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٢ چەندین هەفتە چالاکییە شەڕانییەکانی ڕۆحەکان لە ماڵی ( جۆت هاوکینز) لە ژمارە ١٦٢٧ی شەقامی نۆیەمی شاری نەشڤیل لە ویلایەتی تێنێسی ئەمریکا لەبرەودا بوو. خاتوو هاوکینز کاتێ یەکەم جار دەنگی لێدانی دەرگای پێشەوەی ماڵەکەی بیست هەستی کرد کە شتێکی نائاسایی خەریکە ڕوو ئەدات. ئەو دەرگاکەی کردەوە بەڵام هیچ کەسێک لەوێ نەبوو. ئەو تاوانەکەی خستە ملی یەکێک لەمناڵەکانی خۆی. بەڵام هەموویان ئەنجامدانی ئەم کارەیان لەلایەن خۆیانەوە ڕەت کردەوە. کاتێ کە مناڵەکان لەبەرامبەر دایکیان وەستابوون دیسانەوە دەنگی لێدانی دەرگا بەر گوێ کەوت و ئەمجارەش کەس لە پشت دەرگاکەوە نەبوو. ئەم کردارە ئەو ڕۆژە بەتەواوی درێژەی هەبوو. کاتێ خاتوو هاوکینز هاوسەرەکەی ئاگادارکردەوە هاوسەرەکەی پێی گوت کە ترساوە. بەڵام دەنگی لێدانی دەرگا بەدرێژایی ئەوشەوە و بەبەردەوامی دەبیستراو تەنیا سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر نەما. کاتێ کە دیسانەوە شەو هاتەوە خێزانی هاوکینز هەستیان بەم گرفتە ترسناکە کرد و بڕوایان بەقسەکانی خاتوو هاوکینز کرد. ماوەیەک پاش ئەوە خاتوو هاوکینز گوتی: تازە ئەو کاتە بوو کە هاوسەرەکەم تێگەیشت کە مەبەستی من چییە. بەڵام ئەمە تازە سەرەتای کاری ڕۆحە شەڕانییەکان بوو.

***

دەنگی توندی لێدانی دەرگا لە هەموو شوێنێکی خانووەکە دەبیسترا. سەرەتا دەرگای



پێشەوە، پاشان دەرگای تەنیشت و لە کۆتاییشدا دەرگای پشتەوە. ئەوەندە دەرگاکان بەتوندی لێ دەدران کە شووشەکان دەلەرینەوە. هەندێ کات لێدانی دەرگاکان لە سەرەتای شەوەوە دەستی پێدەکرد و تا کاتژمێر پێنجی سەرلەبەیانی درێژەیی هەبوو.

داوای هاوکارییان لە پۆلیس کرد و دەوروپشتی خانووەکە پڕ بوو لە پاسەوان. بەڵام لێدانی دەرگا هەر بەردەوام بوو و پۆلیسیش بەهیچ شێوەیەک ئەنجامدەرانی ئەم کارەی نەدۆزییەوە. تەنانەت کاتێ کە دەنگی تەپە تەپە لەیەکێک لە پەنجەرەکان بیستراو یەکێک لە هاوڕێکانی خێزانەکە تەقەی لە پەنجەرەکە کرد، تەنیا دەنگی لێدان گوازرایەوە بۆ پەنجەرەیەکی تەنیشت. کاتێکی تر بیست کەس لە ئەندامانی تیپی تۆپی پێی ئامادەیی (نۆرس) لەسەر هەیوانی پێشەوەی ماڵەکەدا پاسەوان بوون بەڵام هیچ سوودێکی نەبوو. چونکە دەنگی لێدان تەنیا دەگوازرایەوە بۆ خاڵێکی تری خانووەکە. بە وتەی هاوکینز ئەم دەنگانە زیاتر لە دوو مانگ درێژەی هەبوو. لەم ڕووداوەدا هیچ کەسێک تووشی زیان نەبوو بەڵام بەو هەموو دەنگی لێدانی دەرگایە هیچ کەسێک نەیدەتوانی بخەوێت. ئەم ڕووداوەش وەکو هەموو ڕووداوەکانی تر بەدروستکراوی دەستی ڕۆحە شەڕانییەکان دەزانرێ.

***

کتێبخانەیەکی گشتی لەوانەیە دوایین شوێن بێت کە ڕۆحێکی سەرگەردان تێیدا بسوورێتەوە. بەڵام بەپێی ڕاپۆرتی (لۆریتا لامبرۆسیس) کە لە وتارێکدا لە گۆڤاری (هیۆستۆن پۆست) لە ساڵی ١٩٦١ دا بڵاوکراوەتەوە، ڕووداوێکی زۆر سەرسوڕهێنەر لە کتێبخانەی گشتی هیۆستۆن ڕوویداوە. لەم شوێنەدا زۆر کەس دەنگی کەمانێکیان گوێ لێ بووە. هەندێ کات تەنیا دەنگی چەند نۆتەیەک بەرگوێ دەکەوت. بەڵام هەندێ کاتیش مۆسیقای تەواوی ئاهەنگێک دەبیسترا. هەندێ کات دەنگەکە بەرز و هەندێ کاتی تر نزم دەبۆوە. بەڵام بەدڵنیاییەوە ئەو کەسەی کە ئەم کەمانە لێ ئەدات بەتەواوی شارەزانییە. بۆ ماوەیەک وا دەزانرا کە هەندێ کەس بۆ مەبەستی ترساندنی کارمەندانی کتێبخانەکە بەکەڵک وەرگرتن لە ڕادیۆی بچووک ئەم کارە ئەنجام دەدەن. بەڵام ئەم بڕوایە پاش ماوەیەک کاڵ بۆوە. چونکە هیچ ویستگەیەکی ڕادیۆیی بەتەنیا دەنگی کەمان بڵاو ناکاتەوە و ئەگەریش بڵاوی بکەنەوە ئەم ئاوازە نەشازانە بڵاو ناکەنەوە. پاشان پێشنیار کرا کە مرۆڤێکی فیڵباز دەنگی کەمانی تۆمارکردووە و بەهۆی ئامێرێکی پەخشی بچووکەوە لە کتێبخانەکەدا بڵاوی دەکاتەوە. بەڵام تەنانەت کاتێ کە هیچ کەسیش لە

کتێبخانەکەدا نەبوو و تەنیا کارمەندەکان ئامادەبوون ئەم دەنگە دیسانەوە دەبیسترا. ڕۆژنامەی هیۆستۆن پۆست لەو لێکۆڵینەوەیەدا کە ئەنجامی دا بۆی دەرکەوت کە:

***

فەڕاشی پێشووی ئەو کتێبخانەیە، چەندین ساڵ لەوەو بەر لە ژێر زەمینێکدا لە هەمان کتێبخانەدا ژیاوە. ئەم فەڕاشە کەمانێکی هەبووە کە ڕۆژانە چەندین کاتژمێر لەکاتی سووڕانەوەی لە دەوروپشتی کتێبخانەکەدا ئاوازی پێ لێداوە. هەندێ کاتیش لەسەر بالکۆنی کتێبخانەکە دادەنیشت و چەندین کاتژمێر ئاوازی هاوشێوەی ئەو ئاوازانەی لێ ئەدا کە لەناو کتێبخانەکەدا دەبیسترا: ئەم پیاوە ئیتر ڕۆیشتووە بەڵام مۆسیقاکەی هێشتا هەر ماوەتەوە.



## سەفەرێ بۆ جیهانی ژێرەوە

بەدڵنیاوە یەکەمین ستریپ تیس لە جیهاندا لەلایەن خواوەندێکی مێیینە ئەنجام دراوە. ستریپ تیس بەواتای سەمایەکی هێمن و خۆ ڕووتکردنەوە دێت. کاتێ کە دێرین ناسان چەندین پارچە قوڕی سوورکراوەیان لە ژێر خاکدا هێنایە دەرەوە کە پەیوەندییان بەسەردەمی ئاشوورییەکانەوە هەبوو ئەم خاڵەیان بۆ ڕوون بۆوە. لەسەر یەکێک لەم پارچە قوڕە سوورکراوانە شیعرێکی سەرنجڕاکێش بەرچاو دەکەوێت کە لە بەشێکیدا دەڵێ: عەشتار لە یەکەمین دەرگا تێپەڕبوو، پاسەوانەکە دەستی لێدا و تاجێکی گەورە کە لەسەر سەری بوو هەڵیگرت. ئەو لە دووەمین دەرگا تێپەڕ بوو پاسەوانەکە دەستی لێدا و گوارەکانی لێ وەرگرت. ئەو لە سێیەمین دەرگا تێپەڕبوو، پاسەوانەکە دەستی لێدا و مرواریەکانی ملوانکەکەی لێ وەرگرت. ئەو لە چوارەمین دەرگا تێپەڕبوو، پاسەوانەکە دەستی لێدا ئەو کراسەی لێ وەرگرت کە لەشی دادەپۆشی. ئەو لە پێنجەمین دەرگا تێپەڕبوو، پاسەوانەکە دەستی لێدا ئەو پشتێنەی کە بە بەردی گرانبەها ڕازابۆوە لێی وەرگرت. ئەو لە شەشەمین دەرگاتێپەڕ بوو، پاسەوانەکە دەستی لێدا بازن و پاوانەکانی لێ وەرگرت. ئەو لە حەوتەمین دەرگا تێپەڕبوو، پاسەوانەکە دەستی لێداو ئەو پارچە قوماشەی کە بەشی خوارەوەی لەشی دادەپۆشی لێی وەرگرت. پاش ئەوە عەشتار چووە ئەو سەرزەمینەوە. ئەو سەرزەمینەی کە هیچ شتێک تیایدا ناگۆڕێت.

***

عەشتار لە ئەفسانە ناسی یاخود زانستی میتۆلۆژی ئاشوورییەکاندا یەکێک لە کچانی (مانگ) بووە. ئەو دڵدارێکی بەناوی (دوموزی) هەبوو کە وەکو زۆربەی عاشقە ئەفسانەییەکان لە قۆناغێکێ ژیانیدا خۆی لە جیهانی ژێرەوەدا بینیوەتەوە. لە سەرزەمینێکدا کە هیچ شتێک تیایدا ناگۆڕێت. عەشتار بڕیاری دا کە ڕزگاری بکات و دەیویست بۆ دڵنیابوون لە نەگەڕانەوەی دڵدارەکەی بۆ ئەو جیهانە، لێوەکانی بە(ئاوی حەیات) تەڕبکات. عەشتار تەنیا کەسایەتی ئەفسانەیی نەبووە کە سەردانی جیهانی ژێرەوەی کردووە. هێرکول پاڵەوانی یۆنانی لە دوایین قۆناغی حەوت خوانی بەناوبانگی خۆی سەردانی ئەم جیهانەی کردووە. داوا لە هێرکول کرا تاوەکو (سێربروس) ئەو سەگەی کە سێ سەری هەبوو لەگەڵ خۆیدا لە دەروازەی ئەو سنوورە قەدەغە کراوە بێنێتە دەرەوە.



هێرکولیش وەکو عەشتار ڕوبەڕوی پاسەوانێک بووەوە بەناوی (هەیدز). بەڵام بە تیرێک برینداری کرد و لە کاتی گیان کێشاندا بەجێی هێشت. پلۆتۆ خواوەندی جیهانی ژێرەوە لەم بارودۆخەدا بوو کە ڕێگەی بەهێرکول دا کە (سێربروس) لەگەڵ خۆیدا ببات. بەڵام بەو مەرجەی کە سەگەکە دووبارە بگەڕێنێتەوە بۆ جیهانی ژێرەوە.

(کریشنا ) یەکێک لە خواوەندەکانی هیندوسیش سەفەرێکی ترسناکی لەم جۆرەی ئەنجام داوە. ئامانجی ئەو ڕزگارکردنی قوتابییەکی هەڵکەوتووی خۆی بوو و وەکو هێرکول بەسەرکەوتوویی لەم سەفەرە گەڕایەوە. بووزییەکان لەو بڕوایەدان کە لە ڕابردوودا پێشەوا ڕووناکبیرەکانی ئایینەکەیان بەمەبەستی کرداری فریاکەوتن چوونەتە جیهانی ژێرەوە و بەسەلامەتی گەڕاونەتەوە تاوەکو بەسەرهاتەکان بۆ ئەوان بگێڕنەوە.

***

لەئایینی مەسیحیشدا ئەگەرچی لەوانەیە دروستکراو بێت بەڵام بەسەرهاتی لەم جۆرەی تێدایە. وا دێتە پێش چاو کە لە ماوەی ئەو سێ ڕۆژەی نێوان لە خاچدران و دووبارە زیندوو بوونەوەی حەزرەتی مەسیح د.خ ئەو چووە بۆ جیهانی ژێرەوە تا زیندانییەکانی ئەوێ ڕزگار بکات.

(ئۆدیسە) و (ئائیناس) دوو ڕوخساری ئەفسانەی یۆنان و ڕۆم لەو کەسانەن کە سەفەری لەم جۆرەیان ئەنجام داوە. لە ئەفسانەکانی (کالیڤالا) ی فنلەنداش بەسەرکەوتوویی بەڵام بەگرفت و دژوارییەکی زۆر سەردانی جیهانی ژێرەوە کراوە. ئەمانە هەمووی ئەفسانەن بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا بەهەمان شێوە کە منالانی قوتابخانە بەبەردەوامی خەریکی دۆزینەوەن، ئەفسانەکانیش زۆر جار هەندێ بناغەیان لە ڕاستیدا هەیە. ئەو ئەفسانانە زۆربەی جار کرداری هەڵکەوتووی قارەمانێکی عەشیرەت یا بنەماڵەیەکە کە زیادەڕۆیی تێدا کراوە. سەرۆکی قەبیلەکان بوون بەخواوەند، قەشەکان بوونەتە جادوگەری بەهێز و شەڕکەرە ئازاکان بوون بەقارەمانە سەرسوڕهێنەرەکان. لەگەڵ هەموو زیادەڕۆیی و لادانەکان، ناوکێکی ناوەندی دەمێنێتەوە. زۆربەی کات ئەم ناوکە ناوەندییە دەتوانرێ بەوردبینی بهێنرێتە دەرەوە. دەزانین کە جیا لە جادوو و ئەفسانە بەڕاستی پاشایەک



بەناوی ئارتور لە بەریتانیادا هەبووە و بەپێی بەڵگەنامە مێژووییەکان، گلا دیاتۆرەکانی، پیاوانی شەڕکەری زۆر بەهێزبوون. تەنانەت ئەو کەسانەش کە پێغەمبەرایەتی حەزرەتی عیسای مەسیح (د.خ) یان قبوڵ نەکردووە ناچارن کە ڕاستییەکی مێژوویی پیاوێک بەناوی عیسا قەبوڵ بکەن. کەواتە ئایا لە ئەفسانە پەیوەندارەکان بەجیهانی ژێرەوە ناوکێکی ناوەندی بۆ دەرهێنانی لە ئارادایە نییە؟

***

ئێرانییەکان، یۆنانییەکان و عیبرییەکان و چەندین گرووپ لە ڕەگەزەکانی تری جیهانی ژێرەوە وەکو شوێنێکی تاریک دەناسن. پێشتر باسمان لەو دەنگانە کرد کە دکتۆر راڤدیڤ لەسەر کاسێت تۆماری کردبوون یەکێک لەو دەنگانە دەڵێ: برایان لێرە هەمیشە شەوە! لەم سەردەمە پڕ لە بریق و باقەدا ڕاهاتووین کە ئەفسانەی لەم شێوەیە بەشێوەیەکی سەمبولێک لێک بدەینەوە. زیاتر وەکو بارودۆخێک بیر لە دۆزەخ دەکەینەوە تاوەکو شوێنێک. لێکدانەوە دەروونناسانەکان جیهانی ژێرەوە بەتەوسیفی ئەفسانەیی نەستی مرۆڤ دەزانێ. لێکدانەوەکانی زانستی خواوەندی جیهانی ژێرەوە بەساکاری ئەزموونی نەبوونی پەروەردگار لەقەڵەم دەدا. بەڵام هەمیشە شتێکی لەم جۆرە لەم گۆشە نیگایەدا هاوبەش نەبووە. سەردەمانێک بەدڵنیاییەوە دۆزەخ وەکو شوێنێک لەقەڵەم دەدرا. چەندین دەروازەی هەبوو کە زۆربەیان لەژێر زەمیندابوو و شوێنی فیزیکی تایبەتیان بەتەواوی ناسرابوو. بۆ نموونە لەو بڕوایەدا بوون کە شوێنی چوونە ژوورەوەی هێرکول بۆ جیهانی ژێرەوە شوێنێک بووە لە نیوە دوورگەی (ئاچرۆسیان) لە کەناری باشووری دەریای ڕەش. زۆر سانایە کە هەموو ئەم بابەتە بەبیانووی هەڵەی فراوانی بیرکردنەوەی سەرەتایی بخەینە لاوە. لەگەڵ ئەمەشدا کاتێ کە دەگەینە سەر باسی دۆزەخ هەمان بیرکردنەوەی سەرەتایی بەهەمان شێوە کە ئاگادارین توانیویەتی بیرۆکەی زۆر نزیک لە ڕاستی بخولقێنێ. ئەندێشەی دۆزەخێک کە زۆر گەرم بووە و لەژێر زەویدایە لەلایەن جوگرافیاوە بەتەواوی دروستە. نزیکەی ٢٠ میل لەژێر قاچی ئێمە و لە ناوەندی زەویدا هەموو شتێک لە تاو گەرمایەکی لە ڕادە بەدەر تواوەتەوە. ئەمڕۆکە هەموو کەسێک ئەمە دەزانێ. بەڵام خەڵکانی پێش ئێمە بە چ شێوەیەک ئەمەیان زانیوە؟

***

دەتوانین بڵێین کە ئەوان ئەم ڕاستییەیان لە بینینی چالاکی گڕکانەکان بۆ دەرکەوتووە بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ناوچەیەکی زۆر فراوان لەسەر گۆی زەویدا هەیە کە هەرگیز چالاکی

گڕکانی تێدا ڕوونەداوە و لەهەمان کاتیشدا خەڵکەکەی دۆزەخیان بەشوێنێکی تاریک و گەرم زانیوە. لەوانەیە ئەم وشەیە لە شوێنێکی ترەوە گەیشتبێتە ئەم خەڵکە. بەڵام هێشتا ئەو دەنگە لەسەر کاسێتەکەی راڤدیڤ دەنگ دەداتەوە کە: برایان لێرە شەوە، باڵندەکانیش لێرەدا دەسووتێن.

***

لەم بابەتەدا ئێمە بەتەواوی تێکەڵ بەخەیاڵ بووین. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە جۆرێک لە، شێتییە، شتێییەکی سەدەکانی ناوەڕاست، کە ئێمە پێشنیار بکەین کە دۆزەخ دەبێ پێگەیەکی جوگرافیایی تایبەتی لە قووڵایی زەویدا هەبێت. بۆ نموونە ئەشکەوتێکی گەورەو فراوان کە تیایدا دێوەکان بەسێ شاخە، خەڵووزە ئاگرینەکان دەگوازنەوە و بۆنی گۆگرد هەوای ئەو شوێنەی پڕ کردووە. ئەگەر ئەم گریمانە لەبەر چاوبگرین ئەوەندەش هەڵەمان نەکردووە. لێکۆڵینەوە زانستییەکان پێمان دەڵێن لێکچوونێکی سەرسوڕهێنەر لەنێوان ئەوشتەی کە ئێمە ناوی جیهانێکی ترمان لێناوە و بیرکردنەوە سەرەتاییەکان سەبارەت بەدۆزەخ هەیە. ئەو بوونەوەرەی کە هێرشی کردە سەر زینەر واتە ئەو کەسەی کە لە بەشەکانی پێشتردا باسمان لێوە کرد کە بەشوێن دۆزینەوەی خەزێنەدا وێڵ بوو لە ڕاستیدا هەمان ئەو بوونەوەریە کە لەسەر ڕوخسارو ملیدا نیشانەی سووتاوی بەجێ هێشت. ئەمەش یەکێک لە نیشانەکانی جیهانێکی ترمان دەخاتە بەردەست. ئەم شوێن سووتاوییە بیرۆکەی هێرشی ئاژەڵە دڕندەکانی ڕەتکردەوە. ئەو جێگە قاچانەی کە سەرانسەری ناوچەی گوندنشینی (دوان شایر) ی پێوا بوو وا دەهاتە پێش چاو کە بەشێوەیەک بەهۆی گەرما، بەفرەکە توابێتەوە و جێگەی قاچەکان ڕۆچووبێتە خوارەوە. ئەو بوونەوەرە چییە کە قاچەکانی وەکو ئاگر گەرمن؟ کاتێ کە (کارلۆس کاستندا) تێکەڵەیەکی جادوویی کە (خوان ماتیۆس) ی مامۆستای ئامادەی کردبوو، بەکارهێنا جیهانێکی تری هاتە پێش چاو کە بەم شێوەیە باسی لێوە دەکات. بەباشی دەمتوانی گۆڕەپانێک بەفراوانی زیاتر لە ١٨٠ پلە لە پێش خۆمدا ببینم و ئەوشتەی کە بینیم ئاسۆیەکی زەرد و هەوراوی بوو، کەوا پێدەچوو غاز و هەڵم بێت.؟ هەموو ئەو شتانەی کە دەمبینی لە ڕەنگێکی لیمۆییدا نوقم ببوو. وا دەهاتە پێش چاو کە لە سەر دەشتێکی فراواندام کە پڕە لە هەڵمی گۆگرد.

***

چەندین سەدەیەکە هەڵمی گۆگرد بەهەڵمی دۆزەخ ناسراوە و ئێستاش کە بەشوێن



پەیوەندی و لێکچوونەکاندا دەگەڕێین جێگەی سەرنجە کە هێما بۆ ئەم خاڵە بکەین کە زۆربەی ئەفسانەکان باس لە چەندین پاسەوان دەکەن لە جیهانی ژێرەوەدا کە زۆربەیان پاسەوانی ترسناکن. ئێمە لە ڕەوتی ئەم کارەی ئێستاماندا ئەوەندە بیرکردنەوەی شێتانە دەخەینە ژێر لێکۆڵینەوە کە زیادکردنی بیرکردنەوەیەکی تر پێویست نییە. وەرن سەرەتا بەبیر خۆمان بێنینیەوە کە بەڵگەنامەکانی پێشووی ئێمە ئاراستەی چ ئامانجێک بووە. ئێستا پانتاییەکی (بۆشایی - کاتی) بەرانبەر بەجیهانی ئێمە لە پەیوەندیدایە. سەبارەت بەبوونی ئەم شوێنە سەرسوڕهێنەرە هیچ دوودڵی و گومانێک لە ئارادا نییە. چونکە تاقیکردنەوە زانستییەکان دەستیان تێدایە و لەوانەیە لەماوەی نیو سەدەی داهاتوودا وەکو بڕوایەکی گشتی خۆی بچەسپێنی. دەزانین کە جیهانێکی تر دانیشتوانێکیشی هەیە. بەڵام هەموو دانیشتوانەکەی مرۆڤ یا بوونەوەری ئارام و بێ مەترسی نین. زۆر ئاساییە کە وابزانین کە لە کاتی جۆراوجۆردا بوونەوەرانێک لە جیهانێکی ترەوە بەشێوەیەک هاتوونەتە جیهانی ئێمەوە. کاتێ کە ئەمە چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، ئەو بوونەوەرانە لەوانەیە گرفتی ئەوتۆیان هاتبێتە پێش کە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر بوونەوەرێک کە بێتە سەر ڕێگەیان، بیکوژن. ئێمە دەزانین کە ئەو مرۆڤ، کەشتی و فڕۆکانەی کە لە جیهانی ئێمەوە چوونەتە جیهانێکی تر زۆر بەکەمی توانیویانە بگەڕێنەوە. دەزانین کە ئەمڕۆکە زانست بەدژواری بابەتی جیهانێکی تر دەخاتە ژێر لێکۆڵینەوە و بەپێی ناوەرۆکەکەی زۆر بەوریاییەوە چەندین بیرۆکە ئامادە دەکات. بیرۆکەی (جیهانێکی تر لە دژە مادە) لەڕیزی پێشەوەی ئەو تیۆرییانەی ئێستادایە کە ڕەنگدانەوەیەکە لە گەردوونی ڕاستەقینەی خۆمان. سەرزەمینێک کە تیایدا کات بەرەو دواوە دەڕوات.

***

ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە هیچ بەشێک لەم بیرۆکەیە بەشێوەیەکی تایبەتی نوێ نەبێت؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە مرۆڤ چەندین سەدەو لەوانەشە چەندین ملیۆن ساڵ بەر لە ئێستا بەرێکەوت جیهانێکی تریان دۆزیبێتەوە؟ ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە خەڵکانی سەردەمی ڕابردوو سەبارەت بەم جیهانە بەرامبەرە بەجیهانی ئێمە زانیاری زۆرترو کامڵتریان لە بەردەستدا بووبێت؟ و ئایا زانستی ئەوان بەشێوەیەکی دەسکاری کراو و بەشێوەی ئەفسانە بەدەستی ئێمە گەیشتووە؟

***

یەکێک لە بەناوبانگترین ئەو وتارە ئایینییانەی کە ئێستا پێشکەش کراوە و بەشێوەیەکی خەیاڵییە لە کتێبی (وێنەی هونەرمەندێک) لە نووسینی (جیمز جۆیس) دا هاتووە. بەڵام خەیاڵی یا ڕاستەقینە بریتییە لەو شتانەی کە مەسیحییەکان بڕوایان پێی بووە و هێشتاش زۆربەی خەڵکان بڕوایان پێیەتی. لەو کتێبەدا هاتووە: (ئەوان لە تاریکایی دەرەوەدا ڕادەکشێن، بەڵام لەبیرتان بێت کە ئاگری دۆزەخ هیچ ڕووناکییەکی لێ بەرزنابێتەوە. تۆفانێکی بێ پایان لە تاریکی، گڕی تاریک و دووکەڵی ڕەشی گۆگردی سووتێنەر و لاشەکان لەم نێوانەدا یەک لەسەریەک بەبێ بچووکترین شوێن لەسەر یەکتر هەڵچنراون. لە نێوان هەموو ئەو بەڵایانەی کەبەسەر سەر زەمینی فیرعەونەکاندا هاتۆتە خوارەوە تەنیا بەڵایەک ئەویش تەنیا تاریکی بەترسناک ناودەبرێ، کەواتە ئێمە چ ناوێک لە تاریکایی دۆزەخ بنێین کە نەوەکو بۆ سێ ڕۆژ بەڵکو بۆ هەمیشە پایدارە. ترس لەم زیندانە تەنگ و تاریکە لەگەڵ بۆنی ناخۆشی زیاتر دەبێت. بەئێمە دەگوترێ کە کاتێ ئەو ئاگرگرتنە گەورە و ترسناکە لە ڕۆژی کۆتایی جیهان واتە قیامەت جیهان پاک دەکاتەوە، هەموو پیسابییەکانی جیهان، هەموو زێراب و پاشماوەکانی جیهان دەڕژێتە ئەم شوێنە بۆگەنە فراوانە. لەوێدا گۆگرد بەچەندایەتییەکی سەرسوڕهێنەر دەسووتێ کە بۆنی ناخۆشی سەرتاسەری دۆزەخ دادەپۆشی و لەو لاشە نەفرەت لێکراوانە بۆگەنێکی ئەوەندە ناخۆش بەرزدەبێتەوە کە تەنیا یەکێک لەو لاشە بۆگەنانە بۆ ئاڵوودەکردنی هەموو جیهان بەسە.

***

ئەم ئۆکسیجینە ناسراوە، ئەم بنەچەکە پاکە کاتێ کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە شوێنێکی داخراودا بمێنێتەوە بۆگەن دەکات و کەڵکی هەناسەدانی نامێنێ. کەواتە بێننە پێش چاوی خۆتان کە پیسی و بۆگەنی هەوای دۆزەخ دەبێ تا چ ڕادەیەک بێت. لاشەیەکی بۆگەن و ناپاک بێننە پێش چاوی خۆتان کە لەناو گۆگرد خەریکی شی بوونەوەیەوە و وەکو کۆمەڵێک لە گۆشت و خوێنی لیق دێتە پێش چاو. بێننە پێش چاوی خۆتان لاشەیەکی بۆگەنی لەم جۆرە لە نێوان گڕدا ون بێت و ئاگری گۆگردی سووتێنەر دەورەی بدات و دووکەڵێکی چڕ و خنکێنەر لەو لاشە نەفرەت لێکراوە بەرزبێتەوە و پاشان بێننە بەرچاوی خۆتان کە ئەم بۆگەنە یەک ملیۆن جار زیاتر بێت لەو لاشە بۆگەنانەی کە لەو تاریکییە بۆن ناخۆشەدا یەک ملیۆن جار زیاتر بێت. کێوێک لە گۆشتی بۆگەنی لاشەی مرۆڤ. هەموو ئەمانە بێننە بەرچاوی خۆتان ئەو کاتە دەزانن کە دۆزەخ چ بۆنێکی هەیە.

***



ئەمانەی کە باسمان لێوەکرد سەرجەم لە کتێبەکەی (جیمز جۆیس)دا هاتووە. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە بڕوای لەم شێوەیە پایە و بناغەی ڕاستەقینەی هەبێت. ئایا ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەم بڕوایانە هەرگیز شوێنێکیان لە ئاییندا نەبێت، بەڵکو ئاکامی ڕاپۆرتە دەسکاری کراوەکان بووبێت سەبارەت بەپەیوەندی ڕاستەقینە لەگەڵ جیهانێکی تر کە زیادە ڕۆییشی تێدا کراوە؟ لەوانەیە باو و باپیرانی ئێمە بەڕێکەوت ڕووبەڕووی ئەم وێنە سەرسوڕهێنەرە بووبنەوە و بەهەڵە گەیشتبنە ئەو ئاکامەی کە لەوانەیە ئەوێ جیهانی مردووەکان بێت. لەوانەیە بەڕاستی ئەم گەیشتنە ئاکامەی ئەوان بەپێی زانیارییە نادروستەکان بێت کە ئەو بوونەوەرانەی ئەو جیهانە خستبێتیانە بەر دەستیان. ئەو بوونەوەرانەی کە سیحربازێکی مەکزیکی بەناوی (خوان ماتیۆس) بەدڵنیاییەوە دەڵێ کە دەتوانن بچنە قاڵبی مرۆڤەوە. لەوانەیە ئەم شێوەیەی چوونە نێو قاڵب و شێوەی مرۆڤ بەردەوام بێت. دەنگی سەرکاسێتەکانی دکتۆر راڤدیڤ کە دەڵێن ڕۆحی مردووەکانن لە چ سەرچاوەیەکەوە هاتووە؟ لەنێوان هەموو ئەو بیرۆکانەی کە سەبارەت بەجیهانێکی تر پێشکەش کراون یەکێکیان لە هەموویان خەیاڵیترە. لەگەڵ ئەمەشدا بەر لەوەی کە بەتەواوی بیخەینە لاوە، سەرنج دەدەینە دوایین بابەت. ئەم بابەتەش (سەرزەمینی ئاوێنە)یە کە بەرامبەرە بەجیهانی ئێمە و کات تیایدا بەرەو دواوە دەڕوات. بەپێی ئەم تیۆرییە گەردیلەی مادەی ئاسایی بەشێوەیەک بەرهەمی ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی گەردیلەکانی ئەو جیهانەیە لەسەر جیهانی ئێمە. ئەمە زۆر ئاشنا دێتە پێش چاو، ئێمە لە بەرامبەردا ڕووبەڕووی بابەتێکی دێرین و سەرسوڕهێنەر دەبینەوە کە ئەویش (تۆنێلا) یا جیهانی ژێرەوە یا دۆزەخە لە ئەفسانە فنلەندییەکاندا.

# دەیڤید لانگ بۆ کوێ چوو؟

سەرەڕای هەموو بابەتە مێژوویی و تیۆرییە زانستییەکان، سەرەڕای بەڵگەنامەیەکی زۆر سەبارەت بەبوونی جیهانێکی تر یا چەندین جیهانی تر، هەستی ڕاستەقینە نەبوونی ئەم دیاردەیە داماندەگرێ. ئەمەش بەهۆی بیرکرنەوەیە سەبارەت بەناوەڕۆکی جیهانێکی تر و بەتایبەتی بەهۆی ئەندێشەی ئێمە سەبارەت بەو کاریگەرییەی کە جیهانێکی تر دەتوانێ لەسەر جیهانی ئێمە هەیبێت. هەمیشە بەم شێوەیە بووە. جیهانێکی تر بەشێوەیەک لە دەرکەوتنی جار بەجار و ناوەڕۆکی دانیشتوانە خەیاڵییەکەی پڕ گرێ و گوڵ دێتە بەرچاو کە زۆر ئاساییە کە ئێمە بڕوای پێ نەکەین. باپیرانی ئێمەش جیهانێکی تریان وەکو یەکێک لە شتە سەرسوڕهێنەرەکانی گەردوون قبوڵ نەکردووە و بڕوایان پێی نەبووە. ئەوان جیهانێکی تریان بەشێکی سەروو ئاسایی دەزانی و خۆیان لە پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەم جیهانەدا دوور دەخستەوە. بەڵام ئایا ئەبێ ئێمەش کرداری ئەوان دووبارە بکەینەوە؟ بەدڵنیاییەوە لە عەقڵ بەدوورە کە بەشوێن شتێکی مەترسیدا وەکو دیاردەی بەشی پێشوو کە باسمان لێوەکرد بچین. لەوانەیە باشتربێت کە واز لە جیهانێکی تر بێنین. بەڵام ئایا جیهانێکی تر واز لە ئێمە دێنێ؟ بەتەواوی دروستە کە بڵێین کە جیهانێکی تر لە زۆربەی کاتەکاندا پەیوەندی بەئەزموونەکانی ڕۆژانەی ژیانی ئێمەوە نییە. بەلایەنی کەمەوە لەم سەردەمەدا بۆ زۆرینەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەوییە، ڕووبەڕووبوونەوەیەک لەگەڵ جیهانێکی تر یا بوونەوەرەکانی بەهیچ شێوەیەک ڕوونادا. کەواتە ئایا بەو شێوەیە ڕێنمایی کراوین کە جیهانێکی تر لەڕیزی ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەکانی گەردوون وەکو (لەناو چوونی سات بەساتی خۆر و بچووک بوونەوەی) دابنێین؟

***

زانایان لەو بڕوایەدان کە بچووکبوونەوەی خۆر بۆ پارچەیەکی بچووک و گەرۆک کە گەرماکەی زەوی دەکاتە خۆڵەمێش، چەندین میلیارد ساڵی تر ڕوو دەدا. بەڵام لەوانەیە ئەوان بەهەڵەداچووبن. لەوانەیە ئەم ڕووداوە بەیانی ڕووبدات بەڵام ئێمە ئەو گریمانە قبوڵ دەکەین و تەنانەت نابێتە هۆی شڵەژانی ئێمە. ئەم ڕووداوە ڕێگە لە بەردەم خۆشییەکانی ژیان ناگرێ و دژایەتییەکی لەگەڵ کێشە گرنگەکانی ژیان و نیگەرانی ئێمە سەبارەت بەژیان نییە. بەڵام ئایا نابێت سەبارەت بەجیهانێکی تریش بەهەمان شێوە بیربکەینەوە.



لەوانەیە... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازییەکی سەرەکی لەم نێوانەدا هەیە. ئێمە ناتوانین ڕێگە لە گۆڕانی خۆر بۆ (سۆپەرنۆڤا) یەک بگرین. ئەگەر ڕووداوێکی لەم شێوەیە لە جیاتی ئایندەیەکی دوور، وەکو گوتمان بەیانی ڕووبدات بۆ پارێزگاری کردن لە خۆ، زانایان ناتوانن هیچ کارێک ئەنجام بدەن. جیهانێکی تر لە بەشێکی زۆر جیاوازدایە. کەسانێک هەبوون کە پەیوەندییان پێوەکردووە و نەتەنیا زیندوو ماونەتەوە بەڵکو تەندروستی تەواوی خۆشیان پاراستووە. بەواتایەکی تر بەسەلامەتی لەم جیهانە هاتنە دەرەوە ڕاستییەکە و سەلماوە.

***

ئێمە هەموومان ئەو سروشتەمان تێدا نییە کە ببینە سیحرباز و هیچ پێویستیش ناکات تا تەکنیکە کۆن یا تازەکان بخەینە قۆناغی تاقیکردنەوەوە کە کونێک لە بۆشاییدا دروست دەکەن. بەدڵنیاییەوە ئەگەر واز لە جیهانێکی تر بێنین شانسی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵیدا بەشێوەی ڕێکەوت زۆر کەمە. لەوانەیە جارێکی تر... بەڵام هەموو ئەو ڕووبەڕووبوونەوانەی لەگەڵ جیهانێکی ترو دانیشتوانەکەیدا ڕوویداوە، هەموویان بەشێوەی ڕێکەوت بوون. بەڵام سەبارەت بەکەسانێک وەکو (لیڤی) یا (سێلینی) ئێمە ڕووبەڕووی ئەو پیاوانە دەبینەوە کە زۆر بەجیدی بۆ بینینی ئەو جیهانەو بوونەوەرەکانی دەڕۆن. بەڵام هێشتاش هەستی ناڕاستەقینە بوونی ئەم دیاردەیە وازمان لێ ناهێنێ. لەوانەیە ئێمە تەنانەت لەم قۆناغەشدا هێشتا خۆمان فریو دەدەین. لەوانەیە سەرەڕای بەڵگەنامە ئاشکراکان (جیهانێکی تر) لە بنەڕەتدا بوونی نەبێت. لەوانەیە (کرمەکانی دۆزەخ)، دێوەکان و شەیتانەکان لە قووڵایی نەستی مرۆڤەوە هاتبنە دەرەوە. لەوانەیە ئەو کەشتی، فڕۆکەو سەربازە ونبووانە لەجیاتی ونبوون لە جیهانێکی تردا، بەهۆی کارەساتە سروشتییەکان بەتەواوی لەناو چووبن. ڕاستی ئەوەیە کە هیچ کەسێک ونبوونی ئەم شتانەی بەچاوی خۆی نەدیوە. ئەگەر بەڕاستی جیهانێکی تر بوونی هەبێت پێویستە بەلایەنی کەمەوە یەکجار کەسێک لەبەر چاوی چەند بینەرێک چووبێتە نێو جیهانێکی ترەوە. تەنیا یەک بەڵگەنامە لە بەردەستدایە کە ناڕاستەقینە بوونی جیهانێکی تر ڕەت دەکاتەوە.

***

ساڵی ١٨٨٨ی زایینی. بەروار:٢٣ی مانگی ئەیلول. شوێن: کێڵگەی دەیڤید لانگ لە نزیکی شارۆچکەی (گالاتین) لە ویلایەتی تێنێسی ئەمریکا. پاش نیوەڕۆیەکی ساماڵ

بوو. خۆر درەوشایەوە. پێدەچوو هاوینی ئەو ساڵە گەرم و دوورو درێژ بێت و هێشتا ماوەیەکی زۆر مابوو کە سەردەمی کەم ئاوی بێت. دەیڤید لانگ لە خانوویەکی لەخشت دروستکراو کە چەند ساڵ لەوەو پێش دروستی کردبوو دەژیا. کاری ئەو ئاژەڵداری بوو و ژمارەیەک ئاژەڵ لە لەوەڕگاکەی بەردەم خانووەکەیدا خەریکی لەوەڕ بوون. دەیڤید لانگ خێزاندار بوو، یانزە ساڵ بەر لەو کاتە هاوسەرەکەی کچێکی بۆ هێنابووە جیهانەوە و ناویان لێنابوو (سارا) و سێ ساڵ پاش ئەوەش کوڕەکەی هاتە جیهانەوە کە ناوی لێنرا (جۆرج). سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٣ی ئەیلول مناڵەکان لە حەوشەکەدا یارییان دەکرد و کەرەستەی یارییان عەرەبانەیەک بوو کە بەچەندین ئەسپی لە دار دروستکراوەوە بەسترا بۆوە. دەیڤید لە ژوورەوە بەهاوسەرەکەی گوت کە دەڕوات تاوەکو سەیرێکی ئەسپەکان بکات و دڵنیابێت کە تەندروستییان باشە. کاتێ کە لە خانووەکە هاتە دەرەوە، هاوسەرەکەی بەشوێنیدا لە ژوورەوە هاتە دەرەوە تا پێی بڵێ کە هەندێک پەلە بکات چونکە دەیویست کە دەیڤید بەر لە داخرانی دوکانەکان بیبات بۆ شار. دەیڤید لەم کاتەدا لەسەر لەوەڕگاکە بوو، سەیرێکی سەعاتەکەی کرد و هاوسەرەکەی دڵنیا کردەوە کە کارەکەی تەنیا چەند دەقیقەیەک دەبێت. لەوانەیە باشتر بێت کە لێرەدا بۆ جەخت کردنە سەر چەند خاڵی ئاشکرا هەندێک بوەستین. سەرەتا نە دەیڤید لانگ و نە هاوسەوەکەی سیحرباز نەبوون. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ئەوان هیچ حەزێکیشیان لە زانستە شاراوەکان یاخود جیهانێکی تر و یا ئەو تەکنیکانەی کە بتوانێ ئەوان بخاتە نێو پەیوەندییەک لەگەڵ ئەو جیهانەدا نەبوو. جگە لەوە هەر چەندە کە ئەم بابەتە بەنیسبەت ئەو بابەتانەی تر کە پێشتر لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەنجام دراوە گرنگییەکی کەمتری هەیە، بەڵام پێویستە بگوترێ کە هیچ پێشینەیەک لە نەخۆشی دەروونی لە بنەماڵەی لانگ یاخود هاوسەرەکەیدا نەبووە و سەبارەت بەهەڵەی بینینیش هیچ بەڵگەنامەیەکی بڕواپێکراو لە بەردەستدا نییە. جگە لەوە سەبارەت بەکێڵگەی لانگ دیاردە سەرسوڕهێنەرەکان هیچ پێشینەیەکیان نەبووە، نە تارماییەک. نە ڕۆحێک. نە دێوێکی ئەفسانەیی. تەنانەت دەیڤید و هاوسەرەکەی لەو پاش نیوەڕۆ تایبەتییەدا بیریان لە هیچ بابەتێکی نائاسایی نەدەکردەوە.

***

کاتێ کە خاتوو لانگ بانگی هاوسەرەکەی دەکرد عەرەبانەیەکی چوار ئەسپی لەو ڕێگە خۆڵاوییەدا بەر چاو کەوت کە بەرەو ماڵی ئەوان دەهات. دوو پیاو لە عەرەبانەکەدا بوون.



منداڵەکان وازیان لە یاری کردن هێنا و سەیریان کرد. کاتێ کە عەرەبانەکە نزیک بۆوە ئاگۆست پێک و ژن براکەی تیایدا بەرچاو دەکەوت. ئاگۆست قازی ئەو ناوچەیە بوو. ئاگۆست یەکێک لە هاوڕێ باشەکانی خێزانی لانگ بوو کە هەندێ کات سەردانی دەکردن. دەیڤید عەرەبانەکەی بینی و دەستی بۆ ڕاوەشاند. پێویست بوو کە پێشوازی لە میوانەکانی بکات، کەواتە دەیڤید دووبارە بەرەو ماڵەوە بەڕێ کەوت بەڵام پاش هەڵگرتنی چەند هەنگاوێک، لە بەرامبەر چاوی هەمووومان لەناکاو ون بوو. خاتوو لانگ، دوو میوانەکە و هەردوو منداڵەکە ونبوونی دەیڤیدیان بەچاوی خۆیان بینی. پاش ئەوە لە میانەی لێکۆڵینەوەی لێپرسراوانی پەیوەندیدار هەموویان ئەم بەسەرهاتەیان گێڕایەوە. لەیەک ساتدا، دەیڤید لانگ کە لەسەر زەوی لەوەڕگاکە بەرەو ماڵەوە دەڕۆیشت ون بوو. بەهەمان شێوەی کە کەسێکی شارەزا و بەکەڵک وەرگرتن لە هەڵەی بینین شتێکمان لەبەرچاو ون دەکا بەڵام بەو جیاوازییەی کە ئەمەیان ئەوەندە ترسناک بووە کە ناتوانین ناوی یاری لێ بنێین. خاتوو لانگ قیژاندی و لەگەڵ ئەودا هەردوو منداڵەکە بەرەو شوێنی ونبوونی دەیڤید ڕایانکرد. ئاگۆست و ژن براکەشی لە عەرەبانەکە هاتنە خوارەوە و بەرەو ئەو شوێنە ڕایانکرد. ئەوان گەیشتنە ئەو شوێنە بەڵام.

***

بەڵام هیچ شتێکیان نەدۆزیەوە. نە لاشەیەک، نە پاشماوەیەک، نە نیشانەیەکی سووتاوی و نە چاڵێک لەسەر زەوییەکە. هیچ شتێک لەوێ نەبوو تا ڕازی ونبوونی دەیڤید لانگ ڕوون بکاتەوە. هەمووان دەستیان کرد بەگەڕان و پشکنین. زۆری نەخایاند کە ئەوان دەستیان کرد بەگەڕان لە چەند بەشێکی کێڵگەکە کە لەو ماوەکورتەدا دەیڤید نەیدەتوانی بگاتە ئەو شوێنانە. هەرچەندە زیاتر دەگەڕان زیاتر نائومێد دەبوون. کاتێ کە ڕاستی ئەو تراژیدیایە بۆ خاتوو لانگ بووە ڕاستییەکی سەلماو، دەستی کرد بەقیژاندن و کاتێ کە نەیانتوانی هێمنی بکەنەوە بەرەو ژوورەوە بردیان. ئەم ڕووداوە بووە هۆی خولقانی نەخۆشی دەروونی بۆ ئەو ئافرەتەو چەندین هەفتە لە جێگەدا کەوت. ئەم ڕووداوە کاریگەرییەکی قوڵی بەسەر هەموو ژیانیدا بەجێ هێشت. ئەو نەیدەتوانی بڕوا بکات کە هاوسەرەکەی مردووە و بەهێمنی چاوەڕێی گەڕانەوەی ئەو بوو. هیچ پرسەیەک بۆ دەیڤید لانگ دانەنرا و هاوسەرەکەی تا ئەو ڕۆژەی کە زیندوو بوو لە چاوەڕوانی گەڕانەوەی هاوسەرەکەیدا بوو.

پاش ئەم ڕووداوە خاتوو لانگ نەیدەتوانی بەبێ هاوسەرەکەی کێڵگەکە بەڕێوە ببات،

کەواتە بەناچاری کێڵگەکەی بەکرێ دا. تەنانەت بەڵگەنامەی بەکرێدانی کێڵگەکەش سەرسوڕهێنەر بوو. بەپێی ئەو بەڵگەنامەیە ئەو پارچە زەوییە کە دەیڤید تیایدا ون بوو لە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی لانگدا دەبێت وتا کاتی مردنی خاتوو لانگ ڕاستەوخۆ لەژێر چاودێری خۆیدا مایەوە.

***

ئێستا ئێمە ڕووداوێکی بەڵگەدارمان بەچەندین بینەرەوە لەبەردەستدایە. قازییەکی ناودار کە خەڵکی ئەو ناوچەیە هیچ گومانێکیان لەڕاستی وتەکانی نەبوو لەگەڵ ژن براکەیدا لە گۆشەیەکی جیاواز لە خاتوو لانگ و منداڵەکانی ئەو ڕووداوەیان بینیبوو. لە ئاکامدا دەتوانین لەوە دڵنیابین کە هەڵەی بینین لەکاردا نەبووە. ئەگەرچی زۆر دوور دێتە بەرچاو بەڵام هەر جۆرە پیلانێک دەتوانین ڕەت بکەینەوە. تەنیا یەک مەبەست بۆ داڕشتنی پیلانێک لە ئارادایە. ئەویش ئەوەیە کە خاتوو لانگ و ئاگۆست واتە قازییەکە یەکتریان خۆش ویستووە و ویستوویانە دەیڤید لەسەر ڕێگەی خۆیان نەهێڵن و پاش ئەوەی کە دەیڤید لانگ بەنهێنی دەکوژرێ ژن برای ئاگۆست ڕازی بووە کە پشتگیری لە بەسەرهاتی ونبوونی دەیڤید بکات. بەڵام ئەگەر ئەم بەسەرهاتە خەیاڵییەش قبوڵ بکەین پێویستە لە خۆمان بپرسین کە چ کەسێک بەسەرهاتێک لەخۆیەوە دروست دەکات کە تا ئەم ڕادەیە بڕواپێکردنی دژوار بێت. ئەگەر هەر ڕووداوێک گومان دروست بکات ئەوا ونبوونی مرۆڤێک لە ڕۆژی ڕووناکدا زۆرترین گومان دەخوڵقێنێ. سەبارەت بەو دوو منداڵە چی دەڵێین؟ بەدژواری دەتوانین بڕوا بەوە بێنین کە ئەو دوو منداڵە کوژرانی باوکیان بشارنەوە. تەنانەت ئەگەر بەشێوەیەک لە شێوەکان هانیان دابن کە پشتگیری لەو بەسەرهاتە ساختە بکەن کە لە لایەن گەورەکانەوە دروست کراوە زۆر دژوار دێتە بەرچاو کە بتوانن بۆ ماوەیەکی زۆر خۆیان ڕابگرن. هەروەها زۆر دوور دێتە بەرچاو کە ئەو دوو منداڵە توانیبێتیان لەژێر لێکۆڵینەوەیەکی چڕ و پڕی پۆلیسدا ڕێگە لە ئاشکرابوونی ڕاستی ئەو ڕووداوە بگرن. کەواتە ئێمە لە پێگەیەکداین کە پێویستە وتەی ئەو پێنج کەسە قبوڵ بکەین هەرچەند کە بڕوا پێکردنیشی زۆر ئەستەمە.

***

لەوانەیە پێویست نەبێت سەرلەنوێ هەڵەی بینین بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەبێ ئەم کارە ئەنجام بدرێ. لەوانەیە کاتێ کە کەسێک دوچاری هەڵەی بینین دەبێتەوە و ئەو شتەی کە بینیویەتی باسی لێوە دەکات، میکانیزمی هیستریای بەکۆمەڵ



بێتە هۆی بینینی ئەو شتانە لە کەسانی تردا. دیاردەیەکی لەم شێوەیە زۆر کەمە بەڵام هەیە. میکانیزمەکانی هەڵەی بینین ئەوەندە ناسراون کە ڕێگەمان پێ دەدەن بەڕاشکاوی ڕای خۆمان دەرببڕین کە ناکرێت دوو یا چەند کەسێک کاتێ کە هیچ پەیوەندییەک لە نێوانیاندا نییە دوچاری یەک هەڵەی بینین ببنەوە. سەبارەت بەم بابەتە ئێمە سەروکارمان لەگەڵ بیرۆکەیەکی هەڵەی بینینە کە داوا لە ئێمە دەکات کە بڕوا بەوە بێنین کە پێنج کەس، لە کاتێکدا کە ٣ کەسیان لەبەرامبەر ماڵێکدا وەستاون و دوو کەسی تر لەناو عەرەبانەیەک و لە مەودایەکی دوورتردا بوون، بەشێوەی هاوکات و وەکو یەکتر دوچاری هەڵەی بینین بوونەتەوە. ئایا لەوانەیە کە ڕوونکردنەوەیەکی سروشتی و ئاسایی لە ئارادا بێت؟ پێویستە هەبێت و لەم حاڵەتەشدا دۆزینەوەی وەڵام دژوارترو دژوارتر دەبێت.

***

پاش ئەوەی کە خاتوو لانگ بەشڵەژاوی چووە ژوورەوە داوای هاوکاری لە دراوسێکان کرا. بەتاریک بوونی ئاسمان و هاتنی شەو ژمارەیەک لە دراوسێکان بۆ گەڕان بەشوێن دەیڤیددا پەیوەندییان بەگرووپی پشکنینەوە کرد. ئەوانیش وەکو ئێمە تامەزرۆی دۆزینەوەی ڕوونکردنەوەیەک بوون و بچووکترین ئاسەواریان نەدۆزییەوە، دەیڤید لانگ بەبێ بەجێ هێشتنی بچووکترین ئاسەوار ون ببوو. لەو بەشەی زەویدا کەوا دەزانرا کە دەیڤید کەوتۆتە ناوی، هیچ کون یا چاڵێک بەرچاو نەدەکەوت. ئایا دەیڤید بەهۆی بروسکە بەشێوەیەک سووتاو بوو بەخۆڵەمێش کە بچووکترین ئاسەوار لە جەستەی بەجێ نەماوە؟ ئەو ڕۆژە ئاسمان ساماڵ بوو. هیچ یەک لە بینەرانی ئەو ڕووداوە بروسکەیان لەئاسماندا نەدیوە. ئایا بەردێک لە بۆشاییەوە کەوتۆتە خوارەوە و بەسەری کەوتووە؟ بەردە ئاسمانیەکان زۆربەی کات شوێنێک لەسەر زەوی بەجێ دەهێڵن بەتایبەتی لە پانتاییەکی گەورەدا. ئایا ئەو بەردە ئاسمانییە لەلایەن کەسەوە نەبینراوە ئایا ئەگەری ئەوە هەیە زەوی دەمی کردبێتەوە و دەیڤیدی خواردبێت؟ ئەگەر بوومەلەرزەیەک ڕوویدابوایە کەسانی تر ئاگاداری دەبوون. ئایا لەوانەیە کەوتبێتە ئەشکەوتێکەوە؟ ڕووداوێکی لەم جۆرە جارێک لە پارێزگای مایۆی ئێرلەندا ڕووی دا کە خۆشبەختانە تەنیا قوربانی ئەم ڕووداوە تەنیا ئەسپێک بوو. ئەو ئەشکەوتەی کە لەم ڕووداوەدا دروست بوو ناوی (دۆزینەوەی ئەسپ)ی لێنراوە. ئەگەر دەیڤید کەوتبێتە ئەشکەوتێکەوە زەوی بە چ شێوەیەک لەسەر سەری هاتۆتەوە یەک. چونکە پاش ئەو ڕووداوە بست بەبستی ئەو کێڵگەیە پشکێنراو هیچ چاڵێک نەدۆزرایەوە و لە سەروو هەمووانەوە نەخشە هەڵگری

ئەو پارێزگایە چەندین نموونەی لە خاکی ئەو کێڵگەیەی خستە ژێر لێکۆڵینەوە و بۆی ڕوون بۆوە کە خاکی ژێرەوەی ئەو کێڵگەیە هەمووی بەردی بۆرەکە و بەشێوەیەکی یەکپارچە بەپتەوی بەیەکترەوە بەستراونەتەوە. ئەشکەوتێک لە ئارادا نەبوو. بەسەرنجدان بە سەرجەم بەڵگەنامەکان پێویستە خاوەن بیرکردنەوەیەکی دەمارگیرانە بین کە نکۆڵی لەوە بکەین کە بەسەرهاتی دەیڤید لانگ هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرایە بۆ سەلماندنی بوونی جیهانێکی تر. وا دێتە پێش چاو کە لەوانەیە لە هەمان کاتدا جیهانێکی تر دەمی کردۆتەوە و یەکێک لە ئێمەی وەکو جوتیارە بەدبەختەکەی تێنێیسی قووت داوە. لە مانگی نیسانی ساڵی ١٨٨١ دوو منداڵەکەی دەیڤید لانگ بۆیان ڕوون بۆوە کە ئەو شوێنەی کە باوکیان تیایدا ون بوو گژوگیا بەشێوەیەکی نارێک ڕواون و لە بازنەیەک بەدرێژایی ٤ مەتر و نیو گژوگیا گەشەیان نەکردووە و بەرەو زەردبوون دەڕۆن. ئەو دوو منداڵە لە تەنیشت ئەو پارچە زەوییەدا وەستان و لە ساتێکی پڕ لە هەستی خۆشەویستی کە پاش ئەم هەموو ساڵە هێشتا کاریگەری بەسەرمانەوە هەیە سارای بچکۆلانە بانگی باوکی کرد. ئەو دوو منداڵە بەخێرایی گوێیان لە دەنگی دەیڤید بوو کە داوای یارمەتی دەکرد. ئەوان دەنگی هاواری باوکیان دووبارە و دووبارە گوێ لێ بوو کە لاوازو لاوازتر دەبوو و یەکجاری تر دەیڤید لانگ لە ڕاستی ئاشنای جیهانی ئێمە دوورتر بۆوە و زۆر بە قوڵی چووە نێو کابوسی جیهانێکی تر تا سەرەنجام دەنگی بەتەواوی لەم جیهانەدا چیتر نەبیسترا.



## سووتانی خۆبەخۆی مرۆڤ

ئەگەر باپیرانی ئێمە زیاتر لە ئێمە (جیهانێکی تر)یان ناسیبێ زۆر ئاساییە کە بپرسین ئەوان بە چ شێوەیەک توانیویانە ئەم زانستە بەدەست بێنن. ئەمڕۆکە دکتۆر لدرمان و هاوکارەکانی لە لێکۆڵینەوەکانیان لەسەر بابەتی (دژەجیهان) بەڕەوتێکی جیاوازدا دەڕۆن. تێگەیشتن لە تیۆری ئەوان بۆ سەرجەم خەڵک زۆر دژوارە و بنەماکانی بۆ ئەو زانایانەی کە لە دەرەوەی بەشی فیزیک کار دەکەن زۆر نەناسراوە. وەڵامێکی ئاسانتریش لەبەردەستدا: ( لەوانەیە سەردەم گۆڕابێت). بەدڵنیاییەوە (تریڤۆر راونس کرۆڤت) لە لێکۆڵینەوەی زانستە شاراوەکاندا لە کتێبی (سەردەمەکانی چارەنووس)دا باس لەم بابەتە دەکات. لە سەدەی نۆیەمی زایینی بەڕوانین بۆ ئاینده، پاپ نیکۆلاس تەنانەت لەو کاتەشدا دەیتوانی سەرهەڵدانی مادەگەرایی مۆدێرن وەکو چارەنووسێکی دیاریکراو کە پێویست بوو بەسەر کۆمەڵگای ڕۆژئاوادا بێتە خوارەوە پێشبینی بکات. بەڕای ئەو لە ڕەوتی کامڵبوونی هەستی مرۆڤ ئەم شتە دەبێ ڕووبدات و ئەوروپییەکان هێشتا پێویستە قووڵتر و قووڵتر لە جیهانی زانستدا نوقم بن.

کاردینال ئاناستاسیۆس هاوڕێ و ڕاوێژکاری پاپ نیکۆلاس لەوبڕوایەدا بوو کە تەنیا لە ڕێگەی ئەم دابەزین و کەوتنە خوارەوەیە کە مرۆڤی ڕۆژئاوا دەتوانێ کەسایەتییەکی بەهێز و سەربەخۆ بەدەست بێنێ و عەقڵی شیکەرەوە بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵاتی زانستی بەسەر جیهاندا بڵاوبکاتەوە. لە هەمان کاتدا بەرامبەر بەڕوانگەیەکی زانستی کە ئێمەی گەیاندۆتە سەردەمی ئەتۆم، مرۆڤ بەتەواوی پەیوەندی خۆی لەگەڵ زانستی پەیوەندار بەجیهانە ڕۆحییەکان پچڕاندووە و لە ئیلهاماتی کتێبە پیرۆزەکان بەتەواوی بێ ئاگایە.

***

ئەمڕۆ ئێمە سەبارەت بە(جیهانە ڕۆحییەکان) وەکو شتێکی نادیار نەناسراو بیردەکەینەوە. ئێمە هیچ بەڵگەنامەیەکمان لەبەر دەستدا نییە کە ڕوانگەیەکی لەم جۆرە لەلایەن باو و باپیرانی ئێمەوە خوڵقابێت. لەوانەیە ئەم پاپ نیکۆلاس و کاردینالەکەی توانیویانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ ئیلهام لە جیهانێکی تر وەربگرن. لەوانەیە پەیوەندی نێوان ئەو جیهانەو جیهانی ئێمە لەو سەردەمەدا ئاسانتر بووبێت و بۆ ماوەیەک تاوەکو دوای سەدەی نۆیەمی زایینی ئەم ئاسانییە درێژەی هەبوو. لەوانەیە بەهەمان شێوە کە

کەسانی خورافی بڕوایان وایە، بەڕاستی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا دێوەکان و شەیتانەکان لەسەر زەوی ئێمەدا هەبوون.

لەوانەیە هەموو ئەم ڕووداوانە بەرلەوەی کە دیوارێکی ئەستوور بەنێوان هەردوو جیهاندا کێشرابێت، ڕوویدابێت کە هۆکارەکەشی لەوانەیە گۆڕانی ئاووهەوا یا گۆڕانکاری تر بوو بێت لە گەردووندا. هەموو شتێک لە گۆڕاندایە و هەندێ کات دەتوانرێ تاقیکردنەوەیەکی تایبەت ئاسانتر لە کاتەکانی تر ئەنجام بدرێ. لێکۆڵینەوەکانی ئاژانسی بۆشاییگەری NASA لەسەر هەسارەی ڤینۆس و یا بەم دواییە زیاتر لەسەر مەریخ کاتێ ئەنجام دەدرێ کە زیاتر لە هەموو کاتێک لە زەوییەوە نزیک بن. لەوانەیە پەیوەندی کردن بەجیهانێکی تریشەوە بەدروستی بەهەمان شێوەبێت.

***

لەوانەیە سەردەمانێک تەکنیکە دەنگییەکان بەشێوەیەکی کاریگەر، سادە و نەگۆڕ کەڵکیان لێ وەرگیرابێت کە ئێمە وەکو شتێکی جادوویی دێتە بەرچاومان. هەروەها دەتوانین ئەو گریمانەیە بێنینە ئاراوە کە بەهۆی گۆڕانی بارودۆخ ئەم سەردەمە شوێنی خۆی دابێت بەسەردەمانێکی تر کە چیتر ئەو تەکنیکە کۆنانە کاریگەرییان نەبێت. جیهان بۆ پێگەیەکی باشتر، لە چاوەڕوانی دکتۆر راڤدیڤ و ئامێری تۆمارکردنەکەی دابوو بەڵام گۆڕان بەهۆی ناوەرۆکەکەیەوە دۆخێکی ناپایەداری هەیە. لەوانەیە کاتێک بێت کە دیواری نێوان هەردوو جیهان هەرەس بێنێت، تەنانەت لەوانەیە ئەم پرۆسەیە دەستی پێکردبێت.

***

چەند ساڵ بەر لە ئێستا ڕۆژنامەنووسێکی ئێرلەندی لە یەکێک لە خانووە گەورەکانی وڵاتەکەیدا میوان بوو. لەکاتی سەرکەوتن بەسەر پلیکانەکاندا سەری دێوێکی لەسەر پلیکانەکاندا بینی کە لە ئاسماندا وەستابوو. ئەو سەرە لە هەموو ڕوویەکەوە لەگەڵ بەسەرهاتەکانی سەدەکانی ناوەڕاستدا وێک دەهاتەوە و لەو بەسەرهاتانەدا بە چ شێوەیەک باسی لێوە کراوە بەهەمان شێوە ئەو ڕۆژنامەنووسە بینی. لەو کاتەدا ئەو ڕۆژنامەنووسە لە ترساندا ڕایکرد و لە ژوورێکدا خۆی شاردەوە. لە پاشاندا هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە دوچاری هەڵەی بینین بۆتەوە. بەسەرنجدان بەوەی کە ئەو هیچ بڕوایەکی بەئایین نەبووە و بڕوای بەجنۆکە و شەیتان نەبووە و تا بەر لە دەرکەوتنی ئەو سەرە لەم بارەیەوە هیچ بیری نەکردۆتەوە نەیدەتوانی ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی ئەگەر هەڵەی بینینیش بێت ئەو سەرە دێوەی بینیوە و ئەگەر بڕیار وایە کە ئێمە دوچاری هەڵەی بینین ببینەوە بۆچی تەنیا سەری



ئەو بوونەوەرە ببینین؟ بۆچی هەموو جەستەی نایەتە بەرچاومان؟ وا دێتە بەرچاو کە ئەو بوونەوەرە بەنهێنی لەپشت پەنجەرەیەکەوە لە ئێمە دەڕوانێ.

***

هەندێ لە کارەکانی دانیشتوانی جیهانێکی تر بەشێوەی گشتی لە چاوی ئێمە بەدوور و شاراوەیە و لە هەندێ کاتدا بەشێوەیەکە، کە کاتێ ئەو دیوارە بەشێوەیەکی کتوپڕ هەرەس دێنێ ئاکامی نەخوازراو و بەواتایەکی تر پێشبینی نەکراوی لێ دەکەوێتەوە. لەوانەیە پەیوەندی سەردەمی پێش ئێمەو جیهانێکی تر بەگەرمایەکی زۆرەوە لەپشت ئەو دیاردەیەوە بێت کە پیاوانی ئاگر کوژێنەوە ناویان لێناوە (سووتانی خۆ بەخۆی مرۆڤ). بەرەبەیانی ڕۆژێکی تەموزی ساڵی ١٩٥١ی زایینی چەند کرێکارێک بەزۆر دەرگای شوقەیەکیان لەشاری (سانت پیتەرزبورگ) شکاند. ئەم شوقەیە لەلایەن پیرەژنێکی ٦٧ ساڵە بەناوی (ماری ڕێسەر) بەکرێ گیرابوو. سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە خاوەن ماڵەکەی نیگەران ببوو و کاتێ کە لە دەرگای ژوورەکەی دابوو و هیچ وەڵامێکی وەرنەگرتبوو بەناچاری بۆ شکاندنی دەرگاکە داوای هاوکاری لە چەند کرێکارێک کردبوو. ئەوان پاش کردنەوەی دەرگاکە دیمەنێکی زۆر ترسناکیان بینی.

***

خاتوو ڕێسەر لەگەڵ کورسییەکەی کە لەسەری دانیشتبوو بەتەواوی سووتابوو. ئەو ئافرەتە کە ٧٧ کیلۆ کێشی بوو تەنیا پێنج کیلۆ گرامی لێ مابۆوە. تەنانەت کاسەی سەری بەهۆی گەرمییەکی زۆرەوە چرچ ببوو و لە کورسییەکەی تەنیا چەند فەنەرێک مابۆوە. شارەزایان ڕایانگەیاند کە گەرمایەکی زیاتر لە ٢٥٠٠ پلەی سانتیگراد پێویستە تاوەکو ئەو پیرەژنە و کورسییەکەی بەو شێوەیە بسووتێنێ. بەڵام ئەو گەرمایە بە چ شێوەیەک دروست بووە ئەوە ئیتر وەکو نهێنییەک ماوەتەوە. سووتانی جلوبەرگەکان ئەو گەرما زۆرە ناخولقێنێ. لێکۆڵینەوەکان ئەگەری لێدانی هەورە بروسکە، لێدانی وزەی کارەبا و بوونی مادەی کیمیاییان ڕەت کردەوە. کەواتە چی دەمێنێتەوە؟ تەنیا سووتانی خۆبەخۆی مرۆڤ. ئەمە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی بەدوادا نایەت. بەڵام کارەساتی لەم جۆرە چەندین جار لە ناوچە جیاجیاکانی جیهاندا ڕوویداوە. یەکێکی تر لەمجۆرە ڕووداوە تۆمارکراوانە لە نزیکی (پۆرتروش) لە ئێرلەندەی باکوور لەسەدەی ١٨دا ڕوویداوە. سێ پیاو بەیەکەوە پیاسەیان دەکرد کە لەناکاودا ئەوەی کە لە ناوەڕاستدا بوو وەکو مەشخەڵێک گڕی گرت و ئەوەندە گەرمای سووتانەکە زۆر بوو کە دوو کەسەکەی تر شێتانە

هەوڵی کوژانەوەی ئاگرەکەیان دەدا و نەیاندەتوانی لێی نزیک بکەونەوە. لەم نێوانەدا نموونەی تازەتر لەبەر دەستدایە کە چەند ساڵێک بەر لەئێستا لە شاری دوبلین ڕوویداوە. وەکو خاتوو ریسەر ئەمجارەش قوربانییەکە ئافرەتێکی بەتەمەن بوو کە بەتەنیایی دەژیا. سەرەتا پۆلیس گومانی ئەوەی لەم ڕووداوە دەکرد کە پیلان و فریوێکی تێدا بێت. بەڵام شارەزایان پۆلیسیان دڵنیا کردەوە کە هیچ پیلانێک لە ئارادا نییە جگە لە ڕووداوێکی تازەی سووتانی خۆبەخۆی مرۆڤ.

***

بەرلەوەی کە بەرەو بابەتی جیهانێکی تر پەلکێش بکرێین پێویستە لەوە بکۆڵینەوە کە ئایا دەتوانرێ ڕوونکردنەوەیەکی عاقڵانەتر بۆ ئەم دیاردەیە بدۆزینەوە یا نەخێر. ئێمە دەتوانین وەکو پیاوانی ئاگر کوژێنەوە کە لەسەر مەرگی خاتوو ریسەر لێکۆڵینەوەیان کردووە گریمانی وەکو بەنزین یا وزەی کارەبا ڕەت بکەینەوە. بەنزین یا وزەی کارەبا دەتوانێ لە هەموو ڕوویەکەوە وەڵامێکی باش بێت بۆ ئەم گرێ کوێرەیە. بەڵام گرفت لەوە دایە کە ئەم هۆکارانە هیچ ڕۆڵێکیان لەم ڕووداوە نییە. دەتوانین گریمانەی ئەوەش ڕەت بکەینەوە کە ئەم رووداوە بەهۆی ئاگرکەوتنەوەی لەناکاو وەکو جگەرەیەک کە جلوبەرگێک دەسووتێنێ یاخود سۆپایەک کە دەبێتە هۆی گڕگرتنی سووچی جلێکی خەو ڕوویدابێت. ئەم ئاگر کەوتنەوە ئاساییانە کە دەبنە هۆی مەرگ ناتوانن گەرمایەکی ئەوەندە بخولقێنن کە هەموو لەشی مرۆڤ تەنانەت ئێسقانەکەشی لەناو ببات. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەموو ئەم ڕووداوی سووتانە خۆ بەخۆیەی مرۆڤ سنووردار بوونی ئاگرەکەیە. ئەم جۆرە سووتانە لە هەمان کاتدا کە ڕووناکییەکی بەهێزی هەیە و وەکو ستوونێک دەوروپشتی قوربانیەکە دەگرێتەوە و دەیسوتێنێ، بەشێوەیەکی سروشتی بڵاو نابێتەوە. تیۆرییەکی زیرەکانە بەم شێوەیە ڕای خۆی دەردەبڕێ کە لەوانەیە لە پێکهاتەی کیمیایی مادەیەکی تایبەتی لە لەشی مرۆڤدا مادەیەکی زۆر بەهێز بۆ سووتان بێتە بەرهەم کە قوربانییەکە بکاتە مەشخەڵێکی ڕاستەقینە. ئەم تیۆرییە بەم هۆیەوە خولقاوە کە زۆربەی قوربانییانی ئەم دیاردەیە کەسانی بەتەمەن بوون.

***

هەندێ لە شارەزایان و لێکۆڵەرەوان لەو بڕوایەدان کە لەوانەیە لاوازی و لەدەستدانی هێز و وزە لە کەسانی بەتەمەندا ببێتە هۆی ئەوەی کە گرنگی، بە پاکو خاوێنی خۆیان نەدەن. لە ئارەقەی لەشدا ڕێژەیەکی دیاریکراو لە (یۆد) هەیە. (ئامونیاک)یش یەکێکە



لەبەشەکانی میزی مرۆڤ. کاتێ کە یۆد و ئامۆنیاکی شل تێکەڵ بەیەکتر دەبن نیشتەنێک پێک دێنن کە پاش وشکبوونەوە مادەیەکی زۆر سووتێنەری لێ دروست دەبێت و لە ڕوانگەی زانستییەوە (پێکهاتەی تەقینەوەی ئامۆنیاک)ی پێ دەگوترێ. بەڵام هەر جۆرە تاقیکردنەوەیەک بەم مادەیە بەخێرایی ئەوە دەردەخا کە پێکهاتەی تەقینەوەی ئامۆنیاک زیاتر لەوەی کە ببێتە هۆی سووتانی خۆبەخۆی مرۆڤ دەبێتە هۆی تەقینەوەی خۆبەخۆی مرۆڤ. لەڕاستیدا ئەم پێکهاتەیە مادەیەکی تەقینەوەی زۆر بەهێزە. بەڵام بەسەرنجدان بەوەی کە لەکاتی تەڕبووندا هیچ کاریگەرییەکی نییە، لە پیشەسازیدا بەکار نایەت. بەڵام کاتێ کە وشک دەبێتەوە ئەوەندە ناپایەدارە کە خۆبەخۆ دەتەقێتەوە. جەستەی، نووسراوە مرۆڤ بەهیچ شێوەیەک کریستاڵی یۆد دەرنادات و هیچ جۆرە یۆدێک تەنانەت لە، کەشێکی زۆر گەرمیشدا لەلاشەی مرۆڤ نایەتە دەرەوە کە بتوانێ ڕێژەیەکی زۆرکەمیش لە پێکهاتەی تەقینەوەی ئامۆنیاک بەرهەم بێنێت. بەڵام تەنانەت ئەگەر بەم شێوەیەش نەبێت مادەیەکی لەم جۆرە ناتوانێ بەئاسانی ئاکامێکی وەکو سووتانی خاتوو ریسەری لێ بکەوێتەوە. کەواتە چیمان پێ ماوە بۆ وتن؟.

***

ئێمە سەبارەت بەسووتانی خۆبەخۆی مرۆڤ ڕووبەڕووی دیاردەیەک دەبینەوە کە پێویستی بەگەرمایەکی زۆر هەیە. گەرمایەکی لەم شێوەیە پێویستی بەوە هەیە کە لە سنوورێکی بچووکدا کۆبکرێتەوە. جگە لەوە هەموو تایبەتمەندییەکانی ئاگری هەورە بروسکەی هەیە. بەشێوەیەکی کتوپڕ دەست پێدەکات و لە ماوەی چەند چرکەیەکدا کۆتایی پێدێت. ئەگەر کات بۆ ئاگرێکی لەم شێوەیە درێژتر بێتەوە بەدڵنیاییەوە فراوان دەبێت کە ئەمەش لەم جۆرە ئاگر کەوتنەوەیەدا هەرگیز ڕووی نەداوە و ئەگەر پێشنیار بکەین کە لە ناکاودا دێوەکان لە شوێنێکی نەناسراوەوە دێن تاوەکو مرۆڤەکان تا ڕادەی مەرگ بسووتێنن ئەوەندەش بەهەڵەدا نەچووین. بەڵام وەرن لە جیاتی ئەوە تیۆرییەکی عاقڵانە تر کە دیسانەوە پەیوەندی بەجیهانێکی ترەوە هەیە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوە وەرن وا بزانین کە وەکو جیهانی ئێمە، ناوچەی زۆر گەرم لە جیهانێکی تردا هەیە. لەو خاڵە لە جیهانێکی تر کە بەشێوەی بەرامبەر لەتەنیشت ژوورەکەی ئێوەیە. بۆ نموونە لەوانەیە گڕکانێک لە ئارادا بێت. بەڵام ئێمە ڕێگەیەکمان بۆ ئاگاداربوون لە زانیارییەکانی ئەم بابەتە نییە کە لەو جیهانەدا گڕکان هەیە یاخود نەخێر. لە هەموو حاڵەتێکدا ئێوە لە گەرماکەی بەدوورن مەگەر لەو حاڵەتەدا کە دیواری نێوان ئەم دوو جیهانە بەشێوەیەکی کتوپڕ هەرەس بێنێ.

وشەی (هەرەس هێنان) هەڵبژاردنێکی لاوازە بۆ ئەم دیاردەیە. چونکە پرۆسەیەکی هێواشە بەڵام سووتانی خۆبەخۆی مرۆڤ پێویستی بەشتێکی خێراتر هەیە: کونێک لە بۆشاییدا کە بەخێرایی دایافرامی کامێرای فۆتۆگرافی دەکرێتەوە و دووبارە دادەخرێتەوە. لەوانەیە دیاردەیەکی لەم شێوەیە زۆر زیاتر لەوەی کە بیری لێ دەکەینەوە سەبارەت بەدەرگایەک لەنێوان ئەم جیهانە و جیهانێکی تر بۆ ماوەیەکی ئەوەندە کورت دەکرێتەوە کە ئێمە بەهیچ شێوەیەک لێی ئاگادار نابینەوە. .وەرن وا بزانین کە لە هەر ١٠ ڕووداودا ٩ جار دەوروپشتی دنیایەکی تر لەپشت ئەو دەرگایەوە بێ مەترسییە و دیسان وابزانین کە تەنیا لە جاری دەیەمدایە کە ئەو دەرگایە ڕووە و ئەو گڕکانە کە باسمان لێوە کرد دەکرێتەوە. بۆ ڕووداوێکی لەم شێوەیە ئێمە نەتەنیا پێویستمان بەدەرگا نەبینراوەکە و گڕکانەکەی جیهانێکی تر هەیە بەڵکو پێویستمان بەمرۆڤێکی ڕاستەقینە هەیە کە زۆر لەو دەرگایە نزیک بێت تاوەکو گەرماکە کاریگەری بەسەردا هەبێت. وا دێتە بەرچاو کە ئەو دەرگایە پێویستە لە مەودایەکی زۆر نزیک لە مرۆڤەوە بکرێتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش هیچ شوێنێک بۆ کرانەوەی ئەو دەرگایە لەناو لەشی شیاوتر نییە. ئاشکرایە کە هاتنە ئارای بارودۆخێکی لەم شێوەیە زۆر بەدەگمەن ڕوو دەدات و خۆشبەختانە ئەم دیاردە ترسناکە تەنیا ئەو چەند ڕووداوە بوو کە باسمان لێوەکرد.

***

بابەتی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ جیهانێکی تر تەنیا تایبەت نییە بەئەم سەردەمەوە و لە پەرتووکە کۆنەکاندا وەکو (تذکرة الاولیا) و ( نفحات الانس من حضرات القدس) دەیان نموونەی تری ئەم جۆرە ڕووداوانە باسی لێوە کراوە. تەنانەت ئەگەر بمانەوێ لە ڕووی ئایینەوەش لێکۆڵینەوەیەک سەبارەت بەم جۆرە دیاردانە ئەنجام بدەین ئەوە سەدان نموونەی زیندوومان لەبەردەستدایە. ئیمام حوسێن لە پاڕانەوەی خۆیدا بۆ بارەگای پەروەردگاری مەزن دەفەرمووێ: پەروردگارا، بە وشەکان وتەکان و دانیشتوانی ئاسمانەکان و زەوی سوێندت دەدەم. ئەمەش بەڕوونی ئەوە دەردەخا کە ئاسمانەکانیش دانیشتوانێکیان هەیە. ئەویش نزیک لە بارەگای پەروەردگارو داوێن پاک. ئەگەرچی هەندێ لە زانایانی جیهانی ئیسلام ئەم ڕستەیەیان بەفریشتەکانی پەروەردگار لێک داوەتەوە و بەڵام بەگشتی هیچ هۆکارێک بۆ سەلماندنی ئەم وتەیە لە ئارادا نییە. ئیمام عەلی سەبارەت بەئەستێرەکان دەفەرمووێ: ئەم ئەستێرانە شارانێکن وەکو شارەکانی سەرزەوی و هەرشارێک لەگەڵ شارێکی تر بەستونێکی نوور پێکەوە دەبەسترێتەوە. ئایا دەستەواژەی (جیهانێکی



بەرامبەر بەجیهانی ئێمە) ناتوانرێ لەگەڵ (ستوونێک لە نوور) لێک بدرێتەوە. ڕای ئیسلام لەم بارەیەوە ڕوون و ئاشکرایە و حەدیثی ئیسلامی لە ١٤ سەدە بەر لەئێستا ئەم کێشەیەی بۆ ئێمە چارەسەر کردووە. قورئانی پیرۆز بەڕوونی باس لە بوونەوەرە زیندووەکانی ئاسمانەکان دەکات و دەفەرمووێ: لەنیشانەکانی فراوانی پەروەردگار، خولْقاندنی ئاسمانەکان و زەوی و ئەو بوونەوەرە زیندووانەیە کە لە ئاسمانەکان و زەوی بڵاوی کردۆتەوە و خولْقاندوویەتی. قورئانی پیرۆز نەتەنیا جەخت دەکاتە سەر بوونی ژیان لە ئاسمانەکاندا بەڵکو لە هەندێ لە ئایەتەکاندا بەڕوونی دەڵێ کە لە ئاسمانەکاندا بوونەوەرانی زیندوو و عاقڵ هەیە کە وەکو مرۆڤی سەرزەوی ئەرک و فەرمانیان هەیەو لە ڕۆژی کۆتاییشدا وەکو مرۆڤ زیندوو دەبنەوە. لە بەشی یەکەمی ئەم زنجیرە بەسەرهاتانەدا باسمان لە بوونەوەرێکی نەناسراو کرد کە بووە هۆی کوشتنی چەندین، کەس و تەنانەت چەندین نیشانەشی لە خۆی بەجێ هێشتبوو لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە دەفەرمووێ:

(هەرکەس کە لەگەڵ ئەواندایە، لە ئێمە نییە) سورەتی شوری ئایەتی ٢٩. بەپێی تەفسیری زانایان وشەی ئەوان بەواتای جنۆکەو شەیتان دێت کە لە چەندین بەش لە قورئانی پیرۆزیش جەخت کراوەتە سەر بوونیان. ئایا ناکرێ ئەو بوونەوەرە نەناسراو و سەرسوڕهێنەرانە بەجنۆکە لێک بدرێتەوە. ئەگەر بمانەوێ بەشوێن ئەم بابەتەدا بڕۆین هەرگیز ئاینده ماڵئاواییتان لێدەکەین. خوای مەزن پشت و پەنای هەموو لایەکمان بێت و لەو کۆتایی بۆ نییە. تا بەشی بوونەوەرە شەڕانی و ناحەزانە بمان پارێزێ.

پێش دۆزینەوەی ئەمریکا لەلایەن کریستۆف کۆلۆمبس چ کەسانێک لەوێ دەژیان؟

بەدڵنیاییەوە کاتێ کە کریستۆفەر کۆلۆمبس کیشوەری ئەمریکای دۆزییەوە دانیشتوانی باکووری ئەمریکا واتە هیندییە سوورەکان تازە هاتبوونە کیشوەری ئەمریکاوە. چەندین پاشماوە بەجێ ماوە کە فەرهەنگێکی دێرینتر لە ئارادابووە کە دەستکەوتی بەرچاوی بەدی هێناوە. یەکێک لەم پاشماوە سەرسوڕهێنەرانە سەمبولێکی سەرسوڕهێنەرە کەلەسەر کوێستانی (مێدیسین) لە زنجیرە کێوەکانی (بیگ هۆرن) لە ویلایەتی (ڤیۆمینگ)ە. لەوێدا بازنەیەک لەبەرد دروست کراوە کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی هەڵچنراوە و نزیکەی ٧٠پێ گەورەیە.

چەندین بەرد بەشێوەی ٢٨ پەڕەی بازنەیی تیادا هەڵچنراوە کە لە بازنەیەکی ناوەندی ١٢ پێیی دەچنە دەرەوە. لە ناوەڕاستی ئەم بازنەیەشدا بۆشاییەک بەدرێژایی و پانتایی ٧



پێ هەیە. لە دەوروپشتی ئەم بازنە گەورەیە ٦ تاشە بەردی گەورە بەشێوەی کورسی هەیە کە پێدەچێ بۆ چاودێرانی دروست کردنی ئەم بازنانە یاخود قەشە پایە بەرزەکانی ئەو سەردەمە دروست کراوە. سوورپێستەکانی ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک و بۆ هیچ مەبەستێک سوودیان لەم بازنانە وەرنەدەگرت و ئەگەرچی ئاشنابوون پێی، نەیاندەزانی لە کوێوە هاتووە. سپی پێستەکان بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ۱۹۰۲ سەرنجیان بۆلای ئەم نەخش و نیگارە ڕاکێشرا. واتە کاتێ کە (سیمز) لە مۆزەخانەی (فیلد) لە شیکاگۆ کاتێکی زۆری تەرخان کرد بۆ دۆزینەوەی نهێنی ئەم نەخش و نیگارە سەرسوڕهێنەرە. بەڵام سەرەنجام گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەمە سەمبولێکی ئایینی – نەژادییە لە مرۆڤێک کە لەنێوان ١٥ هەزار ساڵ تا یەک هەزار ساڵ بەر لە زایین لەو شوێنەدا ژیاوە. جگە لەم شوێنەوارە مەزنە لە کوێستانی (بیگ هورن) چەندین بەردی هەڵکۆڵراو لە زنجیرە چیای ڕۆژئاواشدا دۆزراوەتەوە. کە لەوانەیە شاهیدێکی تر لەو نەژادە لەناوچووەی مرۆڤ بێت. ڕۆژنامەی (ساکرامنتۆبی) لە ژمارەیەکی کۆنی خۆیدا لە ڕاپۆرتێکدا باس لەوە دە کات کە یەکێک لە دانیشتوانی شاری ساکرا منتۆ بەردێکی لەلایە کە چەندین نوسراوی بەشێوەیەکی شارەزایانە لەسەر هەڵکەندراوە و ئەو هاوڵاتییە دەڵێ کە چەندین بەردی تر کە قورساییەکی زۆریان هەیە لە هەڵکۆڵینەکاندا دۆزراونەتەوە. هەندێ لەم بەردانە لە شوێنێکدا کە چەند سەد پێ لەژێر زەویدا بووە دۆزراوەتەوە کە سەردەمێک شوێنی تێپەڕبوونی ڕووبارێکی کۆن بووە، سەردەمێک کە تەنانەت زۆر کۆنترە لە چاخی سەهۆڵبەندان کە زیاتر لە ١٠ هەزار ساڵ بەر لە ئێستا بووە. یەکەمین ئەو سپی پێستانەی کە چوونە ویلایەتی ( داکۆتا ) ڕووبەڕوی قەبیلەی سورپێستی (ماندان) بوونەوە و بەبینینی خانووەکانیان کە بەشێوەیەکی ئەندازەیی دروست کرابوون و هەروەها ئەو پەرژینەی کە بەدەوری گوندەکەدا کێشابوویان دوچاری سەرسوڕمان بوونەوە چونکە شتێکی لەم جۆرەیان بەهیچ شێوەیەک لە قەبیلە سوورپێستەکانی تردا نەبینیبوو. دانیشتوانی ماندان لە دانیشتوانی تری ئەمریکای باکوور زیاتر ڕەنگیان کاڵ بوو و زۆربەیان



چاوەکانیان شینی مەیلەو خۆڵەمێشی بووە کە بەتەواوی پێچەوانەی ڕەنگی چاوی هاو ڕەگەزەکانیان بووە لە جیها نی نوێدا کە چاویان قاوەیی تۆخ بووە. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە کە وەڵام دانەوەی زۆر دژوارە کە ئایا ئەمانە پاشماوەی گرووپێکی (وێلزی)ن کە چەند سەدەیەک بەرلەوە لەوێدا ون ببوون. چونکە هەموو ئەندامانی ئەم قەبیلەیە بەهۆی نەخۆشی ئاولە کە دیاری دەستی سپی پێستەکان بوو لەناو چوون. لە کتێبی سەرسوڕهێنەرتر لە زانستدا هاتووە کە لە ناوچەی رانچۆ لۆمپۆک لە کالیفۆرینا پاشماوەی بەجێماوی مرۆڤی زەبەلاح بەپێشینەیەکی زۆر کۆنەوە لەژێر خاک هێنراونەتەوە دەرەوە. هەروەها لە ئەو هەڵکۆڵینانەی کە لە (کریتن دێن) لە ویلایەتی ئاریزۆنا لە ساڵی ١٨٩١ ئەنجام دراوە و هەروەها لە ساڵی ١٩٢٥ لە ناوچەی (واکرتۆن) لە ئیندیانا ئەنجام دراوە گرووپێکی لێکۆڵینەوە یەکێک لە گرنگترین دۆزراوەکانی ئەم بوارەیان لە ناوبردووە. ئەوان ئێسقانی ٨ مرۆڤی زەبەلاحی بەر لە مێژوویان کە نزیکەی ٨ تا ٩ پێ درێژ بوون و هەمووان زرێی مسیان لەبەردابووە لە خاک هێناوەتە دەرەوە. بەڵام بەداخەوە بەهۆی گرنگی پێ نەدان ئەم بەڵگەنامە مێژووییە بڵاو بووەوەو لەناوچوو.

ئەمە جێگەی سەرسوڕمان نییە کە دانیشتوانی کۆنی کیشوەری ئەمریکا زرێی مسیان لە بەردەکرد چونکە کانگای مس کە لەلایەن ئەم ئەمریکیانەوە دەردەهێنرا چەند سەد میل بەدرێژایی ڕووباری ( سۆپریۆر) درێژ دەبۆوە. ئەم دانیشتوانەی ئەمریکا لە زۆربەی شێوە ئەندازەیی بەکار هێنراوەکاندا شارەزاییەکی باشیان هەبووە. ئەو کانگایانە بەدڵنیاییەوە کانگای، سوورپێستەکان نییە چونکە کاتێ کە سپی پێستەکان دۆزییانەوە، سوورپێستەکان هیچ زانیارییەکیان سەبارەت بەم کانگایانە نەبوو و تەنانەت شێوەی کەڵک لێ وەرگرتن لەم کانزایەشیان نەدەزانی. لە گۆڤاری (ئامریکان ئانتی کواریان) ژمارە ٢٥ لاپەڕەی ٢٥٨ بەم شێوەیە نووسراوە: هیچ نیشانەیەک لە بوونی شوێنی نیشتەجێ بوونی هەمیشەیی لە دەوروپشتی ئەم کانگایە نەبینراوە هیچ پاشماوەیەکیش لەبەر دەستدانییە و ئێسقانی هیچ مرۆڤ یا ئاژەڵێکیش نەدۆزراوەتەوە تەنیا کانگاکان و نهێنی نەدۆزراوەیان لەم میانەیەدا بەتەنیا ماونەتەوە. لە نزیکی شاری (هیڤێنەر) لە ئۆکلاهۆما تاشە بەردێکی بەرز بەنزیکەی ١٠ پێ درێژی و ١٠ پێ بەرزی و یەک پێ ئەستوری بەپێوە وەستاوە. لە دیوێکی ئەم تاشەبەردە بەپیتێک کە پێدەچێ پیتی نهێنی بێت ڕستەیەک هەڵکەندراوە. ئەم نوسینە کاتێ کە یەکەمین سپی پێستەکان گەیشتنە ئۆکلاهۆما هەبووە و ئەمەش ئەوە دەردەخا کە کاتێ کە یەکەمین سوور پێستەکان

گەیشتوونەتە ئەویّ ئەم نووسراوانە هەبووە، چونکە سوورپێستەکان هیچ کاتێک لە مێژوودا کاری هەڵکۆڵینیان لەسەر بەرد ئەویش بەپیتی نهێنی ئەنجام نەداوە، ئەم نهێنییەش دەمێنێتەوە کە چ کەسێک ئەم پیتە کۆنانەی لەسەر ئەم تاشە بەردانە لەو شوێنە دوورکەوتەیە لە ویلایەتی ئۆکلاهۆما هەڵکەندووە و هۆکارەکەی چی بووە و چ کاتێک ئەم کارە ئەنجام دراوە. هەروەها پاشماوە بەجێماوەکانی شارستانیەتێکی دێرین لەسەر گردێک لە (نۆرس سالم) لە نیوهامپشایر دەبینریّ کە لەشێوەی دوو باڵەخانەی بەردین کە تا نیوە لە ژێر خاکدان. ئەم وێرانە دێرینە جێگەی مشتومڕی فراوان بووە چونکە لە عەقڵدا ناگونجیّ کە ئەم باڵەخانە پڕ شکۆیە لە کیشوەرێکدا بێت کە تەنیا مرۆڤی دڕندەی شەڕانی تێیدا نیشتەجیّ بوون. ئەم پاشماوە بەجێماوانە چەندین وێنەیان لەسەر هەڵکەندراوە کە بریتییە لە سەری ئاسک و سەری گا و دوو تەور هەروەها تاشە بەرێکی گەورە کە زۆر لە و میحرابانە دەچێت کە شارستانییە کۆنەکان قوربانییان تێدا دەکوشت. ئەم تاشە بەردە نزیکەی ٤ تەن قورسە.

لێکۆڵەرەوەکان لە بنی چاڵێکی کۆندا کە ئاوەکەی وشک ببوو پلیکانەیەکی بەردینیان دۆزییەوە کە بەرەو خوارەوە دەڕۆیشت بەڵام ڕێگاکەی بەچەندین بەردی گەورە داپۆشرابوو کە سەردەمێک بەشێک لە دیوار یا سەقفی کەناڵ یا تونێلێکی پێکدەهێنا. ئەم شوێنەوارەی (نورس سالم) چاوەڕوانی لێکۆڵینەوەی شارەزایان و شیکردنەوەی عاقڵانەو لەسەرخۆیە ئەمڕۆ ئەم شوێنە بەشوێنی تێکەڵبوونی دراماتیکی کۆن و نویّ لەقەڵەم دەدریّ چونکە بەتەواوی بەتەنیشت میحرابی قوربانییەکانی ڕابردووەوەیە.

لە ساڵی ١٩٥٤ و لە مانگی ئۆکتۆبەر دراوێکی زۆر سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنەر لە نزیکی (باتونز) لە کارۆلینای باکوور دۆزرایەوە. ئەگەرچی لەوانەیە بەشێوەی ڕێکەوت کەوتبێتە ئەم شوێنە. لە سەر ئەو دراوە ژمارەی ١٢١٥ بەرچاو دەکەویّ کە لەوانەیە ئەمە مێژوویەک بێت. ژمارەی سەر دراوەکە عەرەبییە.

پرسیارەکە لێردایە کە ئایا ئەم دراوە بەر لە هاتنی کریستۆفەر کۆڵۆمبس لەوێدا بوو؟ ئەم جۆرە دراوانە بەمێژووی دروستکردنیان چەندین جار شارەزایانی ئەم بوارەیان دوچاری هەڵە کردۆتەوە.

لە مانگی سێپتەمبەری ساڵی ١٨٣٣ چەند کرێکارێک کە لەنزیکی شارۆچکەی (نۆرفۆلک) لە ویرجینیا خەریکی هەڵکەندنی چاڵێک بوون. کاتیّ کە ئامێری



هەڵکەندنی چاڵەکە لەگەڵ خۆیدا پارچە ئاسنێکی هەڵکێشایە سەرەوە، هەموویانی دوچاری سەرسوڕمان کرد.

نووسەری بەناوبانگ (فارست) کە لە کتێبی (پرۆژە مێژووییەکانی ویرجینیا) ڕاپۆرتێکی لەسەر ئەم بابەتە ئامادەکردووە، نووسیویەتی: ئەم کانزا دۆزراوەیە دراوێکی هێلکەیی مێژووییە و قەبارەی بەئەندازەی شلینگێکی ئینگلیزییە و لەسەری وێنەی ڕاوچی و پیاوانی شەڕکەر بەرچاو دەکەویّ. پیتەکانی سەر ئەم دراوە بەهیچ شێوەیەک لە ئەلف و بای ڕۆمی کۆن ناچێت.

لە ساڵی ١٨٧٩ لە (سۆلیڤان کانتی) گوندییەک شتێکی تری دۆزییەوە کە پاشتر بۆیان دەرکەوت کە ئەمە دەمامکێکی مێژووییە کە لە ئاسن و زیو دروست کرابوو.

بەسەرنجدان بەوەی کە ئەم دەمامکە زۆر لە توانا و دابونەریتی شارستانییەتە سەرەتاییەکان پێشکەوتووتر بووە کەواتە پێویستە بەبەرهەمی شارستانییەتێکی سەرەتاییت رو پێشکەوتووتر لە قەڵەم بدریّ. بەڵام ئەم شارستانییەتە کیّ بوون و چییان لیّ بەسەر هاتووە؟ تا ئێستا نادیارە.

هەر لە ڕیزی ئەم مەتەڵە بیّ وەڵامانە پێویستە باس لە یەک جووت خاچی بچووکی زیوین بکەین کە لە جۆرجیا دۆزراوەتەوە.

(سی. سی. جۆنز) لە ڕاپۆرتی دامەزراوەی (سمیتسونیان) لە ساڵی ١٨٨١ دا دەنووسیّ کە ئەو دوو خاچە بەشارەزاییەکی تایبەت دروست کراون و هەریەک لە گۆشەکانیان درێژاییەکی بەرامبەریان هەیە.

ئەوەی کە سەرنج ڕاکێشە ئەوەیە کە چەندین پیت لەسەریان هەڵکەندراوە کە بەپێی وتەی (جۆنز) لەم پیتانە پێکدێت: (IYNKICIDU) کە واتاکەی تا ئێستا شاراوەیە. هەروەها زانینی ئەوەی کە پیتەکانی C و D بەپێچەوانەوە لەسەر خاچەکان هەڵکەندرا بوو هیچ سوودێکی بۆ لێکۆڵینەرەوەکان نەبوو.

چەند ساڵ لەمەوبەر قەشەیەک بەناوی (گاس) لە نزیکی (داڤنپۆرت) لە (ئیلی نۆیز) کاری هەڵکۆڵینی گردێکی مێژوویی لە ئەستۆ بوو. ئەو ژمارەیەکی زۆر بەردی دۆزییەوە کە نەخش و نیگاری لەسەر هەڵکەندرابوو.

لە گۆڤاری (ئامریکان ئانتی کواریان)دا هاتووە کە یەکێک لەم بەردانە پیت و ژمارەی

لاتینی و عەرەبی و ڕۆمی لەسەر هەڵکەندراوە. بۆ نموونە پیتی F و ژمارەی ٥ی عەرەبی و ژمارەی VIII ڕۆمی لەسەر هەڵکەندراوە. هەروەها چەندین پیتی تر لە سەر بەردێکی تر هەڵکەندراوە کە بریتین لە : TFTOWNS.

ئەم بابەتە ئەوەندە بووە جێگەی سەرنجی سەرۆکی (کۆمەڵەی ئەمریکای کۆن) کە خۆی چووە ئەو شوێنە بۆ کاری هەڵکۆڵین. ئەگەرچی مێشوولەکان زۆر ئازاریان دا بەڵام (چارلز هەریسۆن) ئەندامانی کۆمەڵەی ناوبراوی ئاگادار کردەوە کە ئەویش چەندین بەردی پڕ لە نهێنی لە ( داڤنپۆرت) دۆزیوەتەوە!

بەوتەی ئەو، ئەو بەردانەش چەندین ژمارە و بەتایبەتی ژمارەی VIII یان لە سەر هەڵکەندراوە کە پێدەچێ عەرەبی یا فینیقی بن.... بەڵام بەشێوەیەکی بڵاو نووسراون و نەتوانراوە پەیامێکی تایبەتییان لێ وەربگیرێ.

چەندین ژمارەی ڕۆمی لە گردە مێژووییەکان وەکو دراوی ڕۆمی دۆزراوە لە لایەن کرێکارانی هەڵکەندنی چاڵەوە لە ڕووی مێژوویی و هاوسەنگی کات و شوێن نایەتەوە یەک کە بەشێوەیەکی گاڵتەجاڕی بەساختە کاری لە قەڵەم دەدرێ. ئەم جۆرە کردارانە ئەگەرچی هیچ بەدەستەوە نادەن بەڵام بەلایەنی کەمەوە لە ئەرکی ئەو دان پێدانانە ناخۆشە ڕزگارمان دەکات کە چ کەسێک بەر لە سوورپێستەکان لە ئەمریکادا ژیاوە!

لە (برێدلی کانتی) لە ویلایەتی (تێنێسی) جوتیارێک بەناوی (هوپەر) سەرنجی بۆلای هەندێ نیشانەی تایبەت ڕاکێشرا کە لەسەر بەردێک لە تەنیشت گردێک و لە کێڵگەیەکدا دۆزیبوویەوە. ئەو هەندێ بیری لەم بەردە سەرسوڕهێنەرە کردەوە و کەوتە گەڕان بەشوێن بەردی تردا... و دەسبەجێ گەیشتە ئاکام. چونکە لە ئەنجامی هەوڵدانیدا چەندین بەردی سافی دۆزییەوە کە چەندین پیتیان لەسەر نووسرابوو.

بەپێی ڕاپۆرتی ئەکادیمیای زانستی نیۆیۆرک بەهۆی کاری هەڵکۆڵین دیوارێکی بەردینی درێژ کە بۆ ماوەیەکی زۆر لە ژێر خاکدا بوو، هێنرایە دەرەوە.

(هوپەر) بەوردبینییەکی زۆرەوە خاک و خۆڵی لەسەر بەردەکان لادەبرد و توانی چەندین ژمارەو پیت بدۆزێتەوە... بەڵام ئەو نەیدەتوانی بیانخوێنێتەوە!

لە ئەنجامی ئاگادارکردنەوەی لێپرسراوانی ناوچەکە، ئەو توانی زانایان و شارەزایان پەلکێشی ئەوێ بکات. لێکۆڵینەوەکانی پاش ئەوە دەریخست کە ئەم دیوارە بەردینە زیاتر لە ٨٠٠ پیتی لەسەر هەڵکەندراوە.



هەروەها مانگ و ئەستێرە و نەخشی ئەندازەیی زۆری تێدا بوو. وێنەی هەندێ گیانداریش لە نێوانیاندا دەبینرا.

ڕاپۆرتی ئەکادیمیای زانستی نیۆیۆرک بەئاگادارییەوە تێدا هاتووە کە: (لاساییکردنەوەی ئەلف و بای ڕۆژهەڵاتیش بەفراوانی بەرچاو دەکەوێ) بەسەرنجدان بەوەی کە زانایان نازانن کە چ کەسێک ئەم بەرهەمەی خوڵقاندووە نهێنییەکی تر دەخاتە سەر نهێنییەکانی تر. چونکە بوونی پیتی ڕۆژهەڵاتی ناتوانێ بەشێوەی ڕێکەوت لەسەر ئەو دیوارە نووسرابێت. دیوارەکە هێشتا لەوێیە و پیتەکانیش لەسەریەتی. ئەم خاڵەش گرنگە کە هەموو پیتەکان لە پشت چینێک چیمەنتۆوە بوون. ئایا چیمەنتۆش هەر ڕێکەوتە؟

لە نێوان پێرستی ناوی هەندێ شت کە لەگەڵ مێژوودا یەک ناگرنەوە دەتوانین باس لە پارچەیەک بکەین کە لەلایەن (ئێلڤود هۆمل) دۆزرایەوە و بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر زۆر دوور بوو لەو شوێنەی کە دەبوایە لەوێ بێت.

ناوبراو لە کاتی ڕاوەماسی لە ڕووباری (سۆسکوهانا) لە نزیک خانووەکەی لە (وینفیلد)ی پنسیلڤانیا بوو. ئەو بۆ ڕاوەماسی کەڵکی لە مێش وەردەگرت و لە ئاوە تەنکاوەکاندا ماسی دەگرت.

ڕۆژێک بەڕێکەوت بەهەمان شێوە کە دەیڕوانیە ئاوی ڕووبارەکە، پارچەیەک بەردی سافی بینی کە پێدەچوو هەندێ نیشانەی لەسەر بێت. ئەو بەردەکەی هەڵگرتەوە و وایدەزانی کە پارچەیەک قوڕی سوورکراوەیە کە هەندێ نیشانەی لەسەرە کە ئەو ناتوانێ بیخوێنێتەوە. بابەتێکی سەرسوڕهێنەربوو، بەڵام لەو سەردەمەدا ئەوەندە بۆی گرنگ نەبوو. کەواتە خستیە ناو گیرفانی چاکەتی جلوبەرگی ماسیگرتنەکەی.

(هۆمل) بۆ ماوەی ٣٧ ساڵ ئەو بەردە بچووکە سەرسوڕهێنەرەی لەناو کەلوپەلی ڕاوەماسیدا بۆ ئێرە و ئەوێ دەبرد. ڕۆژێک یەکێک لە نەوەکانی بەردەکەی دۆزییەوە و یاری پێ دەکرد. ئەو بەردە بەهۆی تێپەڕینی کات و دەست بەدەست کران سافتر بوو و نیشانەکانی زیاتر دەرکەوت.

نەوەی (هۆمل) پرسیاری لێکرد کە ئەم نیشانەیە چییە و ئەو تێگەیشت کە کاتی گونجاو بۆ دۆزینەوەی ئەم نهێنییە، هاتووە... کەواتە ئەو بەردەی نارد بۆ بەڕێوەبەری مۆزەخانەی (فیلد) لە شیکاگۆ.

شارەزایانی مۆزەخانەکە دەسبەجێ نیشانە وردو سەرسوڕهێنەرەکانی سەر بەردەکەیان خوێندەوە. ئەم نیشانانە باس لە وردەکاری قەرزێک دەکات کە لەلایەن بازرگانێکی ئاشوری لە (کاپادوسیا) نزیکەی ١٨٠٠ ساڵ بەر لە زایین وەرگیراوە. بەڵام هیچ یەک لە شارەزایان نەیانتوانی ئەوە ڕوون بکەنەوە کە بە چ شێوەیەک ئەم بەردە مێژووییە لە ساڵی **١٩٢١** چۆتە نێو ڕووبارێک لە پنسیلڤانیا!

لەو بەڵگەنامە بێ مێژووانەی کە نیشانەی بوونی مرۆڤی کۆنن لە کیشوەری ئەمریکا چەندین کەلاوەی بەردینە لە گردێکی نزیک کێوی (کاربۆن) لە ویلایەتی ویرجینیای ڕۆژئاوا. لە نێوان ئەم وێرانانەدا چەندین دیواری بەردین هەیە کە سەردەمانێک لە لوتکەی کێودا بوون و پێدەچێ لەلایەن ئەو پیاوانەی کە جگە لە هونەری بەردتاشین، شتێکیشیان لە ستراتیژی سەربازی زانیوە، دروست کراوە.

ئەم دیوارانە بەشێوەیەک هەڵچنراون کە بەرگری کردن لێیان ئاسان بێت و ئەوەندە بەشارەزایی و وەستایانە دروست کراون کە پاش تێپەڕینی چەندین سەدە هێشتا بەساخی ماونەتەوە.

چ کەسانێک ئەم دیوارانەیان دروست کردووە و چییان لێ بەسەرهاتووە؟

ئەمە پرسیارێکە کە تا کۆتایی مێژوو هیچ وەڵامێکی نابێت. بەهەمان شێوە کە لەو دیوارانەی کە لە ویلایەتی ویرجینیا لەم دیوارانە دەچن دەردەکەوێ کە ئەمانە ڕوانگەیەکی نادیارن لە سەردەمانی پێشوو کە تیایدا ڕەگەزێکی نەناسراوی مرۆڤایەتی گەشەی سەند، بنیادی نا و، لە ناوچوو.

لە ساڵی **١٩٥٨** لە ژێر سەرپەرشتی دکتۆر (جیمز کلار) لە زانکۆی جۆرجیا کار لەسەر وێرانەکانی ویرجینیای ڕۆژئاوا ئەنجام درا کە پێشتر کارێکی هاوشێوەی لەسەر وێرانەکانی جۆرجیا ئەنجام دابوو.

کاتێ کە ئەو خەریکی لێکۆڵینەوە بوو لەسەر پاشماوە بەجێماوە بەردینەکان لە کوێستانی (ئارمسترۆنگ)، ئامێرێکی دەستکردی مرۆڤی دۆزیبیەوە کە دەیتوانی بزانێ چییە. دکتۆر (کلار) ڕایگەیاند کە ئەو ئامێرە، دەزگایەکی دروستکردنی ئارەقی قاچاخە.

***



## چەپکێک ڕووداو... چەپکێک نهێنی

کاری دێرین ناسان کارێکی سەرنج ڕاکێشە چونکە لە ڕاستیدا جۆرێک کاری پۆلیسییە کە تیایدا بەشوێن گرێدانی زنجیرەی بەسەرهاتی ڕەگەزی مرۆڤدا دەگەڕێن، بەهۆی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەسەر پارچە ورد و بڵاو و بەجێماوەکانی سەدەکانی ڕابردوو ئەنجام دەدرێ. لە سەردەمە کۆنەکانەوە مرۆڤ لە ئەشکەوتەکاندا بەشوێن پەناگەیەکدا دەگەڕا و زۆر ئاسایی بوو کە ئەشکەوتەکان چەندین پاشماوەی لە هاتوچۆی ئەوان لەخۆ بگرێ. وێنە بێشوماره بەجێماوەکان لە دیواری ئەشکەوتەکان کە بەدار و پەنجە و گڕی ئاگر دروست کراون هێشتا لە زۆربەی شوێنەکاندا ماونەتەوە. هەندێ لەوانە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەباشی ماونەتەوە. بەڵام هەندێ جار لە نێوان ئەم پاشماوە بەجێماوانەدا پاشماوەی زۆر سەرسوڕهێنەر بەرچاو دەکەوێ کە لەوانەیە لەمە بەدواوە بەشێوەی هێمایەکی پرسیار بمێننەوە.

پاشماوەیەک لە ئەشکەوتی گەورەی (گارگاس) لە باشووری فەرەنسا لەم جۆرەیە. لەوێدا ئەوەی کە سەردەمانێک بەدیواری قوڕین یاخود ئەشکەوتی ژێر زەمینی ناو دەبرا یەکەمین دانیشتوان جێگەی پەنجەی خۆیان لە قوڕدا بەجێ هێشتووە و لەگەڵ تێپەڕینی کات قوڕەکە وەکو بەردی لێ هاتووە و جێگە پەنجەکانیشی لە خۆیدا پاراستووە. دوو تایبەتمەندی نائاسایی لەم پاشماوانەدا هەیە. زۆربەیان لەلایەن ئەو ژن و پیاو و منداڵانە دروست کراون کە بەر لە بەجێ هێشتنی جێگای پەنجەکە لەسەر قوڕەکە دەستیان خستۆتە نێو ڕەنگێکی شین یا زەرد. شوێن پەنجە بەجێماوەکان ئەوە دەردەخەن کە ئەوان سەرەتا دەستیان بەگوشارەوە دەخستە نێو قوڕەکە و پاشان ڕەنگێکیان بۆ دیاری کردنی دەستەکە لە دەوروپشتی شوێنی دەستەکە دەدا.

بەڵام پاشماوەیەکی قێزەون کە بەزۆری لە (گارگاس) بەرچاو دەکەوێ ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە زۆربەی ئەو مرۆڤانە تەنانەت منداڵەکانیش پەنجەیەک یاخود چەند پەنجەیەکیان نەبووە و لە هەندێ شوێندا هیچ شوێنی پەنجەیەک بەرچاو ناکەوێ و تەنیا بنی پەنجە هەڵکەندراوەکان بەرچاو دەکەوێ. ئەمە تەنانەت بۆ ئەو کەسانەش کە تەمەنێکیان لە لێکۆڵینەوەی ئەم جۆرە بابەتانەدا بەسەر بردووە پڕ لە نهێنی و نەناسراوە. بەڵام ئەم پاشماوانە لە بەردی نەرمی دیوارەکانی ئەشکەوتەکە ئەمڕۆکەش بەرچاو دەکەوێ

و پاش چەندین هەزار ساڵ بانگهێشتی مرۆڤی هاوچەرخ دەکات بۆ دۆزینەوەی ئەم نهێنییە.

***

وەرن ناوی (ماری) لەم کچە بچکۆلەیە بنێین کە ناوە ڕاستەقینەکەی شتێکی ترە، بەهۆی ناوەرۆکی نەخۆشییەکەی و شێوەی چارەسەرکردنەکەی، نەخۆشخانە نەیدەویست کە ناوە ڕاستەقینەکەی ئاشکرا بکرێت. لێرەدا باس لە بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرەکەی ئەم کچە دەکەین کە لە ئەرشیڤی نەخۆشخانە وەرگیراوە. کاتێ کە ماری تەمەنی یەک ساڵ بوو دوچاری نەخۆشییەک بۆوە کە پێی دەڵێن (نەخۆشی خەو) بۆ چەندین هەفتە ئەو لە نێوان مەرگ و ژیاندا پەلەقاژەی دەکرد و کاتێ کە قۆناغی مەترسیداری نەخۆشییەکەی تێپەڕاند بۆیان دەرکەوت کە نیوەی جەستەی لەسەرەوە تا خوارەوە لە کار کەوتووە. جگە لەوە ئەم کچە بچکۆلە چاوشین و قژ زێڕینە جوانە گۆڕانکارییەکی



زۆر لە کەسایەتیدا ڕووی دابوو. ئەو کە پێشتر وریا و هار و هاج بوو، ئێستا مۆن و تووڕە بەرچاو دەکەوت، بەبەردەوامی دەیقیژاند و هەموو جارێک کە دەستی بگەیشتایە بووکە شووشەکانی لەت و پەتی دەکردن. خراپتر لە هەمووان دوچاری لەرزێک بوو کە ڕۆژانە ١٠ تا ٢٠ جار هەموو جەستەی دەکەوتە لەرزین. بۆ ئەو پزیشکانەی کە ئاشنای ئەم جۆرە نەخۆشییە بوون زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە پێویستە ئەو کچە ڕەوانەی نەخۆشخانە بکرێت. کاتێ کە ئەوان کەوتنە ڕاوێژکردن و تێکڕا بڕیاریان دا کە ڕێگەیەک هەیە. شانسێکی کەم بۆ ماری بچکۆلانە تاوەکو بتوانێ لە بەربەرەکانێ لەگەڵ نەخۆشییەکەیدا سەربکەوێ. کاتێ کە توانای سەفەری هاتەوە بەر گواستیانەوە بۆ نەخۆشخانەی (وێسلی) لە (شیکاگۆ). بەسەرنجدان بەوەی کە نیوەی مێشکی بەرپرسیاری ئەو نەخۆشییە بوو پزیشکەکان بیریان لەوە کردەوە کە نەشتەرگەری لەسەر ئەو بەشەی مێشکی ماری دەتوانێ یارمەتی چاکبوونەوەی بدات. بەڵام ئەگەر لە نەشتەرگەرییەدا بەزیندوویی بمێنێتەوە! نەشتەرگەری نزیکەی ٤ کاتژمێر و ٣ دەقیقەی خایاند. لە ڕۆژی ١٤ی مانگی ئایاری



سالّی ١٩٥١ ئەوان بەشی ڕاستی مێشکیان هەڵگرت و ئاکامی نەشتەرگەرییەکە لەوە زیاتر بوو کە پزیشکەکان چاوەڕێیان دەکرد. لە ماوەی سێ هەفتە ماری بچکۆلە بەرەو پێشەوەچوونێکی باشی بەخۆوە بینی. نەخۆشخانە ڕایگەیاند کە لەو بڕوایەدان کە ئەو نیوە مێشکەی کە ماوەتەوە دەتوانێ کۆنترۆڵی هەموو جەستەی بکات. هەموو هەستەکانی بەباشی کاری دەکرد و لەرزینەکان کۆتایی پێهات. کچەکە هێشتا بەشی چەپی جەستەی کاری نەدەکرد بەڵام نیشانەی چاکبوونەوەی تێدا بەرچاو دەکەوت و لە هەمووان گرنگتر ئەوە بوو کە منالّە تووڕە و هار و هاجەی چەند مانگ لەوەوبەر دووبارە بووەوە بەمنالێکی هێمن و دەم بەخەندەی جاران. ئەوت وانی تەنیا بەنیوەی مێشکی دووبارە بەدەم ژیانەوە پێ بکەنێ و ئەمەش بەواتای موعجیزەیەکی زانستی سەردەمی ئێمەیە.

***

ئەپارتمانێکی گەورە لە باکووری شار، دزی لێکرابوو و چەندین بەڵگەنامەش بۆ کۆتایی هێنان بەدۆسیەی ئەم دزییە لەبەردەستدا بوو. دوو شاهید لە شوێنی ڕووداوەکە پۆلیسیان دڵنیاکردەوە لەوەی کە دزەکەیان لە کاتی هەڵاتندا ناسیوەتەوە. کات ڕۆژی ٤ی نیسانی سالّی ١٩٥٣ بوو و هەوڵی دزی کردنەکە لە کاتژمێر ٥ر١ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژێکی ساماڵ و ڕووناک درابوو ئەو کاتەی کە شاهیدەکان توانیویانە بەبێ هەڵە و بەڕوونی دزەکە بناسنەوە. ئەوان بەپۆلیسییان ڕاگەیاند دزەکە (ویلیام بروکز)ی تەمەن ٣٢ سالّە بووە، هەروەها ڕایانگەیاند کە ئەویان بینیوە کە پاش نەکرانەوەی دەرگای ئەپارتمانەکە لە بالّەخانەی تەنیشتییەوە ڕایکردووە. ئایا ئەم وتانە ڕاست بوون یاخود درۆبوون؟ کۆمیسەرەکانی پۆلیسی شیگاگۆ دەسبەجێ دزەکەیان دۆزییەوە. ئەوان دەرنەفیزێکیان لە ئۆمۆمبیلەکەیدا دۆزییەوە کە بەتەواوی لەگەڵ پاشماوە بەجێماوەکانی سەر دەرگای ئەپارتمانەکە وێک دەهاتەوە. لە دادگاییەکی ڕەمزیدا دادوەر بەدادگای گوت کە ئەو تاوانبارێکە کە پاش ئەوەی بەڵێنی شەرەفی لێ وەرگیراوە ئازاد کراوە و جەختی کردە سەر ئەوەی کە چونکە لەسەر دزی ڕاهاتووە سزای زیندانی هەتاهەتایی بەسەردا بسەپێنرێ. ئەم بابەتە بۆ تاوانبارە گەنجەکە زۆر لێڵ و تار بوو. (برو کز) کە پێشینەی خراپی هەبوو و هەروەها پارەشی نەبوو چاوەڕێی هیچ ئومێدێکی بەزەیی لە دادگا نەدەکرد و خۆشی هیچ کارێکی لەدەست نەدەهات. لە بەختی باشی ئەو لە ناکاودا و لەم کاتەدا وەستانێک لەکاری دادگادا ڕووی دا و ئەویان گەڕاندەوە بۆ زیندانەکەی تاوەکو چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی دادگا بکات کە ڕۆژی پاش ئەوە دەردەچوو. بەڵام ئەم کاتە بۆ ئەو کارەی کە ئەو

دەیویست ئەنجامی بدات بەس بوو. چونکە پارێزەرەکەی لەلایەن دادگاوە دانرا و کاتێکی باشی بۆ لێکۆڵینەوە لەو بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرە کە بروکز بۆی گێڕایەوە لەبەردەستدا بوو و کاتێ کە تاوانبار لە ڕۆژی دوایی لە دادگا ئامادە بوو پارێزەرەکەی بەسەرهاتێکی سەرنج ڕاکێشی گێڕایەوە لەسەر ئەو بنەمایەی کە ( بروکز) نەیتوانیوە ئەو تاوانەی کە داویانەتە پاڵی ئەنجامی بدات چونکە لە کاتی ڕوودانی تاوانەکەدا لە ڕووی یاساییەوە بەمردوو لەقەڵەم دراوە. (بروکز) لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی سەربازانی پێشووی جەنگ لە ژێر چارەسەری برینی گەدەیدا بووە و کاتێ کە لە مانگی ئاداری ١٩٥٣ لە نەخۆشخانە هاتۆتە دەرەوە بەڵگەنامەکانی لەگەڵ سەربازێکی تردا کە هەمان ناوی هەبووە گۆڕاوە. لەو ڕۆژەدا کە ئەو دزییەی کە پێی تاوانبار کرابوو ئەنجام درابوو (بروکز) چووبووە فەرمانگەی جێبەجێ کاری سەربازانی جەنگ لە باشووری شاری شیکاگۆ تاوەکو بیسەلمێنێ کە نەمردووە و هێشتاش دەتوانێ مانگانەی کەم ئەندامی جەنگی خۆی وەربگرێ. لە کاتژمێر یەک و ٤٤ دەقیقەی پاش نیوەڕۆی ئەو ڕۆژەی کە (بروکز) هێشتا لە فەرمانگەکە دانیشتبوو بروسکەیەک گەیشتە ئەوێ لەسەر ڕوونکردنەوەی ناسنامەکەی و دەیسەلماند کە ئەو بەڕاستی ئەو پیاوە نییە کە چەندین میل دوورتر و چواردە دەقیقە زووتر لەشوێنی ڕوودانی دزییەکە ئامادەبووە. بەسەلماندنی ئەم بەڵگەنامەیە دەوڵەت بۆی ڕوون بۆوە کە ئەو نەمردووە و ئەویش بەدادگای سەلماند کە لەم تاوانە بێ بەرییە.

***

ئەگەر ئێوە سەفەرێکتان بۆشاری (ستانتۆن) لە ویلایەتی ویرجینیا کردبێت لەوانەیە ئەو بابەتە سەرسوڕهێنەرەتان بینیبێت کە ئەویش گۆڕێکی کۆنە کە لە نزیکی جادەیەکە کە بەرەو شار دەڕوات. ئەم گۆڕە ٧ میل لە شارەوە دوورە و لەناو کێڵگەی کۆنی (ساموێل فریم) دایە. (فریم) و هاوسێ جوتیارەکانی ڕاهاتبوون لەسەر ئەوەی کە گەنمەکەی خۆیان ببەن بۆ ئاشێک کە خاوەنەکەی پیاوێک بوو بەناوی (پالمێر) تاوەکو بۆیان بکات بەئارد. ئەوان وەکو ساڵانی ڕابردوو لە ساڵی ١٨٧٠ گەنمەکەی خۆیان لە ئاشەکەدا دانا و چاوەڕوانی بارانی پاییز بوون تاوەکو ئاوەکە زۆر بێت و پالمێر بتوانێ گەنمەکانیان بۆ بکات بەئارد. لەو شەوەدا کە (ساموێل فریم) گەنمەکەی دەبرد بۆ ئاشەکە خەوێکی زۆر سەرسوڕهێنەر و زیندووی بینی. ئەو ڕۆژی پاش ئەوە بەخێزانەکەی گوت کە ئافرەتێکی بەجلوبەرگێکی نوورانی لە خەودا بینیوە کە ئاگاداری کردووە هەرچی زووتر گەنمەکەی لە ئاشەکە بێنێتە دەرەوە. چونکە لەو ڕۆژانەدا لافاوێک ئاشەکە وێران دەکات. (فریم) ڕۆژی



پاش ئەوە بەپەلە خۆی گەیاندە ئاشەکە و گەنمەکەی وەرگرتەوە. کاتێ کە بەهاوڕێکانی خۆشی گوت کە گەنمەکانیان وەربگرنەوە گاڵتەیان پێکرد. ئەو شەوە تۆفانێک هەڵیکرد و بارانێکی زۆری بەدواوە بوو و لافاو هەستا و ئاشەکە و هەرچی گەنمێکی کە تێیدا بوو لەگەڵ خۆی بردی. لەسەر بەردی گۆڕەکەی ساموێل فریم ئەم بابەتە هەڵکەندراوە: ساموێل فریم کە لەم کێڵگەیەدا ژیاوە و لێرەشدا مردووە و بەخاک سپێردراوە لە ڕۆژی ٢٢ی ئەیلولی ساڵی ١٨٧٠ی زایینی فریشتەیەک لە خەودا ئاگاداری کردۆتەوە کە گەنمەکەی لە ئاشەکەی پالمێر کە ئێستا بە(سپرینگ هیل) ناسراوە بێنێتە دەرەوە و ئەو ڕۆژی پاش ئەوە ئەم کارەی ئەنجام دا.

لە دوورگەی جامایکاش بەردی گۆڕێکی لەم شێوەیە هەیە کە لەسەری نووسراوە: لێرەدا (لیوایز گالدی) کە ڕۆژی ٢٢ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٧٣٦ لە تەمەنی ٨٠ ساڵیدا مردووە، بەئارامی نوستووە. ئەو لەناوچەی (مون پێلیەر)ی فەڕەنسا لە دایک بووە کە بەهۆی ئایینەکەیەوە ئەوێی بەجێ هێشت و لەم دوورگەیەدا نیشتەجێ بوو. لێرەدا بوو کە لە ساڵی ١٧٧٢ زەوی زاری کردەوە و ئەوی قوت دا بەڵام بەهۆی بەزەیی و توانای لە ڕادەبەدەری پەروەردگار بەلەرینەوەیەکی تر لە زەوی هاتە دەرەوە و کەوتە دەریاوە. بەڵام تا کاتێک کە سەرنشینانی پاپۆڕێک بینییان و ڕزگاریان کرد مەلەی کرد و بەم شێوەیە و بەموعجیزە لە مەرگ ڕزگاری بوو. بەردی گۆڕی کەسێکی نەناسراویش بەناوی (سیمانتا لێمێر) لە گۆڕستانی کەنیسەی (پرۆڤینس تۆڤن) لەویلایەتی (ماساچۆسێت)ی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندین ڕستەی سەرسوڕهێنەری لەسەر هەڵکەندراوە کە تاوەکو ئێستاش وەکو نهێنییەک ماوەتەوە. لەسەر ئەم کێڵەدا نووسراوە: (سیمانتا لێمێر)ی هاوسەر و دایکی ٩ منالی من. دڵی ئەو پاک بوو بەڵام بە تانە و سەرزەنشتەکانی ژیانی لە من تاڵ کردبوو. لە ڕۆژی ٤ی حوزەیرانی ساڵی ١٧٧١ی زایینی ئەو لەلایەن پەروەردگارەوە هەڵکێشرایە سەرەوە... زۆر باش بوو).

## ڕووناكییە ترسناكەكان



ڕووناكییە نەناسراوەكان، بابەتێكن كە جار بەجار لە هەواڵەكاندا دەبیسرێ. لەوانەیە بەناوبانگترین نموونەی ئەو ڕووناكییانە، ڕووناكییەكانی (كوێستانی قاوەیی) بێت لە ویلایەتی كارۆلینای باكوور لە ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا. ئەو ڕووناكییانە بەدرێژایی ١٥٠ ساڵ و هەندێ جار لە نزیكەوە بینراون، ئەوانە وەكو بازنەیەكی ڕووناكی مەیلەو زەرد یاخود هەندێ كات مۆر لە بەشی سەرووی ئەو كوێستانە دا بینراون، ئەو كەسانەی كە ئەو ڕووناكییانەیان لە نزیكەوە بینیوە دەڵێن كە دەنگێك وەكو كوڵانی ئاو یاخود سور كردنەوەی شتێك لەناو ڕۆن گەرمییان لێ بەرز دەبێتەوە و هەندێ لە زانایانیش كە بینیویانە بەڕەنگدانەوەی ڕووناكی لایتی ئۆتۆمبیلی دەزانن، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمانە ئەوەیە كە ئەم ڕووناكییانە بەر لەوەی كە ئۆتۆمبیل و لایتەكانی دروست بكرێت لەم شوێنەدا بینراون. شاری (هۆرنیت) لە ویلایەتی (میسوری) ئەمریكا كە شوێنی بینینی یەكێكی تر لەم ڕووناكییانەیە ناوبانگێكی باشی لەم ڕووەوە بەدەست هێناوە. ئەو ڕووناكییانەی شاری هۆرنێت بۆ یەكەمین جار لە ساڵی ١٩٠١ بینرا. بەپێی وتەی ئەو كەسانەی كە بینیویانە تۆپێكی پرتەقاڵی و درەوشاوەیە كە هەموو ساڵێك لە شەوەكانی هاویندا لەناوچەیەكی دیاریكراودا دەدرەوشێتەوە. ئەگەر بتانەوێ شوێنی درەوشانەوەی ئەو ڕووناكییە نەناسراوە ببینن لە ١٢ میلی باشووری ڕۆژئاوای (جۆبلێن) یاخود ڕاستتر بلێین لە دوومیلی باشووری ڕۆژئاوای شاری هۆرنێت لە تەنیشت جادەیەكی خۆڵ و بەدروستی لە تەنیشت جادەی ویلایەتی ژمارە ٤٣ی میسوورییە. تاوەكو ئەمڕۆ چەندین جار لە ڕووناكی هۆرنێت وێنەی فۆتۆگرافی گیراوە و بەفیلمی خێرایی زۆر كە كارەكە ئاسانتر دەكا گەیشتوونەتە ئەو ئاكامەی كە تەنیا خاڵێكی بازنەیی و ڕووناكە و ئەمەش تەنیا ئەوە دەسەلمێنێ كە ئەوە بەڕاستی ڕووناكییە بەڵام



سەرچاوەكەی نادیارە. ئەم ڕووناكییە بەشێوەی ئاسایی بەدرێژایی جادەیەك كە نزیكەی یەك میل و نیو لە باشووری سنووری ویلایەتی میسوورییەوە دوورە بینراوە. ئەو جادە خۆڵە لەو خاڵەدا دەگاتە دارستانێكی بەڕوو كە لە نزیكی جادەكەدایە. ئەو ناوچەیە لە كاتی شەواندا شوێنێكی زۆر ترسناكە و ئەو ڕووناكییەش ئەو ناوچە تاریك و سەرسوڕهێنەرە ترسناكتر دەكات.

***

شێوەی دەركەوتنی ئەو ڕووناكییە هەموو شەوێك لەشەوی پێشتر جیاوازبوو و بەشێوەی گشتی ئەم ڕووناكییە بەسەر جادەكەو بەبەرزایی ٤ تا ١٠ پێ دەردەكەوت. كە تەنیا تۆپێكی سپی درەوشاوە بەقەد تۆپێكی تێنس دەبوو. هەندێ كات بەخێرایی فیشەك لە جادەكەدا دەڕۆیشت لە كاتێكدا كە ڕەنگەكەی لە زەردەوە دەبووە پرتەقاڵی بەشێوەیەك دەوەستا كە وا دەزانرا كە لە دیوارێكی بلۆك دراوە. وا دەهاتە پێش چاو كە ئەم ڕووناكییە لە ئۆتۆمبێل یا ئەو كەسانەی كە بەوێدا تێدەپەڕن بێزار بێت چونكە كاتێ كە ئۆتۆمبێل یا كەسێك دەهات ئەو ڕووناكییە هەڵدەهات یاخود ون دەبوو و ساتێك پاش ئەوە سەدان پێ لەولاتر لە خاڵی یەكەمدا دووبارە دەردەكەوتەوە.

بەسەرنجدان بەوەی كە ئەم دەركەوتنە لەسەر جادەیەكی خۆڵ ئەنجام دەدرا زۆر كەس هەوڵیان دەدا كە ئەوە بسەلمێنن كە ئەم ڕووناكییانە ڕەنگدانەوەی لایتی ئۆتۆمبیلەكانە. بەڵام ئەمە سەبارەت بەكوێستانی قاوەیی دوور لە ڕاستییە. لە هۆرنێت تاوەكو ساڵی ١٩٦٢ هەندێ كەس توانیویانە كاتێ كە ئەو ڕووناكییە دەردەكەوێ گەمارۆی بدەن. ئەگەر ئەم دیاردەیە جگە لە ڕەنگدانەوەی لایتی ئۆتۆمبیلەكان شتێكی تر نەبێت دەبوایە تەنیا ئەو كەسانە ببینن كە بەرەو سەرچاوەی ڕووناكییەكە واتە لایتی ئۆتۆمبیلەكە دەڕۆن بەڵام لە ڕاستیدا ئەم ڕووناكییە لە هەموو ئەو شوێنانەی كە دەیڕوانیە ئەو جادەیە بەرچاو دەكەوت. ئەو كەسانەی كە توانییان ئەو ڕووناكییە گەمارۆ بدەن گەیشتنە نزیكی ٢٠ تا ٣٠ پێی ڕووناكییەكە بەڵام لەناكاودا كوژایەوە و بەشێوەیەكی سەرسوڕهێنەر چەند چركەیەك پاش ئەوە بەسەر خاڵێكی تر لەو نزیكانە دەستی بەدرەوشانەوە كرد.

***

لەماوەی شەڕی جیهانی دووەمدا بەشی ئەندازیاری سوپای ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا چەند كەسێكی بەكەرەستە و پێداویستی تەواوەوە ناردە شوێنی دەركەوتنی ئەو ڕووناكییە لە هۆرنێت. ئەوان سوودیان لە تەلیسكۆپ، دووربین. كەرەستەی پشكنین و

سیخوڕی پێشکەوتوو وەرگرت. ئەوان چەندین تاقیکردنەوەیان لە ئەشکەوتەکان و سەرچاوەی ئاوە کانزاییەکانی ئەو ناوچەیە ئەنجام دا و هیچ شتێکیان جگە لەو ڕووناکییە بزۆک و سەرسوڕهێنەرە نەدۆزییەوە کە لەسەردەمی سوورپێستەکانی خێڵی (کواپاو)ەوە دەردەکەوت. بەسەرنجدان بەوەی کە سوور پێستەکان هیچ ئۆتۆمبیلێکیان نەبوو تاوەکو ئەو ڕووناکییە بەڕەنگدانەوەی لایتەکانی بزانن زۆر بەساکاری ناوی (ڕووناکی ڕۆحەکان) یان لێ نابوو بەهەر حاڵ ئەو ڕووناکییە هەرشتێک بێت هەمیشە و لە هەموو کاتێکدا لەوێ بووە.

***

لەنێوان ئەو ڕووناکییە سەرسوڕهێنەرانەی کە هەندێ کات لە هاوینە هەوارەکاندا دەبنە هۆی سەر لێشێوانی خەڵک، بازنەیەکی ڕووناک لە گۆڕستانی (سیلڤەرکلیف) لە ویلایەتی کۆلۆرادۆ بەرچاو دەکەوێ. ئەم ڕووناکی یا ڕووناکییانە بۆ یەکەمین جار لەلایەن ڕێبوارێکەوە لە ساڵی ١٩٥٦ دا بینرا.

تۆپێکی ڕووناک مەیلەو شین و بەقەد تۆپێکی یاری سەبەتە. هەندێ کات ٢ دانە لەم تۆپە ڕووناکانە دەبینرا و هەندێ کاتیش ٣ دانەیان لەیەک کاتدا لێ بینراوە. (ڕال دوال) کە گۆڤاری (وێت مۆنتاین تریبۆن) لە شاری وێست کلیف لە یەک میلی ڕۆژئاوای سیلڤەرکلیف بڵاودەکاتەوە یەکێک لەو پەنجا کەسە بوو کە شەوێکیان لە دەوروپشتی گۆڕستانەکە بەشوێن ئەو ڕووناکییەدا ڕۆیشتوون. هەوڵەکانیان بێهودەبوو چونکە تاوەکو دەیانویست لەو ڕووناکییانە نزیک ببنەوە بەئاسانی ون دەبوون تاوەکو دووبارە لە خاڵێکی تیرداو کەمێک دوورتر لە خاڵی یەکەم دەربکەونەوە. ئەو گۆڤارە بەم شێوەیە نووسی: ڕووناکییەکان لەسەر کێلی گۆڕەکاندا و لەنێوان بۆشاییدا وەستابوون بەڵام هەندێ کات لەسەر زەوی و هاوشانی بالای مرۆڤ دەردەکەوتن، ئەم ڕووناکییانە بەوشێوە پڕ نهێنییەی کە هاتبوون ڕۆیشتن و نهێنیەکەشیان لەگەڵ خۆیاندا برد.

***

پێویستە ئەو ڕووناکییانەش کە لە شارەکانی (گۆنزالێس) (لوییزیانا) و ( سافولک کانتی) لە ویلایەتی ڤیرجینیا بینراون بخرێنە ناو ئەم لیستە سەرسوڕهێنەرەوە. ڕووناکییەکەی لوییزیانا بۆ یەکەمین جار لە مانگی نیسانی ١٩٥١ لە نزیکی جادەی خۆڵی نێوان (گۆنزالێس) و (گالۆز) سەرنجی خەڵکی بولای خۆی ڕاکێشا. سەرۆکی پۆلیس (هیکلی واگیۆسپاک) لەنێوان ئەو دەیان کەسەدا بوو کە ئەو تۆپە ڕووناکە



ترسناکەیان بینی کە نزیکی جادەکە و بەسەر درەختەکانی نزیک لەوەرگاکەدا دەدرەوشایەوە. ئەم ڕووناکییەش کاتێ کە چەند کەسێک لێی نزیک بوونەوە دەکوژایەوە و چەند چرکەیەک پاش ئەوە لە شوێنێکی دوورتر دەردەکەوتەوە. لە ٥ی ئاداری ١٩٥١ دانیشتوانی (سافولک کانتی) لە ویرجینیا شەوانە پەڵەیەکی ڕووناکیان دەبینی کە نزیکەی پێنج پێ لەسەر جادەی ئەو گوندەی کە بە(جاکسۆن ڕود) بەناو بانگە دەردەکەوت. ئەوانەی کە تەمەنیان هەبوو دەیانگوت کە ئەم ڕووناکییە نوێ نییە و ئەوان و باو و باپیرانیشیان ئەم ڕووناکییەیان پێشتر ناسیوە. پۆلیسێکی ویلایەتی بەناوی (دامرون) لە ویرجینیا کە بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارەیەوە دەستنیشان کرابوو دەڵێ ڕووناکیەکە ئەوەندە بەهێز بوو کە لە شەمەندەفەرێک دەچوو کە لە جادەوە بێت. (سی. ئێس. هاوڵ) کە لێپرسراوێکی هێڵی شەمەندەفەر بوو لە (نۆرفۆلک) کە ئەم دیاردەیەی بینیبوو ڕاستی قسەکانی ئەو پۆلیسەی دەسەلماند ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە لە شارێگەی ژمارە ٩٠ی نێوان مارفا و ئالپاین لە تەگزاس تێدەپەڕین زۆر جار ڕووناکییەکی ترسناکیان دەبینی کە لە دەوروپشتی لوتکەیەکی بچووک لە کوێستانی (چی ناتی) دەسووڕایەوە. ئەو کەسانەی کە لە ڕێگەی دووربینی بەهێزو تەلیسکۆپەوە ئەم ڕووناکییەیان بینیوە دەڵێن کە بەشێوەی ئاسایی وەکو خاڵێکی بچووک دەردەکەوێ پاشان هەندێ کات بەشێوەی تۆپێکی درەوشاوە دەردەکەوێ کە ڕووناکییەکی سپی بەهێزی وەکو لایتی پێشەوەی شەمەندەفەر هەیە. هەندێ کات لەناکاودا دەکوژێتەوە بەڵام بەشێوەی ئاسایی درەوشانەوەکەی لاواز دەبێت و پاشان دەکوژێتەوە و هەڵدەبێتەوە تاوەکو لەبەرچاوان ون دەبێ.

***

ئەم ڕووناکییە زیاتر لە ٨٠ ساڵە کە دەبینرێ و وا دەردەکەوێ کە سوور پێستەکان پێشتر ناسیویانە و بەڕۆحی سەرۆکی خێڵی (ئاپاچی) دەزانن کە بۆ هەتا هەتایە لەو کوێستانە دا سەرگەردانە. زۆر ڕوونکردنەوە سەبارەت بەم دیاردەیە لە ئارادایە وەکو غازی زەلکاو و نیشتەنەکانی یۆرانیۆم و ڕەنگدانەوەی ڕووناکی مانگەشەو لەسەر نیشتنەکانی میکا. جێگەی سەرسوڕمانە چونکە هیچ زەلکاوێک لە کوێستاندا نییە و هیچ پێکهاتەیەکی یۆرانیۆم لە لوتکەکاندا نەدۆزراوەتەوە و سەبارەت بەڕەنگدانەوەی تیشکی مانگەشەو ئەو شەوانەی کە مانگ لە ئاسماندا نادرەوشێتەوە ئەم ڕووناکییە چۆن دەبینرێ؟ ئەم ڕوونکردنەوانە لە خودی دیاردەکە سەرسوڕهێنەرترن.

***

# نەفرەتی سیحرباز

لەماوەی سەردەمی (ڕاوکردنی جادووگەران) کە زیاتر لە ٣ سەدە هەموو ئەورووپای گرتەوە هەزاران کەسی بێ تاوان بەتایبەتی ئافرەتانی بەتەمەن کە بەبیانووی ئەوەی کە بەهۆی سیحر و جادووەوە ڕێگە لە بەختەوەری کەسانی تر دەگرن خرانە ژێر ئەشکەنجە و کوژران. بە وتەی دکتۆر (چارلز ماکای) ئەم شێوە لە تاوانە یاساییبە بووە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٦٠٠ کەس تەنیا لەوڵاتی ئەڵمانیا و جگە لەوە ئەفسانەیەکیشی هێنایە سەر زاری خەڵکی سەبارەت بەنەفرەت دژی بنەماڵەی بەهێز و دەوڵەمەندی (دوک بیدفۆرد). یەکێک لە ئەندامانی ئەم بنەماڵەیە بەپێی ڕاپۆرتە بەدەست گەیشتووەکان لە سووتانی ئافرەتێکی بەتەمەن بەتۆمەتی جادووگەری ڕۆڵی سەرەکی هەبووە. شاهیدەکان ئەو کەسانە بوون کە ڕقیان لەو پیرەژنە بووە و هەروەها هەندێ کەسی نیوە شێت و گومان لێکراویش بەقسەکانیان دژی ئەو ئافرەتە بوونە هۆی سەپاندنی سزای مەرگ بەسەریدا. بەسەرنجدان بەوەی کە تەنیا بەرگری کردنی ئەو نکۆڵی کردن و ڕەتکردنەوەی ئەو تاوانە بوو کە بەسەریدا سەپابوو تەنیا ئومێدیشی بەزەیی (دوک بیدفۆرد) بوو کە ئەویش تەنانەت بچووکترین هەوڵی بۆ ڕزگارکردنی ئەو پیرەژنە بەدبەختە نەدا. پیرەژنەکە لە کاتێکدا کە دڵی پڕبوو لە ئێش بەرەو شوێنی سووتانەکە بەڕێ کەوت و لەوێدا بەهەمان شێوە کە ئاگریان لەو دارانە بەردەدا کە لە دەورووپشتی هەڵچنرابوو ڕایگەیاند کە داوای مەرگێکی ترسناکی بۆ ئەو بنەماڵەیە لەخوا کردووە.

***

هەندێ کەس لەو بنەماڵەیە کە ژمارەیەکی زۆریش بوون بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر یەک لە دوای یەک گیانیان لەدەست دا و ئەمەش بەتایبەتی لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ڕووی دا: لە ساڵی ١٩٣٧ (دۆشێس بیدفۆرد) بەهۆی بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی حەبی خەو مرد. دایکی (دوک) کە لەتەمەنی ٦٤ ساڵیدا فێری فڕۆکەوانی دەبوو و بە(دوشێسی باڵندە) ناسرابوو کاتێ کە لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا بەفڕۆکەکەی لە زەوی بەرز بۆوە ئیتر هەرگیز نەگەڕایەوە. چارەنووسی (دوک بیدفۆرد) یش بەبەردەوامی چیرۆکی (نەفرەتی جادووگەر) وەبیر خەڵکی دێنێتەوە. چەندین ڕۆژ بوو کە باڵندەکانی دوک لەلایەن بازێکەوە هێرشیان دەکرایە سەر. دوکیش بڕیاری دا کە ئەو بازە بکوژێ. ئەو



ڕاوچییەکی زۆر شارەزا بوو. تفەنگەکەی پڕ کرد و ڕۆژێک سەرلەبەیانی چووە کەمینەوە بۆ کوشتنی بازەکە بەڵام لە کاتێکدا کە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەفیشەک کوژرابوو لاشەکەی دۆزرایەوە. ڕاگەیاندنی ڕەسمی باس لەوە دەکات کە ئەو بەهەر شێوەیەک بێت کەوتۆتە خوارەوە و بەتفەنگەکەی خۆی کوژراوە بەڵام کاتێ کە سەرنج دەدەینە هەموو لایەنێکی ئەم ڕووداوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە دوک بەهەر شێوەیەک کوژرابێت مەرگێکی سەرسوڕهێنەری تر چووە سەر لیستی مەرگە پڕ لە نهێنی و سەرسوڕهێنەرەکانی بنەماڵەی (دوک بیدفۆرد). ئەو بنەماڵەیە دروشمێکیان هەبوو کە ترس لە نەفرەتی ئەو پیرەژنە تیایدا بەرچاو دەکەوێ ئەو دروشمە دەڵێ: ئەوەی بڕیارە ڕووبدات، روو ئەدات.

***

(دۆن ئانتۆنیۆفلیز) خاوەنی زەویوزارێکی زۆر بوو کە لە ڕێگەی وڵاتی مەکسیکەوە پێی بەخشرابوو. ئەو پیاوێکی سەرکەوتوو و یەکێک لە دەوڵەمەندترین پیاوانی کالیفۆرنیا بوو لە سەردەمی خۆیدا. ئەو تەمەنێکی درێژی بەسەر برد ئەگەرچی ژیانیشی زۆر شاد نەبوو و لەکاتی مردنیدا هیچ وارسێکی لە پاش خۆی بەجێ نەهێشت. فلیز بەهیچ شێوەیەک خۆشەویستی خۆی سەبارەت بەبرازایەکی بەناوی (دونا پترانیلا) نەدەشاردەوە دونا لەو بڕوایەدا بوو کە بەشێکی زۆر لە دارایی فلیز بەر ئەو دەکەوێ و فلیزیش لە کاتی ژیانیدا ئەمەی دەسەلماند بەڵام تەنیا وەسیەت نامەیەک کە لە فلیز دۆزرایەوە بەهیچ شێوەیەک باس لەو ئافرەتە ناکات و بەسەرنجدان بەوەی کە ئەم وەسیەت نامەیە تەنیا شتێک بوو کە بۆ بڕیاردان لەسەر بڕیاری دادگا لە بەردەستدا بوو دوناپترانیلا جگە لە ئەرکی هاتوچۆی بەردەوام بۆ دادگا هیچ شتێکی تری پێ نەبڕا. دونا پترا نیلا هاواری کرد گوتی کە فێڵی لێ کراوە و لەوانەشە وا بووبێت بەڵام ئەو هەرگیز ئارامی نەگرت. ئەو لە ساڵی ١٨٦٣ واتە لەکاتی مردنیدا زۆر پیر ببوو و چەندین ساڵ بوو کە باری ئەو ناکامییەی بەشانەوە بوو. دونا پترانیلا لە جێگەی مەرگدا نەفرەتی خۆی بۆ (دۆن ئانتۆنیۆ کورونل) واتە ئەو کەسەی کەسامان و دارایی فلیزی پێگەیشتبوو نارد، لە دوایین ساتەکانی ژیانیدا دونا هاواری کرد کە وشکساڵییەک بەسەر زەویوزاری ئەو دا دێت!

***

ئەم نەفرەتەی دونا پترانیلا بەشێوەیەک (دۆن ئانتۆنیۆکورونل) ی دوچاری ترس کردەوە کە دەسبەجێ خاوەندارێتی ئەو زەوییانەی گواستەوە سەر وەکیلەکەی تاوەکو ڕێگە لەم

نەفرەتە بگرێ. وەکیلەکەی کورونل بەهیچ شێوەیەک بڕوای بەنەفرەتی پیرەژنان نەبوو دەسبەجێ هەموو سەرچاوەکانی ئاوی ئەو زەویوزارانەی بەنرخی ٨٠٠٠ دۆلار فرۆشت. دۆن ئانتۆنیۆ کورونل کە هەمان شەو بەبۆنەی سەرکەوتنی لەم بازرگانییەدا ئاهەنگێکی سازدابوو. لە کاتێکدا کە هەمووان مەست بوون لە خانووەکەی خۆیدا کوژرا. کێڵگەکەی فلیز پاش ئەو ڕووداوە بووە مڵکی (لیۆن بالدوین)ی دەوڵەمەند بەڵام ئەویش کاتێ کە بەرووبوومی یەک ساڵی ئاگری گرت و سووتاو نەخۆشییەکی نەناسراو مەڕومالاتەکەی قڕکرد چیتر هیچ شتێکی بەدەستەوە نەما و خۆی لە قووڵایی چاڵی هەژاریدا بینییەوە. ئەو نەفرەتەی کە دونا پترانیلا لە دوایین، ساتەکانی ژیانیدا بەسەر زەویوزارەکانی دۆن ئانتۆنیۆفلیزی داباراند لە ساڵی ١٨٨٤ بووە ڕاستی. بارانێکی ترسناک ڕێژەیەکی زۆر ئاوی ڕەوانەی ناو ڕووباری لۆس ئەنجلۆس کرد و بەیەکجاری هەموو خاکی ئەو زەویوزارانەی لەگەڵ خۆیدا برد. پاش ئەوە بەشێکی زۆری ئەو کێڵگەیە بووە پارکی (گریفیس) کە تاوەکو ئێستاش هەرماوە. بەڵام ئەو نەفرەتە هەر بەردەوام بوو لە ڕۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٣ بەهۆی پڕۆژەیەکی دەوڵەتییەوە دەست کرا بەپاککردنەوەی پارکەکە بەڵام ئاگر کەوتنەوەیەکی تیایدا ڕووی دا و ٢٧ کرێکار لە ئاگرەکەدا ئابلوقە درابوون کە لە ئەنجامدا هەر ٢٧ کرێکارەکە بەزیندوویی لە ئاگرەکەدا سووتان و گیانیان لەدەست دا. لەو کاتەوە تاوەکو ئێستا چیتر هیچ کارەساتێکی تر لەو شوێنەدا ڕووی نەداوە و وا پێدەچێ کە نەفرەتی دوناپترانیلا تەنیا بۆ ماوەی ٧٠ ساڵ کاریگەر بووبێت ئەو نەفرەتەی کە لە ئەنجامی خواردنی مافی ئافرەتێکەوە سەری هەڵدا و کورد گوتەنی (خوا حەقی بزنی بێ شاخ بەسەر بزنی شاخدارەوە ناهێڵێ) تەنانەت ئەگەر دوای مردنیش بێت.



## سانسۆر و دەفری فڕیو

سەرسوڕهێنەرترین بابەتی چاپەمەنی لە ساڵەکانی کۆتایی سەدەی بیستەم بڵاوکردنەوەی ساڵنامەی چاپەمەنی هێزی ئاسمانی ئەمریکایە و ڕای گشتی دڵنیا دەکاتەوە کە هێزی ئاسمانی چەندین ملیۆن ڕاپۆرتی سەبارەت بەدەفرە فڕیوەکان خستۆتە ژێر لێکۆڵینەوە بەڵام هیچ ڕاستییەکی تێدا نەدۆزیوەتەوە. بڵاوکراوەکانی هێزی ئاسمانی بەوردی و سەرنجەوە داڕێژراوە و خەڵکانێکی زۆری فریوداوە بەڵام نەیتوانیوە بەهیچ شێوەیەک ڕاستییەکان بگۆڕێ. تەنیا پەردەیەکی گومانی بەسەر ڕاستییەکاندا داوە. ئایا بەڕاستی هیچ شتێک لە ئاسماندا هەیە؟ ئایا بەڕاستی شتێک وەکو دەفری فڕیو یا شتە فڕیوە نەناسراوەکان بوونیان هەیە یاخود زادەی بیری ئەفسانە خوڵقێنی مرۆڤە؟ فڕۆکەوان و سیناتۆری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (باری گۆڵدواتەر) وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە. ئەو لە نامەیەکیدا بۆ کۆمیتەی لێکۆڵینەوەی نەتەوەیی سەبارەت بەدیاردە ئاسمانییەکان ڕایگەیاند کە: دەفرە فڕیوەکان یا شتە فڕیوە نەناسراوەکان یا هەر ناوێکی تر کە دەتانەوێ لێیان بنێن، ڕاستەقینەن. یاریدەدەری دەریاسالار (هیلێن کوێرتێر) خانەنشینی هێزی دەریایی ئەمریکا و سەرۆکی پێشووی (C.I.A) لەم بابەتە دا لەگەڵ سیناتۆر گۆڵدواتەردا هاوڕایە چونکە لەو کاتەدا کە ئەو سەرۆکی (C.I.A) بوو واتە لە زستانی ساڵی ١٩٥٢ چەندین دەفری فڕیوی لە دەورووپشتی کۆشکی سپیدا بینیوە.

دەریاسالار (دێلمار ئێس، فارنی) خانەنشینی هێزی دەریایی ئەمریکا دەڵێ: ڕاپۆرتە بڕواپێکراوەکان باس لەوە دەکەن کە هەندێ شتی نەناسراو بەخێراییەکی لە ڕادەبەدەر دێنە ناو کەشی گۆی زەوی و شێوەی بزاوتنیان ئەوە دەردەخات کە ئەوان لە ژێر فەرماندەیی بوونەوەری زیرەکدان. جەیمز هاوارد کە ئەفسەرێکی فڕۆکەوانی شارەزای سوپای بەریتانیایە لە کاتێکدا کە لەنێوان دوو کەناری ئۆقیانوسی ئەتڵەسیدا بەفڕۆکەکەیەوە دەفڕێ لەگەڵ کارمەندانی فڕۆکەکەو ئەو کەسانەی تریش کە لە فڕۆکەکەدا بوون دەفرێکی فڕیوی گەورەو ٦ دەفری فڕیوی بچووکتریان بینی. ئەو دەڵێ: ئێمە لەو بڕوایەداین کە ئەو شتانەی کە بینیومانە دەفری فڕیوبوون کە شێوەی داڕشتن و کرداریان لە توانای مرۆڤ بەدەرە. ئەستێرە ناسانیش ڕاگەیاندنی ڕەسمییان سەبارەت بەم بابەتە بڵاوکردەوە. پێری ویکلینز کە لێکۆڵەرەوەیەکی بەناوبانگە دەفرێکی فڕیوی درەوشاوەی لە نزیکی ئەو

فڕۆکەیەدا بینی کە ئەوی تێدا بوو ئەو دەڵێ: من دەفرێکی فڕیوم بینی کە شێوەی دەرەکی و شێوەی کارکردنی بەهیچ شێوەیەک لە دروستکراوی دەستی مرۆڤ نەدەچوو. فرانک هالستید کە بۆ ماوەی ٢٥ ساڵ سەرۆکی ڕوانگەی ئاسمانی درالینگ بوو لەشاری (دولوت) کە سەر بەزانکۆی (مینەسوتا )یە چەندین جار ئەم شتە نا ئاسایییانەی بینیوە و کردوویەتی بەڕاپۆرت. ئەو دەڵێ: قەبارەی ئەو دەفرە فڕیوانە زۆر زۆر گەورەبوو کە بینینیان منی دوچاری سەرسوڕمان کردەوە. مرۆڤایەتی دەبێ خۆی بۆ ئەو ڕاستییە ئامادە بکات کە ئێمە دەبینە میوانداری میوانە نەناسراوەکانی نێو بۆشایی.

***

کلارید تۆمبۆ ئەستێرەناسی پێشووی ڕوانگەی ئاسمانی (لۆوڵ) لە ( فلاگستاف) لەگەڵ هاوسەر و کچەکەیدا مانۆڕی دەفرێکی فڕیوی سەرسوڕهێنەرو درەوشاوەیان بەسەر دەشتی نزیک ماڵەکەیانەوە بینی ئەو دەڵێ: لە هەموو ئەو ساڵانەی کە دەمڕوانیە نێو بۆشایی شتێکم نەبینیوە کە بچکۆلەترین لێکچوونی لەگەڵ ئەو دەفرە فڕیوەدا هەبووبێت. ئەم شتە کۆنترۆڵ دەکرا من دڵنیام. هەستم کرد کە ئێمە خەریکی بینینی کەشتیەکی ئاسمانین. (گۆردۆن کوپەر)ی بۆشاییگەر کاتێ کە ئەم وتانەی خوارەوەی دەربڕی لە ڕاستیدا بەختی خۆی لە بەرامبەر سنوورەکانی سانسۆردا تاقی کردەوە: من بڕوام بەچیرۆکی دێو و فریشتە نییە بەڵام تا ئەو شوێنەی کە پەیوەندی بەمنەوە هەیە ژمارەی ڕووداوی باس نەکراوی بینینی دەفرە فڕیوەکان لە هەموو دنیادا زیاتر لەوەیە کە ئێمە بمانەوێ ئەگەری هەبوونی جۆرێک لە ژیان لە دەرەوەی جیهان لە بەرچاو نەگرین. ئەگەر ئێمە بمانەوێ ئامادەبوونی دەفرە فڕیوە نەناسراوەکان کە بینراون و لە سەرانسەری جیهاندا وێنەیان گیراوە قبوڵ بکەین کەواتە ئاکامێکی ژیرانەیە کە بڵێین کە ئەوانە کەشتی ئاسمانی کۆنترۆڵ کراون و لەلایەن بوونەوەرانێکی زیندوو و تایبەت لە شوێنێکی جیهانەوە ئەم کۆنترۆڵ کردنە زیرەکانەیە ئەنجام دەدرێ. لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٦٢ دکتۆر (کارل ساکان) ڕاوێژکاری ژیانی سەروو زەمینی لە ڕاژەی سوپای ویلایەتە یەکگرتووەکان لەبەرامبەر کۆمەڵەی موشەکی ئەمریکا وتی: ئێمە پێویستە بۆ ئەم گریمانەیە کەلەلایەن بوونەوەرانی زیرەکەوە لە بۆشاییدا بەسەر دەکرێینەوە خۆمان ئامادە بکەین و ئەم گریمانەیە کە بۆ ئەم سەردانە نهێنیانە سوودیان لە پایەگاکانیان لە سەرمانگ وەرگرتووە بخەینە ژێر لێکۆڵینەوەوە.

***



دکتۆر هارۆلد ئورەی ئەندامی ئەنجومەنی مەریخ ناسی و زانای ناوەکی بەناوبانگ لە بڵاوکراوەیەکدا بەم شێوەیە ڕایگەیاند کە: ئەگەری ئەمە سات لەدوای سات زیاترە کە ژیانێکی تر لە جیهانێکی زیرەکتر لە ئێمە بوونی هەیە. دکتۆر (هارلۆ شاپلەی) بەڕێوەبەری ڕوانگەی (هارڤارد) لەبەرامبەر وتەکەی دکتۆر ئورە دا دەڵێ: ئێمە ئێستا پێویستە ئەوە بزانین کە چەندین جیهانی تر بەبوونەوەری زیرەکەوە بوونیان هەیە.

لە ڕۆژی ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣ سەرتیپ (جان مەک دەیڤید) یاریدەدەری فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان کە لە زانکۆی (میلی کین) لەشاری دیکاتۆر وتاری دەخوێندەوە بەئامادەبووانی ڕاگەیاند: خەڵک ناچار دەبن لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەم ڕاستییە قبوڵ بکەن کە زەوی دەنکە هەرزنێکی تەنیا نییە لە گەردوونی بێ کۆتاییدا. مرۆڤ تەنیا یەکێک لە شێوەکانی ژیانە کە لە ژێر ڕەحمەت و چاودێری پەروەردگاردایە و پێویستە ئەوەش بزانین کە بوونەوەری تر هەیە کە زۆر لە ئێمە سەرووترە لە هەموو ڕوویەکەوە. کەشتییە ئاسمانییە سەرسوڕهێنەرەکان کە لە ئاسماندا دەسووڕێنەوە و خاوەن تایبەتمەندی کرداری زۆر پێشکەوتووترن لە کەرەستەکانی دروستکراوی دەستی مرۆڤ زانا هەڵکەوتوو و لێپرسراوە پایەبەرزەکانی ئەمریکای بێزار کردووە. ئەگەر بمانەوێ بڕوا بەپڕوپاگەندەی هێزی ئاسمانی بێنین لەسەر ئەو بنەمایەی کە بوونەوەر و کەرەستەی لەم جۆرە بوونیان نییە پێویستە ڕای ئەو کەسایەتییە هەڵکەوتووانەی کە باسمان لێوە کردن بەدرۆ لەقەڵەم بدەین. سەرەڕای پڕوپاگەندەی هێزی ئاسمانی بەڵگەی نکۆڵی لێ نەکراو لەبەر دەستدایە کە دەیسەلمێنێ کە ئەوان مەبەستیان تەنیا چەواشەکردنی ڕای گشتییە چونکە خۆشیان بڕوایان بە وتەکانی خۆیان نییە و کار بەئامۆژگارییەکانی خۆیان ناکەن بۆ نموونە: هێزی ئاسمانی نکۆڵی لەوە دەکات کە لە شەوی ١٣ی ئابی ١٩٥٢ چەندین شتی فڕیو و نەناسراو بەسەر شاری واشنتۆندا بینراون ماوەیەک پاش ئەوە دامەزراوی فڕۆکەوانی مەدەنی ڕاپۆرتی (پێشکەوتنی هونەری) بەژمارە CAA - ١٨٠ بڵاوکردەوە کە هەموو ئەو ٦٨ دەفرە فڕیوەی ڕیزبەندی کردووە کە لەشەوی ١٣ی ئابی ١٩٥٢ لە ئاسمانی پایتەختی ئەمریکادا بینراون و هەروەها چۆنیەتی مانۆڕیان لەسەر پەردەی ڕادار و لیستی فڕۆکە بازرگانی و ئەو فڕۆکەوانانەی کە لەو شەوەدا دوچاری ئەو ڕووداوە بوونەتەوە نیشان دەدات.

***

تەنانەت هێزی ئاسمانیش بڕوای بەبوونی دەفرە فڕیوەکان هەیە چونکە لە کتێبی

ڕێنمایی زانیاری هێزی ئاسمانی بۆ ڕێنمایی ئەو کارمەندانەی کە پەیوەندییان بەلێکۆڵینەوە لەسەر دەفرەفڕیوەکان هەیە وێنەی دەفرێکی فڕیو بەرچاو دەکەوێ.

ئەم بەڵگەنامەیە لە ژێر ناونیشانی (شتە فڕیوە نەناسراوەکان بابەتێکی جیدین) بەم شێوەیە دەست پێدەکات: شتە فڕیوە نەناسراوەکان کە هەندێ کات لە چاپەمەنیدا بەهەڵە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێ و بەدەفری فڕیو ناسراون پێویستە دەسبەجێ و بەوردی وەکو کێشەیەکی جیدی بۆ هێزی ئاسمانی ئەمریکا لە قەڵەم بدرێن. ناوەڕۆکی ئەم بەڵگەنامەیە تایبەتە بەوەی کە بە چ شێوەیەک مامەڵە لەگەڵ دەفری فڕیو بکرێ و هەندێ نموونە لە شتێکی ئەو دەفرە فڕیوانە بۆ لێکۆڵینەوە کۆبکرێنەوە. ئەگەر دەفری فڕیو بوونی نەبێت بە چ شێوەیەک دەتوانرێ زانیاری و نموونەی لێ کۆبکرێتەوە؟

***

ئەگەر لە شەوێکدا فڕۆکەیەکی نەناسراو بچێتە نێو ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە کاتێکدا کە لەچەندین ویلایەتی ترەوە بەهۆی ڕادارەوە بینرابێت و ئەگەر ئەو فڕۆکە یا شتە نەناسراوە لە تەنیشت وێستگەیەکی کارەبا بێتە خوارەوە و بۆ ماوەی ٤٠ دەقیقە لەکاری بخات ئەم بابەتە بەدڵنیاییەوە لە سەرانسەری وڵاتدا دەبێتە مانشێتی یەکەمی سەرجەم ڕۆژنامەکان. ئەگەر ئەو شتە نەناسراوە دووبارە لە زەوی بەزربێتەوە لە کاتێکدا کە فڕۆکەیەکی جەنگی شوێنی کەوتووە لەسەر خاکی نێڤادا لە ئەمریکا بتەقێتەوە بەدڵنیاییەوە ئەم بەسەرهاتە دەبێتە یەکێک لە گەورەترین بەسەرهاتەکانی ساڵ. هەموو ئەو ڕووداو و بەسەرهاتانەی باسمان لێوە کرد لەشەوی ١٨ی نیسانی ١٩٦٢ ڕووی دا و لەلایەن وتەبێژێکی ڕەسمی فەرماندەیی لۆجستیکی هێزی ئاسمانی و سوپای ئەمریکاش جەخت کرایە سەری. بەڵام ئەم هەواڵە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا سانسۆر کرا. خۆشبەختانە ڕۆژنامەی (لاس ڤێکاس سۆن) لەو هەواڵەی کۆڵیوەتەوە و لە لاپەڕەی یەکەم و بەمانشێتێکی گەورە بڵاوی کردۆتەوە. لێرەدا ئەم هەواڵە سەرسوڕهێنەرە بەدرێژی باسی لێوە دەکەین کە بەهۆی ئەوەی کە ڕاگەیاندن خەڵکی لێ ئاگادار نەکردۆتەوە و یا بەهۆی ئەوەی کە ڕۆژنامە ناوچەییەکان لەسەر بنەمای ترس لە سانسۆر تامەزرۆییان بۆ چاپکردنی نەبوو پێویستی بەچاپکردن هەبوو.

***

نزیکەی کاتژمێر ٥ر٧ی شەوی ١٨ی نیسانی ١٩٦٢ بوو کە شتێکی نەناسراو لە ئاسمانی بەشی باشووری ڕۆژئاوای ویلایەتی نێڤادا تەقییەوە. ئەم تەقینەوەیە زەوی



لەراندەوە و بەقەد تەقینەوەیەکی ئەتۆمی ڕووناکی بەدەوروپشتدا بڵاوکردەوە. دەنگی تەقینەوەکە بووە هۆی لەرینەوەی زەوی لە چەندین میل لەولاترەوە. بەڵام ئەم ڕووداوە بە چ شێوەیەک ڕووی دا؟ ڕۆژنامەی ناوبراو ڕاستەوخۆ ڕووداوە سەرسوڕهێنەرەی بڵاوکردەوە. ئایا ئەو شتە یەکێکی تر لەو شتە سەرسوڕهێنەرانە بوو کە بەناوی بەردی ئاسمانی ناسراون کە بەهۆی خێرایی لە ڕادەبەدەر بەهۆی لێدانی لە ئەتمۆسفێری زەوی تەقیوەتەوە و گڕی تێبەر بووە؟ ئەو ڕۆژنامە نووسەی کە سەبارەت بەم ڕووداوە لە پایەگای ئاسمانی (نێلیس) کەوتۆتە پرسیار بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکە ببووە هۆی سەرسوڕمانی کاربەدەستانی پایەگاکە چونکە پێی وتبوون کە: تەنیا لایەنێکی بیرۆکەی بەردی ئاسمانی هەڵەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئەم بەردە ئاسمانییانە لەسەر ڕادار نابینرێن بەڵام ئەم شتە نەناسراوە بینراوە. بینران لەسەر پەردەی رادار؟ ئەمە هەمان ئەو شتە بوو کە وتەبێژی پایەگای ناوبراو باسی لێوە کردووە. تا ئەوکاتەی کە ئەم شتە درەوشاوە سەرسوڕهێنەرە لەسەر ئاسمانی (مێسکویت ڕەنج) لە نێڤادا تەقییەوە چ ماوەیەک بەهۆی ڕادارەوە ڕەوتەکەی دیاری کراوە؟ شوێنی لە بار بۆ لێکۆڵینەوە بارەگای فەرماندەیی بەرگری ئاسمانی ئەمریکای باکور بوو لە (کۆلۆرادۆ سپرینگز) لە ویلایەتی کۆلۆرادۆی ئەمریکا. کە بەناوەندی پشتیوانی ئاسمانی لە خاکی ویلایەتە یەکگرتووەکان لە قەڵەم دەدرا. لەم شەوە لەیاد نەچووە واتە شەوی ١٨ی نیسانی ١٩٦٢ وتەبێژی ئەم ناوەندە (هێربێرت ڕۆڵف) بوو. ئەو بە ڕۆژنامەنووسانی ڕاگەیاند ناوەندی پشتیوانی ئاسمانی لەو شوێنانەدا کە ئەو شتە نەناسراوە وەکو ئاگر بەئاسمانەکەیاندا تێپەڕبووە لە ئامادەباشی تەواو بوون. یەکەمین ڕاپۆرت لە شاری (ئۆنیدا)ی نیویۆرکەوە گەیشت، ئەو شوێنەی کە بینەران تەنێکی درەوشاوە و سووریان بینی کە لە بەرزاییەکی زۆرەوە هاتبووە نێو سنووری ئاسمانی ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە. ئایا ئەم شتە نەیزەک بووە؟ ئایا موشەک یا فڕۆکەی دوژمن بووە؟

***

لەبەر ئەوەی کە ئەو شتە نە ناسراوە لەسەر ڕادار دەرکەوتووە کەواتە بەردی ئاسمانی نییە. ئایا موشەک بووە؟ زۆر هێمنتر لەوە دەڕۆیشت کە بتوانێ موشەک بێت و خێراییەکەی زۆر لە موشەک کەمتر بوو. ئایا فڕۆکەیەکی دوژمن بوو؟ فڕۆکە نەیدەتوانی لەو بەرزاییەدا بێت چونکە تەنانەت فڕۆکەی ١٥ ـ X کە بەهێزی موشەکی دەفڕێ ناتوانێ زیاتر لە چەند ساتێکی کەم لەو بەرزاییەدا بێت کەواتە لە ڕووی هونەرییەوە

شتێکی فڕیوی نەناسراو بووە کە پێویست بوو بخرێتە ژێر چاودێری لە نزیکەوە. لەوانەیە ئەمە بەتەواوی بەشێوەیەکی ڕێکەوت بووبێت بەڵام دەستەواژەی (شتی فڕیوی نەناسراو) لە هێزی ئاسمانیدا تەنیا بەدەفرە فڕیوەکان دەگوترێ. بەهەمان شێوە کە ئەو تەنە نەناسراوە زیاتر ڕۆ دەچووە بەشی ناوەندی ڕۆژ ئاوای ویلایەتە یەکگرتووەکان، ناوەندی بەرگری ئاسمانی پایەگاکانی خۆی بەتایبەتی پایەگای (نێلیسی) گۆڕی و فڕۆکەکانی دەستێوەردان بەخێرایی لە پایەگای (فونیکس) بەرەو ئاسمان بەرزبوونەوە تاوەکو ڕێگە لەو شتە نەناسراو و هێرشبەرە ئاسمانییە پڕ مەترسییە بگرن. بەیاننامەی ڕەسمی ناوەندی بەرگری ئاسمانی جەخت دەکاتەوە سەر ئەوەی کە ئەو شتە نەناسراوە کە لەلایەن فڕۆکەکانەوە چاودێری دەکرێ بەردێکی ئاسمانی نییە ـ بەهەمان شێوە کە ئەم شتە نەناسراوە بەخێرایی بەرەو ڕۆژئاوا بەرەو پێشەوە دەڕۆیشت هەواڵەکان یەک لەسەر یەک گەیشتن. لەشاری ئۆنیدای نیۆیۆرک پاشان لە گریدلی لە تەکساس و پاشان لە یوتا، مۆنتانا، نیومەکزیکۆ، ڤایۆمینگ، ئاریزۆنا و کالیفۆرنیا بەبەردەوامی هەواڵ دەگەیشت.

لەشاری نێڤی لە یوتا لە نزیکی ٩٠ میلی ڕۆژئاوای ( سالّت لیک سیتی) بینەران گوتیان کە ئەم تەنە درەوشاو و سوورە ڕاستەوخۆ لە ڕەوتێکی ئاسۆیی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا بەسەر سەریاندا تێپەڕیوە و دەنگەکەی لەلایەن زۆر کەسەوە بیستراوە.

***

ئەگەر فڕۆکە ئەمریکییەکانیش گەیشتبنە ئاستی ئەو شتە نەناسراوە بەدڵنیاییەوە لەناو چوون چونکە هیچ کەسێک باسی لە بینینی هیچ فڕۆکەیەک نەکردووە.

ئەمەش نابێتە بەڵگە بۆ ئەوەی کە لەو کاتەدا فڕۆکەیەک لەوێدا ئامادە نەبووە چونکە لەو کاتەدا بەتەواوی شەو باڵی بەسەر ناوچەکەدا کێشابوو و لەوانەیە ئەو دەنگە لە کاتی تێپەڕینی ئەوان بیسترابێت. ناوەندی بەرگری ئاسمانی ڕایگەیاند کە ئەو تەنە نەناسراوە لە خاڵێکدا لە نزیکی ٧٠ میلی باکووری ڕۆژئاوای (لاس ڤێگاس) لەسەر ڕادارەکاندا نەماوە کە ئەم شوێنەش بەدروستی (مسکیت ڕەنج) لە ناوچەیەکی چۆڵ لە باشووری (ڕینۆ) واتە ئەو شوێنەیە کە تەقینەوە گەورەکە لە ئاسمانەکەیدا ڕوویدابوو. درەوشانەوەی تەقینەوە ئەوەندە بەهێز بوو کە شەقامەکانی ڕینۆ وەکو ئەوەی کە فلاشێکی گەورەی لێدرابێت ڕووناک بۆوە. ئەم ڕووناکییە ئەوەندە بەهێزبوو کە لە هەندێ شوێنی تری کالیفۆرنیا وایاندەزانی کە تاقیکردنەوەیەکی ناوەکی لە ئاسمانی نێڤادا دا ئەنجام دەدرێ. لەگەڵ ئەمەشدا ئەمە لەڕاستی بەدوور بوو چونکە ڕێکخراوی وزەی ناوەکی بەڕاشکاوی



ڕایگەیاند کە هیچ تاقیکردنەوەیەکی ناوەکی لە هیچ شوێنێکی ئەمریکای باکوور نە لە زەوی و نە لە ئاسماندا ئەنجام نەداوە. تاوەکو ئێرە تەنیا بەرەسمی لەلایەن لێپرسراوانەوە جەخت کراوەتە سەر ئەوەی کە، شتێکی فڕیوی نەناسراوی سووری درەوشاوە لە نیۆیۆرکەوە تاوەکو بیابانی نێڤادا لەلایەن ڕادارەکانەوە بینراوە و فڕۆکە جەنگییەکان شوێنی کەوتوون و پاش ئەوە تەقینەوەیەکی بەهێز و ترسناک لە ئاسمانی بەشی ڕۆژئاوای ویلایەتی نێڤادا ڕوویداوە بەشی دووەمی ئەم چیرۆکە گرنگ و سەرنج ڕاکێشە چەند کاتژمێرێک پاش ئەوە بڵاو بۆوە.

***

ڕۆژنامەی (لاس ڤێگاس سۆن) دووبارە کەوتەوە پرسیار کردن لە وتەبێژانی هێزی ئاسمانی کە هەندێکیان هیچ گرنگییەکیان بەدرێژە پێدانی ئەم بابەتە، نەدا بەڵام وتەبێژی پایەگای ئاسمانی (ستید) لە ڕینۆ دانی بەوەدانا کە هەواڵەکەی (یونایتدپرێس) سەبارەت بەم هاتنە خوارەوەیە بەتەواوی دروستە. ئەم وتەبێژە ڕاینەگەیاند کە ئەو شتە نەناسراوە چی بووە بەڵام دووبارە جەختی کردەوە سەر ئەوەی کە ئەو شتە نەناسراوە لە وێستگەیەکی کارەبا نیشتۆتەوە و بەهۆی ئەو نیشتنەوەیە ئەو وێستگەیە لە کار کەوتووە. ئەو هەروەها جەختی کردە سەر ئەوەی کە هەواڵی ڕووداوەکە تا ئەو کاتەی کە وێستگەکە چاک نەکرایەوە بەنهێنی مایەوە و ڕانەگەیەندرا. شتێکی نەناسراو لەو شەوەدا لە ئاسمانی بەشێکی زۆری ویلایەتە یەکگرتوەکان تێپەڕیبوو. شتێکی نەناسراوی تر لە نزیکی وێستگەیەکی کارەبا لە (یورکا) لە ویلایەتی یوتا نیشتۆتەوە و زیاتر لە نیوکاتژمێر ئەو وێستگەیەی لە کار خستبوو. نەزانرا کە ئەو شتە نەناسراوە چی بووە چونکە ماوەیەکی زۆر لەو شوێنەدا نەمایەوە و فڕۆکەکان بەشوێن شتێکی فڕیوی نەناسراوی ترەوە بوون بەسەر ئاسمانی باشووری ڕۆژئاوای نێڤادا کە، شتێک بەڕووناکییەکی زۆرەوە تەقییەوە کە وەکو ڕووناکی تەقینەوەیەکی ناوەکی بوو ئەمەش بەدروستی پاش ڕووداوی وێستگەی کارەبا کە بوو لە یورکا. بەسەرهاتێکی سەرنج ڕاکێش و لەهەمان کاتدا گرنگ، بەڵام جگە لە خوێنەرانی ڕۆژنامەی ( لاس ڤێگاس سۆن) و چەند ڕۆژنامەیەکی ناوچەیی تر ڕای گشتی ئەمریکا هیچ کات لێی ئاگادار نەکرایەوە. هەموو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەلایەن دەوڵەتەوە بەڕێوەناچن بەڵام تەنانەت لە هەندێ کاتدا کۆمپانیاکان و ئاژانسەکانی بڵاوکردنەوەی دەنگوباسیش یا بەهۆی نەبوونی بەڵگەنامەی پێویست یاخود بەهۆی حەز نەکردنیان بەبڵاوکردنەوەی هەواڵی لەم جۆرە تەنانەت لەکاتی گەیشتنی تەواوی هەواڵەکە بەبەڵگەنامەشەوە خۆیان دەپارێزن. بۆچی؟

## سەرەداوێک لە کتێبی پیرۆزدا

لەم ساڵانەی دواییدا لێکۆڵەرەوە زانستییەکان لەو ئاکامەی کە لە کتێبی پیرۆزی ئینجیل بەدەستیان هێناوە سەریان سوڕما. سەرزەمینی پیرۆز یا ئەو شوێنەی کە ئێستا بەخاکی فەلەستین لە قەڵەم دەدرێ لە کەم ئاویدا بەناوبانگە بەڵام لە ڕابردوویەکی دووردا چەندین سەرچاوەی ئاوی زۆری تێدابووە کە یەکێک لەوانە سەرچاوەی گیبیۆن بووە کە لە ئینجلیدا باسی لێوە کراوە.

دکتۆر جیمز پریچارد لە زانکۆی مۆزەخانەی (پنسیلڤانیا) بەدۆزینەوە و بەدواداچوونی ئەم سەرچاوە و بەسەرۆکایەتی دەستەیەکی پشکنین تەنیا لە دووری ٨ میل لە باکووری ئۆرشەلیم ئەم سەرچاوەیەی دۆزییەوە، دێرین ناسان بەدژواری چاڵێکیان بەپانتایی ٣٧ پێ و قووڵایی ٣٥ پێ لەسەر ئەو زەوییە کە هەمووی بەردی بۆرەک بوو هەڵکەند. لەوێدا ئەوان پلیکانەیەکیان بۆ بنی چاڵەکە دروست کرد و پاشان تونێلێکیان تاوەکو ئاستی ٨٢ پێ هەڵکەند و گەیشتنە ڕێژەیەکی زۆر لە ئاوی پاک کە لە پاشاندا لە دروستکردنی خواردنەوە جۆراوجۆرەکاندا ناوبانگێکی زۆری بۆ گیبیۆن بەدواوە بوو. کاتێ کە سوپای (نەبوخەد نەسر) لە ساڵی ٥٨٧ی بەر لە زایین ئەم سەرزەمینەیان داگیر کرد یەکەمین کاریان ئەوە بوو کە تا دەتوانن سەرچاوە سروشتییەکانی ئەو ناوچەیە لەناو ببەن بۆیە سەدان تەن بەرد و خۆڵیان ڕشتە نێو ئەم سەرچاوە ئاوییە مەزنە و لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا بەتەواوی لەناو چوو و خەڵکیش لەبیریان کرد.

بەڵام ئینجیل ئەوەی لەبیر نەکرد چونکە چەندین سەرەداوی دایە دەست لێکۆڵەرەکانی زانکۆی پنسیلڤانیا. ئەمڕۆ سەرچاوەی گیبیۆن دووبارە ژیاوەتەوە پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی ٢٥ سەدە ون ببوو.

***

لە بەشی هەشتەم و ئایەتی نۆیەم لە کتێبی دووەمی تەورات هاتووە: (خوای مەزن ئێوە دێنێتە سەر زەمینێکی پڕ لە نیعمەت... سەرزەمینێک کە بەردەکانی لە ئاسنە و دەتوانێ لە گردەکانیدا مس دەربهێنێ)

دکتۆر نێلسۆن گلوئێک سەرۆکی کۆلێژی عیبری یونیۆن لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەم بەشەی تەوراتدا ئەنجام دا و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە ئەگەر ئینجیل لە ڕووی مێژووییەوە



بڕواپێکراو بێت کە لە زۆر شوێن ئەمە سەلماوە کەواتە گەڕان بەشوێن دۆزینەوەی کانگایەکی ونبووی مس لەوانەیە ئاکامێکی هەبێت. ئەو خۆی هاوێشتە نێو بابەتێکی پڕ گفتوگۆوە چونکە زانایانی هەڵکەوتوو لەم سەردەمەدا باسیان لەو بیرۆکەیەی خۆیان کردبوو کە حەزرەتی سلێمان هیچ کاتێک کاری دەرهێنانی مسی ئەنجام نەداوە. دکتۆر گلۆئێک سەرنجی دایە ئەم بابەتە کە لە ئینجیلدا هاتووە کە کەشتییەکانی حەزرەتی سلێمان بۆ بازرگانی کردن چوونەتە لای پاشاکانی ئێران و زێڕ و داوودەرمانیان بردووە بۆ ئێران. بەڵام ئەوان لەبەرامبەر ئەم شتانەدا چیان وەرگرتووە؟ ئایا مسیان وەرگرتووە؟ دکتۆر گلۆئێک بەگریمانی ئەوەی کە مس یەکێک لە هەناردەکانی حەزرەتی سلێمان بووە بەشوێن بەندەری (ئەزیون گەبەر) دا گەڕا کە لە سەردەمی حەزرەتی سلێماندا بەندەرێکی گەورەبوو. لەم کردارە پۆلیسییەدا کە لە ڕاستیدا گەڕانێکی دێرین ناسی پڕ وردەکاری بوو ئەم بەندەرە ونبووەی مێژوو ناسرایەوە و شوێنەکەی دیاری کرا. تەنیا قۆناغی دۆزینەوەی کانگاکان ماوەتەوە ئەگەر کانگای لەم جۆرە لە بنەڕەتدا بوونی هەبێت.

لەو وێنە ڕەنگاو ڕەنگانەدا کە بەهۆی فڕۆکەوە گیران یەکەمین نیشانەکانی بوونی مس لە زەوییە وشکەکاندا دەرکەوت. گەڕانێکی بەوردی لەلایەن دەستەکانی پشکنینی سەرزەوی بوونی چەندین چاڵی ئاوی کۆنی لە هەندێ شوێندا سەلماند. دکتۆر گلۆئێک و دەستەکەی بەئارام و تاقەتێکی زۆر و کۆکردنەوەی بەڵگەنامەکان گەیشتنە ئەو ئاکامەی کە دوو بەرزایی لەو ناوچەیەدا بوونەتە جێگای سەرنج و لە ئاکامدا بەلابردنی یەکێک لەو بەرزاییانە دەیتوانی پشکنییەکانی خۆی لە بەرزاییەی تر کە بە(وادي العربة) ناسرابوو سنوردار بکات. لە ئاکامدا ئەم گرووپی پشکنینە توانییان ئەم کانگایانە لەگەڵ پاشماوەی چەندین ئامێرو کەرەستەی تواندنەوەی کانزا بدۆزنەوە لەوێدا واتە لە (وادي العربة) تەنانەت سەرچاوە دەست لێ نەدراوەکانی مس و هەروەها چەندین قوڵنگیان دۆزییەوە وا پێدەچێ کرێکارەکان بۆ هەڵاتن لە لەشکری دوژمن بەخێرایی قوڵنگەکانیان فڕێ دابێت و هەڵاتبن.



***

ئێستا ئەو کانگایانە دووبارە مسیان لێ دەردەهێنرێ چونکە دکتۆر گلۆئیک لە ساڵی ١٩٥٧ گەیشتە ئەو ئاکامەی کە وتەی کتێبی تەورات سەبارەت بەدەرهێنانی مس لەو ناوچەیە بەتەواوی دروستە. ئەگەرچی پاشماوە هەڵکۆڵدراوەکانی (بحر المیت) باس لە ٦٠ گەنجینەی گرانبەها دەکات کە لە نزیکی ٥٠ میلی ئەو ناوچەیەدایە بەڵام تێپەڕینی کات زۆر لەو نیشانانەی سەر زەوی لەناوبردووە و بەشێکی زۆری ئەو ناوچەیەی بەشێوەیەک گۆڕیوە کە ناناسرێتەوە، دەستەیەکی گومناو کە ئەم پاشماوانەی لێ بەجێ ماوە و ئەو گەنجینە گرانبەهایانەی شاردۆتەوە بۆ ئەو بەشەی کە باس لە گەنجینەکان دەکات گرنگییەکی زۆری داناوە. چونکە ئەوان بەدژواریەکی زۆر ئەم زانیارییانەیان بەشێوەی کون لەسەر لاپەڕەی ناسکی مس بەجێ هێشتووە کە بەڕاستی کارێکی دژوار بووە. بەڵام هەوڵەکانیان بێهوودە نەبوو چونکە ٩٥٪ پەیامەکەی ئەوان پاش دوو هەزار ساڵ دەخوێنرێتەوە.

***

ئەم نووسراوە دێرینانە شوێنی شاردنەوەی نزیکەی ٢٠٠ تەن زێڕ پیشان دەدەن، ئەو گەنجینەیەی کە ئەمڕۆ زیاتر لە ٢٠٠ ملیارد دۆلار نرخی هەیە ئەگەر بدۆزرێتەوە دەستنووسێکی سەرسوڕهێنەریان ئەم وشانەی تێدا نووسراوە:

لەم ژێر زەمینەدا کە لە ژێر چاودێری سەربازیدایە لە بەشی ڕۆژهەڵاتیدا شوێنێک هەیە کە لە بەرد هەڵکەنراوە لەوێدا ٦٠٠ پارچەی گەورەی زێڕ هەیە لەو نزیکانەدا لە گۆشەی باشووری گۆڕی زادۆک و لەژێر ستوونێکی لاکێشەیی دوو قاپی زێڕین هەیە. لە چاڵێکدا لە بەشی باکوور و لە تەنیشت گۆڕەکە و لە کونێکدا کە بەرەو باکوور دەکرێتەوە نوسخەیەک لەم کتێبە هەیە کە هەموو زانیارییەکی وردو دروستی سەبارەت بەم گەنجینەیە تێدایە.

زانایان لەو بڕوایەدان کە زادۆک کە ناوی لەم تۆمارەدا هاتووە لە ڕاستیدا قەشەیەکی پایەبەرز بووە لە دەرباری حەزرەتی سلێمان. هەروەها لێکۆڵەران لەو بڕوایەدان کە شوێنی ئەم گۆڕە دەزانن چونکە لە چەند دەستنووسێکی کۆنی تردا باس لە گۆڕی زادۆک کراوە. بەکەڵک وەرگرتن لە ئامێرە ئەلکترۆنییەکان لەوانەیە بتوانرێ ئەو ٦٠ گەنجینەیە و کتێبی زانیاری و ئەندازەکان بدۆزرێتەوە گەر پاش تێپەڕبوونی چەندین هەزار ساڵ هێشتا هەر لەوێ مابن.

***



## ژیانەوە پاش مەرگ



ئایا ئەگەری ئەوە لە ئارادا هەیە کە بوونەوەرێکی خوێن گەرم کە بەهۆی بەستن لە سەهۆڵدا هاتبێتە دۆخی مردن دووبارە ژیانێکی نوێی پێ ببەخشرێ و زیندوو بکرێتەوە؟ بەدڵنیاییەوە بابەتێکی سەرنج ڕاکێشە. ئەگەرچی لەوانەیە زۆر لە ڕاستییەوە بەدوور بێتە بەرچاو بەڵام زۆر زیاتر لەوەی کە خەڵک چاوەڕێی دەکەن هەوڵی بۆ درابێت. لە مانگی شوباتی ١٩٦٣ ئەم هەواڵە لەلایەن ئاژانسەکانی هەواڵەوە ڕاگەیەندرا کە زانایانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو توانیویانە دوو بوونەوەر بەناوی سەمەندەر کە لە ناوچەی توندرای سیبریا دۆزراونەتەوە و لە سەرمادا ڕەق بوونەتەوە دووبارە زیندوو بکەنەوە. ئەم ڕاپۆرتانە لەسەر بنەمای وتارە چاپکراوەکانی گۆڤارێک لە مۆسکۆ بەناوی (نۆڤا) بووە کە ناوی پرۆفیسۆر (گێب لۆزینۆلۆژینسکی) ئەندامی ئەنجومەنی سیتۆلۆژی لینینگرادی وەکو یەکێک لەو زانایانەی کە دەستیان لەم کردارەدا هەبووە هێناوە. سیتۆلۆژی بەشێکە لە بیۆلۆژی کە پەیوەندی بەئاناتۆمی، ژیان و کاری خانە زیندووەکانەوە هەیە.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتە ئەو دوو سەمەندەرە کە لە جۆری (تراتیول) بوون لە دۆخی بەستراودا لە قووڵایی ٢٥ پێی ژێرزەوی سیبریادا دۆزراونەتەوە. پێدەچوو کە نزیکەی ٥ هەزار ساڵ لەو دۆخەدا مانەتەوە بەڵام کاتێ لە گەرمای ژوورەکەدا سەهۆڵەکەیان توایەوە لەناکاودا هەردووکیان زیندوو بوونەوە کە یەکێکیان تەنیا یەک هەفتە ژیا و پاشان مرد و ئەوی تریان تەنانەت تا سێ هەفتە پاش ئەوەی کە گوزرایەوە بۆ تاقیگەکانی زانکۆی مۆسکۆ هێشتا هەر زیندوو بوو.

***

بەڵام دوابەدوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە پرۆفیسۆر لۆزینۆلۆژینسکی ئەم هەواڵەی بەدرۆخستەوە و بەنازانستی و نادروستی لە قەڵەم دا. لەوانەیە ئەم ڕاپۆرتە درۆ بووبێت

بەڵام بەنازانستی لە قەڵەمدانی ئەم هەواڵە چاو بەستنە بەڕووی ڕاستییەکاندا چونکە چەندین نموونەی تر لەبەر دەستدایە کە بوونەوەری خوێن گەرم کە بەهۆی سەرماوە مردبوون سەرلەنوێ زیندوو بوونەتەوە. نموونەیەک لە پرۆسەیەکی لەم جۆرە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دراوە. لە ڕۆژی ٦ی نیسانی ١٩٣٥ لە شاری لۆس ئەنجلۆس پزیشکێک بەناوی (رالف ویلارد) مەیموونێکی لە جۆری (ریزوس) پیشانی خەڵک دا کە دوچاری نەخۆشی سیل ببوو ئەو توانی ئەو مەیموونە لەناو دۆخی سەرمادا بگەیەنێتە ئاستی بەستن و پاش سێ ڕۆژ بەهۆی گەرماوە دوبارە زیندووی بکاتەوە. ئەو، مەیموونە تەنیا یەکێک لەو بوونەوەرە تاقیگەییانەیە کە بەم شێوەیە دوبارە زیندوو کراوەتەوە. دکتۆر ویلارد لەو بڕوایەدایە کە بەستن و دووبارە زیندوو کردنەوە لەوانەیە بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەک بۆ چارەسەری تووش بووانی سیل سوودمەند بێت.

شێوەی کارکردنەکەی ئەو لە ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە و چەندین کەسی خۆبەخش ئامادەیی خۆیان دەربڕی تاوەکو تاقیکردنەوەیان لەسەر ئەنجام بدرێت. دکتۆر ویلارد پیاوێکی لاوی هەڵبژارد، کە کوڕی مامۆستایەکی زانکۆی کۆڵۆمبیا بوو تاوەکو لەسەرمادا بیبەستێ و دووبارە زیندووی بکاتەوە، بەڵام لێپرسراوانی دەوڵەت ڕێگەیان لەم کارە گرت و دکتۆر (ویلارد) یان بۆ ئەنجامدانی تاقیکرنەوەی کەم مەترسیتر هەڵبژارد. بەم شێوەیە یەکێک لە دەستکەوتە زانستییەکانی ویلایەتە یەگگرتوەکانی ئەمریکا بۆ هەتا هەتایە فەرامۆش کرا.

***

لە دنیادا هیچ بەسەرهاتێکی ڕاستەقینە سەرسوڕهێنەرتر لەو ڕێگە دراماتیک و چاوەڕوان نەکراوە نییە کە شەڕێکی ناوخۆی لە وڵاتی نیکاراگوا کۆتایی پێ هێنا. ساڵی ١٩٠٧ بوو و بەهەمان شێوە، کە بەبەردەوامی لە سەر زەمینەکانی ئەمریکای لاتیندا ڕووی دەدا، گرووپێکی سەربازی هەوڵی دەدا تاوەکو بەزۆری چەک دەسەڵات بگرێتەوە دەست. یاخیبووان لەژێر ڕێبەرایەتی ژەنەراڵ (پابلۆ کاستیلیانۆ) پێشکەوتنی بەرچاویان بەدەست هێنابوو. ئەو چەکی زۆر و پارەیەکی فراوان و پێشینەیەکی درەوشاوەی لە زانستی سەربازی هەبوو. ژەنەرال کاستیلیانۆ و هێزەکانی هەنگاوێکیان بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی مابوو. هێزەکانی دەوڵەت دووجار شکستێکی گەورەیان خوارد بوو و زۆربەی سەربازەکان هەڵاتبوون و پاشماوەکەشیان لەکاتی سەرکەوتنی یاخیبووان ئامادەی خۆ بەدەستەوەدان بوون. ژەنەرال کاستیلیانۆ و ئەفسەرەکانی هێزەکانی خۆیان بەشێوەی



ستراتیژیک لە بەرزاییەکانی دەورووپشتی دوژمن بڵاوکردەوە. کاتژمێر سفری لێدانی کۆتایی و سەرکەوتنی یەکجاری بۆ سپێدەی ڕۆژی پاشتر دیاری کرابوو. ژەنەراڵ کاستیلیانۆ شەو باشی لە هێزەکانی کرد و چووە ناو خێوەتەکەی خۆی تاوەکو بۆ ڕۆژی پاشتر ساز و ئامادە بێت و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە لە دەفتەرەکەیدا یاداشت بکات. نزیکەی کاتژمێر ١٠ی شەو بوو کە مۆمی خێوەتەکەی کوژاندەوە و چووە نێو جێگەکەیەوە.

***

چەند دەقیقەیەک پاش ئەوە ئۆردووگاکە وەکو ئەوە بوو کە بەهۆی گڕێکی گەورە ڕووناک بووبێتەوە ئاگرێکی زۆر گەورە خەریک بوو دەکەوتە سەر ئۆردووگاکەیان. پاسەوانەکەی خێوەتەکەی ژەنەراڵ هاواری کرد و خۆی دا بەزەویدا. تۆپە ئاگرینەکە ڕاستەوخۆ و بەدروستی لە خێوەتەکەی کاستیلیانۆ درا و دەنگێکی گەورە هەموو شوێنێکی گرتەوە، چاڵێکی گەورە بەقووڵایی ١٠ پێ و پانتایی ١٥ پێ لە شوێنی خێوەتەکەی ژەنەراڵ دروست بوو و دسبەجێ ژەنەراڵی کوشت. پاسەوانەکەی ژەنەراڵ دوو ڕۆژی تریش زیندوو مایەوە و وتی کە ئەم ڕووداوە بەهۆی کەوتنە خوارەوەی ئاگرێکی ئاسمانی ڕوویداوە هەموو پاسەوانەکانی تریش کە لەو شەوەدا پاسەوان بوون قسەی ئەو پاسەوانەیان سەلماند. ماوەیەک پاش ئەوە پارچەی وردبووی نەیزەک لە چاڵەکەدا دۆزرایەوە و ئەو وتانەی زیاتر لە جاران لە ڕاستی نزیک کردەوە. مەرگی نالەبار و سەرسوڕهێنەری ژەنەراڵ کاستیلیانۆ ورەی هێزەکانی ڕووخاند. ئەوان ئەم ڕووداوەیان بەئەنجامی ئەوە زانی کە ئەوان ئەم شەڕە لەسەر ناحەق ئەنجام دەدەن و خوا دژی ئەم کردارەیانە. سەر ئەنجام دوابەدوای ئەمە یاخیبوونەکە کۆتایی پێهات. ئەمڕۆ تەنیا شەڕێک کە بەهۆی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆی ئاگرێکی ئاسمانییەوە کۆتایی پێ هاتبێت ئەم شەڕەیە.

***

# هەستی پڕ لە نهێنی



ڕۆژگارێک زانست ئەوەی بۆ ڕوون دەبێتەوە کە مرۆڤ لە کاتی گوشاری دەروونیدا ڕێگەیەکی هەیە کە دەتوانێ لەوێوە پەیوەندی بکات. ئەگەر ئەمە ببێتە ڕاستییەکی نکۆڵی لێ نەکراو لەوانەیە ئەو ڕووداوەی کە بۆ (فرێدتراستی) ڕوویدا کە دانیشتووی خانووی ژمارە ٩٦ی جادەی ریڤەرساید لەشاری (باینسڤیل) لەویلایەتی ئۆهایۆ و لەنزیکی شاری کلیڤلاند شی بکرێتەوە. بەرواری ڕووداوەکە لە پاییزی ساڵی ١٩٥٨ بوو. فرێد کە لەو ساڵەدا لەتەمەنی ٣٠ ساڵاندا بوو خەریکی دروستکردنی چەند قادرمەیەک بوو لەسەر گردەکەی پشت خانووەکەی. لەبەر هۆیەکی نادیار، هەستێکی سەرسوڕهێنەرو نامۆ لە دەروونیدا سەری هەڵدا کە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو شتەی کە لەدەستیدا بوو فڕێی بدات و بەوردی بڕوانێتە دەریاچەکەی نزیک ماڵەکەی. لەسەر ئاوی دەریاچەکە شتێک وەکو مشکێکی ئاوی دەجووڵایەوە شتێکی نائاسایی نەبوو چونکە لەو نزیکانەدا مشکی ئاوی زۆر بەرچاو دەکەوت. بەڵام کاتێ کە دووبارە ویستی درێژە بەکارەکەی بدات ئەو هەستە نامۆیە ناچاری کرد کە جارێکی تر بڕوانێتە ئەو شوێنە. ئەم جارە کڵاوێکی مناڵانەی بینی کە بەسەر ئاوەکەوەیە. فرێد بەخێرایی لە گردەکە هاتە خوارەوە و خۆی فڕێدایە ناو ئاوەکە. چەند ساتێک پاش ئەوە ئەو مناڵەی لە بنی دەریاچەکە دۆزییەوە هێنایە سەر ئاوەکە ئەو مناڵە، کوڕە دوو ساڵانەکەی خۆی بوو کە ناوی (پۆل) بوو. هیچ ئاگادارکردنەوەیەک بەر لە ڕوودانی کارەساتەکە ئەنجام نەدرا بوو. تەنیا ئەو هەستە سەرسوڕهێنەرە کە پێی دەگوترێ ئیلهام یا سروش گیانی ئەو مناڵەی لە مردنی یەکجاری ڕزگار کرد.

***

لە ڕۆژی یەکشەممە ٢ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٥٥ (لارنس مانک) خەریکی سەردانی



دایک و باوکی و (ریچارد رایان) بوو کە خەڵکی شاری شێبویگان بوو لە ویلایەتی ویسکانسین. ئەو بەنهێنی بەدایکی ڕاگەیاند کەوا هەست دەکات بەم زووانە دەمرێ. بەشێوەیەک ئەو هەستە نامۆیە لە دەروونیدا بەهێز بوو کە کتێبی ئینجیلەکەی سپارد بەدایکی و پێی گوت: من چیتر پێویستم بەئەمە نییە، دایە! ئێوە ئیتر هەرگیز من نابینن بەڵام گوێتان لەدەنگم دەبێ. دایک و باوکی شڵەژاوی ئەو، نەیانتوانی زانیارییەکی زیاتری لێ وەربگرن چونکە تەنیا ئەو پێشبینە شوومەی دووبارە دەکردەوە. لەو ڕۆژی یەکشەممەدا سەر لە بەیانی خاتوو (مانک) و کوڕەکەی درەنگتر، لە جاران چوون بۆ کەنیسە و بەیەکەوە لە خوا پاڕانەوە. لە ڕۆژی پێنج شەممەی پاش ئەوە (لارنس مانک) لە فڕۆکەخانەی (ویلۆڕۆن) لەنزیکی شاری (دیترۆئیت) سواری فڕۆکەیەکی کۆمپانیای ئاسمانی یونایتد بوو تاوەکو بگەڕێتەوە بۆ پایەگاکەی لە کالیفۆرنیا چونکە ئەو لە بواری بۆشاییگەریدا کاری دەکرد. فڕۆکە زەبەلاحەکە لە ویلایەتی (وایۆمینگ) لە کێوێک دراو سەرجەم ئەو ٦٦ کەسەی کە تیایدا بوو مردن یەکێک لەو ٦٦ کەسە (لارنس مانک) بوو.

***

ئەم ترس و هەستە نامۆیە (ئەو جین بۆڤی) تەمەن ٢٣ ساڵی دانیشتووی شاری سیلیۆی ویلایەتی میشیگانی سەبارەت بە مامی خۆی ئازار دەدا. ئەو ڕۆژە یەکێک بوو لە ڕۆژەکانی مانگی شوباتی ١٩٥٨ و هیچ نیشانەیەک لە نەخۆشی لە مامیدا بەرچاو نەدەکەوت ئەو تەمەنی ٧٠ ساڵ بوو و، برازاکەی نەیدەتوانی خۆی لەم هەستە، نامۆیە ڕزگار بکات. ڕۆژی پاش ئەوە تەلەفۆنی بۆ دراوسێی مامی کرد و، دڵنیایان کردەوە کە پیرەمێردەکە بەورەیەکی بەرزەوە شاد و تەندروستە بەڵام تەنانەت ئەم هەواڵەش نەیتوانی ئارامی بکات چونکە یەک کاتژمێر پاش پەیوەندییە تەلەفۆنییەکە بڕیاری دا کە بچێت بۆ شاری (فلینت) و بەتەواوی دڵنیا بێت. کاتێ کە گەیشتە ماڵی مامی، بینی کە لە لێواری دەرگای دەرەوە کە داخراوبوو دووکەڵ دێتە دەرەوە، بۆڤی بەشەق دەرگاکەی شکاند بەڵام بەهۆی دووکەڵی زۆرەوە نەیتوانی بچێتە ژورەوە. سەرەڕای ئەو هەموو هەوڵەی کە بۆ ڕزگارکردنی مامی دای تەنیا بەشێکی کەم لە جەستەی سوتا بەناچاری پاش ئەوەی کە نەیتوانی مامی ڕزگار بکات تەلەفۆنی کرد بۆ پیاوانی ئاگرکوژێنەوە. دوو کەس لە پیاوانی ئاگرکوژێنەوە بۆ ڕزگارکردنی پیرەمێردەکە چوونە نێو ئاگرەکە. بەڵام پیرەمێردەکە لە حەمامەکەدا مردبوو.

## نهێنی ونبوون

هەموو ساڵێک ئەرشیفی پۆلیس لە سەرانسەری جیهاندا پڕ دەبێت لەو ڕاپۆرتانەی کە سەبارەت بەکەسانی ونبوو گەیشتۆتە دەست پۆلیس. بەدڵنیاییەوە هەندێ لەم کەسانە بەهۆی ڕووداوێکەوە گیانیان لە دەست داوە و بارودۆخ بەشێوەیەک بووە کە نەتوانراوە لاشەکانیان بدۆزرێتەوە هەندێکی تریان شوێنی ژیانی خۆیان بەنهێنی بەجێ هێشتووە تا لە شوێنێکی تردا ژیانێکی نوێ دەست پێ بکەنەوە و تا ئەو شوێنەی کە بارودۆخی داراییان ڕێگەیان پێ بدات لە هاوسەرە توورە و بیانووگرەکان، سەرۆکە خۆویست و دیکتاتۆرەکان و یاخود لە قورسایی لێپرساوێتی سەرشانیان دوور دەکەونەوە. بەڵام هەموو ئەو کەسانەی کە ون دەبن بەم شێوەیە نین. لە ساڵی ١٨٥٨ زایینی زیاتر لە ٦٠٠ سەرباز لە هێزەکانی فەڕەنسا بەرەو سایگۆن واتە ڤێتنامی ئەمڕۆ کە ئەوکاتە کۆڵۆنی فەڕەنسا بوو بەڕێکەوتن. بۆ دوایین جار ڕاپۆرتیان نارد کە لە نزیکی ١٥ میلی شارن. ئەم سەربازانە لە ناوچەیەکی بیابانیدا ون بوون. بەهیچ شێوەیەک هێرشیان نەکراوەتە سەر بەڵام هەموویان ون بوون، هەرگیز نەلاشەیەک دۆزرایەوە و نە پارچەیەک لە کەلوپەلەکانیان. ئەم ٦٠٠ سەربازە بۆ کوێ چوون؟.

***

لە ڕۆژی ١٠ی کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٣٩ زایینی نزیکەی ٣٠٠٠ سەربازی چینی کە لە باشووری (نانکینگ) دابوون لە ماوەی ٢ کاتژمێردا بەتەواوی ون بوون. یەکەمین نیشانەی ئەم کێشە گەورەیە کاتێک ئاشکرابوو کە وەڵامی پەیوەندییە ڕادیۆییەکەیان نەدایەوە. دەستەکانی گەڕان و پشکنین توانییان چەکەکان، کەلوپەلەکانیان بەتەواوی بدۆزنەوە بەڵام هیچ ئاسەوارێکیان لە سەربازەکان نەدۆزییەوە... تەنانەت دڵۆپە خوێنێکیشیان بەرچاو نەکەوت کە نیشانەی ڕوودانی شەڕ و کوشتار بێت. چین لەو سەردەمەدا لەگەڵ وڵاتی ژاپۆندا لە شەڕدا بوو. ناوچەی نانکینگ کەوتبووە ژێر ڕکێفی هێزەکانی ئیمپراتۆریەتی ژاپۆن. بەڵام لێکۆڵینەوەکانی پاش کۆتایی هاتنی شەڕ لە ئەرشیفی ژاپۆنییەکاندا ئەوە دەردەخا کە ڕاپۆرتەکان بەورد بینی و ئاگادارییەکی زۆرەوە ڕێکخراوە و هیچ ڕاپۆرتێک سەبارەت بەوەی کە ئەو ٣٠٠٠ سەربازە چینییە کوژرابن یاخود بەدیل گیرابن بەردەست نەکەوت. پێویستە ئەوەش بگوترێ کە ژاپۆنیش وەکو ئەڵمانیای هاوپەیمانی بەوردبینییەوە بەڵگەنامە و ڕاپۆرتەکانی دەپاراست و ئەگەر



بەڕاستی هەواڵێک سەبارەت بەو ٣٠٠٠ سەربازەیان لە بەر دەست بوایە بەدڵنیاییەوە لە ئەرشیفەکەیاندا بەرچاو دەکەوت. لەشوێنی ئۆردووی ئەو سەربازانەدا هیچ نیشانەیەک لەشەڕو پێکدادان بەرچاو نەکەوت و ئەمەش زۆر منالآنە دێتە بەرچاو کە ئەو ٣٠٠٠ سەربازە بەبێ شەڕو پێکدادان خۆیان دابێت بەدەستەوە یاخود لە ناخافڵدا بەدیل گیرابن و ژاپۆنییەکانیش خۆیان کە لەو سەردەمەدا کە شەڕ باڵی بەسەر وڵاتەکەیاندا کێشابوو ئەو هەموو کەلوپەل و ئامێر و چەکە بەنرخانە لەگەڵ خۆیاندا نەبەن و لەوێ بەجێیی بێڵن. لەو ڕۆژگارەدا بەڕاستی چین وڵاتێکی لاواز بوو و ڕێژەی دانیشتوان تەنیا هۆکاری خۆ بەدەستەوەنەدانی ئەو وڵاتەبوو. ورەی سەربازەکانی بەتەواوی ڕووخابوو و لێرەدایە کە بیرۆکەی هەڵاتن لە بەرەکانی شەڕ خۆی دەسەپێنێ.

***

بەڵام چ کەسێک بڕوا بەوە دەکات کە ٣٠٠٠ سەرباز لەیەک کاتدا و بەیەکەوە لە بەرەکانی شەڕ هەڵبێن. تەنانەت ئەگەر ئەم بیرۆکەیەش ڕاست بێت ئەم ٣٠٠٠ سەربازە لە چ شوێنێک خۆیان شاردۆتەوە کە تەنانەت پاش کۆتایی هاتنی شەڕیش هیچ کامیان نەدۆزرانەوە. زۆر بەر لەو مێژووە و لە ماوەی شەڕی جێ نشینی لە وڵاتی ئیسپانیا ٤٠٠٠ سەرباز بەبێ بەجێ هێشتنی هیچ ئاسەوارێک لە ناوچەی پیرنس ون بوون بەڵام ئەمجارە نەتەنیا لاشەکانیان نەدۆزرایەوە بەڵکو هیچ پارچەیەک لە کەلوپەلەکانیشیان لەو ناوچەیەدا بەرچاو نەکەوت. ئایا دەتوانین بڵێین کە لە مێژووی تۆمارکراوی مرۆڤدا هەزاران مرۆڤ بەبێ جیاوازی ئایین و ڕەگەز و فەرهەنگ لە ڕێگەیەکی زۆر نهێنییەوە چوونەتە ئەو شوێنەی کە لە بەشەکانی پێشوودا بەناوی (جیهانێکی تر) باسمان لێوە کردووە؟ ئایا کون یا درزێکی نەبینراو لە پێکهاتەی جیهانی ئێمەدا هەیە بەم شێوەیە و بەکۆمەڵ مرۆڤی ئەم سەرزەوییە لوش ئەدات.

***

لە نێوان مانگەکانی ئاب و ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ سەرجەم دانیشتوانی گوندی (ئانجیکۆنی) ون بوون. ئانجیکۆنی گوندێکی ئەسکیمۆنشین بوو کە لەناوچەی چۆڵەوانی باکوور لە تەنیشت دەریاچەی ئانجیکۆنی و لە دووری ٥٠٠ میلی باکوریترین پایەگای پۆلیس لە ناوچەی (چورچیل)ی کەنەدا بوو. ئەم بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرە لەو کاتەوە دەستی پێکرد کە ڕاوچییەک لە مانگی تشرینی دووەمدا چووە نێو ئەم گوندەو بۆی دەرکەوت کە سەرجەم ماڵۆچکەو خێوەتەکان چۆڵن. وا دەردەکەوێ کە ئەوان لەکاتی ئەنجامدانی کاری ڕۆژانەیاندا لەبەر هۆیەکی نادیار بەپەلە ئەو شوێنەیان بەجێ هێشتووە.

ئەوان هیچ شتێکیان لە گەڵ خۆیاندا نەبردبوو تەنانەت پاڵتۆکانیشیان لە دەرەوەی خانووەکانیان بەجێ هێشتبوو. ماوەیەک پاش ئەوە گرووپی گەڕان و پشکنین لە دووری ٩٠ مەتری گوندەکە لاشەی سەگەکانیان دۆزییەوە کە هەموویان بەدارێکەوە بەسترابوونەوە و لەسەرماو برسێتیدا تۆپیبوون. سەرسوڕهێنەرتر لە هەموو ئەم ڕووداوانە لە گۆڕستانی گوندەکەدا ئەو بەردانەی کە سنووری گۆڕەکانی دیاری دەکرد هەمووی لە سووچێکدا کۆکرابوونەوە و لەسەر یەک هەڵچنرابوون. هەموو گۆڕەکان هەڵکەندرابوون و سەرجەم مردووەکانیشیان لەگەڵ دانیشتوانی گوندەکە و نبوو بوون. ئەوان لە ڕێگەی دەریاچەکەوە گوندەکەیان بەجێ نەهێشتبوو چونکە هێشتا بەلەمەکانیان لە کەنار دەریاچەکە بوو. تەنانەت شارەزاترین شوێن هەڵگریش نەیتوانی لەسەرانسەری ئەو ناوچە سەهۆڵبەندانە بێ درەختەدا هیچ شوێن پێیەک بدۆزێتەوە. ئایا جیهانێکی تر دانیشتوانی ئەم گوندەی قووت داوە؟ ئایا ئاژەڵ مافی چوونە ژوورەوەی بۆ جیهانێکی تر نییە؟ ئایا مردووانیش بۆ دانیشتوانی جیهانێکی تر بەنرخن؟ سەرجەم ئەو شتانەی کە ئێمە دەڵێین چوونەتە نێو جیهانێکی ترەوە کە بەرامبەر بەجیهانی ئێمەیە لەیەک خاڵدا هاوبەشن ئەویش ئەوەیە کە:هیچیان نەگەڕاونەتەوە. ئایا هیچ کەسێک گەڕاوەتەوە؟ ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو پرسیارە بێنینە ئاراوە ئایا هیچ مرۆڤێک توانیویەتی لە جیهانێکی ترەوە بێتە ئەمبەر. بەڵێ تەنیا یەک کەس.

***

لە ڕۆژی ١٥ی مایسی ساڵی ١٨٢٨ی زایینی پۆلیس پیاوێکی گەنجیان بەناوی (کاسپار هاوزر) لە دەوروپشتی شاری (نۆرنبرگ) لە وڵاتی ئەڵمانیا دۆزییەوە. جلوبەرگێکی هەژارانەی لەبەردا بوو. قاچەکانی ئاوسابوون و چاوەکانی لە بەرامبەر ڕووناکیدا زۆر هەستیار بوو. کاسپار هاوزر دەیتوانی ناوی خۆی بنووسێت بەڵام نەیدەتوانی بەدەنگێکی بەرز بیخوێنێتەوە. لە ڕاستیدا ئەو تەنیا دەیتوانی دوو وشە بڵێت و ئەو دوو وشەیەشی وەکو توتی و بەبێ تێگەیشتن لە ماناکەیان دووبارە دەکردەوە. کاسپار هاوزر برسی بوو و زۆر بەخێرایی خواردنەکەی دەخوارد لەگەڵ ئەمانەشدا تەنانەت کاتێ کە شیریان بۆ دانا نەیدەزانی چییە و پێدەچوو کە گومانی لە ئاویش هەبێت.

ئەو نامەیەکی دایکی پێ بوو. لەو نامەیەدا کە لەسەر پێستێکی سەرسوڕهێنەر نووسرابوو و نەدەزانرا کە پێستی چ ئاژەڵێکە نووسرابوو کە کاسپار تەمەنی ١٦ ساڵە و لە ناوەڕۆکی نامەکەدا بەهیچ شێوەیەک باس لە ڕابردووی ئەو نەکرابوو. ئەگەرچی لە قاچە ئاوساوەکانی وا دەردەکەوت کە ماوەیەکی زۆر بەپیادە ڕێگای بڕیوە بەڵام هیچ کەسێک



ئەوی لە جادەکاندا نەبینیبوو ئایا ئەم ماوە دوورودرێژەی لە ڕێگاکانی جیهانێکی تردا بڕیوە؟ لە ئەڵمانیادا هیچ کەسێک کاسپاری نەدەناسی. تەنانەت کاتێ کە وێنەکەی لە سەرانسەری ئەوروپادا بڵاوکرایەوە هیچ کەسێک نەیناسییەوە. لێکۆڵینەوەکان دەریانخست کە ئەو هێزی تێگەیشتن و بیرکردنەوەیەکی قووڵی نییە. ئەو ئاگری نەدەناسی و نەیدەزانی چییە؟ پاش ماوەیەک و بەهێمنی فێری قسەکردن بوو بەڵام باسکردنی ڕابردوو لەلایەن ئەوەوە ئەم نهێنییەی دژوارتر دەکرد. ئەو لە جیهانێکی سەرسوڕهێنەردا ژیاوە کە تاریکی ڕەها تیایدا حوکمڕانە و پێدەچوو کە هەر لەو جیهانە تاریکەشدا هاتبێتە دنیاوە. کاسپار هەرگیز مرۆڤێکی نەبینیبوو، ڕۆژانە کەسێکی نەناسراو خواردنێکی کەمی پێداوە و ئەو بەهیچ شێوەیەک نەیدەزانی کە لە چ ڕێگایەک و بە چ شێوەیەک گەیشتۆتە (نۆرنبرگ).

***

ئەوانەی کە لەو سەردەمەدا کاسپاریان بینیوە وتویانە کە بەهیچ شێوەیەک مرۆڤی ئەم سەر زەویە نییە و لە جیهانێکی ترەوە هاتووە. سەرەنجام ژیانی کاسپار هاوزر بەمەرگێکی ئاشنا، بەڵام سەرسوڕهێنەر و پڕ لە نهێنی کۆتایی هات. کە بەتەواوی لە مەرگی ئەو کەسانەی تر دەچێ کە تائێستا باسمان لێوە کردووە. لە ساڵی ١٨٢٩ی زایینی کاتێ کە کاسپار هاوزر لە ماڵی یەکێک لە پشتیوانەکانی بوو لەلایەن هێرشبەرێکی نەناسراوەوە هێرشی کرایە سەرو بەچەقۆ نێو چاوانی بریندار کراو چوار ساڵ پاش ئەوە لە ڕۆژی ١٤ ی کانونی یەکەمی ١٨٣٣ لە کاتێکدا کە لە پارکێکدا پیاسەی دەکرد دیسانەوە بەچەقۆ هێرشی کرایە سەرو کوژرا. شوێنی برینەکە بیرۆکەی خۆکوشتن ڕەت دەکاتەوە جگە لەوە ئەو چەکەی کە برینەکەی لەسەر جەستەی کاسپار بەجێ هێشتبوو هەرگیز نەدۆزرایەوە و دەتوانین بڵێین کە بکوژ پاش کوشتنی کاسپا ر لەگەڵ خۆیدا بردوویەتی. بەڵام لەو ڕۆژەدا بەفر باریبوو و تەنیا شوێن پێیەک کە لەو بەشەی پارکەکەدا لەسەر بەفرەکە بەجێ مابوو تەنیا جێ پێی کاسپار هاوزر بوو. ئایا کەسێک یا شتێک لە جیهانێکی ترەوە خۆی گەیاندۆتە ئەوێ تاوەکو دڵنیا بێت لەوەی کە ئەو پیاوەی هاتۆتە نێو جیهانی ئێمەوە ئەوەندە زیندوو نامێنێ تاوەکو کە ئەندێشەیەکی زۆر سەبارەت بەجیهانێکی تر کە فەرامۆش کراوە بورووژێنێ؟ ئایا ئەمە تۆڵەی دانیشتوانی جیهانێکی تر بوو لە ئەو پیاوەی کە هیچ کەسێک نەیزانی خەڵکی چ وڵاتێکە و لەکوێ ژیاوە و لە کوێوە هاتۆتە جیهانی ئێمەوە؟ ئێمە وەڵامی ئەم پرسیارانەمان لا نییە. دڵنیاین کە هیچ کەسێک لە جیهانی ئێمەدا ناتوانێ وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە.

# دیسانەوە نەفرەت

خەڵکی دەڵێن کۆشکی مەرمەڕە نەفرەتی لێکراوە. ئەمە لە چ سەرچاوەیەکەوە دێت. ئەم کۆشکە دڵکەرەوەیە لە کەناری دەریای ئەدریاتێک لە نزیکی (تریستە) بەتەنیا ڕۆژگار تێپەڕ دەکات و زۆر لەو کەسانەی کە ئاشنایەتیان لەگەڵ ئەم کۆشکە و مێژووەکەیدا هەیە لەو بڕوایەدان کە بەڕاستی نەفرەتی لێکراوە. لێرەدا وەکو بەڵگە نامەیەک باس لە بەسەرهاتی ئەم کۆشکە دەکەین.

ئەم کۆشکە لە ناوەندی سەدەی نۆزدە لەلایەن ئیمپراتۆری نەمسا (فرانس ژۆزێف) وەکو دیارییەک بۆ برا گەورەکەی شازادەی نەمسا دوگ ماکسیمیلیان دروست کراوە. شازادەی نەمسا تەنیا چەند ساڵێک لەم کۆشکەدا ژیاوە و پاشان بووە ئیمپراتۆری مەکسیک. ئەو کۆشکەکەی بەجێ هێشت و چوو بۆ مەکزیک بەڵام لەوێ لەلایەن دەستەی ئیعدامەوە گوللەباران کرا. پاش ئەو ژن خوشکی ماکسیمیلیان واتە شاژنی نەمسا ( ئەلیزابت) و کوڕەکەی (ڕۆدۆلف) لەم کۆشکەدا نیشتەجێ بوون. ڕۆدۆلف بەمیراتگری تاج و تەختی نەمسا لە قەڵەم دەدرا. لە ساڵی ١٨٨٩ ڕۆدۆلف و خۆشەویستەکەی لە (میرلینگ) لە نزیکی ڤیەننا لە کاتێکدا کە بەچەقۆ کوژرابوون لاشەکانیان دۆزرایەوە. ٩ ساڵ پاش ئەوەش شاژنە ئەلیزابت لە جنێڤ بەچەقۆ کوژرا. لەو سەردەمەدا باس و خواسی نەفرەت لێکراوی کۆشکی مەرمەڕە دەم بەدەم دەگەڕا. فرانسیس فردیناند ئامۆزای ڕۆدۆلف و میراتگری تاج و تەخت گاڵتەی بەو قسانە دەهات و لە کۆشکەکەدا نیشتەجێ بوو. ئەویش لە نەفرەتی ئەم کۆشکە ڕزگاری نەبوو چونکە لەگەڵ هاوسەرەکەیدا لە شەقامەکانی سارایڤۆ لەلایەن لاوێکی دەمارگیرەوە بەدەمانچە کوژرا. ئەم ڕووداوە پریشکێک بوو کە ئاگری شەڕی جیهانی یەکەمی هەڵگیرساند. ماکسیمیلیان، ڕۆدۆلف، ئەلیزابت و پاشان فرانسیس فردیناند و هاوسەرەکەی هەموان دانیشتوانی کۆشکی نەفرەت لێکراوی مەرمەڕە بوون و بەبێ جیاوازی بوونە قوربانی توندوتیژی. قوربانیانی تری نەفرەتی ئەم کۆشکە کێ بوون؟

***

پاش کۆتایی هاتنی شەڕی یەکەمی جیهانی، بەندەری تریستەو کۆشکەکەی وەکو دەستکەوتی جەنگ لەلایەن ئیتالیاوە داگیرکرا. دوک ئاوستا بەئارەزووەکەی خۆی گەیشت



و لەو کۆشکەدا نیشتەجێ بوو و بۆ ماوەیەک ئایندەی درەوشاوە دەهاتەپێش چاو. ئەو بەپارە پشتیوانی لە مۆسولینی کرد و بووە جێگری حاکمی ئەسیوپیا بەڵام سەرەنجام لە بەدبەختی و نەهامەتیدا وەکو دیلێکی جەنگ لە ئەفریقیای ڕۆژهەڵاتی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا لە هەژاریدا مرد. پاش شەڕی جیهانی دووەم هێزەکانی ئەمریکا بۆ ماوەیەک بەندەری تریستەیان داگیر کرد و ئەم کۆشکە بەشێوەیەکی کاتی بووە شوێنی نیشتەجێ بوونی سەرلەشکر (برایان مۆر) و سەرلەشکر (برنیس مەک فارن) بەڵام هەردووکیان ماوەیەک زۆر نەژیان و بەهۆی نۆبەی دڵەوە گیانیان لەدەست دا. هەندێک لەو بڕوایەدان کە هێشتا کۆتایی بەنەفرەتی کۆشکی مەرمەڕە نەهاتووە.

***

جۆزیا ویلبارگر مامۆستای قوتابخانە بوو کە لە ساڵی ١٨٣٨ لە ( لاگرانج) لە تەکساس دەژیا. لەم کاتەدا واتە لە کاتی ڕوودانی ئەم ڕووداوەی کە باسی لێوە دەکەین ئەو چوو بوو بۆ بینینی هاوڕێکەی بەناوی (ڕۆبن هۆرنزبای) کە لە کێڵگەیەکی نزیک شاری ئێستای ( ئاستین) دەژیا. ویلبارگر حەزی لە نیشتەجێ بوون لە نزیکی هاوڕێکەی بوو بەڵام سەرەتا دەیویست سەیرێکی زەوییەکانی دەوروپشتی بکات و پاشان پارچە زەوییەکی باش بۆ دامەزراندنی کێڵگەکەی دەستنیشان بکات. ئەوان ڕۆژێک لەگەڵ چوار کەسی تر بەرێ کەوتن و هێشتا چەند میلێک نەڕۆیشتبوون کە یەکێک لە ئەندامانی قەبیلەیەکی سوور پێستەکانیان بینی کە بەتەنیا لەسەر گردێکی نزیکیان بەسەر ئەسپەکەیەوە سەیریان دەکات. کاتێ کە ئەو سوور پێستە وەڵامی سڵاوە دۆستانەکانی ئەوانی نەدایەوە ئەوان هەوڵیان دا تاوەکو بزانن بۆچی و بە چ مەبەستێک وەڵامی نەداونەتەوە و هەر چواریان بەشوێنی کەوتن. پیاوە سورپێستەکە بەچالاکی ئەسپەکەی تاو ئەدا و لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا لەناو دارودرەختەکاندا کە سەرانسەری ئەو ناوچەیەی داپۆشیبوو خۆی ون کرد. ئەو پیاوانە گەڕانەوە بەرەو گوندێکی بچووک ئەسپەکانیان بەستەوە و خۆیان لە سەرزەوی پاڵ کەوتن کە کردارێکی زۆر هەڵەبوو. چەند ساتێک پاش ئەوە لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەو سوور پێستانەی کە لە بێشەڵانەکانی ئەو ناوچەیەدا خۆیان شاردبۆوە هێرشیان کرایە سەر. دووکەس لە هاوڕێکانی ویلبارگر لەوێدا کوژران بەرلەوەی کە سوور پێستەکان هەستنە سەرپێ دوو هاوڕێکەی تری ویلبارگر هەستان و چەند فیشەکێکی بێ ئامانجیان تەقاند. سوورپێستەکان بەبێ ترس دەهاتنە پێشەوە و ئەو دووکەسەش لە ترسی هێرشبەرەکان بۆ بێشەڵانەکە هەڵاتن. ویلبارگر کە لەم کاتەدا دوو تیر

له پشتی چەقیبوو بەهەر شێوەیەک بوو لە هەڵاتندا گەیشتەوە بەهاوڕێکانی. دەنگی فیشەکێک هات و ویلبارگر فڕێ درایە سەر زەوی لە کاتێکدا کە خوێن لە قوڕگی دەهاتە دەرەوە کەوتە سەر قاچی هاوڕێکانی و ئەوان وایاندەزانی کە مردووە و لەکاتی هەڵاتن و ڕزگارکردنی خۆیان ئەویان لەوێ بەجێ هێشت.

***

سوورپێستەکان گەیشتنە سەر لاشەی ئەو دوو کەسەی کە یەکەم جار کوژرابوون کەلوپەلەکانیان هەڵگرت و جلوبەرگەکانیان داکەندن و بەچەقۆ پێستەکانیان لێ کردنەوە. کاتێ کە گەیشتنە سەر لاشەی ویلبارگر جلوبەرگەکانیان لەبەری داکەند و پێستی سەریان هەڵکەند بەڵام سەرەڕای ئەو کردارە دڕندانەیە و ئەو برینانەی سەر جەستەی ڕووناکییەکی لاوازی ژیان لە ناخیدا مابۆوە. ئەو بۆ چەندین کاتژمێر بەبێهۆشی لەو شوێنە کەوتبوو چونکە کاتێ کە هاتەوە سەرخۆی دنیا تاریک بوو. جەستەی بەخوێن داپۆشرابوو و ئەوەندە لاواز و بێ هێز ببوو کە نەیدەتوانی لەسەر پێ بوەستێت لەبەر ئەوەی کە هیچ شتێکی لەبەردا نەبوو هەر کاتێ کە لە بێشەڵانەکە دەهاتە دەرەوە لە سەرمادا هەڵدەلەرزی بەڵام ئەو بڕیاری دابوو کە زیندوو بمێنێتەوە و خۆی بگەیەنێتە خانووی هۆرنزبای کە نزیکەی ٦ میل دوور بوو. ئەو بەدژواری نزیکەی چارەکە میلێک خۆی بەسەر زەویدا ڕاکێشا بەڵام لە هۆش خۆی چوو. بەهەمان شێوە کە نیوە ئاگادار بوو و ماندوو و جەستە خوێناوی لەوێ کەوتبوو هەستێکی سەرسوڕهێنەر ناخی داگیر کرد کە زیاتر لە خەو دەچوو. ئەو خوشکەکەی کە لە ویلایەتی میسوری دەژیا لەبەرامبەر خۆیدا بینی کە دەیگوت برا خۆشەویستەکەم تۆ زۆر بێ هێز تری لەوەی کە بتوانی بەتەنیا درێژە بەم ڕێگەیە بدەی هەر لەوشوێنە بمێنەوە هاوڕێکانت بەرلە هەڵاتنی خۆر بۆ یارمەتیدانی تۆ دێن ویلبارگر لە خۆشکەکەی پاڕایەوە تاوەکو بەجێی نەهێڵێت بەڵام ئەو سەری جوولاند و زەردەخەنەیەکی تاڵ هاتە سەرلێوەکانی و بەرەو ماڵی هۆرنزبای بەرێ کەوت. لەم کاتەدا دوو هاوڕێکەی کە هەڵاتبوون خۆیان گەیاندە ماڵی هۆرنزبای و هەواڵی مردنی ئەو و دوو کەسەکەی تریان دابووە خاوەنی ماڵەکە. ئەوان بەسەرنجدان بەبارودۆخ و برینەکانی جەستەی ویلبارگر دڵنیابوون کە مردووە. لەو شەوەدا هاوسەری هۆرنزبای خەوێکی ڕوون و زۆر ترسناکی بینی ئەو لە خەودا بینی کە ویلبارگر لە کاتێکدا کە سەرتاپای لە خوێن هەڵکێشراوە بەڕووتی و لە کاتێکدا کە پێستی سەری پێوە نەماوە بەڵام زیندووە لەژێر درەختەکاندا لە نێوان خاکو خۆڵەکەدا کەوتووە. ئەو لە خەو ڕاپەڕی و وایدەزانی کە دوچاری کابووس



بۆتەوە بەڵام کاتێ کە دووبارە خەوی لێ کەوتەوە دیسانەوە هەمان خەو دووبارە بۆوە. هاوسەرەکەی لە خەو هەستاند و زۆری لێکرد کە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بچن و ویلبارگر بدۆزنەوە هۆرنزبای هەوڵی دا کە پێی بسەلمێنێ کە لە ئاکامی ڕووداوە ترسناکەکانی ڕۆژی ڕابردوو دوچاری کابووس بووە بەڵام هاوسەرەکەی نەچووە ژێر باری ئەو قسانە و داواکەی خۆی دووبارە دەکردەوە. بەهۆی گوشاری خاتوو هۆرنزبای چەندین پیاو بەر لە هەڵاتنی خۆر لە کاتێکدا کە دەیانزانی بێ سوودە بەشوێن ویلبارگردا دەگەڕان. ئەوان بەوریاییەوە هەموو شوێنێکی کەمینی سوور پێستەکانیان پشکنی تاوەکو شوێن پێی خوێناوی ویلبارگریان دۆزییەوە و لە سەر شوێن پێ خوێناوییەکان لە کاتێکدا کە پاڵی بەدرەختێکی سەروو دابوو و زیاتر لە مردوو دەچوو ویلبارگریان دۆزییەوە. ئەو پیاوانە جەستە خوێناوییەکەیان بردە لای ڕووبارێک کە لەو نزیکانە بوو و بەجوانی شۆردیان و برینەکانیان تیمار کرد پاشان لە پەتۆیەکیان پێچا و بەرەو ماڵی هۆرنزبای بەرێ کەوتن. ویلبارگر چاک بووەوە و ١١ ساڵ پاش ئەو ڕووداوەی کە لەمەرگ نزیکی کردەوە ژیا . ئەو هەمیشە دەیگوت کە لە ئاکامی خەوەکانی خاتوو هۆرنزبای ڕزگاری بووە. لەوانەیە لە هەموو شتێک سەرسوڕهێنەرتر بابەتی دەرکەوتنی خوشکەکەی ویلبارگر بوو لەو بارودۆخەدا بەرامبەر براکەی، چونکە خوشکەکەی ویلبارگر بەدروستی ٢٤ کاتژمێر بەر لەوەی کە بچێتە بەرچاوی برا غەدرلێکراوەکەی لەویلایەتی میسوری مردبوو.

# چەپکێک نهێنی تر

هاوارد ویلەر کە بێژەرێکی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن بوو لە شاری شارلۆت لە ویلایەتی کارۆلینای باکوور بەپیاوێکی بەبڕواو ئاییندار لە قەڵەم دەدرا. ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی **١٩٦٣** ئەو ڕۆژەیە کە ئەو هەمیشە لە یادێتی. بەهۆی ئەوەی لەم ڕۆژەدا ڕووداوێکی زۆر سەرسوڕهێنەر تیایدا ڕووی دا کە ناتوانرێ هیچ هۆکارێکی بۆ بدۆزرێتەوە. لەو ڕۆژەدا کە ئەو ڕۆژێکی خۆشی بەسەربردبوو چووە نێو جێگای نوستن. کاتژمێر نزیکەی یەکی پاش نیوەشەوی ڕۆژی یەکشەممە بوو و ئەو لە تەنیشت تەختەکەی لەسەر ئەژنۆ خەریکی پاڕانەوە و دوعابوو. لەناکاودا ڕووی کردە هاوسەرەکەی و گوتی: خەوت لێکەوتووە؟ من دەنگی لێدانی ئۆتۆمبیلێکم گوێ لێ بوو! ئێستا دێمەوە. ئەو لە پاشاندا باسی لەوەکرد کە ئەو دەنگەی کە گوێی لێ بوو بەدروستی وەکو دەنگی لێدرانی دوو ئۆتۆمبێل بەیەک نەبووە بەڵکو زیاتر لە دەنگی بەیەکدا کێشانی دوو ڤاگۆنی شەمەندەفەر بوو. کاتێ کە هاوارد لە ماڵەوە هاتە دەرەوە و سواری ئۆتۆمبیلەکەی خۆی بوو پێویست بوو بڕیار بدات بە چ ئاراستەیەکدا بڕوات. ئەو هیچ شتێکی لە بەردەستدا نەبوو تاوەکو لەسەری بڕیار بدات. لەو شوێنەدا چەندین شەقام هەبوو و زۆربەیان دەیانتوانی شوێنێکی باش بن بۆ لێکدانی ئۆتۆمبێل! بەڵام دەبوایە کام شەقامە هەڵبژێرێت؟ لە ناکاودا بەبێ وەستان بەرەو پارکی (رود) ئۆتۆمبیلەکەی بەخێرایی لێخوڕی. کاتێ کە گەیشتە شەقامی (ڤود لاون) لە هەورازەکەوە بەرەو خوارەوە ڕۆیشت بەڵام لەبەر هۆیەکی نادیار هەستی کرد کە پێویستە بگەڕێتەوە بەرەو شەقامی (مونت فۆرد) بڕوات کە بەخێرایی ئەم کارەی ئەنجام دا.

ڕۆژنامەی (شارلۆت نیوس) لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەئەزموونە سەرسوڕهێنەرەکەی هاوارد ویلەر نووسیویەتی: ئەو ماوەیەکی زۆر لە جادەی (مۆنت فۆرد) بەرەو پێشەوە ڕۆیشت پاشان لە لۆفەیەکدا گەڕایەوە و لەوێدا ئۆتۆمبیلێکی بینی کە لە عامودێکی کارەبا درابوو و بەتەواوی لە کارکەوتبوو. بزوێنەری ئۆتۆمبیلەکە بەتەواوی چووبووە نێو کابینەی شۆفێرەکەوە. ئەو هیچ کەسێکی نەبینی بەڵام گوێی لە دەنگێک بوو کە دەیگوت: هامفی یارمەتیم بدە! لێخوڕی ئەو ئۆتۆمبیلە کە لەناو لاشەی ئۆتۆمبیلەکەدا گیری کردبوو و زۆر بەخێرایی خوێنی لەبەر دەڕۆیشت (جۆفاندر بورک) ناسیاوێکی دێرینی هاوارد



ویلەر بوو کە هەمیشە بەهامفی بانگی دەکرد. هاوارد ویلەر توانی هاوڕێکەی لە نێوان لاشەی ئۆتۆمبیلەکە بێنێتە دەرەوە و بیگەیەنێتە نەخۆشخانە، لە نەخۆشخانەدا نەشتەرگەرییەکی خێرای بۆ ئەنجام درا و بەدڵنیاییەوە ئەگەر هاوارد ویلەر بەفریای نەگەیشتایە ئەو مردبوو هەموو ئەم ڕووداوە زۆر سەرسوڕهێنەرە. بە چ شێوەیەک هاوارد ویلەر لە دووری نیو میل لە خانووەکەیەوە گوێی لە دەنگی بەیەکدا کێشانی ئۆتۆمبیلەکە و عامودی کارەباکە بووە؟ بە چ شێوەیەک لەو هەموو شەقامەدا توانی ئۆتۆمبیلی هاوڕێکەی بدۆزێتەوە؟ نە تەنیا ئەو هاوڕێکەی دۆزییەوە و ڕزگاری کرد تەنانەت **٤٥** دەقیقە پاش هاتنی پۆلیس بۆ شوێنی ڕووداوەکە هاوارد ویلەر تەنیا ڕێبوارێک بووە کە بەو شوێنەدا تێپەڕبووە.

***

تۆماس میهان پیاوێکی تەمەن **٣٨** ساڵە بوو کە ڕوخسارێکی جوانی هەبوو. ئەو پارێزەرێکی لێهاتوو و سەرکەوتوو بوو کە لە کارە پڕ سوودەکەی چێژی وەردەگرت و لە فەرمانگەی کاری کالیفۆرنیاش پۆستی ڕاوێژکاری هەبوو. نووسینگەی کارەکەی لەشاری شوێنی لە دایکبوونی خۆی لە (کۆنکۆرد) بوو. ئەو لە ڕۆژی یەکەمی شوباتی ساڵی **١٩٦٣** پاش ئەوەی کە بۆ ماوەی یەک هەفتە گوێی لە گازەندەی کرێکارەکان گرتبوو لە (ئیۆرکا) بەرەو ماڵەکەی گەڕایەوە. ئەو نزیکەی کاتژمێر **٢** ی پاش نیوەڕۆ ئیۆرکای بەجێ هێشت و گلەیی لەوە دەکرد کە گوایە دوچاری (ئانفلۆنزا) بووە. ئەو لە چێشتخانەیەکدا لە (مایرز فلات) وەستا تاوەکو خواردنەوەیەک بخواتەوە لەوێوە تەلەفۆنی بۆ هاوسەرەکەی کرد و پێی گوت کە هەست بەنەخۆشی دەکات و لەوانەیە درەنگ بگاتە ماڵەوە. هاوسەرەکەی ئامۆژگاری کرد کە واباشترە کە لە هوتێلێکی نێوان ڕێگاکەدا بحەسێتەوە تاوەکو ناچار نەبێت کە بەنەخۆشی ئۆتۆمبیل لێ بخوڕێت. نزیکەی کاتژمێر چوارو چل و پێنج دەقیقەی ئەو پاش نیوەڕۆیە تۆماس میهان ژوورێکی لە میوانخانەیەک بەناوی (فۆرتی وینکز) گرت لە (ڕێدوای) کە نزیکەی دوو میل لە باکووری شاری (گاربێرسڤیل)ەوە دوورە. پاشان چووە شاری گاربێرسڤیل تاوەکو لە نەخۆشخانەی ئەوشارە پشکنینی پزیشکی بۆ ئەنجام بدرێ. ئەو بە پەرستارێکی گوت: (وەکو ئەوەیە کە من مردبم!) کاتێ کە پەرستارەکە خەریکی ئەنجامدانی کاری پێویست بوو بۆ پشکنینی پزیشک، لە ناکاودا تۆماس میهان لە نەخۆشخانەکەدا نەمابوو. لەم کاتەدا کاتژمێر شەش و چل و پێنج دەقیقەی پاش نیوەڕۆ بوو. لەوکاتەدا (ماروین مارتین) و هاوسەرەکەی لە

مایرزفلات ئاگاداری پۆلیسی ڕێگەی ویلایەتیان کرد کە لە کاتژمێر ٧ی پاش نیوەڕۆ گلۆپی دواوەی ئۆتۆمبیلێکیان بینیوە کە لەسەر شارێگەی ژمارە ١٠١ بەخێرایی دەڕۆیشت کە پێدەچوو کەوتبێتە ناو ئاوی ڕووباری (ئێڵ) و تیایدا نوقم بووە.

پۆلیسی ویلایەتی بەخێرایی ئۆتۆمبیلێکیان نارده شوێنی ڕووداوەکە تاوەکو لە دروستی ڕووداوەکە ئاگادار بێتەوە.

***

لەکاتژمێر ٨ی پاش نیوەڕۆ تۆماس میهان دووبارە گەڕایەوە بۆ میوانخانەکە و بە(چیپ نان میلکەر) خاوەنی میوانخانەکەی گوت: (ئایا پێدەچێ کە من مردبم؟ من هەست دەکەم کە مردووم و هەموو دنیاش لەگەڵ مندا مردووە)!

خاوەنی میوانخانەکە سەرنجی دا کە پێڵاوەکان و بەشی خوارەوەی پانتۆڵەکەی تۆماس میهان قوڕاوی و تەڕە. میهان پاش ئەم قسانە بەرەو ژوورەکەی خۆی بەڕێکەوت. شاگردێکی میوانخانەکە لە کاتژمێر نۆ و نیوی پاش نیوەڕۆ بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی تۆماس میهان لە ڕوودانی تۆفان و پچڕانی هێڵی پەیوەندی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا کە میهان داوای کردبوو چووە ژوورەکەی. شاگردەکە سەرنجی دا کە میهان جلوبەرگەکەی گۆڕیوە و کراسێکی سپی و چاکەت و پانتۆڵێکی ڕەشی لەبەر کردبوو. لە کاتژمێر دە و چل و پێنج دەقیقەی شەو ئۆتۆمبیلەکەی میهان لە ڕووباری (ئێڵ)دا دۆزرایەوە. ئۆتۆمبیلەکەی تا گلۆپەکانی دواوەی چوو بووە ئاوەکەوە بەڵام گلۆپەکانی دواوەی هێشتا بەدەرەوە بوون و هەڵکرابوون. لەسەر ئۆتۆمبیلەکەدا پەڵەی خوێن بەزۆری بەرچاو دەکەوت. شوێن پێیەکی خوێناوی تا لێواری ڕووبارەکە و لەوێوە تا تەنیشت شارێگەی ویلایەتی بەرچاو دەکەوت بەڵام لەوێدا کۆتایی پێ هاتبوو. هیچ کەسێک لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا نەدۆزرایەوە و بەوتەی پۆلیس ئۆتۆمبیلەکە لەکاتی کەوتنە ناو ڕووبارەکە خێراییەکی زۆری هەبووە. لەوکاتەدا چیتر میهان لە میوانخانەکەدا نەبوو بەڵام جانتاو جلوبەرگەکەی هەر لەوێ بوون. پێڵاو و پانتۆڵە تەڕەکەی وشک ببۆوە و هیچ نیشانەیەک لە سڕینەوەی قوڕی شەوی ڕابردوو لەسەر پانتۆڵ و پێڵاوەکە نەدەبینرا. ئەو لە شەوی یەکەمی شوبات ون بوو تاوەکو ٢٠ی شوبات کە جەنازەکەی ١٦ میل دوورتر لەو شوێنەی کە ئۆتۆمبیلەکەی کەوتبووە ڕووبارەکەوە دۆزرایەوە. توێکاری لەسەر لاشەی ئەو کە خنکابوو دەریخست کە سەریشی شکاوە. میهان لە ڕووداوی کەوتنە ناو ڕووبارەکەوە بەزیندوویی دەرباز ببوو، بەڵام پاش ئەوە خنکابوو، ئەمە بووە هۆی سەرلێشێوانی لێپرسراوان و مەتەڵێکی پڕ لە نهێنی بۆ بەجێ



هێشتن. ئەگەر میهان لە ڕووبارەکە هاتۆتە دەرەوە و پاش تێپەڕکردنی ماوەیەک دیسانەوە کەوتۆتەوە ناو ڕووبارەکە و خنکاوە بە چ شێوەیەک خاوەنی میوانخانەکە و شاگردەکەی بینیویانە؟ بەشێوەیەک ئەو گەڕایەوە بۆ هوتێلەکە و خۆی گۆڕیوە و پاشان گەڕاوەتەوە بۆ کەنار ڕووبارەکە و خنکاوە؟ پۆلیسی ویلایەتی هیچ گومانێکیان لە ناسینەوەی ئەو لە هوتێلەکەدا نەبووە چونکە هەم بەڕێوەبەرو هەم شاگردی هوتێلەکە بینیویانە و قسەیان لەگەڵدا کردووە. بەڵام بە چ شێوەیەک میهان لەیەک کاتدا هەم لە هوتێلەکەدا بووە و هەم لە ڕووبارەکەدا خنکاوە؟ ئایا میهان ئاگاداری مردنی خۆی بووە کە پێشتر باسی لێوەکردووە ئەمەش نهێنییەکە هیچ کاتێک نەدۆزرایەوە.

***

خاتوو بابینگتۆن دانیشتووی شاری ئالکساندریا لە ویلایەتی لویزیانا لە کاتژمێر دوو و چل و پێنج دەقیقەی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ساڵی **١٩٥٨** چووە نێو حەوشەی ماڵەکەیەوە و ئۆتۆمبیلەکەی ڕاگرت. کاتێ کە بەرەو دەرگای دواوەی خانووەکەی بەڕێ کەوت گوێی لە دەنگی ڕژانی ئاو بوو بەچیمەنی ماڵەکەیدا. هەروەها لە سەربانی ماڵەکەشیدا دەنگی دەدایەوە. ئەمە شتێکی سەرنج ڕاکێش نەبوو جگە لەوەی کە هەتاو دەدرەوشایەوە و بەدڵنیاییەوە باران نەدەباری! ئەو وایدەزانی کە ئەمە تەنیا هەندێ ئاوە کە لە نافورەکەی دراوسێکەیەوە دەڕژێتە سەر چیمەنەکەی. گرفتەکە لەوەدا بوو کە دراوسێکان هیچ کامیان خەریکی ئاوپڕژێن نەبوون بەڵام ڕژانی ئاوەکە هەر درێژەی هەبوو. لەوانەیە بۆڕیەک تەقیبێت؟ لێکۆڵینەوەکان دەریخست کە بۆڕیەکان هەموویان ساغن و هیچ جۆرە ناتەواوییەکیان تێدا نییە و هیچ سۆندە یا بەلۆعەیەکی ئاو لە دەرەوەی خانووەکەدا نەکراوەتەوە. ئێستا خەریکە وردە وردە بابەتەکەمان سەرنجڕاکێش دەبێت. خاتوو (سامراڵ) کە لەوبەری شەقامەکەدا دەژیا سەرنجی ئەوەی دا کە خاتوو بابینگتۆن بەبەردەوامی بەدەوروپشتی خانووەکەیدا دەسووڕێتەوە کەواتە ئەویش هاتە دەرەوە تا بزانێ کە چ باسە و ئایا شتێک ڕوویداوە. ئەویش دەیتوانی دڵۆپەئاوەکان ببینێ کە لە ئاسمانی ساماڵدا دەدرەوشانەوە و دڵۆپ دڵۆپ دەڕژانە سەر خانووەکەی خاتوو بابینگتۆن. (ئادراس لابورد) سەرنووسەری ڕۆژنامەی (ئالکساندریا دەیلی تاون تالک) بەهۆی چەند کەسێک لەو دەیان کەسەی کە بۆ بینینی ئەم دیاردەیە لە ماڵی ئەو ئافرەتە کۆ ببوونەوە، ئاگادارکرایەوە خۆی گەیاندە شوێنی ڕووداوەکە.

لابورد بینی کە ئەم ئاوە ناتوانێ لە نێوان گەڵای درەختەکانەوە هاتبێت چونکە

درەختەکان لەو کاتەدا هیچ گەڵایەکیان پێوەنەبوو. بەسەرکەوتن لە درەختێکی هەمیشە بەهار کە ٢٥ پێ درێژ بوو و لە حەوشەکەدا بوو ئەو و کەسانی تر توانییان ببینن کە ئەم بارانە لە شوێنێکی بەرزتر لە خانووەکە و بەپانتایی ١٠٠ پێی چوارگۆشە دەبارێ. بۆ ماوەی دوو کاتژمێر و نیو ئەم بارانە بەخێرایی دەباری و پاشان لەناکاودا بەهەمان شێوە کە دەستی بەبارین کردبوو وەستا و خەڵکیش بەسەرسوڕمانەوە چوون بەشوێن ئیشوکاری خۆیاندا.

نە پایەگای ئاسمانی (ئینگلاند) کە لەو نزیکانە بوو و نە فەرمانگەی کەشناسی نەیانتوانی هیچ ڕوونکردنەوەیەک سەبارەت بەم باران بارینە لە ئاسمانی ساماڵدا بدەن و هەروەها نەیانتوانی هیچ هۆکارێک بدۆزنەوە کە بۆچی ئەم بارانە تەنیا بەسەر ناوچەیەکی زۆر بچووکدا باریوە. ئەم دیاردەیە زۆر نایابە بەڵام پێشتریش بەرچاو کەوتووە.

***

شاری داوسۆن لە ویلایەتی جۆرجیا لە دووەمین هەفتەی مانگی ئەیلولی ١٨٦٦ لە کەشێکی ساماڵدا باران بارینێکی لەم شێوەیەی بەخۆوە بینی هیچ هەورێک لە ئاسماندا نەبوو بەڵام ئاو وەکو بارانی بەهار و زیاتر لە یەک کاتژمێر لە ناوچەیەک بەپانتایی کەمتر لە ٢٥ پێ دەهاتە خوارەوە. لە نێوان سەرسوڕمانی زۆری دانیشتوانی شاری چارلستۆن، لە ویلایەتی کارۆلینای باشوور چوار جار لە ماوەی هەفتەیەکدا لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٦٦ باران بەخێرایی و بۆماوەی چەندین کاتژمێر تەنیا بەسەر خانوویەکدا و چیمەنەکانی دەوروپشتی دا دەباری. بەسەرنجدان بەوەی کە لە کاتی ئەم بارینەدا ئاسمان ساماڵ و بێ هەوربوو ڕۆژنامەی (چارلستۆن نیوز ئەندکۆریەر) بەبێ بینینی شوێنی ڕووداوەکە ڕایگەیاند کە ئەمە تەنیا کەوتنە خوارەوەی بوونەوەرە زۆر بچووکەکانە! بەڵام ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کە چوونە شوێنی ڕووداوەکە بەچاوی خۆیان بینییان کە ئاو بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر بەبێ وەستان دەڕژایە سەر خانووەکەو دارو درەختەکانی دەوروپشتی. لە ڕۆژنامەی نیویۆرک سان لە بەرواری ٢٤ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٦ ڕاپۆرتێکی کورت بەڵام سەرنج ڕاکێش سەبارەت بەبارانێکی سەرسوڕهێنەر کە لەناوچەیەکی بچووکدا لە( چێستەر فیلدکانتی) لەویلایەتی کارۆلینای باشوور باریوە بەرچاو دەکەوێ. بۆ ماوەی ١٤ ڕۆژ باران بەبێ پچڕان بەسەر گەڕەکێکی بچووکدا دەباری و بەشێوەیەک دەباری کە بۆڕی هاتنە خوارەوەی ئاو لەسەر بانەکان توانای تێپەڕینی ئەو هەموو ئاوەیان نەبوو. ئەو بارانە لە کوێوە هاتووە؟ ئێمە نازانین! چونکە لە هەموو ئەو



ڕۆژانەی کە ئەم بارانە دەباری ئاسمان ساماڵ و بێ هەور بووە!

بارینی باران لە دەرەوەی ماڵەوە تەنانەت ئەگەر هەوریش لە ئاسماندا نەبێت تارادەیەک باشترە لە بارینی باران لە ژوورەوە. لە گەڵمان بن.

***

دکتۆر ویلیام واترمان و هاوسەرەکەی لە خانوویەکی ٨ ژووری و جوان لە نزیکی شاری وینسۆر لە ویلایەتی ڤێرمۆنت بەخۆشی دەژیا ن تاوەکو لە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٥٥ گرفتەکە دەستی پێکرد. یەکەمین جار کە سەرنجیان دا کاتێ بوو کە سەر لەبەیانی ڕۆژێک بۆیان ڕوون بۆوە کە جۆرێک شەونمی سەرسوڕهێنەر و قورس لەسەر کەلوپەلەکانی ماڵەکەیاندا باریوە. ئەم شەونمە وەکو دڵۆپە ڕوون و درەوشاوەکانی ئاو یا دڵۆپەکانی ئارەقی سەر پێست لەسەر کورسییەکان و هەموو جۆرە کەلوپەلێکی دارین کۆدەبۆوە.

خێزانی واترمان هەوڵیان دا کە کێشەکە بەپاککردنی دڵۆپەکان بەئیسفنج چارەسەر بکەن بەڵام پاش ئەوەی کە ١٣ سەتڵ ئاویان لە ماوەی دوو ڕۆژدا بەتاڵ کرد تازە گەڕانەوە بۆ سەر شوێنی یەکەمیان و تێگەیشتن کە کارەکەیان بێهوودەیە. پێویست بەگوتن ناکات کە دکتۆر و هاوسەرەکەی لەوە تێنەدەگەیشتن کە بۆچی ئەم دیاردەیە لە خانووەکدا ڕوودەدات کە ئەوان ٩ ساڵ تیایدا بەبێ هیچ گرفتێک ژیاون. دکتۆر وتی: ڕۆژێک لە کاتی بردنی قاپێک ترێ لە ژوورێکەوە بۆ ژوورێکی تر بۆی ڕوون بۆوە کە قاپەکە لەم ماوە کورتەدا پڕبووە لە ئاو. بەهەمان شێوە کە چاوەڕوان دەکرا ئەوان داوای یارمەتیان لە شارەزایان کرد. پیاوانی فەرمانگەی کارەبا هیچ جۆرە ناتەواوییەکیان لە هێڵەکانی کارەبادا نەدۆزییەوە. هێڵەکانی ئاوی خانووەکەش بەوردی، پشکنینی لەسەر ئەنجامدرا بەڵام بێ سوود بوو. کەچی دیوارەکان بەتەواوی وشک بوو هیچ کونێکیش لە بۆرییەکاندا نەبوو تەنیا شتێک کە هەبوو کۆبوونەوەی دڵۆپە ئاوەکان بوو کە لەسەر کەلوپەلی خانووەکەدا بەرچاو دەکەوت و سات لەدوای ساتیش زیاتر دەبوو. دکتۆر ویلیام و هاوسەرەکەی جلوبەرگ و کەلوپەلی ماڵەکەیان گواستەوە بۆ دەرەوەی ماڵەکە، تاوەکو وشک ببنەوە و خۆشیان چوونە نێو کەرەڤانەیەکەوە تاوەکو سەرەنجام ئەم بارانە ناوخۆیە وەستاو جارێکی تر ئەو ماڵە ژیانی تێدا بەردەوام بوو. بەڵام کەس لە نهێنی ئەم بارانە سەرسوڕهێنەرە نەگەیشت.

***

له ڕووداوێکی تردا (ئیدمۆتز) هەورێکی بینی کە درەختە هەڵووژەکانی وشک کرد. ئەو خەریکی بڕینی چیمەنی باخچەکەی بوو لە خانووی ژمارە ٤٤٠ شەقامی (بواڵ) لەشاری (سین سیناتی) لە ویلایەتی ئۆهایۆی ئەمریکا. کاتژمێر پێنج و نیوی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٢ی تەموزی ساڵی ١٩٥٥ بوو. ڕۆژێکی هاوین بوو و (ئێد) دەیویست بەرلەوەی کە پلەی گەرما بەرزببێتەوە چیمەنی باخچەکەی کورت بکاتەوە. هیچ شتێکی نائاسایی لەمیانەی کارەکەیدا بەرچاو نەکەوت تاوەکو، لە تەنیشت درەختێکی هەڵووژەدا لەسەر زەوی دانیشت تاوەکو ئەو گژو گیایەی کە لە دەوری بوو و مەکینەی چیمەنەکە نەیدەگەیشتێ لە ڕەگەوە دەربێنێت. بەهەمان شێوە کە خەریک بوو دەستی بۆ هەڵکەندنی ئەو گژو گیایە درێژ بکات چەند دڵۆپەیەکی سوور کەوتە سەرپشتی دەستی. ئەم دڵۆپانە گەرم و لیق بوون و لە خوێن دەچوون. (ئیدمۆتز) کاتێ کە دەستی لێدان تێگەیشت کە چەورەو جۆرە ڕۆنێکیان تێدایە. چەند ساتێک پاش ئەوە ئەم دڵۆپانە وەکو باران هاتنە خوارەوە و ئەمجارەیان خەستتر و سوورتر بوون لە خوێن. بەدروستی وەکو باران بوو و ئەو بەهەمان شێوە کە لەپاشاندا ڕایگەیاند هەستی دەکرد کە لەژێر دوشێکی ئاوی گەرمی سوور و لیقدایە. (موتز) چەند هەنگاوێک گەڕایەوە دواوە و ڕوانییە ئاسمان. ئەو لەسەر سەری و لە بەرزایی هەزار پێیی هەورێکی بچووکی بەرچاو کەوت کە تا ئەو کاتە هەوری لەو شێوەیەی نەبینیبوو. ئەم هەورە تێکەڵەیەک بوو لە ڕەنگی سوور و سەوزو گۆشتی و پێدەچوو کە بسوورێتەوە. ڕەنگە سوورەکەی هەورەکە بەتەواوی لە ڕەنگی ئەو دڵۆپانە دەچوو کە دەڕژانە سەر درەختی هەڵووژەکە. ئەو لە ڕاستیدا بەچاوی خۆی بینی کە ئەم دڵۆپانە لەو هەورە دێنە دەرەوە و دەڕژێنە سەر درەختی هەڵووژەکە. لەم کاتەدا (موتز) تێگەیشت کە ئەو دڵۆپە سوورانە وەکو گیراوەیەکی پاک کردنەوەی برین جەستەی دەسووتێنێتەوە. ئەو بەپەلە ڕایکردە ژوورەوە بەئاوی گەرم و سابون ئەو ئاوە سوورەی لەسەر دەستەکانی پاک کردەوە. بەڵام کاتێ کە هاتە دەرەوە چیتر هەورەکە بەرچاو نەدەکەوت ئەویش دووبارە کەوتە بڕینی چیمەنی باخچەکەی. بۆ سەر لەبەیانی ڕۆژی دواتر (موتز) بەشی دووەمی ئەم بەسەرهاتە سەرسوڕهێنەرەی بینی.

***

هەر ٦ درەختە هەڵووژەکەی کە هیچ نەخۆشی و ئافاتێکیان نەبوو لەماوەی ٢٤ کاتژمێر وشک ببوون. گەڵاکانیان قاوەیی ببوو و زۆربەیان وەریبوون. هەڵووژەکان کە ڕۆژی پێشتر بەقەد هێلکەیەک بوون هەموویان وشک ببوون. لقی درەختەکانیش سیس ببوون و



چەمابوونەوە و ئەو چیمەنەش کە ئەو بارانە سوورەی بەسەردا باریبوو هەمووی وشک ببوو. هیچ فڕۆکەیەک لەکاتی ڕووداوەکەدا لە ئاسمانی ئەو ناوچەیەدا نەبوو ئەگەریش هەبووبێت نەیدەتوانی ئەو شلەمەنییە لە پانتاییەکی کەم و سنووورداری لەو شێوەیە بڵاوبکاتەوە. (موتز) نەیدەتوانی ئەو پێشنیارەش قبوڵ بکات، کە لە وانەیە کۆمپانیایەکی مادە کیمیاییەکان هەورێکی لە پاشماوە کیمیاییەکان لە ئاسماندا بڵاوکردۆتەوە و بەشێوەیەک بۆتە هۆی بارینی ئەو مادە سەرسوڕهێنەرە بەسەر درەختی هەڵووژەکاندا. سەرسوڕمانی(موتز) بەرامبەر بوو بەسەرسوڕمانی ئەو شارەزا جۆراوجۆرانەی کە هاتن و گوێیان لەقسەکانی گرت و نموونەی درەختەکانیان هەڵگرت و ڕۆیشتن. ئەوان بریتی بوون لە چەندین نوێنەر لە لایەن هێزی ئاسمانی ویلایەتی یەکگرتوەکان کە هاتن و درەخت و گژوگیا وشکەکانیان کۆکردەوە و پرسیارێکی زۆریشیان لە (موتز) کرد. ئەوان هەموو زانیارییەکیان وەرگرت بەبێ ئەوەی هێچ ڕوونکردنەوەیەکیان هەبێت. تەنانەت هێمایەکیان بۆ ئەوەش نەکرد کە بۆچی تا ئەو ڕادەیە مەبەستیانە کە، زانیاری لەسەر ئەو هەورە سەرسوڕهێنەرە کۆبکەنەوە کە درەختی هەڵووژەکانی (ئیدمۆتز)ی وشک کردبوو.

***

## چەندین وێنە لە نەفرەت و خۆشەویستی

جیمز لێنێهان دانیشتووی ویلایەتی فیلادلفیای ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٩ تەمەنی ١٩ ساڵ بوو و وەکو زۆربەی لاوان هەستی دەکرد کە دەتوانێ کرداری نائاسایی و سەرسوڕهێنەر ئەنجام بدات. لەوانەیە وایدەزانی کە چونکە تاکو ئێستا هیچ ڕووداوێکی نەهاتۆتە پێشی ئیتر هیچ شتێک ناتوانێ ڕێگەی پێ بگرێ بەڵام ئەفسوس: چونکە بەتەواوی بەهەڵەدا چوو بوو. ڕۆژێک لە کاتێکدا کە سواری ئۆتۆمبیلێک ببوو لە ئۆتۆمبیلەکە فڕێ درایە دەرەوە و لە دارێکی هێڵی تەلەفۆن درا. ئامبولانسێکی پۆلیس بەخێرایی گەیاندیە نەخۆشخانەی (برین مار) بۆ ماوەی ٩ ڕۆژ لەو نەخۆشخانەیەدا بەبێهۆشی مایەوە. تەنانەت پاش ئەوەی کە هاتەوە سەرخۆی پزیشکەکان بەدایک و باوکی جیمزیان ڕاگەیاند کە ناژی و دەمرێ. دایکی جیمز کە چیتر ئومێدی بەزیندوو مانەوەی نەمابوو پارچەیەک لە عەبای ئەسقەفی کۆچ کردوو (جان نیومەن) کە چەند ساڵێک لەوەبەر لە فیلادلفیا کۆچی کردبوو خستە دەستی جیمزەوە تاوەکو خوا لە گوناهەکانی خۆش بێت. پێنج هەفتە پاش ئەوە، جیمز کە هیچ ئومێدێک بۆ چاکبوونەوەی نەبوو لە نەخۆشخانە هاتە دەرەوە و تەندروستی خۆی بەدەست هێنایەوە بەڵام ئەوان ئەو ئەسقەفە کۆچ کردووە بەهۆکاری چارەسەری موعجیزە ئاسای جیمز دەزانن.

***

لە ساڵی ١٩٥٧ (لیندا کراکت) دانیشتووی شاری لیڤەرپول لە بەریتانیا دوچاری هەڵاوسانی جگەر بوو. سەرەڕای ئەوەی کە پزیشکەکان هەر کارێک کە توانیبوویان ئەنجامیان دابوو بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ نەخۆشییەکەی مەترسیدارتر دەبوو. پزیشکەکان بەدایک و باوکی لیندایان گوت کە منالەکەیان ئەوشەوە ناگەیەنێتە ڕۆژ. کاتێکی زۆر لە شەو تێپەڕ ببوو و باوکی منالەکە لەسەر کورسییەکەی خۆی لە تەنیشت تەختی مندالەکەی خەوی لێ کەوتبوو. بەڵام دایکی منالەکە لە کاتێکدا کە لەسەر ئەژنۆ کەوتبوو دەستی بەپاڕانەوە کرد. کەمێک لە کاتژمێر ٦ی بەیانی تێپەڕ یبوو کە کچە بچکۆڵەکە بانگی دایکی کرد. دایکی بەسەر مندالەکەیدا نوشتایەوە تاوەکو باشتر گوێی لە دەنگی بێت. کچەکە وتی: دایە ئێستا دەتوانی دەست لە دوعا و پاڕانەوە هەڵبگری چونکە ئەو خاتونەی کە جلوبەرگێکی درەوشاوەی لەبەردابوو و لە تەنیشت تۆوە وەستابوو هەر ئێستا



بەمنی گوت کە بەتەواوی چاک بوومەتەوە. دکتۆرەکان بەهەڵەدا چووبوون و قسەکەی لیندا بووە ڕاستی. لە ماوەی یەک هەفتەدا بەتەواوی چاک بۆوە لە ساڵی ١٩٦٣ و لە تەمەنی ١٥ ساڵیدا بووە کچێکی جوان و ئاسایی و تەندروست. دایک و باوکی لیندا چاکبوونەوەی ئەو بەهێزی دوعا و پاڕانەوەکانی ئەو شەوە دەزانن.

***

ئایا دەکرێ کە مرۆڤێکی ئاسایی بەشێوەیەکی کتوپڕ و لە چاوترووکانێکدا و بەبێ هیچ زیانێک ڕێگایەکی زۆر دوور ببڕێ. وەرن پێکەوە بڕوانینە ئەو بابەتە کە لە ئەرشیفی ڕەسمی حکومەتی مەکزیکدا هەیە و هیچ کاتێک وەڵامێکی دڵنیاکەری بۆ نەدۆزراوەتەوە. سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٥٩٣ لە گۆڕەپانی بەرامبەر کۆشکی پاشایەتی لە شاری مەکزیکۆسیتی پایتەختی مەکسیک پاسەوانەکان خەریکی گۆڕینی پاسەوانی ئێشکگر بوون. لە ژێر خۆرەتاوی درەوشاوەدا یەکێک لە سەربازەکان لە هەمووان دیارتر بوو و هیچ جێگەی سەرسوڕمانیش نەبوو چونکە جلوبەرگێکی تایبەتی لە بەردابوو کە لەگەڵ جلوبەرگی سەربازەکانی تر جیاواز بوو. تەنانەت تفەنگەکەشی لە مۆدیلێکی جیاواز بوو و دەردەکەوت کە خۆشی سەری لەم بارودۆخە سوڕمابێت. کاتێ کە بۆ لێپرسینەوە بردیانە لای لێپرسراوان بەم شێوەیە کەوتە قسەکردن: ناوی من (گیل پرێز)ە سەبارەت بەوەی کە بۆچی لێرە پاسەوانم بەهۆی ئەوەیە کە فەرمانم پێدراوە. هەر ئەمڕۆ من وەکو پاسەوانی ئەسپ سوار لەبەردەم دەرگاکانی کۆشکی فەرمانداری (مانیلا) دەستنیشان کرام. من ئێستا بەباشی دەزانم کە ئێرە کۆشکی فەرمانداری نییە و منیش لە (مانیلا)دا نیم بۆچی و بە چ شێوەیەک هاتووم بۆ ئێرە نازانم بەڵام تازە من لێرەم و ئێرەش هەر کۆشکە کەواتە من بەپێی فەرمان ئەرکی خۆم ئەنجام ئەدەم.

ئەو لە کۆتاییدا وتی: دوێنێ شەو فەرمانداری (فلپین) واتە خاوەن شکۆ (دۆن گۆمزپرێز داسمارێناس) لە شاری مولۆکاس هێرشی کرایە سەر و گیانی لەدەست دا. بەو سەربازە فلپینییە گوترا کە ئەو ئێستا لە شاری مەکزیکۆ سیتیدایە کە هەزاران میل لە مانیلاوە دوورە و وتەکانی ئەو جێگەی بڕواپێهێنان نییە. ئەو لەلایەن فەرمانداری گشتی و ڕاوێژکارەکەی خرایە ژێر لێپرسینەوە کە ئەوانیش وەکو سەربازەکە سەریان لێ شێوابوو. لە ئاکامدا لەلایەن کەنیسەوە سەرکۆنە کرا و خرایە زیندانەوە و ئەم نهێنییە بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە پەیوەندیان پێوە هەبوو هەر بەنهێنی مایەوە. ئایا ئەو بەڕاستی بەیەک شەو لە مانیلاوە گواسترابۆوە بۆ مەکزیکۆسیتی؟ ئەو کارەی کە لە ساڵی ١٥٩٣ کارێکی

نەکردەنی بوو. ئایا ئەو تاوانبارێکی هەڵاتوو بوو یا شێتێکی سەرگەردان وەیا تەنیا درۆزنێک؟..

بۆ ماوەی دوو مانگ گیل پرێز لە زیندانێکدا لە شاری مەکزیکۆسیتی زیندانی کرا تاوەکو کەشتییەک لە فلیپینەوە گەیشت و هەواڵی کوشتنی فەرماندار (داسماریناس)ی هێنا کە لە شاری مۆلۆکاس کوژرابوو. هەروەها ئەو کەسانەی کە لە کەشتییەکەدا بوون نە تەنها ئەو سەربازەیان ناسییەوە بەڵکو هاتەوە یادیان کە ئەو ڕۆژێک بەر لە دەسگیرکردنی لە مەکزیکۆسیتی لە مانیلا بینیویانە. لێپرسراوانی مەکزیکۆسیتی کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان سەبارەت بەم ڕووداوە نەبوو و نەیاندەزانی کە ئەو پیاوە چی بەسەرهاتووە بەوردی هەمموو لایەنەکانی ئەو ڕووداوەیان تۆمار کرد و گیل پرێزیان گەڕاندەوە بۆ فلیپین. ئەم نهێنییە تاوەکو ئێستا لەژێر پەردەی نەزانیدا شاراوەیە. فلیپین لە کوێ و مەکزیک لە کوێ؟

***

لە شاری باکزپۆرت لە ویلایەتی مین تاوەکو ئەمڕۆش یادگارێکی نەمر لەو ڕۆژانەی کە (نیو ئینگلاند) لە سەردەمی ڕاوکردنی سیحربازاندا دەژیا ماوەتەوە. لەو ڕۆژانەدا کاتێ کە شار و کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان بەشوێن کەسانێکەوە بوون کە تۆمەتی سیحربازبوونیان درابووە پاڵ سەرهەنگ (جاناتان باک) کە دامەزرێنەری شاری باکزپۆرت بوو بڕیاری دا کە شارەکەی ئەو نابێت لەم کاروانە جێ بمێنێ کەواتە ڕایگەیاند کە باگز پۆرت کە ئەو سەردەمە تەنیا گوندێک بوو بەشوێن سیحربازاندا دەگەڕێ. بەسەرنجدان بەوەی کە وشەی سیحرباز بەپیرەژنێکی چەناگە درێژ دەگوترێ کە هەڵسوکەوتێکی سەرسوڕهێنەری هەیە ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو کە سەرهەنگ یەکەمین قوربانی دۆزییەوە. ئەو پیرەژنە ڕایگەیاند کە بێ تاوانە. بەڵام سەرهەنگ بڕوای پێ نەکرد. ئەو هاواری دەکرد کە ئەو پیرەژنە هەڵسوکەوت و کرداری شەیتانی ئەنجام داوە و بەدرۆخستنەوەی تۆمەتەکەی هیچ سوودێکی نییە و تاوانەکانی قورستر دەکات. ئەو پیرێژنە تا ئەو کاتەی کە دان بەتاوانەکەیدا دەنێ پێویستە ئەشکەنجە بکرێت. کاتێ کە بۆ ماوەی چەندین کاتژمێر ئەو پیرەژنەیان خستە ژێر ئەشکەنجەی قورسەوە و هیچ وشەیەکی سەبارەت بەو تۆمەتەی درابووە پاڵی نەدرکاند، سەرهەنگ بێزار بوو و فەرمانی دا کە پیرێژنە بێچارەکە لە سێدارە بدەن. ئەو تا کۆتایی کارەکە ئاگای لەخۆی بوو و کاتێ کە هەناسەکانی کۆتایی هەڵدەکێشا نەفرەتی خۆی بۆ سەرهەنگ و هاوکارە نامرۆڤەکانی نارد و ڕایگەیاند کە



کاتێ کە سەرهەنگ بمرێت جێ قاچەکانی بەنیشانەی ئەوەی کە ژنێکی بێ تاوانی کوشتووە لەسەر گۆڕی سەرهەنگ بەدەردەکەوێ. سەرهەنگ باک هیچ کاتێک ئەو هەڕەشەیەی لەبیر نەچوو و لەکاتی مردنیدا بەمیراتگرەکانی خۆی گوت کە دەبێ بەردی گۆڕەکەی بەتەواوی ساف و سپی بێت.

دوو مانگ پاش مردنی کێلێکی گەورەیان لەسەر گۆڕەکەی دانا. ئەم کێلە بەردێکی سپی بوو کە لە بەفر دەچوو کە لە گۆڕەکانی تر جیای دەکردەوە و دەریدەخست کە ئەمە گۆڕی کەسێکی دامەزرێنەر و پێشڕەوی کۆمەڵ و یەکێک لە دەوڵەمەندترین هاوڵاتییانە. بەڵام ئەو بەردە سپییە بەو شێوەیە نەمایەوە. مجێوری کەنیسە یەکەمین کەس بوو کە گۆڕانکارییەکی لەسەر کێڵی گۆڕی سەرهەنگ بینی.

***

ئەو قەشەی کەنیسەکەی ئاگادار کردەوە و قەشەکەش کەسوکاری سەرهەنگی لەو ڕووداوە ئاگادارکردەوە، جێ پێی ئافرەتێک بەشێوەیەکی کاڵ لەسەر گۆڕی سەرهەنگ بەدەرکەوتبوو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر بەدەردەکەوت.

بنەماڵەی سەرهەنگ بەردتاشێکیان بانگ کرد تا بەتەواوی یادگاری ئەو پیرێژنە کە بەفەرمانی سەرهەنگ لەسێدارە درابوو لەسەر کێڵی گۆڕەکە بتاشێ. کاتێ کە دووبارە پاش چەند هەفتە شوێن پێی پیرێژنەکە دیسانەوە لەسەر کێلی گۆڕەکە بەدەرکەوت سەرنجی خەڵکی ناوچەکەی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. پاشماوەکانی سەرهەنگ فەرمانیان دا کە بەردی گۆڕەکە بگۆڕن و بەردێکی تر لەشوێنی دابنێن. بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود بوو چونکە شوێن پێی پیرێژنەکە لەسەر دووەمین بەردی گۆڕەکەش بەدەرکەوت و بووە هۆی ئەوەی کە میراتگرەکانی سەرهەنگ لەم کارە نائومێد بن. ئەم بەردە کە شوێن پێی ئەو پیرێژنە بێ تاوانەی بەسەرەوەیە هێشتاش هەر لەوێ ماوە و بەیەکێک لەدوایین یادگارەکانی سەردەمێکی شێتانە لە مێژووی مرۆڤایەتی و ئەو ڕۆڵەی کە سەرهەنگ باک تیایدا گێڕای لەقەڵەم دەدرێ. نەفرەتی پیرێژنەکە تا ڕۆژی کۆتایی جیهان هەر دەمێنێتەوە.

***

ڕوبەرت ماسگرۆ ئەندازیارێکی هێڵی شەمەندەفەر بوو کە لە ئەنجامی بەرکەوتنی دوو شەمەندەفەر لە ساڵی ١٩٠٤ کوژرا. ئەو لە گۆڕستانی کەنیسەی بچکۆلەی (متدۆدیست) کە گرووپێکی بچووکی ئایینی مەسیحین لە شاری فایت کانتی لە ویلایەتی ئالاباما

بەخاک سپێردرا. ئەو لەکاتی مردنیدا دەسگیرانی خانمێکی لاو بوو کە لە شاری (ئاموری) لە ویلایەتی (می سی سی پی) دەژیا. بۆ ماوەی چەندین مانگ پاش بەخاکسپاردنی ڕۆبەرت ئەو کچە بەبەردەوامی سەردانی گۆڕەکەی دەکرد و لەسەر ئەژنۆ لەتەنیشت گۆڕەکە دەپاڕایەوە و دوعای دەکرد کە هەندێ کات یەک کاتژمێری دەخایاند. ئەو کچە پاش ئەوە نەزانرا کە چی لێ بەسەرهات.

تاوەکو ساڵی ١٩٦٠.... بەردی گۆڕەکەی ماسگرۆ بەهۆی تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر ڕەش ببوو. خەڵک سەرنجیان دا کە لە سەر بەردی گۆڕەکەی کە نزیکەی ٨ پێ درێژ بوو وێنەی ئافرەتێکی لاو بەرچاو دەکەوێ ئەم وێنەیەش بەتەواوی لە ڕەشی بەردی گۆڕەکە جیا دەکرایەوە. ئەم وێنەیە لە ئافرەتێکی لاو دەچوو کە بەرگی بووکێنی لەبەردایە. ئەم وێنەیە ئەوەندە ڕوون بوو کە مودێلی قژ و برژانگەکانی بەجوانی دیاربوو. تەنیا دەستەکانی کە هەندێ نادیار بوون پێدەچوو کە شتێکیان گرتبێت. ئەوانەی کە پێشتر ئەم وێنەیان بینیوە هەست دەکەن کە ئەم وێنەیە لە ماوەی چەندین ساڵدا ڕۆژ بەڕۆژ ئاشکراتر دەبێت. ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ ڕاستی ئەم ڕووداوە بەچاوی خۆیان ببینن دەتوانن لەسەر شارێگەی ژمارە ١٣ لە ٣ میلی باشووری وین فیلد لە ئالاباما بەرەو ڕۆژ ئاوا بڕۆن و دەگەنە جادەی کەنیسەی ماسگرۆ کە بەدروستی لە تەنیشت گۆڕستانەکەیە. وێنەی سەر گۆڕی ماسگرۆ یادگارێکی نەمر لە عەشقێکی ونبوو بەڵام لەیادنەکراوە.

***

نزیکەی یەک سەدەیە کە بەردی گۆڕێک لە گۆڕستانی کۆنی شاری ویلیا مستۆن لە ویلایەتی کارۆلینای باکوور، سەرنجی خەڵکانێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. لەسەر ئەو بەردی گۆڕە ناوی (جیمز هاف) هەڵکەندراوە و مێژووی بەخاکسپاردنیشی ١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٠١ نووسراوە. جگە لەوە ئەم بەردی گۆڕە وێنەی سەری ئەسپێکی لەسەرە کە زۆر قووڵیشە. کە ئەگەر بارودۆخی کاتی مردنی هاف لە بەرچاو بگرین زۆر سەرنج ڕاکێش دەبێت. جیمز هاف کاتێ کە زیندوو بوو ئەو ئەسپەی زۆر خۆش دەویست و بەووردبینییەوە ئاگاداری بوو. ڕۆژێک عەرەبانەی لێ بەست و بۆ پیاسەکردن بەڕێ کەوت. سەرلەبەیانی ڕۆژی پاشتر لاشەی بێ گیانی هاف لە تەنیشت عەرەبانە وەرگەڕاوەکە لە شوێنێکی زۆر دوور دۆزرایەوە. ئەسپەکەش ون بوو و هیچ کات نەدۆزرایەوە. نزیکەی دوو مانگ پاش بەخاکسپاردنی هاف ڕێبوارێک سەرنجی دا کە وێنەیەکی کاڵ لەسەر بەردی گۆڕەکەی بەدەرکەوتووە. ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەو وێنەیە ڕوونتر دەردەکەوت و لە ماوەی یەک



ساڵدا بەتەواوی دەرکەوت. لەسەر بەردی قەبرەکە هیچ درزو ڕووشاوییەک بەرچاو نەدەکەوت کە ئەم وێنەیە بەهۆکاری ئەوە بزانرێت. تەنیا وێنەی سەری ئەسپێک کە زیاتر لە ١٠٠ ساڵ لەبەرامبەر کاریگەری وێرانکەری با و باراندا بەرگری کردووە.

***

کاتێ کە دەنگوباسی ئەوە بڵاوبۆوە کە دکتۆر (سپنسر تۆرنتۆن) دەتوانێ چەند ڕۆژ یا چەند هەفتە بەر لەچاپی ڕۆژنامەکان پێشبینی سەردێرەکانیان بکات، گومانێکی زۆری هێنایە ئاراوە. ساڵی ١٩٥٧ بوو و دکتۆر تۆرنتێن کەلەو سەردەمەدا تەمەنی ٢٩ ساڵ بوو بەپێی چەندین ڕاپۆرت بەدرکاندنی سەردێری ڕۆژنامەکان بەر لەوەی کە لە چاپ بدرێن دەستی ڕۆژنامەکانی لەپشتەوە بەستبۆوە. بەڵام ئایا ئەمە ڕاست بوو؟ ڕۆژنامەی (تایمز هێراڵد) چاپی (دالاس) لە تەکساس بڕیاری دا کە ئەم نهێنییە ئاشکرا بکات و بۆ ئەم کارەش پزیشکە لاوەکەی خستە ژێر تاقیکردنەوە. ئایا ئەو دەیوێرا بەشداری لەم تاقیکردنەوەیەدا بکات؟ بەڵێ بەدڵنیاییەوە... (پۆل ڕۆزن فیلد) سەرنووسەری ڕۆژنامەکە دکتۆر تۆرنتۆنی بینی و داوای لێ کرد تا بەڵگەنامەیەک بۆ سەلماندنی پێشبینی و خوێندنەوەی سەردێری ڕۆژنامەکان بەر لە دەرچوونیان بخاتە ڕوو. دکتۆر تۆرنتۆن دەسبەجێ چەند دێرێکی لەسەر لاپەڕەیەک نووسی و خستیە پاکەتی پۆستیەوە و لەسەر پاکەتەکە ناونیشانی سەرنووسەری ڕۆژنامەکە واتە (ڕۆزن فیلد)ی لە نووسینگەی کارەکەیدا نووسی. ڕۆزن فیلدیش پاکەتەکەی داخست و بەناونیشانی خۆی خستیە سندوقی پۆستەوە. پاش ئەوەی کە نامە خرایە سندوقی پۆستەوە دکتۆر تۆرنتۆن بەڕۆزن فیلدی گوت کە ئەو وەڵامی سێ پرسیاری داوەتەوە کە هێشتا لێی نەپرسراوە: ئەمەش پرسیارە نەپرسراوەکان بوون:

١- چەند پارە لە گیرفانەکانی ڕۆزن فیلدا هەیە؟ دکتۆر تۆرنتۆن نووسیبووی ٤ دۆلار و ٤٥ سنت.

٢- شوێنی لەدایکبوونی ڕۆزن فیلد چ شارێکە؟ دکتۆر تۆرنتۆن نووسیبووی کلارکسویل لە تەکساس.

٣- دکتۆر لە ڕۆزن فیلدی پرسی کە بیر لە ژمارەیەکی بچووکتر لە هەزار بکاتەوە و ڕۆزن فیلد ژمارە ٦٣٢ی لە مکێشدا بوو. کاتێ کە سەرنووسەر ئەو نامەیەی کردەوە کە ڕۆژی پێشتر خۆی بەناونیشانی خۆی پۆستی کردبوو بۆی دەرکەوت کە دکتۆر تۆرنتۆن بەر لەوەی کە پرسیارەکانی ئاراستە بکرێت وەڵامە دروستەکانی لەو نامەیەدا

نووسیوە. هەردوو پرسیاری ٢ و ٣ وەڵامەکانیان زۆر دروست بوو بەڵام لە پرسیاری یەکەمدا تەنیا بەجیاوازی یەک سنت وەڵامی پرسیارەکەی دابۆوە واتە لەجیاتی ٤ دۆلار و ٤٥ سنت نووسیبووی ٤ دۆلار و ٤٤ سنت. بەڕاستی سەیرە.

***

قارەمانانی بۆکس دەزانن کە هەموو یاریزانانی بۆکس لەکێشی ناوەند ژیانێکی کورت و کارەساتاوییان هەیە. یەکەمین قارەمانی کێشی ناوەند (جاک دێمپسەی) بوو کە لە (باب فیت سیمۆنز) شکستی خوارد و لە پلەی قارەمانیەتی هاتە خوارەوە. ئەو پاش ئەوە چووە شاری پۆرتلاند لە ویلایەتی ئۆرگن و پاش تێپەڕاندنی ٦ مانگ ئاوارەیی بەکەساسی مرد. ( ستانلی کیتچەڵ) قارەمانێکی تری پێشووی بۆکس لە تەمەنی ٢٣ساڵیدا لەشاری (کۆنوای) لە ویلایەتی میسوری بەفیشەکی کرێکاری کێڵگەیەک کوژرا.

بیلی پاپکە پاش لەدەستدانی پلەی قارەمانییەتییەکەی چووە شاری نیوپۆرت لە کالیفۆرنیا. ئەو هاوسەری پێشووی خۆی کوشت و بەهەمان تفەنگ کۆتایی بەژیانی خۆشی هێنا.

هاری گرێب یەکێک لە گەورەترین یاریزانانی بۆکس لەسەردەمی خۆیدا نەشتەرگەرییەکی جوانکاری ساکاری بۆ کرا بەڵام پاش ماوەیەک بەهۆی کاریگەری ئەم نەشتەرگەرییە مرد. (تایگر فلاورز) جێ نشینی هاری گرێب بۆ هەڵگرتنی شوێنی برینێک کە نەشتەرگەرییەکی سادەبوو لە نەخۆشخانەیەکدا لە نیۆیۆرک خەوت بەڵام چەند کاتژمێرێک پاش ئەوە مرد. بە وتەی پزیشکەکان ئەگەری مردنی ئەو لەم نەشتەرگەرییەدا لەسەد هەزاردا یەک بووە. وینس داندی قارەمانێکی تری کێشی ناوەند بەهەمان نەخۆشی ( لۆگریگ) گیانی سپارد، بەڵام سەرسوڕهێنەرتر لە هەمووان کاتێ کە قارەمانی بۆکسی فەڕەنسا لە کێشی ناوەند (مارسیل سێردان) ناونیشانی قارەمانیەتەکەی خۆی بەجاک لاموتا دۆڕاند وتی: (یا پلەی قارەمانیەتییەکەم وەردەگرمەوە یاخود دەمرم) ئەمە وتەیەکی چارەنووسساز بوو چونکە فڕۆکەکەی ئەو لەکاتی گەڕانەوەیدا بۆ فەڕەنسا کەوتە خوارەوە و سەرجەم سەرنشینانی فڕۆکەکە کە ئەویشی تێدا بوو کوژران کەواتە مەرگ لە هەموو یارییەکدا براوەیە.

***

کاتێ کە دەیڤید بیرمان دانیشتووی شاری سێنترالیا لە ویلایەتی ئیلینۆیز تەمەنی ٦



ساڵان بوو لە پایسکیلەکەی کەوتە خوارەوە و بەپێی ڕای پزیشک بە٦ تەقەڵ برینەکەی دوورایەوە. لە تەمەنی ٧ ساڵیدا لە درەختێکی سێو چووە سەرەوە و تەلێکی کارەبا لە نێو گەڵای دار سێوەکەدا بوو، کارەبا گرتی و کەوتە خوارەوە و لەکاتێکدا کە بەشێکی زۆر لە جەستەی سووتابوو دووبارە لە نەخۆشخانەدا خرایە ژێر چاودێری پزیشکییەوە. لە تەمەنی ٨ ساڵیدا پارچەیەک بەردە ڕەژوو بەر سەری کەوت و چەندین تەقەڵیان لەسەر تەقەڵە پێشووەکان لە سەری دا. لە تەمەنی ٩ ساڵیدا کەوتە نێو خەباتەی چیمەنتۆوە و لە چەندین شوێنەوە جەستەی بەقووڵی بریندار بوو کە دیسانەوە پێویستی بەنەخۆشخانەو تەقەڵ بوو. لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا ڕووداوێکی تر بۆ ماوەیەک لە نەخۆشخانەدا خستی. پاشان لە هەمان ساڵدا بۆ هەڵگرتنی زیادە گۆشتێکی ناو سنگی بۆ شەشەمین جار ڕێگەی کەوتە نەخۆشخانە. لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا و لە ساڵی ١٩٦١ کاتێ کە وایدەزانی چیتر ژیانی پڕمەترسی جێ هێشتووە لەمانگی تشرینی یەکەمدا لەکاتی لێدرانی ماتۆر سیکلەکەی ژیانی لەدەست دا.

# جیهانێکی پڕ لە نهێنی

لە پاییزی ساڵی ١٩٦١ لە نزیکی ٣ میلی ڕۆژهەڵاتی شاری (مێنا) لە ویلایەتی ئارکانزاس و لەتەنیشت جادەی رانسۆم، پیرەمێردێک لەگەڵ هاوسەرەکەی و کوڕەزا تەمەن ١٥ ساڵانەکەیدا دەژیا. ئەم پیرەمێردە کە تەمەنی نزیکەی ٧٠ ساڵ دەبوو ناوی (ئێدیشن) بوو. بەو تەمەنە زۆرەش هێشتا هەر لە کێڵگەکەیدا بەهاوکاری کوڕەزاکەی کاری دەکرد. تا ئێرە هەموو شتێک ئاساییە بەڵام ڕووداوی سەرسوڕهێنەر لە خانووە پێنج ژوورییەکەی ئەم کێڵگەیەدا ڕووی دەدا و لەڕۆژی ٢ی کانونی یەکەمی ئەو ساڵە ئەم ڕووداوانە ئاشکرا بوون.

ئێیدشن و هاوسەرەکەی بەدراوسێ و، پەیامنێرانیان ڕاگەیاند کە چەند مانگە خۆبەخۆ کەرەستە و پێداویستییەکانی ناو خانووەکە لە شوێنی خۆیان دەجوولێن. خاتوو شین وتی کە جارێک کە سەری بەرزکردۆتەوە بینیویەتی کە کتێبی ئینجیلەکەیان بەهێمنی کاتێ کە لە ژووری دانیشتن بەتەنیا بووە لە تەنیشت سەریەوە، لە ناو بۆشاییدا ڕۆیشتووە. تەنانەت سەرینەکان لەژێر سەری خاوەن کێڵگە پیرەکە و هاوسەرەکەی بەشێوەیەک دەهاتنە دەرەوە کە لە دیوارەکە دەدرا. هاوسەری یەکێک لە کوڕەکانی ئەو پیرەمێردە باسی لە رووداوێ کرد کە تیایدا سەتڵێکی بەتاڵی خەڵووز و چەند گەنمەشامییەک ڕاستەوخۆ بەرەو ئەو هاتوون، برای خاتوو شین کە ناوی (جۆرج وتیێنبرگ)ە باسی لە قەڵەمێک و قوتوویەکی خواردنی سەگ کردووە کە چەند ساتێک لەناو بۆشایی ژوورەکەدا بینیونی.

دراوسێیەکی ئەم خێزانە بەناوی (جی. ئێڵ. پلای) ڕایگەیاند کە بینیویەتی کە شقارتەکان لە شوێنی خۆیان هاتوونەتە دەرەوە و ئەمەش هەندێ کات بەتاک و هەندێ کاتی تر بەکۆمەڵ ئەنجامدراوە.

تایبەتمەندییەکی سەرسوڕهێنەری هەموو ئەم ڕووداوانە هێواشی جووڵانی شتەکانە کە لە هەموو ڕووداوەکاندا بینراوە و هۆکارێکی تایبەتیشی بۆ نییە. پاش ئەوەی کە ئەو پیرەمێردە دەستەوەستان مایەوە سەرەنجام سەبارەت بەم ڕووداوانە دەردە دڵی لەگەڵ کاسبکارێکی ئەو ناوچەیەدا کرد و ئەو کاسبکارەش ئەم هەواڵەی دایە کەرتی ڕاگەیاندن و پاش ئەوە خێزانی (شین) بوونە ئامانجی ڕوانین و سەرنجی خەڵکی ناوچەکە. هەندێ کات



١٢ کەس بەیەکەوە لە دەرگایان دەدا و دەیانویست بچنە ژوورەوە و ئەو ڕووداوە سەرسوڕهێنەرانە بەچاوی خۆیان ببینن تاوەکو ئەو خێزانە بێزار بوون و کوڕەزای پیرەمێردەکە ڕایگەیاند کە ئەوانە هەمووی قسەی هەڵبەستراون و ئەو دروستی کردوون.

ئەم کردارە بووە هۆی کشانەوەی سەرنجی خەڵکی بەڵام ئایا ئەم کێشەیەی چارەسەرکرد؟ (چارلز ئۆلبرایت)ی نووسەر لە ڕۆژنامەی ئارکانزاس گازەتە کە لەم ڕووەوە دەستی دایە لێکۆڵینەوە وتی کە وتەکانی ئەو کوڕە چارەسەری هیچ کێشەیەکی نەکردووە چونکە ئەو ڕۆژنامەنووسە سەرنجی دا کە تەنانەت ئەو کوڕەش توانای جێبەجێ کردنی شتە قورسەکانی لەناو بۆشاییدا نییە ئەو دەڵێ وتەکانی ئەو کوڕە لەکاتی خۆیدا بوو بەڵام ئەم کێشەیە بۆ هەتا هەتایە وەکو نهێنییەک ماوەتەوە.

***

قەشەی شاری (گراس واردن) ژوزێف دێلانی ڕاهاتبوو لەسەر ئەوەی کە خەوێکی قورسی هەبێت. بەڵام لەشەوی ٢٧ ی حوزەیران ساڵی ١٩١٤ بەبێ هیچ هۆکارێک خەو نەچووە چاوانی و ئارامی لەبەر بڕا. کەواتە بیری لەوە کردەوە کە کارێکی بەکەڵک ئەنجام بدات. ڕۆیشتە کتێبخانەکەوە و ئامادە بوو تاوەکو پاشماوەی شەو بەکتێب خوێندنەوە بباتە سەر و بەهەمان شێوە کە گڵۆپی سەرمێزی خوێندنەوەکەی هەڵدەکرد سەرنجیدا کە پارچە کاغەزێکی بچووک کە بەقەڵەمێکی ڕەش لەسەری نووسراوە لە تەنیشت گڵۆپەکە دانراوە.

قەشەکە نەدەهاتەوە بیری کە ئەوەی پێشتر بینیبێت. کاتێ کە دەستی درێژکرد کە هەڵیگرێت خەتی (ئارشیدۆک)ی ناسییەوە کە چەند ساڵ لەوەبەر یەکێک لە قوتابییەکانی خۆی بووە. قەشەکە نووسراوەکەی خوێندەوە و ناوەرۆکی نووسراوەکە زۆر پەرێشانی کرد. بۆچی ئەم پەیامە پێشتر بەرچاوی نەکەوتووە؟ بۆچی بەبێ نرخی لەسەر مێزی خوێندنەوەکەدا فڕێ درابوو؟ قەشە نامەکەی خستەوە ئەو شوێنەی کە بۆ یەکەمجار بینیبووی و زەنگەکەی لێدا تاوەکو خزمەتکارەکە بێت. چەند ساتێک پاش ئەوە خزمەتکارەکە هات. ئەو ماندوو و خەواڵوو بوو بەڵام کاتێ کە قەشەکە باسی لە نووسراوەکە کرد ئەو هیچ شتێکی نەبینی تەنانەت شوێنەکەشی دیار نەبوو. ئەم زاناپایەبەرزە بیری لەوە کردەوە کە لەوانەیە دوچاری هەڵەی بینین بووبێت. بابەتێکی زۆر سەرسوڕهێنەربوو. بەڵام ئەو خەتی ئارشیدۆک فردیناند قوتابی پێشووی خۆی ناسیبۆوە.

ئەو بڕیاری دا تا کاتێ کە ناوەڕۆکی پەیامەکەی لە مێشکدایە یاداشتی بکات کەواتە لەسەر لاپەڕەیەک ئەو وشانەی نووسی: خاوەن شکۆ من و هاوسەرەکەم بووین بەقوربانی تاوانێکی سیاسی داوای ئەوە دەکەم کە لە دەرگای پەروەردگار داوای لێخۆشبوونمان بۆ بکەی. سارایڤۆ، ٢٨ حوزەیرانی ١٩١٤ کاتژمێر ٤ی بەیانی.

١٠ کاتژمێر پاش ئەوەی کە قەشەکە ئەو پەیامەی نووسییەوە، فردیناند و هاوسەرەکەی لە شەقامەکانی سارایڤۆ بەفیشەکی لاوێکی دەمارگیری سربی کوژران و بوونە یەکەمین قوربانییانی جەنگی جیهانی یەکەم.

***

١٢ پزیشک بەسەرسوڕمانەوە دەیانڕوانییە ئەو کوڕە بچووکە. ئەوان چەند ڕستەیەکی درێژ و پێچاوپێچیان لەسەر تەختە ڕەشەکە نووسیبوو و ئەو منداڵە کە درەوشانەوەیەکی سەرسوڕهێنەر لە چاوانیدا بوو بەبێ وەستان و هیچ هەڵەیەک ئەو شتەی کە نووسیبوویان بۆیانی خوێندەوە. لەوانەیە ئەمە شتێکی ئاسایی بێتە بەرچاو بەڵام ئەم ١٢ پزیشکە ئەو وشانەیان بەچەندین زمانی وەکو لاتین، ئیسپانی، فەڕەنسی، ئەڵمانی و تورکی نووسیبوو. جگە لەوە ئەو منداڵە دەسبەجێ و بەبێ وەستان هەموو وشەکانی خوێندبۆوە. ئەو منداڵە تەمەنی تەنیا ١٢ ساڵ بوو لەوانەیە ئەمەش زۆر سەرسوڕهێنەر نەبێت بەڵام ئەو منداڵە منداڵێکی دواکەوتووی عەقڵی بوو، ناوی ئەم منداڵە (بۆبی) بوو و لە ساڵی ١٩٥٧ لە دایەنگای (کنتاکی) لە شاری لیندۆن لە نزیکی لوئیزویل وەرگیرابوو. لەوکاتەدا ئەو تەمەنی تەنیا ٦ ساڵ بوو و بەڕای پزیشکەکان هەڵسوکەوتی لە ڕووی عەقڵییەوە دواکەوتوو لە قەڵەم درا چونکە دەیتوانی قسە بکات، بجووڵێت و بخوێنێتەوە بەڵام نەیدەتوانی جلوبەرگەکانی لەبەر بکات. ئەم منداڵە بۆ جیهانی زانست وەکو نهێنییەکی لێ هاتبوو. بۆبی کاتێ کە تەمەنی ٦ ساڵان بوو چووە نووسینگەی سەرپەرشتکاری دایەنگاکە کە بەڵگەنامەی پزیشکییەکەی کە بەزمانی لاتین نووسرابووو لە پشت سەریەوە بەدیوارەکە هەڵواسرابوو بۆبی سەیری کرد و بەبێ هیچ گرفتێک یەک بەیەکی وشەکانی خوێندەوە. بەڕێوەبەری ئەو دامەزراوە زۆر پێی سەیر بوو. پاشان ٤ وشەی دژواری بەزمانی ئەڵمانی لەسەر پارچە کاغەزێک نووسی و خستیە بەرچاوی منداڵەکە و ئەو منداڵە بەبێ هیچ هەڵەیەک هەمووی خوێندەوە. کاتێ کە دکتۆرێکی میوان لە تورکیاوە بۆسەردانی ئەم دامەزراوە هاتبوو و توانای ئەم منداڵەی بینی ڕستەیەکی ٢٦ وشەیی بەزمانی تورکی لەسەر تەختە ڕەشێک نووسی بەڵام بۆبی ئەمجارەش کەسی نائومێد نەکردەوە. چونکە



بەپێی وتەکانی ئەو دکتۆرە میوانە بەبێ بچووکترین هەڵە هەموو وشەکانی ئەوی خوێندەوە. ئەو لێپرسراوانەی کە لە پێشینەی بنەماڵەی ئەو منداڵەیان دەکۆڵییەوە بۆیان دەرکەوت کە ئەو لە خێزانێکی زۆر هەژار لە لوئیزوییل لەدایک بووە.

کاتێ کە بەنەشتەرگەری هاتە دنیاوە زیانێکی زۆر بەمێشکی گەیشت لەگەڵ ئەمەشدا پزیشکەکان سەریان سوڕماوە لەوەی کە چۆن ئەم منداڵە توانای خوێندنەوەی قوتابییەکی دواناوەندی هەیە. بەڵام لە تاقیکردنەوەکانی خۆیدا پلەی سفری بەدەست هێناوە. لە هەندێ لایەندا ئەو منداڵە بلیمەتە بەڵام لە لایەنەکانی تر منداڵێکی دواکەوتووە لە ڕووی عەقڵییەوە. ئەو پێنج زمانی بیانی زۆر بەباشی دەخوێنێتەوە بەڵام ئایا دەتوانی لێیان تێ بگات؟ کەس نازانێ. بۆبی ئەم منداڵە دواکەوتووە پزیشکەکانی تاوەکو ئێستاش لە سەرسوڕماندا هێشتۆتەوە.

***

ڕۆژێک سەر لەبەیانی کە دانیشتوانی شاری (ئۆوێنزویل) لە ویلایەتی ئیندیانای ئەمریکا لە خەو هەستان لەبینینی پەیامێکی پڕ لە نهێنی کە بەپیتی زۆر گەورە لەسەر شۆستەی بەرامبەر قوتابخانەی گشتی شار بەڕەنگی سوور نووسرابوو سەریان سوڕما. ناوەڕۆکی پەیامەکە زۆر ساکار بوو: پرل هاربور بێننە یادی خۆتان. خەڵکی کەوتنە لێکدانەوەی ئەم پەیامە شتێکی سەرنج ڕاکێش نەبوو چونکە هێرشی ئاسمانی ژاپۆنییەکان بۆ سەر بەندەری پرل هاربور دوو ساڵ پاش ئەوە ڕووی دا و ڕۆژی ڕوودانیشی بەرامبەر بەو ڕۆژە بوو کە ئەو پەیامە نووسرابوو. واتە بەرامبەر بەڕۆژی پرل هاربور. ئەو نووسراوە کێ نووسیبووی و بە چ شێوەیەک پێشبینی ئەو ڕووداوەی کردبوو ئەمە نهێنییەکە کە تاوەکو ئێستاش بەنهێنی ماوەتەوە.

***

سەبارەت بەو کەشتیوانانەی کە شەپۆلەکانی دەریا خستوونیەتە ناو دەریاوە بابەتی زۆر هەیە بەڵام ئەو کەشتیوانە بەدبەختانەی کە لە شەودا و لە تەمومژدا بەبێ ئەوەی هیچ کەس هەست بەنەبوونیان بکات دەکەونە، دەریاوە شانسێکی زۆر کەمیان هەیە کە لە چنگی شەپۆلەکانی دەریا ڕزگاریان بێت. لێرەدا باس لە کەشتیوانێکی لاوی سویدی بەناوی (پێرسڤالین) دەکەین کە چارەنووسێکی سەرسوڕهێنەر لە شەوی ٢٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٢ چاوەڕێی دەکرد. ئەو لاوە لەو شەوەدا دێدەوانی کەشتی زەبەلاحی (هۆرن کرۆزدەر) بوو کە ٥٥٧ پێ درێژ بوو. ئەمە لێپرسراوێتییەکی پڕ مەترسی بوو. چونکە کەشتییەکە

بەهێمنی دەچووە ناو تەمومژێکی خەستەوە لە ٢٠ میلی کەناری (سانتا باربارا) لە ویلایەتی کالیفۆرنیا و ئەگەری بەرکەوتنی بەتاشە بەردەکان زۆر بوو. پێنج دەقیقە بۆ کاتژمێر ٩ی شەو مابوو کە سەرنشینیانی کەشتییەکە بۆیان دەرکەوت کە (سڤالین) ون بووە. دەسبەجێ پشکنین لەناو کەشتییەکە دەستی پێکرد و لە کاتژمێر نۆو نیو کاپیتانی کەشتییەکە (ئالفرد یوهانس) هاتە سەر ئەو بڕوایەی کە ئەم لاوە سویدیە لەناو تاریکی شەو و تەمومژدا کەوتۆتە دەریاوە. بەبێ وەستان کاپیتانەکە فەرمانی دا کە کەشتییەکە بەهێمنی بگەڕێتەوە و هەوڵی دا ئەو ڕێگەیەی کە بۆ دواجار (سڤالین) تێیدا بینراوە دووبارە پێدا بڕۆنەوە. کاپیتان بەهۆی تەمومژەوە نەیدەتوانی بۆ دۆزینەوەی ڕێگا سوود لە ئەستێرەکان وەربگرێت و هەوڵی دا بەکەڵک وەرگرتن لە ڕادار و قوتب نمای کەشتییەکە بەو ڕێگەیەدا بڕواتەوە. هیچ کەس نەیدەزانی کە (سڤالین) بۆ چ ماوەیەک لە ئاوەکەدا بووە بەڵام کاتێ کە کەشتییەکە دەگەڕایەوە بۆ دواوە بەلایەنی کەمەوە ٤٠ دەقیقە دەبوو کە (سڤالین) ون ببوو. کاپیتان دەیزانی کە تەنانەت ئەگەر سڤالین زیندووش بێت شانسێکی زۆر کەمیان بۆ دۆزینەوەی هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هەوڵی خۆیان دەدا. کەشتی (هۆرن کروزدر) میل بەمیل بەو شوێنەدا گەڕانەوە کە لێوەی هاتبوون. کەشتیوانەکان گوێیان هەڵخستبوو بەڵام گوێیان لە هیچ نەبوو. لە کاتژمێر ١٠ و پێنج دەقیقەی هەمان شەو کاپیتان یوهانسن هەستێکی نامۆی تێدا دروست بوو کە ڕەوتی کەشتییەکە ٧ پلە بەرەو ڕاست بگۆڕێت چەند دەقیقەیەک پاش ئەوە دیدەوانی کەشتییەکە گوێی لە هاواری (سڤالین) بوو. ئەو زۆر لە کەشتییەکەوە دوور نەبوو. زۆر ماندوو بوو بەڵام هێشتا ژیانی تێدا مابوو. بەهەر شێوەیەک کاپیتان یوهانسن نزیکەی ٩ میل لەناو تەمومژو تاریکی شەودا کەشتییەکەی تاو دابوو و کەشتیوانێکی تەنیای لە دەریایەکی بێکەراندا دۆزیبۆوە.

***

زۆربەی لێکۆڵەرەوانی بوارە پڕ لە نهێنییەکان لەو بڕوایەدان کە زەوی بۆماوەیەکی زۆرە لەژێر چاودێری هەمیشەیی و ڕێکخراو دایە. زانایانیش ئەوانەی کە وابەستەی دەوڵەتن و ئەوانەش کە بەشێوەی تاک درێژە بەلێکۆڵینەوەکانیان دەدەن چەندین توانجیان لەم بیرۆکەیە گرتووە.

کەشتی (لاندۆڤەری کاستڵ) کە بەهێزی هەڵم کاری دەکرد لە دوایین ڕۆژی حوزەیرانی ساڵی ١٩٤٧ بەندەری (مومباسا)ی بەرەو کیپ تاون بەجێ هێشت. لە شەوی یەکەمی تەموز ئەم کەشتییە لە کاتێکدا کە لە تەنگەی (ماداگاسکار) دەپەڕیەوە کاتژمێر نزیکەی



١١ی شەو بوو کە دیدەوان و هەندێ لە سەرنشینانی کەشتییەکە ڕووناکییەکی زۆر درەوشاوەیان بینی کە بەخێرایییەکی زۆر لە بەرزایییەوە دەهاتە خوارەوە و لە کەشتییەکە نزیک دەبۆوە. ئەم ڕووناکییە بەخێرایی هاتە خوارەوە و پاشان خێرایییەکەی کەم بۆوە و تا نزیکی ٥٠ پێ لە ئاوەکە نزیک بۆوە پاشان بەرەو خوارەوە خوار بۆوە. پاشان ئەو شتە درەوشاوەیە خێرایییەکەی خۆی گەیاندە ئاست خێرایی کەشتییەکە و لەناوکاودا ڕووناکییەکەی کوژایەوە و ئەو شتە سەرسوڕهێنەرە لە لایەن هەموو سەرنشینانی کەشتییەکەوە بینرا. شتێکی زەبەلاح کە پێدەچوو لە کانزا دروست کرابێت و بەرزایییەکەی پێنج بەرامبەری ئەستووری دەبوو. بینەرانی ئەو ڕووداوە گوتیان کە ئەو شتە لە جگەرەیەکی زەبەلاح دەچوو کە لە پۆڵا دروست کرابێت. هیچ پەنجەرە یا کونێک تیایدا بەرچاو نەدەکەوت، بەڵام بەسەرنجدان بەوەی کە بەئاسانی توانیبووی خێرایییەکەی بگەیەنێتە ئاست خێرایی کەشتییەکە زۆر ڕوون و ئاشکرا بوو کە لە ژێر چاودێری کۆنترۆڵێکی زیرەکانەدایە. ئەو شتە زۆر زەبەلاح بوو چونکە ئەوانەی کە بنییویانە بەتایبەتی ئەفسەرەکانی کەشتییەکە دەڵێن کە ٣ تا ٤ بەرامبەری کەشتییەکە درێژ بووە و بەم شێوەیە ئەم شتە ١٠٠٠ پێ درێژ و ٢٠٠ پێ ئەستوور بووە. پاش نزیکەی یەک دەقیقە کە شان بەشانی کەشتیەکە دەڕۆیشت لەناکاودا بەبێ دەنگ بەرزبۆوە تاوەکو گەیشتە بەرزایی ١٠٠٠ پێ لە ئاستی دەریا پاشان گڕێکی پرتەقاڵی گەورە لە کۆتایییەکەی بەرچاو کەوت و لە چاوتروکانێکدا لەئاسماندا نوقم بوو. ئەم ڕووداوەش وەکو ئەرکێک لە ڕاپۆرتی ڕۆژانەی کرداری کەشتییەکەدا تۆمار کرا بەڵام پاش ماوەیەک جگە لە بیرەوەرییەکەی هیچ شتێکی لێ نەمایەوە.

***

خاتوو (ئالیس وارن) کارگوزارێکی مامەڵەی خانووبەرە بوو. لە ساڵی ١٩٥٥ لەشاری نیۆیۆرک دەژیا. ئەو خەریکی کڕینی خانوویەکی کۆن بوو کە بەڕووکەش خانوویەکی باش بوو. ڕۆژێک کاتێ کە ئەو لەناو خانووەکەدا خەریکی سەیرکردنی بەشە جۆراوجۆرەکانی خانووەکە بوو و چاوەڕێی هاتنی ئەو دارتاشە بوو کە بڕیار وابوو بێت و نرخی گۆڕینی دیکۆری خانووەکەی پێ بڵێت. بەڵام دارتاشەکە درەنگ هاتبوو. ئەو لەسەر کورسییەکی کۆنی چێشتخانە، کە لە ژووری پێشوازیدا بوو دانیشت بەپێی ڕاپۆرتی (ویتنی بۆڵتۆن) پەیامنێری ڕۆژنامەی (فیلادلفیا ئینکوێرێر) تەنیا چەند دەقیقەیەک لە چاوەڕوانی خاتوو وارن تێپەڕبوو کە پیاوێک بەبێ هیچ دەنگێک و بەهێمنی لە ڕێڕەوەکەوە هاتە ناو ژووری

پێشوازییەکە و لە بەرامبەر ئەودا وەستا. خاتوو وارن زۆر ترسابوو. کاتێ کە ئەو پیاوە بەنیشانەی ڕێز کڕنۆشێکی برد خاتوو وارن سەرنجی دا کە ئەو پیاوە جلوبەرگی سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەیەمی لەبەردایە. بەر لەوەی کە خاتوو وارن بتوانێ قسەیەک بکات ئەو بەر لەو کەوتە قسەو وتی: ناوی من (جۆن دێلمان)ە ئێوە بەتەمان خانوویەک بکڕن کە ئەگەر مۆڵەتم پێبدەن پێویستە پێتان بڵێم کە بۆڕی ئاوی ئەم خانووە بەکەڵک نایەت و بۆ چاککردنەوەی دوچاری زیانێکی زۆر دەبن. پاش کۆتایی هاتنی ئەم قسەیە دیسانەوە کڕنۆشێکی برد و چووە دەرەوە و کاتێ کە خاتوو وارن بەخێرایی بەشوێنیدا چووە دەرەوە ئەو ڕۆیشتبوو. خاتوو وارن شارەزایەکی لوولەکێشی بانگ کرد و ئەویش پاش پشکنینی تەواوی بۆڕیە ئاوەکان ئاگاداری خاتوو وارنی کردەوە کە گۆڕینی هەموو بۆڕیەکان نزیکەی ٤ هەزار دۆلاری دەوێ کەواتە خاتوو وارن لە کڕینی خانووەکە پەشیمان بۆوە. خاتوو وارن پاش ماوەیەک تەنیا بۆ زانیاری لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر خاوەنە پێشووەکانی ئەو خانووە کۆنە ئەنجام دا و گەیشتە ئەو ئاکامەی کە لە نێوان ساڵەکانی ١٧٩٨ تا ١٨٠٨ی زایینی خاوەنی ئەو خانووە پیاوێک بووە بەناوی (جۆن دێلمان). بەڕاستی سەیرە.

****



# پێرست

شاری (جێنا) ساڵی ١٧١٥ی زایینی ..... 5
هەنگاوەکانی شەیتان ..... 10
بەسەرهاتی ئەمجارە: خوێنمژی مانیلا ..... 16
عیسا دەگەڕێتەوە ..... 23
فڕین بەرەو هیچ ..... 25
ئۆتۆمبیلی نەفرەتلێکراو ..... 33
ڕازی دوورگەکان ..... 37
دەفرەفڕیوەکان ئەفسانەن یان ڕاستن ..... 45
بوونەوەرە کورتە باڵاکانی مەریخ ..... 47
تابووتەکان بێ ئارامن ..... 58
کرمی دۆزەخ یان شەیتانی دەریاکان ..... 78
پرۆگرامی بۆشاییگەری یا گەڕان بەدوای کارەساتدا ..... 88
بارانی خوێن ..... 98
مەیموونی زەبەلاح یا مرۆڤی دڕندە ..... 108
دەنگێک لە بۆشاییەوە ..... 119
سەفەر بۆ ئەودیوی زەمەن ..... 128
سیحربازێکی فەڕەنسی ..... 137
سەفەرێ بۆ جیهانی ژێرەوە ..... 146
دەیڤید لانگ بۆکوێ چوو؟ ..... 153
سوتانی خۆبەخۆی مرۆڤ ..... 160
چەپکێک ڕووداو.. چەپکێک نهێنی ..... 174
ڕووناکییە ترسناکەکان ..... 179
نەفرەتی سیحرباز ..... 183
سانسۆر و دەفری فڕیو ..... 186
سەرەداوێک لە کتێبی پیرۆزدا ..... 193
ژیانەوە پاش مەرگ ..... 196
هەستی پڕ لە نهێنی ..... 199
نهێنی ونبوون ..... 201
دیسانەوە نەفرەت ..... 205
چەپکێک نهێنی تر ..... 209
چەندین وێنە لە نەفرەت و خۆشەویستی ..... 217
جیهانێکی پڕ لە نهێنی ..... 225